# هەژار موکریانی

# ژیان و ڕۆڵی سیاسی و ڕۆشنبیری (١٩٢١-١٩٩١)

# "توێژینەوەیەکی مێژووییە"

هەمــزە خانەڵەیــی

لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان

٢٠٢٥

**ناوی کتێب:**

هەژار موکریانی: ژیان و ڕۆڵی سیاسی و ڕۆشنبیری (١٩٢١-١٩٩١)

**نووسینی:** هەمزە ئەحمەد عەبدوڵڵا (هەمزە خانەڵەیی)

**دیزاینی بەرگ:** دیار سەعید شێخۆ پیرانی

**دیزاینی ناوەڕۆک:** هێما ئەحمەد شێخۆ

**سەرپەرشتی چاپ:** مستەفا نەجم فەیلی

**ساڵ و شوێنی چاپ:** هەولێر-٢٠٢٥

**چاپخانە:** زانکۆی سەلاحەددین

**تیراژ:** ١٠٠٠

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (١٠٥) ساڵی ٢٠٢٥ پێدراوە.**

ئـەم کتێبـە لـە بنەڕەتـدا وەک توێژینەوەیـەک بـە مەبەسـتی بەدەسـتهێنانی بڕوانامـەی ماسـتەر بەسەرپەرشـتی د. ڕەسـوڵ محەمـەد ڕەسـوڵ پێشکەشـی بەشـی مێـژووی فاکەڵتـی ئـاداب لـە زانکـۆی سـۆران کـراوە.

## پێشکەشە بە:

- گیانی پاکی دایکم، باوکم، خوشک و براکانم، هاوسەر و منداڵەکانم.
- ئەوانەی سەرەتای ئاڵا هەڵگری بیری نەتەوەیی کورد بوون لە کوردستان.
- ڕووناکبیرانی کورد کە بوونە چرایەک، بۆ هۆشیارکردنەوەی نەوەکانی کورد لە سەردەمە جیاوازەکاندا.
- شەهیدانی ڕێگای ئازادی لە هەموو شوێنێک.

## سوپاس و پێزانین بۆ:

- دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.
- م. مۆفەق میراودەلی.
- حەمەی برام، ئەندامانی خێزانەکەم، هاوسەرەکەم و گەشبینی کچم و بەتایبەت فریادی کوڕی بچوکم؛ کە ئەوانیش زۆر هاوکارم بوون.

هەموو ئەوانەی بە هەر هۆیەک بووبێت، بوون بە هەوێن و هۆکاری سەرخستنی توێژینەوەکەمان.

# لیستی هێماکان

| کورتکراوه | ناوی تەواو |
|---|---|
| ژێکاف | کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان |
| حدک | حزبی دیموکراتی کوردستان |
| پدک | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| حشع | حزبی شیوعی عێراق |
| حدکا | حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران |
| ب-ش.چ | بێ شوێنی چاپ |
| ب-س.چ | بێ ساڵی چاپ |
| ساواک | سازمان اطلاعات و امنیت کشور<br>ڕێکخراوی ئاسایش و هەواڵگری وڵات |
| پ | پێشوو |
| م . س | مەکتەبی سیاسی |
| چەکداری حکومەتی بەغدا | جاش |

# پێڕست

**پێشەکی.................................................................................................................. ١٥**

**بەشی یەکەم: عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی- هەژار موکریانی (ژیان و ڕۆڵی سیاسی تا ساڵی ١٩٥٨) ..................................................................................................... ٢١**

**تەوەرەی یەکەم: ژیانی عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار موکریانی، سەرچاوەکانی پێگەیشتنی هزری ..................................................................... ٢٣**

لە دایکبوون و پێگەیشتنی.................................................................................. ٢٣

خوێندنی لە حوجرەکان و هاوسەرگیری................................................................. ٢٦

ئاوارە بوونی بۆ باشووری کوردستان ................................................................... ٣٧

سەرچاوەکانی پێگەیشتنی هزری سیاسی ............................................................. ٥٤

**تەوەرەی دووەم: چالاکیە سیاسییەکانی هەژار موکریانی ................................... ٥٩**

بەشداری لە ڕاپەڕینەکەی حەمە ڕەشید خانی بانە ................................................ ٦٠

بەشداری لە حزبی ئازادیخوازانی کوردستان........................................................ ٦١

بەشداری لە دروستکردنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان "ژێکاف" ......................... ٦٦

بەشداری لە حزبی دیموکراتی کوردستان (حدک) ١٩٤٥ و کۆماری کوردستان ١٩٤٦.......... ٨٦

ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان............................................................................ ٩٣

ئاوارە بوونی بۆ باشووری کوردستان ................................................................. ١١٢

چالاکییە سیاسیەکانی لەنێوان (١٩٤٨-١٩٥٣) ..................................................... ١١٣

چالاکییە سیاسیەکانی لەنێوان (١٩٥٦-١٩٥٨) ..................................................... ١٢٣

**بەشی دووەم: چالاکییە سیاسیەکانی هەژار موکریانی لە نێوان ساڵانی (١٩٥٩-١٩٩١)...... ١٤٣**

**تەوەرەی یەکەم:** چالاکییەکانی لە بەغدا (١٩٥٩- ١٩٦٣)......................................... **١٤٥**

هاتنی بۆ ناو شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦٣ ....................................................................١٥٠

ڕۆڵ و بەشداریی هەژار لەماوەی شەڕی چەکدارانە و کێشە ناوخۆییەکانی پدک (١٩٦٣-١٩٧٠)..........................................................................................................١٧٣

**تەوەرەی دووەم: گەڕانەوەی هەژار بۆ بەغدا و ئێران.......................................١٨٣**

گەڕانەوەی بۆ بەغدا ١٩٧٠-١٩٧٥..........................................................................١٨٣

چالاکییەکانی (١٩٧٥- ١٩٩١) ...............................................................................٢٠٧

هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ حزبی دیموکراتی کوردستان"حدک" (١٩٦٢-١٩٩٠)....٢١٩

**بەشی سێیەم: ڕۆڵی ڕۆشنبیری هەژار موکریانی.........................................٢٢٧**

**تەوەری یەکەم. پاشخانەی ڕۆشنبیری، ڕۆژنامەنووسی و ڕاگەیاندن** ......................٢٢٩

یەکەم: سەرچاوەکانی چەکەرەکردنی هزری ڕۆشنبیریی هەژار ..................................٢٢٩

دووەم: ڕۆڵی هەژار لە کۆمەڵە ڕۆشنبیرییەکان .......................................................٢٣٣

سێیەم: نووسینەکانی هەژار موکریانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان ..................................٢٥٨

لایەنی زمانەوانی و ڕۆڵی لە چاپەمەنی و ڕاگەیاندن (١٩٦٥-١٩٧٤)...........................٢٧٦

گەشتەکانی هەژار بۆ یەکێتی سۆڤیەت و ئەوروپا.....................................................٢٨٤

**تەوەرەی دووەم: بەرهەمەکانی هەژار موکریانی** ....................................................٢٩١

دیوانە شیعری ئاڵەکۆک ...........................................................................................٢٩١

کۆشکی بلورین- بەیتی سەرەمەڕ ..............................................................................٢٩٢

دیوانی هەژار بۆ کوردستان ......................................................................................٢٩٣

فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە .........................................................................................٣٠٢

چێشتی مجێور ...........................................................................................................٣٠٧

**تەوەرەی سێیەم: بەرهەمە وەرگێڕاوەکانی هەژار موکریانی**...................................٣٣١

**یەکەم: وەرگێڕاوەکانی بۆ زمانی کوردی ........ ٣٣٣**
مەم و زینی خانی ........ ٣٣٣
چوارینەکانی حەکیم عومەری خەیام ........ ٣٣٥
چوارنامیلکەی عەلی شەریعەتی ........ ٣٤٠
شەرەفنامە مێژووی ماڵە میرانی کوردستان ........ ٣٤١
هۆزی لەبیرکراوی گاوان ........ ٣٥٣
دیوانی مەلای جزیری........ ٣٥٤
وەرگێڕانی قورئانی پیرۆز ........ ٣٥٩
مێژووی ئەردەڵان ........ ٣٦٨
**دووەم وەرگێڕاوەکانی بۆ فارسی........ ٣٧٠**
قانوونی درطب ........ ٣٧٠
پێنچ ئەنگوست دەبنە یەک مشت ........ ٣٧٧
آثارالبلاد وأخبارالعباد ........ ٣٧٧
**وەرگێڕاوە چاپ نەکراوەکان........ ٣٧٨**
**ئەنجام........ ٣٨١**
**لیستی سەرچاوەکان........ ٣٨٥**
**پاشکۆکان........ ٤١٧**

## پێشەکی:

بەشـێوەیەکی گشـتی بـە درێژایـی قۆناغـە جیاوازەکانـی مێـژووی مرۆڤایەتـی، کەسـایەتییە سیاسـی و سـەربازی ئاینـی و کارگێڕییـەکان، بەشـێکی گرنگـی دانەبـڕاوی سـامان و شارسـتانی هـەر نەتەوەیـەک پێکدێنـن، لەنێـو هـەر گەلێکـدا ژمارەیـەک کەسـایەتیی دیـار و بەرچـاو و گرنـگ هەڵکەوتـوون، کـە بوونەتـە سـیمبوڵ بـۆ نەتەوەکەیـان، هـاوکات فەلسـەفەی مێـژووش بـە شـێوەیەکی بەرچـاو بـاس لـە ڕۆڵ و لێهاتووەکەیـان دەکات، بـەڵام ناکرێـت ئەمـەش لەیـاد بکەیـن بەهـۆی کـەم و کـووڕی و هەڵـەی چەنـد کەسـایەتییەک، کۆمەڵـگا و نەتـەوەکان دووچـاری ماڵوێرانـی و کارەسـات بوونەتـەوە.

ئەگـەر ئاوڕێکـی خێـرا بـە نێـو قۆناغـە پرشـنگدارەکانی مێـژووی بزوتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـوردا بکەیـن؛ کۆمەڵێـک کەسـایەتی سیاسـی، ڕۆشـنبیر، ئایینـی وتیکۆشـەر دەرکەوتـوون لـە ڕێگـەی خەبـات و شـەونخونیەوە، ڕۆڵیـان هەیـە و لـە چەندیـن بـوار و ڕەهەنـدی جیـاوازدا خزمەتێکـی دیاریـان بـە گەلـی کـورد گەیانـدووە، هەرچەنـدە بەشـێکیان نـاسراون و کەوتونەتـە سـەر زاران، بـەڵام وەک پێویسـت لاپـەڕە شـاراوەکانی لـە ڕووی ژیـان و جموجۆڵـی سیاسـی و ڕۆشـنبیری نەخراوەتـەڕوو.

لـە سـۆنگەی ئەمـەوە لەسـەروبەندی کۆتایـی جەنگـی یەکەمـی جیهانییـەوە، عەبدولڕەحمانـی شـەرەفکەندی نـاسراو بـە هـەژار موکریانـی ١٩٢١-١٩٩١، لـە بنەماڵەیەکـی نیشـتیمانپەروەر و مـەلازادە لـە شـاری مەهابـاد ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لـە دایـک دەبێـت، کـە هاوکاتـە لەگـەڵ لاوازبـوون و ڕووخانـی دەوڵەتـی قاجـاری کـە بەشـێوەیەکی گشـتی لـەم قۆناغـەدا، دۆخـی سیاسـی، ئابـووری و کۆمەڵایەتـی خەڵکـی کوردسـتان لەوپـەڕی خراپیـدا بـوو.

لـە مـاوەی ڕابـردوودا دەسـەڵاتدارانی ئێـران و بەتایبـەت لەسـەردەمی (ڕەزا شـا)ی ئێـران، گەلـی کوردیـان لـە مافەکانیـان بێبەشـکردبوو، دانیـان پێدانەدەنـا. زمـان، فەرهەنـگ و کولتووریـان بـەرەو لەناوچـوون دەچـوو. دواتریـش لـە سـاڵی ١٩٣٩ جەنگـی دووەمـی جیهانـی بـە دوای خۆیـدا هێنـا. ئەمـەش دەرفەتـی باشـی بـۆ گەلـی کـورد ڕەخسـاند تاوەکـو، ڕێکخـراو و کۆمەڵـەی تایبـەت بـە خۆیـان دابمەزرێنـن، لـەم سـۆنگەیەوە چەنـد کەسـایەتییەک دەرکەوتـن. یـەک لەوانـە هـەژار موکریانـی بـوو، وەک لاوێکـی کـورد، لـە کۆمـاری کوردسـتان لـە ١٩٤٦، بەشـدار بـووە.

دوای لەناوچوونـی ئـەم کۆمـارە، وازی لـە ئامانجـی خـۆی نەهێنـا، کۆتایـی کانوونـی یەکەمـی ١٩٤٦ سـنووری ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانی بڕیـوە، هاتۆتـە باشـووری کوردسـتان، سـەرەڕای هەمـوو ئـەو ئاسـتەنگ و گیروگرفتانـەی کـە ڕووبـەڕووی بوونەتـەوە لـە عێـراق، درێـژەی بـە خەباتـی سیاسـی و ڕۆشـنبیری داوە. دۆسـتایەتی بەهێـزی لەگـەڵ لایەنـە سیاسـییەکانی باشـوور و عێـراق و ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان هەبـووە. بەشـداری لـە شۆڕشـی ئەیلـوول کـردووە، لـەدوای نسـکۆی شۆڕشـی ئەیلـوول لـە سـاڵی ١٩٧٥ گەڕاوەتـەوە ئێـران، زیاتـر گرنگـی بـە نووسـین و وەرگێـڕان داوە.

**گیروگرفتەکانـی توێژینـەوە:** بڵاوبونـەوەی پەتـای کۆڕۆنـا، توێـژەر بەوهۆیـەوە نەخـۆش کەوتـووە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا دەسـتەو وەسـتان نەوەسـتاوە، لەڕێـگای پەیوەنـدی بەرفراوانـی، بەکەسـایەتی تایبـەت بـەم بـوارە، بەگـەڕان و سـەردان، پەیوەنـدی تەلەفۆنـی لەنـاوە و دەرەوەی وڵات، گرفتەکانـی بەردەمـی کـەم کردۆتـەوە.

**هۆکارەکانـی دەسـت نیشـانکردنی توێژینەوەکـە:** تاکـو ئێسـتا ئـاوڕ لـە ڕەهەنـدە سیاسـی و کەسـایەتییەکەی هـەژار وەک تێکۆشـەرێکی نێـو بزوتنـەوەی ئازادیخـوازی کـورد نەدراوەتـەوە. ئەوەنـدەی نوسراویشـە سـەرپێ یانەیـە و پـڕە لـە کـەم و کـوڕی؛ ژیانـی سیاسـی ناوبـراو بەهـۆی ئاوێتەبوونـی بـە هـەوراز و نشـێوی دونیـای سیاسـیەوە و هەڵوێسـتە سیاسـییەکانی، بـواری بـۆ ڕاوبۆچوونـی جیـاواز و مشـت و مـڕ لەنێـو لێکۆڵەرانـدا، فەراهـەم کـردووە؛ بەتایبـەت نەیارانـی سیاسـی ئـەو بەشـێوەیەکی یـەک لایەنـە و تـاک ڕەهەنـدی ژیانـی سیاسـییان هەڵسـەنگاندووە و تەنیـا لەبـەر ئـەوەی

لەگــەڵ ڕاوبۆچوونــی سیاســی ئەوانــدا نەبــووە؛ لــەم ســۆنگەیەوە هێڵێکــی ڕەشــیان بەســەر هەمــوو ژیانــی سیاســیدا هێنــاوە و هەتــا بەشــێک لەلایەنــی ڕۆشــنبیری و بەرهەمەکانــی گرتۆتــەوە. لەبــەر ئەمانــە و بەئامانجــی خســتەنە ووڕی زیاتــری ڕۆڵــی هــەژار هانــەدەری ســەرەکیمان بــوو؛ بــۆ دەســت نیشــان کردنــی ئــەم توێژینەوەیــە. ئێمــە هەوڵمانــداوە ڕۆڵ و چالاکــی سیاســی و ڕۆشــنبیریەکانی لــە ڕووی زانســتییەوە ڕاڤــە بکەیــن و لێــک بدەینــەوە، بــۆ ئــەوەی کــۆی ڕەهەندەکانــی ژیانــی ئــەم کەســایەتییە گرنگــە بــەدەر بخەیــن. ئــەوەی کــە هەبــووە تەنهــا لــەڕووی شــیعرەکانی لەســاڵی ٢٠٠٨، نامەیەکــی ماســتەرە لەژێــر ناونیشــانی: (لێکۆڵینەوەیــەک لــە شــیعرەکانی هــەژار)، کــە قوتابــی ماکــۆک مەولــود حەوێــز نوســیویەتی.

**ئامانجــی توێژینەوەکــە:** لــە کــۆی نامــە زانســتییەکاندا گیروگرفتــی توێژینــەوە بــە هەڵــە بــاس دەکرێــت، ئێمــە دەمانەوێــت وەڵامــی پرســگەلی وەکــوو: بیرکردنــەوە نەتەوەیــی و سیاســییەکانی لەنــاو شۆڕشــەکانی کوردا چــی بــوون؟ بیرکردنــەوە و بیرۆکــە ئــەم کەســایەتیە چیــن؟، ئــەم توێژینەوەیــە هەوڵــدەدات ڕۆڵــی هــەژار موکریانــی، لــە ڕووی سیاســی و ڕۆشــنبیرییەوە، کــە وەک کەســایەتیەکی نــاسراوی کــورد، بەشــداری دیــاری لــە بزووتنــەوەی نەتەوایەتــی کــوردا کــردووە، دەربخــات. چونکــە ئــەو بەشــداری لــە هەندێــک لــە ڕووداوەکانــی و گۆڕانکارییەکانــی ســەردەمی خــۆی کــردووە، شــوێن پەنجــەی بەرهەمەکانــی لــە بەشــێک لــە ڕۆژنامــە و گۆڤارەکانــی ســەردەمی خــۆی لــە ئێــران و عێراقــدا دیــارە، دەربڕینــی ئێــش و ئــازاری گەلەکــەی لــە بەرهەمەکانــی ڕەنگــی داوەتــەوە، کــە بونەتــە هەوێنــی نووســینەکانی، ڕۆڵــی وەک کەســایەتییەکی سیاســی، ڕۆژنامەنــووس، ئەدیــب، زمانــزان، ڕوناکبیــر و وەرگێــڕ بــوو. وەرگێڕانــی شــەرەفنامە بــۆ ســەر زمانــی کــوردی، پێویســتی بــە لێکۆڵینــەوەی تێروتەســەل هەیــە، ئــەوەی تــا ئێســتا هەیــە، کۆکردنــەوە و نووســینە لەبــارەی بەشــێکی بەرهەمەکانــی. ناوبــراو توانیویەتــی ســوود لــە ئاوارەیــی، گەڕیدەیــی، زمانزانــی و نەهاماتیانــە ببینێــت، بەجــۆرێ لــە ژیانیــدا ڕەنگــی داوەتــەوە. ئامانجــمان دەرخســتنی کــۆی لایــەن و ڕەهەندەکانــی ژیانــی ئــەم نووســەرەیە.

**ڕیبــازی توێژینەوەکــە:** لــەم توێژینــەوەدا پشــت بــە مێتــۆدی شــیکاری مێژوویــی بەســتراوە، بــە خســتنەڕووی زانیارییــەکان و لەگــەڵ ئەوانەشــدا دیــد و ســەرنج و ڕەخنــەی ئەوانــە بــە هەنــد وەرگیــراوە، کــە لەگۆشــە و ڕوانگــەی سیاســی و ڕۆشــنبیریی و حزبــی جیــاوازەوە، باســی بیــر و بــاوەڕی سیاســی هــەژار و مــەودای کاری ڕۆشــنبییریی ئەویــان کــردووە، هــاوکات دیــد و تێڕوانینــمان لەســەر ڕەهەنــدە سیاســی و مێژووییەکانــی و ئــەو کارانــەش خســتۆتەڕوو، کــە لەبارەیــەوە نــووسراون. ئەمــەش خۆبەدوورگرتــن لەســۆز و لایەنگیــری دەکات.

**پێکهاتــەی توێژینەوەکــە:** ئــەم توێژینەوەیــە لەژێــر ناونیشــانی هــەژار موکریانــی – ژیــان ڕۆڵــی سیاســی و ڕۆشــنبیری (١٢٩١- ١٩٩١)

پێکهاتــووە لــە پێشــەکی و ســێ بــەش، هــەر بەشــێکیش بــۆ چەنــد تەوەرێــک دابەشــکراوە، لەگــەڵ ئەنجــام و لیســتی ســەرچاوەکان و پاشــکۆ و پوختــەی توێژینــەوە، بــە زمانــی ئینگلیــز و عەرەبــی.

بەشــی یەکەمــی ئــەم توێژینەوەیــە، تایبەتــە بــە ژیــان و ڕۆڵی سیاســی تاکو ســاڵی ١٩٥٨، دابەشــی دوو تــەوەرە کــراوە، تــەوەرەی یەکــەم بریتییــە لــە لەدایکبــوون و پێگەیشــتنی، خوێندنــی لە حوجرەکان، ئاوارەبوونی بۆ باشــووری کوردســتان و ســەرچاوەکانی پێگەیشــتنی هــزری. لــە تــەوەرەی دووەمیــش تیشــک خراوەتــە ســەر چالاکییــە سیاســییەکانی ســەرەتای ئەنــدام بوونــی لــە حزبــی ئازادیخــوازی کوردســتان، لــە کۆمەڵــەی ژێــکاف، لــە ســاڵی ١٩٤٥ بووەتــە ئەندامــی حزبــی دیموکراتــی کوردســتان، لــە ڕاگەیاندنــی کۆمــاری کوردســتان لــە ٢٢ی کانوونــی دووەمــی ١٩٤٦، ڕۆڵــی بینیــوە لــە ڕووی سیاســی و ڕۆشــنبیرییەوە. چالاکییــە سیاســییەکانی لــە بەغــدا لــە ســاڵی ١٩٤٨و بەشــداری لــە ڤیســتیڤاڵی لاوانــی جیهــان لــە شــاری بوخارســتی ڕۆمانیــا لــە ١٩٥٣دا، پاشــان ڕاودونانــی بــۆ ســووریا لــە ســاڵی ١٩٥٦، پاشــان هەوڵەکانــی بــۆ بەشــداری لــە ڤیســتڤاڵی لاوان ١٩٥٧، ئەمانــە هەموویــان چالاکیــی ئــەم کەســایەتییە بــوون لــە ماوەیەکــی کەمــدا.

لــە بەشــی دووەمــدا ژیانــی سیاســی ناوبــراو لــە نێــوان ســاڵانی ١٩٥٩-١٩٩١ باســکراوە. بــە چالاکییەکانــی لــە شــاری بەغــدا دەســتپێدەکات، وەک لــە تــەوەرەی یەکــەم

خراوەتــەڕوو. پاشــان لــە ســاڵی ١٩٦٣ پەیوەندیــی بــە ڕیزەکانــی شۆڕشــی ئەیلــوول دەکات، وەک ڕاوێژکارێکــی سیاســی لــە ســەرکردایەتی شــۆڕش و ســەرکردەیەک ڕۆڵــی خــۆی بینیــوە. لــە کــۆی ڕووداوەکانــی شۆڕشــی ئەیلــوول ڕۆڵــی کارای هەبــووە، چ لــە ڕووی ســەربازی یــان سیاســی و ڕۆشــنبیری.

لـە تـەوەرەی دووەمـدا تیشـک خراوەتـە سـەر گەڕانـەوەی هـەژار لـە ساڵی ١٩٧٠ بـۆ بەغـدا و کارە سیاسـییەکانی، هەروەهـا لـە ساڵی ١٩٧٤، هەڵگیرسـانەوەی جارێکـی دیکـەی شـەڕی نێـوان حکومەتـی ناوەنـدی و شـۆڕش، نسـکۆی شۆڕشـی ئەیلـوول لەسـاڵی ١٩٧٥ و گەڕانـەوەی هـەژار بـۆ ئێـران تـا سـاڵی ١٩٩١، چالاکییـە سیاسـییەکانی لـەو ماوەیـەدا و پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ حزبـی دیموکراتـی کوردسـتان.

بەشــی ســێیەم تەرخانکــراوە بــۆ لایەنــی ڕۆشــنبیری و لــە ســێ تــەوەرە پێکهاتــووە. لــە تــەوەرەی یەکەمــدا ڕۆڵــی ڕۆشــنبیریی لــە گۆڤــار و ڕۆژنامەکانــدا بــاس کــراوە. تـەوەرەی دووەم تایبەتـە بـە بەرهەمەکانـی، ناوەڕۆکـی نـاو کتێبـەکان شـیکراونەتەوە. لـە تـەوەرەی سـێیەمدا تیشـک خراوەتـە سـەر ئـەو کتێبانـەی، هـەژار لـە زمانـی بێگانـەوە وەریگێڕاونەتـە سـەر زمانـی کـوردی و ڕۆڵ و کاریگـەری وەک وەرگێڕێـک خراوەتـەڕوو.

پێویســتە بگوتــرێ؛ بــۆ خەڵکــی زانــا و شــارەزا توێژینــەوەی هەمەلایەنــە، لەســەر ژیــان و بەرهــەم و دەســتڕەنگینی بیرمەنــدی کــورد هــەژار موکریانــی هەڵدەگــرێ، چەندیــن نامــە و تێــزی دکتــۆرای لەســەر لایەنــە جۆراوجۆرەکانــی مێژوویــی، سیاســی، زمـان و ئەدەبیاتـی کـوردی، ڕۆژنامەنـووس، وەرگێـڕان و فەرهەنـگ نووسـینەوە لەسـەر بنووسرێتــەوە. وێنــەی ئــەو کەســایەتییە لــە نەتەوەکانــی عــەرەب و فــارس و تورکیــش زۆر کەمــە. ئەگــەر تائێســتاش لەســەر ژیــان و بەرهەمەکانــی بــە کەمــی کرابێــت، ئــەوە لــە ماوەیەکــی نزیکــدا ئــەم کارە نەتەوەیــی و نیشــتیمانییە بەرهەمــی دەبــێ و کتێبخانــەی کــوردی پــێ دەوڵەمەنــتر دەکرێــت.

# بەشی یەکەم
# عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی- هەژار موکریانی
# (ژیان و ڕۆڵی سیاسی تاساڵی ١٩٥٨)

**تـەوەرەی یەکـەم:** ژیانـی عەبدولڕەحمان شـەرەفکەندی - هـەژار موکریانی، سـەرچاوەکانی پێگەیشـتنی هزری.

**تەوەرەی دووەم:** چالاکیە سیاسییەکانی هەژار موکریانی.

# تەوەرەی یەکەم

## ژیانی عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار موکریانی، سەرچاوەکانی پێگەیشتنی هزری

### له دایکبوون و پێگەیشتنی:

عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی[١]، کوڕی محەمەد کوڕی مستەفا، ناسراوە بە هەژار[٢] موکریانی[٣]، لە شۆڕشی ئەیلوول، وەک ڕێزێک لە کەسایەتی و خەباتی و خۆشەویستی و وتە بەپێز و خۆشەکانی، بە مام هەژار ناویان بردووە[٤]، هەروەها بە مامۆستا هەژاریش ناسراوە، ئەمەش بۆ ئەو چالاکییە سیاسی و ڕۆشنبیرییانە دەگەڕێتەوە، کە لە وێستگەکانی ژیانیدا ئەنجامی داون[٥]. دایکی ناوی فاتیمە کچی سەید محەمەد ئەمین[٦]ە. سەرچاوەکان کۆک نین، لەسەر شوێنی لە دایکبوونی و ڕای جیاوازیان هەیە[٧] یاخود ساڵی لە دایکبوونی

---

(١) شەرەفکەندی ناوێکی لێکدراوە، کە پاشگری شەرەفکەندی بۆ عەبدوڕەحمان زیاد کراوە، بۆ ناوی ئەو گوندە دەگەڕێتەوە، کە باوکی لێی لەدایکبووە و ماوەی منداڵی لەوێ ژیاوە، دەکەوێتە دەوروبەری شارۆچکەی بۆکان. (هەژار، دیوانی هەژار بۆ کوردستان، (چاپی چوارەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە هەولێر ٢٠٠١)٢٢٢.

(٢) هەژار موکریانی گوتویەتی: ئەم ناوەم بۆ خۆم هەڵبژارد، کە بە مانای "بێچارە و نەبوو" دێت. شیخ الرئیس ابو علی سینا، ترجمة عبدالرحمن شرفکندی(هەژار) پێشەکی بۆ نووسیوە (قانون جلد سوم- چاپ هشتم چاپخانەی سروش - انتشارات صداو سیمای جمهوری اسلامی ایران ١٣٨٩-٢٠١٠)٨.

(٣) لە سەرەتادا موکری بۆ ناوچە و زمان و هۆزیش بەکارهاتووە. مکریان و مکری، یاخود، موغریان و پاشان وشەکە بووەتە موکریان، ئێستا بە ناوچەیەکی جوگرافیای دیاریکراو دەڵێن، ئەمڕۆ بەشێکی باکوور و باکووری ڕۆژئاوای پارێزگای کوردستان و باشوور و باشووری ڕۆژئاوای پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، دەگرێتەوە، کە بە کوردستانی باکوور(شمال) ناسراوە. سەنتەرەکەی شاری مەهابادە، شاری بۆکان و گوندەکانی دەروروبەریشی دەگرێتەوە. سعید خضری جوگرافیای کوردستانی موکریان، وەرگێڕانی ئاسۆ عبدالرحمن(چاپی یەکەم چاپخانەی سایە- سلێمانی ٢٠١٠)١٦-٢٣.

(٤) فەلەکەدین کاکەیی، کۆبەرهەم دەفتەری خاک لەخزمەتی مام هەژاردا (بەرگی دووەم چاپی یەکەم چاپخانەی ڕۆژهەڵات هەولێر ٢٠١٥)٢٠.

(٥) ئەسعەد خەیلانی دەفتەری بیرەوەریەکانی هەڵدەداتەوە، ئامادەکردنی حەمید ئەبوبەکر بەدرخان، پێشەکی د. نەجاتی عەبدوڵڵا نوسیویەتی (چاپی یەکەم -چاپخانەی هێڤی - هەولێر ٢٠١٤) ١٩٣.

(٦) هەژار، دیوانی هەژار بۆ کوردستان (پ- ١) ٢٠٩.

(٧) وەک لە گوندێکی دەوروبەری مەهاباد. کەریم شارەزا، لە یادی کۆچی دوایی خزمەتگوزاری

گوایە ١٩٢٠[٨]ە، بەڵام هەژار موکریانی لە ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی – ١٩٢١ زاینی لە گەڕەکی (سەرخڕێی[٩]) شارۆچکەی مەهاباد- (ساباڵغ[١٠]) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایکبووە[١١]. هەروەها هەژار خۆیشی لە دیوانەکەیدا، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە لە (گەڕەکی سەرخڕێ) لە مەهاباد لە دایکبووە، بەم بۆنەیەوە هۆنراوەیەکی نوسیوە:

سەرخڕێ زۆرتری هەمووان بەشی تۆم کۆرپەییێکی خڕەکەی باوەشی تۆم یەکەمین جێیەکی، لێم دانا پێم کوڕی خۆتم، بتەوێم یا نەتەوێم[١٢]. باوکی بە (مەلا محەمەدە بۆرە ١٨٧٣- ١٩٣٨) ناسراوە، کەسێکی ڕۆشنبیر و بەئاگا و ئەزموونی زۆری هەبووە و مەلایەتیشی کردوو[١٣]ە، باوکی لەکاتی لەدایکبوونی کۆرپەکەی خەریکی خوێندنەوەی کتێبێکی مێژووزانێک بووە، بە ناوی (عەبدولڕەحمانی سیوتی)، لەبەر خۆشەویستی بۆ

---

کورددا شاعیری نیشتیمانپەروەر و زمانزان مامۆستا هەژار ١٩٢١- ١٩٩١" ١٦٥ برایەتی ئەدەب و هونەر (١٨ی شوباتی ٢٠٠٠)١. بێ ئەوەی ئاماژە بە ناوی گوندەکە بکەن. یان لە نزیک مەهاباد، برایەتی ئەدەب و هونەر، "لە یادی هەشتەمین ساڵی کۆچی دوایی هەژاری شاعیری نەتەوەیی کورد دا" ١١٦ ( ٢٦ی شوباتی ١٩٩٩)١. یاخود لە ئاوایی شەرەفکەند، هەرمان وەتمانی و زانکۆ خەلیفە فەرهەنگی ئاواییەکانی مەهاباد (چاپی یەکەم چاپخانەی ناسح ٢٠١١)٣٣٨.

(٨) زامدار ئەحمەد، هەژار موکریانی لە چەند دیدارێکدا(چاپخانەی چوارچرا- سلێمانی ٢٠٢٣)٧. ؛ هیمدادی حوسێن، ڕۆژنامەوانیی کوردی گۆڤاری هەولێر ١٩٧٠-١٩٧٢ ( دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی سلێمانی ٢٠١٠)٣٦٠.؛ عەبدوڵڵا زەنگەنە، سدیق ساڵح و ئەوانی تر، پەشێو، شڕۆڵ و شێردڵ، عەبدولڕەحمان هەژار گەلاوێژ، بەرگی یازدەیەم، بەشی دووەم، ژیاننامە و ساغکردنەوە، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین (چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر٢٠١٨)١٧٢.

(٩) مورسەڵ خانێ، کۆشکی بلورینی هەژار موکریانی(خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی سۆران– ٢٠١٤)٧-٨.

(١٠) لە ڕابردودا"ساوجبڵاغ"، دواتر"سوق بڵاغ"، یان "ساوجبڵاغی" موکریانیان پێگوتوە، پاشان بووە بە"ساباڵغ" لە سەردەمی دەسەڵاتداری پەهلەوی ناوی ئەم شارەش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ئێستا پێیدەڵێن "مەهاباد"، لە ڕووی جوگرافیاوە، لە باشوورەوە لەگەڵ سەردەشت و بەشێک لە شاری بۆکان، لە باکوورەوە لەگەڵ شارەکانی میاندواو و نەغەدە، لە ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ بەشێک لە بۆکان و لە ڕۆژئاواش، لەگەڵ شارۆچکەی خانێ هاوسنوورە. لە دێر زەمانەوە، مرۆڤی لێ ژیاوە، مەڵبەندی سیاسی و ئەدەبی کوردییە. هەرمان وەتمانی و زانکۆ خەلیفە (پ-٧)٢.

(١١) قانع قادر عوسمان، مێژووی ناودارانی کورد (چاپی یەکەم ب-ش.چ - ٢٠١٩) ٢٢٩ .

(١٢) هەژار، دیوانی هەژار بۆ کوردستان (پ- ١)١٩٩.

(١٣) محەمەد حەمەشیان پێگوتووە، هەروەها بە (بۆر)یش ناوی هێنراوە ، پاشان بووە بە مەلا محەمەدی بۆر؛ کە حەجی کردووە بووە بە حاجی مەلا محەمەدی بۆر. عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور (چاپخانەی سنە- ٢٠١٨)١١- ١٣.

ئـەو زانایيـە؛ کوڕەکـەی بەنـاوی نووسـەری ئـەم کتێبـە ناو نـاوە کـە عەبدولڕەحـمان[١٤]ە. بە بۆچوونـی چیرۆکنـووس (حەسـەنی قزڵجـی)، کـە لـە ژمـارە ٦٩ی ڕۆژنامـەی کوردسـتان لـە حوزەیرانـی ١٣٢٥- ١٩٤٦ نوسـیووە و هـەژار لـە بنەماڵـەی (حەسـەن خاڵییـە)، ئەمـەش بـۆ نـاوی تیرەکەیـان دەگەڕێتەوە، کە ناوبانگی باشـیان هەبووە، لە ناوچـەی موکریان [١٥]. هەژار تەمەنـی دوو سـاڵ بـووە کاتێـک لـە سـاڵی ١٩٢٣ دایکـی کۆچـی دوایـی کـردووە، بۆیـە بـە ناچـاری[١٦]، دەدرێـت بـە دوو دایـەن بە ناوەکانی خاتوو شـەرەفەت و پاشـان خاتـوو ڕوقیە، لـە گونـدی سـاراوانانی دەوروبـەری مەهابـاد بەخێـوی دەکـەن[١٧]. باوکـی لـە ژیانیـدا چـوار ژنـی هێنـاوە، بـە ناوەکانی (فاتمە) کـە ئەمە کۆچ دەکا، (سـەیزادە فاتمـی سـاراوانان) دەهێنێ [١٨] و کۆتاجـار لەگـەڵ (مریـەم کیـژی مـەلا محەمـەد قەسـیمی قـازی)، خەڵکی شـارۆچکەی سەردەشـت، واتـە خاتـو مریـەم باوکی قـازی سەردەشـت بـووە، زەماوەندی کردووە. سـێیەم ئافرەتیـان دایکـی هـەژارە کـە نـاوی (سـەیزادە فاتمـی سـاراوانان)ە[١٩]، لـە دایکـی چـوارەم، هـەژار دوو بـراو خوشـکێکی هەیـە، بـە ناوەکانـی (عەبدوڵـلا)، (زەینـەب)[٢٠] و (محەمـەد

(١٤) شـیرین ابراهیمـی، شرح آثـار واحـوال اسـتاد عبدالرحـمان شرفکەنـدی هـژار( چـاپ اول- سـنندج - شـمیم سـنندج ١٣٩٣- ٢٠١٤) ٦٣ .

(١٥) ڕەفیـق سـاڵح و سـدیق سـاڵح، ڕۆژنامـەی کوردسـتان مەهابـاد ١٣٢٤- ١٣٢٥ هەتـاوی ١٩٤٦ پرۆژەی هاوبەشـی بنکـەی ژیـن و ئـاراس (چاپی یەکـەم - هەولێـر ٢٠٠٧)٢٧٤.

(١٦) نەجـات ئەسـپیندارەیی، لەیـادی حەوتەمیـن سـاڵڕۆژی کۆچـی دوایـی هـەژار موکریانیـدا" ٢٥٣١ڕۆژنامـەی برایەتـی ( ٢٢ی شـوباتی ١٩٩٨)٦.

(١٧) فەخرەدین ئامێدیان، ژیلەمۆ (چاپی یەکەم چاپخانەی نشرانا – سنه ١٣٩١- ٢٠١٣)٤٠٣.

(١٨) فەرەیـدون حەکیـم زادە، هـەژار لـە لوتکـەدا، بەرهەمـی ژیـان و تێکۆشـانی ئەدەبـی سیاسـی و فەرهەنگـی مامۆسـتا هـەژار (چاپـی یەکـەم- مەهابـاد بڵاقۆکـی ڕاژە ٢٠٢١)١٩.

(١٩) شیرین ابراهیمی (پ- ١٤)٦٣.

(٢٠) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ- ١٣) ١١- ١٣.

سـادق) [٢١]. پاشـان بەشـداری کایـەی سیاسـی کـردووە[٢٢].

هـەژار هاوشـێوەی منداڵانـی دیکـەی هاوتەمـەن و هاوسـەردەمی خـۆی، منداڵییەتـی خـۆی بـە کۆمەڵێـک گاڵتەوگەپـی کۆنـی کـوردەواری بەسـەر بـردووە، هەروەکـو خۆشـی لـە یاداشـتەکانیدا لـە چێشـتی مجێـور ئامـاژەی پێکـردووە کـە "لـە پـاش نوێـژی نیـوەڕۆوە تـا تاریکانـی ئێـوارە بـە پێخاوسـی بەسـەر ڕووتـی هەڵدەبەزیـم و دادەبەزیـم و ژیانـی پاشـایەتی ڕاسـتەقینەم بـوو، بـەڵام نەمدەزانـی چەنـد بەختـەوەرم، شـەوانەش دوای نـان خـواردن دەچوومـە کـۆڵان، دەگـەڵ منـداڵان تـا خـەو بـە لایـدا دەبردینـەوە، گەمەمـان دەکـرد. گەمـەی شـەو، مـەلا تـەق تەقێـن، کـەری سـووری پشـت درێـژ، کڵاوێـن، هەیجـۆ، چاوشـارکێنە و هەمـزەل بـوو"[٢٣] ئـەو کاتـە ئـەم جـۆرە یارییانـە لـە نێـو منداڵانـدا ئەنجامـدراوە و کاتـی خۆیانیـان پێگـوزەر کـردووە.

**خوێندنی لە حوجرەکان و هاوسەرگیری:**

لـە دوای بڵاوبوونـەوەی ئاینـی ئیسـلام و بەدرێژایـی مێـژوو، مزگـەوت و حوجـرە و تەکیـە و خانەقـاکان و خوێندنگـە زانسـتیەکان لـە کوردسـتان ڕووی لـە زیـاد بـوون کـردووە و لـەم بارەیـەوە گەلـی کـورد بەشـداری گـەورەی تێـدا گێـڕاوە، بـە سـەتان زانـای گـەورەی کـورد لـەم شـوێنانە خوێندوویانـە، ئەمـەش زانایانـی بوارەکانـی ئوصـول و تەفسـیر و ئـەدەب و مێـژوو و زمانەوانـی لـەم خوێندنگـە زانسـتیانە پێگەیشـتوون و ڕۆڵێکـی بـاڵا و بەرچاویـان بینیـوە. فەقێـی کـورد بەشـوێن زانسـت و مامۆسـتای شـارەزادا لـە کوردسـتانی

(٢١) محەمـەد صـادق شـەرەفکەندی: نـاسراوە بـە سـەعید، لـە سـاڵی ١٩٣٨، لـە گونـدی تەرەغـەی سـەر بـە شـارۆچکەی بۆکانـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لـە دایـک بـووە، لـە ژێـر سەرپەرشـتی هـەژار موکریانیدا پـەروەردە بـووە، لـە تـاران لیسانسـی وەگرتـووە و بووەتـە مامۆسـتا، دکتۆرای لە سـاڵی ١٩٧٦ لە فەرەنسـا وەرگرتـووە. لـە سـاڵی ١٩٧٩ بـووە بـە ئەندامـی حزبـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێـران، لـە سـاڵی ١٩٨٥ بووەتە جێگری سـکرتێری گشـتی و پاشـان سـکرتێر، لە ١٧ی ئەیلولی ١٩٩٢، لە شـاری بەرلینی ئەڵمانیا، لە لایـەن دەسـەڵاتدارانی ئێـران لەگـەڵ چەنـد هاوڕێیەکی تر تیرۆر کراوە. سـمایل شـەرەفی، شـەرەفکەندی سـیمای شۆڕشـگێڕێکی نەتەوەیـی (چاپـی یەکـەم ٢٠٠٦ ب-ش.چ)١١١-١١٦.

(٢٢) هۆشـمەند عەلـی مەحمـود، محەمـەد سـادق شـەرەفکەندی ژیـان و تێکۆشـانی سیاسـی (١٩٣٨-١٩٩٢) لێکۆڵینەوەیەکـی میژوویـی- سیاسـییە"٣٥ گۆڤـاری زانکـۆی کۆیـە (ئـازاری ٢٠١٥)٩٢.

(٢٣) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور (پ- ١٣)١٥-١٦.

گـەورەدا گـەڕاون، تەنانـەت بـۆ وڵاتانـی دەوروبەریـش وەک شـام و حیجـاز و قاهیـرە شـوێنی دیکـە ڕۆیشـتوون، سـەرەتا خوێنـدن لـە مزگـەوت و حوجـرە و تەکیـە و خاناقـاکان بـووە، دەتوانیـن بڵێیـن ئـەم شـوێنانە خەزێنـەی میللـی کوردسـتانن، ئـەوەی هەمانـە و سەردەسـتە و پێشـەنگی هەمـوو دەسـتانە، بەرهەمـی ئـەم مەدرەسـە ئاینیانەییـەی کوردسـتانە. مـەلا و فەقێـکان لـە مزگـەوت دەمانـەوە و ژیانیـان بەسـەر دەبـرد، ژووری مـەلای مزگـەوت حوجـرەی پێدەگوتـرا، دەرسـی تێـدا دەخوێنـدرا، کـە قوتابخانـەی ئایینیـش بـووە، ئـەم حوجرانـە لـە گشـت شـار و شـارۆچکەکان و زۆربـەی گوندەکانـی کوردسـتان هەبـوون، لەلایـەن دانیشـتوانی ئـەم شـوێنانەوە کۆمـەک و هـاوکاری دەکـران و خـواردن و پۆشـاک و جلوبەرگیـان بـۆ دابیندەکـرا. هەژاریـش یەکێـک بـووە لـەو مێردمنداڵانـەی لەنێـو مزگـەوت و حوجـرە و خانەقاکانـدا خوێندوویەتـی و پێگەیشـتووە.

هـەژار هاوشـێوەی زۆرینـەی منداڵانـی دیکـەی ناوچەی موکریـان نراوەتـە بەرخوێندن و سـەرەتا لای باوکـی دەسـتی بـە خوێنـدن کـردووە[٢٤]. دوای دوو سـاڵ خوێندنی زانسـتەکانی ئایینـی[٢٥]و (قورئانـی پیـرۆز)[٢٦]، وانـەی سـیپارەی خوێنـدووە[٢٧]، بـەڵام ئاسـتی تیگەیشـتنی کـەم بـووە[٢٨]. هـۆکاری ئەمەش بـۆ کەمی تەمەنی دەگەڕێتـەوە، کە تەنیا چوار سـاڵان بووە.

لـە سـاڵی ١٩٢٧، کـە تەمەنـی ٦ سـاڵان بـووە، باوکـی بـۆ خوێندنـی زیاتـر ناردوویەتیـە لای (مـەلا ڕەحـمان) لـە شـاری مەهابـاد[٢٩]، قورئـان و شـەرعی سـمایلنامەی خوێنـدووە[٣٠]. لـە سـاڵی ١٩٢٧دا ئـەو کات (میـرزا محەمـەد)، کـە دواتـر بـوو بـە (قـازی محەمـەد ١٨٩٣-

(٢٤) ئـارام ئیسـماعیل کوردسـتانی، ئینسـکلۆپێدیای گۆڤەنـد (چاپـی یەکـەم کۆمەڵـگای ئەحمـەدی خانی سـۆران ٢٠١٨)٤٣.

(٢٥) هـەوراز گەرمیانـی، لەمـەڕ ژیـان و بەسـەرهاتی هەژار بوێژی کـورد"١١-١٢ گۆڤاری مامۆسـتای کورد (سـوید - هاوینی ١٩٩١)٦٦.

(٢٦) غەفور عەبدولفەتاح، گوڵزاری شاعیرانی کورد (چاپی یەکەم- چاپخانەی چوار چرا – سلێمانی ٢٠١٨) ٢٨٦.

(٢٧) نەجات ئەسپیندارەیی (پ- ١٦) ٦.

(٢٨) فەخرەدین ئامێدیان(پ- ١٧)٤٠٣.

(٢٩) فەرەیدون حەکیم زادە، هەژار لە لوتکەدا (پ- ١٨)١٩.

(٣٠) هەوراز گەرمیانی (پ- ٢٥)٦٧.

۱۹٤۷)، بەڕێوەبــەری مەعارفــی مەهابــاد بــوو[۳۱]. ســەردانی ئــەم خوێندنگــەی کــردووە، لەســەر داوای مامۆســتاکەی، هــەژار بابەتێکــی خوێندووەتــەوە، ئەمــەش بووەتــە جێــی ســەرنجی (قــازی)[۳۲]. لــەو کاتــەدا بەهــۆی شــەڕی نێــوان (مــەلا خەلیــل) [۳۳] و ئێــران وازی لــە خوێنــدن هێنــاوە[۳٤]. هــەژار زۆر جێــگا و شــوێنی بــۆ خوێنــدن گــەڕاوە، کــەم جــار هەبــووە، بــۆ مــاوەی چەنــد ســاڵێک لــە شــوێنێک بمێنێتــەوە و پاشــان لــە ســاڵی ۱۹۳۲، هــەژار جارێکــی تــر باوکــی بردوویەتــی بــۆ لای (مــەلا ســەعید) لــە حوجــرەی فەقێیــان، لــە مزگەوتــی (عەبــاس ئاغــا)ی ســابڵاغ لای (مــەلا ســەعید[۳۵])، گوڵســتانی ســەعدی و بوســتانی خوێنــدووە، لــەوێ لەگــەڵ (عەبدوڕەحــمان کــوڕی ســۆفی مینــە) کــە[۳٦] لــە دوا ڕۆژدا بــە (زەبیحــی) نــاسرا ئاشــنا بــووە[۳۷]. هــەژار هەمیشــە بــاس لــە تەنبەڵــی خۆیــدەکات

(۳۱) ڕەحیمــی قــازی، بزوتنــەوەی ڕزگاریــی نەتەوایەتیــی گەلــی کــورد و قــازی محەمــەد ۱۹٤۱- ۱۹٤۷ (چاپــی یەکــەم- هەولێــر ۲۰۱۲) ٦۷.

(۳۲) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-۱۳)۱٤-۱٥.

(۳۳) مـەلا خەلیـل گۆڕەمـەری، لـە سـاڵی ۱۸۸۱، لە دایک بووە، کەسـایەتیەکی ئایینی دیار بووە، لە سـاڵی ۱۹۲۷، ڕاپەڕینێکـی چەکداری دژی دەسـەڵاتداری ڕەزا شـای ئێران دەکات، چەنـد ناوچەیەکی دەوروبەری سـابڵاغ ئـازاد دەکات، بـەڵام سـاڵانی دواتـر، توشـی شکسـت دەبێتـەوە، لـە سـاڵی ۱۹٥٦، کۆچـی دوایـی دەکات. هەرمـان وەتمانـی و زانکۆ خەلیفـە(پ- ۷)۳۳۰.

(۳٤) هەوراز گەرمیانی (پ- ۲٥)٦۷.

(۳٥) فەرەیدون حەکیم زادە، هەژار لە لوتکەدا (پ- ۱۸)۱۹.

(۳٦) شیرین ابراهیمی (پ- ۱٤)٦٤.

(۳۷) عەبدولڕەحمانـی زەبیحـی کـوڕی سـۆفی مینـە، لـە سـاڵی ۱۹۱۸ یـان ۱۹۲۰، لـە شـاری مەهابـاد لـە دایـک بـووە، خوێندنـی سـەرەتایی لـەوێ و ئامادەیی لە شـاری ورمێ تـەواو کردووە؛ لە سـاڵی ۱۹۳۲، لای گیـوی موکریانـی وانەی فەرەنسـی خوێندووە، لە سـاڵی ۱۹۳۷ لە ئیدارەی فەرهەنگـی مەهاباد دامەزراوە، ئەندامـی حزبـی ئازادیخـوازی کوردسـتان بـووە، لـە سـاڵی ۱۹٤۲ یەکێک بووە لـە دامەزرێنەرانـی ژێکاف، سەرپەرشـتی گۆڤاری "نیشـتیمان"ی ئۆرگانی کۆمەڵەشـی کردووە، لە سـاڵی ۱۹٤٥ دەسـتگیرکراوە و ماوەی هەشـت مانـگ لـە تـاران، لـە زیندانـدا ماوەتـەوە، جێگـری ئەنجومەنـی ڕەوابیتـی فەرهەنگـی شـورەوی- ئێـران لقـی کوردسـتان بـووە، دوای شکسـتی کۆمـاری کوردسـتان، ئـاوارەی باشـوری کوردسـتان دەبێـت، چۆتە سـلێمانی و پاشـان شـاری بەغدا، سـاڵانی پەنجا، ڕووی کردۆتە سـوریا، چالاکی سیاسـی ئەنجامداوە، دوای شـۆڕشـی ۱٤ی تەمـوزی سـاڵی ۱۹٥۸، گەڕاوەتـەوە عێـراق، لـە نـاو پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، ماوەیـەک بەرپرسـی دارایـی مەکتەبی سیاسـی بـووە، دوای کەرتبوونی پارتـی، ئەو پاڵی بـە باڵی مەکتەبی سیاسـی داوە، لە سـاڵی ۱۹۷۱ بەشـداری لە خەباتی دژی ڕژێمی شـادا کردووە، لە سـاڵی ۱۹۷٦ دەسـتگیر کـراوە و خراوەتـە بەندیخانـەی ئەبوغریـب لـە بەغدا، بـە ڕوخانی ڕژێمی شـا، گەڕاوەتەوە بـۆ ڕۆژهەڵاتی

لـە خوێنـدن و ئامـاژە بۆئـەوە دەکات "تەنبەڵـی لـە خوێندنـدا کراسـێک بـوو بـە بەژنـم بڕابـوو"، ئـەو تەنبەڵیەشـی کێشـە و گیروگرفتـی بـۆ دروسـتکردووە لـە کاتی وانـە خوێندندا، بەتایبەتـی لـە کاتێکـدا کـە فەقێیەکـەی هاوتەمەنـی زیرەکـی خـۆی لەگەڵـدا بووبێـت، ئەمـەش ڕەنگدانـەوەی لەسـەری هەبـووە، وەک خـۆی نوسـیویەتی "ڕۆژێـک وەک بـەڵای ناگەهانـێ منداڵێکیـان هێنایـە حوجـرە بەتەمـەن لەمـن بـاو خۆشـتر و بـە بـاڵا لـە مـن کورتـە باڵاتـر بـوو. یەکێکـی سـوری چـاو زیـت، لێـم بووبـوو بـە عیزڕاییـل، دەبوایـە ئەویش گوڵسـتان بخوێنـێ، هەتیـو ئەوەنـدە زیـرەک بـوو کـە نەبێتـەوە. مـن بەهـەزار گێـرە و نێـرە دوو خەتـم ڕەوان دەکـرد، ئـەو پـەڕ و دوو پـەڕی تێدەپەڕانـد. جـا وەرە زلـە و چەپـۆک بخـۆ..... ئەویـش (عەبدوڕەحـمان کـوڕی سـۆفی مینـە) بـوو، بـەڵام هـەژار بەپێچەوانـەوەی تەنبەڵیەکـەی بیـری زۆر تیـژ بـووە، خـۆی دەڵـێ "هەرچیـم بویسـتایە دەسـبەجێ لـە بـەرم دەکـرد، بۆیـە مامۆسـتاکەی پێـی گوتـوە" لـە تـۆ تەنبـەڵ و بەزەینـترم نەدیـوە" [٣٨] هـەر ئـەم بیرتیـژی و زەینـەش بـووە لـە دوارۆژدا ئـەم کەسـایەتییەی لێدەرچـووە.

دوا ئـەوە بـە مەبەسـتی خوێندنـی زیاتـر لـە سـاڵی ١٩٣٤ [٣٩]، چووەتـە خانەقـای شـێخی بورهانـی[٤٠]، ئـەم خانەقایـە زانسـتگایەکی مـەزن و نـاودار بـووە، لـەو خانەقایـە جگـە لـە

---

کوردسـتان، دوای گەڕانـەوەی بـۆ بەغـدا، لـە سـاڵی ١٩٨٠ دەسـتگیر کراوە و لەو کاتەوە بێسـەر و شـوێنە. سـەرچاوە: عەلی کەریمی، ژیان و بەسـەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی - مامۆسـتا عولەما، (چاپی دووەم چاپخانەی کاربین سـلێمانی ٢٠٠٥) ٥٢-٥٣٣.

(٣٨) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ- ١٣)١٦-٢٤.

(٣٩) فەرەیدون حەکیم زادە، هەژار لە لوتکەدا (پ- ١٨)١٩.

(٤٠) خانەقای شێخی بورهان: پێگەی ڕێبازی نەقشبەندی لەسەر دەستی مەلا یوسفی شێخ شەمسەدینی بورهانی لەو ناوچەیە دامەزراوە؛ ناوبراو خەلیفەی [شێخ عوسمان سیراجەدینی یەکەم بووە، کە لە ناوچەی تەوێڵە و بیارەی باشوری کوردستان ژیاوە] بەشێکی زۆری دانیشتوانی ناوچەی موکریان و ئارارات و خۆی و تاڵش و سەڵماس پەیڕەویان لەو کەسایەتیە کردووە، لەسەدەی نۆزدەیەم و بیستەم ئەم خانەقایە؛ ڕۆڵیکی گەورە و کاریگەری لە بواری زانست و ئایینی و کۆمەڵاتیدا گێڕاوە، خانەقاکە سەرەتا لە گوندی بورهانی ناوچەی موکریان و پاشان لە گوندی شەرەفکەندی بۆکان بووە؛ بەدرێژایی مێژوو ڕێنشاندەری چاکە و پەروەردە و سەرمەشق بووە. عوسمان دەشتی، دەربارەی ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی شیعرەکانی هێمن(چاپی دووەم چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر ٢٠٠٩)٢٨. مەلا یوسف کەسایەتیەکی زۆر سەخی و دەوڵەمەند بووە؛ ئەرکی خانەقاکەی لەسەر ملی خۆی بووە و خۆشی کاسبی کردووە و چاوی لە دەستی خەڵک نەبووە؛ نانی داوە بە خەڵک و نانی کەسی وەرنەگرتووە. بەردەوام لە چەوسانەوەی نەفسی دابووە.

کـورد، ڕەگـەز و نەتـەوەی جیاجیـای لێبـوون، وەک: ئەفغانی، فـارس، تورک، هینـد و ئازەری، مامۆسـتا و زانـای زۆر باشـی لـێ بـوون لەوانـە: (سـەیفی قـازی ١٨٧٧-١٩٤٧)، (محەمـەدی شـەرەفکەندی)، (مـەلا ئەحمـەدی فـەوزی[٤١])، هـەر لـەو خانەقایـە، لەگـەڵ (حەمەدەمینی شێخولئیسـلام[٤٢]) کـە دواتـر بە (هێمن) نـاسرا[٤٣]، بەیەکەوە وانەیان خوێندووە[٤٤]. پاشـانیش لـە قۆناغـە جیاجیاکانـدا، هەتـا کۆتایـی تەمەنیـان پەیوەندییـان لەگـەڵ یەکتری هەبـووە[٤٥]، دەربـارەی ئـەم خانەقایـە هێمـن موکریانـی ئامـاژەی بـۆ ئـەوە کـردووە" خانەقـا دەتگـوت کەشـتی نوحـە. لـە هەمـوو تـۆ و تـۆرە و ڕەگەزێکـی لـێ بـوو"[٤٦] ئـەم خانەقایـە ناوەندێکی خوێنـدن و دروسـتبوونی کەسـایەتی سیاسـی و ڕۆشـنبیرەکان بـووە، ئەمـەش بـۆ ئـەو وێسـتگەیەکی گرنگـی کرانـەوە و فێربوون بـووە، هەروەها هۆکاری جێهێشـتنی، ئەم خانەقا

عەلائەددین سەججادی، ڕشتەی مرواری- کۆمەڵە ئەدیبێکی هەرە بە نرخە لە فەلسەفە و بیروباوەڕی کوردی( دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ناشر- بڵاوکردنەوەی کوردستان سنە- چاپی یەکەم- ١٣٩٨-٢٠١٩)١٠٦٩-١٠٧٠.

(٤١) مەلا ئەحمەدی فەوزی یان مەلای سولێمانی: یەکێکە لە گەورە پیاوانی کوردستان، زانایەکی گەورە و ئەدیبێکی کەم وێنە بووە، کەسایەتییەکی دیار و ڕۆڵێکی نیشتیمانپەروەرانە و سیاسی هەبوو، بە بیری کوردایەتی لاوانی پەروەردە دەکرد، یەک لەوانە قازی محەمەد و هێمنی شاعیر و چەندین کەسایەتی دیکە هەبووە، وریا حەبیب، دیوانی هێمن موکریانی (چاپی یەکەم چاپ وپەخشی چوار چرا- سلێمانی بەهاری ٢٧٠٨- ٢٠٠٨) ٣٠-٣٢. فەوزی لە بنەڕەتدا خەڵکی ناوچەی عەبابەیلێی شارەزور بووە، لە سەردەمی شێخ مەحموودی حەفید ئاوارەی موکریان و لە گوندی تاجیکەند دەژیا، کاریگەریشی لەسەر هەژار هەبووە و هەروەها زانایەکی ئاینیش بووە و وانەی گوتۆتەوە. عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ- ١٣)٣٥. ؛ لە ساڵی ١٩٤٣، لە گوندی حاجیکەند کۆچی دوایی کرد و لە خانەقای شێخی بورهان نێژراوە. وریا حەبیب (پ- ٤١) ٣٠-٣٢.

(٤٢) وریا حەبیب (پ- ٤١) ٢٧ – ٢٨.

(٤٣) سـەید محەمەد ئەمین کوڕی سـەید حەسـەنی شێخولئیسـلام کوڕی سـەید عەلی لە سـاڵی ١٩٢١ لە گونـدی لاچینـی مەهابـاد لـە دایـک بـووە، لـە قوتابخانـە و حوجـرەی خوێندووە، لـە سـاڵی ١٩٤٢ دەبێت بـە ئەندامـی ژێـکاف، لەلایـەن قـازی محەمـەد نازنـاوی شـاعیری میللـی کوردسـتانی پێـدراوە، لـە سـاڵی ١٩٦٩ بـووە بـە ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەنـدی حـدکا، ئەندامـی یەکێتی نووسـەرانی کورد و کـۆڕی زانیاری کـورد بـووە، لـە ١٨ی نیسـانی ١٩٨٦، لـە ورمـێ کۆچـی دوایـی دەکات، تەرمەکـەی لـە مەهابـاد و لـە گۆڕسـتانی بـداغ سـوڵتان، بەخاک سـپێردراوە. سـەرچاوە: عوسـمان دەشـتی، دەربـارەی ناوەڕۆکی سیاسـی و کۆمەڵایەتیـی (پ - ٤٠)١٥-٣٩.

(٤٤) فەخرەدین ئامێدیان(پ- ١٧)٤٠٤ .

(٤٥) حەمدی هاشمی، هەوێنی عیشق و ئازادی (چاپی حەوتەم – سنندج ١٣٩٢- ٢٠١٤) ١٤٤.

(٤٦) وریا حەبیب (پ- ٤١) ٢٨.

گرنگە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە ژیانی خوێندنی فەقێیەتی ئەو سەردەمە، دەبوایە لە زۆرترین ناوچە و تەکیە و خانەقایان خوێندبا، بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری زیاتر و شارەزایی زیاتر پەیدا بکەن.

تەکیە و خانەقاکان بەشێوەیەکی گشتی لە کوردستان پەناگەی کەسانی لێقەوماو و بێدەرەتان و ئاوارەبوون، هەروەها بەدرێژایی مێژوویی هاوچەرخی کورد ڕۆڵێکی بنەڕەتی و سەرەکییان گێڕاوە، لە وشیاری نەتەوەیی و پەروەردەکردنی کەسانی نیشتیمانپەروەر و شۆڕشگێڕ و سەرکردەی کورد، کە پێشەنگی ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کوردیان کردووە، دژی داگیرکەرانی کوردستان لە هەرچوار پارچەی کوردستان، لەوانە (شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ١٨٣٠ - ١٨٨٣، شێخ سەعیدی پیران ١٨٦٥ - ١٩٢٥، شێخ مەحمودی حەفید ١٨٧٨ - ١٩٥٦و مستەفا بارزانی ١٩٠٣ - ١٩٧٩).

بێجگە لەوەش ئەم خانەقایانە پایەکی بەرزی کۆمەڵایەتییان هەبووە، هەرچی کێشە و گیروگرفتی کۆمەڵایەتی هەبووە، لەم شوێنانە چارەسەرکراون، چەندین تەکیە و خانەقای گرنگ لە کوردستان هەبوون و هەن، کە موریدیان لە زۆربەی وڵاتانی ئاسیا، ئەوروپا، ئەمریکا و ئوستراليا هەیە، لەوانە خانەقای بیارە لە ناوچەی هەورامانی باشوری کوردستان کە (شێخ عوسمان سیراجەدینی دووەم ١٨٩٦ - ١٩٩٧) ئەستێرەیەکی دیار و پرشنگدارە لەم بوارەدا.

هەر لە تەکیە و خانەقاکان گرنگی زۆر بە بواری ئەدەب و شیعری کوردی دراوە، کە ئەمەش دیوێکی تری گرنگی خەباتی بنچینەی ڕۆشنبیری نەتەوەیی کوردەوارییە، کە خۆی لە کەسایەتی نیشتیمانپەروەردا دەبینێتەوە کە لە ئەحمەدی خانی (١٠٦١ – ١١١٩)، مەلای جزیری (١٥٧٠ – ١٦٤٠)، نالی (١٨٠٠- ١٨٥٦)، مەولەوی (١٨٠٦ – ١٨٨٢) حاجی قادری کۆیی (١٨١٧- ١٨٩٧) مەحوی (١٨٣٦- ١٩٠٦) مەلا محەمەدی قزڵجی تورجانی زادە، مەلا مەحمودی بایەزیدی (١٧٨٧ – ١٨٥٩) و شێخ ڕەزای تاڵەبانی (١٨٣٧ - ١٩١٠) بەدەیان سەدان کەڵەمێردی دیکەی ڕێگای خواناسین و کوردایەتیان پێگەیاندوون.

هەژاریش درێژەپێدەری ئەم ڕێچکەیەی بووە و لە ساڵی ١٩٣٥دا لە گوندی پەسوێ لای (سەید محەمەد) کە نازناوی (حەمیدی) بووە، وانەکانی بوستان و تەسریفی زنجانی

و نموزەجی خوێندووە و لە دیوەخانی قەرەنیاغای مامەش ماوەتەوە[٤٧]و بەشێوەیەکی گشتی و لە ساڵی ١٩٣٦ هەژار دەگەڕێتەوە بۆ مەهاباد[٤٨]، لە مزگەوت بووەتە فەقێی (مەلا حوسێن مەجدی ١٨٩٠- ١٩٧٢)، پاشان ئەم (مەلا حوسێن)ە لە کۆماری کوردستان بووە بە وەزیری داد[٤٩]، وانەکانی سەرف و نەحو، قەسیدەی بانەت سوعاد، کەعب ئیبن زوهەیر دەخوێنێ، پێشتر بەهۆی بێکاری (مەلا محەمەد)ی باوکی، ماڵیان گواستووەتەوە بۆ گوندی تەرەغەی سەر بە شارۆچکەی بۆکان[٥٠]، پاشان لە ساڵی ١٩٣٧، هەژار دووبارە دەچێتەوە بۆ خانەقای بورهان، دواتر بۆ گوندەکانی وشتەپە و سیوتی[٥١]. بەشێوەیەکی گشتی چەند بابەتێکی وەک وانەی عەرەبی، تەسریفی زەنجانی و عەوامیل، ئوسوڵ و شەرعی شافعی، لای (شێخ محمد کوڕی شێخ بورهان) خوێندووە. لە ڕووی ئایینی و نیشتیمانپەروەرییەوە، کاریگەری هەبووە لەسەری [٥٢]. وانەکانی بە زمانی عەرەبی و فارسی خوێندووە، چەندین شوێنی کردووە ئەمەش یارمەتی داوە، زیاتر چاوی بکرێتەوە[٥٣]. وای کردووە ببێتە بنەمایەک بۆ فێربوونی ئەم زمانانە، کە لە ڕووی پەڕتووک خوێندنەوە و زانیاری گشتی سوودی لێوەرگرتوون.

چەند مەلا و زانایەکی بەناوبانگ، کاریگەرییان لەسەر بیری هەژار بەجێهێشتووە، ئەمەش بووەتە هۆی کرانەوەی بیرکردنەوە و تێڕوانینی بەرانبەر ژیان، وەک (مەلا حەمەدەمینی وەڵزی) شارەزای باشی ئایینی و زانیاری گشتی هەبووە. (مەلا سەید محەمەدی حەمیدی)، دواتر ئەم مەلایە، لە کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦، بووە بە بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی کوردستانی زمانحاڵی حدک (کاکە ڕەحمانی

(٤٧) فەرەیدون حەکیم زادە، هەژار لە لوتکەدا (پ- ١٨)١٩.

(٤٨) محمد رئوف مرادی، زندگی نامە وخدمات علمی وفرهنگی استاد عبدالرحمن شرفکندی (چاپخانەی دالاهو تهران – چاپ اول ١٣٨٥-٢٠٠٧)٩.

(٤٩) نامق هەورامی، هەژار لە سنە (چاپی یەکەم- چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری هەولێر ٢٠١١)١٤١.

(٥٠) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٢٠- ٢٣.

(٥١) فەرەیدون حەکیم زادە، هەژار لە لوتکەدا (پ- ١٨)١٩.

(٥٢) نامق هەورامی (پ ٤٩)١٤١.

(٥٣) هەوراز گەرمیانی (پ- ٢٥)٦٨.

ئیلخـانزاده[٥٤])، ئاسـتی ڕۆشـنبیری بەرزبـووه و جارێکـی تـر لـه نیشـتیمانپەروەری و کوردایەتـی لەگـەڵ هـەژار یەکتریـان گرتۆتـەوه، هەروەهـا خاڵەمینـی بەرزنجـی شـاعیری نیشـتیمانپەوەر و "هەڵگـری هێڵێکـی ئیسـلامی نوێخوازەنـەش بـوو"[٥٥]. قۆناغـی فەقێتـی ئـەو سـەردەمە، وایکـردووه، زیاتـر شـارەزای ژیانـی کۆمەڵـگای کـوردەواری و ئاییـن بـبن و ئـەم کۆمەڵگەیـە بـە دروسـتی بخوێننـەوه[٥٦].

لـە سـاڵی ١٩٣٨ باوکـی کۆچـی دوایـی دەکات[٥٧] دەربـارەی کۆچـی دوایـی باوکـی هـەژار دەڵـێ" لـە وشتەپەوە دەچومـەوە مـاڵ. باوکـم نەخـۆش بـوو، ناردمیـە سابڵاغ بـۆ لای دکتـۆر یوناتانـی کۆنـە بـرادەری. تـا مـن چـووم و دەرمانـم بـۆ هێنـا، بـە سـاغی فریـا نەکەوتـم و لـە ئاخـر دەمـی گیاندانیـدا گەیشـتمەوە سـەری و هەتیـو مامـەوە"، هەروەهـا ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکات" گوێـم لێبـوو خوشـکم بـە براکەمـی گـوت خـەم مەخـۆ کاکـمان لـە جێـی بابمانـە"[٥٨] ئەمـەش ئـەو نائومێدییـەی ڕەواندۆتـەوە کـە بـە هـۆی لـە دەسـتدانی باوکـی تووشـی ببـوو، بۆیـە بڕیاریـداوە پشـت بەخـۆی ببەسـتێ و بەرپرسـیارەتی دایـک و خوشـک و براکانـی بگرێتـە ئەسـتۆ. باوکـی هـەژار لـە خانەقـای شـێخ بورهـان، لـە نزیـک گـۆڕی (سـەیزادە فاتـم)ی هاوسـەری نێـژراوە. ئـەم ڕووداوە بووەتـە هـۆی ئـەوەی هـەژار دەسـتی لـە خوێنـدن هەڵبگرێـت[٥٩]. هەرچەنـدە لـە شـارەکانی مەهابـاد و بـۆکان و شـوێنەکانی تـر چەنـد قوتابخانەیـەک هەبـوون، بـەڵام بەهـۆی خراپـی بـاری ئابـووری، لـە

(٥٤) عەبدولڕەحـمان ئاغـای ئیلخانـیزادە نـاسراوە بـە کاکـە ڕەحمانـی ئیلخـانزادە: لـە سـاڵی ١٩٠٤، لـە ناوچـەی بۆکانـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لـە دایکبـووە، مەلایەتـی کـردووە، پاشـان بـووە بـە ئەندامێکـی دیـاری ژێـکاف، لـە سـەردەمی کۆماری کوردسـتان بـوو بە وەزیـری کاروبـاری دەرەوە، لـە دوای ڕووخانی کۆمـار بووەتـە مامۆسـتا لـە زانکۆی تـاران، ماڵەکەی ببـووە ناوەندێک بـۆ کۆکردنـەوەی کوردەکانی تاران، لـە سـاڵی ١٩٦٧، کۆچـی دوایـی کـردووە. عەلـی کەریمـی، نیشـتیمان بڵاوکـەرەوەی بیـری کۆمەڵـەی ژ-ک (چاپخانـەی شـڤان- سـلێمانی ٢٠٠٨)٢٧-٢٩.

(٥٥) نامق هەورامی، هەژار لە سنە (پ-٤٩)٨٦- ٨٨.

(٥٦) شیخ الرئیس ابو علی سینا (پ- ٢)٧.

(٥٧) حەسـەنی دانیشـفەڕ- هێـور ملوانکـە فرمێسـکێک بـۆ (هەژار)ێکـی دەوڵەمەنـد "١٦٥" برایەتـی ئـەدەب و هونـەر(١٨ی شـوباتی ٢٠٠٠)٥.

(٥٨) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٢٨.

(٥٩) محمد رئوف مرادی (پ- ٤٨) ١٣- ١٤.

قوتابخانـەی نەیخوێنـدووە[٦٠]. لـە قۆناغـی فەقێتـی، تێکـەڵاوی لەگـەڵ کۆمەڵـە کەسـانێکی خوێنـدەوار و ڕۆشـنبیر و شـارەزا پەیداکـردووە، شـتیان لـێ فێربـووە و پشـتی بـە توانەکانـی خـۆی بەسـتووە، تاڵـی و سـوێری و ناخۆشـییەکانی ژیـان، فێـری زۆر شـتیان کـردووە، کـە لـە وێسـتگە جیاوازەکانـی داهاتـووی تەمەنـی سـوودی لێوەرگرتـووە.

لـەدوای کۆچـی باوکـی و دوای ئـەوەی ماڵیـان گواسـتووەتەوە بـۆ گونـدی تەرەغـە، ئەرکـی سەرپەرشـتیکردنی، خوشـک و براکانـی کەوتـە سەرشـانی[٦١] و دەسـتی کـردووە بـە کاری بازرگانـی بچـووک[٦٢] و بژێـوی خانەوادەکـەی پەیـدا کـردوو[٦٣]ە. دایکـی لەسـاڵی ١٩٣٩ شـوی کردووەتـەوە و خوشکیشـی تەمەنـی بچـوک بـووە و ماڵـداری پێنەکـراوە، بۆیـە پێویسـت بـوو ژن بێنێـت، تـا کابانـی ماڵبێـت و ئاگاشـی لـە منداڵـە بچووکـەکان بێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە هەژاریـش هەمـان سـاڵ لەگـەڵ ئافرەتێـک، بەنـاوی (ئایشـێ کچـی سـەیید قـادری) بوغدەداغـی، کـە گوندێکـە سـەر بـە بـۆکان، هاوسـەرگیری کـردووە، هـەژار لەبـارەی ئایشـێی هاوژینیـەوە دەڵـێ" ئایشـێ ژن نەبـوو، ڕەحمەتـی خـودا بـوو" زۆر نـەرم و نیـان و بـە سـەبر و حەوسـەڵە بـوو، کابانێکـی کـەم وێنـە بـوو، "زۆر زوو حەسـامەوە کاروبـاری منـی گرتبـووە ئەسـتۆی خـۆی، لـە دوای مردنـی ئـەو، لەسـەرڕا بێکـەس و هەتیـو مامـەوە"[٦٤]، مـاوەی زیاتـر لـە دوو سـاڵ بەیەکـەوە بـوون، ئافرەتێکـی کارزان، ئارامگـر، میـوان دۆسـت و خانـەدان بـووە، سـەرەڕای هەژاریـان لـەم هاوسـەرگیرییە بەیەکـەوە زۆر شـادومان بـوون، لـەو ماوەیـەدا نـاوە نـاوە وانـەی بـە براکانی(عەبدوڵـڵا و محەمـەد سـادق) گوتـووە، هاوسـەری تووشـی نەخۆشـی گرانەتـا بووە[٦٥]،بـەم هۆیـەوە سـاڵی ١٩٤١، گیـان لـە دەسـت دەدات. لەبـەر ئـەم کارەسـاتە و لەبـەر خوێندنـی براکانـی، لـە گونـدی تەرەغـە،

(٦٠) شیخ الرئیس ابو علی سینا (پ- ٢)٧.
(٦١) فەخرەدین ئامێدیان(پ- ١٧)٤٠٤.
(٦٢) محەمەدی شڵماشی، خاپەرۆ (چاپی دووەم - چاپخانەی چوار چرا- سلێمانی ٢٠١٧) ١٠٤.
(٦٣) کاروان عوسـمان عەلـی، ئاڵەکـۆک و هەنـدێ شـیعری بڵاونەکراوەی هـەژار موکریانـی (چاپی یەکەم – لـە بڵاوکراوەکانـی خانـەی چاپ و پەخشـی ڕێنما – سـلێمانی٢٠٠٩) ١١.
(٦٤) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور (پ- ١٣) ٣٢.
(٦٥) شیرین ابراهیمی (پ- ١٤)٧٠.

هەرچـی هەیبـووە وەک مـاڵ و خانـوو و ئـاژەڵ فرۆشـتویەتی و لـە سـاڵی ١٩٤٢ ماڵـی دەگوازێتـەوە بـۆ شـارۆچکەی بـۆکان[٦٦]، و خانوویەکـی بەکـرێ گرتـووە، پێنـچ سـەد تومـەن لـە کەسـێکی دەوڵەمەنـد بـە ناوی(ڕەحمانـی حاجـی بایـز ئاغـا) قـەرز دەکات و کڕیـن و فرۆشـتنی توتنـی کـردووە[٦٧] و دوای ماوەیـەک قەرزەکانـی داوەتـەوە، بـاری دارایـی بـاش بـووە و خانووەکـەی کڕیـوە، دواتـر لـە فەرمانگـەی توتـن مانگـی بـە سەدوبیسـت تمـەن دادەمەزرێـت، بـەو مەرجـەی مووچـەی دوو مانگـی وەک بەرتیـل بـۆ ئـەو کەسـە بێـت، کـە دایمەزرانـدووە، و مامەڵـەی گەنـم و شـتی تـری دیکـەی کـردووە، هەروەهـا براکانـی ناردونـە بەرخوێنـدن، بـەڵام زێنەبـی خوشـکی نەنـاردووە بـۆ قوتابخانـە، لەبـارەی نەناردنـی خوشـکی بـۆ خوێندنگـە، لـە کۆتایـی تەمەنیـدا دەڵـێ" ئێسـتاش گرێـی سـەر دڵمـە کـە بۆچـی خوشـکم نەنـارد و بۆخۆشـم پێـم نەخوێنـد؟ بەڵـێ عەقڵـم وابـوو کـە نابـێ ژن بخوێنـێ" کـە کچێکـی زۆر زیـرەک بـووە[٦٨]، لـە بەرامبـەردا زەینەبـی خوشـکی لـە چاوپێکەوتنێکـدا ئامـاژەی بـۆ ئـەوە کـردووە کـە هـەژار تاوانـی نەبـووە، ڕژێمـی ئـەو دەم تاوانبـار بـوو" زۆر بەکەمـی بـۆ ژن دەلـوا دەرس بخوێنێـت، کاکـم بـۆ خۆشـی نەیتوانـی بخوێنـێ" لەگـەڵ ئەوەشـدا بەرپرسـیارەتی ماڵـی بـە ئەسـتۆوە گرتـووە، لـە بـەر دوو براکـەی عەبـدوڵا و سـادق نەیتوانیـوە بخوێنێـت". هەروەهـا سـەبارەت بـە پەیوەنـدی خـۆی و هـەژار دەڵـێ" پەیوەنـدی ئێمـە پەیوەنـدی خوشـک و بـرا نەبـوو، بەڵکـو پەیوەنـدی بـاب و فەرزەنـد بـوو، مـن بابـی خۆمـم چیـوا نەدیتـووە و هەمیشـە سـێبەری کاکـم بـە سـەرەوە بـووە، تەنانـەت ئـەو وەختـەی لێـرە نەبـوو، بـە ناشـوکری نەبـێ ئەویـش زۆرمـان لـەلا نەبـوو، هەتـا خوێندنـی لـە تورجـان و خانەقـا بـوو، دوایـش پـاش ڕوخانـی کۆمـاری کوردسـتان ڕۆیشـت و ٢٩ سـاڵ یەکترمـان نەدیتـەوە"[٦٩].

(٦٦) فەرەیدون حەکیم زادە، هەژار لە لوتکەدا (پ- ١٨)٢٠ - ٢٨.

(٦٧) محمد رئوف مرادی (پ- ٤٨) ١٨-٢٠.

(٦٨) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٣٧.

(٦٩) سـەعدون مازوچـی، هـەژار هەمـوو ژیانـی لەسـەر کـورد دانـا، چاوپێکەوتـن لەگـەڵ زەینـەب شـەرەفکەندی "٨٤ وشـە هەفتەنامەیەکـی سیاسـی گشـتی یـە (٤ی ئـازاری ٢٠١٥)١٦.

لــە ڕووی نیشــتیمانپەروەرییەوە، هــەژار کاریگەریــی زۆری لەســەر (محەمــەد ســادق)ی بــرای هەبــووە و پــەروەردەی کــردووە[٧٠]. بــۆ جــاری دووەم، لەســاڵی ١٩٤٢ هاوســەرگیری لەگــەڵ (مەعســوم کچــی کا حەمــەدی) کــردووە. لــە پاســەپۆرت نــاوی (عصمــت احمدی)یــە و خەڵکــی گونــدی نۆبــاری ســەر بــە بۆکانــە. (مەعســومە خــان) لــە وتوێژێکــدا گوتوویەتــی" لــە ســاڵی ١٩٤١... شــوی پێکــردووە"[٧١]، بــەڵام لــەم ســاڵەدا وەک لــە ســەرەوە ئامــاژەی پێکــراوە، هاوســەری یەکەمــی کۆچــی دوایــی کــردووە، لــە ســاڵی ١٩٤٢ ماڵــی دەگوازێتــەوە بــۆکان، هەژاریــش وەک لەســەرەوە ڕوونکراوەتــەوە گوتوویەتــی، لەگــەڵ هاوســەری یەکەمــی مــاوەی ســێ ســاڵ بەیەکــەوە بــوون، بۆیــە دەبێــت دروســتی ســاڵەکە ١٩٤٢ بێــت. بەرهەمــی هاوســەرگیریەکەی لەگــەڵ (مەعســومە خانــم)، چــوار کــوڕن بەناوەکانــی: (محەمــەد - شــێرکۆ ١٩٤٦، مســتەفا - ئاگــری ١٩٥٥، زاگــرۆس ١٩٥٩[٧٢] و خانــی ١٩٦٥[٧٣]) [٧٤].

---

(٧٠) سمایل شەرەفی(پ- ٢١)١١٢.

(٧١) مەعسـومە ئەحمـەدی، خاطراتـی از همسرم شرفکنـدی، چاوپێکەوتـن- مجلـە اصحـاب انقـلاب- هەژارانـە (نشـانی تهـران - بهـار ١٣٧٠- ١٩٩١)٤.

(٧٢) زاگـرۆس شـەرەفکەندی نـاسراو بـە زاگرۆسـی هـەژار موکریانی، لـە ٢٩ی ئەیلولی ١٩٥٩ لـە بەغدا لە دایکبـووە، تـا دووی ناوەنـدی لـە بەغـدا خوێندووە، لـە سـاڵی ١٩٧٥، گەڕاوەتەوە ئێران و لەشـاری کەرەج نیشـتەجێبوون، لـە کۆلێـژی بەشـی ئەندازیاری کیمیا خویندوویەتـی، بەڵام تەواوی نەکردووە، لەسـەرەتای ساڵانی هەشـتاکان دەبێتـە پێشـمەرگەی حـدکا، لـە ساڵی ١٩٩١ دەچێتە وڵاتـی هۆڵەندا، لە ساڵی ٢٠٠٩ گەڕاوەتـەوە هەولێـر و خانەنیشـینە- دیمانـەی تایبەتی توێـژەر (١٧ی کانوونی یەکـەم٢٠٢٠) هەولێر.

(٧٣) خانی شەرەفکەندی ناسراو بە خانی هەژار موکریانی، لە ٢٣ی ئازاری ١٩٦٥ لە دایکبووە، لە ساڵی ١٩٧٥ گەڕاوەتەوە، لە شاری کەرەج نیشتەجێبوون، دەرچووی ناوەندییە، لە ساڵی ١٩٨٦ بووەتە پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ساڵی ١٩٨٧ ڕۆیشتوە بۆ سوریا و لە ساڵی ١٩٨٧ چۆتە فەرەنسا و لە ئەنستیتۆی کوردی لە پاریس دەست بەکار بووە، لە ساڵی ٢٠٠٠ لە نوێنەرایەتی پارتی لە بەریتانیا و پاشان لە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لەو وڵاتە کاریکردووە، لەساڵی ٢٠٠٩ وەک ڕاوێژکار لە پەرلەمانی کوردستان دەست بەکاربووە و دواتر خانەنیشین کراوە. دیمانەی تایبەتی توێژەر(٢٠ی شوباتی ٢٠٢٢) بەریتانیا.

(٧٤) مەعسـومە ئەحمەدی، ساڵ هاتی کۆچی دوایی مامۆسـتا هەژار، چاوپێکەوتن "١٠ ئاوێنە گۆڤارێکی ئەدەبی، فەرهەنگی کۆمەڵایەتیە (١٣٧١- ١٩٩٢)١٤.

**ئاواره بوونی بۆ باشووری کوردستان:**

بەهـۆی ئـەوەی هـەژار وەک کەسـایەتی نیشـتمانپەوەر، سیاسـی، ڕۆشـنبیر و شـاعیر و بەشـداریکردنی لـە کۆمـاری کوردسـتان و پاشـان ڕووخانـی کۆمارەکـە لـە ١٧ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٤٦[٧٥]، سـنووری بەنـاو دەسـتکردی کوردسـتانی بڕیـوە و هاتـووە بـۆ بەشـێکی تـر لـە نیشـتیمانەکەی کـە باشـووری کوردسـتانە.

لـە چەنـد سـەرچاوەیەک نـووسراوە سـاڵی ١٩٤٧، ئـاوارەی باشـوور بـووە[٧٦]. لـە سـەرچاوەیەکی تـر ئامـاژە بـۆ ئەوەکـراوە، دوای ڕووخانـی کۆمـار، لـە ترسـی دەسـتگیرکردن خـۆی لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان شـاردۆتەوە، تـا سـاڵی ١٩٤٨ و دواتـر هاتووەتـە بەغـدا[٧٧]، بـەڵام هـەژار لـەم بارەیـەوە، کە لـە یاداشـتەکانی تۆماری کـردووە، لە دوای ئەوەی لەشـکری ئێـران لـە بۆکانـەوە بـۆ گونـدی شـێخلەر هەڵاتـووە، لـەوێ بـۆ قاقڵاوە، لەوێـڕا بـۆ گونـدی مووسـێ، پاشـان ڕۆیشـتووە بـۆ کوێسـتانی گڵـەزەردێ، دواتـر بـۆ گونـدی سـوتوو، لەوێـوە ڕۆیشـتووە بـۆ گونـدی سـەرتەزێن و پاشـان بـۆ گونـدی سـیاوما، لـەوێ بـۆ گوندی بڵەسـەن، دواتـر ڕۆیشـتووە بـۆ گوندەکانـی کەنـاروێ و ئەنجێنـەی سـەخت و لەوێـوە بـۆ گونـدی بێورانـی باشـوری کوردسـتان، کـە مـاوەی نـۆ ڕۆژی پێچووە تـا لەشـاری بۆکانـەوە ڕایکردووە و گەیشـتۆتە ناوچـەی سـلێمانی، واتـە کۆتایـی کانوونی یەکەمـی ١٩٤٦ هاتۆتە سـلێمانی[٧٨]، هەروەهـا خۆشـی لـە چاوپێکەتنێکیـش ئامـاژەی بۆ ئەوە کـردووە کە لە سـاڵی ١٣٢٥- ١٩٤٦ لـە ئێـران ڕایکـردووە بـۆ باشـوری کوردسـتان[٧٩] و (حامیـد گەوهـەری) نووسـەر و لێکۆڵـەر پشتڕاسـتی دەکاتـەوە، لـە کۆتایی سـاڵی ١٩٤٦دا ناوبراو گەیشـتۆتە باشـووری کوردسـتان[٨٠]،

(٧٥) جەلیـل گادانـی، پەنجا سـاڵ خەبـات کورتە مێژوویەکی حزبـی دیموکراتی کوردسـتانی ئێران( بەرگی یەکـەم چاپی دووەم چاپخانەی خانـی – دهۆک ٢٠٠٨)٦١.

(٧٦) سـەباح شـێخانی، عەبدولڕەحـمان شـەرەفکەندی نـاسراو بـە هـەژار موکریانـی"٢ گۆڤـاری پێشـمەرگە(٢٠١٩) ٢.

(٧٧) مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی- بەرگی حەوتەم(چاپی دووەم - هەولێر ٢٠١٠)٤٠٧.

(٧٨) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٧٦-٨٥.

(٧٩) وتوێژێک لەگەڵ مامۆستا هەژار"٤ ئاوێنە (تەموز ب – س.چ)١٩.

(٨٠) پەیوەنـدی تەلەفۆنـی لەگـەڵ حامیـد گەوهـەری (١٢ی تشرینـی دووەمـی ٢٠٢١) وڵاتـی سـوید. لـە ئـازاری ١٩٤٤، لـە مەهابـاد لەدایکبـووە، بووەتـە ئەندامـی حـدک، لـە سـاڵی ١٩٨٠ ئـاوارەی باشـوری

کاتـی وەرزی سـەرما و سـۆڵەی سـەخت بـووە، پـاش ماندوبونێکـی زۆر[٨١]، هاتووە بۆ شـاری سـلێمانی[٨٢]، لـە ڕێـگا دۆسـتێکی بـە نـاوی (مـەلا عەبـدوڵا فەقـێ پێنجوێنی)یـەوە چووەتـە ماڵـی (میـرزا ڕەحـمان بانەیی). کەسـایەتیەکی نیشـتیمانپەروەر بـووە و وەک مامۆسـتایەکی ڕۆحـی بـەو زانیاریانـەی لای بووە، دەربارەی ڕابـردووی ژیانی خۆی و ئەو چەرمەسـەریانەی تووشـی بـووە، بەشـداری لـە هەندێـک ڕاپەڕیـن و شۆڕشـەکانی کـورد کـردووە لەوانـە ڕاپەڕینەکـەی (حەمـە ڕەشـید خانـی بانـە[٨٣]) و سـوودی بـە هـەژار گەیانـدووە.[٨٤] پاشـان لەگـەڵ چەنـد کەسـێکی تـر لـە کـوردە لێقەوماوەکانـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، لەوانـە

---

کوردسـتان بـووە، کادری حـدک بـووە و لـە ساڵی ١٩٨٤ وازی لـەم حزبـە هێنـاوە، لـە سـاڵی ١٩٨٦ چۆتـە وڵاتی سـوید، ماوەی نۆ سـاڵ سـکرتێری فیدراسـیۆنی کۆمەڵەی کوردسـتانیەکان بووە، نوسـەر و لێکۆڵەرە و پەنجـا کتێبـی چاپکـراوی هەیە.

(٨١) محمد رئوف مرادی (پ- ٤٨)٢٧.

(٨٢) مـەلا سـامان هەڵەبجـە، گوڵسـتان ژیانی ناوداران و شـاعیرانی کـورد (چاپی دووەم لـە بڵاوکراوەکانی کتێبخانـەی هەژار موکریانـی – هەڵەبجە- ٢٠١٧)١٧.

(٨٣) حەمـە ڕەشـید خـان کـوڕی قـادر خـان کـوڕی عەبـدوڵا بەگـی کـوڕی بارامـی کـوڕی سـلێمان بەگـی بانەیـە، لـە سـاڵی ١٨٩٨، لـە گونـدی شـوێ گوێزانـی ناوچـەی پێنجویـن، لـە دایـک بـووە، لە سـاڵی ١٩٢٥ دژی ڕژێمی شـا ڕاپەڕیوە، لە سـاڵی ١٩٣٠، حکومەتی عێراقی، حەمە ڕەشـیدی دورخسـتۆتەوە بۆ موسـڵ، لـە سـاڵی ١٩٣١ بـۆ ئامێـدی، لـە تەمـوزی ١٩٣٣ ئـازاد کـراوە، لـە جەنگـی دووەمـی جیهـانی، حەمـە خـان دەستبەسـەر بانـە، سـەقز و سەردەشـت دادەگرێـت، لـە سـاڵی ١٩٤٦ بەشـداری لـە کۆمـاری کوردسـتان کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٦١ بەشـداری لە شۆڕشـی ئەیلول کـردووە، لـە ١٩٧٤ کۆچی دوایـی دەکات. کەیوان ئـازاد ئەنـوەر، حەمە ڕەشـید خانـی بانـە (چاپخانـەی بەدرخـان ٢٠٠١) ٣٩-٢٥٣.

(٨٤) هەوراز گەرمیانی (پ- ٢٥)٧٣.

(حەسـەنی قزڵجـی[٨٥]) چووەتـە گونـدی سـیتەک[٨٦] و لە سـلێمانی بۆ ماڵی[٨٧] شـێخ (لەتیفی کـوڕی شـێخ مەحمـودی حەفیـد[٨٨]). هەروەهـا (مـەلا عەلـی) سـەرکاری کاروبارەکانی ماڵی (شـێخ لەتیـف) بـوو، زۆر یارمەتـی و خزمەتـی (هەژار)، (زەبیحـی)، (قزڵجـی) و (محەمەدی شاپەسـندی[٨٩]) و نیشـتیمانپەروەرانی تـری کـردووە[٩٠]. (شـێخ لەتیـف) زۆر ڕێـزی هـەژاری گرتـووە، ماوەیـەک لای خـۆی دواتر وەک شـوێنبزری، ناردوویەتە گونـدی بیبیجەک لەهەمان ناوچـە، دیسـان جارێکـی دیکـە ڕۆیشـتونەتەوە بـۆ گونـدی سـیتەک، کـە لـە بەشـی سیاسـی

(٨٥) حەسـەنی قزڵجـی کـوڕی مـەلا عەلـی قزڵجـە، سـاڵی ١٩١٤، لـە شـارۆچکەی بۆکانـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لەدایکبـووە، لـە حوجرەکان خوێندوویەتـی، ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف بـووە، دوای لەناوچونی کۆمـاری کوردسـتان هاتـووە بـۆ ماڵی(شـێخ لەتیفـی حەفیـد) لـە سـلێمانی، لەسـاڵی ١٩٥٥ تاوەکـو ١٩٥٨، دەسـتگیر کـراوە. لـە سـاڵی ١٩٦١ چووەتە ئەوروپا، دوای شۆڕشـی گەلانی ئێران، چووە بـۆ تاران. ئەندامی حزبـی تـودە بـووە، لـە سـاڵی ١٩٨٣ لـە لایـەن دەسـەڵاتدارانی ئێران دەسـتگیر دەکـرێ و لە سـاڵی ١٩٨٤ لـە زیندانـدا گیانـی بەخـت کـردووە. قزڵجـی کەسـایەتییەکی سیاسـی، ڕۆشـنبیر، چیرۆکنـووس، زمانـەوان، وەرگێـر و ڕەخنەگـر بـووە. موحسـین قزڵجی، حەسـەن قزڵجی، چیرۆکنـووس، ڕەخنەگر، زمانـەوان، وەرگێڕ (چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات – هەولێـر ٢٠١٧)١٤-١٥.

(٨٦) سـیتەک: ئەوکاتـە گونـد بـووە، ئێسـتا شـارەدێیەکە لـە ناوچـەی شـارۆچکەی شـارباژێری سـەربە پارێـزگای سـلێمانی. سـەرچاوە توێـژەر.

(٨٧) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ حامید گەوهەری (پ- ٨٠) وڵاتی سوید.

(٨٨) شـێخ لەتیـف کـوڕی شـێخ مەحمـودی حەفید: لـە بنەماڵەیەکی ناسراوی کوردسـتانە، لە سـاڵی ١٩١٧ لـە دایـک بـووە، لـە ١٩٣٩دا بـووە بـە ئەندامـی حزبـی هیـوا، لـە ١٩٤٦دا وەک یەکێـک لـە جێگرەکانـی مسـتەفا بارزانـی سـەرۆکی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان هەڵبژێـردرا. بەهـۆی چالاکـی سیاسـییەوە لـە ١٩٥٦تـا ١٤ی تەمـوزی ١٩٥٨ زیندانـی کـراوە. لـە سـاڵی ١٩٧٢، کۆچـی دوایـی کـردووە. سـەڵاح ڕەشـید، دیـداری تەمـەن- لـە لاوێتیـەوە بـۆ کۆشـکی کۆمـاری، چاوپێکەوتـن لەگـەڵ مام جـەلال (چاپـی چوارەهەم بەشـی یەکـەم- ناوەنـدی ڕۆشـنبیری ئەدیبـان سـلێمانی ٢٠١٩)٦١.

(٨٩) محەمـەد کـوڕی محەمـەد سـاڵح: نـاسراو بـە محەمـەد شاپەسـندی، لـە سـاڵی ١٩٢٠، لـە مەهابـاد لەدایکبـووە، لـە سـاڵی ١٩٤٣، بووەتـە ئەندامـی ژێـکاف، نـاوی نهێنـی (م.ش. ئـازەر) بـووە، لـەوێ خوێندوویەتـی، کاری چاپەمەنـی کـردووە. لـە دوای ڕووخانـی کۆمـاری کوردسـتان، هاتـووە بـۆ لای شـێخ لەتیـف لـە سـلێمانی و دواتـر لـە بەغـدا، کاریکـردووە. لـە بەغـدا، چاپـی گۆڤارەکانـی "باهـۆز" و "پێشـڕەو" بڵاوکراوەکانـی تـری باڵـی مەکتەبی سیاسـی ڕاپەڕاندووە. پاشـان لە سـلێمانی ژیاوە لـە گۆڤار و ڕۆژنامەکانـی وەک" نیشـتیمان، ئـاوات، کوردسـتان، کوردسـتانی نـوێ و نووسـینی هـەن، لە ١٥ی شـوباتی ٢٠٠٦ لـە سـلێمانی کۆچـی دوایـی کـردووە. بیرەوەریەکانـی محەمـەد شاپەسـندی، ئامادەکردنـی سـدیق سـاڵح ( چاپخانـەی شـڤان- سـلێمانی٢٠٠٧)٥- ٢١٥.

(٩٠) بیرەوەریەکانی محەمەد شاپەسندی(پ- ٨٩)٩٥-٩٦.

تیشکی خراوەتەسەر. چەکێکی جۆری تاپڕی (شێخ لەتیف) پێبووە، ڕۆژانە بەشێوەی نهێنی ڕاوی باڵندەیان پێکردووە، شەوانەش سەرقاڵی کتێب خوێندنەوە بوون[٩١]. (شێخ لەتیف) ئەمانە و کەسانی تری سیاسی پاراستوون و خزمەتی کردوون. بە ناوی (عەزیز قادر) ناسنامەی عێراقی بۆ هەژار[٩٢] و (سەعید ڕەحیم) بۆ (حەسەنی قزڵجی) لە چوارتا وەرگرتووە[٩٣]. بەدابینکردنی ئەمەش تاڕادەیەک مەترسی دەستگیرکردنیان، لەلایەن پۆلیسی پاشایەتی عێراق کەم بووەتەوە، وەک پەردەپۆشیەک بەکاریانهێناوە، بۆئەوەی جموجۆڵ و هاتوچۆکانیان، لە نێوان شارەکانی عێراق و باشووری کوردستان ئەنجام بدەن.

لە سەرچاوەیەکی تری جیاواز، باس لەوە دەکات، هەژار هاتووە بۆ شارۆچکەی شەقڵاوە، تەنیا چەند کەسێک ئاگادار بوون، وەک (محەمەد مەولود)، مامۆستا (بەکۆگ) و (قادری گۆزێ). بۆ ئەم مەبەستە لە قشڵەی شەقڵاوە، سجیلی تۆماریان هێناوەتە دەر و ناوی هەژاریان نوسیووە، لەسەر گوندی زیارەت و بووەتە خاوەن ناسنامە و پاشان ڕەوانەی بەغدایان کردووە[٩٤]. هەرچەندە (قادری گۆزێ) باس لەو ساڵە ناکات، کە هەژار لە ترسی دەستگیرکردن هاتووە بۆ شەقڵاوە، بەڵام لە هەمان لاپەڕە باسی ڕووداوی جیاواز دەکات، کە لەساڵی ١٩٤٧ ڕوویانداوە، بۆیە دەکرێت هەمان ساڵ بووبێت، ئاماژەش ناکات بە چ ناوێک بۆی کراوە. بەپێی ئەو بەدواداچوونانەی لە لایەن توێژەرەوە ئەنجامدراوە، تۆماری نفوسی شەقڵاوە بە گشتی لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ سوتێنراوە، لە هەولێریش ئەم تۆمارە نەماوە، تا ڕاستی و دروستی ئەم بابەتە ڕوون بکەینەوە.

هەروەها (مارف خەزنەدار ١٩٣٠- ٢٠١٠)، کە لە ساڵی ١٩٥٣ لە بەغدا خوێندوویەتی سەرەتا وەک (عزیز) ناسیویەتی و دواتر زانیویەتی کە ئەوە هەژارە[٩٥]. پاشان ئەم ناوە (عەزیز) گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و وەک هەژار خۆی لە یاداشتەکانی ئاماژەی پێدەکات، دوای گەڕانەوەی (مستەفا بارزانی) لە یەکێتی سۆڤیەت، لە تشرینی دووەمی

(٩١) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٩٠-٩٤.
(٩٢) غەفوری میرزا کەریم، چەند مەڵۆیەک لە خەرمانی نووسینەکانمدا (سلێمانی ٢٠٠١)٣٩.
(٩٣) شیرین ابراهیمی (پ- ١٤)٨٧.
(٩٤) قادر گۆزێ، من و شەقڵاوە ژیاننامە و مێژوو (چاپی یەکەم ب-ش.چ ٢٠١٤) ١٩٢.
(٩٥) مارف خەزنەدار، چاوپێکەوتن"٣٧ گۆڤاری ئاوێنە (١٣٧٧-١٩٩٨)١٠.

١٩٥٨، ناوەکەی کردووە بە (عەبدولڕحمان محەمەد[٩٦])، بۆیە دوای بەدەستهێنانی ناسنامە، هەژار هەر لە نیسانی ساڵی ١٩٤٧[٩٧]، لەگەڵ هاوڕێیەکەی (حەسەنی قزڵجی)، ڕۆیشتوون بۆ شاری بەغدا، بۆ لای (یەرمیای جوو) [٩٨]، لە بازاڕ کاری کردووە. لای (حوسێنی کەڕەناچی)[٩٩]، لە تەکیەی (گەیلان)ی لە دیوەخانی نەقیب، ڕۆژانە خواردنی بردووە، بۆ (حەسەن قزڵجی) هاوڕێی[١٠٠] بۆیە (قزڵجی) لە ستایشی هەڵوێستەکانیدا دەڵێت: "هەژار لە هەڤاڵەتیدا ڕاست و بە ئەمەکە، بێفیز و بێ فڕوفیشاڵە، خۆپەسەند و دەمارزل نییە". هەردووکیان باری گوزەرانیان زۆر سەخت بووە، بە زەحمەتیەکی زۆر توانیویانە پێخۆری ڕۆژانەیان دابین بکەن، دوای هەوڵدانێکی زۆر لە چێشتخانەیەک کاری قاپشۆردن و خاوێنکردنەوەیان دەستکەوتووە، لەم بارەیەوە قزڵجی دەڵێ" هەژار حاڵی کەوشەکانی زۆر شڕبوو، لە قرچەی گەرمای نیوڕۆیاندا دەبووایە یەکێک چووبایە و نانی لە نانەواخانە هێنباوە. ئەوێ ڕۆژێ بە هەڵکەوت خاوەن کارەکە ڕووی لە هەژار کرد و ناردی بۆ نان هێنانەوە. هەژاری هەژاریش بە پێخاوسی بەڕێکەوت. بەغداش وەک جەهەنەم گەرم بوو و قیرتاوی سەر جادە توابووەوە، هەژاریش لەبەر سوتانی بنی پێی بە قیرتاوەکە هەر بەهەڵاتن ڕۆیشتبوو. هێندەی پێنەچوو کە ئارەقاوی و نێوچاوان گرژ بە تەبەقە نانەوە هاتەوە. کابرای خاوەن کاریش کە ئەمەی دیت و خەبەری لە نەقڵی کەوش نەبوو، بە پێخوشبوونەوە گووتی: ئافەرم! هەی ئافەرم! کوڕ دەبێ ئاوا ئازا بێ. تەماشا چ خێرا هاتەوە. هەی داوەشێن هەرکامتان دەنێرم سەعاتێک خۆتان دەخافڵێنن. بەخوا

(٩٦) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٢٦١-٢٦٢.

(٩٧) فەرەیدون حەکیم زادە، هەژار لە لوتکەدا (پ- ١٨)٢١.

(٩٨) یەرمیای جو: جولەکەیەک بووە لە بنەڕەتدا خەڵکی شاری مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە، ماڵی هاتۆتە شاری بەغدا، لە بازاڕەکە کاری کردووە. زۆر شارەزای کار و باری کڕین و فرۆشتن بووە، لە ڕووی دابینکردنی ئیش و کارەوە زۆر هاوکاری هەژاری کردووە. عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)١٢٦-١٢٨.

(٩٩) حوسێنی کەڕەناچی: خۆی و هاوسەری لە بنەڕەتدا خەڵکی شاری مەهاباد بوون، جەندرمەی عوسمانیەکان بووە، پاشان دەستی کردووە بەکەسابەت و لە دواڕۆژدا بووەتە سەفەرەچی ماڵە نەقیبان لە تەکیەی گەیلانی لە بەغدا، متمانەیان زۆر پێی هەبووە. عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)١٠٥-١٠٦.

(١٠٠) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ- ١٣)١٠٤- ١٠٥.

لـە مـەودوا کـوڕم هـەر تـۆ دەبـێ بچی نـان بێنـی"، دواتـر جارێکی تـر بێـکار ماونەتـەوە[١٠١].
بەهـۆی بێـکاری و خراپـی بـاری گوزەرانیان، (قزڵجی) بـێ ئومێد بووە، بەمـەش پێخەفەکانیان دەفرۆشـن، بـە پارەکـەی (قزڵجـی) دەگەڕێتـەوە، سـلێمانی و هەژاریـش لە تەکیـەی (گەیلان) ی دەمێنێتـەوە[١٠٢]. دواتـر بەرپرسـانی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان – پدک، کاریـان بۆ هەژار دابیـن کـردووە[١٠٣]، لـە بـازاڕی بەغدا لـە چێشـتخانەیەک بە ناوی خەیـام دامـەزراوە، یەکێک لـە خاوەنەکـەی نـاوی (ئەحمـەد خواجـە) خەڵکـی سـلێمانی بـووە. [١٠٤].

هـەژار دوای ئـەوەی لەگـەڵ (حوسـێن حوزنـی موکریانـی[١٠٥]) یەکـتر دەبینـن، بیـروڕا ئاڵوگـۆڕ دەکـەن، بـەڵام (حوزنـی) زۆری پێناچێـت، لـە سـاڵی ١٩٤٧ کۆچـی دوایـی دەکات. هـەژار خەمێکـی تـری بـۆ زیـاد بـووە[١٠٦]، لـە گۆڕسـتانێک لـە بەغـدا، تەنهـا هـەژار و چەنـد کەسـێکی تـر ئامـادەی بەخـاک سـپاردنی بـوون، بـەم شـێوە بێنـازە و دوور لـە نیشـتمانی خـۆی شـاردویانەتەوە، ئەمـەش کاریگـەری لەسـەر هەسـت و دەرونـی هـەژار دروسـت کـردووە، بۆیـە کوڵـی هەڵدەسـتێ و شـیوەنی تەنیایـی بـۆ کـردووە[١٠٧]، ئەمـەش بەشـێکە لـە خەباتـی ڕۆشـنبیر، نیشـتیمانپەروەرانی کوردسـتان، کـە لـە پێنـاو دۆزی ڕەوای گەلەکەیـان، دور لـە زێـدی نیشـتیمان و خـزم و هـاوڕێ، بەبـێ نـازی سـەریان ناوەتـەوە، بۆیـە ئـەم شـێوازە لـە ماڵئاواییەشـیان دەبێتـە بەشـێک لـە مێـژووی ئـەم نەتەوەیـە.

---

(١٠١) موحسین قزڵجی(پ- ٨٥) ٤٣٦.

(١٠٢) شیرین ابراهیمی (پ- ١٤)٨٨.

(١٠٣) عەلی کەریمی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی - مامۆستا عولەما (پ - ٣٧)٢٧٩.

(١٠٤) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣) ١١٢- ١١٧.

(١٠٥) حوسـێن حوزنـی موکریانـی نـاسراو بـە دامـاو: لـە سـاڵی ١٨٩٠ لـە شـاری مەهابـاد لـە دایکبـووە، فۆتۆگرافـەر، ڕۆژنامەنـووس، نووسـەر و وەرگێـر، لەنیـوان سـاڵانی ١٩٠٣- ١٩١٤ بـۆ خوێنـدن و کار ناوچەکانـی تەورێـز، ڕوسـیا، یەریڤـان، ئیسـتەنبوڵ، سـوریا، لوبنـان، فەلەسـتین، حیجـاز، میـسر، فەرەنسـا و ئەڵمانیـا گـەڕاوە. لەسـاڵی ١٩١٤ ئامێرێکـی چـاپ لـە ئەڵمانیـا دەکڕێـت و سـەرەتا لـە حەلەب و پاشـان دەیگوازێتـەوە بـۆ شـارۆچکەی ڕوانـدز و گۆڤـاری زاری کرمانجـی ١٩٢٦- ١٩٣٢ی پـێ چـاپ دەکات، لـە سـاڵی ١٩٣٥ چاپخانەیەکـی تـر لـە هەولێـر دادەمەزرێنێـت، چەندیـن بەرهەمـی هەیـە، لـە سـاڵی ١٩٤٧ لـە بەغـدا کۆچـی دوایـی کـردووە، کۆمەڵێـک بەرهەمـی چـاپ کـردووە. کوردسـتان موکریانـی، سـەرجەم بەرهەمـی حوسـێن حوزنـی بەرگـی یەکـەم (چاپـی دووەم- هەولێـر ٢٠١١)٩-٥٢.

(١٠٦) شیرین ابراهیمی (پ- ١٤)٨٨-٨٩.

(١٠٧) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣) ١١١.

پاشـان ڕوو دەکاتـە خـوارووی بەغـدا و لـە شـارۆچکەی نەعمانیـەی سـەر بـە کـوت سێ مانـگ کاری کـردووە، ڕۆژانـەی بـە ٤٠٠ فلـس بـووە، دواتـر گەڕاوەتـەوە بەغـدا، دوای ماوەیـەک بێـکاری، لـە پایـزی سـاڵی ١٩٤٨[١٠٨] بەهـۆی ئـەو دەسـتپاکی و متمانـەی پێیـان بـووە، (یەرمیـای جـوو) دوکانـی بـۆ هـەژار لە شـەقامی ڕەشـید لـە لای حەیدەرخانـە داناوە، بایـی سـەدوپەنجا دینـار شـتومەکو پێداویسـتی دوکانـی بـۆ کڕیووە[١٠٩].جێـگای ئاماژەیـە، بازرگانـی ئەوکاتـەی عێـراق بەگشـتی و شـاری بەغـدا بەتایبەتـی، زۆربـەی لـە دەسـت جووەکانـدا بـووە، لـە ڕووی ئابوورییـەوە کاریگـەری زۆریـان هەبـووە لـە ناوچەکـە[١١٠]، (یەرمیـا) ڕێنمایـی هـەژاری کـردووە و بەهـرەی ئاڵوگـۆڕی بـازاڕی پێـداوە [١١١]. لـە بەغـدا، ڕەوشـی ژیانـی زۆر خـراپ بـووە، کـە تەنهـا مەبەسـتی دابینکردنـی خواردنـی ڕۆژانەیبـووە، بەهـۆی ئـەم کارە زۆرەوە[١١٢] هێـزی لـە دەسـتداوە[١١٣]، گومـان دەکرێـت، بـەو هۆیـەوە تووشـی نەخۆشـی سـیل بووبـێ.

هـەژار بەمەبەسـتی چارەسـەری سـەردانی نەخۆشـخانەی (مەجیدیـە) ی کـردووە، لـە بەغـدا و دوای مانـەوەی حـەوت ڕۆژ لەم نەخۆشـخانەیە پێیان چارەسـەر نەکراوە، پێشـیان نەگووتوە کە توشـی نەخۆشـی سـیل بووە[١١٤] بەرپرسـانی (پدک) لەوانە (کاکە زیادی کۆیە ١٩١٤-١٩٩١[١١٥])، هاوکاریکـردووە، (یەرمیـای جـوو)ش دوکانەکـەی هـەژار دەفرۆشـێت،

(١٠٨) هەژاری موکریانی، سەربردەی ژیان و ون لەبەرهەمی ویدا، چاپی یەکەم ٢٠١٢ هەولێر).٣٣- ٣٦
(١٠٩) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)١٢٦-١٢٧.
(١١٠) غەفـوری میـرزا کەریـم، سـەرەتاڵێ لـە کڵافـەی مێـژووی پـڕ هەڵبەزو دابـەزی ژیانم (چاپـی یەکەم – چاپخانـەی بێسـارانی – سـلێمانی ١٩٩٨)٢٤.
(١١١) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)١٢٧- ١٢٩.
(١١٢) شیخ الرئیس ابو علی سینا (پ- ٢)٨.
(١١٣) مورسەڵ خانێ(پ- ٩)١٢.
(١١٤) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)١١٣.
(١١٥) کاکـە زیـاد محەمـەد ئاغـا غەفـوری: لـە کۆیـە لـە دایک بـووە، لـە ١٦ی ئابـی ١٩٤٦، یەکێـک بووە لـە جێگرانـی سـەرۆکی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، پێگـەی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی دیـاری هەبـووە، لە حوزەیرانـی١٩٦٣، بەشـێوەی کـرداری زیاتـر ڕۆڵـی خـۆی بینیـوە، تـا نسـکۆی سـاڵی ١٩٧٥، دواتـر لە ١٢ی نیسـانی ١٩٩١، کۆچـی دوایـی کـردووە. فەرهـاد عەونـی، لەگـەڵ ڕووداوەکان (چاپـی یەکـەم- چاپخانـەی زانکـۆی سـەلاحەددین ٢٠١٩)٣٤-٣٥.

دوای هەڵگرتنەوەی قەرزەکەی، بڕی هەشتا دینار بۆ هەژار ماوەتەوە، [١١٦]. ماوەیەک لە ماڵی (وەستا برایم)ی وێنەگر، خزمەتی کراوە[١١٧]، پاشان بەرپرسانی پدک هەژاریان لە میوانخانەی فاروق لە بەغدا داناوە و خەرجیان کێشاوە و باری تەندروستی زۆر تێکچووە، (عومەر دەبابە[١١٨]) بەکۆڵ هاتوچۆی دکتۆری پێکردووە و خزمەتی کردووە، ئەوکاتە هەرکەسێک توشی نەخۆشی سیل بووایە، دەبوو بۆ چارەسەری پزیشکی ڕەوانەی لوبنان کرابا، بۆ ئەم مەبەستە بەهۆی (عەلی حەیدەر سلێمان[١١٩]) وەزیری تەندروستی حکومەتی عێراق پاسپۆرتی بۆ دابینکراوە [١٢٠]، بە ناوی (عەزیز قادر)، کە هاوڵاتی عێراقیە و لەسەر حسابی حکومەت مامەڵەکەی بۆکراوە، بەرپرسانی تری حکومەتی عێراقی نەیان زانیوە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە[١٢١].

دوای ئەوەی هەژار باری تەندروستی زۆر تێکچووە، بەپێی گوتەی خۆی نزیک بۆتەوە لە مردن. وەک وەسێتێک دوای مردنی، لەسەر کێلی گۆڕەکەی لە میوانخانەی فاروق، لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٨ شیعرێکی بەناوی "نامرادێک" نوسیووە، وەک خۆی لە چێشتی مجێور ئاماژەی پێکردووە، ئەمە بە سێیەم شیعری دادەنرێ لەو کاتەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، ئاوارەی باشوری کوردستان و ناوەڕاستی عێراق بووە:

---

(١١٦) شیرین ابراهیمی (پ- ١٤)٩٢.

(١١٧) غەفوری میرزا کەریم، چەند مەڵۆیەک لە خەرمانی نووسینەکانمدا(پ- ٩٢)٣٩.

(١١٨) عومەر مستەفا ناسراو بە عومەر دەبابە: لە دایکبوی ١٩٣٢ی کۆیە، لە ساڵی ١٩٥١، بووەتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ساڵی ١٩٧٥ یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی بزوتنەوەی سوسیالیستی کوردستان، دواتر بووە بە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، لە ساڵی ١٩٩٢ کۆچی دوایی کردووە. سەلاح ڕەشید، دیداری تەمەن(پ- ٨٨)٦٠.

(١١٩) عەلی حەیدەر سلێمان: ١٩٠٥-١٩٩١، لە شاری ڕواندزی سەر بە هەولێر لەدایکبووە، هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسە، لە ساڵی ١٩٤٨، کراوە بە وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی لە حکومەتی عێراق، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران بووە. ساڵی ١٩٤٩ کراوە بە وەزیری گەیاندن، ساڵی ١٩٥٤ بووە بە وەزیری ئابوری، لەساڵی ١٩٥٧ باڵوێز عێراق بووە لە بۆن، لە ساڵی ١٩٥٩ باڵوێز بووە لە واشنتن، لە ساڵی ١٩٦٨ خانەنیشین کراوە، لە ساڵی ١٩٩١ لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە. جمال بابان، اعلام کرد العراق(چاپخانەی شڤان- سلێمانی ٢٠٠٦)٥٢١-٥٢٢.

(١٢٠) عەلی کەریمی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی - مامۆستا عولەما (پ - ٣٧) ٢٧٩- ٢٨٠.

(١٢١) هەوراز گەرمیانی (پ- ٢٥)٧٨.

**نامرادێک**

لاوەکان گـەورە کچـان نـازاران
دڵبـەران، دڵتـەڕەکان، دڵـداران
دەمـەڕۆن تـاوێ ھێنـن لێـرە
فاتحاییێکـی بخوێنـن خێـرە
لەنێـو ئـەم گـۆڕە ھـەژار نێـژراوە
زۆر لـە ڕێـی ئێـوە جەفـای کێشـاوە
ژینی خۆی کردە فیدای خۆشیی کورد
لـە ڕێـی ئـازادی بـە ناکامـی مـرد
توخـوا کاتـێ کـە ئازادیـو سـەند
ڕەگـەزی خوێـن مـژەکان و ھەڵقەنـد
کیـژ و کـوڕ ھەرچـی بـە لامـا لادا
پێـم بڵـێ و پایـێ بـە قەبـرم دادا
ئـەی ھـەژار بەسیەتی مـردن ھەستە
مژدە بێ مەوتەنەکەت سەربەستە[١٢٢].

دوای تـەواو بوونـی ئامادەکارییـەکان؛ بلیتـی شـەمەندەفەری بەغـدا- ئەسـتەمبوڵ تـا شـاری حەلەبـی سـوریا بڕیـووە، ناوماڵەکـەی داوە بـە کوڕێکـی مێردمنـداڵ بەنـاوی (عەزیـزی نانـەوا) کـە لـە بنەڕەتـدا خەڵکـی شـاری مەھابـاد بـووە، لـە بەغـدا لـە دوکانێکـی چاپخانـە کاریکـردووە، بۆئـەوەی بـێ مـاڵ نەبێـت و لەسـەر کاری چاپخانەکـەش بـەردەوام بێـت، بـەڵام (عەزیـزی نانـەوا) دواتـر ناوماڵەکـە دەفرۆشـێت، دەچێتـە سـوریا و لوبنـان بـۆ لای ھـەژار و پاشـان دەگەڕێتـەوە سـوریا کار لـە چاپخانەیـەک دەکات، بـەڵام لە سـوریا کێشـەی بـۆ دروسـت دەبێـت، ھەژاریـش بەمەبەسـتی چارەسـەری گرفتەکـەی کاغەزێـک بـۆ ھاوڕێیەکـی دێرینـی خـۆی بەنـاوی (برایمـی نـادری[١٢٣]) دەنووسـێ و ئەویـش کێشـەکەی

(١٢٢) ھەژار، دیوانی ھەژار بۆ کوردستان (پ- ١)٢١.

(١٢٣) برایـم نـادری، لـە بنەڕەتـدا خەڵکی شـارۆچکەی خانەقینی باشـوری کوردسـتانە و پاشـان لە شـاری

بـۆ چارەسـەر دەکات، دواتـر عەزیـزی نانـەوا دەچێتـە فەلەسـتین و پاشـان دەگەڕێتـەوە ئێـران، دەسـت بەخوێنـدن دەکات و لـە کۆتاییـدا ناوەکـەی دەگۆڕێـت بـە (عەزیـزی ژیـان) و دەبێـت بـە مامۆسـتای زانکـۆ.[١٢٤] هـەژار لـە ڕۆژی ١٣ی تشرینـی دووەمـی ١٩٤٨، بەمەبەسـتی چارەسـەری پزیشـکی ڕەوانـەی نەخۆشـخانەی تایبـەت لـە بەحەننـەس – لـە لوبنـان کـراوە [١٢٥]. لـە سـەرچاوەیەک ئامـاژە بـەوە کـراوە کـە لـە کۆتایـی سـاڵی ١٩٤٧، ڕەوانـەی نەخۆشـخانەی لوبنـان کـراوە[١٢٦]، بـەڵام ئـەو سـاڵە لـە بەغـدا بـووە.

بـە ماندوبـوون و چەرمەسـەرییەکی زۆر گەیشـووەتە لوبنـان، بابزانیـن بەحننـەس چیـە: بەحننـەس گوندێکـی مەسـیحی نیشـنە، کەوتووەتـە ڕۆژهەڵاتـی شـاری بەیروتـی پایتەختـی ئـەو وڵاتـە، ئـەم نەخۆشـخانەیە لـە لایـەن کڵێسـای کاتۆلیکـی فەرەنسـا بنیاتـنراوە، "دەیـری ژنانـی ڕەهیبـە و تەرکـە دنیایـە" ژنێـک کـە "مامێر"یـان پێگوتـووە، واتـە (دایـک). ئیـدارەی نەخۆشـخانەکەی کـردووە، ژنـە تەرکـە دنیـاکان کاریـان بـۆ دەکـرد و پێیانگوتـوون "ماسـێر" واتـە (خوشـک). هەرچـی لـە داودەرمـان و چارەسـەری نەخۆشـەکان قازانج کرابـە، دەدرا بە سـوپای فەرەنسـا. نەخۆشـخانەکە سـێ نهـۆم بـووە، نهۆمـی چوارەمی سینەما بـووە، نهۆمی سـێیەمی تایبـەت بـووە بەکەسـانی دەوڵەمەنـد و خواپێـداو و ئەندامانـی بـاڵای پارتـەکان

---

کرماشـانی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان نیشـتەجێبووە، لـە کۆمـاری کوردسـتاندا [کاربەدەسـتی وەزارەتـی فەرهەنـگ بـووە]، دوای ڕوخانـی کۆمـار لەلایـەن کاربەدەسـتانی ئێـران مـاوەی چـوار سـاڵ دەسـتگیر دەکرێـت، دوای ئـازاد بوونـی، هاتۆتـە شـاری بەغـدا و پاشـان ڕۆیشـتووە بۆ شـام، نـاوی خـۆی گۆڕیوە بۆ ئەحمـەد حەمـدی جگـە لـە زمانـی دایـک [فارسـی]، عەرەبـی و ئینگلیـزی بـاش زانیوە، لـە ئیـدارەی لولە نەوتـی عێـراق- سـوریا، بـە وەرگێـڕ دامـەزراوە، بەهـۆی ئـەوەی سـوریا ئەفسـەری بێگانەشـی پێویسـت بوون، بۆ ئەوەی مەشـق بەلەشـکر بکەن، ناوبراویش پێشـتر دەورەی ئەفسـەرانی لە تاران دیبوو، بەڵگەی نیشـان دابـوون بـۆ ماوەی سـاڵێک بـە ئەفسـەر وەرگیرا. وڵاتی سـعودیەش پێویسـتی بە ئەفسـەری وسری هەبـوون، برایمیـش کـراوە بەحاکمـی نیزامـی لـە دەممـام، پاشـان گەڕاوەتەوە و لە شـام نیشـتەجێبووە و هاوسـەرگیری لەگـەڵ ئافرەتێکـی عـەرەب کـردووە، لەڕێـگای نـاو فرۆکەدا سـوتاوە و گیانی لەدەسـتداوە. عەبدولڕەحـمان شـەرەفکەندی - هـەژار، چێشـتی مجێـور(پ-١٣)١٣٠.

(١٢٤) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)١٣٣-١٤٢.

(١٢٥) موسـەددق تۆڤـی، گۆڤـارا رۆناهـی، ڤەکۆلینـەک دیرۆکـی، ڕەوشـەنبیری (چاپـی یەکـەم – چاپخانـا وەزارەتـا پـەروەردێ – هەولێـر – ٢٠٠٥) ٥٤.

(١٢٦) کەریـم شـارەزا، لـە یـادی کۆچـی دوایـی خزمەتگـوزاری کـورد دا شـاعیری نیشـتیمانپەروەر و زمان زان مامۆسـتا هـەژار ١٩٢١- ١٩٩١(پ-٧)١.

کە مانگانە بڕی شەست دیناریان بۆ دراوە. خۆراک و داودەرمان و پشودانیان لەوپەڕی چاکیدابووە. نهۆمی سێیەم بۆ کەسانی هەژار و بێکەس و هەرزان بایی نەخۆشی عێراقی بووە. نهۆمی خوارێ بۆ نەخۆشە هەژارەکانی لوبنان و وڵاتانی تر بوو. بۆهەر نەخۆشی عێراقی مانگێ بە بڕی حەڤدە دینار بەخێوکراون، بەدەرمانەوە. خۆراکیان باش نەبووە، دەرمانیان کەم بووە و ڕێزیان لێنەگیراوە. دوای ئەوەی هەژار دەگاتە ئەم نەخۆشخانەیە، لەنهۆمی دووەم خەوێنراوە، باری تەندروستی زۆر خراپ بووە، چەند جارێک نەشتەرگەری بۆکراوە و چاک نەبووە، بەڵکو بەرەوخراپتر ڕۆیشتووە، بۆیە (دکتۆر حەبیب) بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە، پێیگوتووە تۆ بچۆوە لای کەس و کارت و زۆر ناژی، وەڵامیداوەتەوە کە هیچ کەس و کاری لە عێراق و لوبنان نیە[١٢٧] و بەڵام وره بەرنادا، هەژار نامەیەکی بۆ (د. حەبیب) نوسیووە، ڕەوشی خۆی بۆ ڕوونکردووەتەوە، کە خەڵکی ئێرانە و هاتووە بۆ عێراق و پاشان لوبنان هیچ پارەیەکی نیە، کەس و کارێکی لەو ناوچەیە نیە، تکای لێدەکات هاوکاری بکات، (د.حەبیب) بەزەیی پێیدادێتەوە، پێیگوتووە "برا من دەبمە کەس و کارت" لەسەر لیستی نەخۆشەکانی نهۆمی سێیەم، دەرمانی بۆ دابینکراوە و باری تەندروستی بەرەو باشی ڕۆیشتووە، مەترسی گیان لەدەستدانی نەماوە[١٢٨]. (کاکە زیادی کۆیە)، وەک پارتی هاوکاری ماددی بۆ ڕەوانە کردووە، بەمەش کەمێک بوژاوەتەوە، دوای چارەسەری پزیشکی لە نەخۆشخانە دەرچووە و ماوەی چەند ڕۆژێک لە شاری بەیروت ماوەتەوە[١٢٩]، و پاشان چۆتە سووریا[١٣٠].

لە سەرچاوەیەک ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، کە هەژار ماوەی ساڵێک لەو نەخۆشخانەیە ماوەتەوە، دواتر چووەتە سووریا و تا دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨، ماوەتەوە و دواتر گەڕاوەتەوە بەغدا[١٣١]، بەڵام نزیکەی دوو ساڵ ماوەتەوە، لەو نەخۆشخانەیە. لە خوارەوە ئەوەش یەکلا کراوەتەوە، کە هاتۆتەوە دیمەشق ماوەی چەند ڕۆژێک لەوێ

(١٢٧) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)١٣٧-١٤٣.

(١٢٨) شیرین ابراهیمی (پ- ١٤)٩٥-٩٦.

(١٢٩) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)١٤٦ .

(١٣٠) مەلا سامان (پ- ٨٢)١٧.

(١٣١) کەریم شارەزا، لە یادی کۆچی دوایی خزمەتگوزاری کورد دا شاعیری نیشتیمانپەروەر و زمان زان مامۆستا هەژار ١٩٢١- ١٩٩١(پ-٧)١.

بـووە و چووەتـەوە بەغـدا، تـا سـاڵی ١٩٥٦ لـەوێ ماوەتـەوە تـا ئـەو کاتـەی لـە لایـەن حکومەتـی عێراقـی ڕاودوودەنـرێ بـۆ ڕۆژئـاوای کوردسـتان.

دوای ئـەوەی دەگاتـە دیمەشـق، چەنـد ڕۆژێـک لـەوێ دەمێنێتـەوە و لـە ١٣ی تشرینـی دووەمی١٩٥٠ گەڕاوەتەوە شـاری بەغدا[١٣٢]و سـەرقاڵی کاری سـەرپێیی و وێنەگری بووە[١٣٣] و لـە سـاڵی ١٩٥٣دا هـەژار لای (وەسـتا برایـم)ی وێنەگـر ڕۆژی بـە نیـو دینـار کاریکـردووە، دواتـر لەگـەڵ (جـەلال بێتـووش)ی بەیەکـەوە دوکانێکـی وێنەگریـان دانـاوە، لـە شـەقامی مەلیـک فەیسـەڵی دووەم، هـەژار شـەوانەش لە مەیخانـەی جوندیان، کـە خاوەنەکەی ناوی (عەبـدوڵا شـەریف) بـووە، کاری ژمێریـاری کـردووە و دواتـر خـۆی دوکانێکی دانـاوە بەناوی سـتۆدیۆ سـەباح[١٣٤]. پاش دابڕانی و دووری زیاتر لە هەشـت سـاڵ، (مەعسومە)ی هاوسەری و کـوڕە بچووکەکـەی (شـێرکۆ)، کـە لـە مەهابـاد بەجێمابـوون، لـە سـاڵی ١٩٥٤ هـەژار لـە بەغـدا لەگـەڵ خانەوادەکـەی چاویـان بەیەکـتر کەوتـەوە[١٣٥]، لـە ژوورێکـی خانـووی (مـەلا یەحیـای کـوڕی مـەلا محەمەدی) کۆنە دۆسـتی کە خێزانی خەڵکی شـاری سـنەی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان بـوو، بەکـرێ گـرت[١٣٦]. بەهـۆی ئـەوەی پارەی نەبووە، بڕی سـی و شـەش دیناری لـە هاوڕێیەکـی بەنـاوی (حەمەی عەزە کوێری) کۆنە سـابڵاغی قەرز کـردووە، دەڵاڵی بازاڕی کـردووە. هەندێـک پێداویسـتی و کەلوپەلـی ناوماڵی پێکڕیـوەوە، بۆئەوەی لەگـەڵ هاوژین و منداڵەکـەی بەیەکـەوە بژیـەن، بەهۆی موشـور خواردنی هاوسـەرەکەی بۆ ماڵەکـەی ژیانیان بـەرەو باشـی ڕۆیشـتووە. هەوڵ و کۆششـی لەگەڵداوە و (مەعسـومە خانـی) هاوژینی فێری نوسـین و خوێندنـەوە کـردووە. بـۆ خۆدزینـەوە لـە گەرمای بەغـدا، لە وەرزی هاوینی سـاڵی ١٩٥٥ لەگـەڵ ماڵـی (عەبدوڵـلا عەلـی کانـی مارانـی) و (جـەلال بێتووشـی) کۆنـە شـەریکی، چونەتـە شـارۆچکەی شـەقڵاوە، باغێکیـان بەنـاوی (کانـی گـڕوو) بە میـوەوە بە بـڕی چواردە دینـار گرتـووە. لـە هاوینـی هەمان سـاڵ کە لە شـەقڵاوە بـوون، "منداڵێکی ترمـان هاتە دنیا.

(١٣٢) کارزان یاسـین، ئەمـڕۆ لـە مێـژوودا، کۆچـی دوایـی مامۆسـتا هـەژاری موکریانـی"١٥٦٣ ڕۆژنامـەی هەولێـر (٢١ی شـوباتی ٢٠١٣)١٥.

(١٣٣) جەمیل ڕۆژبەیانی، یادی فیردەوسی کورد هەژاری موکریانی ڕۆڤار" ٢٤ سلێمانی (٥ی مایسی٢٠٠٣)٥٣.

(١٣٤) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)١٨٦- ١٩٠.

(١٣٥) شیرین ابراهیمی (پ- ١٤)١١٣-١١٤.

(١٣٦) جەمیل ڕۆژبەیانی (پ-١٣٣) ٥٣.

ناومـان لێنـا (ئاگـری) کە ئێسـتا نـاوی مسـتەفایە"، هـەژار و (جەلال بێتووشـی) لە شـەقڵاوە وێنەگرییـان کـردووە، دوای گەڕانەوەیـان بـۆ بەغـدا، هـەژار ماڵـی گواسـتۆتەوە بـۆ گەڕەکـی (فـەزوەت عـەرەب). جارێکـی تـر نەخۆشـی سیلەکەی سـەریهەڵداوەتەوە، لـە کانوونـی دووەمـی ١٩٥٦ لـە (نەخۆشـخانەی توێسـەی) دوای چەنـد ڕۆژ مانـەوە چارەسـەر کـراوە، دیسـان جارێکـی دیکـە ماڵەکـە دەگوازنـەوە، بـۆ گەڕەکێکـی تـر [١٣٧].

هــەژار لــە چێشــتی مجێــور ئامــاژەی بــە مانــگ و ســاڵە نەکــردووە، کــە لــە نەخۆشـخانەی بەغـدا بـووە، بـەڵام بەپێـی دەستنوسـێکی خـۆی کـە لـە دیوانـی نالـی تۆمـار کـراوە، لـە کانوونـی دووەمـی ١٩٥٦ بـووە و ئـەم بـەرواره لـەو وەرگیـراوە. ئەمــەش لــە باســی دیوانــی هــەژار بــۆ کوردســتان لــە خــوارەوە ڕوون کراوەتــەوە.

دوای ئــەوەی لــە ســاڵی ١٩٥٦، لەلایــەن پۆلیســی عێراقــەوە ڕاونــراوە و پەڕیــوەی ڕۆژئــاوای کوردســتان و لــە گونــدی ترپەســپی لــە ماڵــی (حاجــۆ ئاغــا هڤیرکــی[١٣٨]) گیرسـاوەتەوە[١٣٩]، دوای سـاڵێک هاوسـەر و منداڵەکانـی بـە نـاوی (شـێرکۆ) و (مسـتەفا-ئاگـری) کـە لـە بەغـدا بـوون، ڕۆیشـتوون بـۆ لای هـەژار [١٤٠]، لـەو ماڵـە تاڕادەیەکـی زۆر بژێــوی ژیانیــان بــۆ دابیــن کــردووە[١٤١]. دوای مانەوەیــان بــۆ مــاوەی زیاتــر لــە دوو ســاڵ، لــە ڕۆژئــاوای کوردســتان و ســووریا، لــە ســاڵی ١٩٥٨ جارێکــی تــر هــەژار گەڕاوەتــەوە بەغــدا[١٤٢]. جێگــەی ئاماژەیــە لــە هەندێــک ســەرچاوە، باســی ســاڵی ١٩٥٢ دەکــەن کــە هــەژار لــە بەغــداوە ڕۆیشــتووە بــۆ ســووریا[١٤٣]، بــەڵام ئــەو ســاڵە لــە شــاری بەغــدا بــووە. دوای گەڕانــەوەی لــە ڕۆژئــاوای کوردســتان، جارێکــی تــر هــەژار

(١٣٧) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)١٩٤-١٩٨.

(١٣٨) حاجۆ ئاغا هیڤرکی: بنەماڵەیەکی نیشتیمانپەروەرن، لە سنووری شارۆچکەی قامیشلی نیشتەجێبوون، شوێنی داڵدەدانی نیشتیمانپەروەرانی کوردستان بووە، نەک هەر کوردەکان، بەڵکو عەرەبەکانیش ڕێزیان لێگرتووە. هوزنی حاجۆ، تێ بیرا من(چاپی یەکەم، چاپخانەی باریژ ماتبا چیلیک- ئەستنبوڵ ٢٠٠٧)١٦-٢٠

(١٣٩) فەرەیدون حەکیم زادە، هەژار لە لوتکەدا(پ-١٨)٢١.

(١٤٠) مەعسومە ئەحمەدی، ساڵ هاتی کۆچی دوایی مامۆستا هەژار(پ- ٧٤)١٣.

(١٤١) مەعسومە ئەحمەدی، خاطراتی از همسرم شرفکندی(پ- ٧١)٤-٥.

(١٤٢) مورسەڵ خانێ(پ- ٩)١٤.

(١٤٣) هەژار موکریانی، چی لەیەزیدی دەزانم، ڕۆڤار" ٢٤ سلێمانی (٥ی مایسی٢٠٠٣)٢٥.

لـە شـاری بەغـدا، لـە (شـەقامی ئەلکیفـاح) دوکانـی وێنەگـری داناوەتـەوە، کۆمەڵێـک لـە نیشـتیمانپەروەرانی کـورد، سـەردانیان دەکـرد و وێنەیـان لای ئـەو دەگـرت، لەوانـە کەسـایەتی سیاسـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان (کەریـم حیسـامی)[١٤٤].

لـە ڕووی کۆمەڵایەتییـەوە هـەژار موکریانـی بـە چەنـد خەسـڵەتێک جیادەکرێتـەوە، وەکـو ڕووخۆشـی[١٤٥] و ورەبـەرزی[١٤٦] و بـە وەفابـوون[١٤٧]، سـازش نەکردنـی لـە هەڵسـوکەوتیدا ڕەنگـی داوەتـەوە[١٤٨]، و قسـە لـەڕوو بـوو[١٤٩]. مـەشرەب خـۆش و کـۆڕی گـەرم بـووە. ئەوەتـا لـە شۆڕشـی ئەیلـوول، لـە سـاڵی ١٩٦٤ ئەوکاتـەی هـەژار لـە بـارەگای (مسـتەفا بارزانـی) لـە شـارەدێی سەنگەسـەری پشـدەر بـووە، بـەڕای یەکێـک لـە ئەندامانـی کۆمیتـەی ناوەنـدی حزبـی دیموکراتـی کوردسـتان کـە بەیەکـەوە بـوون، لـە دانیشـتنەکاندا هـەژار لـە دەوری کۆدەبوونـەوە و بـە قسـە خۆشـەکانی هەمووانـی بـە پێکەنیـن دەخسـت[١٥٠]. هەروەهـا کەسـێکی کۆمەڵایەتـی و میواندۆسـت، قسـەخۆش بووە، ئەوەتـا یەکێـک لـە هاوکارانـی هـەر لـە سـەردەمی شۆڕشـی ئەیلـوول، کـە لـە بـارەگای ڕادیـۆی دەنگـی کوردسـتانی عێـراق بـوون، بـاس لـەوە دەکات، کـە هـەژار کارەکانـی تـەواو

(١٤٤) کەریـم حیسـامی، لـە بیرەوەریەکانـم بەرگـی یەکـەم (ناوەنـدی ئاوێـر بـۆ چـاپ و بڵاکردنـەوە- هەولێـر ٢٠١٨)٤٥٣.

(١٤٥) وریا حەبیب (پ- ٤١)٢٨.

(١٤٦) دیمانەی تایبەتی توێژەر لەگەڵ سینەم خانم جەلادەت بەدرخان(٢٣ی کانوونی یەکەمی٢٠٢٠) هەولێر. لە ٢١ی ئازاری ١٩٣٨، لە شاری دیمەشقی سوریا لە دایکبووە، لە قوتابخانەی فەرەنسی خوێندویەتی و لە ساڵی ١٩٥٧، بەکالۆریۆسی وەرگرتووە، هاوسەرگیری لەگەڵ نوسەر سەلاح سەعدوڵلا پێکهێناوە، لە ساڵی ١٩٦٠ هاتۆتە کەرکوک و لە ساڵی ١٩٧٠- ١٩٧٤ بەرپرسی یەکێتی ئافرەتانی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، لەساڵی ١٩٧٤ ماڵی چووەتە بەغدا و لەساڵی ١٩٨٠- ١٩٩٢ مامۆستای زمانی فەرەنسی بووە، لە قوتابخانەی نەتەوە یەکگرتوەکان (ئینتەر ناشناڵ) جگە لە زمانی دایک، عەرەبی، فەرەنسی، تورکی، ئینگلیزی و ئەڵمانی دەزانێت، لە ساڵی ٢٠٠٦ ماڵی گواستۆتەوە بۆ هەولێر و لەوێ نیشتەجێیە و خانەنشینە.

(١٤٧) میرخـان ئەحمـەد، هـەژار نمونـەی وەفـاداری بـوو" ١٣٦٨ ڕۆژنامـەی خەبـات (٢٢ی شـوباتی ٢٠٠٤) لاپـەڕەی کۆتایـی.

(١٤٨) مەهـدی خۆشـناو، درود لەگەورەیـی زانـای کـورد هـەژاری موکریانـی" ٢١٦١ ڕۆژنامـەی برایەتـی (٢٤ی ئـازاری ١٩٩٦) ١٣.

(١٤٩) شـەماڵ حەوێـزی و کەریـم سـۆفی، ڤیسـتیڤاڵی هـەژاری موکریانـی (چاپـی یەکـەم- چاپخانـەی ڕۆشـنبیر – هەولێـر ٢٠٠٥) ٣٧-٣٨.

(١٥٠) ئەمیر قازی، لە بیرەوەرییە سیاسییەکانم (چاپی یەکەم - ستۆکهۆڵم ٢٠١٠) ٧٣.

دەکردن بە ئومێدەوە، لەگەڵ (کەمال مەزهەر)ی مێژوونووس، "بە تاسەوە گوێمان لە وتە خۆشەکانی دەگرت و لێی تێر نەدەبووین" و سەرنجی ڕادەکێشان[١٥١] و (عەبدوڵڵا حەسەن زادە) سکرتێری پێشوتری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) ١٩٩٥-٢٠٠٤ دەڵێت: "لەدوای ساڵی ١٩٧٠وە، کە لە بەغدا بووین لەدانیشتنەکاندا هەژار بە قسە خۆشەکانی خەمی کەم دەکردینەوە"[١٥٢] لەم بارەیەوە، لە ساڵی ١٩٧٣، کە بارەگایان لە ناوپردانی ناوچەی گەڵاڵە بووە، وەک یەکێک لە کەسایەتییە سیاسی و ڕۆشنبیرەکان دەیگێڕێتەوە، کە هەژار "بۆ ماوەی سێ سەعات... نوکتەی بە پێز و خۆشی لەسەر یەک..." دەگێڕایەوە و هەموومان لە دەوروبەری کۆدەبووینەوە[١٥٣]، گرنگی بە پۆشینی جلوبەرگی نوێ و ڕێکپۆشی نەدەدا[١٥٤]. خاوەن کەسایەتییەکی خاکی بوو، ئەمە لە کاتێکدا بووە، بەهۆی پێگەکەی، بەتایبەت ئەو کاتانەی لە بارەگای (مستەفا بارزانی) بوو، دەیتوانی زۆر شت بەدەستبێنێت[١٥٥].

بەشێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، هەژار تا کۆچی دوایی کرد لە ڕووی مادییەوە ڕەوشی باش نەبووە، ژیانێکی ئاسایی هەبووە[١٥٦] یان بەڕای

(١٥١) مستەفا ساڵح کەریم، چەپکێک سێ لانی لە ژیاننامەی هەژاردا" ١٨٧٩ ڕۆژنامەی برایەتی (٢١ی شوباتی١٩٩٤) ٥.

(١٥٢) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە (١٩ی ئەیلولی ٢٠٢١) فەرەنسا. لە ساڵی ١٩٣٨، لە گوندی سی سێری سەربە شارۆچکەی سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایکبووە، خوێندنی ئاینی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٥٣ بۆتە ئەندامی حدکا، چەندین بەرپرسیارەتی وەرگرتووە، پاشان بۆتە سکرتێری حدکا لە ساڵانی ١٩٩٥- ٢٠٠٤، جگە لەکاری سیاسی نووسەر و وەرگێڕێکی بەتوانایە، خاوەنی چەند بەرهەمێکی نوسراوو وەرگێڕانە، لەپای خزمەتەکانی لەم بوارەدا سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە، لە ١٠ی ئازاری ٢٠١٩، بڕوانامەی فەخری پێ بەخشیوە.

(١٥٣) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩)٢٢٥.

(١٥٤) سین، یادی مامۆستا هەژار"٢ پارێزگاران (مایسی ١٩٩٢)٣.

(١٥٥) مستەفا ساڵح کەریم، چەپکێک سێ لانی لە ژیاننامەی هەژاردا(پ- ١٥١)٥.

(١٥٦) دیمانەی تایبەتی توێژەر لەگەڵ ناسح غەفور ڕەمەزان(٦ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١) هەولێر. لە ساڵی ١٩٤٨ لە شاری کەرکوک لە دایکبووە، بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرای لە ڕوسیا بەدەستهێناوە، نامەی دکتۆراکەی لەبارەی کێشەی کورد لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان لەنێوان دوو جەنگی جیهانیدا بووە، لە ساڵی ١٩٧٩ کۆتایی پێهێناوە، لە ساڵی ١٩٦٦ دەبێتە ئەندامی پدک و پاشان بووە بە بەڕێوەبەری پەیمانگای کادیران، پێنج ساڵ سەرۆکی لیستی هەمان حزب بووە، لە پەرلەمانی کوردستان، لەیەکەم کابینەی حکومەتی هەرێم دەبێتە وەزیری پەروەردە، پاشان خانەنیشن کراوە.

هاوخەباتێکی بەناوی (جەمال عەلەمدار)"هیچ کاتێک پارەی پێنەبوو"[١٥٧]. یاخود"لە هەموو ژیانی خۆیدا... نەدار بووە"[١٥٨]، بەڵام ئەمەش لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیدا وەک یەک نەبووە، بەتایبەت لەنێوان ساڵانی ١٩٧٠- ١٩٧٥، هەرخۆی هەژار لە چێشتی مجێوردا، لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، باسی دەستبەسەرداگرتنی ماڵەکەی لە لایەن، دەسەڵاتدارانی بەعسەوە دەکات، کە بڕێکی زۆر پارە و ئاڵتونی تێدابووە کە "هەشت هەزار و شەشسەد دیناری عێراقی، چوار سەد مسقاڵ زێڕ و خشڵی ژن، ناوماڵی تەوا و مۆدێرن و کتێبخانەیەکی گەورە" بووە[١٥٩]، لەم بارەوەیەوە هاوسەریشی ئەم بابەتە پشتڕاست دەکاتەوە، لەوکاتەدا باری ئابووریان زۆر باش بووە[١٦٠]. چۆنییەتی دەستکەوتنی ئەو پارەیەی لە بەشی دووەم ڕوون کراوەتەوە.

لە ساڵی ١٩٧٥ دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول هەژار گەڕاوەتەوە ئێران[١٦١] و خۆی لەگەڵ (مستەفا بارزانی) لە شاری نەغەدە، هاوسەر و منداڵەکانی لە شاری مەهاباد دەمێننەوە، تا ماوەی ساڵێک[١٦٢] و دواتر لە گەڕەکی عەزیمیەی[١٦٣] شارۆچکەی کەرەج نیشتەجێبوون[١٦٤]. دوا قۆناغی ژیانی(١٩٧٥-١٩٩١)، لە دوا بەشی ئەم توێژینەوە، ئاماژەی پێدراوە، چونکە زیاتر سەرقاڵ بووە بە وەرگێڕان و نووسینی یاداشتەکانی.

---

(١٥٧) جەمال عەلەمدار، لە ساڵی ١٩٤٠ لە هەولێر لەدایکبووە، پەیمانگای تەکنیکی تەکنەلۆجی شاهانەی ستۆکهۆڵم ١٩٧٠ تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٦٨- نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، لە وڵاتی سکاندیناڤیا، لەساڵی ١٩٦٩ وەک سەرۆکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا هەڵبژێردراوە، لە ساڵی ١٩٧١- ١٩٧٥ نوێنەری (مستەفا بارزانی) بووە لە ئەوروپا، ئەندامی ئەو کۆمیتانە بووە، کە بۆ پشتیوانی کورد لە ئەوروپا دامەزراون، وەک کۆمیتەی کوردان لە سوید- ستۆکهۆڵم ساڵی ١٩٦٩، لەدوای ساڵی ١٩٧٥ لە وڵاتی سوید نیشتەجێیە و وازی لەکاری سیاسی هێناوە و خانەنیشینە.

(١٥٨) فەلەکەدین کاکەیی، کۆبەرهەم دەفتەری خاک(پ- ٤)٣٣.

(١٥٩) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٤٩٣.

(١٦٠) مەعسومە ئەحمەدی، ساڵ هاتی کۆچی دوایی مامۆستا هەژار(پ- ٧٤)١٣.

(١٦١) ئەحمەد شەریفی، وشەی کەڵهوڕ بەرهەمی چاپ نەکراوی مامۆستا هەژار" ١٠ مەهاباد (ساڵی یەکەم بەفرانباری ١٣٨٠- ٢٠٠١)١٠.

(١٦٢) مەعسومە ئەحمەدی، خاطراتی از همسرم شرفکندی(پ- ٧١)٥.

(١٦٣) نامق هەورامی، هەژار لە سنە (پ-٤٩)٢٦.

(١٦٤) قانع قادر عوسمان (پ- ١١) ٢٣٠.

دوای ئـەوەی تووشـی نەخۆشـی بـووە، لـە زسـتانی سـاڵی ١٩٩١، لـە شـاری پاریسـی پایتەختـی فەرەنسـا نەشـتەرگەری دڵـی بـۆ ئەنجامـدراوە[١٦٥] و دوای گەڕانـەوەی بـۆ ئێـران، چەنـد ڕۆژێـک لـە ماڵـی خـۆی چاودێریانکـردووە، پاشـان بـاری تەندروسـتی، بـەرەو خراپـی دەڕوات، پەیوەنـدی بـە (دکتـۆر شـەوکەت)ەوە دەکـەن، ئەویـش دێـت بـۆ ماڵیـان و پاشـان بەپەلـە دەیگوازنـەوە بـۆ نەخۆشـخانە[١٦٦]، لـە ٢١ی شـوباتی ١٩٩١، لـە نەخۆشـخانەیەکی تـاران کۆچـی دوایـی دەکات[١٦٧] و تەرمەکـەی دەگوێزرێتـەوە بـۆ مەهابـاد و بـە بەشـداریی جەماوەرێکـی زۆر[١٦٨] و لـە ڕێکەوتـی ٢٢ی شـوباتی١٩٩١[١٦٩] بـە ئامادەبوونـی (مەسـعود بارزانـی) سـەرۆکی (پـدک)، بـە بەرزکردنـەوەی دروشـم لـە گۆڕسـتانی گـردی بـداخ سـوڵتان[١٧٠]، لـە نزیـک گـۆڕی (هێمـن موکریانـی) بـە خـاک سـپێردرا[١٧١]. پاشـان بـە بەشـداری (مەسـعود بارزانـی) پرسـەی ماتەمینـی لـە گونـدی ڕاژان بـۆ دانـراوە، چەندیـن وتـار و لاوانـەوە خوێندرانـەوە، ئەمـەش وایکـرد زیاتـر ببێتـە بۆنەیەکـی نەتەوەیـی[١٧٢]. کۆچـی دوایـی هـەژار بـە زوویـی بـە کوردسـتان و وڵاتانـی ئەوروپـا و ئەمەریـکا بڵاوبوویـەوە؛ کـە بـووە هـۆی مایـەی نیگەرانـی نیشـتیمانپەروەران و دۆسـتەکانی[١٧٣]. ئەمـەش بـۆ نیشـتیمانپەروەری، پێگـەی سیاسـی، ڕۆشـنبیریی، وەرگێـڕی و زمانزانیـی ئـەو دەگەڕێتـەوە کـە هەیبـووە.

---

(١٦٥) کۆچی دوایی ی هەژاری موکریانی" ١١-١٢ گۆڤاری مامۆستای کورد ( هاوینی ١٩٩١)٥٩.
(١٦٦) سەعدون مازوچی، (پ - ٦٩)١٦- ١٧.
(١٦٧) فەرەیدون حەکیم زادە، هەژار لە لوتکەدا (پ-١٨)٢٤.
(١٦٨) حوسـێن گـورژی، ڕەخنـە لەسـەر کۆنگـرەی سـنەو ناسـاندنی بلیمەتـەکان (چاپخانـەی مەهابـاد- چاپـی یەکـەم ١٣٧٩- ٢٠٠١) ٤٢.
(١٦٩) قەڵا پرسەی هەژار"٣ گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی یە مانگی جارێک دەردەچێت لە ڕواندز(نیسانی ١٩٩١)٥.
(١٧٠) ڕۆژنامەی برایەتی، "ناشتن یان کەرنەڤاڵی نەتەوایەتی" (١٨٧٩، ٢١ی شوباتی ١٩٩٤)١٦.
(١٧١) غەفور عەبدولفەتاح(پ- ٢٦)٢٨٦.
(١٧٢) ئەرشـیفی سـەتەلایتی کوردسـتان، ڕاپۆرتـی مـام هـەژار موکریانـی. ڕێکەوتنـی پێشکەشـکردنی بەرنامەکـە ٢٢ی شـوباتی ١٩٩٩، سـەردانی توێـژەر(٢١ی ئـازاری ٢٠٢١) هەولێـر.
(١٧٣) کۆچی دوایی ی هەژاری موکریانی" ١١-١٢ گۆڤاری مامۆستای کورد (پ- ١٦٥)٥٩.

**سەرچاوەکانی پێگەیشتنی هزری سیاسی:**

چەنــد لایــەن و هۆکارێــک ڕۆڵیــان لــە پێگەیشــتنی هــزری سیاســی هــەژاردا هەبــووە، لەوانــە: باوکــی، حوجرەکانــی فەقێیەتــی و هەســتی نیشــتیمانپەروەری چەنــد مامۆســتایەکی ئاینــی، هەروەهــا سیاســەتی ڕژێمــی شــای ئێــران بەرامبــەر بــە کــورد و هەســتی نیشــتیمانپەروەری شــاعیرانی کــورد، بەگشــتی ڕۆڵیــان هەبــووە وەک ســەرچاوەی پێگەیشــتنی هــزری سیاســی ناوبــراو.

هــەژار تەمەنــی شــەش ســاڵ بــووە، کاتێــک (مــەلا خەلیــل ١٨٨١-١٩٥٦) لــە ســاڵی ١٩٢٧ کــە لــە دژی ئێــران ڕاپەڕیــوە، ئــەوکات باوکــی هەڵوێســتی (مــەلا خەلیــل)ی بــۆ ڕوونکردووەتــەوە، کــە داوای مافەکانــی گەلــی کــورد دەکات، بەرگــری لــە وڵات دەکات و دژی دەســەڵاتدارانی ئێــران شــەڕدەکا، ئەمــە بــە ســەرەتای دروســتبوون و ڕوانــی چەکــەرەی نەتەوەیــی لــە ناخــی هــەژار دادەنرێــت [١٧٤] و بەهــۆی ئــەوەی (مــەلا محەمــەدە بــۆرە)ی باوکــی هــەژار جگــە لــە لایەنــی ئایینــی کەســێکی نیشــتیمانپەروەر و هەڵگــری زانیــاری و ڕووداوە مێژوویــەکان بــوو، ئەمــەش هۆکارێکــی بنەڕەتــی بــووە، بووەتــە هــۆی ئــەوەی کاریگــەری لەســەر هــەژاری جگەرگۆشــەی هەبێــت[١٧٥]، هەروەهــا باوکــی زانــا و خــاوەن ئەزمــوون بــوو، شــانازی بــە نەتەوەکــەی خــۆی دەکــرد، بــە ئومێــدی ئــەوە بــوو، کــورد ببێتــە خــاوەن قــەوارە و لەژێــر سەرپەرشــتی خــۆی، کۆرپەکــەی پــەروەردە کــردووە [١٧٦].

باوکــی هــەژار بەپێــی ڕووداوەکان بــێ، دەبێــت دوای ســاڵی ١٩٠٠ بێــت، چەنــد ســاڵێک ئــاوارەی باکــووری کوردســتان بــووە[١٧٧] و ناوبــراو زوڵــم و ســتەمی دەســەڵات دارانــی ئێــران و تورکــی عوســمانی بینیــووە، ئــاگادار بــووە کــە چــۆن گەلــی کــورد، دەچەوســێننەوە و ئــەم بەســەرهاتانەی بــۆ هــەژار گێڕاوەتــەوە و گیانــی بەرگــری تێــدا

(١٧٤) هەوراز گەرمیانی (پ- ٢٥)٤.

(١٧٥) کاروان عوسمان عەلی( پ- ٦٣)١١.

(١٧٦) هــەژار- هێمنەکــەی جــاران، مجلــە اصحــاب انقــلاب- هەژارانــە (نشــانی تهــران – بهــار ١٣٧٠- ١٩٩١)٢٩.

(١٧٧) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)١٠-١١.

چانـدووه[١٧٨] لـه سـاڵی ١٩٣٢ باوكـی دوكانـی لـه مەهابـاد هەبـووه، بـاس و گفتوگـۆی سیاسـی تێـدا كـراوه، كـه پێویسـته كـورد ئازادبێـت و دەوڵەتـی خـۆی هەبێـت، هەژاریـش بیـری كردووەتـەوه، كـه ئـەو گەلـه خەبـات و تێكۆشـانی پێویسـته [١٧٩]. لـه لایەكـی تـرەوه لەسـاڵی ١٩٣٤ حكومـەت بڕیـاری داوه، دەبـێ هەمـوو كـەس كڵاوی پەهلـەوی لەسـەرنێ و پۆشـینی كڵاو مێـزەر و جـل و بەرگـی كـوردی قەدەغـه كرابـوو[١٨٠]، باوكـی بـەو بڕیـارەی حكومـەت پابەنـد نەبـووه، بەڵكـو دژی وەسـتاوەتەوه، بۆیـه مـاوەی چەنـد مانگێـك لـه خانەقـای شـێخی بورهـان ماوەتـەوه و پاشـان گەڕاونەتـەوه گونـدی تەڕەغـه [١٨١]، ئەمـەش هێنـدەی تـر كاریگـەری لەسـەر هـەژار دانـاوه. ئـەم بیرۆكانـەش هانـدەر بـوون، بۆئـەوەی هـەژار بـۆی ڕوون بێتـەوه كـه كوردسـتان داگیـر و پارچـه پارچـه كـراوه، لـه نێـوان گەلانـی ئێـران، تـورك و عـەرەب، سـامانی بەتـاڵان بـراوه، ئەمـەش بەشـێكی بـه پشـتیوانی وڵاتانـی زلهێـز بـووه [١٨٢].

هۆكارێكـی تـر كاریگـەری لەسـەر هـەژار هەبـووه، ئەویـش لـه خانەقا و حوجرەكانـی ناوچـەی موكریانـی پـەروەردە بـووه، چونكـه ناوەندێـك بـوون بـۆ گەشەسـەندنی هەسـتی نەتەوەیـی و كەسـانی نیشـتیمانپەروەر، بۆیـه بناغـەی دامەزراندنـی كەسـایەتی ئـەو لەوێـوه دەسـت پێـدەكات و پێـدەگات، كـه پاشـان بـڕوا بەخۆبـوون و خـاوەن هەڵوێسـتی بـەدوا دێـت[١٨٣] و كۆمەڵێـك لـه مامۆسـتایانی ئایینـی خـاوەن بیرۆكـەی شۆڕشـگێڕی بـوون، ڕۆڵـی بەرچاویـان لـه پەروەردەكردنـی كەسـایەتییه دیـارەكان گێـڕاوه، بەشـێك لـه سـەركردەكان لەژێـر ڕێنمایـی ئەوانـدا پـەروەردە بـوون، یـەك لەوانـه هـەژار بـووه، نموونـەی ئەمانـه: (مـەلا ئەحمـەدی فـەوزی) بـووه كـه مـەلای گونـدی كولیجـەی دەوروبـەری مەهابـاد بـوو، كاریگـەری زۆری هەبـووه لەسـەر هـەژار،

(١٧٨) شەماڵ حەوێزی و كەریم سۆفی (پ-١٤٩)٥٤-٥٥.

(١٧٩) هەوراز گەرمیانی (پ- ٢٥)١٦.

(١٨٠) لوقـمان خەیاڵـی، ئێـران لەسـەردەمی بنەماڵـەی پەهلەویـدا ١٩٢٦- ١٩٧٩ (چاپـی یەكـەم چاپخانـەی كارۆ ٢٠١٩)٨٣.

(١٨١) شیخ الرئیس ابو علی سینا (پ- ٢)٦.

(١٨٢) هەژار، دیوانی هەژار بۆ كوردستان (پ- ١)١٨.

(١٨٣) نامق هەورامی (پ- ٤٩)١٤٢-١٤٤.

(هێمــن) و (قــازی محەمــەد) و نیشــتیمانپەروەرانی تــر، بەرەنــگاری پیلانەکانــی (ڕەزا شــا ١٩٢٦-١٩٤١) بووەتــەوە [١٨٤]، نیشــتیمانپەروەر و ڕۆشــنبیرێکی دیــار بــوو، جگــە لــە زانیــاری ئایینــی، ڕۆڵــی گێــڕاوە لــە جوڵانــەوەی سیاســی و وانــەی هەســتی نەتەوەیــی بــە قوتابیەکانــی گوتۆتــەوە[١٨٥] کاریگــەری هەســتی نەتەوەیــی، لەســەریان هەبــووە، یــەک لەوانــە هــەژارە، دوای وازهێنانــی لــە خوێنــدن (فــەوزی) پێــی وابــووە، جێــگای داخــە هــەژار نەخوێنێــت [١٨٦]. دیــارە خوێندنــەوە و هەڵســەنگاندنی باشــی بــۆی هەبــووە.

هۆکارێکــی تــر، دوای ئــەوەی کۆمەڵــە هۆنراوەیەکــی (حاجــی قــادری کۆیــی) خوێندووەتــەوە، لــەڕووی خۆشەویســتی بــۆ گــەل و نیشــتیمانەکەی کاریگــەری زۆری لەســەر دروســتکردووە، خۆیشــی لــە پێشــکەیەکەی مــەم و زینی خانــی ئامــاژەی پێکردووە "چــاوی نیشــتیمان پەرســتیم بــەو پشــکوت"[١٨٧]. لــە ڕووی ڕۆشــنبیرییەوە بەرهەمەکانــی شــاعیرێکی تــر کاریگــەری زۆری لەســەری هەبــوو، (حەســەنی قزڵجــی) وای بــۆ چــووە "میللــەت دۆســتی و نیشــتیمان پەرســتی لــە حاجــی قــادری کۆیــی وەرگرتــووە"[١٨٨]، لەلایەکــی دیکــەوە بەهــۆی بــێ پلانــی حکومەتــی ئێــران، لــە ڕووی ئابوورییــەوە ڕەوشــی کوردســتان خــراپ بــوو، بژێــوی تاکــی کــورد لــە ئاســتێکی زۆر نزمــدا بــوو. ئەمــەش هۆکاریکــی تــر بــووە، کاریگــەری خــۆی لەســەر هــەژار دروســتکردووە[١٨٩]و ســەپاندن و لێســەندنی باجــی بــەزۆر، لەلایــەن کاربەدەســتانی ئێــران لــە کۆمەڵــگای کوردســتان، هــەژار چەندیــن جــار، بەتایبــەت ئــەو کاتــەی ماڵــی لــە گونــدی تەڕەغــە بــووە، بەگژیانــدا چووەتــەوە و تووشــی شــەڕ و کێشــەبووە لــە گەڵیــان[١٩٠]. ئەمــە ســەرەڕای نەبــوون و

---

(١٨٤) وریا حەبیب (پ- ٤١)٣٠-٣٢.

(١٨٥) موجتەبا بورزوویی، بارودۆخی سیاســی کوردســتان (١٨٨٠- ١٩٤٦)، وەرگێڕانی لە فارسـیەوە: نازناز محەمـەد عەبدولقـادر، یوسـف خـزر چوپـان، سـۆران عەلیپور(چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە – هەولێر ٢٠٠٥)٣٦٠-٣٦١.

(١٨٦) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٣٥.

(١٨٧) هەژار موکریانی، مەم و زینی خانی (چاپی یەکەم چاپخانەی نەجاح- بەغدا ١٩٦٠)پیتی ر.

(١٨٨) موحسین قزڵجی(پ - ٨٥) ١٩٠- ١٩١.

(١٨٩) شیخ الرئیس ابو علی سینا (پ- ٢)٧.

(١٩٠) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩)٥٥-٥٦.

بێبەشبوونی خزمەتگوزاریەکانی وەک ڕێگاوبان، ئاوەدانی، تەندروستی و سەرهەڵدان و بوونی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی، کە دەسەڵاتدارانی بەمەبەستی لاوازکردن و تێکدانی ڕیزەکانی گەلی کورد، دروستیان کردبوو.

بەهۆی ئەوەی شای ئێران، لە سەرەتای ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی، بووە لایەنگیری بەرەی ناوەڕاست، کە ئەم بەرەیە لە ئەڵمانیا، ئیتالیا، یابان و چەند وڵاتێکی تر پێکهاتبوو. ڕێگەیدا چەند یەکەیەکی سەربازی نازی ئەڵمانییەکانی بهێننە وڵاتەکە، ئەوەش بووە هۆی توڕەبوونی بەرەی بەرامبەر، کە هەریەک لە دەوڵەتەکانی سۆڤیەت، بەریتانیا و ئەمەریکا، بە مەبەستی داگیرکردنی ئێران، سۆڤیەت لە باکوورەوە و بەریتانیا لە کەنداوی فارسەوە، لە ساڵی ١٩٤١ سەرکەوتووبوون لە داگیرکردنی ئێران، کە دەمێک بوو، ببووە جێگای چاوتێبڕینیان[١٩١]، بەوهۆیەوە هێزەکانی ئێران، لە ناوچەی موکریان پاشەکشەیان کرد و کەش و هەوایەکی ئازاد ڕەخسا لەو ناوچەیە، ڕۆشنبیر و سیاسییەکان، دەستیانکرد بە جموجۆڵ و چالاکیی سیاسی و ڕۆشنبیری[١٩٢]، ئەم ئازادیەش هۆکارێکی تربوو، کە هانی هەژاری دا هەستی نەتەوەیی، لەلا بەهێزتر بێت.

ناوچەی موکریان، مەڵبەندی نیشتیمانپەروەران و کەسانی سیاسی، ڕۆشنبیر و زانایانی کورد بووە [١٩٣]، بۆیە هەژاریش لەم ژینگەیە پەروەردە بووە، کاریگەری دەوروبەری لەسەر هەبووە، کە بیر لە نەتەوەکەی بکاتەوە، لە پێناو ڕزگاری و سەربەخۆیدا، خەبات بکات.

تا تەمەنی هەژار بەرە و لاوی هەڵدەکشا، بیرکردنەوەکانی فراوانتر دەبوون و زیاتر بیری لای میللەتەکەی بوو، بەمەش هەستی نەتەوەیی زیاتر پەرەی

---

(١٩١) عەبدولڕەحمان قاسملوو، چل ساڵ خەبات لە پێناو ئازادی، کورتەیەک لە مێژووی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران(چاپی سێیەم www, pdki.org ٢٠٠٠)٢٥.

(١٩٢) ئەیوب ئەیوبزادە، لە ژێکافەوە بۆ کۆمار، مێژوو نوسی حزبی لە ژێر تیشکی ڕەخنەدا(چاپخانەی ڕۆژ هەولێر- چاپی یەکەم ٢٠١٤)٧٥-٧٦.

(١٩٣) نامق هەورامی، هەژار لە سنە (پ-٤٩)٨١-٨٢.

دەسـەند لـەلای و جێگیـر تـر دەبـوو[١٩٤]، بەهـۆی ئـەوەی زوڵمـی کاربەدەسـتانی ئێرانـی بینیبـوو، کـە دەرهـەق بـە گەلـی کوردیـان دەکـرد، ئەمـەش هاندەرێکـی تـر بـوو، گیانـی بەرگـری لای بەهێزتـر کـرد، فشـار و چەوسـانەوەی زۆری حکومەتـی ئێـران بـۆ سـەر گەلـی کـورد، تـا دەهـات زیاتـر دەبـوو، وای لـە هـەژار کـرد، هـەر لەسـەرەتای گەنجییـەوە، بەرپەرچـی ئـەم سیاسـەتە بداتـەوە و دەسـتیکرد بـە چالاکـی سیاسـی[١٩٥]، بەشـداری کارای تێـدا کـردوو لـەم پێنـاوەدا، ڕۆڵێکـی مەزنـی گێـڕا[١٩٦]، و ئـەوی پێویسـت بێـت لـەم ڕووەوە بەپێـی توانـای خـۆی ئەنجامیـداوە[١٩٧]، بۆیـە هەڵوێسـت و زۆربـەی شیعرەکانیشـی، لەپێنـاو خزمەتکردنـی ئـەم سیاسـەتەدا تەرخانکـردووە[١٩٨]، چونکـە ئەگـەر بەشـداری لـە کایـەی سیاسـی، نێـو ڕیزەکانـی بزوتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد نەکردبـا، بـەم شـێوەیەی ئێسـتا کـە هەیـە نەیدەتوانـی ڕۆڵـی خـۆی بگێڕیـت و بناسرێـت.

---

(١٩٤) ئـا کولتـور، هـەژار موکریانی ژیانێکی ناخـۆش و بەرهەمێکـی زۆر" ٤٠٠٤، ڕۆژنامەی خەبات (٢٤ی شوباتی ٢٠١٢)١٣.

(١٩٥) نامق هەورامی، هەژار لە سنە (پ-٤٩)١٠٧-١٦١.

(١٩٦) هەژار- هێمنەکەی جاران، مجله اصحاب انقلاب- هەژارانە(پ- ١٧٦)٢٩.

(١٩٧) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩)٦٥.

(١٩٨) عەبـاس عەبدوڵڵا یوسـف و جەلیـل کاکـە وەیـس، دیمانە لەگەڵ سـەعید نـاکام لە هەژاری شـاعیر دەدوێـت " ٢٢٧٧/١٤ ڕۆژنامـەی برایەتی پاشـکۆی ئـەدەب و هونەر(٢٠ی شـوباتی١٩٩٧)٢.

## تەوەرەی دووەم

## چالاکیە سیاسییەکانی هەژار موکریانی

لـە جیهانـی ئەمـڕۆدا، کـورد گەورەترین نەتـەوەی بێ دەوڵەتـە. مێژووی کـورد دەکەوێتە خانـەی کۆنتریـن، گەلانـی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت و یەکێکە لـە بەهێزترین گەلانـی ناوچەکە. کەچـی لـە سـەرەتایترین مافـی نەتەوەیـی بـێ بەشـکراوە. ئەمـە زیاتـر لـە ئەنجامی شـەڕی چاڵدێرانـی سـاڵی ١٥١٤ی نێـوان عوسـمانی و سـەفەویەکان، کـە بـۆ یەکەمجـار کوردسـتان دابەشـکرا بـۆ دوو پارچـە لە نێوانیاندا، پەرەیسـەند و بوو بە سـەرەتای داگیرکاری کوردسـتان و چەوساندنەوەی نەتەوەیـی و بـێ بـەشی لە هەمـوو مافێکی سـەرەتایی.

ئـەم داگیرکارییـە درێـژەی کێشـا، لـە ئەنجامـی جەنگـی یەکەمـی جیهانیشـدا، کـە ئاکامەکـەی بـە هەرەسـهێنانی ئیمپراتۆریەتـی عوسـمانی شـکایەوە، جارێکـی تـر کوردسـتان سـەر لەنـوێ دابەشـکرایەوە، بەسـەر چـوار دەوڵەتـدا و نیشـتیمان و خاکەکـەی بـەزۆری ئاگـر و ئاسـن بـە دەوڵەتەکانـی تورکیـا، ئێـران، عێـراق و سـوریا لکێـنرا.

ئەمـەش کاریگـەری خسـتە بـەر گەشـە و پێشـڤەچوونی کۆمەڵگـەی کـوردەواری، بـە لەمپـەری جـۆرا و جـۆر تەنـرا. کـورد لـە کاروانـی شارسـتانیەت دواخـرا و کۆیلایەتـی و ژێـر چەپۆکـی بـە بـاڵا بـڕا. نیشـتیمانی کـورد بـوو بـە پێخوسـی بێگانـە و حاشـا لـە ناسـنامەی نەتەوەیـی کـرا. مەسـەلەی کـورد دۆزی نەتەوەیەکـی دابەشـکراو و نیشـتیمان داگیرکـراوە و لـە ناوەڕۆکـدا کێشـەی زمـان و خـاک و مێـژوو و ناسـنامە و سـەروەری نەتەوەییـە.

بۆیـە بەتوندتریـن و خراپتریـن شـێوە گەلـی کورد لەلایەن سـەفەویەکان و عوسـمانیەکان و حکومەتەکانـی ئەتاتـورک و ڕەزاشـا و دەوڵەتەکانـی ئێـران و عێـراق و تورکیـا و سـوریا چەوسـێنراوەتەوە و تەنانـەت لـە مافـی فەرهەنگـی و کەلتوریـش بێبەشـکراوە.

وەک بەگژداچوونەوەیـەک بەرامبـەر بـەم سیاسـەتەی سـڕینەوەی نەتەوەیـی کە لەلایەن ئـەم داگیرکەرانـەوە پیادەدەکـرا، نەتـەوەی کـورد دەسـتی کـردووە بـە شـۆڕش و ڕاپەڕیـن، چەندیـن کەسـایەتی نەخـش و ڕۆڵیـان هەبـووە؛ بەرامبـەر ئـەم پیلانـە داگیرکارییـە، یەکێک لەوانـە هـەژار موکریانـی بـوو.

بەهـۆی ئـەوەی هـەژار لـە زۆربـەی ڕووداوە سیاسـییەکانی سـەردەمی خـۆی، هـەر لـە تەمەنـی لاویـەوە، وەکـو کەسـایەتییەکی دیـار بەشـداری کـردووە، جـێ پەنجـەی لـە زۆربـەی ڕووداوە سیاسـییەکانی کوردسـتانی گـەورەدا دیـارە، بەجۆرێـک کـە لـە سـییەکانی سـەدەی بیسـتەم لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانەوە، دەسـتی پێکـرد، دواتـر بـەرە و باشـوور و ڕۆژئـاوای کوردسـتان، درێژەیـدا بـە خەباتـی سیاسـی، ڕۆشـنبیریی و پێشـمەرگایەتی، وەک یەکێـک لـە نووسـەرە نـاودارەکان، ئامـاژەی پێـدەدات کـە لـە "تێکۆشـین و کاری سیاسیشـدا ئـەو بـووە موڵکـی مێـژوو"[199]. لێـرەوە قۆناغـە سیاسـیەکانی هـەژار دەسـت پێـدەکات.

### بەشداری لە ڕاپەڕینەکەی (حەمە ڕەشید خانی بانە ١٨٩٨-١٩٧٤)

ئـەم خاڵانـەی کـە لەسـەرەوە، ئاماژەیـان پێکـراوە، کۆمەڵێـک فاکتـەر بـوون، هەژاریـان بـە بیـری کوردایەتـی گۆشـکرد، بـووە هـۆی ئـەوەی بەشـداری لـە ڕاپەڕینەکـەی (حەمـە ڕەشـید خانـی بانـە بـکات[200] دژی (ڕەزاشـا)ی ئێـران[201]، لـە شـارۆچکەی سـەقز، هـەژار لەگـەڵ (سـەید کامـل)، کـە کەسـێکی نزیکـی (حەمـە ڕەشـید خـان) بـووە، لـە بارەگایـەک بەیەکـەوە ئیـش و کارەکانـی ڕۆژانـەی خەڵکیـان ڕاپەڕانـدووە، مـاوەی دوو مانـگ لـەوێ ماوەتـەوە[202]. مـاوەی بزوتنەوەکـەی لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٢٤- ١٩٣٩، لـەو ناوچەیـە پـەرەی سـەندبوو، بـەڵام دواتـر کـە بەئـاکام نەگەیشـت، لـە کۆتایـدا (حەمـە ڕەشـید خـان) بـەرەو باشـوری کوردسـتان ئـاوارە بـوو[203]، بزوتنەوەکـە پەرتوبـڵاو بـووە، لـە سـاڵی ١٩٣٠ لەسـەر داوای ئێـران حکومەتـی عێـراق دەسـتگیری کـردووە، لـە تەمـوزی ١٩٣٢ ئازادیکـردووە، دەسـتی بەجموجـۆڵ کردۆتـەوە، جارێکـی تـر لـە نیسـانی ١٩٣٦ دەسـتگیری کردۆتـەوە و لـە ٢٢ی ئابـی ١٩٣٧ زیندانـی سـلێمانی شـکاندووە و ڕایکـردووە، لـە ١٣ی

---

(١٩٩) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩)١٧٥.

(٢٠٠) کەیوان ئازاد ئەنوەر، (پ- ٨٣) ٣٩-٢٥٣.

(٢٠١) میر شـەرەف خانـی بەدلیسـی، شـەرەفنامە مێـژووی ماڵـە میرانـی کوردسـتان، هـەژار کردویـە بەکوردی و پێشـەکی بـۆ نوسـیوە (چاپـی دووهـەم- چاپخانـەی جەواهیـری تـاران - ١٩٨١)٨٣٥.

(٢٠٢) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٥٩-٦٠.

(٢٠٣) سـەعدی عوسـمان هەروتـی، بزاڤـی ڕزگاریخـوازی نیشـتیمانی لـە کوردسـتانی ڕۆژهـەڵات (١٨٨٠-١٩٣٩ز)، بڵاوکـراوەی کـۆڕی زانیـاری کوردسـتان(چاپخانەی دەزگای ئـاراس- هەولێـر- سـاڵی ٢٠٠٧)١١٦.

ئەیلوولـی ١٩٤١ دەسـتی بەسـەر شـاری سـەقزدا گرتـووە و لـە تشرینـی یەکەمـی ١٩٤١ حکومەتـی ئێـران داگیـری کردۆتـەوە، دوای چەنـد ڕۆژێـک لەهەمـان مانگـدا جارێکـی تـر هێزەکانی(حەمەڕەشـید خـان) شـارەکەیان ئـازاد کردۆتـەوە، لـە ١٠ی شـوباتی ١٩٤٢ دەسـەڵاتدارانی ئێـران داگیریـان کردۆتـەوە، بـۆ سـێیەم جـار لـە هێرشـی پێچەوانـە لـە ٣ی شـوباتی هەمـان سـاڵ جارێکـی تـر سـەقز کەوتۆتـەوە دەسـت(حەمە ڕەشـید خـان)، لـە ١٠ی ئـازاری ١٩٤٣ حکومەتـی ناوەنـدی دەسـتی بەسـەر سـەقزدا گرتـووە و داگیرکراوەتـەوە(٢٠٤). لـە دوای ئـەوەش هـەژار لەسـەر هەڵوێسـتە شۆڕشـگێڕەکانی بەردەوام بـووە، لـە وێسـتگەکانی داهاتـوو، بەشـداری لـە شـۆڕش و خەباتـی بزاڤـی ڕزگاریخـوازی کـورد کـردووە(٢٠٥). زیاتـر ئەندامـی کارای چەندیـن حـزب و ڕێکخـراوی سیاسـی لـە ڕۆهـەڵات و باشـوری کوردسـتان بـووە.

## بەشداری لە حزبی ئازادیخوازی کوردستان

هەرچەنـدە پێـش دامەزراندنـی پارتـی ئازادیخوازانـی کوردسـتان کۆمەڵـەی نهێنـی (پێشـڕەوی نیشـتیمان) و (کۆمەڵـەی لاوان) لـە باشـووری کوردسـتان دامـەزران. ئـەم کۆمەڵانـە کاریگەرییـان لەسـەر فراوانبوونـی کـوردە ڕوناکبیرەکانـی بەشـی باشـوور و ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان دانـا. لـە دوای ئـەم ڕەوتانـە کۆمەڵـەی ئازادیخوازانـی کوردسـتان، وەک ڕێکخراوێکـی سیاسـی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان کـە لـە کاتێکـی هەسـتیاردا دامـەزرا(٢٠٦). ئـەوەش بـۆ سـەرەتای هەڵایسـانی جەنگـی دووەمـی جیهانـی دەگەڕێتـەوە، کـە گۆڕانـکاری لـە ناوچەکـەدا هاتـە ئـاراوە. ئەمـە لەکاتێکـدا بـوو ڕەزا شـا دەیویسـت بـە یارمەتـی و پشـتیوانی مسـتەفا کەمال(ئەتاتـورک)ی تورکیـا، گەلـی کـورد لەنـاو ببـات.

حزبـی ئازادیـی کوردسـتان، لـە هەلومەرجێکـدا دامـەزرا، کـە سیاسـەتی دیکتاتۆرییانـەی (ڕەزا شـا) لـە ئێـران و بـە ناوەندیکردنـی دەسـەڵات، تێکشـکاندنی بزووتنـەوە خێڵەکییـە چەکدارییەکانـی کـوردی لێکەوتـەوە، هـۆزە کـوردەکان لـە چـەک

---

(٢٠٤) کەیوان ئازاد ئەنوەر (پ - ٨٣) ٩٢-٩٧.

(٢٠٥) ڕەحیمی قازی(پ- ٣١) ٣٤٥.

(٢٠٦) حامید گەوهەری، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (چاپی یەکەم- هەولێر ٢٠٠٤)٢٢.

داماڵـران، بەشـێک لـە سـەرۆک هـۆز و کەسـایەتییە ناسراوەکانـی کـورد دەسـتگیر کـران، لـە کوردسـتان دورخرانـەوە و تـا ڕووخانـی دەسـەڵاتەکەی، زوڵـم و سـتەمی ڕەزا خـان و دەسـەڵاتی پۆلیسـیانەی لـە کوردسـتاندا، هەمـوو جـۆرە جوڵانـەوە و چالاکییەکـی سیاسـی، کولتوریـی کـوردی قەدەغـە و سـەرکوت دەکـران، لـەم باردۆخـە ناهەمـوارەدا، یەکـەم ڕێکخـراوی کـوردی لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان دامـەزرا[٢٠٧].

دوای بەشـدار بوونـی هـەژار لـە ڕاپەڕینەکـەی (حەمـە ڕەشـید خانـی بانـە) و ئـەو شکسـتەی توشـی ڕاپەڕینەکـە هـات، هێنـدەی تـر ورەی ئـەوی بەرزکـردەوە، بۆیـە کۆڵـی نـەدا و بەشـداری لـە کۆمەڵـە و ڕێکخـراوە کوردیەکانـدا کـرد. لـەدوای ڕاپەڕینەکـەوە، یەکـەم وێسـتگەی ژیانـی سیاسـی هـەژار لـە سـاڵی ١٩٣٩ دەسـت پێـدەکات، کاتێـک لـە لایـەن کۆمەڵێـک ڕوناکبیـر و کەسـایەتی سیاسـی، حزبـی ئازادیخـوازی کوردسـتان، بەشـێوەی نهێنـی بـە سـەرۆکایەتی (عەزیـز زەنـدی) نـاسراو بـە (عەزیـز ئەڵمانـی[٢٠٨]) لـە شـاری مەهابـاد دامـەزرا، کـە کۆمەڵێـک ئامانجـی نەتەوەیـی هەبـوون[٢٠٩]، ڕای جیـاواز لەسـەر ئەندامانـی دەسـتەی دامەزرێنـەری حزبـی ئازادیخـوازی کوردسـتان هەیـە[٢١٠]،

(٢٠٧) سـمایل بازیـار، کاریگـەری بیـری چـەپ لەسـەر بزاڤـی سیاسـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، حزبـی دیموکراتـی کوردسـتان وەک نمونـە (١٩٤٥-١٩٩١) (چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات/ هەولێـر ٢٠٢٠)٥٢-٥٤.

(٢٠٨) عەزیـزی زەنـد نـاسراو بـە عەزیـز ئەڵمانـی، لە ساڵی ١٩٠٨ لـە گونـدی قالوێی زەندان، لـە ناوچەی مەهابـاد لـە دایکبـووە، لـە حوجـرەی فەقێیـان خوێندویەتـی، پاشـان ماڵیـان گواسـتۆتەوە مەهابـاد، کاری پینـەدۆزی کەوشـی کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٣٩ لەگـەڵ چەند کەسـایەتیەکی سیاسـی، حزبـی ئازادیخوازانی کوردسـتانیان دامەزرانـدوە، بـووە بەسـەرۆکی ئـەم حزبـە، لـە سـاڵی ١٩٣٩، لـە ترسـی پۆلیسـی ڕەزا شـا، دەچێتـە ئەڵمانیـا و دەسـتی کـردووە بـە خوێنـدن، هەڵگـری بڕوانەمـی بەکالۆریۆسـە لـە بەشـی یاسـا و بۆتـە پارێـزەر، لەسـاڵی ١٩٤١ گەڕاوەتـەوە مەهابـاد؛ کتێبی لە زمانـی ئینگلیزی وەرگێڕاوەتە سـەر کوردی، لایەنگیـری ئەڵمانـەکان و دژی یەکێتـی سـۆڤیەت بـووە، لەبـەر ئـەم هـۆکارە لـە سـاڵی ١٩٤٢، ماڵـی گواسـتۆتەوە تەوریـز و پاشـان تـاران، لەسـاڵی ١٩٤٧ وەک پارێزەر لـە وەزارەتی داد دامـەزراوە، یەکێک لە کیژەکانـی نـاوی میدیـا خانـی زەندییـە و هاوسـەری هونەرمەنـدی نـاسراوی کورد حەسـەن زیـرەک بووە، عەزیـز زەنـدی لـە سـاڵی ١٩٧٢ کۆچـی دوایـی کـردووە، لـە تـاران بەخـاک سـپێردراوە. حامیـد گەوهەری، کۆمەڵـەی ژیانـەوەی کوردسـتان ((پ – ٢٠٦)٣٢-٣٣.

(٢٠٩) عەبدولخالیـد سـابیر کەریـم، بیـری نەتەوەیـی لـە پەیـڕەو و ئامانجەکانـی جەمعیـەت و حزبـە کوردیـەکان ١٩١٩- ١٩٤٥ لیکۆڵینەوەیەکـی مێژوویـی سیاسـیە(چاپخانەی کەمـال- سـلێمانی ٢٠١٣)٢٣٢-٢٣٣.

(٢١٠) نـاوی چەنـد کەسێکی سیاسـی دەهێنـن، کە ئەندامـی دەسـتەی دامەزرێنەری حزبـی ئازادیخوازی

چەنــد ئەندامێکــی هەبــووە، لەوانــە هــەژار و (زەبیحــی)، بــەڵام چالاکــی ئــەم حزبــە ســنووردار بــووە[٢١١]. بەشــداریکردنی هــەژار لــەم ڕێکخــراوەدا، هانــدەر بــووە بۆئــەوەی زیاتــر چــاوی بکرێتــەوە و بەشــداری لــە ڕێکخــراوی دیکــەی سیاســیدا بــکات، ئەمــە وێــڕای هەســتکردنی بــە زوڵــم و زۆری دەســەڵاتداران و دڵســۆزیی بــۆ گەلەکــەی هاندەربــوون بــۆ بەشــداریی کــردن.

لــە لایەکــی دیکــە، لــە ســاڵانی جەنگــی دووەمــی جیهانــی و لــە ســاڵی ١٩٤١، دوای ئــەوەی یەکێتــی ســۆڤیەت و بەریتانیــا، ئێرانیــان بەســەر ســێ ناوچــە دابەشــکرد[٢١٢]. ئەمەش بەهــۆی ئــەوەی (ڕەزا شــا) لایەنگــری ئەڵمانیــای نــازی دەکــرد، لەکاتێکــدا بەشــی باشــووری ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان، لەلایــەن بەریتانیــا و ئەمەریــکاوە داگیــر کرابــوو، بەشــی باکــوری تــا شــاری ورمــێ، لەشــکری ســوری ســۆڤیەتی تێــدا جێگیرببــوو. ناوچــەی مەهابــاد لــەم بابەتــە دوور بــوو، واتــە نــە وڵاتــە ڕۆژئاواییــەکان، هێــزی ســەربازییان تێــدا جێگیــر کردبــوو، نــە لەشــکری ســۆڤیەت، بــەم شــێوەیە بارودۆخێکــی تایبــەت لــە ناوچــەی مەهابــاد خوڵقــا بــوو.

خەڵکــی ناوچەکــە بــە گشــتی لــە گەیشــتنی هێزەکانــی ســۆڤیەت بــۆ ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان، زۆر نیگــەران و ترســیان هەبــوو، چونکــە دانیشــتوانی شــاری مەهابــاد و دەوروبــەری کــە ئەزمونێکــی تــاڵ و ناخۆشــیان، لــە یەکــەم شــەڕی جیهانــی بــۆ مابــووەوە، کوشــتاری ڕۆڵەکانــی گەلــی کوردیــان لــە ســاڵی ١٩١٥ لــە بیــر نەچووبــووەوە، کــە لەشــکری ســەربازی ڕووس ســەری ســەدان کەســیان پەڕاندبــوو، لــە ڕۆژگاری ســەردەمی حکومەتــی

---

کوردســتانن: بــە ســەرۆکایەتی عەزیــز زەنــدی، ئەندامیــەتی: حوسـێن فروهــەر (زێڕنگــەران)، کەریـم یاهـو، مەحمـود ڕاتبـی، حوسـێن میکائیلـی، محەمـەد نانـەوازادە. سـمایل بازیـار(پ- ٢٠٧)٥٤. هەروەهـا لەسـەرچاوەیەکی تـری جیـاواز ئامـاژە بـە چەنـد ناوێـک کـراوە لـە دامەزرێنـەرە بەناوبانگەکانـی حزبـی ئـازادی وەک: مـەلای داودی، حوسـێن فروهـەر، عەبدولڕەحـمان زەبیحـی، بـە ڕابەرایەتـی عەزیـز خانـی زەنـد. مەحمـود مـەلا عیـززەت، کۆمـاری میللـی مەهابـاد، لێکۆڵینەوەیەکـی مێژوویـی سیاسـی بەشـی یەکەم(چاپخانـەی شـەهید ئیبراهیـم عـزۆ- ١٩٨٣)٦١.

(٢١١) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٥١.

(٢١٢) ئیبراهیـم خەلیـل ئەحمـەد و خەلیل عەلی مـوراد دایانناوە، مێژووی ئێـران و تورکیا، توێژینەوەیەک لـە مێـژووی تـازەو هاوچـەرخ، وەرگێڕانـی لـە عەرەبیـەوە بـۆ زمانـی کـوردی بەهادیـن جـەلال مسـتەفا ( دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ڕۆژهـەڵات- هەولێـر چاپـی دووەم – ٢٠١١) ١٩٤-١٩٥.

پەهلەویـدا، ڕۆژنامەکانـی ئێـران، زۆر شـتی خراپیـان دژی سـۆڤیەت نوسـیبوو.

لەبـەر ئـەم هۆکارانـە خەڵکـی ناوچەکـە ترسـی ئەوەیـان لێنیشـتبوو، نـەوەک جارێکـی تریـش ئـەم کارەسـاتە دڵتەزێنـە دووبـارە بێتـەوە، لەبـەر ئـەوە دانیشـتوانی مەهابـاد زۆربەیـان شـارەکەیان جێهێشـتبوو، چووبوونـە گوندەکانـی دەوروبـەری، بـەڵام بەپێچەوانـەی پێشـبینیەکانی خەڵکەکـەی دەرچـوو، لـە ڕاسـتیدا لـە بـاری سیاسـییەوە ئـەو کارەی سـۆڤیەت جـۆرە ئازادیخوازییەکـی بـۆ کـورد و گەلانـی ناوچەکـە تێدابـوو.

سـەرەتا هێـزی ئاسـمانی سـۆڤیەت، بەیاننامەیـان بـە زمانـی کـوردی، لـە ناوچـەی موکریـان بڵاوکـردەوە، کـە جـۆرە دڵنیایـەک و زامنی سـەر و ماڵیـان دەدا بە خەڵکـی(٢١٣). لەو بڵاوکراوەیـە نوسراوبـوو، "خەڵکـی ئێـران دڵنیابـن، ئێمـە لـە گورگانـی هیتلـەری ڕزگارمـان کـردوون"(٢١٤). ئەمـەش بـۆ ئـەوە بـووە، واپێشـانی بـدەن کـە سـوپای سـۆڤیەت دژی گەلـی کـورد نیـن. دوای ئـەوەی دوو فڕۆکـەی سـۆڤیەتی چەنـد بۆمبێکیـان لـە تەنیشـت، پادگانـە سـەربازییەکەی شـاری مەهابـاد خسـتۆتە خـوارێ، هـەر لـە یەکـەم ڕۆژدا، هێـزی سـەربازییان هەڵاتـن، لـەو کاتـەوە ئـەو سـاڵە لای خەڵکـی بەسـاڵاچووی ناوچـەی موکریـان ئـاوا یـاد دەکرێتـەوە" ئـەو سـاڵەی بۆمبـی ڕەحمـەتی بەربـووەوە".

ئەمـەش بـووە هـۆی ڕووخانـی دەسـەڵاتی (ڕەزا شـا) و سـەرانی لەشـکر بەجـل و بەرگی ژنانـەوە هەڵاتـن، سـەربازی بـەزۆر گیـراوی بـێ سـەرکردەش، تفەنگـە برنـۆ تازەکـەی دەفرۆشـت، دەڕۆیشـتەوە بـۆ ماڵەکـەی، لـە هیـچ لایەکـەوە بەربەرەکانـی نەکـرا و ئێـران بـێ مـەرج خـۆی ڕادەسـت کـرد. (ڕەزا شـایان) بـردە ئەفریقـای جنوبـی و (حەمـە ڕەزا) ی کـوڕی لـە جێـگا دانـا. "چەرچـڵ" سـەرۆک وەزیرانـی بەریتانیـا لـە وتاریکـی مێژووییـدا گوتـی "ڕەزا خـان خۆمـان هێنامـان و خۆمـان بردمانـەوە"، بـەم بۆنەیـەوە سـەبارەت بـە ڕەوشـی کـوردان لـە سـەردەمی (ڕەزا شـا) و هاتنـی هێـزی سـۆڤیەتی و هاوێشـتنی "بۆمبـی ڕەحمـەت"، بڵاوکردنـەوەی بەیاننامـە بـە زمانـی کـوردی و ڕێـگای سـەرکەوتنی کوردسـتان، هـەژار لـە ژێـر نـاوی "عەقـڵ و بەخـت" شـیعرێکی هۆنیوەتـەوە، کـە زیاتـر بەهـۆی

(٢١٣) وریا حەبیب (پ- ٤١)٤١- ٤٢.

(٢١٤) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٥٢.

فەقێـی حوجرەکانـەوە، دەیانوسـیووە و بەنـاو شـار و شـارۆچکە و گونـدەکان دەگـەڕان، لـە ماوەیەکـی کەمـدا نـەک هـەر لـە ناوچـەی موکریـان، بەڵکـو لـە هەمـوو ڕۆهەڵاتـی کوردسـتان بڵاوبـووەوە[٢١٥]. هەروەهـا هێمـن موکریانـی لـە دیوانـی هێمـن، باسـی ئـەم ڕۆژانە دەکات و دەڵێ" هەژار لەو بارەوە هەر ئەو دەم چەند جوانی گوت:

بـــە بڵاوبوونـــی دووپـــەڕ ئاگاهـــی بـــوو بـــڵاو ئەرتەشـــی شاهنشـــاهی[٢١٦].

ئـەم بەیتـەی هـەژار ئەگـەر هـەر بەیتێـک نەبـێ و لـە شـیعرێک دەرهاوێژترابـێ، ئـەوە شـیعرەکەی لـە دیوانەکانیـدا نییـە.

بـەم شـێوەیە بـە گەیشـتنی هێزەکانـی یەکێتـی سـۆڤیەت، لـە ٢٥ی ئابـی ١٩٤١ شـاری مەهابـاد لـە هێـزی سـەربازی و یەکـەی کارگێـڕی و دەزگا هەواڵگـری ئێـران خاڵـی کـرا، دوای ئـەوەی ڕۆیشـتن، بـۆ پڕکردنـەوەی، ئـەم بۆشـاییە کارگێـڕی و دابینکردنـی ئاسـایش و ئارامـی بـۆ دانیشـتوانی شـارەکە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە، کەوتنـە خۆیـان و ئەنجوومەنێکیـان بـە لێپرسراویەتـی (قـازی محەمـەد) پێکهێنـا [٢١٧]، بەمـەش کـەش و هەوایەکـی تاڕادەیـەک ئـارام هاتـە کایـەوە بـۆ نەتەوەکانـی تـری ئێـران، لەوانـەش کـورد، تـا دەسـت بـە خەباتـی نەتەوەیـی و بزاڤـی ڕزگاریخـوازی نیشـتیمانی بکـەن [٢١٨]، بـەم شـێوەیە لەشـکری سـوری سـۆڤیەتی، لـە سـاڵانی یەکەمـی بوونیانـدا، خۆیـان لـە کاروبـاری کوردسـتان هەڵدەقورتانـد و ڕێگەشـیان بـە لەشـکری ئێـران نـەدەدا، بگەڕێنـەوە ئـەو بەشـەی کوردسـتان، ئەمـەش دەرفەتێکـی یەکجـار باشـی بـۆ گەلـی کـورد ڕەخسـاند، بۆیـە سـەرەتا بەدامەزراندنـی کۆمەڵـە و پارتـی سیاسـی و پاشـانیش دامەزراندنـی کۆمـاری کوردسـتانی لێکەوتـەوە.

---

(٢١٥) عەبدولقـادر دەباغـی، ڕاپەڕینـی کۆمەڵـەی ژێ٠ کاف، وەڵامێـک بـۆ نامیلکەکـەی ژێ – ک چ بوو؟ (چاپـی دووەم- ناوەنـدی ڕاگەیاندنـی حزبـی دیموکراتی کوردسـتانی ئێـران- ١٣٦٧ - ١٩٨٨)١٩-٢٣.

(٢١٦) وریا حەبیب (پ- ٤١)٤٣-٤٤.

(٢١٧) حامیـد گەوهـەری، ئەحمـەد تۆفیق سـەرکردەیەکی ون لە مێژوویەکی شـێوێندراودا (دەزگای چاپ و بڵاوکردنـەوەی ڕۆژهـەڵات- هەولێر چاپـی یەکەم ٢٠١٥)١٤.

(٢١٨) موجتەبا بورزوویی(پ- ١٨٥)٣٤٨-٣٤٩.

## بەشـداریی هـەژار لـە کۆمەڵـەی ژیانـەوەی کوردسـتان "ژ.ک" J. K= بـە کۆمەڵـەی "ژێـکاف" نـاسراوە

وەک ئاماژەمـان پێکـرد، سـاڵی ١٩٤١ هێـزی هاپەیمانـەکان، کـە بەشـێکیان هێزەکانـی سـۆڤیەتی بـوون، ئێرانیـان داگیرکـرد، دیکتاتۆریەتـی (ڕەزا شـا) ڕووخـا و چونکـە سـاڵانێک بـوو، بەشـێک لـە خەڵکـی ئـەم وڵاتەیـان دەچەوسـاندەوە، ئـەم بارودۆخـە بەتایبەتـی دوای گۆڕانـی (ڕەزا شـا) و هاتنـە سـەرکاری (محەمـەد)ی کـوڕی، بـەم هـۆکارەش ئـازادی دیموکراتییـەکان لـە وڵاتـی ئێـران بووژایـەوە و گەشـەی کـرد، تاڕادەیـەک جۆرە سەربەسـتی و ئازادییەکـی بـۆ گەلانـی ئێـران هێنایـە پێشـەوە و هانـدەر و ڕێگـە خۆشـکەر بـوو. بـۆ دامەزرانـدن هاتنەکایـەی چەنـد کۆمەڵـە و ڕێکخراوێکـی سیاسـی لـەو وڵاتـە دروسـت بـوون و دەسـتیان کـرد بـە کار و چالاکیـی سیاسـی، لـە ئاکامـی ئـەم بارودۆخـەدا بزوتنـەوە سیاسـیەکان لـە ئێـران پێیاننایـە قۆناغێکـی نـوێ، دەرفەتـی بـاش بـۆ نەتـەوە نـا فارسـەکان لـە ئێرانـدا ڕەخسـا، کـە دەسـت بـە خەباتـی نەتەوەیـی و ڕزگاریخـوازی بکـەن، نەتـەوەی کوردیـش شـان بـە شـانی نەتەوەکانـی تـر، لـە ئێرانـدا هەوڵیـدا لـە میانـەی خـۆ کۆکردنـەوە و ڕێکخسـتندا، نەخشـی خـۆی لـە ڕووداوە مێژوویەکانـدا هەبـێ، لـە هەوڵـی ناسـین و پاراسـتنی ناسـنامە و شوناسـی کوردایەتـی خۆیانـدا بـن.

لــە کوردســتاندا بەگشــتی، کۆمەڵێــک ســەرۆک هــۆز بیــری ناسیۆنالیســتییان لــە مێشـکدا بـوو، بـەڵام ئـەم بیرۆکەیـە لـە چوارچێـوەی بەرنامەیەکـی دیاریکـراودا نەبـوو. ئــەم قۆناغــەش ئــەوەی دەخواســت کــە ڕێکخراوێــک یــان پارتێکیــان هەبــێ بتوانــێ دەســەڵاتی تیــرە و هــۆزە کــوردەکان بەیەکــەوە کۆبکاتــەوە. ناوچــەی مەهابــاد و دەوروبـەری، ڕابردوویەکـی دوور و درێژیـان، لـە جوڵانـەوەی نەتەوەیـی کـورددا هەبـوو، ئەمــەش یەکێــک بــوو لــە فاکتــەرە بەهێــزەکان.

بەشــێکی ناوچــەی موکریــان هیــچ هێزیکــی ئێرانــی و بیانــی تێــدا نەبــوو، لــە ئەنجامـی دروسـتبونی بارودۆخێکـی تاڕادەیـەک لەبـار و بوونـی چەنـد چالاکوانێکـی سیاسـی و ڕۆشـنبیریی لـە ناوچـەی موکریـان، بەمەبەسـتی پڕکردنـەوەی ئـەو بۆشـاییە بـۆ سـوود وەرگرتـن لـەو بارودۆخـە، کۆمەڵێـک کەسـایەتی سیاسـی و ڕۆشـنبیریی لـە

١٦ی ئابی١٩٤٢[٢١٩]، بەشێوەی نهێنی بە دامەزراندنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان "ژێکاف"[٢٢٠] کە یەکەمین ڕێکخراوی بەهێزی سیاسی کورد بوو. ژێکاف لە ڕۆژگارێکدا دروست بوو کە مافە نەتەوەییەکانی کورد و سەربەستی و ئازادییەکانی چەوساندنەوەی لە ڕووی سیاسی، ئابوری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لە گۆڕێدا بوو. ئەو سیاسەتەی (ڕەزا شا) پەیڕەوی کردبوو، (حەمە ڕەزا)ی کوڕیشی هەر بەو شێوەیەی پێشو درێژەی بەو سیاسەتە ڕەگەزپەرستیە دەدا.

ژێکاف کە درێژکراوەی هەمان حزبی ئازادیخوازی کوردستانە و لەسەر دار و پەردوی ئەو دامەزراوە و ناوەکەیان گۆڕیوە[٢٢١]. بە چەند ناوێکی تریش هاتووە، لەوانە کۆمەڵەی ژێ. کاف: کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان[٢٢٢]. یاخود ژ.ک - ژیانی کورد[٢٢٣]، بەم شێوەیە لەسەر ناوی دەستەی دامەزرێنەران؛ نوسەران و لێکۆڵەران ڕای جیاوازیان هەیە، بەڵام (عەبدولڕەحمان زەبیحی) وەڵامیناملکەی "ئارشی ڕۆزفێڵت" نوسەری کتێبی (جمهوری کورد لە مەهاباد)ی داوەتەوە، کە دەبێ ڕای ئەو کە سکرتێر و لە دامەزرێنەرانی سەرەکی ژ.ک و بەرپرس و هەڵسوڕێنەری سەرەکی گۆڤاری نیشتیمان بوو، لەم بارەیەوە بەڵگەدارتر دەبێ.

(زەبیحی) ناوی ڕێکخراوەکە بەناوی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان" دەناسێنێ[٢٢٤]. هەروەها لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی یەکێتی سۆڤیەتدا هاتووە، لە چاوپێکەوتنی (زەبیحی) و (مستەفا ئیلخانی زادە) لە ڕێبەرانی ژ.ک لە ئەیلوولی

---

(٢١٩) هیوا عەزیز سەعید، خۆیبوون، هیوا، ژ.ک لێکۆڵینەوەیەکی بەراورد کاریی(چاپخانەی یاد سلێمانی شەقامی مەولەوی بازاڕی سۆز ٢٠٠٦)٦٧-٦٨.

(٢٢٠) کەمال مەزهەر ئەحمەد، خەباتی ڕزگاریخوازی کورد و ئازەر لە ئێران، وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە ئازاد عوبێد ساڵح (چاپی یەکەم - ٢٠٠٤)٤٧.

(٢٢١) حامید گەوهەری، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (پ – ٢٠٦)٢٧.

(٢٢٢) حەمە ڕەحیم فەلاح " جووتیار" چەند ڕوونکردنەوەیەک سەبارەت بە کۆمەڵەی ژێ کاف "١١ روانگە گۆڤارێکی فرهنگی، اجتماعی، سیاسی(ساڵی سێهەم ڕەزبەری ٨١)٤٥-٤٦.

(٢٢٣) خەلیلی فەتاحی قازی، کورتە مێژووی بنەماڵەی قازی لە ویلایەتی موکری، وەرگێڕ و ئامادەکار حەسەنی قازی (چاپی یەکەم - هەولێر ٢٠٠٩)١٢٤.

(٢٢٤) جوتیاری حاجی تۆفیق، وەڵامی زەبیحی بۆ ناملکەکەی ئارشی ڕۆزڤێڵت، ئایندە گۆڤاری ئەدەب و هونەر و هزری هاوچەرخ، ژمارە- ٤١ سلێمانی- ٢٠٠٣)١٤٥-١٤٩.

١٩٤٤ دا هاتــووە، لــە پەیوەنــدی لەگــەڵ نــاوی ژ٠ک زەبیحــی گوتــی" ئــەم ڕێکخــراوە دوو ســاڵە پێکهاتــووە و نــاوی پارتــی "ژ٠ک"ە و مانــای (پارتــی ژیانــەوەی کوردســتان)ە.(٢٢٥). (لێــرە بــەدواوە، کۆمەڵــەی ژێــکاف بەکاردێنیــن).

ســەبارەت بــە نــاوی کەســایەتیەکان و ژمــارەی دامەزرێنەرانــی کۆمەڵەکــە، بیــروڕای جیــاواز هەیــە(٢٢٦). تــا ئێســتا بــە تەواوەتــی ڕوون نییــە و ســاغ نەبووەتــەوە. ئــەم

---

(٢٢٥) ئەفراسـیاو هەورامی، ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان لە دووهەم جەنگی جیهانی دا، بەپێی بەڵگەنامەکانی ئەرشـیفی یەکێتی سۆڤیەت(بڵاوکراوەی بنکەی ژین - ٢٠٠٦)١١٣.

(٢٢٦) مەلا قادر مودەریسی، کە خۆی یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ٠ ک بووە، بناغەدانەرانی ژ٠ک بەم جۆرە ناو دەبا: محەمەدی نانەوازادە، ڕەحمان زەبیحی، حوسێن فروهەر، عەبدولڕەحمان ئیمامی، قاسم قادری، مەلا عەبوڵای داودی، محەمەد یاهو، سەدیق حەیدەری، عەبدولڕەحمان کەیانی، مەلا قادر مودەریسی. سەید محەمەدی سەمەدی، ژ٠ک چ بوو؟ چی دەوێت؟ چی لێ بەسەرهات؟ (چاپەمەنیی سەیدیان- مەهاباد ١٩٨٠)١٥. هەروەها هەژاریش کە ئەندامێکی چالاک و لە پێشینەی کۆمەڵەی ژێکاف بووە دەنووسێت. ئەفسەرێک بەناوی میرحاج لەلایەن، کۆمەڵەی هیوای بەردەستی عێراقەوە، هاتۆتە ساباڵغ و دەیەوێ گوێ لە ئامۆژگارییەکانی بگرێ، ئەوەبوو یازدە کەس، لە باغی سیسەی ساباڵغ، لەگەڵ میرحاج کۆدەبنەوە، لەسەر ئامۆژگاری ئەوە حزبی ژ.ک دادەمەزرێنن. سوێندنامەکەی دەنووسنەوە، پرۆگرامی حزبی هیوا بە تۆزێک دەسکارییەوە، دەکەنە پرۆگرامی ژێ.کاف. لە دەستەی دامەزرێنەرانی ئەم کۆمەڵەیە ئاماژەی پێکردووە: حوسێن فروهەر، زەبیحی، تەوحیدی مەلا نەجمە، ئیمامی، محەمەدی نانەوا، قادری مودەڕیسی، محەمەدی یاهو، شاپەسندی، محەمەدی سەلیمی، قاسم قادری و خاڵە مەلای داودی. یازدە کەس بناغە دانەر بوون. جا کە زەبیحی منی بردە سوێنددان، بە منەوە بووینە بیست ئەندام. حوسێن ئەندامی ژمارە یەک و زەبیحی ژمارە دوو بوو و حوسێن سەرۆکی کۆمەڵەی ژێ.کاف بوو. عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٥٣.

ولیام ئیگلتۆن جونیۆر، نوسەر و دیپلۆماتکاری ئەمەریکایی، ناوی دامەزرێنەرانی ژ٠ک بەم چەشنە نوسیوە: ڕەحمان حەلەوی، محەمەد ئەمین شەرەفی، محەمەد نانەوازادە، ڕەحمان زەبیحی، حوسێن فروهەر، عەبدولڕەحمان ئیمامی، قاسم قادری، مەلا عەبدوڵا داودی، قادر مودەریسی، ئەحمەد عیلمی، عەزیز زەندی، محەمەد یاهو، میرحاج لە عێراق. ولیام ئیگلتۆن، کۆماری مەهاباد ١٩٤٦ وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردی سەید محەمەدی سەمەدی (چاپەمەنی سەیدیان مەهاباد- ١٣٥٨)١٠٥.

هەروەها عەبدولڕەحمان قاسملو ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، ئەم کۆمەڵەیە بەهۆی یازدە کەسەوە دامەزراون، کە هەموویان خەڵکی مەهاباد بوون، ئەمە ناوەکانیانە: حوسێنی فروهەر، عەبدولڕەحمان زەبیحی، عەبدولڕەحمان ئیمامی، عەبدولقادر مودەریسی، نەجمەدین تەوحیدی، محەمەد نانەوازادە، عەلی مەحمودی، محەمەد ئەسحابی، عەبدولڕەحمان کیانی، سەدیقی حەیدەری، قاسمی قادری. حوسێن فروهەر سەرۆکی کۆمەڵە بووە. هەروەها لەیەکەم کۆبونەوەی دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە، نوێنەری حزبی هیوای باشوری کوردستان، بەناوی میرحاج ئەحمەد بەشدار بووە. عەبدولرەحمان قاسملوو، چل ساڵ خەبات لە پیناو ئازادی(پ-١٩١)٢٦. هەروەها کەسایەتی سیاسی جەلیل گادانی، ڕایەکی تری جیاوازی

کۆمەڵەیـە، لـە (باغـی حاجـی داود) لـە مەهابـاد دامـەزراوە، کـە لـە سـەر بنەمـای سیاسـی و نەتەوەیـی بـوو[٢٢٧]. کۆمەڵەکـە لەسـەر چـوار کۆڵەکـەی سـەرەکی ئیسـلامەتی، کوردایەتـی، ئاشـتیخوازی و مەدەنییـەت دامەزرابـوو، چونکـە کۆمەڵگـەی کـوردی ئـەوکات ئـەوەی پێویسـت بـوو[٢٢٨]. کۆمەڵـی ژێـکاف بەزوویـی سەرتاسـەری ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانی تەنـی و بڵاوبـووەوە، پەلـی بـۆ پارچەکانـی تـری کوردسـتان هاوێشـت، بـە تایبەتـی لـە باشـوری کوردسـتان لقـی کۆمەڵـە زۆر پـەرەی گرتـووە و بەهێـز بـووە. ئامانجـی هـەر چوارپارچـەی کوردسـتان و ئازادکردنـی نەتـەوەی کـوردی ژێـر دەسـتە و دامەزراندنـی دەوڵەتـی کـوردی، لەسـەر بەرگـی "گۆڤـاری نیشـتمان" زمانحاڵـی کۆمەڵـە بـووە، بـژی کـورد و کوردسـتانی گـەورە نـوسراوە.

کۆمەڵـی ژێـکاف لـە ڕێـگای نووسـین و وتارەکانـی گۆڤـاری نیشـتیمانەوە، لـە هەوڵـی ئەوەدابـووە، گۆڕانێکـی فیکـری لـە بیـر و مێشـکی گەلـی کـورددا گەشـە بـکات. ئەویـش گەیشـتن بـە سەربەسـتی و ئـازادی و ڕزگاریـی نەتەوەیـی و دامەزراندنـی دەوڵەتـی سـەربەخۆیی کـوردی بـوو. ئـەم ڕێکخـراوە پێـی وابـوو، ئەوەنـدەی بـۆ ژیانـی مرۆڤـی کـورد، ئـاو ونـان و هـەوا پێویسـتە، بـە هەمـان ئەنـدازەش ئـازادی و ڕزگاریـی نەتەوەیـی گرنگـن. لـەم بارەیـەوە لـە نیشـتمان دا هاتـووە"

---

هەیە و پێی وایە، دامەزرێنەرانی ئەم کۆمەڵەیە پازدە کەسن، ئەمە ناوەکانیانە: مەلا عەبدوڵلای داودی، حوسێنی فروهەر، عەبدوڕەحمان زەبیحی، عەبدوڕەحمان ئیمامی، عەبدولقادر مودەریسی، نەجمەدین تەوحیدی، محەمەد نانەوازادە، عەلی مەحمودی، محەمەد ئەسحابی، عەبدوڕەحمان کیانی، سەدیقی حەیدەری، قاسمی قادری. عەزیز زەندی، محەمەد یاهو، ئەحمەد عیلمی. میرحاج و مستەفا خۆشناویش بە نوێنەرایەتی حزبی هیوای باشوری کوردستان، بەشداری کۆبوونەوەکان دەبوون. جەلیل گادانی، پەنجا ساڵ خەبات (پ - ٧٥)٢١.

ڕەنگە هەندێک لەم ناوانە دامەزرێنەری کۆمەڵە نەبن، بەڵام دەبێ هەموویان لە گەشەپێدان و بەهێزکردن و بەرەوپێشبردنیدا بەشداربووبن و کار و چالاکییان ئەنجامداوە.

(٢٢٧) ڕەحیمـی قـازی(پ- ٣١) ١٢٥-١٢٦. هـەر سـەبارەت بـە نـاو و ژمـارەی دامەزرێنەرانـی ئـەم کۆمەڵەیـە، دەتوانـی سـوود لـەم سـەرچاوەیەش وەربگـری. هێدی، خالید ئاغای حیسـامی، ئاوێنەی شـکاو یـان بیـرەوەری هێدی(چاپـی یەکـەم هەولێـر - ٢٠٠٤)٦٧.

(٢٢٨) گۆڤـاری نیشـتیمان "لـە نـاو کۆمەڵـەدا چەنـد بەندێـک لـە مەرامنامـەی کۆمەڵـە" (٦ ڕەشـەمەی ١٣٢٢ ک. هــ. ١٩٤٣)١٦.

"لـە دنیـای ئەمـڕۆدا ژیـان و یەخسـیری و ژێـر دەسـتی هیـچ ناهێنـی، میللەتێکـی ژێردەسـتی ئـەم و ئـەو بێـت وەک هەتیـوی بـێ دایـک و بـاب هەمیشـە هەناسـە سـارد و ڕەنـگ زەردە... سەربەسـتی بـۆ میلـەت لـە ڕادەی نـان و ئاودایـە، واتـە چلـۆن ئادەمیـزاد بـێ نـان ناژیـت. هەروەهـا بەبـێ ئازادیـش ناتوانـێ بـژی. ئـەم زنجیـر و کەلەمـی دیلـی کـە خراوەتـە ئەسـتۆی نەتـەوەی بـە شـەهامەت و ڕەشـیدی کـورد، سـەتحی ئەخلاقـی ئـەم قەومـە ئـازاد و نەجیبـەی زۆر هێناوەتـە خـوار[٢٢٩].

سـەبارەت بـە پەیوەندییـە ناوخۆییەکانـی، کۆمەڵـەی ژێـکاف پەیوەنـدی پتـەوی بـە کۆمەڵـە و ڕوناکبیرانـی بەشـەکانی دیکـەی کوردسـتانەوە هەبـوو، جگـە لـەوەی لـە دوو شـاری سـلێمانی و هەولێـر لقـی هەبـووە، سـەرەتا لەگـەڵ کۆمەڵـەی هیـوا و دوایـی لەگـەڵ (مسـتەفا بارزانـی) کـە لـەو کاتـەدا ڕابەرایەتـی جوڵانـەوەی سـێیەمی بارزانـی دەکـرد لـە باشـوری کوردسـتان، هەروەهـا پەیوەندیشـی هەبـوو، بـە لقـی کوردسـتانی حزبـی شـیوعی عێـراق و حزبـی ڕزگاری کوردسـتان.[٢٣٠] کۆمەڵـەی هیـوا لـە سـاڵی ١٩٣٩ لـە باشـوری کوردسـتان دامـەزرا، لـە کۆتاییەکانـی سـاڵی ١٩٤٣ بەهـۆی ناکۆکـی ناوخۆیـی کـە لـە نێـو ئەندامەکانیـدا دروسـت ببـوو، هەڵوەشـایەوە.

هـەر لـەو سـەروبەندەدا لـە ڕۆژئاوای کوردسـتان، کۆمەڵـەی خۆیبون درێـژەی بەتەمەنی سیاسـیانەی خـۆی دەدا، نوێنـەری ئەم کۆمەڵەیە لە سـاڵی ١٩٤٤دا سـەردانی شـاری مەهاباد دەکـەن، بـە نوێنەرایەتـی (قـازی مـەلا وەهـاب) و (قـەدری جەمیل پاشـا)ی دیاربەکـری[٢٣١]. دوای دامەزراندنـی کۆمەڵـەی ژێـکاف، بەشـێوەیەکی گشـتی دوو کۆنگـرەی ئەنجامـداوە، یەکەمیـان بـۆ یەکـتر ناسـین، کـە لـە مانگـی نیسـانی ١٩٤٣ دا بەسـترا [٢٣٢] و نزیکـەی ١٠٠ سـەت ئەنـدام بەشـداری تێـدا کـرد، لـەو کۆنگرەیـە بڕیـاردرا لەسـەر هەڵبژاردنـی ئەندامانی کۆمیتـەی ناوەنـدی کۆمەڵـە و (حوسـێنی فروهـەر)[٢٣٣] یـش، بەشـێوەی فەرمـی کـرا بـە

(٢٢٩) عەلی کەریمی، نیشتیمان بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ.ک(پ- ٥٤)٣٤.
(٢٣٠) حامید گەوهەری، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (پ – ٢٠٦)١٥١.
(٢٣١) هیوا عەزیز سەعید(پ - ٢١٩)٨٢.
(٢٣٢) حامید گەوهەری، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (پ – ٢٠٦)٤٢.
(٢٣٣) حوسـێنی فروهـەر یاخـود حوسـێنی زێڕنگـەران، سـاڵی لـە دایکبونـی دیارنیـە، بـەڵام بەپێـی

لێپـرسراوی کۆمیتـەی کۆمەڵـە و بەرپرسـی لیژنەکانیـش دانـران، وەک لیژنـەی ڕاویـژکاران، چـاپ و بڵاوکردنـەوە و دارایـی[٢٣٤]، هەروەهـا لـەم کۆنگرەیـە بڕیـاردرا، پەیوەنـدی بکـەن بەنزیکتریـن هێـزی نێودەوڵەتـی، کە یەکێتی سـۆڤیەت بوو لـە ناوچەکەدا، وەک پاڵپشـتیەک بـۆ بەدیهێنانـی مافەکانیـان لـە سـنووری کوردسـتاندا[٢٣٥]. هەروەهـا کۆنگـرەی دووەم لـە سـاڵی ١٩٤٥ بەسـتراوە[٢٣٦]، ئـەم هەواڵـە لـە لاپـەڕە(٢)، ژمارە(٢)ی گۆڤاری نیشـتیمان سـاڵی ١٩٤٣، زمانحاڵـی فەرمـی کۆمەڵـەی ژێـکاف بڵاوکراوەتەوە. بەشـێوەیەکی گشـتی (حوسـێنی زێڕنگـەران) "فروهـەر" نـاوی نهێنـی کاوە "١" بـووە، ئەندامـی ژمارە یەکـی کۆمەڵەی ژێکاف و سـەرۆکی گشـتی کۆمەڵە بـووە. (عبدولڕەحمان زەبیحی) ناوی نهێنـی ع. بێژەن ٢ ئەندامی ژمـارە دووی کۆمەڵـە و سـکرتێری گشـتی کۆمەڵـەی ژێـکاف بـووە.

بـەڵام سـاڵانی دواتـر بەهـۆی زۆری ئەندامانـی و فراوانییـەوە، هەروەهـا بەهـۆی ئـەوەی کـە سـەرۆکی کۆمەڵـە (حوسـێنی فروهـەر) کەسـێکی زۆر نـاسراو نیـە، بۆیـە (قـازی محەمـەد) بەنـاوی نهێنـی (بینایـی) دێتـە نـاو کۆمەڵـەی ژێـکاف، دەبێتـە سـەرۆکی کۆمەڵـە، لـەدوای ئـەو ژمارەیـەک کەسـایەتی و ئاغـا و سـەرۆک هـۆز، چوونەتـە ڕیـزی کۆمەڵـەوە[٢٣٧].

---

بەدواداچونەکانـی خـۆم و ڕووداوەکان بێـت، دەبێـت لـە ساڵانی ١٩١٠-١٩١٥ بێـت، خەڵکـی شـاری مەهاباد، گەنجێکی ڕوناکبیر و لە سـەرەتادا کاری بازرگانی کردووە و قوماشـی لە ڕۆژهەڵات گواسـتۆتەوە باشـوری کوردسـتان و لەگەڕانەوەیـدا ڕۆژنامـە و گۆڤاری کوردی لەگـەڵ خۆی بردۆتەوە بـۆ هاوڕێیەکانی، چەنـد سـاڵێکیش فەرمانبـەری کارگێـڕی مالیـەی مەهاباد بـووە، فروهەر یەکێـک بووە، لـە دامەزرێنەرانی کۆمەڵـەی ئازادیخوازانـی کوردسـتان، لـە سـاڵی ١٩٣٨، لەلایـەن پۆلیسـی ڕەزاشـاوە دەسـتگیرکراوە و دورخراوەتـەوە بـۆ شـاری کرمـان، لـە سـاڵی ١٩٤١ ئـازاد کراوە، لـە کۆماری کوردسـتان پلەی سـەرهەنگی هەبـووە، دوای ڕوخانـی کۆمـار جارێکـی تـر دەسـتگیرکراوەتەوە، بەتێکڕا لەسـەر هەڵوێسـتە سیاسـی و نیشـتیمانیەکانی ماوەی ١٥ سـاڵ لە زیندانەکانی تاران، تەورێز و شـوێنی تر ماوەتەوە، بەهۆی نەخۆشـی دەردەباریکە(سـیل) لـە تەمەنـی پیـری کۆچـی دوایـی کـردووە و لـە مەهاباد بە خـاک سـپێردراوە. حامید گەوهـەری، کۆمەڵـەی ژیانـەوەی کوردسـتان (پ – ٢٠٦)٣٢-٣٣.

(٢٣٤) عەبدولخالید سابیر کەریم(پ -٢٠٩)٢٣٥.

(٢٣٥) مەحمـود مـەلا عـززەت، دەوڵەتـی جمهـوری کوردسـتان (چاپـی سـێیەم- سـلێمانی چاپخانـەی کارۆ ٢٠٢٣)٩٠.

(٢٣٦) حامید گەوهەری، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (پ – ٢٠٦)٤٢.

(٢٣٧) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٦١-٦٢.

لـە سـەرچاوەیەکدا هاتـووە، کـە هەژاریـش یەکێکـە لـە دامەزرێنەرانـی کۆمەڵـەی ژێـکاف[٢٣٨] و سـەرچاوەیەکی تـر هەمـان ڕای هەیـە و ئەویـش پێیوایـە یەکێکـە لـە دامەزرێنەرانـی کۆمەڵـەی ژێـکاف[٢٣٩]و لـە سـەرچاوەیەکی تـردا هاتـووە، هـەژار لەیەکەمیـن کۆبونـەوەی پێکهێنانـی ئـەم کۆمەڵەیـە بەشـداری کـردووە[٢٤٠]. هەرچەنـدە هـەژار، لـە یاداشـتەکانیدا، ئامـاژەی پێنەکـردووە، کـە بەشـداری لـە یەکـەم کۆبوونـەوەی دامەزراندنـی ئـەم کۆمەڵەیـە کردبێـت، توێژەریـش هـەر پێیوایـە، لەیەکـەم کۆبوونـەوە بەشـدار نەبـووە، چونکـە ئەگـەر بەشـداری کردبـا، خـۆی لـە یاداشـتەکانیدا، ئامـاژەی بـۆ دەکـرد، یاخـود سـەرچاوە بنەڕەتیەکانیـش لـە ساڵانی چلەکانـی سـەدەی ڕابـردوو، ناوەکەیـان تۆماردەکـرد، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە ئەندامـە لـە پێشـنییەکانی کۆمەڵـەی ژێکافـە، هـەم بـە هـۆی کەسایەتی و ئـەو پێگەیـەی کـە هەیبـووە، هەروەهـا نـاوی نهێنـی و ژمارەکـەی، کـە دواتـر ئامـاژەی پێدەکەیـن، ئـەوە دەگەیەنێـت کـە لـە ئەندامـە دیـار و لـە پێشـنییەکان بـووە.

لـە سـەرچاوەی تـری جیـاواز ئاماژە بۆ ئەوە کـراوە، کە هەژار لە ساڵی ١٩٤١ پەیوەندی بـە کۆمەڵـەی ژێـکاف دەکات[٢٤١] ئەمـە لـە کاتێکدایـە ژێـکاف خـۆی لـە ١٦ی ئابـی١٩٤٢ لەلایـەن چەنـد کەسـایەتیەکی سیاسـی و ڕۆشـنبیری دامـەزراوە نـەک سـاڵی ١٩٤١، وەک لەسـەرەوە ڕوونکراوەتـەوە. لـە سـەرچاوەیەکی دیکـەدا هاتـووە کە هەژار لە ساڵی ١٩٤٣ بووەتـە ئەندامـی کۆمەڵـەی ژێکاف[٢٤٢]، سـەرچاوەیەکی تریش هەمان سـاڵی داناوە[٢٤٣] لە سـەرچاوەیەکی تـری جیـاواز باس لەسـاڵی ١٩٤٥، دەکات کـە بووەتە ئەندامـی ژێکاف[٢٤٤]. لـە شـوێنێکی تـر نـاوی بەنـاوی (ع- هـەژار٣) کـراوە، بەپێـی لێکدانـەوەی ئـەو دەبێـت

(٢٣٨) موجتەبا بورزوویی(پ- ١٨٥)٣٦٣.

(٢٣٩) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩)١٥٢.

(٢٤٠) ڕەحیمی قازی(پ- ٣١) ١٢٦.

(٢٤١) زامدار ئەحمەد، هەژار موکریانی لە چەند دیدارێکدا (پ - ٨)٧.

(٢٤٢) محەمـەد خـدر مەولـود، لەبیـرەوەری دوو سـاڵەی کۆچـی دوایـی نوسـەری نـاوداری کـورد هـەژار موکریانـی" ١٣" ڕۆژنامـەی هەرێـم (٢٥ی شـوباتی١٩٩٣)٩.

(٢٤٣) فەلەکەدین کاکەیی، کۆبەرهەم دەفتەری خاک(پ- ٤)٢١.

(٢٤٤) ئەحمـەد محەمـەد ئیسـماعیل، لـە یـادی کۆچـی مامۆسـتا هـەژاری موکریانـی دا"٣٦٢٠" برایەتـی ئـەدەب و هونـەر(٢٠ی شـوباتی ٢٠٠٢)٩.

ئەندامی ژمارە سێ بێ[٢٤٥]، بەڵام ڕاستی و دروستی بابەتەکە ئەوەیە: هەژار بەناوی نهێنی ع . هەژار و بە ژمارە (٢٠) بووە[٢٤٦]، واتە بەپێی ڕیزبەندی بیستەمین کەس بووە، بووەتە ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف، بۆیە لە ئەندامە لە پێشینەکانە. هەروەها ئەم سەرچاوەیەش جەخت لەوە دەکاتەوە، کە ئەندامێتی ناوبراو ژمارە بیست بووە[٢٤٧].

ئەوکاتەی هەژار لە ڕێی هاوڕێیەکی بەناوی(زەبیحی) چوونەتە ماڵێک "پتر لە دەکەس لاوی کورد دانیشتبوون. گوتیان ناوی نهێنی بۆخۆت هەڵبژێرە و ژمارەی ئەندامی بیستە "ئەمیش خۆشحاڵی خۆی دەربڕیوە، کە ژمارەی ئەندامانیان گەیشتۆتە ئەو ڕێژەیە[٢٤٨]، ئەمەش دوای سوێندخواردنی بە قورئان و ئاڵای کوردستان، نە بە قسە و نە بەکردەوە خیانەت لە نەتەوەی کورد نەکا[٢٤٩]، بۆ ڕزگاری نەتەوەی کورد تێبکۆشی و نهێنیەکانی کۆمەڵە نەباتە دەرێ، ئەمەش هەتا مردن بە زمان، بە قەڵەم، بە ئاماژەدان، نهێنیەکان بپارێزێت. بەرژەوەندی نەتەوە و وڵاتەکەی پێش هەموو بەرژەوەندیەکی تر بێت، پیاو و ئافرەتی کورد بە خوشک و برای خۆی بزانێت، بە دڵ و گیان بۆ ئازادی کوردستان تێبکۆشێ[٢٥٠].

لەبارەی ئەندامبوونی هەژار لە کۆمەڵەی ژێکافدا، (هێمن موکریانی) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کاتێک لە ساڵی ١٩٤٢ بووەتە ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف "ناوی نهێنی حیزبیم هێمن بوو، بە ژمارەی ئەندامیەتی ٥٥، ئەمن حەقم نەبوو، هیچ لەوان بپرسم، بەڵام ئەوان ئەوەندەیان متمانە بەمن هەبوو، پێم بڵێن هەژاریش ئەندامی کۆمەڵەیە" [٢٥١]. ئەمەش پشت ڕاستی ئەوە دەکاتەوە، ئەندامێتی هەژار لە ساڵی ١٩٤٢دا بووە و لەپێش(هێمن)یشەوە بووە.

---

(٢٤٥) ئەحمەد شەریفی، هەژاری موکریانی کۆچی کرد"١١-١٢ گۆڤاری مامۆستای کورد( سوید هاوینی ١٩٩١)٦٢.

(٢٤٦) کەماڵ عەبدوڵلاهی، سێبەری ئازادی، هەوراز و نشێوەکانی مێژووی خەباتی کۆمەڵەی ژێ. کاف ١٣٢١-١٣٢٤ (چاپخانەی شڤان- سلێمانی ٢٠٠٨)٢٣٦.

(٢٤٧) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩)٥٧.

(٢٤٨) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٥١-٥٢.

(٢٤٩) بیرەوەریەکانی محەمەد شاپەسندی(پ-٨٩)٢٤.

(٢٥٠) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٥١-٥٢.

(٢٥١) وریا حەبیب(پ- ٤١)٤٦.

سـەرچاوەیەکی تـر وای بـۆ چـووە، لـە سـاڵی ١٩٤٤، هـەژار بووەتـە ئەندامـی کۆمەڵـەی ژێـکاف و لـە سـاڵی ١٩٤٣، بەشـداریکردووە، لـە پەیمانـی سـێ سـنوور[٢٥٢]. پێویسـتە ئامـاژە بـۆ ئـەوە بدرێـت، کـە سـەرەتا ناوبـراو دەبێتـە ئەنـدام و پاشـان لـە پەیمانەکـە بەشـداری دەکات، بـەڵام ئـەو بەپێچەوانـەوە ئەمـەی یاداشـت کـردووە، ڕاستیەکەی ئەوەیـە، بەپێـی ئـەو سـەرچاوە باوەڕپێکراوانـەی ناویـان هاتـووە، ئەندامێتـی هـەژار هـەر لـە سـاڵی ١٩٤٢بـووە. پەیمانـی سـێ سـنوور لـە سـاڵی ١٩٤٤بـووە.

هـەژار کەسـایەتیەکی دیـار و، لـە ئەندامـە چـالاک و هەڵسـوڕاوە دیارەکانـی ژێـکاف بـوو[٢٥٣] و یەکێـک لـەو ئەرکـە گرنگانـەی پێـی سـپێردراوە، ئـەو کەسـانەی هەڵسـەنگاندووە، کـە بوونەتـە پاڵێـوراو و ئەندامـی کۆمەڵەکـە. چەندیـن کەسـی کردۆتـە ئەنـدام، یـەک لەوانـە (عەبدولقـادر دەباغـی) بـووە، کـە خـۆی ئامـاژە بـەوە دەکات لـە سـاڵی ١٩٤٣ بووەتـە ئەنـدام [٢٥٤].

لەلایەکـی تـرەوە هـەژار موکریانـی هانـی ئـەو کەسـانەی داوە کـە بوونەتـە ئەندامـی ژێـکاف؛ پیرۆزبایـی لێکـردون و بۆئـەم هەڵوێسـتە نیشـتیمان پـەروەرە. شـیعری بـۆ نوسـیون یـەک لـەو ئەندامانـە سـەعید همایونـە بەنـاوی نهێنـی ئاگـر. دەکاتـە خـوارزای قـازی محەمـەد و بەرپرسـی نوسـینگەی قـازی بـووە لـە کۆمـاری کوردسـتان. ئـەم شـیعرەی خـوارەوە دەستنوسـی هـەژار نیـە و لـە دیوانەکەشـیدا چـاپ نەکـراوە. بەڵکـو سـەعید همایـون، وەک یـادگاری و بیرەوەرییـەک بەدەسـت و خەتـی خـۆی لـە دەفتەرێکـی تایبەتـی هـەژاردا نوسـیویەتی نـاوی خۆشـی لەخـوارەوە نوسـیوە. کـە ئەمـە دەقـی نوسـین و شـیعرەکەیە" لـە نـەورۆزی سـاڵی ١٣٢٣- ١٩٤٤ هەتـاوی دا مامۆسـتا هـەژار ئـەم سـێ شـیعرەی بـە عینوانـی تەبریـک و پیرۆزبایـی بـۆ ناردبـووم؛ ئـەو وەختـە نـاوی نهێنـی مـن لـە کۆمەڵـەی ژ.ک دا (ئاگـر) بـوو

(٢٥٢) فەرەیدون حەکیم زادە، هەژار لە لوتکەدا (پ- ١٨)٢٠.

(٢٥٣) کەریـم شـارەزا، لـە یـادی کۆچـی دوایـی خزمەتگوزاری کـورد دا شـاعیری نیشـتیمانپەروەر و زمان زان مامۆسـتا هـەژار ١٩٢١- ١٩٩١(پ-٧)١.

(٢٥٤) عەلی کەریمی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی - مامۆستا عولەما (پ- ٣٧)٤٠٠- ٤٠١.

ئاگر بەبێ تۆ بێ تین وەک ڕەژیم
وەک ئاگر پەرست بێ تۆ چۆن دەژیم؟
هومێد ڕوون و هەویای بێ نەوای
زستان بۆ هەژار لە باتی کەوای
دارای ژیانی خۆش و درێژ بی
دور لە تاریکیو هەوراز و لێژ بی.

ئەم بەڵگەنامەیە لە پاشکۆی ئەم کتێبەدا هەیە. پێدەچێت لەکاتی سەردانی کردنی سەعید همایون بۆلای هەژار موکریانی لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو. لەم دەفتەرە تایبەتەی ئەو بابەتەکەی نوسیوە، چونکە دەفتەرەکەی هەژار موکریانی هەموو ئەو بابەت و نوسراوانەی تۆمارکردون هی ساڵانی حەفتاکانن.هەروەها ئەندامێکی لە پێشینە و دیار بوو، هەتا ناوی لە لیستی کونسوڵخانەی سۆڤیەت تۆمار کراوە، کە لە ٢٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٤، بەڕێوەبەری بەشی ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی ژێکاف، لە وەڵامی نامەیەکی (حەسەنۆڤ) سەرکونسوڵی یەکێتی سۆڤیەت لە شاری تەورێزدا، کە داوای لیستی ناوی ژمارەیەک ئەندامی دڵسۆز و چالاکی کۆمەڵەی ژێکافی کردبوو، (زەبیحی) وەڵامی نامەکە دەداتەوە و نووسیویەتی، کە ناوی ژمارەیەک ئەندامی چالاک و بە بیروباوەڕی کۆمەڵەکەی تێدایە، ژمارەیان بە گشتی ٢٢ ئەندامە، ناوی هەژار لە ڕیزبەندی ١١دا هاتووە، بەناوی "ڕەحمانی شەرەفکەندی، بۆکان، (گەنج)"[٢٥٥]. ئەم ڕیزبەندیەی (زەبیحی) لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، سەرەتا ئەوانەی خەڵکی مەهابادن نوسیوونی، پاشان بۆکان و شوێنەکانی تر، بۆیە ئەمە ڕەنگدانەوە و پەیوەندی نیە، بە ئەندامیەتی لەپێشینە.

---

(٢٥٥) حامید گەوهەری، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (پ - ٢٠٦)٥٥-٥٦.

**پەیمانی سێ سنوور:**

سـەبارەت بـە "پەیمانـی سـێ سـنوور"؛ چەندیـن وتـاری جیاجیـا لـە کتێـب، ڕۆژنامـە و گۆڤارەکانـدا بڵاوکراونەتـەوە، چەندیـن کەسـایەتی سیاسـی و ڕوناکبیـر، لـە نووسـین و گێڕانـەوەی یاداشـتەکانیان، ئاماژەیـان پێکـردووە، بـەڵام هەرکەسـە و لای خۆیـەوە، شـتێکی لـێ زیـاد و کـەم کـردووە، بەشـێوەیەکە کـە تائێسـتا بۆ زۆربـەی نووسـەران و مێژوونووسـان بەتـەواوی سـاغ نەبووەتـەوە:

ئایـا لـە نێـوان چەنـد پارچـەی کوردسـتان ئـەم پەیمانـە بەسـتراوە؟ چەنـد حـزب و ڕێکخـراوی کـوردی بەشـداری ئـەم کۆبوونەوەیـان کـردووە؟ نوێنەرانـی حـزب و ڕێکخراوەکانـی کوردسـتان کـێ بـوون؟ ئامانـج لـەم پەیمانـە چـی بـوو؟ بۆچـی نـاوی پەیمانـی سـێ سـنوورە؟ ئـەدی بـۆ ئـەم پەیمانـە شکسـتی هێنـا؟ ڕۆڵ و کاریگەرییەکانـی وڵاتانـی زلهێـز لـە شکسـتی ئـەم پەیمانـە چـی بـوو؟ هـۆی چییـە لـە بنەڕەتـدا ئـەم پەیمانە لـە سـەرچاوەکان بەشـێوەی نـاڕوون و هەڵـە تۆمارکـراوە؟

ئێمـە ئەم بابەتـە مێژووییەمان بەتەواوەتی بەشـێوەیەکی زانسـتی؛ بەپێـی بەدواداچوون و بەڵگـە و دێکۆمێنـت ڕوونکردۆتـەوە، بابزانیـن سـەرچاوە بیانـی و کوردییـەکان چـۆن؛ باسـی ئـەم پەیمانەیـان کـردووە:

سـەرەداوی ڕاسـتی و سـاغ کردنـەوەی بابەتەکـە لە نوسـینی هـەژار سـەرچاوەی گرتووە؛ کـە بەهـۆی ئـەو متمانـە زۆرەی پێیـان بـووە، لەسـەر ئاسـتی بـاڵا، هـەژار یەکێـک بـووە لـە نوێنەرانـی کۆمەڵـەی ژێـکاف بـۆ دانوسـتاندنەکان لەگـەڵ ڕێکخراوەکانـی تـر:

ئـەوە بـوو لـە سـاڵی ١٩٤٤، ناوبـراو وەک یەکێـک لـە نوێنەرانـی ئـەم ڕێکخـراوە، بەشـداری لـە پەیمانـی سـێ سـنووری مێژوویـی کـردووە[٢٥٦].

لەبـارەی ئـەم پەیمانـە (ویلیـام ئیگلتـۆن) ئامـاژەی پێکـردووە "لـە مانگـی ئابـی سـاڵی ١٩٤٤، وتوێژێکـی نهێنـی تایبـەت بـە یەکێتـی کوردسـتانی گـەورە لـە چیـای داڵانپـەڕ کـە لـەوێ سـنوورەکانی ئێـران و عێـراق و تورکیـا گەیشـتونەتەوە یـەک، پێکهـات و یەکتریـان

(٢٥٦) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩)٥٧.

دیتـەوە. ئـەو پەیمانـە بـە نوێنەرایەتـی کوردەکانـی هـەر سـێ وڵات بـۆ ئیمـزای پەیمانـی دۆسـتایەتی و پشـتیوانی لـە یەکـتر بەسـترا و بڕیـاری ناوبـراو بـە "پەیمانـی سـێ سـنوور" ناوبانگـی دەرکـرد، لـە پاشـان نـاوی نوێنـەران دەبـا و دەڵـێ "نوێنـەری کوردەکانی ئێـران کە لەلایـەن کۆمەڵـەی (ژ.ک) ناردرابـوو، (قاسـمی قـادری) بـوو. لـە عێـراق (شـێخ عوبەیـدوڵا) لـە گونـدی زینـوێ هاتبـوو و نوێنـەری کوردەکانـی تورکیـاش (قـازی مـەلا وەهـاب) بـووە. لـەو کاتـە ڕەسـمییەدا ناسـاندنی جوغرافیـای کوردسـتان پێویسـت بـوو"[٢٥٧].

زۆربـەی نووسـەر و مێژوونووسـانیش هـەر ئـەو زانیارییانـەی (ئیگلتۆن)یـان نووسـیوە و دوپـات کردۆتـەوە، وەک سـەرچاوەیەکی بنەڕەتییـان بەکارهێنـاوە.

هەروەهـا (دەیڤـد ماکـداوڵ) لـە کتێبەکەیـدا ئـەوەی نوسـیووە، لـە مانگـی ئابـی سـاڵی ١٩٤٤، دەسـتەی نوێنەرانـی سـێ وڵاتی ئێـران، عێـراق و تورکیا لە چیای داڵانپەڕ لەو شـوێنەی سـنوورەکانی سـێ وڵات دەگەنـەوە یـەک یەکتریـان بینـی، "تا پەیمان ببەسـتن کـە بەرگری لە یەکـتری بکـەن، لـە داهـات و تواناادا هـاوکاری یەکتر بکـەن"[٢٥٨]. هەر سـەبارەت بـەم بابەتە (کریـس کۆچێـرا)ش هەمـان ئـەو نوسینەی (ئیگلتـۆن) و (ماکداوڵـی) تۆمارکردۆتـەوە[٢٥٩]. هەروەهـا لەسـەرچاوەیەکی تـردا (سـەید محەمـەد سـەمەدی) لـە کتێبەکەیـدا نوسـیویەتی" بڕیـاردرا نوێنـەری کوردەکانـی چـوار دەوڵـەت لـە شـوێنێک کۆببنـەوە و سـەبارەت بـە جوغرافیـای کوردسـتان و فەرهەنگـی کـوردی وتوێـژ بکـەن. ئـەو کۆبونەوەیـە لـە چیـای داڵانپـەڕ بـووە[٢٦٠]. ناوبـراو ئامـاژەی بەنوێنەرانـی هەرچـوار پارچەی کوردسـتان کـردووە، کە لـەم کۆبونەوەیـە بەشـداربوون، ئەویـش نـاوی هـەژاری نەهێنـاوە. ئەمـە لەکاتێکدایـە تەنیا نوێنەرانـی کۆمەڵـەی ژێکافـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و حزبـی هیـوای باشـوری کوردسـتان بەشـداری کۆبوونەوەکەیـان کـردووە. وەک لـە خـوارەوە ڕوونمـان کردۆتـەوە.

(٢٥٧) ولیـام ئیگلتـۆن جونیـۆر، حکومەتـی میللـی کوردسـتان مەهابـاد ١٩٤٦ وەرگێڕانـی سـەید محەمـەد سـەمەدی(چاپخانەی شـڤان سلێمانی ٢٠١٢)٧٢.

(٢٥٨) دەیڤـد ماکـداوڵ، مێـژووی هاوچەرخـی کـورد وەرگێڕانی لە فارسـیەوە د. ئەبوبەکر خۆشـناو(چاپی سـێیەم ناوەنـدی ئاوێر بـۆ چاپ و بڵاوکردنـەوە)٣٧٦.

(٢٥٩) کریـس کۆچێـرا، جنبـش ملـی کـورد، وەرگێڕانی ئیبراهیم یونسـی (چاپ اول انتشـارات نگاه – تهران – ١٣٧١- ١٩٩٢)٢٠٦.

(٢٦٠) سید محمد صمدی، نگاهی به تاریخ مهاباد، (چاپ اول انتشارات رهرو مهاباد ١٣٧٣-١٩٩٢)١١٤-١١٥.

لەلایەکی ترەوە بەڕای کەسایەتی سیاسی (ئیبڕاهیم ئەحمەد ١٩١٤-٢٠٠٠)، "پەیمانی سێ سنوور ... ئەسڵ و ئەساسی نیە" لە وەڵامی پرسیارێکدا کە بۆ بڕوای بە پەیمانی سێ سنوور نیە؟ دەڵێ:" من بڕوام بە گەلێ شت نیە، بڕوام لە خۆمەوە نیە"[٢٦١]. هەروەها هەندێک سەرچاوەی تر باس لە بوونی ئەم پەیمانە دەکەن، بەڵام ناوی هەژار ناهێنن[٢٦٢]. لەم بارەیەوە (عەبدوڵڵا حەسەن زادە) سکرتێری پێشوتری حدکا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکا، ئەم پەیمانە هەبووە و تەنها بەقسە و لەسەر زارانە، هیچ بەڵگەنامەیەکی مێژوویی نییە لەسەری، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەژار بەشداری نەکردووە[٢٦٣]. سەرچاوەیەکی تر پێی وایە نوێنەرانی باکووری کوردستانیش بەشدار بوون، بەڵام ئەوانیش ناوی هەژاریان نەهێناوە[٢٦٤].

بە پێچەوانەی ئەم نووسین، و زانیاری و ڕایانەی لەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە. دەتوانین بڵێین زۆرترین و باشترین سەبارەت بەو پەیمانە لە کتێبی چێشتی مجێوردایە، هەژار لە بەشی مەئموورییەت لە کۆمەڵەی ژێکافدا دەڵێ" مانگی جۆزەردان بوو، دروێنەی جۆ لە دەوری بۆکان دەستی پێکردبوو. حزب ناردی چوومە سابڵاغ، دەگەڵ میرزا قاسمی قادری و زەبیحی کە دەبووینە سێ کەس، گوتیان دەبێ بچنە دزەی مەرگەوەڕ. دەگەڵ نوێنەرانی حزبی هیوای کوردستانی عێراق گفتوگۆبکەن و هەر قەرارێک ئێوە بیدەن، ئێمە پێی ڕازین". دوای چەند دێیان دەکەن دەگەنە گوندی قاسملو لە دۆڵی قاسملو لەبن چیای دمدم، شەو لەماڵی مستەفا ئاغا ناوێک میوان دەبن، پاشان نووسیویەتی" بەیانی وڵاغمان لە سۆفی شێرە ناوێک بەکرێ گرت و چوینە دۆڵی دزە. بۆ نیوەڕۆ لای عەبدولقادری کوڕی شێخ عەبدوڵا لە گردوان بووین و ئێوارە چووینە ڕەشماڵی شێخ لە دزە "هەردوابەدوای گێڕانەوەی ئەم باسە، یەکسەر باسی نوێنەرانی هیوا دەکا و دەڵێ" نوێنەرانی هیوا شێخ عوبەیدوڵای زینوێ، سەید عەزیزی شەمزینی – کە ئەفسەرێکی

(٢٦١) عەلی کەریمی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی - مامۆستا عولەما (پ- ٣٧)٢٧٤-٢٧٥.
(٢٦٢) بیرەوەریەکانی محەمەد شاپەسندی(پ-٨٩)٢٦-٢٧.
(٢٦٣) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە (پ- ١٥٢) فەرەنسا.
(٢٦٤) غەنی بلوریان، ئاڵەکۆک بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی حامید گەوهەری(چاپخانە Farattares Bakmaskin ١٩٩٧ ستۆکهۆڵم ١٩٩٧)٣٢.

عێـراق بـوو، سـەعیدی کانـی مارانی – ناوێکیـش کە تازە لاوێـک و خوارزای شـێخ عوبەیدوڵا بـوو – دەگەڵیـان هاتبـوو. چەندیـن کۆبونەوەمـان پێکەوە کـرد و لەسـەر دوازدە نوختە پێک هاتیـن کـە هـەردووک حیـزب پێکـەوە هـاوکاری بکـەن و مەعلومـات پێـک بگۆڕنـەوە. جـا چونکـە ئـەو شـوێنەی کـە پێـک هاتیـن بنـاری دالانپـەڕ و لایەکـی شـەمزیان و ئـەم لایـەی ئێـران بـوو، ناومـان نـا: "پەیمانی سـێ سـنوور".

هـەژار لەسـەر گێڕانەوەی قسـەکانی بەردەوام دەبـێ و دەڵێ" بڕیـاردرا هەردوولامان بێ خۆگرتـن – هەرکەسـە لای خـۆی – بەیانەکـە بڵاوکاتەوە. دوای حەوت شـەو لە دزە بە ڕێگای شـنۆدا گەڕاینـەوە. لـە شـنۆوە بەپـێ هاتینـە نەغەدە و لـە نەغـەدەوە بەسـواری ترومبێلێکی سـینەمای ئینگلیسـان کە دەهاتە سـابڵاغ هاتینەوە. ئێمە دەسـتبەجێ نوسـخە بەیانی خۆمان لـە "نیشـتیمان" دا چـاپ کرد. هێشـتا بڵاومـان نەکردبـۆوە، خەبەریان داینێ کـە حیزبی هیوا بـەو پێکهاتنـە ڕازی نەبـووە و چاپـی مەکـەن! ڕوپـەڕە چـاپ کراوەکـەی پێکهاتنەکەمـان لـە گۆڤارەکـە دڕی" هەروەهـا لـە لاپـەڕە ١٠٣ نوسـیویەتی" "گوتیـان حەمە سـەعید کانی مارانی لـە بەغـدا دەخوێنـێ. ئۆخـەی! برادەرێکـم پەیـدا کـرد کـە لەسـەفەری مەرگـەوەڕ دەگەڵـی بوومـە ئاشـنا و مانگێـک لـە سـابڵاغ میوانـم بـووە". هەروەهـا باسـی چەنـد بەندێـک لـە پێکهاتنەکـە دەکا و دەڵـێ" ئەگـەر ئینگلیـس لـە عێـراق بەشـێ بـدەن بـە کورد، نابـێ کوردی دەرەوەی عێـراق هەڵاوێرێ،[مەبەسـت کـوردی هەرسـێک پارچەکـەی، ڕۆژهـەڵات، باکـور و ڕۆژئـاوای کوردسـتانە] چونکـە کوردسـتان یـەک پارچەیـە. کە ئێمـەش [ مەبەسـت کۆمەڵەی ژێـکاف] لەگـەڵ ڕووسـان ئەو حەولـە دەدەین و موکریان لـە کوردی تورکیا و عێراق وسـوریا بـە جیـا نازانین" پاشـان باسـی هۆکاری پەشـیمان بوونەوەکەی هیـوا دەکات و دەڵێ" حیزبی هیـوا کـە بەسـەرۆکایەتی ڕەفیـق حیلمی بوو[٢٦٥]، لە مەسـڵەحەتی نەزانیبوو کـە هیچ ناوێک

(٢٦٥) ڕەفیـق حیلمـی کـوڕی سـاڵح عەبدوڵـلا نـاسراو بە حیلمی لـە بنەماڵـەی ئامانی کەرکوکە، لەو شـارە لـە سـاڵی ١٨٩٨ لـە دایکبـووە، خوێندنـی لـە دواناوەنـدی سلێمانی و بەغـدا تـەواو دەکات، پاشـان بـەرە و ئەسـتەمبوڵ دەڕوات و دەچێتـە کۆلێـژی سـەربازی، دوای جەنگـی یەکەمـی جیهانـی بـۆ جارێکـی دیکە دەگەڕێتـەوە بـۆ ئەسـتەمبوڵ و لـەوێ خوێندنـی ئەندازیـاری لە سـاڵی ١٩٢٠ دا تـەواو دەکات. شـارەزایی زمانەکانـی عەرەبـی، تورکـی، فارسـی و فەرەنسـی بـووە، لـە ئـازاری ١٩٢١ دا دەبێتـە مامۆسـتا. کەسـێکی نزیـک بـووە لـە شـێخ مەحمـودی بەرزنجـی. بەشـداری لـە ڕاپەڕینەکـەی ٦ی ئەیلولـی ١٩٣٠ سـلێمانی کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٣٨ بۆتـە سـەرۆکی حزبی هیوا، پاشـان چەنـد ئەرکێکی بە پلـەی باڵا بینیـوە، لەوانە

لە ڕووس و کوردی ئێران و تورکیا و سوریا هەبێ" [٢٦٦].

پێشتر ئاماژەمان پێکرد کە هەژار باشترین زانیاریی مێژوویی سەبارەت بە "پەیمانی سێ سنوور" لە کتێبەکەیدا تۆمار کردووە، لێرەدا بۆمان ڕووندەبێتەوە و دەردەکەوێ، کە نوسینەوەی مێژوو بەدەستی مێژوونووسی کورد، گرنگی چەندە زیاترە، لە مێژوویەک کە خەڵکانی بیانی بۆ گەلی کوردی بنوسنەوە، چونکە ئەوان زۆر گوێ بەگێڕانەوە، گرنگی بە ڕووداوە مێژووەکانی نەتەوەی کورد نادەن و زیاد و کەمی تۆمار دەکەن، یاخود بەپێی بەرژەوەندیەکانی خۆیانی دەینووسنەوە. نموونەی ئەمەش ئەم نوسینەی هەژارە، کە یەکێکە لە گرنگترین ڕووداوە مێژووییەکانی سەردەمی دەسەڵاتی کۆمەڵەی ژیکاف، بابەتێکی تەم و مژاوی مێژووی نەتەوەیەک ڕوون دەکاتەوە.

چەند سەرچاوەیەکی دیکە جەخت لەسەر بەشداریی هەژار و بوونی پەیمانەکە دەکەنەوە، کە لە مانگی ئابی ١٩٤٤ هەژار یەکێک بووە لەو سێ کەسەی لە شاندی کۆمەڵەی ژێکاف، لەگەڵ هەریەک لە (عەبدوڕەحمانی زەبیحی) و (میرزا قاسمی قادری قازی١٩٠٦-١٩٦٣)، بۆ دانوستاندن لەگەڵ نوێنەرانی حزبی هیوای باشووری کوردستان، لە نزیک گوندی دزەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ماڵی (شێخ عوبەیدوڵڵا)ی زینوێ، کە ئەوکات لەوێ بووە کۆبوونەتەوە[٢٦٧]. نوێنەرانی حزبی هیوا (شێخ عوبەیدوڵڵای زینوێ)، (سەید عەزیزی شەمزینی) و کەسێکی تر یاوەری کردوون بەناوی (محەمەد سەعید عەلی یوسف) ناسراو بە (سەعید کانی مارانی)[٢٦٨]. سەبارەت بە (سەعید کانی مارانی) وەک خزمایەتی لەگەڵ (شێخ عوبەیدوڵڵای زینوێ) چووە بۆ ئەوسەفەرە. ئەمە زیاتر لەخوارەوە ڕوونکراوەتەوە.

---

بەڕێوەبەری معاریفی لیوای بەسرە لە ئەیلولی ١٩٤٠ لە دوای کودەتای ١٩٥٨ دەکرێتە ملعق الثقافی، لە یەکێک بالیۆزخانەکانی دەرەوەی عێراق. لە بەغدا لە ڕێکەوتی ٤ی ئابی ١٩٦٠ کۆچی دوایی کردووە. بێجگە لەوەی چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری بە نهێنی و ئاشکرا وەک سەرنووسەر و دامەزرێنەر کاری کردووە و وتاری بڵاوکردۆتەوە. خاوەنی چەندین کتێبە. عەبدولخالید سابیر کەریم(پ -٢٠٩)٢٩٣.

(٢٦٦) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٥٧-١٠٣.

(٢٦٧) حامید گەوهەری، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (پ – ٢٠٦)٦٤.

(٢٦٨) حسامەدین سەرداری، کورتەیەک لە ژیانی دادوەر محەمەد سەعید کانی مارانی چاوپێکەوتن"١٥ گۆڤاری دادپەروەر هەولێر(٢١ی حوزەیرانی ٢٠١٠)٢.

ئامانـج لەم کۆبونەوەیە، ئاڵوگۆڕی زانیاری بووە، بۆ دروسـتکردنی بەرەیەکی نەتەوەیی، لەسـەر دوازدە خـاڵ پێکهاتـوون[٢٦٩]، ئـەو شـوێنەی کۆبوونەوەکـەی لـێ ئەنجامـدراوە، دامێنـی چیـای دالانپـەڕە، هەڵکەوتـەی شـوێنی جوگرافیای، هاوسـنووری نێوان سـێ وڵاتی، ئێـران، تورکیـا و عێـراق، بۆیـە ناویـان نـاوە پەیمانـی سـێ سـنوور، هـەژار گلەیی کـردووە، کـە نـاوی ئەویـان لـەم کۆبونەوەیـە فڕێـداوە، هەربۆیـە گوتوویەتـی "هومێـدەوارم ئـەم گۆڕانـی ڕاسـتییە، لـە ڕووی هیـچ غەرەزێکـەوە نەبووبـێ و هەڵەیـەک بـێ لـە دڵپاکیـەوە ڕووی دابـێ"[٢٧٠]. بـە پشتبەسـتن بـە گۆڤـاری نیشـتیمان زمانحاڵـی کۆمەڵـەی ژێـکاف، ژمـارە" ٧، ٨ و ٩ ی سـاڵی ١٩٤٤، کـە ئـەم سـێ ژمارەیـە بەیەکـەوە دەرچـوون، بابەتێـک لە ژێـر نـاوی (لـە نـاو کۆمەڵـەدا) لـە نوسـینی زەبیحـی بـوو، لـەم گۆشـەیەدا دەنـگ و بـاس و چالاکییەکانـی کۆمەڵـەی ژێکافـی لـە هەمـوو بارەکانـدا باسـی لێدەکـرا. کـە لـە ژمـارە "٣" هەتـا ٩ی نیشـتیمان بـڵاو دەبـۆوە، بـەڵام ئـەم گۆشـەیە لە نوسـخەی دەسـتکاریکراوی ژمـارەی کۆتایـی نیشـتیمان بـەدی ناکـرێ. وەک لەسـەرەوە ئاماژەمـان پێـدا، کـە بڕیـار بوو کۆمەڵـەی ژێـکاف و حزبـی هیـوا بەیانەکە، واتە ئـەو دوازدە خاڵەی لەسـەری پێکهاتبوون، بـڵاوی بکەنـەوە هـەژار گوتەنـی" ئێمە دەسـتبەجێ نوسـخەی بەیانی خۆمان لە نیشـتیمان چـاپ کـرد، هێشـتا بڵاومـان نەکردبۆوە کـە خەبەریان داینێ کـە حیزبی هیوا بـەو پێکهاتنە ڕازی نەبـووە و چاپـی مەکـەن، ڕووپـەڕە چاپکراوەکـەی پێکهاتنەکەمان لـە گۆڤارەکە دڕی" واتـە چەنـد ژمارەیەکـی لـە نوسـخەی یەکەمـی گۆڤارەکـە کـە چاپکـراوە، بابەتـی "لـە نـاو کۆمەڵـەدا" نـوسراوە، بـاس لـە پەیمانـی سـێ سـنوور دەکا، بـەڵام لـەدوای ئـەوەی هەواڵی پەشـیمان بوونـەوەی حیزبـی هیوایـان پێـدەگات، نوسـخەکانی دوای ئـەو، ئـەم بابەتەی لە نـاو کۆمەڵـە لادەبـەن و لاپـەڕە "١٠" گۆڤارەکەیـان دڕانـدووە کـە بەیانەکەی پەیمانی سـێ سـنووری تێـدا بڵاوکراوەتـەوە، پشـت و ڕوو چاپکـراوە و لاپەڕە"٩"شـی پێـوە دڕاوە.

لێـرەدا لـە نوسـخەی بنەڕەتـی گۆڤـاری نیشـتیمان وتارێـک بـە ناونیشـانی لـە نـاو کۆمەڵـەدا هاتـووە. کـە لەلایـەن زەبیحـی نـوسراوە، وەک بەڵگەیەکـی مێژوویـی وەک خـۆی

(٢٦٩) کەماڵ عەبدوڵلاهی(پ-٢٤٦)١٨١-١٨٢.

(٢٧٠) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٥٨.

دەنووسینەوە و بڵاوی دەکەینەوە و پاشان زیاتر شیدەکەینەوە:

لەناو کۆمەڵەدا

زۆر لە مێژبوو بڕیار درابوو کۆنفرانسێک لە نێوان ئێمە و کۆمەڵی "هیوا" دا بۆ هاوپرسەکی لە بابەت هێندێک مەسائیل تەشکیل بدرێت. رۆژی ئەم ئیجتیماعە دەبوو لە لایەن کەمەڵی [= کۆمەڵەی] "هیوا" مەعلووم بکرێت. هەرکە نوێنەرانی کۆمەڵەی ناوبراو ئامادەبوونی خۆیان بە ئێمە راگەیاند، نوێنەرانی ئێمەش رەوانە بوون"؛ دوای ٣ رۆژ گفتوگۆ و موزاکەرە لەسەر ئیقتیراحی [= داوای] نوێنەرانی ئێمە پەیمانێک بە نێوی"سیە [= سێ] سنوور" لە لایەن نوێنەرانی هەردوولا بۆ زیادکردنی کۆششت و ئیجادی پەیوەندییەکی وەسیحی سیاسی ئیمزا کرا. نوێنەرەکانی کۆمەڵەی "هیوا" لەم کۆنفەڕانسەدا عیبارەت بوون:

١. ع. هۆشەنگ ، ئەندامی ژمارە ٧

٢. ع. جانگیر ، ئەندامی ژمارە ٧١٦

کۆمەڵەی ئێمەش لە لایەن ئەو ئەندامانەوە:

١. ق.ق.ق. پیاو ، ئەندامی ژمارە ١٠٥٣ ، سەرۆکی نوێنەران

٢. ع. هەژار ، ئەندامی ژمارە ٢٠

٣. ع. بێژەن ، ئەندامی ژمارە ٢

تەمسیل دەکرا؛ م.س. خوێنین ١٠٦٠ ، رابیتی نێوان ئێمە و "هیوا" بوو تا کۆنفڕاس تەشکیل درا ، کۆمەڵە لە کۆششتی ئەو لاوە ئازایە و هەروەها لە گشت ئەندامەکانی ئەم کۆنفڕانسە گرینگە، کە بێ گومان لە دوایی دا دەبێتە فەسڵێکی گەورە دە مێژوویی فەعالیات و کۆششتی دوو کۆمەڵەدا ، سوپاس و تەشەککور دەکا.

"پەیمانی سیە[ = سێ] سنوور" لە لایەن هەیئەتی ئیستیشارەی [= ڕاوێژکاری] ئیدارەی ناوەندی (ژ.ک) پەسند کراوە. بەم زوانە دەگەڵ نوسخەی پەسندکراوی ناوچەی "هیوا" موبادیلە دەکرێت"[٢٧١].

(٢٧١) عەلی کەریمی، نیشتیمان بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ.ک(پ- ٥٤)١٦٣. بۆ زانیاری زیاتر،

لێرەدا باسی "پەیمانی سێ سنوور" کۆتایی دێ و ئەوەی دوای ئەو نووسینە لە گۆڤارەکەدا هاتووە، پەیوەندی بە پەیمانەکەوە نیە.

سەبارەت بە ناساندنی بەشدارانی کۆبونەوەی پەیمانی سێ سنوور بەم شێوەیە:

نوێنەرەکانی کۆمەڵەی هیوا:

١. (ع. هۆشەنگ ، ئەندامی ژمارە ٧)، ناوی نهێنی سەید عەزیزی شەمزینییە.

٢. (ع. جانگیر ، ئەندامی ژمارە ٧١٦)، ناوی نهێنی شێخ عوبەیدیللای زینوێ یە. ناوبراو لە کۆمەڵەی ژێکافیشدا ئەندام و ناوی نهێنی لەو کۆمەڵەدا "هەڵۆ" بووە، واتە ئەندامی هەردوو کۆمەڵە بووە.

ئەندامانی بەشداری کۆمەڵەی ژێکاف یش بریتین لەم ناوانە:

١. (ق.ق.ق. پیاو ، ئەندامی ژمارە ١٠٥٣)، ناوی نهێنی قاسمی قادری قازی یە. سەرۆکی نوێنەران بووە، ئەمەش ڕەنگە بە هۆکاری ئەوەبێ بە تەمەنترین ئەندامی بەشداری ناو دوو کۆمەڵەکە بووە.

٢. (ع. هەژار ، ئەندامی ژمارە ٢٠)، ناوی نهێنی عەبدولڕەحمانی شەرەفکەندییە و ناسراوە بە هەژار موکریانی.

٣. (ع. بێژەن ، ئەندامی ژمارە ٢)، ناوی نهێنی عەبدولڕەحمانی زەبیحییە.

سەبارەت بە (حەمە سەعیدی کانی مارانی) کە لەسەرەوە ناوی هاتووە، - هەژار گوتەنی کە تازە لاوێک و خوارزای شێخ عوبەیدیللا بوو، دەگەڵیان هاتبوو، واتە ئەندامی کۆمەڵەی هیوا و شاندەکەی نەبووە، تەنها بەهۆی خزمایەتی (شێخ عوبەیدیللا) لەگەڵیان ڕۆیشتووە، تەنانەت بەشداری کۆبونەوەکانیشی لەگەڵ شاندی کۆمەڵەی هیوا و کۆمەڵەی ژێکاف نەکردووە، چونکە ئەگەر بەشدار بووایە و نوێنەری فەرمی کۆمەڵی هیوا بووایە، ئەوا ناوی نهێنی تۆمار دەکرا و ناویشی لەگەڵ ئەندامانی بەشداربووی کۆبونەوەی پەیمانی سێ سنوور دەهات، لە گۆڤاری نیشتیمان بڵاو دەکرایەوە.

---

بڕوانە. پاشکۆی ژمارە ١.

بەپێـی ئـەو بەڵگەیـە، تەنیـا نوێنەرانـی ژێـکاف و کۆمەڵـەی هیـوا لـە کۆبوونـەوەی دالانپـەڕ بەشـداربوون و پەیمانـی سـێ سـنووریان واژۆ کـردووە، لـە ناوەڕۆکـی ئـەو پەیمانە نـووسراوەدا هاتـووە "زۆر لەمێژبـوو بڕیـار درابـوو کۆنفرانسـێک لـە نێـوان ئێمـە و کۆمەڵـی هیـوا... تەشـکیل بدرێـت"، لـە درێـژەی ڕاپۆرتەکـەدا دەڵـێ" موزاکـەرە لـە لایـەن نوێنەرانی هـەردوو لا ... ئیمـزا کـرا" کـە نوێنەرانـی کۆمەڵـەی ناوبـراو ئامادەبیـان هەبـووە و دوای کۆبونـەوە پەیماننامـەی سیاسـی لەنێـوان هـەردووک لایـەن واژۆ کـراوە. هەروەهـا لـەو بەشەشـدا کـە نوێنەرانـی دوو کۆمەڵـە بـۆ خوێنـەران دەناسـێندرێ، تەنیـا نـاوی نوێنەرانـی "کۆمەڵـی هیـوا" و "کۆمەڵـەی ژێـکاف" هاتـووە، نـاوی هیـچ کۆمەڵـە و ڕێکخراوێـک، یاخود نـاوی کەسـێک یـان نوێنەرێکـی کوردەکانـی باکـوور و ڕۆژئـاوای کوردسـتان نەهاتـووە. ئەمـەش ئـەوە دەردەخـا جگـە لـە نـاوی ئـەم دوو کۆمەڵەیـە، باسـی نوێنەرانـی کـوردی باکـوور و ڕۆژئـاوای کوردسـتان نـاکات. دواتـر (زەبیحـی) لـە بەشـێکی تـردا، باسـی گرنگـی ئـەم کۆبونەوەیـە دەکا و پێیوایـە لـە داهاتـوودا دەبێتـە بەڵگەنامەیەکـی مێژوویـی لـە نێـوان دوو کۆمەڵـەدا.

دیسـان جارێکـی تـر پشتڕاسـتی دوو کۆمەڵـەی ناوبـراو دەکاتـەوە. هەروەهـا شـاندی هـەردوو لایـەن کـە هەژاریشـی تێدایـە، وێنەیـان بەیەکـەوە گرتـووە.[٢٧٢]

بـە گوتـەی لێکۆڵەرێک ئـەم پەیماننامەیە لـە بەڵگەنامەکانی کۆمەڵەی ژێـکاف و کۆماردا هەیـە، کـە هـەژار یەکێک بـووە لە بەشـداربووەکان، ئیدی ئەمە نکۆڵـی ناوێت[٢٧٣].

بەهـۆی ئـەو ڕۆڵـە دیـارەی هـەژار کـە لەگـەڵ (زەبیحـی) هەیبـووە" لـە دانیشـتن و باسـکردن لـە گێڕانـەوەی نوکتـە و بیـرەوەری لـە شـیعر خوێندنـەوە و کێشـەی سیاسـیدا- کـە هەمیشـە بازاڕیـان گـەرم بـوو چ لـە کـۆڕی ناوخـۆ و چ لەمەجلیسـی میوانـداری دیوەخانـدا" ئەمـەش بۆتـە هـۆی ئـەوەی یادیـان زینـدوو بمێنێتـەوە[٢٧٤]. ڕۆڵێکـی تـری زیاتـری لەمـەدا بەدیـار دەکەوێـت، دوای ئـەوەی لەنـاو ژێـکاف، پەیوەنـدی نێـوان (قـازی

---

(٢٧٢) کەماڵ عەبدوڵڵاهی(پ- ٢٤٦)٤٦٣. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٢.

(٢٧٣) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ حامید گەوهەری (پ- ٨٠) وڵاتی سوید.

(٢٧٤) عەلی کەریمی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی - مامۆستا عولەما (پ- ٣٧)٣٦٥-٣٦٦.

محەمـەد) و (زەبیحـی) سـاردی تێکەوتبـوو، ئەمـەش لەسـەر لایەنـی فیکـر و تێڕوانینیـان، پەیوەندییـان و شـێوازی مامەڵەکردنیـان بـە وڵاتانـی زلهێـز[٢٧٥]، کـە هـەژار ڕۆڵێکـی گرنگـی بینیـوە، بـۆ ئاشـتی و برایەتـی نێوانیـان، بـەڕای (سـەڵاحەدینی موهتـەدی[٢٧٦])، دوای سـەرهەڵدانی ئـەم کێشـەیەی ئامـاژەی پێکـراوە، کـە کەوتوەتـە نێـوان ناوبـراوان، تـا سـەرەنجام بۆچوونەکانیـان لێـک نزیـک دەکاتـەوە و پاشـان ئاشـتیان دەکاتـەوە، بەمـەش گڕوتینێکـی زیاتـر بـە خەباتیـان دەدا[٢٧٧]. ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێـت، هـەژار چەنـد بـە دڵسـۆزیەوە کاریکـردووە، بـە تەنـگ یەکگرتوویـی کۆمەڵـە و ئامانجەکانییـەوە بـووە.

ئـەم هەڵوێسـتانەی سـەرەوە، ئـەوە دەردەخـەن، هـەژار چالاکوانێکـی دیـاری گۆڕەپانەکـە[٢٧٨] بـووە و لـە قۆناغەکانـی داهاتـوودا زیاتـر ڕۆڵـی سیاسـی بینیـووە.

---

(٢٧٥) بێـژەن سـاعدی، حەقیقەتـی مێـژوو- دیـدار لەگـەڵ عەبدوڵـڵا حەسـەن زادە(چاپـی یەکـەم ب-ش.چ ٢٠١٩)١٥.

(٢٧٦) سـەلاحەدین موهتـەدی: سـاڵی ١٩٣٨، لـە شـاری بـۆکان لـە دایکبـووە، لە سـاڵی ١٩٦١، لـە زانکۆی تـاران ڕێکخـراوی خوێنـدکاری کـوردی پێک هێنـاوە، پەیوەندی بە حزبـی دیموکراتی کوردسـتانی ئێرانەوە دەکات، دواتـر پەڕیـوەی باشـووری کوردسـتان دەبێـت و لەژێـر دەسـەڵاتی شۆڕشـی ئەیلولـدا دەبێـت، هەڵگـری بڕوانامـەی یاسـایە، وەکـو کەسـایەتیەکی سیاسـی و ئەدەبـی لـە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان ناسراوە. سـمایل بازیـار(پ – ٢٠٧)٢٠٤.

(٢٧٧) عەلی کەریمی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی - مامۆستا عولەما (پ- ٣٧)٣٧٠.

(٢٧٨) مەهدی خۆشناو(پ- ١٤٨)١٣.

**بەشداری لە حزبی دیموکراتی کوردستان (حدک) ١٩٤٥ و کۆماری کوردستان ١٩٤٦:**

لـە ١٦ی ئابـی١٩٤٥ کۆمەڵـەی ژێـکاف دەگۆڕێـت بـۆ حزبـی دیموکراتـی کوردسـتان (حدک)یـان ڕاگەیانـد[٢٧٩]، ئـەم گۆڕانکاریـەش، لـە دوای کۆمەڵێـک هـۆکاری ناوخۆیـی و ناوچەیـی و نێودەوڵەتـی بـوو[٢٨٠]، بـۆ جـاری دووەم (قـازی محەمـەد) و هاوڕێیانـی سـەردانی باکۆیـان کـرد، دیداریـان لەگـەڵ (جەعفـەر باقـرۆف)ی سـەرۆکی ئازەربایجـان ئەنجامدابـوو، سـۆڤیەت نیگـەران بـوون، لـە ژێـکاف و چالاکییـە سیاسـییەکانی، چونکـە بـە شـێوەیەکی گشـتی، بیرۆکـەی ڕزگاری نەتەوەیـی هەبـووە، ئەمـەش نیگەرانـی وڵاتانـی دەوروبـەر بەتایبـەت تورکیـای لێدەکەوێتـەوە، بەمـەش فشـاری بەریتانیـا و ئەمەریـکای لەسـەر سـۆڤیەت دروسـتکردووە، بۆیـە داوایـان کـردووە نـاوی کۆمەڵەکـە و دروشـمەکەی بگـۆڕن و مافـەکان لـە چوارچێـوەی ئێـران دا بێـت[٢٨١].

داواکارییەکـی تـری (جەعفـەر باقـرۆف) لـە شـاندی کـوردی، بەسـتنەوەی کوردسـتان بـە ئازەربایجـان و ڕێگەگرتـن لـە حوکمـی سـەربەخۆی کـورد[٢٨٢]. (باقـرۆف) لـە ئامانجـی یەکەمـدا سـەرکەوت و لـە ئامانجـی دووەمـدا شکسـتی هێنـا.

لـە ڕووی دیسـپلینەوە و شـێوازی کارکردنیـان زۆر لەیەکـتر جیـاواز بـووە، کۆمەڵـەی ژێـکاف ئەندامەکانـی بەشـێوەی نهێنـی مابوونـەوە و کاریـان دەکـرد. کـەس نەنـاس بـوون، خەڵکـی بـە چـاوی ڕێـزەوە لێـی دەڕوانـی. ئەندامانـی دەسـتپاک و داوێنپـاک بـوون، دزی و کاری ناشایسـتە و درۆ لـە نێـو ئەندامەکانـی بـە یەکجـاری بـاری کردبـوو، هـەر ئـەم کاری دیسـپلین و نهێنیـەش لەنـاو کۆمەڵـەدا وایکردبـوو سـۆڤیەت دڕدۆنـگ بـوون لـە کۆمەڵـە، پێیـان وابـوو، ئینگلیـزەکان دەسـتیان تێیـدا هەیـە بـە تایبـەت کـە کوردەکانـی باشـوری کوردسـتان، بەشـداربوون لـە دامەزراندنـی و چـالاک بـوون لـە پەرەپێدانـی و گەشەسـەندنی، هەمـوو تیکۆشـەرێکی باشـوری کوردسـتان، لەلایـەن سـۆڤیەتەوە گومانـی

(٢٧٩) کەمال مەزهەر ئەحمەد، خەباتی ڕزگاریخوازی کورد و ئازەر لە ئێران(پ-٢٢٠)٤٩.
(٢٨٠) عەبدولخالید سابیر کەریم(پ- ٢٠٩)٢٤٠-٢٤١.
(٢٨١) حامیـد گەوهـەری، قـازی محەمـەد پێشـەوای کـورد و سـەرۆک کۆمـاری کوردسـتان(چاپخانەی زانکـۆی سـەلاحەددین - هەلێـر، ٢٠١٧)١١٦-١١٧.
(٢٨٢) مەحمود مەلا عززەت(پ - ٢٣٥)١٠.

ئـەوەی لێدەکـرا پیـاوی ئینگلیـز بـێ.

ئینگلیزەکانیـش پێیـان وابـوو، کۆمەڵـە بـە فیتـی سـۆڤیەت دامـەزراوە، چونکـە ناوچەکـە لەژێـر دەسـت و دەسـەڵاتی ئەواندایـە.

تـا وای لێهـات دەزگای سـیخوڕی هـەردوو وڵات و تـاران، زانیارییـان کۆدەکردەوە لەسـەر کۆمەڵـەی ژێـکاف و دەرچوونـی گۆڤـاری نیشـتیمان، بـەڵام شـتێکی وایـان پێنەکـراوە کـە جێـگای ئومێدیـان بـێ، لەبـەر ئـەم هـۆکارە کۆمەڵـە هەوڵیـداوە، کەسـانێک بـە ئەنـدام وەربگـرێ کـە لێوەشـاوە و کارامـە بـن.

ئەگـەر یەکێـک بووبـا بەئەندامـی کۆمەڵـی ژێـکاف هـەروا بـە سـوکو ئاسـان نەبـوو، بەڵکـو بـە چەنـد قۆناغـدا تێپـەڕ دەبـوو، وەک: لـە پێشـدا لەلایـەن ئەندامێکـەوە دەنـاسرا و پێشـنیاز دەکـرا، ئـەو کاتـە لـە ژیانـی کۆمەڵایەتـی و ڕادەی خوێنـدەواری و زانسـت، ئاکاری نـاو خەڵـک و کۆمەڵـگا دەکۆڵدرایـەوە، کۆمیتـەی ناوچـە یـان شـار ئـاگادار دەکـرا، ئەگـەر پەسـند کرابـا و لـە ئەزمـوون دەرهاتبـا، ئـەو کاتـە گفتوگـۆی لەگـەڵ دەکـرا و چـەوت و چەڵەمەکانـی ڕێـگای خەباتـی بـۆ ڕووندەکرایـەوە، جـا ئەگـەر ئامـادەی فیـداکاری بـا، ئـەوا سـوێندی دەخـوارد(٢٨٣). وەک لـە سـەرەوە ئامـاژەی پێکـراوە. هەروەهـا چاودێـری، پاڵاوتـن، تاقیکردنـەوە و ئەرکـی پێدەسـپێردرا.

ئەندامانیـان ڕادەی دڵسـۆزیان و خۆشەویسـتیان بـۆ نیشـتیمان و گـەل و نەتەوەکەیـان لـە لوتکـەدا بـووە.

کۆمەڵـە لـە هەمـوو چیـن و توێژەکانـی کۆمەڵـی کـوردەواری پێکهاتبـوون، جیـاوازی بیر و بـڕوای سیاسـی و فەلسـەفیان هەبـوو. بـەڵام هەمـوو لەسـەر شـتێک ڕێـک کەوتبـوون، ئەویـش ڕزگاری کوردسـتان بـوو. بـە پرەنسـیپی بەهێـزەوە کاریـان کـردووە، فەرمانەکانـی سـەرووی خۆیـان جێبەجێکـردووە.

لەگـەڵ ئـەوەی کۆمەڵـەی ژێـکاف تەمەنـی سـێ سـاڵ خەبـات و کار و تێکۆشـان، بـۆ ڕێکخراوێکـی سیاسـی ماوەیەکـی زۆر کەمـە، بـەڵام سـەرەڕای ئـەوەش ئـەم ڕێکخـراوە،

(٢٨٣) عەبدولقادر دەباغی، ڕاپەڕینی کۆمەڵەی ژێ٠ کاف(پ – ٢١٥)١٤-١٥.

پێگــەی خــۆی لەنــاو کۆمەڵگــەی کــوردەواری ناوچــەی موکریــان داکوتابــوو، ئەمــەش وای کردبــوو ببێتــە خــاوەن کلتورێکــی دەوڵەمەنــد و بــووە بنەمــا بــۆ پەروەردەکردنــی ئەندامانــی، ئەمــەش زیاتــر لــەو بابەتانــەدا ڕووندەبێتــەوە، کاتێــک بیروەرییەکانــی بەشــێک لــە ئەندامانــی کۆمەڵــەی ژێــکاف دەخوێنیــەوە، ئــەوا گشــتیان لــە کۆمەڵێــک تایبەتمەندیــی بــاش دەدوێــن، کــە تەنانــەت لــەڕۆژگاری ئێستاشــدا لــە نێــو گۆڕەپانــی سیاســەتی کوردیــدا وێنــەی کەمــە. هەســت بەبەرپرســیارەتی، خۆنەویســتی، ڕاســتگۆیی، بەرژەوەنــدی گشــتی نەتــەوە و نیشــتیمانیان، خســتۆتە ســەرووی بەرژەوندییەکانــی خۆیــان، دوورەپەرێــزی لــە کەلتــوری خۆخــۆری، لــەم باریــەوە نووســینێکی هێمــن موکریانــی بــە نمونــە دەهێنینیــەوە:

"کۆمەڵــە بێجگــە لــەوەی کۆمەڵەیەکــی سیاســی بــوو، کۆمەڵەیەکــی کۆمەڵایەتــی و ئەخلاقیــش بــوو. زۆربــەی ئەندامانــی کۆمەڵــەش بڕوایــان بــەو ســوێندە هەبــووە کــە خواردبوویــان و دەســتیان لــە ئــاکاری دزێــو هەڵگرتبــوو، دزی و خراپــە و نێــوان ناخۆشــی لــە کــزی دابــوو، دەتوانــم بڵێــم لــە هێندێــک جێــگا یــا هەرنەمــا. ئەندامەتــی کۆمەڵــەی ژێ.ک گۆڕانێکــی ســەیری بەســەر منــدا هێنــا. شــەو و ڕۆژ لەبیــری کۆمەڵــەدا بــووم، کــە ئەویــش ئامانجــی ڕزگارکردنــی نەتەوەکــەم بــوو. هەمــوو ئــاوات و ئــارەزووی خــۆم وەلا نــا. ئیــتر نەتەنیــا دەســتم لەشــەوداوەت و هەڵپەڕیــن و ڕێبازگرتــن و لەســەر ســوانە وەســتان هەڵگــرت، بەڵکــو وەک ســۆفی تۆبــەکار توشــی هەرکیــژ و ژنێکــی کــورد دەهاتــم، ســەرم دادەخســت و چــاوم لێندەکــرد، چونکــە ئەوەشــم بــە خیانــەت دەزانــی[٢٨٤].

هــەر لــەم باریــەوە هــەژار دەڵــێ: "لەدرێــژەی تەمەنمــدا کــە ئێســتا لــە پلــەی حەوتــەم و لــە شێســت و ســێ ســاڵیدا دەژیــم، زۆرم حیــزب لەنزیکــەوە دیتــون، باســی ڕەفتــار و ڕابــردووی زۆریانــم خوێندۆتــەوە. زۆر چەتوونــە هیــچ کۆمەڵێــک وەک ئەندامانــی ژێ-کاف ئــاوا فیــداکار و دڵگــەرم و یەکــتر خۆشەویســت بوویــن. ...خۆدزینــەوە لــە فەرمــان، درۆ، خۆخــوازی و فێڵبــازی بەجارێــک تەرەببــوو، لــە حــەوت کێــوان ئــاوا ببــوو. ماڵــی دنیــا هــەر بۆیــە مایــەی دڵخۆشــی بــوو، کــە کۆمەڵــە پێــی لازم بــێ "دەربــارەی ماڵــی دنیــا ئامــاژەی پێکــردووە" جارێــک لــە تەرەغــەوە هاتمــە شــار، بیســت تمەنــم پاشــەکەوت کردبــوو، کــە

(٢٨٤) وریا حەبیب(پ- ٤١)٤٦-٤٧.

جلـک بـۆ منـداڵان بکـڕم و نەخـوازە کـە دیتـم خوشـکم، کولۆجـەی پینـە کـردووە. زۆری دڵتەنـگ کردبـووم. هـەر گەیشـتمە شـار، ئێـوارە بـوو، دەچوومـە قاوەخانەیەکـی دەم چەم، کـە هـەواڵان ببینـم. لەسـەر پـردی داوێنـی چـۆم تووشـی یەکیـان هاتـم، گوتـی: فڵانـی تـۆ پوڵـت نییـە؟ هێندێـک پوڵـمان پـێ لازمـە دەبـێ کـۆی کەینـەوە. دەسـت بەجـێ بیسـت تمەنەکـەم دایـە و هەرلەوێـوە گەڕامـەوە و لەشـار دەرکەوتـم و هاتمـەوە مـاڵ، چونکـە مخارجـی شـەوێکم بۆخـۆم نەگێـڕاوە. کـە هاتمـەوە خوشـکم پرسـی: جلکـت کـڕی؟ گوتـم: بەداخـەوە بـە تەڵـەی قومـاری سـێ خاڵـەوە بـووم و هەمـوو پوڵەکـەم دۆڕانـد. گوتـی: دەزانـم نەتدۆڕانـدووە، بـەڵام خـەم مەخـۆ ئێمـە هـەر چۆنێـک بـێ ڕایدەبوێریـن[٢٨٥].

لـەڕووی داهاتـی داراییـەوە، کۆمەڵـەی ژێـکاف تەنیـا هـاوکاری و ئابونـەی ئەندامانـی خـۆی و فرۆشـی چاپەمەنیـەکان و داهاتـی چالاکـی و نمایشـەکانی بـوو. کەچی زۆر بەباشـی بەڕێـوە دەچـوو. ئەندامـی کۆمەڵـە وەک ئەندامـی حیزبێکـی نهێنـی و بـە دیسـپلینی تونـد هـەر ئەوەنـدەی دەزانـی کـە پێویسـت بـوو بیزانـێ.

بـەڵام حزبـی دیموکراتـی کوردسـتان، بـە ئاشـکرا دامـەزراوە و بەشـێوەی ئاشـکرا کار و خەبـات و چالاکـی سیاسـی دەکـرد.

هەرچەنـدە حزبـی دیموکراتـی کوردسـتان (حـدک)، لەسـەر دار و پـەردوی کۆمەڵـەی ژێـکاف دامـەزراوە، بـەڵام چەنـد گۆڕانکارییەکـی بـە خـۆوە بینـی بـەم شـێوەیە:

١. لە سەربەخۆیی کوردستانەوە گۆڕا بە خودموختاری.
٢. ڕێککەوتـن لەگـەڵ پارچەکانـی تـری کوردسـتان، گـۆڕا بـە ڕێککەوتـن لەگـەڵ حزبـی تـودەی ئێـران و فرقـەی دیموکراتـی ئازەربایجـان.
٣. بێلایـەن لـە سیاسـەتی دەرەوەدا و نزیکـی لـە دەوڵەتانـی گـەورە، گـۆڕا بـە هاوپەیمانـی لەگـەڵ هاوپەیمانـی یەکێتـی سـۆڤیەت و خـۆ بەسـتنەوە بـە سیاسـەتی خاریجـی سـۆڤیەت.
٤. لـە بـاری کۆمەڵایەتـی و چینایەتیـش، سـەرۆک خیـڵ و هـۆزە دەسـەڵاتدارەکان، گـەورە بازرگانـەکان، جێـگای وردەبـۆرژوازی کارمەنـد و ڕوناکبیریـان گرتـەوە،

(٢٨٥) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٥٤.

هەرچەنــدە زۆرینەیــان وازیــان لــە هەڵویســتی نیشــتیمانی و کوردایەتــی نەهێنــا، بــەڵام کەمــتر بڕیاردەرمــان.

ئیـتر ئـەو نـاو هەیبەتـەی کـە لـە کۆمەڵـەی ژێکافدا هەبـوو، چونکـە نهێنی بـوو، زۆری لـە کورتـی دا. ئەندامـی زۆر بـووە هۆی ئـەوەی هیچ بنەمایەکـی حیزبی ئەو ڕێوشـوێنانەی لـە وەرگرتنـی ئەندامانـی ژێـکاف هەبـوو، لـە حـدکا، بەیەکجـاری بـاری کـرد. بەشـێکی لـە ئەندامـە تازەکانـی بەرژەوەنـدی خوازبـوون، وردە وردە خیانەتـی بەشـێک لـە ئەندامەکانی کـە سـەرۆک هـۆز بـوون تێکـەوت، لەوانـە وەک هـەژار ئاماژەی پێکـردووە" (قاسـماغای ئیلخانـی) کـە برایەکـەی حیزبـی زۆر خۆشەویسـت بوو، لە پـاش گەڕانەوەی لـە باکۆ، چۆتە پاشـگای ئەفسـەرانی تەورێز و بۆیان بۆتە جاسـوس بەسـەر حیزبەوە. ئەوە یەکەمین داوی خیانـەت بـوو کـە دەناومانـدا قەومـا. ئیـتر شـیرازەی تەنزیـم و تەکوزی پێشـوو هەڵوەشـا و خزمایەتـی و ئاشـنایەتی خۆبەخۆیایەتـی کەوتـە ناومـان و هەی لەوەی زرینـگ بێ و خۆی وەپێـش خـا "بەڵام لەسـەر ئەم تاوانەی سـزا نـەدراوە" ئەمەش هێندەی تر ڕێگای خۆشـکرد، بۆئـەوەی دەرگا واڵا بکـرێ بـۆ ئـەم جـۆرە کەسـانە و کاری دەزگا سـیخوڕییەکانی ئێرانـی ئاسـانکرد، بێجگـە لـەوەش ئینگلیزەکانیـش سـیخوڕیان لە نـاو حـدک دا چاندووە.

لـەم بارەیـەوە قـازی محەمـەد لـە دانیشـتێکدا لەگـەڵ بەشـێک لـە ئەندامـە دیارەکانـی گوتویەتـی "زۆرم پـێ سـەیرە، زۆر باسـی نهێنـی هەیـە کـە مخابەراتـی ئینگلیس دەسبەجێ دەیانزانـێ... مـن هەمـوو قسـەی خـۆم لای شـێخ مەعسـوم دەڵێـم، بـەڵام شـێخ زۆری لاگیـر لـە نـاو شارسـتان و لادێـدا پەیـدا کـردووە؛ چۆنـی دەسـت بـۆ بـەرم؟"[٢٨٦].

بـەم شـێوەیە خۆبەخۆیاتـی و ئاشـنایەتی و خزمایەتـی، کاری پێدەکـرا، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا دیسـان زۆر لاوانـی دڵگـەرم و پـاک و خـاوەن هەڵوێسـت هەبـوون، بـەو پـەڕی دڵپاکییـەوە هەوڵـی گەشـەکردن و پێشخسـتنی شۆڕشـیان دەدا و هیـچ سـارد نەدەبوونـەوە، بۆیـە دەکرێـت بڵێیـن هەریەکەیان لەیەک سـەردەمدا بـە دوو قۆناغی جیـاوازدا تێپەڕیوون.

دامەزراندنـی حـدک خاڵـی گۆڕانێـک بـوو، لـە مێـژووی خەباتـی لـە مێژینـەی گەلـی کـورد و سـەرەتایەک بـوو، بـۆ پێکهاتنـی حزبێکـی سیاسـی پێشـکەوتووی مۆدێـرن، زۆربـەی

(٢٨٦) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣) ٦٤-٦٥.

چیـن و توێژەکانـی کۆمەڵگـەی کـوردی بـەلای خۆیـدا ڕاکێشـابوو، حزبـی دیموکـرات سـێ ئەرکـی بنـەڕەت و سـەرەکی لەپێـش بـوو:

**یەکـەم:** ڕێکخسـتنی کۆمەڵانـی خەڵکـی کوردسـتان و کۆکردنەوەیـان لەژێـر ئـاڵای خـۆی و بەرنامەیەکـی ڕوونی سیاسـی.

**دووەم:** هەماهەنگـی و گرێدانـی خەباتـی گەلـی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، لەگـەڵ حـزب و ڕێکخراوەکانـی بەشـەکانی تـری ئێـران.

**سـێیەم:** هەوڵـدان بـۆ ڕاکێشـانی سـەرنج و پشـتیوانی هێـزی ئازادیخـوازی جیهـان، بـۆ مافـی ڕەوای گەلـی کـورد لـەم پارچـەی کوردسـتان.

بەم شێوەیە بەرنامەیەکی سیاسی دارِشتووە، کە لە هەشت بەند پێکهاتووە:

**یەکـەم:** نەتـەوەی کـورد لـە چـوار چێـوەی ئێرانـدا، لـە هەڵسـوڕاندنی کاروبـاری نێوخـۆی، ئـازاد بێـت و خودموختـاری بەدەسـت بێنێـت.

**دووەم:** مافـی خوێندنـی بـە زمانـی زگماکـی خـۆی هەبـێ، تـەواوی کاروبـارە کارگێڕییـەکان بەهـۆی زمانـی کـوردی بەڕێـوە بچـێ.

**سێیەم:** لەسەر بناخەی یاسای بنەڕەتی ئەنجومەنی ویلایەتی کوردستان، بەزویی هەڵبژێردرێ و بە هەموو کاروباری کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی ڕابگا، چاودێریان بەسەردا بکا.

**چوارەم:** کاربەدەستانی دەوڵەت دەبێ لە خەڵکی ناوچەکان بن.

**پێنجـەم:** دەبـێ لەسـەر بنەمـای یاسـایەکی گشـتی لـە نێـوان لادێـی و خـاوەن مڵکـدا، ڕێککەوتنێـک پێکبهێـنرێ و دوارۆژی هـەردوولا دابیـن بکـرێ.

**شەشـەم:** حزبـی دیموکراتـی کوردسـتان تیدەکۆشـێ، لـە خەباتـدا بـە تایبەتـی لەگـەڵ نەتـەوەی ئازەربایجـان و کەمایەتییەکانـی تـر، کـە لـە ئازەربایجـان دەژیـن، ئاسـوریەکان و ئەرمەنیـەکان و هیدیکـە یەکیەتـی و برایەتییەکـی تـەواو پێـک بهێنـێ.

**حەوتەم:** حدک بە ئامانجی بەرەوپێشبردنی کشتوکاڵ و بازرگانی و پەرەپێدانی، فەرهەنگ و لەشساغی و بەسود وەرگرتن لە سامانە سروشتیەکانی کوردستان کەڵک وەردەگرێ.

**هەشـتەم:** حـدک دەیـەوێ گەلانـی ئێـران هەلـی تیکۆشـان، بـە ئازادیـان بدرێتـێ و بـۆ بەختـەوەری و پێشخسـتنی نیشـتیمانی خۆیـان.[٢٨٧]. ئەمـە کورتکـراوەی ئـەم بەیاننامـە بـوو کـە حـدک دەریکـردووە و داواکانـی لـە چوارچێـوەی ئێرانـدا بـووە، پێچەوانـەی کۆمەڵـەی ژێـکاف کـە لەسـەر بنەمـای نەتەوەیـی بـوو، واتـە داوای سـەربەخۆیی کوردسـتانی بـە گشـتی دەکـرد.

لەلایەکـی تـرەوە باسـی ئـەوە دەکرێـت، کـە هـەژار ئەندامـی حـدک نەبـووە[٢٨٨] و ڕای جیـاواز هەیـە لەسـەر ئـەم پرسـە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە حـدک لـە ٢٣ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٤٥ یەکـەم کۆنگـرەی خـۆی بەسـت. لـەم کۆنگرەیـە، هـەژار نوێنەرایەتـی شـارۆچکەی بۆکانـی کـردووە[٢٨٩]، کـە ئەندامێکـی دیـاری ناوچەیەکـی بەرفـراوان بـووە [٢٩٠]، بـە مەڵبەنـدی کەسـانی سیاسـی و ڕۆشـنبیرانی کۆمەڵگـەی کـوردی نـاسراوە.

هـەژار وەک ئەندامـی دیـاری [٢٩١] ئـەو حزبـە ڕۆڵـی خـۆی بینیـوە [٢٩٢]بـەردەوام بـوو لـە ئەنجامدانـی چالاکـی سیاسـی و حزبـی و ڕۆشـنبیریی. هـەر لـەم کۆنگرەیـەدا ئـاڵای سـێ ڕەنگـی کوردسـتان، پەسـندکرا و لـە بـارەگای ئەنجومەنـی بەڕێوەبـەری ئـەم حزبەیـان لـە مەهابـاد هەڵـداوە[٢٩٣]، لەداهاتـوودا بـوو بـە ئـاڵای ئـەم حزبـە، بـەڵام ئـاڵای کوردسـتانی ئـەوکات وەک ئـەوەی ئێسـتا نەبـووە، گوڵـە گەنـم، جـۆ، قەڵـەم و کتێـب لـە شـوێنی تیشـکی خۆرەکـەی ئێسـتایە.

(٢٨٧) عەبدولڕەحمان قاسملوو، چل ساڵ خەبات لە پێناو ئازادی (پ - ١٩١)٣٢-٣٣.

(٢٨٨) بێژەن ساعدی(پ- ٢٧٥)١٣.

(٢٨٩) حامید گەوهەری، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (پ- ٢٠٦)١٧٠.

(٢٩٠) فەرەیدون حەکیم زادە، هەژار لە لوتەکەدا (پ-١٧)٢١.

(٢٩١) کەریـم شـارەزا، زانـا و شـاعیری نـاوداری کـورد هـەژار موکریانـی" ١٤/ ٢٢٧٧ ڕۆژنامـەی برایەتـی (٢٠ی شـوباتی١٩٩٧)لاپەڕەی کۆتایـی بـێ ژمـارە.

(٢٩٢) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ حامید گەوهەری (پ- ٨٠) وڵاتی سوید.

(٢٩٣) جەلیل گادانی، ڕاستی ڕووداوەکان (ب-ش.چ ٢٠١٥)٢٤٥-٢٤٦.

**ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان:**

کۆمـاری کوردسـتان بەرهەمـی خەبـاتی کۆمەڵانـی خەڵکـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بەتایبــەت ناوچــەی موکریــان بــوو، هەروەهــا هەلێکــی مێژوویــی بــوو، لــە بــواری ناوخـــۆ و نێودەوڵەتیـــەوە. لەلایەکـــی دیکـــەوە بەرهەمـــی ناکۆکیەکـــی وڵاتانـــی زلهێزبــوو، کــە ئــەم هەلــە مێژوویــەی خوڵقانــد و ســەپاندی و لــە بەرژەوەنــدی گەلــی کــورد شــکایەوە.

لــە بەرەبەیانــی ٢٢ی کانوونــی دووەمــی ١٩٤٦ لــە مەهابــاد و بــە ئامادەبوونــی ژمارەیەکـی زۆری جەمـاوەر، کۆمـاری کوردسـتان ڕاگەیەنـرا[٢٩٤] و (قـازی محەمـەد) بـوو بـە سـەرۆکی کۆمـار و کابینـەی حکومەتـی ڕاگەیانـد و سـنووری جوگرافیـای دەسـەڵاتی دیاریکـرد[٢٩٥]. هەژاریــش لــەم بۆنــە نەتەوەییــەی دامەزراندنــی کۆمــاردا بەشــداری دیــاری کــردووە، قســەی خــۆی هەبــووە[٢٩٦]، هەروەهــا ڕۆڵــی دیــاری هەبــووە لــە دامەزراندنــی ئــەم کۆمــارە، چونکــە پێشــینەیەک و شــارەزایی لــەم بــوارەدا هەبــووە [٢٩٧] و لــە ڕۆژی ڕاگەیاندنــی کۆمــاردا، لەڕیــز بەنــدی پێنجــەم کەســایەتی، هــەژار[٢٩٨] شــیعری نیشــتیمانی خوێندۆتــەوە[٢٩٩]، گروپێکــی سرودی چاپەمەنــی بەکــۆرس ئــەم سرودەیـان لـەدوای ئـەو گوتۆتـەوە،[٣٠٠] کـە بەفەرمـی بـووە بـە سرودی میللـی کۆمـار.

"ئــەوسرودەی نــاوی "سرودی ملــی کوردســتان"ە لــە زۆر بۆنــەو ئاهەنگــدا لەلایــەن

---

(٢٩٤) حامید گەوهەری، قازی محەمەد پێشەوای کورد و سەرۆک کۆماری کوردستان(پ- ٢٨١)١٦٣.

(٢٩٥) جەلیلــی جەلیــل، م.س لازاریــف و ئەوانــی تــر، شۆڕشــەکانی کــورد لــە ســەردەمی نوێــدا، وەرگێڕانــی بــۆ عەرەبــی د. عەبــدی حاجــی، وەرگێڕانــی بــۆ کــوردی بەهادیــن جــەلال مســـتەفا(چاپخانەی ڕۆژهــەڵات – هەولێــر چاپــی ســێیەم – ٢٠١٥)٣٣٢.

(٢٩٦) کەریـم شـارەزا، لـە یـادی کۆچـی دوایـی خزمەتگـوزاری کـورد دا شـاعیری نیشـتیمانپەروەر و زمان زان ماموستا هـەژار ١٩٢١- ١٩٩١(پ-٧)١.

(٢٩٧) نەجات ئەسپیندارەیی(پ- ١٦)٦.

(٢٩٨) جەلیل گادانی، پەنجا ساڵ خەبات (پ- ٧٥)٣٧.

(٢٩٩) محەمـەد ساڵح قـادری، عەمـەر خانـی شـکاک لـە سـەرهەڵدانی سمکۆوە تـا کۆمـاری کوردسـتان (١٩٠٦-١٩٤٦)گۆڕینــی لــە کرمانجیــەوە بــۆ ســۆرانی شــەهاب خالیــدی( چاپــی یەکــەم چاپخانــەی ســتانبول- ٢٠٢١)٤١٤.

(٣٠٠) بیرەوەریەکانی محەمەد شاپەسندی(پ-٨٩)١٨٥.

تیپی مۆسیقای سەربازی کوردستان لە پاڵ (ئەی ڕەقیب)ی (دڵدار)ی شاعیر، کە وەکو مارشی نەتەوەیی لە هەموو کوردستان دادەنرێ، پێشکەشکراوە، ئەو سرودە لە ناوەڕۆکدا قووڵە و باس لە کانگای نەوت و کانزاکان و بەرهەمە سروشتیەکانی کوردستان دەکات و هەموو خاکی کوردستان بە ماڵی کورد دادەنێ و نەخشەی کوردستانی گەورە بە بیرێکی ئایندەیی بۆ خەباتی نەتەوەیی دەڕوانێ. بە وشە و دەستەواژەی ئاسان ئەو ناوەڕۆکە دەردەبڕێ و بەتایبەتی ئەو ڕۆژە بەرز ڕاگرتنی خەباتی پێشەوا (قازی محەمەد)ە، سەرەتای سرودەکە وادەست پێدەکا:

نیشتیمانم ڕەنگینە
بەهەشتی سەر زەمینە
خاکم وەکو ئاڵاکەم
ڕەنگ سور و سپی و شینە

ڕەنگی وەکو سوری گوڵاڵان
بۆنی سوێسنە وهەڵاڵان
کەویە بەفری نواڵان
سەرچاوەی ئاوی ژینە.

لە سایەی پیشەوادا زۆر بە ئازا و بەمەردی
دەی پارێزین ئەو خاکە بێچوە شێرانی کوردی

هارەی ئاوی هەندێران
فێنک وشینکەی زنوێران
ئاونگی سەر وەنەوشەی
دەرمانی بناو بوێران.

سـەرپاکی زەوی و ئاوە
گەنم کولەکە [کۆڵەکە]ی داوە
هەناویـان بـۆی نەمـاوە
تـورک و عـارەب و ئێـران.

لـە سـایەی پیشـەوادا زۆر بـە ئـازا و بەمـەردی
دەی پارێزیـن ئـەو خاکـە بێچـوە شـێرانی کـوردی

نەفتـم ئـاوی ژیانـە
لـە سـیرت و کرماشـانە
بابـە گـوڕ گـوڕ دەزانـێ
لـە مووسڵیشـدا هەمانـە

کانـگام هەیـە لـە زاخـۆ
هـەروەک نەوتەکـەی شـنۆ
بـۆ دوژمنـان بۆتـە سـو
هەرخـۆش بـی ئـەو زەمانـە

لـە سـایەی پیشـەوادا زۆر بـە ئـازا و بەمـەردی
دەی پارێزیـن ئـەو خاکـە بێچوە شـێرانی کوردی

ئـەوی پێـت وایـە کێـوە
خەرمانـی زێـڕ و زیـوە
زەرنیـق و جیـوەی هەوشـار
ئا غـڵا ن سـا حب نیـو ە

خوێنـدن زۆر هاسـانە بـۆم
دەخوێنـم بـە زمانـی خـۆم

کەشـفی دەکـەم بـە ئانـوم
هەرچـی قازانجـی پێـوە

لـە سـایەی پیشـەوادا زۆر بـە ئـازا و بەمـەردی
دەی پارێزیـن ئەو خاکە بێچوە شـێرانی کوردی

کەتیـرە و مـاز و بەرگـن
خـوری و پێسـت و توتـن
بـۆ خـۆم ڕەنیـوی دێنـم
بەهـۆی زانسـت و خوێنـدن

کـوردە هەرچـی زەویتـە
یەکجـار بەبەهـرە و پیتـە
هـەر خوێنـدن کێشـکچیتە
لێـت داگیـر نـەکا دوژمـن

لـە سـایەی پیشـەوادا زۆر بـە ئـازا و بەمـەردی
دەی پارێزیـن ئـەو خاکە بێچوە شـێرانی کـوردی[٣٠١]

پاشـان هـەژار دەسـتی کـرد بـەکاری ڕاگەیانـدن و بڵاوکردنـەوەی بیروبـاوەڕی ڕۆشـنبیری و نەتەوایەتـی، هەوڵـی هۆشـیارکردنەوەی خەڵکـی دەدا، کـە حکومەتیـش دەیتوانـی سـوود لـەو بنەمـا و بیرۆکانـەی وەربگرێـت[٣٠٢].

بەشـێک لـە گەلـی کوردسـتان پشـتیوانی کۆمارەکەیـان دەکـرد[٣٠٣]. کۆمـاری کوردسـتان، پەیوەندیـی دبلۆماسـی لەگـەڵ هەندێـک لـە وڵاتـان هەبـوو، لەوانـە:

(٣٠١) ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، ڕۆژنامەی کوردستان مەهاباد ١٣٢٤-١٣٢٥ی هەتاوی-١٩٤٦ (پ- ١٥)٥٤.
(٣٠٢) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩)٧٠.
(٣٠٣) گوینتـەر دێشـنەر، کـورد گەلـی لە خشـتە بـراوی غەدر لێکـراو، گۆڕینی لـە ئەڵمانیەوە بـۆ عەرەبی عەبدولسـەلام بـەرواری، گۆڕینـی بۆ کـوردی حەمە کەریـم عارف(چاپی یەکەم- هەولێـر ٢٠٠٤)١٨٨-١٨٩.

**یەکەم:** پەیوەندی کۆماری کوردستان لەگەڵ ئینگلیز:

(قـازی محەمـەد) بیـروڕای دوو وڵاتـی زلهێـزی جیهانـی لەسـەر مەسـەلەی کـورد بـەلاوە گرنـگ بـوو، یەکیـان ئینگلیـز و ئـەوی دیکەشـیان یەکێتـی سـۆڤیەت بـوو، بۆیـە لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٤٦، بـەر لـە ڕاگەیاندنـی کۆمـاری کوردسـتان، شـاندێکی دوو کەسـی نـاردە شـاری تەورێـز، تاوەکـو پەیوەنـدی بـە کونسـوڵی بەریتانیـاوە بکـەن. شـاندەکە داوای لـە کاربەدەسـتانی پایـە بـەرزی بەریتانیـا و وڵاتانـی گـەورەی ڕۆژئـاوا کـرد، کـە پەیوەنـدی لەگـەڵ کوردسـتانی ئـازاد دابمەزرێنـن. بـەڵام وەڵامـی کونسـوڵی بەریتانیـا نەرێنـی بـوو، هیـچ بەڵێنێکـی دڵخۆشـکەری پێنـەدان. بۆیـە دوای ڕاگەیاندنـی کۆماریـش ئینگلیـزەکان زیاتـر بەرژەوەندییەکانـی خۆیـان لەبەرچاوگـرت کـە لەگـەڵ دەسـەڵاتدارانی ئێـران یەکـی دەگرتـەوە.[٣٠٤]. بۆیـە ئینگلیـزەکان لـە ڕێـی یارمەتیدانـی قـەوام سـەرۆک وەزیرانـی ئێـران ، پشـتگیری لەشـکرەکەی کـرد، تاوەکـو لـە کانوونـی یەکەمـی سـاڵی ١٩٤٦ شـاری مەهابـادی داگیرکـردەوە و کۆمـاری کوردسـتان ڕووخـا.

**دووەم:** پەیوەندی کۆماری کوردستان لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت:

دەوڵەتـی سـۆڤیەت ئـەو دۆخـە سیاسـیەی ئێرانـی بـەدڵ بـوو، وای لێکدابوویـەوە کارتـی بـراوەی بـە دەسـتەوەیە و ئەوەنـدەی زیاتـر دەسـت لـە کاروبـاری ئازەربایجـان و کوردسـتان وەربـدا، زووتـر دەتوانـێ جیاوکـی نەوتـی شـیمال وەربگـرێ و بەشـێک لـە بـازاڕی ئێـران بەخۆیـەوە ببەسـتێتەوە.

هەرچەنـدە کۆمـاری کوردسـتان بەڕەزامەنـدی سـۆڤیەت دامـەزرا، کاربەدەسـتانی سـۆڤیەت ڕایـان وابـوو، جگـە لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان هەتـا ئـازاد بوونـی کوردەکانـی عێـراق و تورکیـا، بەیەکگرتوویـی و دۆسـتایەتی لەگـەڵ کۆمـاری ئازەربایجان بەسـتراوەتەوە، بۆیـە سـۆڤیەتیەکان هەوڵیـان دەدا کەمـتر گرنگـی بەکۆمـاری کوردسـتان و دۆزە ڕەواکـەی گەلـی کـورد بـدەن. هەرچەنـدە شـاندی کـوردی بەسـەرۆکایەتی قـازی محەمـەد چووبـوون بـۆ باکـۆ لەگـەڵ (جەعفـەر باقـرۆف) سـکرتێری حیزبـی کۆمۆنیسـتی ئازەربایجـان و

(٣٠٤) حوسێن مەدەنـی، کوردسـتان و ئیسـتراتیژی دەوڵەتان(چاپـی یەکـەم- بەرگـی سـێیەم- چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات- هەولێـر٢٠١٤)٧٦-١٠٠.

سـەرۆکی ئازەربایجـان بـوو، باقـرۆف تەنیـا وەک سـکرتێری حیزبـی کۆمۆنیسـت قسـەی نەکردبـوو، بەڵکـو بەنـاوی یەکێتـی سـۆڤیەت کـە کەسـێکی دەسـت ڕۆیشـتووبوو، پێگەیەکـی دیـاری هەبـوو لـە سـۆڤیەت، قسـەی لەگـەڵ شـاندەکە کردبـوو، بۆئـەوەی کـوردەکان لـە ئینگلیـزەکان نزیـک نەبنـەوە؛ پێـی ڕاگەیاندبـوون: بەگشـتی سـۆڤیەت ئامـادەن لـە دەسـەڵاتێکی نەتەوەیـی لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان پشـتیوانی بکـەن. بـەڵام ئەمـە پێویسـتی بـە پشـوو درێژیـی و چاوەڕوانییـە. بـەڵام شـاندێکی فەرمـی نەبـوو چونکـە لەلایـەن حزبێکـی فەرمـی یـان ئۆرگانێکـی دەوڵەتـی نەنێردرابـوو. پـاش پێکهێنانـی حـدک (قـازی محەمـەد) لـە مانگـی ئەیلوولـی ١٩٤٥، بـۆ جـاری دووەم بـۆ باکـۆ بانگهێشـت کـرا، کـە سـەردانێکی تـەواو سیاسـی بـوو، چونکـە قـازی وەک سـەرۆکی حیزبـی دیموکـرات و ئەندامانـی شـاندەکەش وەک بەڕێوەبەرانـی حیـزب چووبوونـە باکـۆ، داوایـان لـە یەکێتـی سـۆڤیەت ئـەوە بـوو:

پشتیوانی لە حکومەتی کوردستان بکا، کە خەریکی پێکهێنانی بوون.

هــاوکاری مــادی ئــەم حکومەتــە بــکا و چەکوتەقەمەنیشــی بــۆ بنێــرێ. بۆئــەوەی حکومەتــی کوردســتان ســوپای میللــی هێــزی چەکــداری خــۆی پێدابمەزرێنــێ.

باقــرۆف بەنــاوی یەکێتــی ســۆڤیەتەوە بەڵێنــی دابــوو، کــە چەکوتەقەمەنــی بــە حکومەتـی کوردسـتان بـدا. هەربۆیـەش نزیکـەی دەهـەزار چەکـی برنـۆ، کەچەکـی سـوکی بنەڕەتــی بــوو، هــاوکاری دەســەڵاتدارانی کــورد کــرا.

باقـرۆف بەڵێنـی چەکـی قورسیشـی وەک تـۆپ پێدابـوون، بـەڵام بەکـردەوە ئـەم چەکـە قورسـانە نـەدران بـە کۆمـاری کوردسـتان.

هەروەهـا بەڵێنیشـی هـاوکاری مادیشـی پێـداون، بـەڵام ئەمـەش هـەر قسـە بـووە و هیچـی لێشـین نەبۆتـەوە. بەڵێنـی دابـوو شەسـت لاوی کـورد بـەرن، بـۆ سـۆڤیەت بۆئەوەی بـۆ کاری نیزامـی پەروەردەیـان بکـەن، تاوەکـو لـە دواڕۆژدا بەڕێوەبـەری سـوپای کوردسـتان بـە ئەسـتۆوە بگـرن، ئـەم کارە ئەنجامـدرا.

باقـرۆف بەڵێنــی دابــوو، چاپخانەیــەک بەمەبەســتی گەشــەپێدانی گۆڤــار و ڕۆژنامــە

و کتێـب لـە شـاری مەهابـاد دابمەزرێنـێ، ئـەوە بـوو دەزگایەکـی چاپەمەنـی لـە سـۆڤیەتەوە گواسـتەوە، بـۆ مەهابـاد و دەسـتی بـەکار کـرد، چاپەمەنـی حیـزب و هەمـوو ئـەو نوسراوانـەی چـاپ دەکـرد کـە لـە سـەردەمی کۆمـاری کوردسـتان دەردەچـوون.

یەکێتـی سـۆڤیەتیش بەرژەوەندییەکانـی لەگـەڵ دەسـەڵاتدارانی ئێـران دەبینیـەوە و جیاوکـی بەدەسـتهێنانی نـەوت بـۆ ئـەوان گرنگـتر بـوو، کـە دواتریـش هـەروا دەرچـوو، لـە پێنـا و بەدەسـتهێنانی ئـەم جیاوکـە پشـتیان لـە کـورد کـرد. هەروەهـا تاڕادەیـەک فشـاری تورکیـا و بەریتانیاشـی لەسـەر بـوو.

**سـێیەم:** پەیوەنـدی کۆمـاری کوردسـتان لەگـەڵ ئەمریـکا: ئەمریـکا بەتەنـگ بەرژەوەندییەکانـی خۆییـەوە بـوو لـە ئێـران و ناوچەکـە، بەرژەوەنـدی ئـەو زیاتـر لەگـەڵ دەسـەڵاتدارانی ئێـران بـوو، هەرچۆنێـک بـوو نەیدەویسـت، سـوپای سـۆڤیەتی لـە ئێرانـدا بمێنێتـەوە، چونکـە ڕابەرایەتـی سیسـتەمێکی دەکـرد، کـە لـە پـاش جەنگـی دووەمـی جیهانـی هاتـە ئـاراوە.

لـە لایەکـی دیکـەوە ئەمریکیـەکان هەوڵیانـدەدا، سـنوورێک بـۆ فراوانخوازییەکانـی سـۆڤیەت دابنێـن. ئازەربایجانـی ژێر دەسـەڵاتی یەکێتی سـۆڤیەت، بگێڕنەوە ژێر دەسـەڵاتی ئێـران و بەمـەش ئـەو قـەوارەی دروسـتیان کـردووە بڕوخێـت، کـە هـەر واش دەرچـوو.

لـە لایەنـی ئابوریـش ئەویـش جیاوکـی بەدەسـت هێنانـی نـەوت و بازرگانـی هەبـوو لە ئێـران، کـە قەوامـی سـەرۆک وەزیـران، پشـتیوانی ئەمریکیەکانـی بۆ خـۆی مسـۆگەرکردبوو.

لەلایەکـی تـرەوە سـەرۆک وەزیـری ئێـران قـەوام، بڕیاریـدا لـە کۆتاییەکانـی سـاڵی ١٩٤٦، هەڵبـژاردن لـە ئێـران ئەنجـام بـدرێ، هەربۆیـەش لـە ژێـر ئـەم نـاوە فەرمانـی دەرکـرد، بـۆ دابینکردنـی ئـازادی هەڵبـژاردن لەشـکری ئێـران بچـێ بـۆ ئازەربایجـان و کوردسـتان، بەبـڕوای ناوبـراو بەبـێ جێگیربوونـی لەشـکری ئێـران، لـەم دوو ناوچەیـە هەڵبـژاردن بەشـێوەی ئـازاد ئەنجـام نـەدەدرا. لـەم بارەیـەوە "جـۆرج ئالـەن" باڵوێـزی ئەمریـکا لـە تـاران بـەم شـێوەیە پشـتیوانی خـۆی لـە قـەوام دەربـڕی" ئـەوە کـە دەوڵەتـی ئێـران ڕای گەیانـدووە، کـە دەیهـەوێ هێـزی ئەمنییەتـی بـۆ هەمـوو شـارەکانی

ئێـران بنێرێ...بڕیارێکـی بەتـەواوی تەبیعـی و بەجێیـە"[٣٠٥]. ئەمـەش هۆکارێـک بـوو بۆئـەوەی دەسـت بەسـەر هـەردوو ناوچـەدا بگرێتـەوە، بۆیـە قـەوام پێـش وەختـە پاڵپشـتی هەریـەک لـە سـێ وواڵتـی سـۆڤیەت و ئینگلیـز و ئەمریکیەکانـی بـۆ ئـەم پیلانـە مسـۆگەر و گرەنتـی کردبـوو.

سـەرەڕای ئـەوەش ئەمریـکا پشـتیوانی ئینگلیزەکانـی دەکـرد لـە ئێـران، کـە سیاسـەتی بەریتانیـەکان ڕوونـە و پێشـتر ئاماژەمـان پێکـردووە.

**چوارەم:** پەیوەندی کۆماری کوردستان لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان:

کۆمـاری کوردسـتان بەڕەزامەنـدی دەوڵەتـی سـۆڤیەت و کۆمـاری ئازەربایجـان دامـەزرا، سـۆڤیەت زۆر تەقـەڵای کـرد، (قـازی محەمـەد) و هاوڕێکانـی بـەوە ڕازی بـکا، ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لـە ژێـر چەتـر و دەسـەڵاتی کۆمـاری ئازەربایجانـدا بێڵێتـەوە. بـەڵام قـازی بەهـۆی مێژوویـی خەباتـی ڕزگاریخـوازی نەتەوەیـی لـە کوردسـتان، نەچـووە ژێـر فەرمانـی سـۆڤیەت و یاسـای حکومەتـی ئازەربایجـان. هەربۆیـەش سـەرەتا ئـەو دوو کۆمـارە نێوانیـان لەگـەڵ یەکـتری سـارد و سـڕبوو.[٣٠٦]. بـەڵام دواتـر هەماهەنگـی و پەیوەندییەکـی باشـیان هەبـوو. (قـازی محەمـەد) و کاربەدەسـاتانی کۆمـاری کوردسـتان، ئـەم هەوڵەیانـدەدا بەهیـوای ئـەوەی پشـتیوانی وڵاتـان بەدەسـت بهێنـن بۆئـەوەی پاڵپشـتی لـە قەوارەکەیـان بکـەن.

لەلایەکـی تـرەوە هـەژار دۆسـتێکی نزیکـی (قـازی) بـووە[٣٠٧]، هەرچەنـدە (قـازی) لـە ئـەو بـە تەمەنـتر بـووە، سـەرەڕای سیاسـەت، بـەڵام پەیوەنـدی نێوانیـان زۆر بەهێـز بـووە، لەسـەر داوای ئـەو لـە ئابـی ١٩٤٦ هـەژار ماڵـی لـە بۆکانـەوە، گواسـتۆتەوە مەهابـاد و کوڕێکـی هەبـووە، (قـازی) نـاوی نـاوە (شـێرکۆ)[٣٠٨]. لـە داهاتـودا زیاتـر تێکەڵاوی یەکتر بوون.

---

(٣٠٥) عەبدولڕەحمان قاسملوو، چل ساڵ خەبات لە پێناو ئازادی(پ - ١٩١)٥١-٧٧.

(٣٠٦) حوسێن مەدەنی(پ – ٣٠٤)٧٦-١٠٠.

(٣٠٧) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ حامید گەوهەری (پ- ٨٠) وڵاتی سوید.

(٣٠٨) شێرکۆ هەژار، هەژاری مرۆڤ و دەوروبەری یا کارەساتی کۆمیدیایەک (بەرگی یەکەم- ٢٠٠٨)٨٧-٨٨.

لەبەرئـەوەی هـەژار هەڵگـر و خـاوەن هـزری، نەتەوەیـی و ڕزگاریخـوازی نیشـتیمانی بـوو، بەمـەش (قـازی) سـوودی لـە بیرۆکەکانـی وەرگرتـوە. لـە دوای ڕووخانـی کۆمـار و لـە سـێدارەدانی (قـازی)، هەرچەنـدە داخێکـی گـەورە بـووە بـۆی، بـەڵام هـەژار بێئومێـد نەبـووە و نەکەوتـووە، بەوهۆیەشـەوە لـە بارودۆخـی سیاسـی، کارگێـڕی و سـەربازی حوکمڕانـی پشـتی پێبەسـتووە (٣٠٩). هـەر ئـەم متمانەیـە وایکـردووە، بـۆ ئـەرک و کاری گرنـگ، نوێنەرایەتـی ناردۆتـە لای سـەرۆک هـۆزەکان بـۆ نموونـە لـە سـاڵی ١٩٤٥، دوای ئـەوەی کـە (حەمەڕەشـید خانـی بانـە) و هاوڕێیەکـەی بەناوی(میرحـاج)، لـە باشـووری کوردسـتان، گەڕاونەتـەوە، هـەژار چـووە بـۆ لایـان لـە گونـدی (تورکـمان کەندی)سـەربە مەهابـاد و پێیانـی گوتـووە بچـن سـەردانی (قـازی) بکـەن(٣١٠)، سـەبارەت بـەم بابەتـە، بەپێـی ئـەو بەڵگەنامـەی لـە بەردەسـتدایە، بـە دەسـت و خەتی (قـازی) نـووسراوە و واژۆی خـۆی لەسـەرە، لـە ناوەڕۆکیـدا هاتـووە "اغـای ژنـرال مایـور محمد رشـید خان، ئـەوە هەژار و شـیخ عبیداللـەم نـاردە خزمەتـت هیندێـک سضازش[سـضازش= گـزارش- ڕاپـۆرت] هەیـە هـەژار عەرضـت دەکا. محمـد قاضـی" (٣١١). هەروەهـا کۆمەڵێـک لـە نیشـتیمانپەروەران، لەڕێـگای هـەژار، چوونەتـە لای (قـازی) و پێـی ناسـێنراون، یەکێـک لەوانـە (سـەعید نـاکام) ە (٣١٢). هـەر لـەم بارەیـەوە (هێمـن موکریانـی) دەڵـێ "قـازی ئیحترامـی هـەژاری پـتر لـە مـن دەگـرت"، قـازی محەمـەد بـەردەوام پاڵپشـتی هـەژاری کـردووە (٣١٣).

سـەرەڕای ئەوانـەش، هـەژار لـە بـواری سـەربازیش ڕۆڵـی هەبـووە، لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٤٦، لەسـەر داوای خـۆی و لەلایـەن (قـازی محەمـەد) وەک فەرماندەیـەک، نێـردراوە بـۆ بـەرەی شـارەدێی سەردەشـت، بـۆ بەشـداریکردنی شـەڕ دژی لەشـکری ئێـران،

(٣٠٩) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩)٧١-١٥٢.
(٣١٠) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٦٩.
(٣١١) بهـزاد خوشـحالی، قاضـی محمـد و جمهوری در اینه اسـناد ( چاپ اول - همـدان ١٣٨٠- ٢٠٠١) بێ ژمـارەی لاپـەڕە. بـۆ زانیاری زیاتر لەسـەر ئـەم بابەتە، بڕوانە. پاشـکۆی ژمارە ٣.
(٣١٢) عەباس عەبدوڵلا یوسف و جەلیل کاکە وەیس (پ- ١٩٨)٢.
(٣١٣) ڕەفیـق سـابیر، چاوپێکەوتنێکـی بڵاونەکـراوە لەگـەڵ هێمنـی شـاعیردا "٢ گۆڤـاری کوردۆلۆجـی (سـلێمانی ٢٠٠٩)٤٣٠.

توانیویەتی ڕۆڵی بەرچاو بگێڕێت لەو ناوچەیە[٣١٤] و زیانیان لێداون[٣١٥]. دوای ئەوەی لە سەروی خۆیانەوە، لە مەهاباد، لەبەر نیگەرانییەکانی یەکێتی سۆڤیەت، فەرمانیان پێکراوە، شەڕ ڕابگرن، ئەمەش هەژاری نیگەران کردووە، بۆیە هەژار لە داخی ئەم هەڵوێستە، چووەتەوە و لەدوای گەیشتنەوەی بۆ مەهاباد، کراوە بە سەرپەرشتیاری ناوچەی سەرای دەوروبەری شاری سەقز، تاکو چاودێری بارودۆخەکە بکا، ڕێگری بکات لە سەرهەڵدانی هەرکێشە و ئاژاوە نانەوەی سەرۆک هۆزەکانی کورد، چونکە شوێنێکی گرنگ و ستراتیجی بووە، سەقز لە ژێر دەسەڵاتی سوپای ئێران دا بووە [٣١٦]، ڕۆژێک بەئەرکێک چووەتە نزیک لێواری شارۆچکەی سەقز، بەڵام لەلایەن سەربازانی ئێرانەوە مەترسی لەسەر ژیانی دروستبووە، دوومەفرەزەی پێشمەرگە فریای کەوتون و دەربازیان کردووە [٣١٧]. هەرچەندە لە سەرچاوەیەک ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، لە ساڵی ١٩٤٦، لەکاتی چوونی (قازی) بۆ تاران، بەمەبەستی دانوستاندنەکانی لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران، هەژاریش یاوەری کردووە. [٣١٨]. بەڵام لەم سەردانانەدا، بۆ تاران هەژاری لەگەڵ نەبووە، بەڵکو لە شاری مەهاباد بووە، نەخۆی لە یاداشتەکانی و نەلە سەرچاوەی تریش ئاماژەی پێنەکراوە.

لەلایەکی ترەوە لەسەرچاوەیەکی تردا هاتووە، هەژار لەهیچ گفتووگۆ و دانیشتنێک لەگەڵ ئێران بەشداری نەکردووە. [٣١٩].

شایانی باسە بەمەبەستی دانوستاندن، لەگەڵ حکومەتی ئێران و ئازەربایجان، لەسەر فەرمانی (قازی) هەریەک لە هەژار، (مەنافی کەریمی) و چەند بەرپرسێکی تر، دیاریکراون و چوونەتە شارۆچکەی سەقز، لەگەڵ فەرماندەیەکی باڵای سوپای ئێران بەناوی (ڕەزمارا) گفتوگۆیان کردووە، بڕیاردراوە، حکومەت

(٣١٤) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٦٦-٦٨.

(٣١٥) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم شەڕە، لە سەردەشت و دەروبەری بڕوانە. عەبدوڵلا ئەحمەد ڕەسوڵ پشدەری، یاداشتەکانم لە کۆماری کوردستان(چاپی دووەم چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر ٢٠٠٩)٨٣-٨٤.

(٣١٦) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٦٩.

(٣١٧) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩)٢٥٤.

(٣١٨) موجتەبا بورزوویی(پ- ١٨٥)٤٥٧.

(٣١٩) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ حامید گەوهەری(پ- ٨٠) وڵاتی سوید.

هێزەکانــی لــە شــاری بانــە و سەردەشــت و چەنــد ناوچەیەکــی تــر بکێشــێتەوە، هێزەکانــی ئازەربایجانیــش لــە ناوچــەی زەنــگان بــڕوات، تــا ئــەم کارەش تــەواو دەبــێ، نابــێ دەســەڵاتدارانی کــورد ڕێــگا بگرێــت، لــە گواســتنەوەی خواردەمەنــی بــۆ ئــەو ناوچانــەی ئــەو ســوپایەی لێیــە چاودێــری ئۆتۆمبێلەکانــی لەشــکریش بــکات [٣٢٠]، هــەژار و هاوڕێکانــی چەندیــن ڕۆژ لــەوێ مانــەوە و ســەرقاڵی ئیــش و کارەکان بــوون، تــا ئــەو کاتــەی لەلایــەن دەســەڵاتدارانی ئێــران، کێشــەیان بــۆ دروســت کــردن[٣٢١].

ســەبارەت بــەم بابەتــە، ئــەو کات پۆلیســی ســەقز نــووسراوی فەرمــی ئاراســتەی ســەروی خــۆی لــە تــاران کــردووە، کــەوا ئــەو بارهەڵگرانــەی خواردەمەنیــان گواســتۆتەوە، بەســەر پەرشــتی (عەبدولڕەحــمان) خەڵکــی مەهابــاد ڕادەســتی ســوپا کــراون[٣٢٢]. مەبەســت لــە "عەبدولڕەحــمان" هــەژار موکریانییــە وەک لــە بەڵگەکــەدا بــە دیــار دەکــەوێ، دیــارە پۆلیســی شــاری ســەقز لــە نزیکــەوە و بــە وردی چاودێــری جموجۆڵەکانــی، هــەژار یــان کــردووە، بۆیــە ئــەم ڕاپۆرتەیــان لەســەری ئاراســتەی بەرپرســانی تــاران کــردووە.

دوای تــەواو بونــی ئەرکەکەیــان گەڕاونەتــەوە مەهاباد. هــەژار چالاکوانێکی سیاســی دیار و کارا، بەهــۆی ئــەوەی ڕۆڵــی بەرچــاوی هەبووە، لە ڕووداوە سیاسـییەکان، بووەتە ســەرنجی هــەردوو لایەنــی ئێرانــی و کــوردی، بۆیــەش لــە ســەرەتای تشرینــی یەکەمــی ١٩٤٦ جارێکــی تــر (قــازی) دەستنیشــانی کــردووە، بــۆ دانوســتاندن لەگــەڵ کاربەدەســتانی ئێــران، بــۆ ئــەو مەبەســتە چونەتــە شــاری ســەقز[٣٢٣]، هــەژار و (حاجــی حەمــەد ئاغــای حیســامی) لەگــەڵ فەرماندەی ســەربازی ئێران (ســەرتیپ هومایوونی) کە بەرپرسـیارەتی ســنووری کوردســتانی بەئەســتۆوە بــووە، گفتوگۆیــان کــردووە، ئەمــەش لــە کاتێکــدا بــووە، دەســەڵاتدارانی ئێــران دوای داگیرکردنــی ئازەربایجــان، ئامادەکارییــان کــردووە، هێــزی ســەربازییان لــە دەوروبەری شــاری ســەقز کــۆ کردۆتــەوە، بۆئــەوەی هێرشــی ســەربازی بکەنــە، ســەر ســنووری کۆمــاری

(٣٢٠) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٦٩-٧٢.

(٣٢١) ولیام ئیگلتۆن جونیۆر، حکومەتی میللی کوردستان مەهاباد ١٩٤٦(پ - ٢٥٧)١٦٦.

(٣٢٢) ئەرشـیفی فەرەیـدون حەکیـم زادە. لـە ٢٨ی تەمـوز ٢٠٢١. بەدەسـت توێژەر گەیشـتوە. بۆ زانیاری زیاتر لەسـەر ئـەم بابەتـە، بڕوانە. پاشـکۆی ژمارە ٣.

(٣٢٣) محمد رئوف مرادی (پ- ٤٨)٢٨.

کوردستان، بەتایبەت شاری مەهاباد بۆیە دوای چەند ڕۆژێک، بەفەرمانی (هۆمایۆنی) شاندەکە دەستگیر کراون[٣٢٤]، (سەرهەنگ غەففاری)، گەورە بەرپرس و حاکمی سەربازی، داوای لە هەژار کردووە، پاکاننامەیەک بنوسێت و پەشیمانی دەرببڕیت، لەو هەڵوێستە و تاوەکو پاکاننامەکە[٣٢٥]، لە ڕۆژنامەی ئیتلاعات بڵاو بکەنەوە، هەروەها پارەشی پێداوە و گوتویەتی"وابزانم پوڵت نیە" ئەم کارە بکات، بۆئەوەی لە سێدارەی نەدەن، لەم دانیشتنە کەسێکی تری کوردی لێبووە بەناوی "حەمەد ئاغای سەرا" ئەویش زۆر ستایشی شای ئێران کردووە، "کە چۆن ماڵ و ملکی چووە و چۆن لە شاپەرستی لای نەداوە"[٣٢٦]، ناوبراو هانی داوە بۆئەوەی ئەم پاکاننامەیە بنوسێت. بەڵام هەژار سازشی نەکردووە، بەو هۆیەوە ماوەی دوو مانگ لە زیندان ماوەتەوە.[٣٢٧].

ئەم هەڵوێستەی هەژار نیشانەی ئەو پەڕی نیشتیمانپەروەری و شۆڕشگێڕییە، بە نمونەی ڕوحیەتی بەرخودانی نەتەوەیەک پێشانی داگیرکەرانی کوردستان و خیانەت کارانی ناوخۆ دەدات. بەگژ پیلانەکانیاندا دەچێتەوە، ئەم جۆرە هەڵوێستانە بۆتە خاڵێکی درەوشاوەی بەشێک لە مێژووی نەتەوەی کورد، دەبێتە وانەیەکیش بۆ نەوەی نوێ سودی لێوەربگرن. ئەمەش لە کاتێکدا بووە، کەسانی تر تەنیا بەرژەوەندییەکی کاتی کەسی، خیانەتی نیشتیمانیان دژی گەلەکەیان ئەنجامداوە.

(زەبیحی) یش، کە ئەندامی شاندەکە بوو، ڕایکردووە، (قازی) بە دەستگیرکردنی هەژار نارەحەت بووە و بەمەبەستی ئازادکردنیان، کەسێک بەناوی (حەمەدەمین ئاغای حەسەن خاڵی)، کارمەندی ڕەگەزنامەی مەهاباد و کەسایەتییەکی دیار بووە، دەنێرێت بۆ سەقز، بەگەیشتنی ئەویش دەستگیر دەکرێت، (مستەفا بارزانی)یش پێی ڕاگەیاندون قبوڵ ناکا، هیچ شتێک بەسەر هەژاربێت[٣٢٨]، لە کاتی گواستنەوەی هەژار لە سەقزەوە بۆ

---

(٣٢٤) محەمەدی نوری، شەوێک و خەوێک بستووی ژیان، بیرەوەری ئامادەکردنی سەلاحەددین ئاشتی (چاپخانەی شڤان- سلێمانی ٢٠٠٦)٣٠-٣١.

(٣٢٥) حوسێن گورژی(پ- ١٦٨)٤٠.

(٣٢٦) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٧٤.

(٣٢٧) حوسێن گورژی(پ- ١٦٨)٤٠.

(٣٢٨) سەعدون مازوچی(پ- ٦٩)١٦.

مەهاباد، کە پێشبینی دەکرێت بۆ ئەوە بووبێت، لەگەڵ (قازی) و هاوڕیکانی لە سێدارە بدرێن، بۆیە سوود لەو دەرفەتە وەردەگرێت و ڕادەکات [٣٢٩]. دوای ئەوەی لەشکری ئیران دەست بەسەر شاری مەهاباد دادەگرێ، قازی و هاوڕێکانی دەستگیردەکرێن، ئەو کاتەی (پێشەوا) لە زیندان بووە، سەرەڕای ڕەوشی خۆی بە پەرۆش بووە، هەواڵی هەژاری پرسیووە، گوایە دەبێت (سەرتیپ هومایوونی) ئازادی کردبێت، کە زانیویەتی ڕایکردووە گوتوویەتی "هەژار چاکی کردووە هەڵاتوە"[٣٣٠]. ئەم وتەیە زیاتر ئەوە دەردەخات، کە ڕای نەکردبا، هەمان چارەنوسی ئەوانی دەبوو.

ئەو ماوە کورتەی تەمەنی کۆماری کوردستان، کۆمەڵێک ئەرک و خزمەتگوزاری ئەنجامداوە[٣٣١]. بەشێوەیەکی کورت تیشکی دەخەینەسەر:

**کارەکانی کۆماری کوردستان:**

لەوماوە تەمەنە کورتییەیدا کۆمەڵێک ئەرکو کاری ئەرکی زۆر بەسود کران، کە پێشتر لە کوردستان زۆر بەکەمی کرابوون:

بەر لەدامەزراندنی کۆماری کوردستان، بەیەک دوو مانگ وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە، چاپخانەی کوردستان دامەزرا.

ڕاکێشانی ژنان و لاوان بۆ بەشداریکردن، لە کار و باری کۆمەڵگا، دواتر هەردووکیان لە چوارچێوەی دوو ڕێکخراودا ڕێکخران.

داننان بەمافی کەمایەتیەکان و فەرهەنگییان.

بڕیاردان بە زمانی کوردی، لە قوتابخانەکان و کار و باری کارگێڕیدا.

خوێندنی بە زۆرەملێ، بە کوڕان و کچان، کردنەوەی قوتابخانەی شەوانە.

دامەزراندنی ڕادیۆیەکی ئێف ئێم.

---

(٣٢٩) حوسێن گورژی(پ- ١٦٨)٤٠.

(٣٣٠) محەمەدی نوری(پ- ٣٢٤)٤٢.

(٣٣١) کرمانج حەقی، حکومەتی کۆماری کوردستان ١٩٤٦-١٩٤٧ دەروازەیەک بۆ لیژنەی ئاشتی کوردستان، وەرگێڕانی بۆ لە ئینگلیزیەوە بۆ عەرەبی فوئاد ئەحمەد قادری، وەرگێڕانی بۆ کوردی جەمال گردەسۆری (هەولێر- ٢٠١٧)٣١-٣٢.

دامەزراندنی سینەمای گەڕۆک لە ناو ئۆتۆمبێلدا.

شانۆ و مۆسیقا بەرە و پێشەوە دەچوون.

ئەنجومەنی فەرهەنگی لەگەڵ ئازەربایجان و یەکێتی سۆڤیەت پێکهاتبوو.

ناردنی قوتابیان بۆ باکۆ و تەورێز، بەمەبەستی درێژەدانی خوێندنی بوارە جیاجیاکانی پێویست بۆ ئەو کاتی کۆمار.[٣٣٢].

دوای ئەوەی کۆماری کوردستان لە ١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦ تووشی شکست هات[٣٣٣] و (قازی) و هاوکارەکانی دادگایی کراون لە سێدارەدران[٣٣٤]. بەمەش هەژار کۆمەڵێک هاوڕێی لەدەستدا، هەرچەندە کۆستێکی گەورەبوو بۆی[٣٣٥] و لەگەڵ ئەوەشدا دەستبەرداری ئامانجەکەی نەبوو[٣٣٦]. ئەمەش هاندەرێک بوو بۆ ئەوەی، بە گڕوتینێکی نوێ و لە جاران زیاتر، لە دەربەدەری و لە پارچەیەکی تر و لە بەشێکی دیکەی نیشتیمانەکەی، پەرە بە خەباتی نەتەوەیی بدات.

**هۆکارەکانی ڕووخانی کۆماری کوردستان:**

کۆمەڵێک فاکتەر لەپشت ڕووخانی کۆماری کوردستانەوە هەن، هەوڵدەدەین بەشێوەی کورت تیشکیان بخەیەنەسەر:

دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە ڕاستیەی بکرێ، هەر لە بنەرەتەوە زەمینەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، بەتەواوی ئامادە نەکرابوو. بەڵکو هەل و مەرجی ئەو کاتەی نێو نەتەوەیی، ئێران و بەتایبەت پێکهاتنی حکومەتی میللی ئازەربایجان، ڕەوشێکی سیاسی وایان پێکهێنا، کە ڕوداوەکان زۆر بەخێرایی بچنە پێش و حزبی دیموکراتی کوردستان، هاندرا بۆئەوەی کۆماری کوردستان زۆر زوتر لەوە کە هەل و مەرجێکی

(٣٣٢) ڕەحمان نەقشی، پێشەوا قازی سەرۆک کۆماری کوردستان (بڵاوکراوەیەکی تایبەت لەساڵ ڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان ٢٠١٦- ب.ش.چ)٦٠-٦١.

(٣٣٣) گوینتەر دێشنەر(پ- ٣٠٣)١٩٥.

(٣٣٤) سەبارەت بەدادگایی و لە سێدارەدانی(قازی) و هاوکارانی بڕوانە. موحاکەمەکردنەکەی قازی محەمەد لە یاداشتەکانی قوام السلطنەدا، وەرگێڕانی لە فارسیەوە موکری(چاپی چوارەم - هەولێر ٢٠٠٧)١٠٤-١١١.

(٣٣٥) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩)٢٢.

(٣٣٦) حەسەنی دانیشفەڕ- هێور (پ- ٥٧)٥.

تـەوەواوی بـۆ ئامادەکرابـێ دامەزرێنـێ.

یەکنەگرتنـەوەی بەرژەوەنـدی وڵاتـە زلهێزەکانـی جیهـان، بەتایبـەت یەکێتـی سـۆڤیەت، بەریتانیـا و ئەمەریـکا، لەگـەڵ کۆمـاری کوردسـتان، بەڵکـو بەپێچەوانـەوە بەرژەوەندییـەکان لەگـەڵ دەسـەڵاتدارانی ئێـران بـوو.

سـەرهەڵدانی شـەڕی سـارد لەنێـوان وڵاتـە زلهێـزەکان، کاریگـەری ڕاسـتەوخۆ و نەرێنـی هەبـوو لەسـەر پشـت لـە کـورد و ڕووخانـی کۆمـاری کوردسـتان.

ڕووخانـی حکومەتـی میللـی ئازەربایجـان، بـەو شـێوە کتوپـڕە، ڕاسـتەوخۆ کاریگـەری لەسـەر هاوپەیمانەکـەی کـە کۆمـاری کوردسـتان بـوو، هەبـوو.

بەگشـتی لـە مێـژووی جوڵانەوەکانـی نەتـەوەی کـورددا، ناتەبایـی و نەبوونـی یـەک هەڵوێسـتی بـەدی دەکـرێ، ئەمـەش یەکێکـە لـە خاڵـە لاوازەکان بـە درێژایـی مێـژووی هاوچەرخـی کـورد. لـە سـەردەمی کۆمەڵـەی ژێـکاف، ژمارەیـەک لـە سـەرۆک هـۆز و ئاغـا، ئـەو کاتـەی لەسـەر داوای یەکێتـی سـۆڤیەت بانگهێشـتی (قـازی محەمـەد) و چەنـد سـەرۆک هێـز و کەسایەتی کردبـوو بـۆ باکـۆ، بەشـێک لەسـەرۆک هـۆزەکان لەبـری داواکاری سیاسـی و پشـتیوانی لـە دۆزی کـورد، داوکاری کەسـیان هەبـووە، لـەم بارەیـەوە هـەژار نووسـیویەتی "جارێـک ڕووسـان زۆر پیاوماقوڵـی وڵاتیـان بـۆ باکۆیـە بانـگ کـرد، کـە عەلیاغـا و قەرەنیاغـا و حاجـی بابەشـێخ و زۆر ئاغـای تریـش لـەو بانـگ کراوانـە بـوون. کـە هاتنـەوە بیسـتمان باغرۆفـی سـەرۆکی وەزیـری ئازەربایجانـی رووسـیا گوتبـووی چتـان دەوێ بۆتانـی پێـک بێنیـن. یـەک دەڵـێ شـەکر، یـەک دەڵـێ زینـی عورووسـی، دەمانچـە... مـن دەمەتەقیەکـم لەسـەر نووسـین و لـە نیشـتیمان دا چاپکـرا. تێـرم گاڵتـە بـە عەقڵیـان کردبـوو. عەلیاغـا هەڕەشـەی کردبـوو کـە ئـەو شـاعیرە هـەر دەکـوژم. ماوەیەکـی زۆر نەمدەوێـرا بـە گونـدی ئـەودا بـڕۆم و ڕێگـەم بـۆ شـاری سـابڵاغ گۆڕیبـوو"[٣٣٧]. دەمەتەقیـە لـە گۆڤـاری نیشـتیمان ژمـارە"٦" ڕەشـەمەی ١٣٢٢ ک. هــ. ١٩٤٣ چـاپ کـراوە و دەقەکـەی ئەمەیـە، کـە لـە دیوانـی شـیعرەکەیدا نیـە:

(٣٣٧) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٦٢.

بایز: لە کوێ بووی؟

باپیر: چووبوومە شاری

بایز: دەنگ و باس چ بوو لە ناو بازاڕی؟

باپیر: دەڵێن ڕووسەکان هێجگار لە پێشن

بەم زوانە کلک هیتلەر دەکشێن

سوپای هەشتەمیش لەولا ئازایە

خەریک گرتنی ئیتالیایە

بایز: ئەدی ئاغامان خەریکی چییە؟

لە مێژە ئاگام لە حاڵی نیە.

باپیر: ئەمن چوزانم، هیچ ناسەلمێنێ

خەریکە دیسان قەندی بستێنێ

بایز: جا قەندی بۆچی دەدەنێ کاکە؟

خۆ ئاغا نەیبوو قەت بۆ وان چاکە؟

باپیر: قەندی دەدەنێ دەبەستن دەستی

هەتاکوو نەکا بیری سەربەستی

بایز: لەباتی قەندی چی دەدا قیمەت؟

باپیر: شەرەف و ناموس، ویژدان و غیرەت

بایز: دەک یاخوا جەرگی بێ پارە – پارە

شەرەف دەفرۆشێ بە پوڵ و پارە؟

هەلا- هەلابێ کەم دەوڵەمەندە؟

چ ئیحتیاجی بە پوڵ و قەندە؟

باپیر: ئەگەر نەتبیستووە بایزەڕووت! ئەتۆ

کەشک ڕەق ترە تا پتر بێ دۆ؟

بایز: بەخێر نەیەوە نەفامی بێ هۆش!

نەمدی قەت پێت بێ خەبەرێکی خۆش

سەردەمی کۆمەڵەی ژێکاف کۆماری کوردستانیش ئەم خاڵە لاوازە بەرچاوبوو. ئەو ناتەباییە لە پایەی نزمی پاشکەوتوویی کۆمەڵی کوردەوارییەوە هەڵدەقوڵێ.

خۆخۆری و خیانەت لە ناو ڕاپەرین و شۆڕشەکانی، گەلی کورد بۆتە کەلتورێکی خراپ، ئەمەش ڕۆڵێکی زۆر نەرێنی لەسەردەمی کۆماردا بینی.

نمونەی ئەمەش ئەو خیانەت و بەرژەوەندخوازی و بیر تەسکی و نەبوونی هیچ هەڵویستێکی نیشتیمانی و میژوویی، ژمارەیەک لە سەرۆک هۆزەکان، بەردەوام بوو تا ئەوکاتەی پێشمەرگەکانی کۆماری کوردستان ڕووبەڕووی هێزی داگیرکەری ئێران وەستانەوە، ئەمەش هانی ئەو سەرۆک هۆزانەی دا خۆیان لەبەرەی هێزی داگیرکەردا ببیننەوە کە پێشتر زەمینەسازییان بۆ ئەم هەڵوێستە نا نیشتیمانییە کردبوو، ئەوە بوو کەوتنە دژایەتی کردنی دەسەڵاتی خۆماڵی کوردی. لەم بارەیەوە (کەریمی حیسامی) ناوی ژمارەیەک کەسی هێناوە "قەرەنی ئاغای مامەش تا مردوو پاشان کوڕ و تایفەشی دەستیان لە خزمەتی حەجەم هەڵنەگرت و وازیان لە دژایەتی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد نەهێنا. عەلیاغای حاجی ئیلخانی و کوڕەکانی لە جیاتی بەشداری لە جوڵانەوەی کورد خزمەتی حکومەتی تارانیان هەڵبژارد. عەولای مەحمودئاغا هەر بە ڕسمی بوو بەچڵکخۆری حکومەتی تاران و دژی جوڵانەوەی کورد وەستا[٣٣٨]".

هەر لەم بارەیەوە هەژاریش، ئەوکاتەی لەلایەن کاربەدەستانی باڵای ئێرانەوە دەستگیرکراوە، پەنجەی تاوان بۆ هێندێک کەسی تر ڕادەکێشێ و دەڵێ" حەمەد ئاغای سەرا... باسی خۆی کرد کە چۆن موڵک و ماڵی چووە و چۆن لە شاپەرستی

(٣٣٨) کەریم حیسامی، کۆماری دیموکراتی کوردستان یان خود خودموختاری (چاپی دووەم ب.ش.چ ١٩٨٦)٤١.

لای نـەداوە. ... حەمەدەمیـن ئاغـا لـەدژی کـورد خزمەتـی بەدەسـەڵاتدارانی ئێـران کـردووە، بۆیـە دەسـتی بـۆ سـۆبە ڕاداشـت و گوتـی: هەمـوو ڕۆژێ گوزارشـتێکم نووسـیوە، ڕەنگـە پـڕ بـەو سـۆبە بـبن. مـن هەواڵـی دەوڵـەت بـووم. قاسـم ئاغـاش گوتـی: ئەگـەر قـازی نەفەوتابـا ئێمـە هەمووشـمان دەفەوتایـن[٣٣٩].

نەبوونـی دیسـپلینی سـەربازیی تۆکمـە و ڕێکوپێـک، لەنـاو هێـزی پێشـمەرگەدا. ئـەوەی کـە زۆر ئەزمونـی شـەڕو پێکدانیـان هەبـوو، (مسـتەفا بارزانـی) و پێشـمەرگەکانی بـوون کـە ڕۆڵـی بەرچـاو و سـەرەکیان گێـڕا لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی هێرشـەکانی ئێـران بـۆ سـەر کۆمـاری کوردسـتان.

لەلایەکـی تـرەوە دواکەوتوویـی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی کوردسـتان کاریگـەری نەرێنـی خـۆی هەبـوو.

ئەمە هۆکار گەلێک بوون، بەدڵنیایی هۆکاری تریش لە پشت ئەمەوە ماون.

دەتوانیـن لـە کۆتاییـدا ئـاوا ئـەم کۆمـارە هەڵبسـەنگێنین: کۆمـاری کوردسـتان ئاکامـی جوڵانەوەیەکـی نەتەوەیـی و دیموکراتـی بـوو، لـەم جوڵانەوەیـەدا هەمـوو چیـن و توێژەکانـی کۆمەڵـگا بەشـداربوون. گەلـی کـورد لـە پـاش ئەزمونـی حکومەتـی کوردسـتانی لـە باشـوری کوردسـتان و لـە شـاری سـلێمانی لەسـەرەتای بیسـتەکاندا، ئەمـەش دووەمیـن ئەزمونـی حوکمڕانـی بـوو لـە نیـوەی یەکەمـی سـەدەی بیسـتەمدا.

لـە بەشـێک لـە نیشـتیمانی خۆیـدا، شـوێنەوارێکی لـە زۆردارانـی مێـژووی خـۆی نـەدەدی، خەڵکـی ڕۆشـنبیر، سـادە و سـاویلکە و نەخوێنـدەوار ئـەم کۆمارەیـان بەهـی خۆیـان دەزانـی، ئازادانـە لـە هەڵسـوڕاندنی بەشـدارییان دەکـرد. ئـەو دیموکراسـییەی لـە کۆمـاری کوردسـتاندا بـەدی دەکـرا، جێـی سەرسـوڕمان بـوو، بـۆ ئـەو کەسـانەی کـە لـە دەرەوە دەچـوون و چاویـان پێدەکـەوت، هەسـتێکی یەکجـار خـۆش لـە دەرونـی ئـەم گەلـە چەکـەرە و گەشـەی کردبـوو، هەسـتیان بـە بـوون و خـاوەن نیشـتیمانی خۆیـان دەکـرد.

ئـەم کۆمـارە نـەک هـەر بـۆ گەلـی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، بەڵکـو بـۆ هەمـوو

(٣٣٩) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٧٤-٧٥.

نەتەوەی کورد جێگای هیوا و ئاوات بوو، چوونی بارزانییەکان و زۆر کەسی دیکەی خەڵکی باشوری کوردستان، کە بەشدارییان لە کۆماری کوردستاندا کرد، ئەمەش جوڵانەوەیەکی گشتی نەتەوەیی بوو، هەموو نەتەوەی کورد چاوی تێبڕیبوو. نوێنەرانی کورد لەوانە (قازی مەلا وەهاب) لە باکوری کوردستان، (قەدری بەگ نەوەی جەمیل پاشا) نوێنەری ڕۆژئاوای کوردستان، هەروەها کوردانی تر لە ئەوروپاوە، سەردانی مەهاباد و کۆماری کوردستانیان دەکرد. بۆئەوەی بزانن و لە نزیکەوە بەچاوی خۆیان ببینن، کە یەکەم حکومەتی گەلی کورد چۆنە و چی بۆ خەڵکی کوردستان دەکا، پاڵپشتیان بۆ دەردەبڕی.

ئەم ئەزمونە سەرەڕای کورتیی ماوەکەی، یەکێکە لە ئەستێرە پرشنگدارەکانی سەر ڕێگای دورودرێژی خەباتی نەتەوەی کورد، لەپێناو ئازادی و سەربەخۆییدا، هەربۆیە نوسەرانی کورد و بێگانە بایەخێکی تایبەتیان پێداوە.

ڕووخانیشی گورزێکی گورچکبڕبوو، بەر نەتەوەخوازیی کورد نەک هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکو بەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەگشتی کەوت کە تازە دەهات بناغەی قەوارەیەکی سیاسی بۆ کورد دابڕێژێ، تەمەنی زۆری نەخایاند و کەوتە بەر پەلاماری نەتەوەی سەردەستی فارس و پشتیوانی دەوروبەری و وڵاتانی زلهێز. بۆ نەتەوەخوازیی کورد شکستی کۆمار تەنیا لەبارچوونی دەسەڵاتێکی کوردی نەبوو، بەڵکو لە ڕووی ئامانج و جۆری دروشمەکانیشیەوە، توشی پاشەکشەیەکی گەورە هات، ئیتر لێرەوە مەسەلەی کورد بوو بە پرۆژەیەکی ناوچەیی و ئەوەندە بچوک کرایەوە، کە لە کۆمەڵە مافێکی کولتوری و کارگێڕی لەناو سنووری داگیرکەری ئێراندا، بوو بە دروشمی ستراتیژی بۆ کورد.

دوای ڕووخانی کۆمار و پاش ئەوەی هەژار لە وەرزی سەرماوسۆڵە و بە چەرمەسەرییەکی زۆر، خۆی گەیاندە باشووری کوردستان، بەرەبەرە ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کەمێک هێور دەبێتەوە، کۆمەڵێک لە ئاغایانی ناوچەی موکریان چوبوونە تاران، (محەمەد کوڕی ڕەزا شا) لە مەڕ چارەنووسی هەژار پرسیاری لێکردبوون، کەچی لێهاتووە؟ لە وەڵامدا بە شانازییەوە، گوتبوویان "قوربان ئێمە کوشتمان"[٣٤٠].

(٣٤٠) محمد رئوف مرادی (پ- ٤٨)٢٨.

**ئاوارەبوونی هەژار بۆ باشووری کوردستان**

زۆرنیـــن ئەوانـــەی لـــە نســـکۆ و نەهامەتیـــدا، بەرگـــەی ژیانـــی کولەمەرگـــی و دەربـەدەری بگـرن، واز لـە مـاڵ و منـداڵ و زێـدی خۆیـان و بەرژەوەندییەکانیـان بێنـن. بەرگـری لـە خاکـی کوردسـتان و نەتەوەیەکەیـان بکـەن. بەردەوامـبن لـە خەبـات و کۆڵنـەدان بەمەبەسـتی بەدەسـتهێنانی ئـازادی و سـەرفرازی بـۆ گـەل و نەتەوەیەکەیـان، هـەژار یەکێـک بـوو لـەو کەسـایەتییانەی ئـەم خەسـڵەتانەی تێدابـوو؛ لـەم پێنـاوەدا قوربانـی بەخۆیـدا و بـوو بـە ملکـی نەتەوەکـەی.

دوای ئـەوەی هـەژار لـە کۆتایـی سـاڵی ١٩٤٦ ئـاوارەی باشـووری کوردسـتان بـووە، ماوەیـەک لای خـۆی و دواتـر وەک لـە لایـەن (لەتیفـی شـێخ مەحمـودی حەفیـد) لـە ترسـی پۆلیسـی عێراقـی و بۆئـەوەی پارێزراوبێـت، وەک تاکتیکێـک و بـۆ شـوێنبزری، ڕەوانـەی ماڵـی کەسـێکی متمانـە پێکـراوی خـۆی بەنـاوی ( مەحمـود بـەگ) ناوێـک کـردووە، دوای ماوەیـەک مانـەوەی دیسـان جارێکـی تـر، لـە پێنـاو دابینکردنـی ئاسایشـیان لەگـەڵ (حەسـەنی قزڵجـی) و چەنـد کەسـایەتیەکی سیاسـی تـر، ڕۆیشـتونەتەوە بـۆ گوندی (بـی بـی جـەک) و خۆیـان حەشـارداوە، لـەو کاتـەدا دوو کەسـایەتی بەنـاوی (عەبدولقـادر ئەحمـەد) نـاسراو بـە (کاخـدر) و (باقـی بامەڕنـی) نـاسراو بـە (مـام غەفـور) ، لـە لایـەن (مسـتەفا بارزانـی) یـەوە، لەشـارۆچکەی شـنۆوە بـۆ هەندێـک کاری تایبـەت ڕەوانـەی باشـووری کوردسـتان کرابـوون، هـەژار نامـەی بـۆ ئەو نووسـیوە، بۆئـەوەی بگەڕێتـەوە لای، بـەڵام هەوڵەکـەی شکسـتی هێنـاوە، ئەمـەش بەهـۆی ئـەوەی سـەرۆکی پارتـی ناوچەکـەی جێهێشـتووە[٣٤١]، دەبـوو لەگەڵیـان ڕۆیشـتبایە، چونکـە ئەگـەر پۆلیسـی عێراقـی، هەژاریـان دەسـتگیر بکردبـا، ڕادەسـتی ئێرانیـان دەکـردەوە.

دواتـر هـەژار و (زەبیحـی) لـە سـلێمانی لەگـەڵ (ئیبراهیـم ئەحمـەد) و (جـەلال تاڵەبانـی١٩٣٣- ٢٠١٧) چالاکـی و کاری سیاسـیان لەگـەڵ (پـدک) ئەنجامـداوە[٣٤٢]، لـەم بارەیـەوە هـەژار بـە دڵسـۆزی و ئەوپـەڕی لەخۆبۆردەییـەوە، بەپێـی ڕێنماییەکانـی ئـەوان

(٣٤١) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٧٨- ٩١.

(٣٤٢) عەلی کەریمی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی - مامۆستا عولەما (پ- ٣٧)٢٧٩.

کاری کـردووه، هـاوکاری پارتـی کـردووه، لەوانـە: (هەمـزە عەبدوڵـڵا)، (ئیبراهیـم ئەحمـەد) و (جـەلال تاڵەبانـی) [٣٤٣]. هەروەهـا (جـەلال تاڵەبانـی) خـۆی ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکات، چەنـد کەسـێکی دیـاری ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، دوای ڕووخانـی کۆمـاری کوردسـتان، یەکێـک لەوانـە هـەژار بـوو، کـە ببـوو بـە ئەندامـی پارتـی و ئەرکـی پێسـپێرابوو [٣٤٤]، بەهـۆی ئەزموونـی دەوڵەمەنـدی و چالاکییەکانـی سـوودیان لێبینیـوە.

## چالاکییەکانی لەنێوان ساڵانی (١٩٤٨-١٩٥٣)

لـە دوای ئـاوارە بوونـی بـۆ بەغـدا لـە سـاڵی ١٩٤٨، هـەژار بەشـداری کـردووە لـە خۆپێشـاندانی دژی (پەیماننامـەی پۆرتسـمۆس[٣٤٥])، کـە بـە هـزری چـەپ کاریگـەر بـوو، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا "چەپێکـی نەتەوەیـی بـوو"ە، ئەمـەش بـۆ ئـەو بنەمـا نەتەوەییـەی دەگەڕێتـەوە، کـە لەسـەردەمی کۆمەڵـەی ژێـکاف، پێـی گـۆش و پەروەردەکـرا، لای ئـەو جێگیرکرابـوو[٣٤٦]. لـە شـەقامی (حەیدەرخانـە) لـە بەغـدا دوکانێکـی بچووکـی دانـاوە، نیشـتیمانپەروەرانی کـورد بـە تاسـەوە، سـەردانیان کـردووە، چونکـە وەک یەکێـک لـە دامەزرێنەرانـی کۆمـاری کوردسـتان، ناوبانگـی دەرکردبـوو پڕوپاگەنـدەی بـۆ مارکسـیەت، بووەتـە جێـگای سـەرنجی هاوڕێکانـی[٣٤٧]. ئـەم دوکانـەی ناونـاوە (مەخـزەن شـوهەدا) بەیـادی ئەوانـەی لـە خۆپێشـنادادنەکانی بەغـدا کـوژران، کـە خۆشـی بەشـداری کـردووە و لەسـەرەوە ئامـاژەی پێکـراوە، هـەر

(٣٤٣) هەژار، دیوانی هەژار بۆ کوردستان (پ- ١)١٠.

(٣٤٤) سەلاح ڕەشید، دیداری تەمەن(پ- ٨٨)٧٨.

(٣٤٥) پەیماننامـەی پۆرتسـمۆس: لـە١٥ی کانونـی دووەمـی ١٩٤٨، لـە نێـوان عێـراق و بەریتانیـادا، لـە بەنـدەری پۆرتسـمۆس واژۆکـراوە؛ ئەمـەش بـە ئامانجـی بەدەسـتهێنانی جیاوکێکـی زۆر بوو بـۆ بەریتانیا، لەبـواری سـەربازی لەهەرکاتێکـدا بێـت، بـۆی هەیە خاکـی عێراق بەکاربینـێ، هەروەها بۆ ماوەی بیسـت سـاڵ عێـراق بـوو بـە بنکەیەکـی بەریتانی، لە زۆر بواری ژیانی سیاسـی کار و باری سـوپای دابووە دەسـت دەسـەڵاتدارانی ئینگلیـز. ئەحمـەد حەمەدئەمیـن، چەنـد لاپەڕەیـەک لـە مێـژووی نـوێ و هاوچەرخـی عێراق(چاپـی یەکـەم چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات هەولێـر ٢٠١٠)١٥٠-١٥١.

(٣٤٦) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩)١٢٩.

(٣٤٧) مـەلا نـوری ئاغجەلـەری" نـوری عەبدوڵـڵا صالـح" بیرەوەریەکانـم لەنێـوان بینیـن و بیسـتندا، ئامادەکردنـی سـدیق سـاڵح( چاپخانەیـی شـڤان- سـلێمانی٢٠٠٩)٦٠-٦١.

لـەم دوکانـە چەندیـن کتێـب و ڕۆژنامـەی جۆراوجـۆری لایەنگیـری چەپـی فرۆشـتووە، ئەندامانــی (حزبــی ئیســتقلال) کــە دژی دەســتە چەپیــان بــوو، لــە دژی ئــەوەی نـاوی دوکانەکـەی شـوهەدا بـوو، شـەوێک چەنـد ئەندامێکـی ئـەم حزبـە هێرشـیان کردووەتــە ســەر دوکانەکــە و جامخانەیــان شــکاندووە و زیانیــان پێگەیانــدووە و هەمــوو کتێبەکانیــان لێدڕانــدوون(٣٤٨).

دوای ماوەیـەک هـەر لـە بەغـدا لـە سـتۆدیۆیەکی وێنەگـری کار دەکات، لـە شـەقامی ڕەشـید و دواتریـش سـتۆدیۆیەکەیان گواسـتۆتەوە بـۆ ناوچـەی ئەعزەمیـە، لـە ناوەڕاسـتی تشرینــی یەکەمــی ١٩٤٨، لەلایــەن پۆلیســی نهێنــی عێــراق، هەریــەک لــە هــەژار و (زەبیحــی) دەخرێنــە ژێــر چاودێــری. لــە ڕووی زانیارییــەوە داوای هــاوکاری لــە هــەژار دەکــەن، بــەڵام ئــەو ڕەتــی دەکاتــەوە، هاوکاریــان بــکات و کارەکــەی جێدەهێڵێــت(٣٤٩)، ئەمــەش وەک هەڵوێســتێکی نیشــتیمانی و نەتەوەیــی هەژمــار دەکرێــت.

هەرچەنــدە لــەم ســەرچاوەیەدا ئــەم ڕووداوە بــە ســاڵی ١٩٤٧ هاتــووە، کــە کارەکــەی لــە ســتۆدیۆ بەجێهێشــت، بــەڵام ڕاســتیەکەی بــەم شــێوەیەیە: لــە ناوەڕاســتی تشرینــی یەکەمـی ١٩٤٨، دوای چەنـد هەفتەیـەک لـە جێهێشـتنی کارەکـەی، هـەژار بـە مەبەسـتی چارەسـەری پزیشـکی ڕەوانـەی نەخۆشـخانە دەکرێـت لـە لوبنـان.

لــە لایەکــی تــرەوە ئەوکاتــەی دەربــەدەر و دوور لــە نیشــتیمان و زێــدی خــۆی، بــە ناچــاری لــە شــاری بەغــدا بــە کولــە مەرگــی ژیــاوە، بــڕوا بــوون بەکوردایەتــی لەوپـەڕی وره بەرزیـدا بـووە، بۆیـە لـە ٩ی تەمـوزی ١٩٤٨ ئـەم شـیعرەی بەنـاوی "هـەر کـوردم" لـە پشـتی وێنەیـەک کـە لەگـەڵ (سـدیق حەیـدەری) گرتـووە، نوسـیووە، وەک خــۆی لــە چێشــتی مجێــور ئامــاژەی پێکــردووە، ئەمــە بــە یەکــەم شــیعری دادەنــرێ لــەو کاتــەی لــە ڕۆژهەڵاتــی کوردســتانەوە ئــاوارە و پەڕیــوەی باشــوری کوردســتان و ناوەڕاســتی عێــراق بــووە:

---

(٣٤٨) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)١٢٦-١٢٧.

(٣٤٩) کەریـم شـارەزا، لاپەڕەیەکی شـاردراوە لە ژیانی شـاعیری کورد هەژاری موکریانـی" ١٨٧٩ ڕۆژنامەی برایەتی (٢١ی شوباتی ١٩٩٤)٨.

**هەر کوردم**

بـە دەربـەدەری یـان لـە ماڵـی خـۆم / لـە خاکـی عـەرەب، لە ئێـران و ڕۆم
کـۆک و پۆشـتەبم، ڕوت و ڕەجـاڵ بـم / کۆشـکم دەقـات بێ، وێرانـە ماڵ بم
ئـازا و ڕزگاربـم شـادان و خەنـدان / یـان زنجیر لە مل لە سـووچی زیندان
سـاغ بم جحێـڵ بم بگرم گوێ سـوانان / یـان زار و نـزار لـە نەخۆشـخانان
دانیشـم لەسـەر تەختـی خونـکاری / یـان لـە کۆڵانـان بکـەم هـەژاری
کـوردم و لەڕێـی کـورد و کوردسـتان / سـەر لە پێناوم گیان لەسـەر دەستان
بەکـوردی دەژیـم بـە کـوردی دەمـرم / بەکـوردی دەیـدەم وەرامـی قەبـرم
بەکـوردی دیسـان زینـدوو دەبمـەوە / لەودنیاش بۆکوردتێ هەڵدەچمەوە(٣٥٠).

دوای ئـەوەی بەمەبەسـتی چارەسـەری پزیشـکی، چـووە بـۆ نەخۆشـخانەی بەحنـەس لـە لوبنـان، لـە تشرینـی دووەمـی١٩٥٠ هـەژار گەڕایـەوە ماڵەکـەی لـە بەغـدا، لەبـەر مەترسـی جموجۆڵـە سیاسـییەکانی، جارێکـی تـر خراوەتـە ژێـر چاودێـری پۆلیـس(٣٥١)، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە بەهـاری سـاڵی ١٩٥٢، قسـەی لەسـەر ڕووداو و پێشـهاتەکانی کۆمـاری کوردسـتان بـۆ ئـەو کوردانـە کـردووە، کـە لەشـارەکانی باشـووری کوردسـتانەوە چونەتـە ئـەوێ و هەژاریـان بینیـوە، بـەم هەڵوێسـتانەی هەوڵیـداوە هەسـتی نیشـتیمانپەروەریان زیـاد بـکات(٣٥٢). ئـەم هەڵوێسـتانەی بوونەتـە هـۆی ئـەوەی زیاتـر سـەرنجی پۆلیسـی عێـراق، ڕابکێشـێت و بخرێتـە ژێـر چاودێرییـەوە.

بۆیـە لـە سـاڵی ١٩٥٢ پۆلیـس بەدوایـدا گـەڕاوە، تاوەکـو دەسـتگیری بـکات، بەمەبەسـتی خۆحەشاردان لەگـەڵ (زەبیحـی) چونەتـە لای (عەبدوڵـڵا شـەریف)، کەسێکی نیشـتیمانپەروەربووە، لـە نزیـک شـەقامی ئەبـو نـەواس، بەهـۆی ئـەوەی لـە بنەڕەتـدا خەڵکـی شـاری مەهابـاد بـووە، کەسـێکی دەوڵەمەنـد بـووە، خاوەنـی چێشـتخانە و میوانخانـە بـووە، لـە بەغـدا زۆر هـاوکاری کـردوون، لـەوێ کاریـان کـردووە (٣٥٣).

(٣٥٠) هەژار، دیوانی هەژار بۆ کوردستان (پ- ١)٢٠-٢١.
(٣٥١) مەعسومە ئەحمەدی، خاطراتی از همسرم شرفکندی(پ- ٧١)٤.
(٣٥٢) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩)١٤٩-١٥٠.
(٣٥٣) عەلی کەریمی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی - مامۆستا عولەما (پ- ٣٧)٢٢٧.

لـە زسـتانی سـاڵی ١٩٥٣ ئامـادەکاری کـراوە، بۆئـەوەی لـە هەولێـر ئاهەنگـی نـەورۆز سـازبکرێ، بـۆ ئـەم مەبەسـتە (مـارف خەزنـەدار)، ئەوکاتـە لـە بەغـدا خوێندوویەتـی، دەڵـێ: "نیوەڕۆییێـک لـە قاوەخانییێـک لـە بەغـدا دانیشـتبووین، مـن سـۆراغی ئـەوەم دەکـرد دێـڕە شـیعرێکی کـوردی بدۆزمـەوە لـە بابـەت نـەورۆزەوە. بڕیـارم دابـوو کارتێکـی جەژنـە پیـرۆزە چـاپ بکـەم، وێنـەی دیمەنێکـی شـاری هەولێـری لەسـەر بـێ و دێـڕە شـیعرێک لـە ژێریـدا بنـوسرێ. ئێمـە لـەم قسـانەدا بوویـن کەسـێکی نەنـاسراو بـەلای منـەوە بـەوێ تێپـەڕی، یەکێـک لـە دانیشـتوان بانگـی کـرد و بەمنـی ناسـاند... کـە ئـەوە عەزیـزە واتە[هـەژارە] شـیعری چاکـی لەبـەرە منیـش لـە جێـی خـۆم هەڵسـام و لەسـەر شۆسـەکە لەگـەڵ ئـەم ناسـیاوە تازەیـە کەوتینـە گفتوگـۆ، مـن پرۆژەکـەی خۆمـم پـێ وت. هـەر لـەو دەمـەدا پەکەتـە جگەرەییێکـم بەدەسـتەوە بـوو، لێـی وەرگرتـم و لـە پشـتی پاکەتەکـە دەسـت بەجـێ ئـەم دێـڕە شـیعرەی نووسـی:

کـوردە پیـرۆز بـێ جەژنـی نـەورۆزت
نەبـەزی لـە ڕێـی سـەربەرزی هـۆزت

لـە پاشـان خـۆی ئاشـکرا کـرد وتـی مـن هـەژارم، "ئـەم شـیعرەی هـەژار لەسـەر کارتەکـەی جەژنـی نـەورۆز چاپکـراوە"[٣٥٤]. پاشـان هـەر لەترسـی پۆلیـس، هـەژار لـە شـاری بەغـداوە، بـە ئۆتۆمبێلـی دۆسـتێکی خـۆی بەناوی(جەمـاڵ ڕەفعـەت)ی خەڵکـی شـاری سـلێمانی، ڕۆیشـتووە بـۆ شـاری کەرکـووک، دواتـر چووەتـە لای (ئیبراهیـم ئەحمـەد١٩١٤-٢٠٠٠)، چالاکـی سیاسـی و کاری ڕۆژنەمەوانـی لەگـەڵ ئەنجامداون، دوای ئـەوە گەڕاوەتەوە بەغـدا و دوای چەنـد ڕۆژێـک دیسـان جارێکـی دیکـە هاتووەتـەوە کەرکـووک، بۆئـەوەی لەبـەر چـاوی پۆلیـس بزربێـت.

لـە سـتۆدیۆی سـۆنا خاوەنەکـەی نـاوی( پۆرتۆیـان) و ئەرمەنـی بـووە، کاری وێنەگـری کـردووە، کـە مـاوەی سـاڵێک زیاتـر ماوەتـەوە، لـە میوانخانـەش ماوەیـەک، لەگـەڵ

(٣٥٤) مارف خەزنەدار، چاوپێکەوتن(پ- ٩٥)١٠.

(مەلا شکور مستەفا[٣٥٥]) بەیەکەوە بوون[٣٥٦]، هەر لەو شارەش لەگەڵ (مەلا نوری ئاغجەلەری) ئاشنایەتی پەیدا دەکات و باس و خواس و گفتوگۆی سیاسییان کردووە[٣٥٧].

لە بەهاری ساڵی ١٩٥٣ ڤیستیڤاڵی چوارەمی لاوانی جیهان[٣٥٨] لە شاری بوخارست، لە ڕۆمانیا بەڕێوە چووە، هەژاریش یەکێک بووە لەو کەسانەی بەشداری کردووە [٣٥٩]، ئەویش بەهۆی ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ (شێخ لەتیف) بەرزنجی لە کەرکووک هەیبووە، ئەو هەوڵی بۆ داوە، نامەیەکیشی پێدەدات بۆ بەغدا، بەمەبەستی ڕاییکردنی کارەکانی و لەگەڵ شاندی لاوانی حزبی شیوعی عێراقی بەشداری ئەم ڤیستیڤاڵە بێت، بە پێدانی ١٠ دینار وەک بەرتیل، بە دەزگا پەیوەندارەکانی حکومەت، پاسەپۆرتی بۆ دروستکردووە، تاوەکو لەوێ بە ئازادی خۆی بیروڕاکانی دەربڕێ و دەنگ و هاواری کورد بە جیهان بگەیەنێت و دواتر لەگەڵ لاوانی (حشع) بەرەو شام بەڕێ دەکەوێت[٣٦٠]. شاندەکە بە سەرۆکایەتی (غەفوری میرزا کەریم) بووە، کە خەڵکی شاری سلێمانییە، چەند کەسێکی تریشی لەگەڵ بوون، لەوانە (عامر عەبدوڵا) و (کازم سەماوی) [٣٦١]، بەڕێگای بەیروت و قاهیرە گەیشتونەتە شاری بوخارست، شاندەکەی عێراق ١٢ کەس بوون، بەڵام لە بوخارست کەسانی تری عێراقی لە وڵاتانی ئەوروپاوە چوون و ژمارەیان ٧٠ کەس زیاتر بووە، (غەفوری میرزا کەریم) پێی شەرم بووە، لەم کۆنگرەیە و

(٣٥٥) شکور مستەفا ناسراوە بە مەلا شکور: لە ساڵی ١٩٢٦، لە گوندی مامەشەی کەرکوک لە دایک بووە، وانەی مەلایەتی خوێندووە، زمانەکانی عەرەبی – فارسی و تورکی زانیوە، لە ساڵی ١٩٥٥، کۆلێژی شەریعەی ئیمام ئەعزەمی تەواو کردووە، مامۆستای عەرەبی بووە، لە ١٩٧٥ بووە بە ئەندامی کۆڕی زانیاری کورد، خاوەن چەندین بەرهەمە، لە ساڵی ٢٠٠٤ کۆچی دوایی کردووە. خوسرەو جاف، مەحموود دەوڵەت ئابادی و ئەو خەڵکە، خوسرە و جاف و ئەم خەڵکە(چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر ٢٠٢٠)٢٣١.

(٣٥٦) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)١٦٠-١٦٣.

(٣٥٧) مەلا نوری ئاغجەلەری" نوری عەبدوڵڵا صالح" (پ- ٣٤٧)٦١.

(٣٥٨) کەریم حیسامی، لە بیرەوەریەکانم بەرگی یەکەم (پ- ١٤٤)٢٥٧.

(٣٥٩) مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی (پ- ٧٧)٤٠٨.

(٣٦٠) شوکور مستەفا، مام هەژاری موکریانی پاشکۆی کتێبی بارزانی(چاپی یەکەم چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری – هەولێر ١٩٩٨)٥٣.

(٣٦١) غەفوری میرزا کەریم، سەرەتاڵێ لە کڵافەی مێژووی پڕ هەڵبەز و دابەزی ژیانم(پ- ١١٠)١٣٠.

لـە دەرەوەی کۆنگـرەش قسـە و گفتوگـۆ بـە کـوردی بـکا، تەنانـەت لەگـەڵ هەژاریـش بـە عەرەبـی دواوە. لەسـەر ئـەم هەڵوێسـتەی هـەژار گلەیـی و سـەرکۆنەی کـردووە کـە لەکاتێکـدا کـوردە، بـەڵام ئامادەنیـە لەبـەر خاتـری شـوعیەت قسـە بـە کـوردی بـکات[٣٦٢]. ئەمـە لـە کاتێکدایـە غەفـور دەیتوانـی لەنـاو کۆنگـرە ڕۆڵـی خـۆی وەک کوردێـک و سـەرۆکی شـاندەکە ببینێـت، دەسـەڵاتەکانی خـۆی بـۆ بەرژەوەنـدی کـورد بەکاربێنـێ؛ باسـی ئـەو زوڵمـەی بکردایـە کـە لەلایـەن داگیرکەرانـی کوردسـتان کـە بـە پاڵپشـتی وڵاتانـی زلهێـز دژی گەلـی کـورد ئەنجـام دەدرێـت، بەدڵنیایـی کاریگـەری و ڕەنگدانـەوەی باشـی دەبـوو.

هـەژار لـە بنەڕەتـدا گوزارشـتی لـە نەتەوەکـەی کـردووە، جـل و بەرگـی کـوردی پۆشـیوە و قسـەی بـە کـوردی کـردووە[٣٦٣] پۆشـینی ئـەم جلوبەرگـەش بووەتـە هـۆی ئـەوەی لەلایـەن بەشـێک لـە ئەندامانـی شـاندەکە، هەڕەشـەیان لێکـردووە لەوانـە (عامـر عەبدوڵـڵا) و (کازم سـەماوی)، (سـەلیم شـاهین)، (سـەفا حافز)و...هتـد.[٣٦٤]. ئاگاداریـان کردووەتـەوە، ئەگـەر بەپێـی ڕێنمایەکانـی ئـەوان هەڵسـوکەوت نـەکات، سـزا دەدرێـت، پێویسـت نـاکات هیـچ مۆرکێکـی کـوردی پێـوە دیاربێـت، بەڵام ئـەو وتارێکی بە کوردی نوسـیووە، داوای لە کەسـێک کـردووە، بـە ناوی(نەمـازی) خەڵکـی ئێـران، لە حزبـی تودە و لـە دەفتەری کۆنگرە- ئۆفیسـی ڤیسـتیڤاڵ، کارەکانـی بەشـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتی ڕاپەڕانـدووە، بـۆی وەرگێڕێتـە سـەر زمانـی بیانـی، هەرچەنـدە بەڵێنـی پێـداوە، بەڵام لـە ژێـر کاریگـەری عێراقیەکان نەیکـردووە، بۆیـە هـەژار لەگەڵیـدا بەشـەڕ هاتـووە [٣٦٥]، لـەو کاتـەدا کەسـێکی تـر، بەناوی(کازمـی) کـە ئەویـش بەرپرسـیارەتی لـە ڤیسـتیڤاڵ هەبـووە، وتارەکـەی بـۆ زمانـی فەرەنسـی و ئینگلیـزی وەرگێـڕاوە و بـۆ ڕۆژی دواتـر هـەژار لـە ڤیسـتیڤاڵەکە خوێندوویەتیـەوە، کـە بـۆ دوو زمانـی تـری ڕووسـی و ئیسـپانی وەرگێـڕدراوە، باسـی لـە چەوسـاندنەوەی گەلـی کـورد کـردووە، کـە خاکـی دابەشـکراوە، بووەتـە جێـگای سـەرنج ڕاکیشـانی ئامادەبـووان، ئـەو ماوەیـەی لـەوێ

(٣٦٢) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)١٦٨-١٧٨.

(٣٦٣) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ عەبدوڵلا حەسەن زادە (پ- ١٥٢) فەرەنسا.

(٣٦٤) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)١٦٨-١٧٦.

(٣٦٥) شوکور مستەفا، مام هەژاری موکریانی پاشکۆی کتێبی بارزانی(پ- ٣٦٠)٥٣.

بـووە، نەخشـەی کوردسـتانی لەسـەر کاغـەز بـۆ کیـژ و لاوی ئەوروپـی کێشـاوە، نوسـیوەیەتی "کوردسـتانی ناسـەربەخۆ"، مەبەسـتی بـووە سـەرنجی نەتەوەکانـی تـر بـەلای گەلەکەیـدا ڕابکێشـیت. لـە ئۆفیسـی ئێرانییـەکان، (کەریمـی حیسـامی) بینیـوە داوای لێکـردووە وتـار لە ڕادیـۆی شـاری بوخارسـت بـە کـوردی بخوێنێتـەوە[٣٦٦]، ئەویش بە قسـەی کـردووە، وتارەکەی لەبـارەی ڤیسـتیڤاڵەکە و مەینەتیەکانـی گەلـی کـورد بـووە، بـۆی وەرگێردراوەتـە سـەر زمانی ڕۆمانـی[٣٦٧]، دەنـگ و سـەدایەکی بـاش و ئەرێنـی لێکەوتـەوە[٣٦٨]، ناوبـراو لـەم وڵاتـە لـە سـەردانێکدا بـۆ باڵوێزخانـەی یەکێتی سـۆڤیەت، داوای پەنابـەری کردووە [٣٦٩]، بـەڵام داواکەی ڕەتکراوەتـەوە[٣٧٠]. هـەژار خۆشـی باسـی ئـەم بابەتـە دەکات و لەگەڵ کەسـێک بەڕەچەڵەک کـورد بەنـاوی (نـەوزاد)، سـەردانی باڵوێزخانـەی سـۆڤیەتی کـردووە، لـە ڕێـگای وەرگێـڕەوە، لەگـەڵ سـەفیر گفتوگۆیـان کردووە و هـەژار کورتەیەکی لە مێژووی ژیانـی خۆی و بەرهەموو نووسـینەکانی لـە گۆڤـار و ڕۆژنامەکان بۆ بەیان کردووە، ناوی چەند کەسـایەتیەکی لە ڕوسـیا بـردووە کـە دەیانناسـێ. داوای پەنابـەری کـردووە، بـەڵام بـە پاسـاوی ئـەوەی ئـەو لـە وڵاتـی ڕۆمانیـا کـە وڵاتێکـی سـەربەخۆیە، ئـەم داوایەی کردووە. سـۆڤیەت "هەقی نییە باسـی شـتی وابـکا! [٣٧١]. بـەم بیانـووە داواکـەی هـەژار ڕەتکراوەتـەوە و ئـەم ڕیسـەشـی لێبۆتـەوە خـوری.

پاشـان (کەریـم حیسـامی) لەگـەڵ هـەژار باسـی بارودۆخـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانیان کـردووە، بڕیـار بـووە هـەژار بچێتـەوە ئێـران، بـۆ ئـەم مەبەسـتە (کەریـم) قسـەی لەگـەڵ بەرپرسـێکی حزبـی تـودە بەنـاوی (جهانگیـری ئەفـکاری) کـردووە، ئەویـش بیرۆکەکەی زۆر پـێ باش بـووە[٣٧٢]، لەوێ لەسـەر داوای (جەعفەری ڕەحمانی) گەورە بەرپرسـی تودەییەکان، داوایـان لـێ کـردووە، بچێتـەوە ئێـران و کێشـە سیاسـیەکەی بـۆ چارەسـەر بکـەن، ئەویـش بەڵێنـی پێـداون، کـە لـە بەغـداوە بگەڕێتـەوە ئێـران، دوای تـەواو بوونـی ڤیسـتیڤاڵ، هـەژار

(٣٦٦) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)١٧٧-١٧٨.
(٣٦٧) کەریم حیسامی، لە بیرەوەریەکانم بەرگی یەکەم (پ- ١٤٤)٢٦٢-٢٦٣.
(٣٦٨) جەمیل ڕۆژبەیانی(پ ١٣٣)٥٢.
(٣٦٩) محمد رئوف مرادی (پ- ٤٨)٤٠.
(٣٧٠) غەفوری میرزا کەریم، چەند مەڵۆیەک لە خەرمانی نووسینەکانمدا(پ- ٩٢)٢٥.
(٣٧١) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)١٧٩.
(٣٧٢) کەریم حیسامی، لە بیرەوەریەکانم بەرگی یەکەم (پ- ١٤٤)٢٦٣.

لـە ڕێـگای گەڕانـەوەی بـە کەشـتی بـۆ ئەسـتەنبوڵ و لوبنـان. لە ڕادیـۆ گوێ بیسـتی هەواڵی ڕووخانـی حکومەتـی (محەمەد موسـەدیق) و گەڕانەوەی (محەمەد کوڕی ڕەزا شـا) بۆ ئێران بـووە، بەمـەش پـلان و گەڕانـەوەی بـۆ ئێران هەڵوەشـاوەتەوە، دواتـر گەڕاوەتەوە سـووریا و لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان، دوای مانـەوەی دە ڕۆژ لـەوێ، گەڕاوەتـەوە بەغـدا و پاشـان بـۆ کەرکـووک بـۆلای (جـەلال تاڵەبانی) و لـەوێ دەمێنێتـەوە[٣٧٣].

تا پێش چوونی هەژار بۆ ڤیسـتڤاڵی لاوان، مارکسـیەت ڕەنگدانەوەی لەسـەر بیرکردنەوە و بۆچوونەکانـی هەبـووە، سـەرەڕای ئـەوەی سـۆڤیەت لـە پێنـاو بەرژەوەندیەکانـی لەگـەڵ ئێـران، پشـتی لـە کۆمـار کـرد، بـەڵام تاوەکـو پێـش ئـەوەی گەشـتی ئەورووپـا بـکات، ئامادە نەبـووە دان بـەم ڕاسـتیە دابنێـت[٣٧٤]، ئەمـەش بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە، کـە بەشـێوەیەکی گشـتی بیری مارکسـی لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان، لە دوای هاتنی سـوپای سـۆڤیەت، گەشـەی سـەندووە[٣٧٥]، ئـەم گۆڕانکاریـەش، سـەرەتا لەوێـوە دەسـت پێـدەکات، لـە دوای گەڕانەوەی هـەژار لـەم ڤیسـتیڤاڵە، گۆڕانـکاری بەسـەر بیـروڕای سـەبارەت بـە مارکسـیەت و وڵاتانـی سوسیالیسـتی هاتـووە، کاتێـک لـە کەرکووک لـە دوکانی هاوڵاتیـەک بەنـاوی (مەجیدی کاکە حاجـی مەحمـود) و (شـێخ لەتیـف) لەوێ بـوو، هەردووکیان سەرزەنشـتیان کردووە، لەسـەر ئـەم گۆڕانکارییـە هزرییـە، ئەویـش لـە وەڵامدا بـۆی ڕوونکردوونەتـەوە، کە ئـەو خوێندەوار و ئەزموونـی باشـی هەیـە، لـە چوونـی بۆ ئـەم ڤیسـتیڤاڵە ئامانجـی تایبەتی هەبـووە. دۆزی ڕەوای کـوردی نیشـانی جیهـان داوە، سـەرەڕای ئـەوەی کـە شـاندی عەرەبـی، ڕێگیرییـان لێکـردووە. هەروەهـا ئامانجێکی تری گەشـتەکەی وەک خۆی ئاماژەی پێداوە، بۆ ئاشـنا بوون بـووە بـە ژیـان و سیسـتەمی حوکمڕانی وڵاتانـی سوشیالیسـتی، هەربۆیەش لـە دەمی گەڕان بـە شـەقام و گەڕەکەکانـی دەوروبـەری ڤیسـتیڤاڵ، بـۆی ڕوون بووەتـەوە خەڵکـی سـەیری ئـەم شـاندانە ناکـەن، دوای بینینـی ڕەوشـی ئابووریـان باش نییـە، وەک پێویسـت ئازادنین و بێزاریـان لـە حوکـم ڕانـی دەربڕیـوە، لەسـەر ئـەم بنەمایـە، چیـتر پڕوپاگەندەیـان بۆنـاکا[٣٧٦].

(٣٧٣) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)١٨٠-١٨١.

(٣٧٤) مەلا نوری ئاغجەلەری" نوری عەبدوڵڵا صالح" (پ- ٣٤٧)٦١.

(٣٧٥) سمایل بازیار(پ- ٢٠٧)٤٥-٤٧.

(٣٧٦) مەلا نوری ئاغجەلەری" نوری عەبدوڵڵا صالح" (پ- ٣٤٧)٦٢.

ئەمەش سەرەتایەک بووە لەڕووی گۆڕانکاری هزر و بیر و بۆچونیەوە دروستبووە، لە وێستگەکانی داهاتوو زیاتر کاریگەری لەسەر دەردەکەوێت.

لەم بارەیەوە، یەکێک لە سیاسەتمەدارانی کورد دوای زیاتر لە دوو دەیە، سەردانی بوخارستی کردووە، بۆیە سیستەمی کۆمۆنیستی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا لەبەرچاوکەوتوە، بەهۆی بەرتیل خۆری لە دامودەزگاکانی حزب و زانکۆکان، جیاوازی چینە کۆمەڵایەتییەکان بە زەقی دەرکەوتووە و خەڵکی تا ئەو کاتەش لە گوندەکان، لە خانووی قوڕدا ژیانیان بەسەربردووە. قوتابیە ڕۆمانییەکان، ئەوەندە هەژار بوون، کە پاشماوەی خواردنەکانی ئەوانی تریان خواردووە، تەنانەت هەندێکجار لە پێناو دابینکردنی پێداویستیە سەرەتاییەکان، جەستەی خۆیان فرۆشتووە، ئەمەش لەکاتێکدا بوو کۆمۆنیستەکانی کوردستان بانگەشەی خۆشگوزارەنیان دەکرد، لە ڕۆژنامەی ژین، کە بووەتە هۆی فریودانی لاوە کوردەکان بە بیری مارکسیزم[٣٧٧].

هەژار لە دوای هاتنی بۆ باشووری کوردستان و عێراق، گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هات، بیروباوەڕەکانی زیاتر جێگیر و بەهێزتر بوون، پەیوەندیی باشی لەگەڵ نیشتمانپەروەران و شۆڕشگێڕانی کورد پتەوتر کرد، خۆی لەو قەیرانە فکریانە دەرباز کردبوو، کە بەسەریاندا زاڵ بوو، ئەوە لەکاتێکدا کە لەساڵی ١٩٥٣، نیشتیمانپەروەرانی تر بەهۆی ڕووخانی حکومەتی (موسەدیق) لە ئێران، کە ئاوارەی عێراق بوون، لەسەر بیروباوەڕێکی دیاریکراو جێگیر نەبوون[٣٧٨].

هەژار لە بەغدا، لە جموجۆڵ و چالاکییە سیاسییەکانی بەردەوام بووە، هەوڵیداوە لە نێوان لایەنە سیاسییەکان، ڕۆڵی میانڕەوی بگێڕێت، بۆ ئەم مەبەستە لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٣ (غەنی بلوریان)، ئەندامی حزبی تودەی ئێران لە بەغدا سەردانی کردووە و بەیەکەوە سەردانی باڵە جیاوازەکانی حزبی شوعیان کردووە، کە ببوونە دژی یەکتر، لەوانە (عەلی شەریف)، هەژار وەرگێڕی زمان بووە، لەنێوان (غەنی) و کەسایەتییە شوعیە عەرەبەکان،

---

(٣٧٧) نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٥-١٩٧٨(ب- ش.چ ١٩٩٧)١٧-١٨.

(٣٧٨) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩) ٧٢.

هەوڵیانـداوە ئاشـتەوایی لـە نێوانیانـدا بەرپابکـەن و گرنگـی بـە دۆزی ڕەوای کـورد بـدەن، ماوەیـەک (غەنـی) لای ئـەو ماوەتەوە[٣٧٩]، هەروەهـا (غەنی) بە هـاوکاری هەریەک لە (جەلال تاڵەبانـی) و هـەژار، چارەسـەری ئـەو کێشـانەی کـردووە، کـە بەشـێکی کادرانـی بـاڵای پارتـی بەسەپەرشـتی (محـەڕەم) ناوێـک لـە بەغـدا لـە پارتـی دوورکەوتبوونـەوە[٣٨٠]، لە لایەکـی ترەوە لە سـاڵی ١٩٥٤، بەشـێک لەو کەسـایەتییە سیاسیانەی ڕۆژهەڵاتی کوردسـان، سەردانی بەغدایان کـردووە، زمانـی عەرەبییـان نەزانیوە، یەک لەوانـە (عەبدولڕەحمان قاسـملوو ١٩٣٠-١٩٨٩)بووە ڕویـان لـە هـەژار نـاوە و متمانەیـان پێبـووە، ئەویـش کاری وەرگێڕانـی زمانـی بـۆ کردبـوو[٣٨١]، ئەمـەش ئـەوە دەردەخـات، هـەژار پەیوەسـت نەبـووە، تەنهـا بـەکار و چالاکییەکـی سیاسـی، لەهـەر کات و جێگایـەک پێویسـت بـە ئـەو بووبێـت، توانیویەتـی ڕۆڵـی خـۆی تێـدا بگێڕێت.

لـە سـاڵی ١٩٥٦ لـە بەغـدا جگـە لـە بەرپرسـانی پارتـی، کەسـانی دیـاری (حشـع) سـەردانی هەژاریـان کـردووە، لەوانـە (جەمـال حەیـدەری)، دوکانـی وێنەگـری هەبـووە، بـە نـاوی (سـتودیۆ سـەباح)، دوکانەکـەی بووەتـە مینبەرێکـی سیاسـی، لـە هەمـوو لایەنـە سیاسـییەکان، سـەرەڕای جیـاوازی بیروڕایـان، ڕوویـان تێکـردووە و متمانەیـان پێـی هەبـووە، وێنـەی قاچاغـی بـە ئەمانەتـەوە بـۆ گرتونەتـەوە[٣٨٢]. بەهـۆی ئـەو هاوسـەنگییە سیاسـیەی هـەژار، لـە نێـوان لایەنـە سیاسـییەکاندا ئەنجامیـداوە، کەسـایەتییەکی سیاسـی دیـاری (حشـع)، ئامـاژەی پێکـردووە "لای شـیوعیەکان بـە تێکـڕا مـام هـەژار نـرخ و پلـەی تایبەتـی هەبـوو" [٣٨٣]. بەغـدا بووەتـە قوتابخانەیـەک بـۆ کەسـایەتی هـەژار، هەروەهـا ناسـینی کۆمەڵێـک کەسـایەتی سیاسـی و ڕۆشـنبیری، دروسـتکردنی پەیوەنـدی لـە گەڵیـان لەوانـە: (جـەلال تاڵەبانـی)، (کاکـە زیـادی کۆیـە) و بەرپرسـانی تـری پارتـی، (سـاڵح حەیـدەری)، (حەمیـد عوسـمان) و بەرپرسـانی شـیوعی.

---

(٣٧٩) برایم فەرشـی، مێژووی زیندوو، وتوێژ لەگەڵ کەسـایەتی سیاسـی غەنی بلوریان سـەدەی کارەسـات (چاپی دووەم – ئەڵمانیا ٢٠١٨) ٤٨-٤٩.

(٣٨٠) غەنی بلوریان، ئاڵەکۆک بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم (پ- ٢٦٤)١٤٣- ١٤٥.

(٣٨١) عەلی کەریمی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی - مامۆستا عولەما (پ- ٣٧)٢٤٩.

(٣٨٢) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)١٩٠-١٩٤.

(٣٨٣) غەفوری میرزا کەریم، چەند مەلۆیەک لە خەرمانی نووسینەکانمدا(پ- ٩٢)٤٠.

**چالاکییە سیاسییەکانی لە نێوان ( ١٩٥٦-١٩٥٨)**

هەژار چەندین چالاکیی سیاسی ئەنجامداوە و بەردەوام بووە، کە ئەمەش بووەتە جێی سەرنجی کاربەدەستانی ئاسایش و دژایەتی حکومەتی پاشایەتی عێراقی لێکەوتۆتەوە.

هەژار لەسەر هەڵوێستی سیاسی، نووسینەکانی و بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوەیی، پۆلیسی نهێنی حکومەتی عێراقی لە ساڵی ١٩٥٦ [٣٨٤]، بەمەبەستی دەستگیرکردنی بەدوایدا دەگەڕێت، بۆئەوەی ڕادەستی دەسەڵاتدارانی ئێرانی بکەنەوە، بەڵام دوای ئەوەی لەلایەن دۆستێکی هەواڵەکەی زانیوە[٣٨٥]. بەمەبەستی دەربازبوونی و خۆحەشاردان، چووە بۆلای (عەبدوڵڵا شەریف) و لە ڕێگای ئەو ڕۆیشتوە بۆ شارۆچکەی شەقڵاوە. خێزانی لەوێ بووە، دوو بەرپرسی پارتی بەناوەکانی (عەبدوڵڵا عەلی) و (عومەر دەبابە) بەڵێنیان پێداوە، حزب مانگانە بڕی ١٢ دینار بدات بە خێزانەکەی، بەڵام پارەکەیان نەداونەتێ، پاشان چووە بۆ مووسڵ و لەوێوە دوای چەرمەسەرییەکی زۆر بەڕێگای قاچاغ لە ڕێگای چەند کەسێکەوە ڕۆیشتووە بۆ ڕۆژئاوای کوردستان[٣٨٦]. لە گوندی ترپەسپی ماوەتەوە و لەلایەن ماڵی (حاجۆ ئاغا هیڤرکی) و کوڕەکانی ڕێزیان گرتووە[٣٨٧]. لەم بارەیەوە هەژار لە پێشەکی کتێبی مەم و زینی ئەحمەدی خانی نوسیوویەتی "ساڵی ١٩٥٦ لە هەڕەتی دروێناندا کە هاوین بوو، لە بەغداوە بەرەو سوریە ڕام کرد و پەنام بە ماڵە حاجۆ برد. ئەو خانەدانە گەورەیە، بەورد و درشتیانەوە، ئەوەندەیان قەدر گرتم لە وزەی زمان و قەڵەم بەدەرە"[٣٨٨].

دۆستایەتی لەگەڵ بنەماڵەی حاجۆ مێژوویەکی هەیە؛ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی

(٣٨٤) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩)١٣٠.

(٣٨٥) عبدالرحمن الشيخ علاءالدين الحسيني النقشبندي، السادات النقشبندية تاريخ ومواقف ودروس وعبر (الطبعة الاولى هەولێر- ١٩٩٨)٢١٤-٢١٥.

(٣٨٦) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٢٠٠-٢٠٣.

(٣٨٧) جميل حاجو هڤيركى، مذكرات جميل حاجو هڤيركى. تقديم و مراجعة آ. عبدالفتاح بوتاني – علي صالح الميرانى و فرهاد جميل حاجو هڤيركى (الطبعة الاولى مطبعة جامعة دهوك ٢٠١٢)٧٢.

(٣٨٨) ئەحمەدی خانی، مەم و زین، ئامادەکردن و پەڕاوێزنووسینی هەژار (چاپی دووەم بڵاوکراوەی ئاراس – هەولێر ٢٠٠٨)٢٠.

هـەژار لـە نەخۆشـخانەی بەحنـەس لـە لوبنـان بـووە؛ پاشـان لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان سـەردانی کـردوون و چەنـد ڕۆژێـک لایـان ماوەتـەوە. ئـەم بابەتـە لەسـەرەوە ئامـاژەی پێـدراوە. هـەژار هەوڵیـداوە پـەرە بـەم پەیوەندییـە بـدا و کەسـانی سیاسـی کـە تـوش و ڕووبـەڕووی گیروگرفـت بوونـەوە، لـە عێـراق ڕەوانـەی لای ئـەو بنەماڵەیـان بـکا.

یەکێـک لـەو کەسـایەتیە سیاسـیانەی کـە لـە سـاڵی ١٩٥٥ بەمەبەسـتی دەسـتگیرکردنی پۆلیسـی عێراقـی بەدوایـدا گـەڕاوە، بۆئـەوەی دووبـارە ڕادەسـتی دەسـەڵاتدارانی ئێرانـی بکاتـەوە؛ زەبیحـی بـووە، بۆیـە لـە بەغـدا کاغەزێـک بـۆ ئاشـناکەی خـۆی ماڵـە حاجـۆ نووسـیوە، دوای ڕۆیشـتنی بەڕێگای قاچاغ و گەیشـتنی بە ڕۆژئاوای کوردسـتان، لەلایەن ئەم بنەماڵەیـەوە زۆر ڕێـزی دەگـرن و شـوێنی مانـەوەی بـۆ دابیـن دەکـەن و خزمەتـی دەکـەن؛ پێناسـی مردوویەکیـان بەنـاوی (عیسـا عەرەفات) بـۆ دابین کردووە و پاشـان چۆتە شـام[٣٨٩].

هــەژار لــە ڕۆژئــاوای کوردســتانیش بــەردەوام لەســەر هەڵوێســتی نیشــتمانی و شۆڕشـگێرانەی بـەردەوام بـووە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە چەندیـن سروود و شـیعری نوسـیووە؛ نمونـەی ئەمـەش بەنـاوی "سروود" کـە لـە تەمـوزی ١٩٥٦ نوسـیووە. سـەرەتا بـەم بەیتـە دەسـت پێـدەکا:

وەتـەن سـوێند بەکێوانـی سـەربەرزی تـۆ
وەتـەن سـوێند بـە داهاتـی سـەد تـەرزی تـۆ

کۆتاییەکەی بەم بەیتەیە:

سـەروماڵ بـە قوربـان دەکەیـن گشـتمان
لەڕێـی سـەربەخۆبوونی تـۆ نیشـتیمان[٣٩٠].

هاوسـەر و منداڵەکانـی کـە چووبوونـەوە بەغـدا و دوای سـاڵێک لـە ١٩٥٧، ئەوانیـش لـە مووسـڵەوە بـە ڕێـگای قاچـاغ لەڕێـگای چەنـد دۆسـتێکی خۆیانـەوە، کـە لـەو ڕێگەیـە شـەو پۆلیـس تفەنگیـان پێوەنابـوون، بـەڵام دەربـاز ببـوون، چـوون بـۆ لای هـەژار بـۆ

(٣٨٩) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)١٩٩.
(٣٩٠) هەژار، دیوانی هەژار بۆ کوردستان (پ- ١)٥٩-٦٠.

ڕۆژئـاوای کوردسـتان[٣٩١]. لـەوێ تێکـەڵاوی و هاتوچـۆی لەگـەڵ جـوو، کوردانـی ئێزیـدی پەیـدا دەکات، ڕێـز لـە بیروباوەڕیـان دەگرێـت، سـەرنجی ئـەوان بـۆلای خۆی ڕادەکێشـێت، بەجۆرێـک کوردانـی ئێزیـدی لـە بۆنـە و جەژنـە تایبەتیـەکان، کـە نابێـت خەڵکـی نامۆیـان لەگەڵدابێـت، بانگـی هەژاریـان کـردووە و لەگەڵیـان بەشـدار بـووە[٣٩٢]. هـەژار لـە وەسـف کردنـی ئیتنیـک و گروپـە ئایینـە جیاوازەکانـی تـر، وەسـفێکی جـوان و داب و نەریـت و هەڵسـوکەوتیانی کـردووە، کـە جووەکانـی بەغـدا کاری لەگـەڵ کـردوون، یـان عەرەبەکانـی شـام، بەشـێوەیەکی مێژوویانـە تۆمـاری کـردوون.

هـەژار لـە کاتێکـدا، گەیشـتۆتە ڕۆژئـاوای کوردسـتان، کـەش و هـەوای سیاسـی لەبـار بـوو، بۆئـەوەی ڕێکخراوێکـی سیاسـی کـوردی، بەنـاوی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە سـووریا، کـە لـە سـاڵی ١٩٥٧ دامـەزرا، ڕۆڵـی بەرچـاوی گێـڕا لـە وشـیارکردنەوەی خەڵـک و بوژاندنـەوەی هەسـتی نەتەوەیـی، کـە لـەدوای بزووتنـەوەی خۆیبـوون دروسـتببوو، لـەم بارەیـەوە دیوەخانەکـەی ماڵـی (حاجـۆ ئاغـا هیڤرکـی)، کـە خەڵکانێکـی زۆر لـە شـوێنە جیاوازەکانـەوە، بەبەرپرسـانی حکومەتیشـەوە ڕویـان تێدەکـرد، بـە جۆرێـک مەڵبەندێکـی بانگەشـەکردن بـوو بـۆ وشـیاری نەتەوەیـی و چالاکییـە سیاسـەکان، "تەنیـا شـوێن بـوو هەواڵەکانـی تێـدا دەگێڕدرایـەوە، ڕاوبۆچـوون و هەڵوێسـتەکانی تێـدا دەخرانـەڕوو، وەک دیوەخانەکانـی دیکـەی گونـد و شـارۆچکە کوردییـەکان و لـە نێـوان خێزانـە دەستڕۆیشـتوو و نـاسراوەکانی ناوچەکـەدا"،[٣٩٣] چونکـە هـەژار ئەزمـوون و ڕۆڵـی بەرچـاوی لـە بزوتنـەوە سیاسـییەکانی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و مێژوویـان و پاشـانیش لـە باشـوری کوردسـتان هەبـووە. ئەنجامدانـی ئـەم چالاکییـە ڕۆشـنبیریانە و گێڕانـەوەی بەشـێک لـە بیرەوەرییەکانـی خـۆی لـە کۆمەڵـەی ژێـکاف و کۆمـاری کوردسـتان، فاکتەرێکـی سـەرەکی بـووە، بـۆ هاندانـی توێـژی ڕۆشـنبیرانی ڕۆژئـاوای کوردسـتان، بـەردەوام بـووە لەسـەر ئـەم هەڵوێسـتە نیشـتمانپەروەرانەی.

(٣٩١) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٢٠٠-٢٠٣.
(٣٩٢) هەژار موکریانی، چی لەیەزیدی دەزانم(پ- ١٤٣)٢٥.
(٣٩٣) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩) ٤٨-٤٩.

تـاوای لێهـات لەگـەڵ (زەبیحـی) ڕۆڵێکـی گەورەیـان گێـڕاوە، بـۆ دروسـتبوونی ئـەم پارتە لـە سـووریا [٣٩٤]، ئەمـەش ئـەوە دەردەخـات، هـەژار لـە سـووریاش ڕۆڵـی لـە بەهێزبوونـی پرەنسـیپە نەتەوایەتیـەکان گێـڕاوە [٣٩٥]. درێژەپێـدەری هەمـان هەڵوێسـتی نیشـتیمانی و نەتەوەیـی بـووە؛ کـە لـە سـەری دەربـەدەر بـووە، بـۆ ئـەو هیـچ جیـاوازی نەبـووە، لـە خەباتـی لەنێـوان پارچەکانـی کوردسـتان.

بـە مەبەسـتی ڕاوێـژی سیاسـی و ڕۆشـنبیری، ناوەنـاوە سـەردانی دۆسـتەکانی لـە دیمەشـق کـردووە، لەوانـە (ڕەوشـەن بەدرخـان١٩٠٩- ١٩٩٢)، (عەبدولحەمیـد دەروێـش) و (زەبیحـی) و کەسـانی تـر، چونکـە هـەژار خـاوەن کەسـایەتییەکی زیـرەک، وریـا و وردبـوو، شـوێنێکی تایبەتـی هەبـوو، لای کوردانـی ئـەوێ [٣٩٦]. بـرەوی بـە پەیوەندیەکانـی لەگـەڵ کەسـایەتی سیاسـی و ڕۆشـنبیریەکان داوە، ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئەوکاتـەی لـە نەخۆشـخانە بـووە لـە لوبنـان، وەک ڕێزێـک بـۆ خەبـات وهەڵوێسـتی نەتەوەیـی، کۆمەڵێـک کەسـایەتی نیشـتیمانپەروەر وسیاسـی، ڕۆژئـاوای کوردسـتان، زیاتریـان لـە بزووتنـەوەی پێشـوی خۆیبـوون بـوون، چـون بـۆ لای و هاوکاریـان کـردووە، لەوانـە: (قـەدری جەمیـل پاشـا١٨٩١- ١٩٧٣)، (حەسـەن حاجـۆ)، (ئەحمـەد نافـز١٩٠٢-١٩٦٨) و (قـەدری جـان ١٩١١-١٩٧٢)، نووسـەر و سیاسـەتوان (ئەحمـەد نامـی) [٣٩٧]، هەروەهـا چەنـد کەسـایەتییەکی سیاسـی و ڕۆشـنبیر و خـاوەن هەڵوێسـتی کـورد لـە لوبنـان و شـامەوە سـەردانیان کـردووە بـۆ نەخۆشـخانە لەوانـە: (جـەلادەت عالـی بەدرخـان١٨٩٣-١٩٥١)، (جگەرخوێـن ١٩٠٣-١٩٨٤)، (ڕەوشـەن خـان)، (عوسـمان سـەبری ١٩٠٥-١٩٩٣)، هاتوچـۆی هەبـووە، لەگـەڵ (نورەدیـن زازا) [٣٩٨].

---

(٣٩٤) فەرەیـدون حەکیـم زادە، زەبیحـی ڕووناکبیرێکـی گـۆڕ غەریـب (مەهابـاد- بڵاڤۆکـی ڕاژە- چاپـی یەکـەم ٢٠٢١)٣١.

(٣٩٥) کەریـم شـارەزا، لـە یـادی کۆچـی دوایـی خزمەتگـوزاری کـورد دا شـاعیری نیشـتیمانپەروەر و زمان زان مامۆسـتا هـەژار ١٩٢١- ١٩٩١(پ-٧)١.

(٣٩٦) عبدالحمیـد درویـش، أضـواء علـى الحركـة الكرديـة فـی سـوريا(أحداث فـترة ١٩٥٦-١٩٨٣) (الطبعة الثالثـة مطبعة كـمال - السـليمانية ٢٠١٣) ١٧.

(٣٩٧) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩) ٤٨-٥١.

(٣٩٨) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)١٤٦- ٢١٦.

هەرچەنـدە لـە ڕووی مادییـەوە ڕەوشـی بـاش نەبـووە، ئـەو کاتـەی لەگـەڵ (جـەلال تاڵەبانـی) بەیەکــەوە لــە دیمەشــق بــوون، هــاوکاری دارایــی ســەرەتایی، پێشکەشــی هــەژار کــردووە[٣٩٩]. ســەرەڕای ئــەوەی لــە بنەماڵــەی (حاجــۆ ئاغــا)ش خواردەمەنــی بــۆ دابینکــراوە [٤٠٠]، دواتــر هــەژار لــە ڕێــگای ماڵــی (حەســەن کــوڕی حاجــۆ ئاغــا) ڕەگەزنامـەی سـوریای بـۆ دروسـت کـراوە بەنـاوی (عەبدولڕەحـمان محەمـەد ئیبراهیـم) [٤٠١]، بـەڵام دوای بەدواداچـوون، دەرکـەوت نـاوی تـەواوی لـەو ناسـنامەیە (عەبدولڕەحـمان حەســەن) و نــاوی دایکــی (فاتیمە)یــە [٤٠٢]، هەروەهــا هــەژار لــە یاداشــتەکانی ئــەوەی پشتڕاســت کردۆتــەوە و ئامــاژەی هــەر بەنــاوی دووەم کــردووە، کــە لــە شــارۆچکەی قامیشــلی دەرهێنــاوە. دابینکردنــی ناســنامەی ســووریا، وەک شــوێنبزریەک بــووە، بــۆ ئــەوەی بــووە مەترســی لەلایــەن پۆلیــس ســووریا بــۆ دروســتنەبێ.

بەرپرسـانی پـدک داوای چاپخانەیەکیـان کـردووە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە هـەژار لەگـەڵ (زەبیحـی) لـە شـام چاپخانەیەکـی بچووکیـان بـۆ دەکـڕن، بـە یاسـاغی دەیگوازنـەوە، بـۆ شـارۆچکەی قامیشـلی و بەهـاوکاری (محێدیـن کـوڕی حاجـۆ ئاغـا) ڕادەسـتی ئـەو کەسـەی دەکـەن، کـە پارتـی بـۆی دیاریکـردوون، ڕەوانـەی سـەر سـنووری عێراقـی دەکـەن[٤٠٣]، بـەڵام لـە مووسـڵ، دەسـت بەسـەر چاپخانەکـەدا دەگیرێـت، بـێ ئـەوەی کەسـی لەگـەڵ دەسـتگیربکرێت [٤٠٤]، چونکـە (ئێزیدخـان)ی ئێزیـدی، کـە باوەڕپێکـراوی پارتـی بـووە، ئاســانکاری کــردووە بــۆ گواســتنەوەی چاپخانەکــە و هەرخۆیشــی بەشــێوەی نهێنــی بەڕێوەبـەری ئاسایشـی مووسـڵی ئاگاداركردووەتـەوە و لـە ئەنجامـدا بەگرتنـی داوە [٤٠٥]. هەروەهـا درێـژەی بەڕێچکـە گرنـگ و سـتراتیجیەکەی داوە و لـە سـاڵی ١٩٥٧ بەنەفەسـی درێــژ، ئایدیــای هــزری سیاســی فــراوان، گەشــبینی ڕادەی دڵنیابوونــی لــە دواڕۆژی

(٣٩٩) عەلی کەریمی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی - مامۆستا عولەما (پ- ٣٧)٢٣٣.
(٤٠٠) هوزنی حاجۆ، تێ بیرا من(پ- ١٣٨)٦٦.
(٤٠١) عەلی کەریمی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی - مامۆستا عولەما (پ- ٣٧)٢٣٢.
(٤٠٢) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩)٤٩.
(٤٠٣) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٢٢٢- ٢٢٣.
(٤٠٤) عەلی کەریمی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی - مامۆستا عولەما (پ- ٣٧)٢٤٦.
(٤٠٥) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٢٢٣.

گەلەکەی، کە بەئاواتەکانی دەگات. ڕاوڕاوێژی لەگەڵ خەڵک کردووە، زۆر بە ئومێد بووە، بەرامبەر دوارۆژی دۆزی ڕەوای گەلەکەی و بەرچاوڕوونی داونەتێ[٤٠٦]، هەروەها لە ساڵی ١٩٥٧(جەلال تاڵەبانی)، کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی (م.س) پارتی بووە، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، هەژار لەگەڵ هەریەک لە (کەمال فوئاد)، ئەندامی پارتی و (زەبیحی) لە سووریا بەیەکەوە چالاکیی سیاسیان ئەنجامداوە[٤٠٧].

لەلایەکی دیکەوە لە سەرەتای هاوینی ساڵی ١٩٥٧، دەنگۆی ڤیستیڤاڵی لاوانی جیهان لە یەکێتی سۆڤیەت بڵاوکرایەوە، (جەلال تاڵەبانی) نامەیەک ئاراستەی هەژار دەکات، تێیدا هاتووە: "حزبی شیوعی عێراقی لەسەر بنەمای بڕیارەکانی کۆنگرەی پایزی ساڵی ١٩٥٦، ڕازی بوون، گروپی کوردستان بەشێوەی سەربەخۆ بۆ مۆسکۆ بڕوات و بە شێوەیەکی ئازادانە باسی کورد بکا و ئەوانیش هاوکاریان بکەن، بەڵام من نەمتوانیوە پاسپۆرت وەربگرم، ئەم نامەیە لە دیمەشق نیشانی هاوڕێیان بدە، سەرۆکایەتی گروپی کوردستان لە ئەستۆ بگرە، بەڵام خەرجی سەفەرت لەسەر خۆتە". گروپەکەی پارتی لە نیسانی ١٩٥٧ گەیشتونەتە دیمەشق و لە ٩ ئەندام پێکهاتبوون، چاوەڕوانی (جەلال تاڵەبانی) یان کردووە، هەژاریان وەک بەرپرسی گروپەکە قبوڵکردووە[٤٠٨]، سەرەڕای ئەوەش، بەهۆی ئەوەی هەژار لەناو کوردانی ڕۆژئاوا، بە تایبەت چین و توێژی ڕۆشنبیر و نیشتیمانپەروەران، پێگەیەکی دیار و ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە، بۆیە لەلایەن چەند کەسایەتییەکی دیاری سیاسی ڕۆژئاوا و بەرپرسانی پێشوی خۆیبون، لەوانە: (ئەکرەم جەمیل پاشا١٨٩١-١٩٧٤)، (حەسەن حاجۆ)، (قەدری جەمیل پاشا ١٨٩١-١٩٧٣) و (د. ئەحمەد نافز١٩٩٢-١٩٦٨)، داوای لێکراوە بەشداری لەم ڤیستیڤاڵە بکات[٤٠٩]، بۆ ئەم مەبەستە بۆ ئەنجامدانی ئەو گەشتە هەژار داوای هاوکاری مادی کردووە، لە ناو کوردانی قامیشلی و دەوروبەری نزیکەی ٦٠٠ لیرەی سوری کۆکردووەتەوە،

(٤٠٦) نامق هەورامی، هەژار لە سنە (پ-٤٩)٦٨.
(٤٠٧) عەلی کەریمی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی - مامۆستا عولەما (پ- ٣٧)٣٠٥.
(٤٠٨) شیرین ابراهیمی (پ- ١٤)١٢٤.
(٤٠٩) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩)٥٠.

هەرچەنـدە بڕیـار وابـووە دەسـتەی شـیوعیەکانی عێـراق؛ کـە لـە شـام بـوون، دەبوایـە هاوکاربــن بــۆ ئەنجامدانــی ئــەو گەشــتەی هــەژار و هاوڕێکانــی، بــەڵام بەڵێنەکەیــان جێبەجــێ نەکــردووە. پاشــان (جــەلال تاڵەبانــی)، گەیشــتۆتە شــام و بەگەیشــتنی ئــەو بووەتـە سـەرۆکی شـاندەکە و هـەژار یاداشـتی کـردووە لەسـەر زاری (جـەلال تاڵەبانـی)، کــە گوتوویەتــی "شــیوعی بەهیــچ شــێوەیەک قبــوڵ ناکــەن، هــەژار و زەبیحــی مــان لەگـەڵ بێـت، بۆیـە دەبێـت بـە ڕێگایەکـی تـری جیـاواز، بگەنـە مۆسـکۆ و لـەوێ یەکـتر دەبینیــن" و ئــەو نــووسراوەی هــەژار و (زەبیحــی) پێشــتر ئامادەیــان کردبــوو، ڕادەســتی (جــەلال تەڵەبانی)یــان کــردووە، تاوەکــو لــە ڤیســتیڤاڵ بیخوێنێتــەوە، کــە ئــەوان بــە کەشــتی گەشــتیان کــردووە(٤١٠). هەروەهــا (جــەلال تاڵەبانــی) لــەم بــارەوە ئامــاژەی بــۆ ئــەوە کــردووە، هــەژار و هاوڕێکانــی زۆر هەوڵیانــدا لەگەڵــمان بێــن، "بــەڵام هیــچ لایــەک قبوڵــی نەکــردن، نــە شــاندی عێراقــی و نــە لــە شــاندی ســوریدا" [مەبەســت شــیوعیەکانی ســوریا و عێراقــە](٤١١)، دواتــر بەهەوڵــی (ڕەوشــەن خانــم)ی هاوســەری (جـەلادەت بەدرخـان)، ڤیـزا بـۆ کچەکـەی بەنـاوی (سـینەم خانـم)، هـەژار و (زەبیحـی) لــە باڵوێزخانــەی چیکۆســلۆڤاکیا وەرگرتــووە(٤١٢)و بەرپرســانی بــاڵای حزبــی شــیوعی سـووریا، ئـاگاداری بەڕێوەبـەری باڵوێزخانـەی چیکیـان لـە سـووریا کردبـوو، کـە ڕێگەیـان پێنــەدەن لــە چیکــەوە دەربازبــن، بۆیــە لــە فڕۆکەخانــەی بەیروتــەوە گەشــتەکەیان کردبـوو(٤١٣)، بـۆ شـاری شـتوتگارت پاشـان بـەڕێ کەوتـون، بەرلـەوەی لـە نزیـک شـاری پلیزنــر پۆلیــس بــە بیانــوی تــەواو نەبوونــی ڤیــزا، گێڕاونییەتــەوە شــتوتگارت(٤١٤)، و ڕێگەیـان پێنـەداون بچنـە مۆسـکۆ، ئەمـەش بەهـۆی ئـەوەی کۆمەنیسـتەکانی سـووریا سـکاڵایان داوەتـە لایەنـە پەیوەندیـدارەکان و ڕێگریـان لێکردبـوون، بگەنـە ئـەو وڵاتـە، بەبیانـوی ئـەوەی نەتـەوە پەرسـتن و بانگەشـە بـۆ نەتەوەخوازیـی کـورد دەکـەن(٤١٥).

---

(٤١٠) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٢٢٧-٢٢٨.

(٤١١) سەلاح ڕەشید، دیداری تەمەن(پ- ٨٨)١٠٦.

(٤١٢) شیرین ابراهیمی (پ- ١٤)١٢٥.

(٤١٣) عەلی کەریمی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی - مامۆستا عولەما (پ- ٣٧)٢٤٤.

(٤١٤) شیرین ابراهیمی (پ- ١٤)١٢٥.

(٤١٥) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩)٥٠.

پێشـتر(جەلال تاڵەبانـی) پێـی گوتـوون، (عەبدولڕەحـمان قاسـملو) ڤیـزای سـۆڤیەتتان بـۆ وەردەگرێـت، پاشـان هـەژار و هاوڕێکانـی پەیوەندیـان بـە (عەبدولڕەحـمان قاسـملو) کـردووە و ڕێنمایـی کـردوون، تـا ئـەو کاتـەی ڤیزەیـان بـۆ وەردەگرێـت، بچنـە بەرلینـی ڕۆژئـاوا، هەروەهـا چەنـد چالاکییەکیـان بـە پۆشـینی جـل و بەرگـی کـوردی ئەنجامـداوە [٤١٦]، مەبەسـت لـەو چالاکییـە بـۆ ئـەوە بـووە، تاوەکـو پێشـانی خەڵکـی ئـەم وڵاتـەی بـدەن، کـە نەتەوەیەکـی تریـش هەیـە بـە نـاوی کـورد؛ لـە ڕێگـەی کەلتـوری کـوردەواری. ئەمـەش وایکـردووە سـەرنجی بەشـێک لـە ئامادەبـووان بـەلای خۆیانـدا ڕابکێشـن.

ئەوکات (قاسملوو) لە شاری پراگ مامۆستا بووە، پەیوەندی بەهەژار و (زەبیحی) کردووە و پێی گوتوون( خالید بەگتاش)ی بەڕەچەڵەک کورد، لە گەورە بەرپرسانی کۆمەنیستی سووریا، لە ڕێگای پەیوەندیەکانی گەشتەکەی لێتێکداون، هەروەها (مستەفا بارزانی)یش هەوڵیداوە ڤیزایان بۆ وەربگرێت، بەڵام بێ ئاکام بووە، هەژار و هاوڕێکانی دواتر گەیشتونەتە بەرلینی ڕۆژئاوا، دوای چاوەڕوانی، کاتی ڤیستیڤاڵەکە کۆتایی هاتووە، بەمەبەستی گەڕانەوە ڕۆیشتووون بۆ باڵوێزخانەی سوری لە شاری بادگوزربێرگ بۆئەوەی بیانگێڕێننەوە بۆ سوریا[٤١٧]، باڵوێز کە ناوی (ئیبراهیم ئوستوانی) بوو، دۆستایەتی لەگەڵ کەسایەتی سیاسی کورد (جەلادەت عالی بەدرخان) هەبووە، ئەمەش لەبەرژەوەندییان دابووە [٤١٨]، هەروەها پێشتر هاوسەری باڵوێز لە دیمەشق لای (ڕەوشەن خانم) مامۆستا بووە، هەژار و (زەبیحی) لە میوانخانە جێگایان بۆ دابینکراوە؛ (سینەم خانم)یش لە ماڵی باڵوێز ماوەتەوە، هاوکاری مادديان کردوون [٤١٩] و میوانخانەکە لە نزیک ڕووباری ڕاین بووە، هەژار ئەم دەرفەتەی قۆزتۆتەوە و وەک وەفایەک بەرامبەر ئەو چاکەیەی پێشتر بۆ چارەسەری نەخۆشیەکەی لەگەڵی کراوە، لەگەڵ (زەبیحی) سەردانی (عەلی حەیدەر سولەیمان) یان کردووە، کە باڵوێزی عێراق لە شاری بادگوتزبێرگ بووە، زۆری ڕێزی هەژار گرتووە، دوای ڕوونکردنەوەی

(٤١٦) عەبدوڵڵا زەنگەنە، سدیقساڵح و ئەوانی تر(پ - ٨)١٧٣.
(٤١٧) شیرین ابراهیمی (پ- ١٤)١٢٥-١٢٧.
(٤١٨) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٢٣٦.
(٤١٩) عەبدوڵڵا زەنگەنە، سدیق ساڵح و ئەوانی تر(پ - ٨)١٧٤.

گەشتی خۆیان و گفتوگۆی سیاسی، بڕێک هاوکاری ماددی کردوون[٤٢٠]. هەژار لە ١٥ی ئابی ١٩٥٧ لە شاری بادگوتزبێرگ لەسەر ڕووباری ڕاین غوربەتی هەستاوە، شیعرێکی بەناوی "فرمێسکی هەژارێک" هۆنیوەتەوە؛ کە سەرەتا بەم بەیتە دەست پێدەکا:

لەســەر چۆمــی "ڕایــن" لــە ڕۆژگارێ جــارێ
تــکا ئەشــکی ئــاوارە کــوردێ، هــەژارێ

بەم بەیتە کۆتایی دێ

بــە هــاوار و دادت موحیــت بشــڵەژێنە
لە چەپگەردی گەردوون بەشــی کورد بسـێنە[٤٢١].

دوای مانــەوەی دوو هەفتــە، بڕیاردراوە بیانگەڕێننەوە، شـوێنیان لە کەشـتی بۆ گرتبوون، زیاتر لە هەفتەیەکیان پێچووە، تا گەیشـتونەتە کەنارەکانی لوبنان، لەوێ (ڕەوشـەن خان) و (جـەلال تاڵەبانـی) پێشـوازیان لێکردوون، دواتر گەڕاونەتەوە دیمەشـق و گوندی ترپەسـپی، ئەزموونێکی باشـیان لەم گەشـتە وەرگرتووە، بەکردەوە بۆ هاوگەشـتەکانی ڕوون بووەتەوە، کـە کەسـێکی لەخۆبوردووبـوو، بۆیـەش (سـینەم خانـم) ئامـاژەی پێکـردووە کە"هـەژار مرۆڤێکـی مـەزن بـوو، هەمـوو تشـتەکی ژ بـۆ ئـەوی دیـتر دکـر" [٤٢٢]. سـەرەڕای ئـەوەش، هـەژار کەسـێکی ورەبـەرز بـووە، لـە گەڕانەوەیـان، لەسـەر کەشـتیەکە سرود و گۆرانـی بـۆ هاوڕێکانـی گوتـەوە[٤٢٣]، هـەژار سرودێکـی دروسـتکردووە سـەرەبەندەکەی ئەمەیە:

ڕۆییم هەتا پلیزنەرۆ، لەولا گەڕامەوە          نەیهێشت هەرِم پڕاگێ،شیووعی لەشامەوە

شــەش بەیــت بــووە و باســی ئــەو بەســەرهات و ژیانــە ناخۆشــە دەکا؛ کــە لــەو گەشــتە بەســەر خــۆی و هاوڕێیەکانــی هاتــووە. هــەژار دانــە- دانــەی خوێندۆتــەوە و "ســینەم و زەبیحــی کــۆرس بــوون؛ ســەرەبەندەکەیان دەگوتــەوە"[٤٢٤].

---

(٤٢٠) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٢٣٧-٢٣٨.
(٤٢١) هەژار، دیوانی هەژار بۆ کوردستان (پ- ١)٩٦-٩٧.
(٤٢٢) عەبدوڵڵا زەنگەنە، سدیق ساڵح و ئەوانی تر (پ - ٨)١٧٤.
(٤٢٣) سینەم خانم جەلادەت بەدرخان(پ- ١٤٦) هەولێر.
(٤٢٤) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٢٤١.

بەمەش ویستویەتی ئەو بێ ئومێدیەی هاوڕێکانی(زەبیحی) و (سینەم خانم) بڕەوێنێتەوە، کە لە ئەنجامی دروستکردنی کۆسپ و تەگەرە، بەشدار نەبوونیان لە ڤیستیڤاڵ بۆیان دروست بوو. هەر لەم بارەیەوە (جەلال تاڵەبانی) باس لە شیوعیەکانی عێراق و سووریا دەکات، کە لە ڤیستیڤاڵەکە زۆر دژ بوون و کوردیان بەنەتەوە نەدەزانی، هەروەها بە نیگەرانییەوە، لە مەڕ گەشتی هەژار و یاوەرەکانی دەدوێت، کە دوای ئەوەی ئەو گەشتەیان کرد و ڕێگەیان پێنەدرا و دواتر لە ئەوروپاوە گەڕانەوە وەک دەڵێت "تووشی کوێرەوەرییەکی زۆر بون، ئەوە خۆی لە خۆیدا داستانێکی تایبەتە" [٤٢٥]. هەروەها (جەلال تاڵەبانی) وا باسی هەژار دەکات، هێندەی تر ڕەوشی ئابووری و خراپ و تێکچوو و برسی بوو، "ئەمەش هیچ شەڕەفێک بەوانە نابەخشێ کە ڕێگەیان لێ گرتبوو و نەیان هێشتبوو بگاتە ئەو میهرەجانە" گفتوگۆی لەگەڵ هەژار کردووە، باسیان لە بارودۆخی سیاسی ئەوکاتی کوردستان و کێشەکانی کردووە، (جەلال تاڵەبانی) لە هەڵویستی (خالید بەگتاش) زۆر نیگەران بووە، بەڵام هەموو ئەمانە و ئەوانی تریش نەیانتوانی تۆزقاڵێک لە هەڵوێستی هەژار کەم بکەنەوە، بەڵکو ڕژدتر و سوورتر بوو، لەسەر کارکردن بۆ ئامانجە نەتەوەییەکانی، چونکە ئەو قوربانی بە خۆی و ماڵ و منداڵی دابوو[٤٢٦].

دوای هەژار (زەبیحی) و (سینەم خانم) هەریەکەیان بڕی چوارسەد و چل و چوار لیرە، خەرجی گەڕانەوەیانە لە ئەوروپا، چونکە باڵوێزخانەی ئەوان خەرجیان کێشاون، قەرزداری حکومەتی سوری بوون، (ڕەوشەن خانم) بڕیاریداوە بەشێوەی قیستی مانگانە بیداتەوە، دیسان لە بەرامبەر نەدانی ئەو پارەیە، دەکەونە ژێر چاودێری پۆلیس[٤٢٧]، هەرچەندە نە هەژار لە یاداشتەکانی و نە سەرچاوەکانی تر، سەبارەت بەو بڕە پارەی باڵوێزی سوری، کە بڕیار بووە بیدەنەوە، ڕوونکردنەوەی پێویستیان نەداوە، لەسەر چۆنیەتی دانەوەی و چارەسەرکردنی کێشەکە.

---

(٤٢٥) سەلاح ڕەشید، دیداری تەمەن(پ- ٨٨)١٠٦.

(٤٢٦) عەبدوڵڵا زەنگەنە، لەگەڵ شاعیری گەورەمان لە تورەبوونە ڕەواکەیدا ڕۆڤار "٢٤ سلێمانی (٥ی مایسی٢٠٠٣)٤٠-٤١.

(٤٢٧) شیرین ابراهیمی (پ- ١٤)١٢٨.

سـەبارەت بـەم بابەتـە، باڵوێـزی سـوری خەرجـی مانەوەیـان، لـە میوانخانــە و گەڕانەوەیـان، لەسـەر (ڕەوشـەن خـان) ئەژمـار و تۆمـار کـردووە، بۆیـە ئەویـش بەناچـاری، پارەکـەی داوەتـەوە بـە حکومـەت[٤٢٨]. هەروەهـا (عیزەدیـن مسـتەفا ڕەسـوڵ) پێیوایـە، یەکێـک لـە ئامانجەکانـی تـری هـەژار و (زەبیحـی) لە شـام، ئەگەر گەیشـتبان بە سـۆڤیەت، دوای تـەواو بوونـی ڤیسـتیڤاڵەکە، لـەلای (مسـتەفا بارزانـی) دەمانـەوە، بەرنامـە و پلانـی نوێیـان، لەسـەر چۆنییەتـی خەبـات لەسـەر مەسـەلەی نەتەوەیـی کـورد دادەڕشـت[٤٢٩].

دوای بڵاوبونــەوەی دەنگــۆی ڕێگیرکــردن لێیــان، لەلایــەن کۆمۆنیســتەکان بــۆ ڤیسـتیڤاڵەکە، ئـەوە بـوو لەلایـەن بەشـێک، لـە نیشـتیمانپەروەرانی کـوردی ڕۆژئـاوای کوردسـتان، کاردانـەوەی نەرێنیـان پێشـانی بەرپرسـانی کۆمۆنیسـتی سـوریا داوە، ستایشـی هەڵوێسـت و هـەوڵ و ماندوبوونـی هەژاریـان کـردووە[٤٣٠]، هەژاریـش پڕوپاگەنـدە و هۆنـراوەی دژی کۆمۆنیسـتەکان و حزبـی شـیوعی سـووریا نووسـیوە[٤٣١]. وای کـردووە، بیرۆکـەی چەپـی زیاتـر بـۆ ڕوون بێتـەوە، خۆیشـی دانـی پێدادەنێـت، بەتایبـەت دوای ئـەو دوو سـەردانەی ئەوروپـا و لـە نزیکـەوە ژیـان و گوزەرانـی خەڵکانـی ئـەو وڵاتانـەی بـە چـاوی خـۆی بینیـوە، هەروەهـا هەڵسـوکەوتی کۆمۆنیسـتەکانی عێـراق و سـووریا، لـە ئەنجامـی خوێندنەوەیەکـی قـووڵ بـۆ ئـەم ئایدۆلۆژیایـە، وایکـردووە گۆڕانکاریـی زیاتـر لـە ڕووی هـزر و بیـر و بۆچوونـەوە لای دروسـت بکـەن، بەشـێوەیەکی گشـتی کاریگـەری لەسـەری دابنێـن و بچێتـە خانـەی دژایەتـی کۆمۆنیسـتەوە[٤٣٢]. هـەژار لـە سـەرەتادا پێـی وابـووە، سـۆڤیەت فریادڕەسـی کوردسـتانن و ئەوانـن دەتوانـن کیانێـک لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بـۆ کـورد دروسـت بکـەن، بـەڵام کـە لـە سـەردەمی شۆڕشـی ئەیلوول، سـۆڤیەت هــاوکاری حکومەتــی عێراقــی کــردووە، دژی شۆڕشــی کــوردی هەژاریــش هەڵوێســتی پێچەوانــە بووەتــەوە، بەنووسـینەکانی دژی سـۆڤیەت وەسـتاوەتەوە.

(٤٢٨) سینەم خانم جەلادەت بەدرخان(پ- ١٤٦) هەولێر.
(٤٢٩) عەلی کەریمی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی - مامۆستا عولەما (پ- ٣٧)٢٤٤.
(٤٣٠) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٢٤٢.
(٤٣١) عەلی کەریمی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی - مامۆستا عولەما (پ- ٣٧)٢٤٤.
(٤٣٢) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٢٦٦.

بۆیـە لـەم بارەیـەوە و لـە پێشـەکی دیوانـی هـەژار بـۆ کوردسـتان دەڵـێ: "هەرکـە چـاوم کراوەتـەوە و بـەدەوری خۆمـا ڕوانیومـە دیتومـە کوردسـتانی دڵبـەرم لەنێـوان تـورک و ئیرانـی و عارەبـا دابـەش کـراوە و ئـەو سـێ گەلـە مووسـڵمانە، هاوئاینانـە زۆر نامەردانـە و بـێ بەزەیـی دەمیـان تـێ نـاوە و خوێنـی گەلـی کـورد ئەمـژن. تێـش گەیشـتووم ئەگـەر هێـزی ئیسـتیعمارگەرانی زل پشـتی نەگرتنایـە نەیـان دەتوانـی بمانخەنـە ئـەو قەفـەزە پۆڵاینـەوە و تـا ئێسـتا تیـا نەدەمانیـەوە. دەڵێـن دوژمنـی دوژمنـت دۆسـتی تۆیـە. منیـش بـەو پێیـە و بەبیـری خـۆم تەنیـا و پەسـیوێکی بـۆ کـوردی بێچـارە دەمایـەوە، هـەر سـوپاکەی ڕۆژهـەڵات و بـەرەی ئیشـتیراکی بـوون کـە دوژمنـی سەرسـەختی ئیسـتیعمار و دژی چەوسـانەوەی گەلانـن و خۆیـان بـە دۆسـت و یـاری بەشـخوراوان و لێقەومـاوان دەزانـن. هەرچەنـدی لەدەسـتم هاتـووە بـۆم نوسـیوون و تـا دەنگـم بـڕی کـردووە، هـاوارم لێکـردوون و هانـام بردوونەبـەر"...

بۆیــە هــەژار لەســەر ئــەم بنەمایــە و پێــی وابــووە، یەکێتــی ســۆڤیەت پشــتی گەلانـی چەوسـاوە و ژێـر دەسـتە دەگـرن. کـە گەلـی کوردیـش یەکێکـە لـە گەورەتریـن نەتــەوەی بــێ دەوڵــەت.

هـەر لـەم بارەیـەوە دەڵـێ" ئەگـەر بـە سـتالینم هەڵدەگـوت، لام وابـوو کوردسـتان ئازاد دەکا... ئەگـەر لـە جەنگـەی شۆڕشـی پیـرۆزی کـورددا زانیومـە خرۆشـۆف چەکـی بـۆ قـام نـاردووە، لۆمـە و سـەرکۆنەم کـردووە و پێـم وابـووە، نابـێ بـە چەکـی کرێـکار و وەرزێـران کرێـکار و جوتیـاری ...کـورد بکـوژرێ... ئەگـەر بەگژ هێندێک شـیوعی و عێراقی و سـووریدا دەچـووم پێـم وابـوو، زیانیـان بۆ کـورد و کوردسـتان هەیە. هەرکەس دۆسـتی کوردسـتان بێ و بـۆ کـورد بەهـرەی هەبـێ، مـن کۆیلەی ئەڵقە لـە گوێی دەبـم و پێی هەڵدەڵێـم و لەبەری دەپاڕێمـەوە و هـەر کـەس و هـەر گەلێـک دژی ئـازادی کوردبـێ و کوردسـتان داگیـر بکات، یـان یاریـدەی داگیرکەرانـی کوردسـتان بـدا، ئەگەر هەزار جـار سـور و زەرد و بۆربێ و هەزار کۆمپرادۆربـێ بەپێـی توانـا بەگـژی دادەچـم... هـەر کەسـیش لەسـەر ئـەم بیر و بـاوەڕە لێم تورەدەبـێ و جوێنـم پـێ ئـەدا کەیفـی خۆیەتـی... دەبـێ بزانـن لەسـەر کـورد و کوردسـتان جوێنیشـم پـێ بـدرێ و خوێنیشـم بـڕژێ هەر بـە خەڵاتـی دەزانم".

هەروەهـا دەربـارەی ئـەم بابەتـە و لەسـەر ئامانجـە ڕەواکـەی، ڕا و بۆچوونـی خـۆی بـە ڕوونـی خسـتۆتەڕوو کـە سـەربەخۆیی کوردسـتانە و ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بۆسـەردەمی کۆمەڵـەی ژێـکاف و بـەم شـێوەیە پـەروەردە بـووە، بۆیـە نوسـیوویەتی"

هەمـوو ئاواتـم لـە دنیـادا ئەمەیـە: گەلـی کوردیـش وەک هەمـوو گەلانـی خوداپێـداوی سـەرزەوی لـە ژێـر چنگـی داگیرکـەران و چەوسـێنەران ڕزگارببـێ و کوردسـتانێکی ئـازاد و سـەربەخۆ پێکبێـت. ئـاڵای کوردسـتانی ئـازاد و بەهێـز لـە سـەر هەمـوو مەڵبەندەکانـی کوردسـتان بلەرزێتـەوە" دوای دەربڕینـی هیـوا و ئاواتـی و تـا گەیشـتن، بـەو ئامانجـەی کـە سـەربەخۆیی کوردسـتانە بـەردەوام دەبـێ لـە خەبـات و هـەوڵ و تێکۆشـان، بۆیـە لـەم بارەیـەوە ئامـاژەی پێکـردووە "تـا بسـتێک لـە خاکـی کوردسـتان لـە ژێـر دەسـتی بێگانـەدا مابـێ و تـا کوردێکـی هـەژار بەرهەمـی ڕەنجـی شـان و نرخـی خوەدانـی ناوچەوانـی بچێتـە نـاو گیرفانـی داگیرکەرانـی بێگانـە و چەوسـێنەر و دەسـتبڕانی ناوخـۆ، مـن بـە ئـاوات نەگەیشـتووم!" ئـەو ئەگـەر ئەمـەش نەبینـم و لـەم ڕێگەیەشـدا بمـرم هـەر بەختـەوەرم"[٤٣٣]. هـەر بۆیـە هـەژار نیشـتیمانەکەی و بەرژەوەندییەکانـی بـە بنەمـا گرتبـوو، لـە پیاهەڵدانـی وڵاتانـی زلهێـز، یاخـود دژایەتیکردنیـان[٤٣٤]. ئـەو ماوەیـەی لـە سـووریا بـووە، گرنگـی بەلایەنـی سیاسـی و وشـیاری نەتەوەیـی و زمانـی کـوردی دەدا [٤٣٥]. ئەمەشـی بـە ئامانجـی سـەرەکی خـۆی زانیـووە.

زیاتـر لـە دوو سـاڵ لـە سـووریا و ڕۆژئـاوای کوردسـتان، پـاش بەرپابوونـی شـۆڕشـی ١٤ی تەمـوزی ١٩٥٨، هـەژار دەگەڕێتـەوە عێـراق [٤٣٦] و دوای هەوڵـی ئەفسـەرە ئازادیخوازەکانی عیـراق، توانیـان لەڕێـگای کودەتایەکـەوە سـەرکەتووبن و کۆتاییـان بەڕژێمـی پاشـایەتیی هێنـا [٤٣٧]ئەمـەش دوای ئـەوە ڕوویـدا کـە ڕژێمـی پاشـایەتی ڕووخـا و لـە جێگـەی ئـەو،

(٤٣٣) هەژار، دیوانی هەژار بۆ کوردستان (پ- ١)١٥-١٩.

(٤٣٤) ناسح غەفور ڕەمەزان(پ- ١٥٦) هەولێر.

(٤٣٥) هوزنی حاجۆ، تێ بیرا من(پ- ١٣٨)٦٥-٦٦.

(٤٣٦) نامق هەورامی، هەژار لە سنە (پ-٤٩)١٦١.

(٤٣٧) لیـث عەبدالحسـن الزبیـدی، ثـورة ١٤تمـوز ١٩٥٨ في العراق مكتبـة اليقظة العربيـة (الطبعة الثانية- بغداد ١٩٨١)١٧٧-١٩٣.

بـە سـەرۆکایەتی (عەبدولکەریـم قاسـم ١٩١٤-١٩٦٣)، کـە سـەرۆکی بـاڵای ئەفسـەرانی ئازادیخـوازی سـوپای عێـراق بـوو، ڕژێمـی کۆمـاری ڕاگەیانـد [٤٣٨]. ئـەم ڕووداوە هـەژاری زۆر خۆشـحاڵ کـردووە، لـەم ڕۆژەدا بەشـداری لـەو ئاهەنگـەدا کـردووە، کـە بـەم بۆنەیـەوە، لـە دیمەشـق سـازکراوە، لەبـەر ئـەوە لـە ٢٤ی تەمـوزی هەمـان سـاڵ هـەژار [٤٣٩]، لەگـەڵ خێزانەکـەی لـە ڕێـگای مووسـڵەوە دێنـەوە بەغـدا، نوێنـەری پـدک بـە نـاوی (نـوری ئەحمـەد تەهـا)، پێشـوازی لێکـردوون، دواتـر (جـەلال بێتووشـی) کۆنـە هاوبەشـی سـتۆدیۆکەی هـاوکاری کـردووە، خانوویێکـی لەگەڕەکـی باردویـە بـۆ بەکـرێ گرتـوە، کـە نزیـک بـووە لـە کارەکـەی و لـە دوکانـی سـتۆدیۆیەکە دەسـتی بەکارکـردەوە [٤٤٠]، کاری ڕتـووش کردنـی وێنـەی دەکـرد[٤٤١]، شـوێنی ببـووە یەکـتر بینینـی کۆمەڵێـک، لە کەسـایەتییە کـوردە سیاسـییەکان، بـە جیـاوازی بیـروڕای سیاسـییانەوە [٤٤٢]، بەهـۆی ئـەم شۆڕشـەوە، جۆرێـک لـە ئـازادی و دیموکراسـی لـە عێـراق سـەری هەڵدابـوو، (قاسـم) خـاوەن بیرۆکـەی نیشـتمانی بوو، بەگشـتی لەسـەر ئاسـتی عێـراق[٤٤٣]، ئەمەش وایکـردووە، نیشـتیمانپەروەران و چیـن و توێژەکانـی کۆمەڵـگای عێراقـی سـەردانی بکـەن، هەژاریـش یەکێـک بـووە لەوانە، هـەر لەسـاڵی ١٩٥٨، بەمەبەسـتی پیرۆزبایـی لـە (عبدالکریـم قاسـم)، شـاندێکی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان، کـە (جـەلال تاڵەبانـی) سـەرۆکایەتی کـردووە، لـە بەغـدا سـەردانیان کـردووە، کـە هەریـەک لـە هـەژار و (زەبیحی)یـش ئەندامـی شـاندەکە بوونـە، ئـەوان بەنـاوی کوردانـی سـووریا پیرۆزبایـان لێکـردووە[٤٤٤]، کـە لـە بنەڕەتـدا کـوردی ڕۆژهەڵاتـن.

لێـرەدا ئـەوە ڕوون دەبێتـەوە، سـەرەڕای ئـەوەی هـەژار، سـەرقاڵی دابیـن کردنـی بژێوی

---

(٤٣٨) حەسـەن عەلـەوی، عەبدولکریـم قاسـم تێڕوانیـن پـاش بیسـت سـاڵ، وەگێڕانـی بـۆ کـوردی کاوانی ئەنـوەر مەسـیفی(چاپی یەکـەم چاپخانـەی شـەهاب- هەولێـر ٢٠١١)٨.

(٤٣٩) عەلی کەریمی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی - مامۆستا عولەما (پ- ٣٧)٢٤٨.

(٤٤٠) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٢٥٠-٢٥١.

(٤٤١) کەریـم شـارەزا، لـە یـادی کۆچـی دوایـی خزمەتگـوزاری کـورد دا شـاعیری نیشـتیمانپەروەر و زمان زان مامۆسـتا هـەژار ١٩٢١- ١٩٩١(پ-٧)١.

(٤٤٢) عەلی کەریمی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی - مامۆستا عولەما (پ- ٣٧)٢٥٠.

(٤٤٣) موحسـین دزەیـی، وێسـتگەکانی ژیانـم، بەشـی یەکەم، ئیسـماعیل بەرزنجی کردوویەتـی بە کوردی (هەولێـر ٢٠٠٩) (چاپی یەکـەم - هەولێر ٢٠٠٩)١٠٣.

(٤٤٤) عەلی کەریمی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی - مامۆستا عولەما (پ- ٣٧)٣٠٧.

ژیانـی ڕۆژانـەی بـووە، بۆخـۆی و خێزانەکـەی، ئـەو ئاسـتەنگانەی ڕووبـەڕووی بوونەتـەوە، بـەڵام بـەردەوام بـووە لەسـەر هەڵوێسـتە نیشـتیمانییەکەی.

بـە گەڕانـەوەی هـەژار لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتانەوە بـۆ بەغـدا، گۆڕانـکاری بەسـەردا هـات، پێـی نایـە قۆناغێکـی نوێیـەوە، لـەڕووی سیاسـی و لایەنـی ئابـووری و بژێـوی ژیانـی باشـتر بـووە، بەشـێوەیەکی ڕوونـتر و باشـتر، توانیویەتـی بیـر و بۆچوونەکانـی دەرببڕێـت، ئەویـش بەهـۆی ئـەو جـۆرە ئازادییـەی لـە عێـراق هاتبـووە ئـاراوە.

لەلایەکـی تـرەوە، بـە گەڕانـەوەی (مسـتەفا بارزانـی) لـە یەکێتـی سـۆڤیەت لـە سـاڵی ١٩٥٨ بـۆ بەغـدا، پرسـیاری هـەژار دەکات و بەدوایـدا دەنێرێـت، دوای یەکـتر بینیـان، هـەژار پەیمانـی پێـداوە، کـە یـاوەری بێـت، ڕۆڵـی خـۆی زیاتـر بگێڕێـت لـە هاوکێشـە سیاسـی و ڕۆشـنبیریەکان[٤٤٥]. هـەر بـە بۆنـەی هاتنـەوەی (مسـتەفا بارزانـی) لـە سـۆڤیەت؛ ئاهەنگێکـی بەخێراتنـی لـە سـاڵۆنی گـەل لـە بەغـدا بـۆ گیـرا. کـە بەرپرسـانی حکومەتـی عێراقـی و کەسـایەتییە دیـارەکان ئامادەبـوون. بـەم بۆنەیـەوە هـەژار شـیعرێکی بەنـاوی "پەڵەهەورێـک" خوێندۆتـەوە؛ کـە سـەرەتاکەی بـەم شـێوەیە دەسـت پێـدەکا:

کـوڕ گـەل کـوڕی کـوردی نەبـەز
مەوەسـتن کۆوەبـن بەلـەز
کۆتاییەکـەی بـەم بەیتـە دێـت
کوتـەک لەسـەر خوێـن مـژی کورد
بـژی بارزانـی، بـژی کـورد...[٤٤٦].

ئـەو ماوەیـەی سـەرۆکی پارتـی لـە بەغـدا بـووە، هـەژار زۆربـەی کاتەکانـی، لای ئـەو ماوەتـەوە و پەیوەندیـان خـۆش و زۆر لـە یەکـتری نزیکبـوون[٤٤٧]، بـە دروسـتکردنەوەی پەیوەنـدی لەگـەڵ (بارزانـی) هـەژار بەشـێوەیەکی گشـتی گۆڕانـکاری لـە ژیانیـدا

(٤٤٥) ڕەشـید فنـدی، پەیڤـاکا وەفاداریێ بۆ گیانـی هەژار موکریانی"٧٢ گۆڤـارا پەیمانا ئەدەب و هونەری (٢٨ی شوباتی ٢٠٠١)١.
(٤٤٦) هەژار، دیوانی هەژار بۆ کوردستان(پ- ١٣)١٠٥-١١١.
(٤٤٧) عەلی کەریمی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی - مامۆستا عولەما (پ- ٣٧)٢٥٢.

ڕووددات، بەرەو قۆناغێکی باشتر و دیارتر هەنگاودەنێت[٤٤٨]. بۆ ئەم مەبەستە هەژار لە بەغدا دەست بەکار و چالاکی سیاسی دەکات، هاوکاری پارتی کردووە، وەک خۆی ئاماژەی پێکردووە "بەتەواوی کارم دەگەڵ پارتی دەکرد". بەرپرسان بڕیاریان داوە بیکەن بە سەرپەرشتی ڕێکخراوی لاوانی پارتی، بەڵام هەژار ئەم بەرپرسیاریەتیەی قبوڵ نەکردووە[٤٤٩].

وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە، ئەو کاتەی سەرۆکی پارتی لە سۆڤیەت بووە، هەولێدا بوو هەژار و (زەبیحی) لە بەرلینەوە بچنە مۆسکۆ، بەڵام (خالید بەکتاش) گەشتەکەی تێکدابوون، ئەمەش ناوبراوی نیگەران کردبوو، ویستویەتی لە داخی ئەو تۆڵەی ئەم گەشتەی بۆ بکاتەوە، لە دوای ئەوەی هەژار داوەتنامەی یەکێتی نووسەرانی سۆڤیەتی بۆ هاتووە، لەسەر بڕیاری (مستەفا بارزانی)، پاسپۆرتێکی عێراقی بەناوی (عەبدولڕەحمان محەمەد) بۆ دابینکراوە، واتە ئەو ناوەی کە پێشتر هەیبوو بەناوی (عەزیز محەمەد) لێرەوە گۆڕانکاری بەسەردادێ و بووە بە (عەبدولڕەحمان)[٤٥٠]، هەژار خۆیشی لە نامەیەکدا لە بەغدا کە بۆ (محەمەد مەولود مەم[٤٥١])ی لە هەولێر نووسیوە، باسی مامەڵەیەک دەکات کە تۆماری بکات، ناوی تەواوی خۆی هێناوە (عەبدولڕەحمان محەمەد مستەفا)[٤٥٢]، سەبارەت بەم بابەتە بەپێی ئەو بەڵگەیەی لەبەردەست دایە، کوڕەکەی بەناوی (زاغروس عبدالرحمن محمد) ناوی لە قوتابخانەی ناوەندی (العردبة) بەغدا تۆمارکراوە[٤٥٣]. خەرجیی گەشتەکەی لەسەر

(٤٤٨) ئا کولتور(پ- ١٩٤)١٣.

(٤٤٩) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٢٦٦.

(٤٥٠) شیرین ابراهیمی (پ- ١٤)١٣١-١٣٢.

(٤٥١) مەحەمەد مەولود مەم، لە بنەڕەتدا خەڵکی شارۆچکەی شنۆی ڕۆژهەڵات کوردستانە، مەم لەساڵی ١٩٢٦، لە شارۆچکەی شەقڵاوە لە دایک بووە، دەرچووی ناوەندییە، لە ساڵی ١٩٤٣ دەبێتە فەرمانبەر، لەسەر هەڵوێستی سیاسی چەند جارێک دەستگیر کراوە، لە ساڵی ١٩٦١ دەبێتە بەڕێوەبەری شارەوانیەکانی هەولێر، چیرۆکنووس، ڕۆماننووس و ڕۆژنامەنووس بووە، ئەندامی کۆمەڵەی هیوا و پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، لە ساڵی ١٩٨٧، کۆچی دوایی کردووە. ئازاد حەمە شەریف، مەحەمەد مەولود مەمی شاکارنووس (چاپی یەکەم چاپخانەی خانی دهۆک ٢٠٠٩)٥١-55.

(٤٥٢) ئیسماعیل بەرزنجی، نامەکانی مەم (هەولێر٢٠٠٢)١١.

(٤٥٣) زاگرۆس شەرەفکەندی (پ-٧٢) هەولێر. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە. پاشکۆی ژمارە ٥.

سەرۆکی پارتی بووە، بۆئەوەی سەردانی نەخۆشخانەش بکات، داوای لە هاوڕێیانی سۆڤیەتی کردووە تا هاوکاری و ئاسانکاری بۆ بکەن، بۆ ئەم مەبەستە هەژار لە سەرەتای تشرینی دووەمی ١٩٥٨ بە فڕۆکە لە ڕێگای دیمەشقەوە گەشتی میسر و پاشان سۆڤیەتی کردووە[٤٥٤]، لە قاهیرە ماوەی چوار ڕۆژ ماوەتەوە، بۆیە هەژار ئەم دەرفەتەی قۆزتۆتەوە و سەردانی زانکۆی ئەزهەر و ڕادیۆی بەشی کوردی کردووە، چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ ئەنجامداوە، باسی لە ڕۆڵی نیشتیمانپەروەری کورد کردووە، هەروەها لایەنی ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردی شیکردووەتەوە، دواتر بە فڕۆکە ڕۆیشتووە بۆ مۆسکۆ[٤٥٥]، لەم بارەیەوە لە ساڵی ١٩٥٩ دەزگای هەواڵگری ساواک لە شارۆچکەی بانەی ئێران، کە کاری چاودێری و سیخوڕی بەسەر نیشتیمانپەروەرانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستانەوە کردووە، زانیاری لەسەر جموجۆڵەکانیان کۆکردوونەتەوە، ڕاپۆرتێکی چوارده خاڵی ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ساواک لە تاران کردووە، لە خاڵی یەک باسی هەژار لەچوارچێوەی حزبی دیموکرات دەکات، بەم شێوەیە "جموجۆڵی حزبی دیموکرات ڕانەگیراوە... ئەو سەرکردانەی کە لە حزب ماون بە سەرسەختی بەتایبەت لە تەواوی ناوچەی کوردستان ڕەزایە، شنۆ و چەند ناوچەیەکی تر، سەرقاڵی جموجۆڵ بوون، تا کار گەیشتۆتە ئەوە بانگەشەیەی بە زمانی کوردی لە ڕادیۆی قاهیرە و پشتگیری لە دەوڵەتێکی مووسڵمان بکەن و هەروەها باسی لە سرودی شۆڕش، کە لە سەردەمی (قازی محەمەد) گوتراوە لەگەڵ ڕەچاوی تەواوی بنەماکانی ئایینی لە بەرنامەی ئەم ئیستگەدا باس کردووە، ئەمەش کاریگەری زۆری لەمەڕ ورەی کوردەکان، بەتایبەت توێژی ڕۆشنبیران هەبووە، یەکێک لەو کەسانەی ئەم قسانەی کردووە، عەبدولرەحمان ناوێکە کە یەکێکە لە شاعیرەکانی کورد... هەروەها داوای لە جەمال عەبدولناسر سەرۆک کۆماری میسر کردووە، دان بە مافەکانی کورد دابنرێت لە ئێران، عێراق، سووریا و تورکیا، داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکات و ئەم پێشنیازە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان باس بکرێت، ئەمەش وای کردووە، جەمال عەبدولناسر بەڵێن بدا، کە کار بکات بۆ جێبەجێکردنی

---

(٤٥٤) شیرین ابراهیمی (پ- ١٤)١٣١-١٣٢.

(٤٥٥) محمد رئوف مرادی (پ- ٤٨)٤٤.

ئـەم داواکاریانـە، ئـەم باباتـە لەبـەر گرنگیەکـەی، لەگـەڵ فەرمانـدەی سـوپا بـاس کـراوە..." (٤٥٦). چاودێریکردنـی لەلایـەن دامـودەزگا هەواڵگرییەکانـی ئێـران، دەرخـەری ئەو ڕاسـتیەیە کـە هـەژار کەسـایەتییەکی گرنـگ بـووە لـە بزاڤـی ڕزگاریخـوازی گەلـی کوردسـتان.

هــەژار کاریکــردووە ئــەو دەرفەتانــەی لــە دەســت نەچێــت، کــە بــۆی دروســت بــووە، لــە کۆنگــرە و ڤیســتیڤاڵە نێودەوڵەتیــەکان، تــا بــۆی بکرێــت، دۆزی گەلــی کــورد، بــە کۆمەڵگــەی نێودەوڵەتــی بناســێنێ، بــەردەوام بــووە لــە چالاکییــە سیاســییەکانی ئــەو ماوەیــەی لــە ســۆڤیەت ماوەتــەوە، چەندیــن شــار گــەڕاوە و هەوڵیــداوە زۆرتریــن چالاکـی ئەنجامبـدات، بـە شـێوەیەکی سـەرکەوتووانە، بەشـداری چەندیـن کۆڕوکۆبونـەوەی کـردووە(٤٥٧)، سـەردانی هـەژار بـۆ ئـەو وڵاتـە دەنگدانـەوەی باشـی لێکەوتووەتـەوە، بووەتـە هـۆی سەرنجڕاکێشـانی بەشـێک لـە کەسـایەتییە سیاسـییەکانی ئـەوێ، بەتایبـەت ئەوانـەی سەرپەرشـتیاری سیاسـەتی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتیان کـردووە، بۆئـەم مەبەسـتە (ڤۆلۆشـین)، لـە کۆمیتـەی ناوەنـدی حزبـی کۆمۆنیسـت و بڕیـاردەری سیاسـەتی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، بەشـێوەی فەرمـی لـە ڕێـگای (ڕەحمانـی حاجـی باغـر) نامەیەکـی بـۆ هـەژار نووسـیوە و داوای لێکـردووە، بابەتێکـی لەسـەر ڕەوشـی عێـراق بەگشـتی بـۆ بنووسـێت، دوای نووسـینی بـە کـوردی لەلایـەن (مسـتەفا سڵماسـی) وەریگێڕاوەتـە سـەر ڕووسـی و لـە گۆڤارێکـدا بەنـاوی (ڤۆلۆشـین) بڵاوکراوەتـەوە، هەروەهـا لـە شـاری تاشـکەند چاوپێکەوتنـی ڕادیۆیـی بـە زمانـی فارسـی ئەنجامـداوە، بـەراورد کاری لـە نێـوان کوردسـتانی داگیرکـراو، سـەمەرقەند و بوخـارادا کـردووە، کـە ئـەم دوو شـارە ئـازادن و گرنگیـان پێبـدەن و نرخیـان بزانـن(٤٥٨).

لەلایەکـی تـرەوە ڕاسـپاردەیەکی سـیناتۆری گیرتسـن لـە مۆسـکۆ ٢٣ی نیسـانی/١٩٥٩، سـەردانی هـەژاری کـردووە و داوای لێکـردووە؛ بەبۆنـەی جێژنـی یەکەمـی مایـۆ وەڵامێـک بـۆ گەلـی عێـراق بنێـرێ، ئەویـش لەگـەڵ پێشـەکییەکی کـورت و شـیعرێکی بـە دەنگـی تۆمـار کـردووە، شـەوی ١ی ئایـاری ١٩٥٩ کاتژمێـر ٩:٣٠ خولـەک لـە ڕادیـۆ مۆسـکۆ

---

(٤٥٦) ئەرشـیفی فەرەیدون حەکیم زادە. لە ٢٨ی تەموزی ٢٠٢١. بەدەسـت توێژەر گەیشـتوە. بۆ زانیاری زیاتـر، بڕوانە. پاشـکۆی ژمارە ٥.

(٤٥٧) محمد رئوف مرادی (پ- ٤٨)٤٤.

(٤٥٨) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٢٧٦-٢٩٣.

بڵاوکرایـەوە. شـیعرەکە بەنـاوی" پیرۆزبایی"ییـە، سـەرەتا بـەم بەیتـە دەسـت پـێ دەکا:

لــە مۆســکۆ مەکــۆی ڕزگاران
لــە نــاو جەرگــەی دۆســت و یــاران
کۆتاییەکــەی بــەم بەیتەیــە
محەببــەت دوریــی بــۆ نییــە
فەرقی بەغدا و مۆسـکۆ چییە!... [٤٥٩].

(٤٥٩) هەژار، دیوانی هەژار بۆ کوردستان ١١٨-١١٩.

# بەشی دووەم

# چالاکییە سیاسییەکانی هەژار موکریانی لە نێوان ساڵانی (١٩٥٩-١٩٩١)

**تەوەرەی یەکەم:** چالاکییەکانی لە بەغدا (١٩٥٩- ١٩٦٣)

**تەوەرەی دووەم:** گەڕانەوەی هەژار بۆ بەغدا و ئێران

## تەوەرەی یەکەم

## چالاکییەکانی لە بەغدا (١٩٥٩- ١٩٦٣)

لـە سـاڵی ١٩٥٩ دوای گەڕانـەوەی لـە سـۆڤیەت، هـەژار هەلـی بـۆ دەڕەخسـێت و لـە فەرمانگەیەکـی حکومـی بەنـاوی (ئیـدارەی مەبانـی عـام) لـە بەغـدا دادەمەزرێـت[٤٦٠]، هەرچەنـدە چۆنییەتـی دامەزراندنـی، لـە سـەرچاوەکان یاداشـت نەکـراوە، بـەڵام پێدەچێت بـە پشـتگیری (مسـتەفا بارزانـی) لـەو بەڕێوەبەرایەتیـە دامەزرابێـت.

هــەژار درێــژەی بــە جموجوڵــی سیاســی داوە، ئــەو پەیوەندیــە فراوانــەی لەگــەڵ دۆســت و ناسـیاوانی هەیبـووە، بەکاریهێنـاوە بـۆ بەرژەوەندییـە نەتەوەییـەکان، بۆئـەم مەبەسـتە، کاری ڕێکخسـتن و پـارە و هـاوکاری لـە خەڵکـی بـۆ پارتـی کۆکردووەتـەوە، هەروەهـا بەیـان و بابەتـە نووسراوەکانـی بـۆ بڵاوکردوونەتـەوە، کـە لـەو قۆناغـەدا ئـەم شـێوازە خەباتـەی خواسـتووە[٤٦١]. ئـەم جموجوڵانـەی بـۆ بەهێزکردنـی ڕیزەکانـی پارتـی و وشـیار و ئاگادارکردنـەوەی جەمـاوەر، زیادبوونـی ئەندامانیـان و بەدەستخسـتنی ئـەو بـڕە پارەیـە، بەشـێک لـە خەرجیەکانـی ڕۆژانـەی حزبیـان پێدابینکـردووە. هـەژار و (بارزانـی) پەیوەندییەکـی لـە مێژینـە و مێژوویـان هەبـووە[٤٦٢].

---

(٤٦٠) ڕەفیـق سـاڵح و سـدیق سـاڵح، ڕۆژنامـەی کوردسـتان مەهابـاد ١٣٢٤-١٣٢٥ی هەتـاوی-١٩٤٦ (پ- ١٥)٢٨.

(٤٦١) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٣١٥.

(٤٦٢) دوای شۆڕشـی بـارزان، سـاڵی ١٩٤٥ شـەڕی دژی حکومەتـی عێـراق، (مسـتەفا بارزانـی) و یاوەرانی ڕوودەکەنـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، بەگەرمـی لەلایـەن کوردانی ئەوێ پێشـوازی لێدەکرێـت، هەرچەندە لـە سـەرەتادا، لـە ژێر پاڵەپەسـتۆی ئینگلیـزەکان و حکومەتی عێراق، یەکێتی سـۆڤیەت داوای لە (مسـتەفا بارزانـی) کردبـوو تـا ماوەیەک زۆر خۆی دەرنەخات، بەڵام دواتر تێکەڵاوی کایەی سیاسـی و سـەربازی بوو لـە مەهابـاد. نەجـەف قولی پسـیان، لـە مەهابـادی خوێناویـەوە هەتا لێوارەکانی ئاراس- شـەوکەت شـێخ یەزدیـن کردویەتـی بـە کوردی(من منشـورات الحـزب الدیموقراطی الکوردسـتانی هاوینە هـەواری پیرمام ١٩٩٦)١١. پەیونـدی ئـەو و هـەژار بـۆ سـەردەمی کۆمـاری کوردسـتان دەگەڕێتـەوە و لـەوێ هەردووکیان یەکـتر دەناسـن و دۆسـتایەتیان خـۆش بـووە، دوای ئـەوەی هـەژار ڕەوشـی تەندروسـتی تێکچـووە و نەخـۆش بـووە، لەماڵـی خۆی لە بـۆکان دەکەوێت، (بارزانـی) دکتۆرێـک بەناوی(عەزیمی) ڕادەسـپێریت، بۆچارەسـەری نەخۆشـیەکەی و گرنگـی پێـدەدات، تـا چاکبووەتـەوە، ئەمـەش کاریگـەری لەسـەر هـەژار دروسـت دەکات و ئـەم هەڵوێسـتەی لـە بیر نـاکات. مەغدیـد سـۆران، سـۆز و گەورەیی بارزانـی مەزن و

وەک پێشـتر ئاماژەی پێـدراوە، هەژاریـش وەک نوێنـەری (قـازی)، لەلایەن سـوپای ئێران لـە شـاری سـەقز دەسـتگیرکراوە، دیسـان ناوبراو هەڵوێسـتی لەسـەری و داکۆکـی لێکردووە، ئەمـەش هەموویـان کاریگـەری ئەرێنـی دوولایەنـەی دروسـت کـردووە، بـەردەوام بـووە، تـا ڕۆژی کۆچـی دواییـان، لـە وێسـتگەکانی داهاتـوو زیاتـر ڕوون دەبێتەوە.

بەپێـی گوتـەی (جـەلال تاڵەبانـی)، بەهـۆی ئـەو هەڵوێسـتە ئەرێنیانـەی کـە (قاسـم) هەیبـوو، کۆمەڵێـک کەسـانی دیـار، بـە جیـاوازی بیـروڕای جیاوازیانـەوە، پێیـان هەڵگوتـووە[٤٦٣]، بەتایبـەت داننـان بـە مافەکانـی گەلـی کـورد، هەژاریـش یەکێـک بـووە لـەو کەسـانە و بـە چاکـە نـاوی بـردووە، پێیوابـووە، دانـی بەمافەکانـی کـوردا نـاوە، بـەڵام کـە (قاسـم) لـە بەڵێنەکانـی پەشـیمان بووەتـەوە، جارێکـی تـر هەژاریـش لـە دژی سیاسـەتەکانی وەسـتاوەتەوە و بەخراپـە باسـی کـردووە[٤٦٤]، بۆیـە لـە ڕووی بیروبـاوەڕەوە، فیکـرەی چەپـی فڕێـداوە و جارێکـی تـر لـە شۆڕشـی ئەیلـوول کوردایەتـی بەبنەمـا گرتۆتـەوە[٤٦٥]. وەک دواتـر باسـی لێیوەدەکەیـن.

بەشـێک لـە هێـزە عەرەبەکانـی عێـراق، ئەوانـەی نەیـاری گەلـی کـورد بـوون، دەزگای هەواڵگری(سـازمان اطلاعـات و امنیـت کشـور- سـاواک)ی ئێرانـی، ڕۆڵێکـی خراپیـان گێـڕا، لـە نێـوان (قاسـم) و (بارزانـی)دا[٤٦٦]، بۆیـە زۆری نەبـرد، (قاسـم) ئـازادی و بنەمـا دیموکراسـیەکانی، بەرتەسـک کـردەوە و سـنووری بـۆ چالاکییـە سیاسـی و ڕۆشـنبیریەکانی پارتـی کۆمۆنیسـتی عێـراق و (پـدک) دانـا، پاشـان ڕۆژنامـەی خەباتـی لـە بەغـدا داخسـت، پەشـیمان بـووەوە لـەو بەڵێنانـەی بـە کـوردی دابـوو[٤٦٧]، دوای تێکچونـی پەیوەندییـە سیاسـییەکانی نێـوان گەلـی کـورد و (قاسـم)، ئـەوە بـوو لـە ١١ی ئەیلوولـی١٩٦١ (پـدک)

---

وەفای مام هەژاری وەفادار"٢٢٧٧/١٤ برایەتی پاشکۆی ئەدەب و هونەر(٢٠ی شوباتی ١٩٩٧)٤.

(٤٦٣) عەلی کەریمی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی - مامۆستا عولەما (پ- ٣٧)٣٠٧.

(٤٦٤) هەژار، دیوانی هەژار بۆ کوردستان (پ- ١)١٩.

(٤٦٥) نامق هەورامی، هەژار لە سنە (پ-٤٩)٩١.

(٤٦٦) حەسەن عەلەوی(پ- ٤٣٨)٥.

(٤٦٧) ڕەفیـق ڕەحـمان مـام خـول، مسـتەفا بارزانـی ژیـان و ڕۆڵ و هەڵوێسـتی لە پێشـهاتە سیاسـیەکاندا ١٩٥٨-١٩٧٠(چاپـی یەکـەم چاپخانـەی شـەهاب – هەولێـر٢٠١٢)٨٤-٨٩.

شۆڕشــی ئەیلوولــی هەڵگیرســاند[٤٦٨]، سەرتاســەری باشــووری کوردســتانی گرتــەوە [٤٦٩]. ســوپای عێــراق هێرشــی ســەربازی ئەنجامــدا و زیانــی گیانــی و ماڵــی لێکەوتــەوە[٤٧٠]. لەوکاتـەدا کۆمەڵێـک کەسـایەتی بەتایبەتـی ئەوانـەی لـە بەغدا نیشـتەجێبوون، بروسـکەیان بـۆ حکومـەت کـرد و پشـتگیریان کـرد، هـەروەک (جـەلال تاڵەبانـی) لـە چاوپێکەوتنێکـدا باسـی سـاڵی ١٩٦١ دەکات، پەیوەنـدی نێـوان شۆڕشـی کـورد و عەبدولکریـم قاسـم تێکچوو، "هــەژار... بروســکەیەکی لێــدا بــۆ کەریــم قاســم و بەرائەتی...نیشــان دا، بروســکەکەی بڵاوکرایـەوە، ئەمـەش شـتێکی ناشـیرین بـوو..." [٤٧١] هەرلـەم بارەیـەوە کەسـایەتی ڕۆشـنبیر (مومتــاز حەیــدەری) ئــەم بابەتــە دووپــات دەکاتــەوە کاتێــک لــە تەکســیدا لــە شــاری کەرکووکـەوە چـووە بـۆ بەغـدا، لـە ڕادیـۆی نـاو ئۆتۆمبێـل گـوێ بیسـتی نـاوی کۆمەڵێـک مامۆسـتا و کەسـایەتی کـوردی بەغدابـووە، پشـتگیری (عەبدولکەریـم قاسـم) یـان دەکـرد، یـەک لەوانـە نـاوی هەژاربـوو[٤٧٢]. هەروەهـا دەقـی ئـەم بروسـکە بەزمانـی عەرەبـی لـە ڕۆژنامــەی (الــشرق) ژمــارە ٦٣٧ی تشرینــی دووەمــی ١٩٦٢، بەنــاوی (عەزیــز محەمــەد-هزار[هــەژار] بڵاوکردووەتــەوە[٤٧٣]، ڕەنگــە بــۆ ئــەوە بگەڕێتــەوە، کــە لــە بەغــدا ژیــاوە و مــاڵ و منداڵــی لــەوێ بــووە. لەلایەکـی تـر نەیارەکانـی ئـەو ڕەخنەیـان گرتـووە.

---

(٤٦٨) ئـاری فـاروق نانەکەلـی، دامەزراوەکانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و شۆڕشـی ئەیلـول لە نێوان سـاڵانی ١٩٦١-١٩٧٥(چاپـی یەکەم، چـاپ ravza ٢٠١٦)١٧.

(٤٦٩) بۆزانینی بەشـێک لەشـەڕەکان بڕوانە. عەبدوڵڵا ئەحمەد ڕەسـوڵ پشـدەری، شۆڕشـی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ دژی ڕژێمـی قاسـم(چاپی یەکەم چاپخانەی شـەهید ئـازاد هەورامی کەرکەک – ٢٠٠٧).

(٤٧٠) بۆزانینـی بەشـێک لەهێرشـەکان و زیانـی گیانـی و ماڵـی بڕوانـە. خورشـید شـێرە، خەبـات و خوێن بیرەوەریەکانـی سـاڵانی خەباتـی پێشـمەرگایەتی(چاپی دووەم چاپخانـەی حاجـی هاشـم- هەولێر٢٠٠٨).

(٤٧١) عەلی کەریمی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی - مامۆستا عولەما (پ - ٣٧)٣٠٩.

(٤٧٢) دیمانـەی تایبەتـی توێـژەر لەگـەڵ مومتـاز حەیـدەری (٢٩ی کانوونـی یەکەمـی٢٠٢٠) هەولێـر. لـە سـاڵی ١٩٤٢ لـە هەولێـر لـە دایکبـووە، لـە سـاڵی ١٩٦٠ ئەندامـی حزبـی شـیوعی و پەیامنێـری ڕۆژنامەی ئازادی بووە، لە سـاڵی ١٩٦٣ دەچێتە شـاخ و تا ناوەڕاسـتی ١٩٦٤ کاری ڕۆژنامەگەری دەکات، لە تەموزی ١٩٦٤ دەچێتـە بەغـدا و لـە چاپەمەنـی ئـەو حزبە کاریکـردووە، چەند بەرپرسـیارەتیەکی تـری وەرگرتووە، لـە سـاڵی ١٩٧٠ هاتۆتـەوە و لـە هەولێـر نیشـتەجێیە، ئەندامـی یەکێتـی نوسـەرانی کـورد لقـی هەولێـر بـووە، لـە سـاڵانی نـەوەدەکان ئەندامـی بـاڵای ئاشـتی بـووە، وەک ڕۆژنامەنووسـێکی شـارەزا مـاوەی دوو خـول سـکرتێری ڕۆژنامەنووسـانی کوردسـتان بووە، لـە چەند ڕۆژنامـە و گۆڤار کاریکردووە و خانەنشـینە.

(٤٧٣) مامە پیرە، هەژاری موکریانی شایەری دەرباری بارزانی " ٢ ڕزگاری سلێمانی (٢٧ی نیسانی ١٩٦٩)٥٠.

هەرچەنـدە هەندێـک لەسـەرچاوەکان، ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـەن، کـە هـەژار لەگـەڵ دەسـپێکی شۆڕشـی ئەیلـوول لـە ١١ی ئەیلوولـی ١٩٦١ بەشـداریی شۆڕشـی کـردووە[٤٧٤]، بـەڵام ئـەو تـا سـاڵی ١٩٦٣، لـە بەغـدا ماوەتـەوە، کـە لـە خـوارەوە ڕونکراوەتـەوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا، لەمـاوەی سـاڵانی ١٩٦١- ١٩٦٢، واتـە تـا ئـەو کاتـەی هـەژار لـە بەغـدا بـووە، پەیوەنـدی بـە (بارزانی)یـەوە هەبـووە، کار و چالاکیـی سیاسـی بـە شـێوەی نهێنـی ئەنجامـداوە[٤٧٥]، بـەم شـێوەیەی خـوارەوە:

لـە سـاڵی ١٩٦٢ ئـەوکات هـەژار لـە بەغـدا بـووە، (مسـتەفا بارزانـی) ڕایسـپاردووە سـەردانی باڵوێزخانـەی میـسر بـکات لـە بەغـدا، پەیامـی ئـەوی پـێ ڕابگەیەنێـت، هەژاریـش سـەردانی باڵوێـزی کـردووە "بەومەرجـەی جەمـال عەبدولنـاسر کارێـک بـکات، عێـراق دەسـت لـە شـەڕی دژی کـورد هەڵگـرێ، میسریـش چەکـی دژی فڕۆکـە و تانکـمان داتـێ، شـۆڕش دەگوازینـەوە نـاو ئێـران، کـە هاوپەیمانـی سـەنتۆیە و نـاسر گەرەکیەتـی لاواز بێـت"، بـەڵام سـەرۆکی میـسر بـەم داواکاریانـە ڕازی نەبـووە[٤٧٦]، بـە مەبەسـتی وەڵام وەرگرتنـەوە چـوار جـاری تـر، سـەردانی باڵوێزخانـەی ئەوانـی لـە بەغـدا کردووەتـەوە، بـەڵام وەڵامێکـی ئەرێنیـان نەداوەتـەوە.

یەکێـک لـە کارەکانـی تـری هـەژار لـە بەغـدا، بەشـێوەی نهێنـی هاوکاریـی ماددی لـە نیشـتیمانپەروەران، دۆسـت و ناسـیاوانی کۆکردووەتـەوە. هەروەهـا دەنگوبـاس، هـەواڵ، جموجـوڵ و زانیاریـی بەرپرسـانی حکومەتـی (قاسـم)ی بـۆ شـۆڕش نـاردووە، هەندێکجـار هەواڵەکانـی تەنیـا بەشـێوەی زارەکـی، بەتایبـەت بەڵێنـی بەشـێک لـە کۆنـە ئەفسـەر و سـەرۆک هۆزەکانـی بەغـدا، لـە ترسـی زیندانـی کردنیـان، لەلایـەن دام و دەزگا ئەمنییەکانی عێـراق گواسـتۆتەوە بـۆلای (زەبیحـی)، کـە بەرپرسـی پارتـی بـووە لـە کەرکـووک، لـەوێ نوسـیویانەتەوە و ڕەوانـەی م . س یـان کـردووە، لـە چەمـی ڕێـزان[٤٧٧].

---

(٤٧٤) موسەدەق تۆڤی، گۆڤاری ڕۆناهی ١٩٦٠- ١٩٦٢ ( چاپخانەی ڕۆژهەڵات هەولێر ٢٠١٤)٥٤.

(٤٧٥) فەرەیدون حەکیم زادە، هەژار لە لوتکەدا (١٨)٢٢.

(٤٧٦) هەڵوێستەکانی هەژار، مجله اصحاب انقلاب - هەژارانە (نشانی تهران – بهار ١٣٧٠- ١٩٩١)٢٢.

(٤٧٧) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٣١٨-٣٢٠.

لەلایەکی تـرەوە شۆڕشـی ئەیلـوول پێویسـتی بـە ئامێرێکـی چاپەمەنـی هەبـووە، بەمەبەسـتی ڕایکردنـی ئیـش و کارەکانیـان، کـە لـە کوردسـتان دەسـت نەکەوتـووە، بۆیـە لـە سـلێمانی لـە ناوەڕاسـتی تشرینـی دووەمـی ١٩٦١، لـە لایـەن (ئەحمـەد تۆفیـق- عەبدوڵـڵا ئیسـحاقی[٤٧٨])، سـکرتێری (حـدک)، کـە لەمـەو دوا تەنهـا بـە (ئەحمـەد تۆفیـق نـاوی دێنیـن)، کادیرێکـی خۆیـان بەنـاوی (ڕەشـیدی فەللاحـی) ڕاسـپاردوە بـۆلای هـەژار، دوای ئـەوەی گەیشـتۆتە بەغـدا، هـەژار و ئەندامێکـی پارتـی بەنـاوی (یەدوڵـڵا فەیلـی)، لـە بـازاڕی ئـەو شـارە ئامێرەکەیـان بـۆ دابینکـردووە و بۆیـان ناردۆتـەوە شـاری سـلێمانی و بڵاوکراوەیەکیـان بەنـاوی (دیسـان بارزانـی) دەرکـردووە[٤٧٩]، هەروەهـا لـە کانوونـی دووەمـی ١٩٦٢ هـەر لـە کاتـی شـەڕی نێـوان حکومەتـی (قاسـم) و شـۆڕش، جارێکـی دیکـە (ئەحمـەد تۆفیـق)، بـە نوێنەرایەتـی (مسـتەفا بارزانـی) ڕۆیشـتووەتە بەغـدا، بـۆ پیتـاک کۆکردنـەوە بـۆ شـۆڕش[٤٨٠]، وەک پێدوایسـتیی پزیشـکی و جلوبـەرگ بـۆ پێشـمەرگە، دوای ئـەوەی لەگـەڵ هـەژار، کەلوپـەل و پێداویسـتییەکانیان کۆکردووەتـەوە، ڕەوانـەی کوردسـتانیان کـردووە[٤٨١]، بۆیـە ئەوەمـان بـۆ ڕوون دەکاتـەوە، ئـەو کاتـەی لـە بەغـدا بـووە، زۆربـەی کارەکانـی خزمـەت گەیانـدن بـووە بـە شۆڕشـی ئەیلـوول[٤٨٢].

---

(٤٧٨) عەبدوڵـڵا کـوڕی سـەید حەمەدەمینـی ئیسـحاقی نـاسراوە بـە ئەحمەد تۆفیـق: لە سـاڵی ١٩٣١، لە شـاری مەهابـادی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لەدایک بووە، لـە قوتابخانـە خوێندوویەتی، ئەندامـی کۆمیتەی مەرکـەزی حـدکا بـووە، لـە سـاڵی ١٩٥٩ هاتووەتـە باشـووری کوردسـتان، لـە سـلێمانی سەرپەرشـتیی کۆمۆنـەی حدکـی کـردووە، پاشـان بـووە بـە سـکرتێری حـدکا، بەشـداری شۆڕشـی ئەیلولـی کـردووە، لـە کۆتایـی سـاڵی ١٩٦٩ چووەتـە بەغـدا، لـە سـاڵی ١٩٧٣ لەلایـەن حکومەتـی بەعسـی عێـراق دەسـتگیر دەکرێـت و دەکـوژرێ. یاسـین سەردەشـتی، ژیـان و تێکۆشـانی سیاسـی ئەحمـەد تۆفیـق "عەبدوڵـڵا ئیسـحاقی" ١٩٣١-١٩٧٣(چاپخانـەی شـڤان- سـلێمانی ٢٠٠٧)٩-١٦٥.

(٤٧٩) ڕەشـیدی فەللاحـی، نـاسراو بـە ڕەشـەی قاچاخچـی بیرەوەرییـەکان لـە شۆڕشـدا(چاپی یەکـەم چاپخانـەی ئەزمـڕ ٢٠١٠)٨٦.

(٤٨٠) جەمیـل مەردۆخـی، بیرەوەریەکانـی سـەبارەت بـە قۆناغێکـی گرنگـی شۆڕشـی کوردسـتان، ئامادەکردنـی یاسـین سەردەشـتی (شـوێنی چـاپ سـلێمانی ٢٠١٦)٦٤.

(٤٨١) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٣٢٧.

(٤٨٢) مەعـروف ئیـروا، لـە یادی ١٤مین سـاڵگەردی مام هەژاری پێشـمەرگە و شـاعیر و زانـادا"٨٣ دەنگی پێشمەرگە ( ٢٠٠٥)٢٧.

**هاتنی بۆ ناو شۆڕشی ئەیلوول (١٩٦٣)**

کاتێک بەعسیەکان لە کودەتای شوباتی ١٩٦٣ سەرکەوتوبوون، تەنگیان بە کورد هەڵچنی و لە ئەنجامدا شەڕ و ماڵوێرانی بۆ گەلانی عێراقی، بەتایبەت بۆ کورد، لێکەوتەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

لە بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی ٨ی شوباتی ١٩٦٣، (عەبدولسەلام عارف) بە بەشداری ڕەوتە بەعسیەکان، کودەتایەکیان ئەنجامدا و سەرکەوتوو بوون، لە ڕووخانی دەسەڵاتی سەرۆک کۆماری عێراقی (عەبدولکەریم قاسم) و بەمەش قۆناغێکی نوێ لە مێژووی عێراق دەست پێدەکات، کە بەعسیەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست و تاوەکو ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣، لە دەسەڵات بەردەوام بوون(٤٨٣). بۆ ئەم مەبەستە (جەلال تاڵەبانی)، لەلایەن پارتی ڕەوانەی بەغدا دەکرێت، سەبارەت بە داواکاریەکانی گەلی کورد، بۆئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ بەعسیەکان بکات. لە میوانخانەیەک بەغدا لەگەڵ هەژار یەکتریان بینیوە و (جەلال تاڵەبانی) پێی ڕادەگەیەنێت، کە حزب داوای لە هەژار کردووە بێتەوە کوردستان، پەیوەندی نێوان (مستەفا بارزانی) و م . س ساردیی تێکەوتووە بۆئەوەی ڕۆڵی خۆی بگێڕێت و هەوڵی لێک نزیکبوونەوە و ئاشتبوونەوەیان بدات(٤٨٤). هەژار کەسێکی ناسراو بوو، لەو قۆناغەدا ڕۆڵی هەبوو؛ لە لێک نزیکردنەوەی ڕایە دژبەیەکەکانی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول(٤٨٥).

ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت، هەژار قورسایی و کاریگەری هەبووە لە سەر ئاستی سەرکردایەتی سیاسی کورد.

لەبەر پەرۆشی بارودۆخەکە و لەسەر داوای (جەلال تاڵەبانی)، بۆ ئەم مەبەستە هەژار لە ئازاری ١٩٦٣ بەشێوەی نهێنی لەگەڵ (یوسف میران)، کە ئەفسەرێکی

---

(٤٨٣) بۆزانیاری زیاتر بڕوانە. محمد حمدي الجعفري، تدخل العسكريين العراقيين في السياسة ١٩٥٨-١٩٦٨. الدوافع، الأسباب، النتائج. (ط١- مكتبة المجلة- بغداد- ٢٠٢١)١٦٥-١٨٨.

(٤٨٤) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٣٢٣.

(٤٨٥) عیرفان قانعی فەرد، دوای شەست ساڵ ژیان و بیرەوەرییەکانی جەلال تاڵەبانی بەرگی یەکەم ١٩٣٣-١٩٦٦(بیروت- لبنان ٢٠١٣)٩٥٤.

کورد بووه لە زیندان ئازاد کرابوو، لە ترسی دەستگیرکردنەوەی، جلوبەرگ و پلەکەی بەکارهێناوە، تاوەکو لە بەغدا دەرچوون و شەو لە میوانخانەی سیروان بوون لە شاری کەرکووک، بۆ بەیانی هاتوونەتە هەولێر، پاشان جلوبەرگی کوردییان پۆشیوە، چونەتە شارۆچکەی کۆیە، بۆ لای (مستەفا بارزانی)، دواتر ڕۆیشتووە بۆ سنووری بیتوێن، پاشان گەڕاوەتەوە کۆیە، بەگشتی هەوڵیداوە ئاشتەوایی لە نێوان بەرپرسانی م.س، بەتایبەت (ئیبراهیم ئەحمەد) و (جەلال تاڵەبانی)، لەگەڵ (بارزانی) دروست بێتەوە، ناکۆکییەکانیان وەلانێن[٤٨٦]، تا درز نەکەوێتە نێوانیان، ئەو خوێندنەوەی بۆ باردۆخەکە وابووە، هەر جیابوونەوەیەک لە شۆڕشدا، دەبێتە هۆی لاوازی و زیان بە بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان دەگەیەنێت، لایەنی بەرامبەر زیاتر زەفەریان پێدەبات.

مایەی ئاماژەیە هەژار وەک کەسایەتییەکی سیاسی دیار، بەشداری لە شۆڕشی ئەیلوول کردووە، چونکە ئامانجی لەوە ئەوەبوو کورد مافەکانی بەدەستبێنێ[٤٨٧]، بەهۆی ڕابردووی و ئەو بیر و بۆچوونە گرنگانەی لەسەر بابەت و قۆناغەکانی گەلەکەی هەیبووە، لە شۆڕشی ئەیلوول بووەتە یەکێک لە کەسە هەرە نزیک و متمانە پێکراوەکانی (مستەفا بارزانی) و سەرکردایەتی شۆڕش[٤٨٨].

دوای ئەوەی هەژار دێت بۆ ناوچە ئازاد کراوەکانی باشووری کوردستان، چەند جارێک پیاوی دەزگا هەواڵگریەکانی ئاسایش، دەچنە ماڵەکەی لە بەغدا پرسیار و لێکۆڵینەوە لە هاوسەرەکەی دەکەن، لەسەر شوێن و جێگای و هەوڵیانداوە، زانیاری لەسەر دەست بخەن[٤٨٩]. وەک خۆی کەسایەتی، ڕوودا و بابەتەکانی باس کردووە و لەبارەیانەوە دواوە. ئەوەتا لە ساڵی ١٩٦٣ و لە یەکێک لە وێستگەکان (سەلاحەدینی موهتەدی) لەگەڵ هەژار بەیەکەیەوە بوون و ئاگاداری بەشێک لەکارەکانی بووە، سەرنجی ئەوی ڕاکێشاوە، کە لە وەسفکردنی بابەتە مێژووییەکان، کەسایەتییەکان و هەڵسەنگاندنیان،

---

(٤٨٦) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٣٢٣-٣٢٤.

(٤٨٧) ئا کولتور(پ- ١٩٤)١٣.

(٤٨٨) لە یادی هەشتەمین ساڵ کۆچی دوایی هەژاری شاعیری نەتەوەیی کورددا(پ- ٧)١.

(٤٨٩) مەعسومە ئەحمەدی، خاطراتی از همسرم شرفکندی(پ- ٧١)٥.

زیـرەک و شـارەزایی زۆر باشـی هەبـووە، ئەویـش سـوودی لێوەرگرتووە[٤٩٠] و لە نووسـینی بابەتـەکان سـایکۆلۆژیەتی تاکـی کـوردی ڕەچاو کـردووە و خوێندۆتـەوە، وێنەیەکی جوانی پێشـانی ئامادەبووانـی داوە[٤٩١]، ئەمـەش سـەرنجی ئامادەبووانی ڕادەکێشـا.

بەمەبەسـتی دانوسـتاندن لـە نێـوان حکومـەت و شـۆڕش، لـە ٧ی ئـازاری ١٩٦٣ لـە شـارەدێی چوارقوڕنـە کۆبوونەتـەوە[٤٩٢]، دوای گەڕانـەوەی ئەم شـاندە هەوڵـەکان خرانەگەڕ، (مسـتەفا بارزانـی) لەبـەر خـەم خـۆری بـۆ ئـەم بابەتـە نەتەوەیـی و نیشـتیمانییە گرنگـە؛ لـەم قۆناغـەدا گەلـی کـورد بەشـێوەیەکی گشـتی پێویسـتی "بـە کۆنگرەیەکـی بەربـڵاوی نوێنەرانیانـە و پێویسـتیان بـە کۆمەڵەیەکـی گشـتییە" تاوەکـو "بەدەربڕینێکـی ڕاسـت و ڕای گشـتی کـوردان لەسـەر ئاسـتی نەتەوەیـی دەربـبڕێ" خاوەنـی ئـەم بیرۆکـە و پێشـنیازەش بارزانـی بـوو هەرخۆشـی پـلان داڕێـژەر و جێبەجێـکاری بـوو، "هـەر ئەویـش بانگـی بـۆ ڕاهێشـتبوو"[٤٩٣]. بارزانـی خوێندنـەوە و هەڵسـەنگاندنی باشـی بـۆ ئـەم قۆناغـە پڕکێشـە و گیروگرفتـە کـردووە؛ لەمەشـدا دوو ئامانجـی گرنـگ و سـتراتیژیی هەبـووە:

**یەکـەم:** هەمـوو تاکێکـی باشـوری کوردسـتان بـە پێکهاتـە نەتەوەیـی و ئاینـزا جیاوازەکانـەوە، کاتێـک نوێنەرایەتـی خۆیـان بـۆ کۆنگـرە دەستنیشـان دەکـەن؛ بـۆ مەسـەلەیەکی نەتەوەیـی چارەنوسـاز؛ هەسـت بـە بوونـی خۆیـان بـکا.

**دووەم:** وا پێشـانی حکومەتـی بەغـدا بدات، گەلی کوردسـتان بە هەمـوو پێکهاتەکانیەوە یـەک سـەرکردایەتیان هەیـە و یـەک هەڵوێسـتن، ئەمـەش خاڵـی بەهێـزی شـۆڕش پێشـان دەدات، چونکـە لـە بنەڕەتـدا شۆڕشـی ئەیلوول هەڵقوڵاوی خەڵکی سـتەمدیدەی کوردسـتان بـوو. نەتـەوەی کـورد تەنیـا بەیەک هەڵوێسـتی بـە ئامانجـە نەتەوەییەکانـی دەگا.

(٤٩٠) عەلی کەریمی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی - مامۆستا عولەما (پ- ٣٧)٣٦٨.
(٤٩١) دیمانەی تایبەتی توێژەر، لەگەڵ جەمال عەلەمدار (پ- ١٥٧) هەولێر.
(٤٩٢) بـۆ زانیـاری زیاتـر لەسـەر، ناوەڕۆکـی کۆبونەوەکـە و داواکاریەکانـی کـورد، بڕوانـە. فوئـاد عـارف، یاداشـتەکانی وەرگێڕانـی لـە عەرەبیـەوە مسـتەفا سـەید عەلی(چاپـی یەکـەم چاپخانـەی چوارچـرا سـلێمانی -٢٠٢١)٢٣٧-٢٤٠.
(٤٩٣) مەسـعود بارزانـی، بارزانـی و بزوتنـەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سـێیەم، بەشـی یەکەم ١٩٦١-١٩٧٥(ب-ش.چ ٢٠٢٠)١٠٨.

ئەوە بوو لە ١٨ی ئازاری ١٩٦٣ کۆنگرەیەک لە قوتابخانەی سەرەتایی شارۆچکەی کۆیە بەستراوە، کە ماوەی چوار ڕۆژی خایاندووە، لە لایەن (پدک) بە ئامادە بوونی (مستەفا بارزانی)، (ئیبراهیم ئەحمەد) سکرتێری حزب، (جەلال تاڵەبانی) و ئەندامانی تری م . س و کۆمیتەی ناوەندی، بە بەشداری زیاتر لە ٢٠٠٠ کەس لە ئەندامانی نوێنەرانی چین و توێژەکانی کوردستان، کەسانی ڕۆشنبیر، کەسایەتییە سیاسییەکان و کۆمەڵێک سەرۆک هۆز، بۆ جێگیرکردنی داواکانی گەلی کوردستان، نوێنەرانی کەمە نەتەوەییەکانی کوردستان و لەوانە تورکومانەکان، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق[٤٩٤]، حکومەتی عێراق داوایان کردووە، گەلی کورد، واز لە خودموختاری (حوکمی زاتی) بێنێت باشترە، بۆئەوەی لامەرکەزییان بۆ دابین بکەن، بۆیە هەوڵدەدەن لەسەر ئاستی سەرکردایەتی کورد، لایەنگیری بۆ ئەم بیرۆکەیە پەیدا بکەن، خواستەکانی کورد باس کراوە، هەرچەندە پێشتر پارتی بڕیاری کۆتایی دابوو، "هەرگیز لە خودموختاری دەس هەڵناگرێ، ئەو شەوە بارەکە گۆڕا". بگێڕی کۆنگرەکە (جەلال تاڵەبانی) بووە و (ئیبراهیم ئەحمەد) وتارێکی درێژی خوێندووەتەوە، گوتویەتی" دەوڵەت دەڵێ لامەرکەزیتان دەدەمێ، لامەرکەزیش دەگەڵ خودموختاری ناوەڕۆکی یەکە و ناوەکانی جیان! مەعلوم بوو قسەکەرەکانی تریش ئیسپاتیان کرد، کە وەختە لامەرکەزی لە خودموختاریش چاتریش بێ "دوای گفتوگۆی درێژ، (جەلال تاڵەبانی) هاواری کردووە: "کێ موافیقە؟... بەڵێ تەسویب کرا! کە دە سانیە نەدەکەوتە نێوان "کێ موافقە؟" و "تەسویب کرا". هەزار هاواری کردووە، کە دەیەوێت لەم بارەیەوە قسەی خۆی بکا، بەڵام (جەلال تاڵەبانی) گوتویەتی" دەناو لیستی قسەکەراندا نەنووسراوی، وەختیش خەلاس بووە"، بەڵام هەژار ڕووی لە (مستەفا بارزانی) کردووە، کە باسی کێشەی نەتەوەیەک دەکرێ و ئەویش کوردێکە و ڕێگری لێدەکرێ و داوای کردووە، کە وتارێک بخوێنێتەوە، (مستەفا بارزانی)ش ڕێگەی پێداوە قسەی خۆی بکا، هەژار وتار و ڕونکردنەوەی پێویستی داوە، لەسەر جیاوازی نێوان پرەنسیپ و دەسەڵاتەکانی، خودموختاری و لامەرکەزی، لەسەر ئەم بابەتە بە درێژی دواوە، داوای خود موختاری

(٤٩٤) فەرهاد عەونی، لەگەڵ ڕووداوەکان(پ- ١١٥)٣٧-٤٠.

کـردووه بـۆ گەلـی کـورد و گوتویەتـی "ئەوانـە هەمـوو قانـون زانن[مەبەسـت "ئەوانـە" ئـەو کەسـایەتیە سیاسـی و یاسـاییانەی کـە بەشـداری ئـەم کۆبونەوەیـە بـوون و وتاریـان، خوێندۆتـەوە پشـتگیری لامەرکەزیـان کـردووە] دەڵێـن لامەرکـەزی هێنـدە و هێنـدە باشـە. مـن کـە لـە قانـون سـەرم دەرناچـێ، دەوەنـدە گەیـوم لامەرکـەزی یانـێ دەوڵـەت بـە ئەسـتانداران [مەبەسـت لـە "ئەسـتانداران" = پارێـزگارەکان] هێندێـک کار دەسـپێرێ کـە بـۆ هەمـوو شـت چاوەنـۆڕی فەرمانـی پایتەخـت نەبـن. لێـرەدا ئێمـە و بـەسرە و مووسـڵ و ئەسـتانەکانی تـری عارەبنیشـین دەبینـە خـاوەن یـەک حـەق. تەنانـەت کوردسـتانیش لـە کەرکـووک و هەولێـر و سـولەیمانی دیالـە دەبینـە چـوار لا مەرکـەزی، کـە هیـچ دەخڵـمان بەسـەر یەکـەوە نابـێ. ئەسـتانی سـولەیمانی لـە بودجـەی خـۆی جـادە ئیسـفاڵت دەکا، ئەسـتانی کەرکـووک کارخانـەی جووکەشـی پـێ باشـترە... سـەرباز و پۆلیـس و دادگا و چـی و چیـش حەقـی مەرکـەزە" دیـارە هـەژار زۆر پێداگیـری کـردووە و جیـاوازی دەسـەڵاتەکانی نێـوان لامەرکـەزی و حوکمـی زاتـی بـۆ ئامادەبـووان ڕوون کردۆتـەوە.

کـە بـە دڵنیایـی حوکمـی زاتـی دەسـەڵاتەکانی زیاتـرە لـە لامەرکـەزی، هـەژار پێـی وابـووە بەغـدا کاری لەسـەر ئـەم بابەتـە کـردووە؛ پێشـنیازی لـە ژێـرەوە کـردووە و ڕایسـپاردووە کـە بەشـێک لـە بەرپرسـانی سـەرکردایەتی شـۆڕش بڕیـاری خۆیـان لەسـەر لامەرکـەزی بـدەن. ئـەم پێشـنیازەش لـە بەرژەوەنـدی بەغـدا دابـوو. هەروەهـا بەغـدا چەنـد داواکارییەکـی تـری هەبـووە:

١. کورد داوای لامەرکەزی بکات.
٢. هێـزی پێشـمەرگە چەنـد شـاخ و ناوچەیەکـی گرنگـی سـتراتیجی چـۆڵ بکـەن. ئەمـەش ئـەوە دەردەخـا، نیەتێکـی بـاش لەلایـەن دەسـەڵاتدارانی بەغـداوە بـەدی ناکـرێ.
٣. شاندێکی شۆڕش بە مەبەستی گفتوگۆ بچنە بەغدا.

هـەژار داوای کـردووە، بـا گفتوگـۆکان لـە بەغـدا نەبـن، بەڵکـو لـە شـاری کەرکـووک بـن. ئەمـەش دەرخـەری ئەوەیـە کـە ئـەوە شـارێکی کوردییـە و کـورد بەهـی خـۆی دەزانـێ و یەکێـک لـە خاڵـە ناکۆکییەکانـی کوردیـش، لەگـەڵ دەسـەڵاتدارانی بەغـدا، بـە درێژایـی مێـژووی نـوێ و ئیسـتاش کـە ئـەم بابەتـە دەنووسـم لەسـەر ئـەم شـارە بـووە.

لەم بارەیەوە درێژەی زیاتری بە قسەکانیداوە و دەڵێ: "ئەگەر لامەرکەزی و خودموختاری هەر یەکن، من لام وایە خودموختاریمان بدەنێ. هەم ناوەکەی خۆشترە و ناوەڕۆکەکەشی بە قەولی حقوق زانان هەر یەکە. ئەمجار ئەمن نازانم ئێمە لە زەبونی و بێ هێزییەوە قسە دەکەین، یان لە هێز و دەسەڵاتێکەوەیە؟ ئەگەر لە زەبونییەوەیە، قسەم نییە و بەلامەوە کۆبونەوەکەمان زیادییە؛ دەوڵەت هەرچی گوت وادەکەین. ئەگەر لە هێزەوە قسە دەکەین و ئەوا سەرباری ئەو هەموو قوربانیدان و ماڵ وێرانییەی بەسەر گەلی کوردستاندا هاتووە، مافی کورد زۆر لە حوکمی زاتیش زیاترە. لە بریەتی ئەو هەموو خوێنە ڕژاوانە و ماڵە سوتاوانە و لە زیندانەدا ڕزاوانە داوای حەقێکی شەرعی دەکەین، چۆنە کە هێشتا ئابلوقەی ئیقتیسادی لەسەر سولەیمانی و هەولێر هەڵنەگیراوە و هێشتا تەنەکەی نەفت بە دوو دینارە و هێشتان لە ڕێگە و بان هەموو ماست فرۆشێکیش چەند جار دەپشکنرێ؟ ئێمە لێرە لامان وایە دەوڵەت ئەوپەڕی بەزەیی و پیاوەتی دەگەڵ نوواندوین کە هێشتوویە کۆبینەوە و هەمووەمان قۆڵ لەسەر لامەرکەزی ئەسپاردەی ئەو بکێشین. بۆ دەبێ ئێمە "سەری ڕەش"، ئەو کێوە گرینگە لەشکرییە بەجێ بێڵین - کە نیشانەی نییەت باشیمان بێ- ئەما ئەوان حەساری ئیقتیسادی لا نابەن؟ ئەمجار دەوڵەت بە سەتان تەیارە و هێلی کۆپتەری هەیە، بۆ دەبێ ئێمە بۆ گفتوگۆ بگەینە بەغدا؛ ئەویش ئیجازەی سەفەر لە پۆلیسی دەرگای شاران وەرگرین؟ بۆ مەرکەزی وتوویژ لە کەرکووک نەبێ کە هەموو وشەیەک بە بێسیم و تەلەفۆن دەتوانن بە بەغدا بڵێن؟ ئەگەر لە بێ هێزییەوە قسە ناکەین، ئەم ئاغایەتی و نۆکەریەتە پڕ لە سوکایەتییە یانی چی؟ گەرم داهاتبوم لەم بارەیەوە بۆم دەهات کابرایەک بەناوی "سەمەد مەنجەڵ"- کە لە بەغدا بەسەر ئیدارەی مریشک و جووچکی دەوڵەت ڕادەگەیشت و خۆشەویستی پارتی بوو- ئەو شەوە لەوێ عەبایەک بە شانەوە، دانیشتبوو؛ بڕی بە قسەکەم دا.

جەلال (مەبەست جەلال تاڵەبانی) گوتی: کاک سەمەد قسەی هەیە. سەمەد گوتی: ئەم قسانەی هەژار هەمووی زیادین. ئێمە کە لەسەر دۆشەک، لە

ماڵــی گــەرم ڕامانبــوواردووە، حەقــمان نییــە تەداخــول بکەین...گوتــم کاک ســەمەد، چونکــە خەیاڵــم نییــە باســی خــۆم و دیفــاع لــە غەیــری ئــازادی کوردســتان بکــەم جوابــت نــادەم؛ ئەگینــا ئێســتا شــەرمەزارم دەکــردی. بگێــڕ ڕایگەیانــد: جەلســە دوایــی هــات و دەســتەی وتوێژکــەران دەچنــە بەغــدا. کــۆڕ بــڵاوەی کــرد. شــەو درەنگانــێ کــە هاتینــەوە، [مەبەســت مســتەفا بارزانــی) بــە منــی گــوت: بەعســی دە ئێوارێــدا ســەمەدیان بــە تەیــارە ناردۆتــە کەرکــووک ، بــە هیلــی کۆپتــەر هاتۆتــە هەولێــر، بــە پەلــە گەیاندویانەتــە جەلســەکە؛ نــەوەکا باســی لامەرکــەزی تێکــدرێ. پوڵێکــی باشیشــیان داوەتــێ هەمــووم خەبــەر هەیــە" (٤٩٥). پاشــان هــەژار بــە گاڵتــە جاڕییــەوە؛ شــیعرێکی بەنــاوی "لامەرکــەزی" گوتــووە، کــە ســە رتاکــەی وا دەســت پــێ دەکات:

**لامەرکەزی**

یـاری وەکـو مانگی لەسـەر کەل هاتـە دەر لامەرکەزی
زوڵـف و کاکۆڵـی وەکـو میشـکی تەتـەر لامەرکـەزی
چاوی مەست و هۆش و هەستی زۆر بە تەڕدەستی ڕفاند
کوڵمــی ئاڵــی خوێنمــی کــردە هــەدەر لامەرکــەزی
کۆتاییەکـەی بـەم چەنـد بەیتـە هێنـاوە:
بـن گوتم: جارێک تەماشـام کە بە گۆشـەی چاوەکەت
پێی گوتم: بۆ دەربەدەر سەرفی نەزەر لامەرکەزی(٤٩٦).

هــەژار لــەم کۆبونەوەیــەدا پێداگیــری لەســەر مافەکانــی کــورد کــردووە؛ کــە "پێشــمەرگەیەکی ڕووقایــم بــوو"، بۆیــە بەســوکی و گاڵتــەوە باســی لامەزکــەزی کــردووە، مافەکانــی گەلــی کــوردی زۆر لــەوە بەشایســتەتر زانیــووە، هەروەهــا وەک کەسـایەتییەکی سیاسـی دووربیـن، پێشـبینی ئـەوەی کـردووە، کـە ئـەم دانوسـتاندنانەی نێـوان حکومەتـی ناوەنـد و شـۆڕش، هیـچ ئەنجامێکـی دڵخۆشـکەری بـۆ کـورد نابـێ،

(٤٩٥) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٣٢٨-٣٣٣.
(٤٩٦) هەژار، دیوانی هەژار بۆ کوردستان (پ- ١)١٧٦-١٧٧.

بۆیــە پاشــان تانــەی لــە شــاندی کــوردی داوە، کــە ســەردانی بەغدایــان کــردووە[٤٩٧]. دواتــر پێشــبینییەکەی هــەژار بەڕاســت گــەڕاوە و جگــە لــە ســوکایەتی بەرپرســانی بەغــدا بەرامبــەر شــاندەکە ئەنجامیانــداوە، هیچــی تریــان دەســت نەکەوتــووە.

پاشـان لـە ١٦ی ئایـاری١٩٦٣ شـاندێکی شـۆڕش بـە سـەرۆکایەتی (جـەلال تاڵەبانـی) لـە سـەردەمی دەسـەڵاتی بەعسـیەکان بەمەبەسـتی دانوسـتاندن چووبوونـە بەغـدا. هـەژار کـە لـە کۆنگـرەی کۆیـە بـڕوای بـە لامەرکـەزی و دژی چوونـی شـاندی شـۆڕش بـووە بـۆ بەغـدا. بۆیـە هـەژار شـیعرێکی بـە شـێوەی سـوک و گاڵتەجـاڕی بەنـاوی "وەفـدی کـوردی" نوسـیووە، کـە سـەرەتاکەی بـەم شـێوەیە دەسـت پـێ دەکات:

**وەفدی کوردستان**

وەفدی کوردسـتان مەسـت و بێهۆشان
دەم پـل و هەڵـەی بـە دڵ نەخۆشـان
لــە دووی چ وێڵــن! بــۆ وا چەوێڵــن
تاکـەی سـەربەرد و ڕەقـەن دەکێڵـن!
کۆتاییەکـەی بـەم شـێوەیە نوسـیووە
وەپێشـمان کـەوە بـا سـەربەخۆ بیـن
وێرانـە ماڵیـن ئەگـەر بـێ تۆبیـن[٤٩٨].

بــەڕای (فەرهــاد عەونــی[٤٩٩])، ســەرەڕای ئەرکەکــەی ئەوکاتــەی هــەژار لــە کۆیــە

---

(٤٩٧) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩)١٥٤.

(٤٩٨) هەژار، دیوانی هەژار بۆ کوردستان (پ- ١)١٧٧-١٧٩.

(٤٩٩) فەرهاد عەونی: لە ساڵی ١٩٤٦ لە کۆیە لەدایکبووە، هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە ئابوری سیاسی لە زانکۆی بەغدا لەساڵی ١٩٧٠، لە ساڵی ١٩٦٠ بووەتە ئەندامی حزبی شیوعی عێراقی، لەساڵی ١٩٦٣ پەیوەندی بە ڕیزەکانی پیشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول کردووە، لەساڵی ١٩٧٠ بووە بە سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان، لەساڵی ١٩٧٢- ١٩٧٤ کاری لە ڕۆژنامەی تەئاخی و برایەتی کردووە، لە ساڵی ١٩٩٣- ٢٠٠٠ وەک بەرپرسی دەزگای ڕۆژنامەنووسی برایەتی و خەبات کاریکردووە، چالاکوانی مافی مرۆڤە، لەساڵی ١٩٩٨ وەک نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان هەڵبژێردراوە، لەکۆمەڵێک ڕۆژنامە گۆڤار کاریکردووە وەک گۆڤاری الصحفی، خاوەنی چەند بەرهەمێکە: ئەزمونی ڕۆژنامەوانیم، ڕۆژگارم ئەوا تێپەڕی، لەگەڵ ڕووداوەکان، من حقیبتی، ذاکرة الایام و دیوانی عەونی... دواتر خانەنیشین کراوە. فەرهاد

بــووە، هەوڵیــداوە پەیوەندیەکانــی لەگــەڵ کەســانی سیاســی و شــاعیرەکان درێــژە پێبــدات و گفتوگــۆی سیاســی ڕۆشــنبیری لەگــەڵ ئەنجامــداون، لەوانــە (دڵــزار۱۹۲۰- ۲۰۲۰) و (عەونــی) شــاعیر(٥٠٠)، هــەر لــە ئانوســاتی کۆنگــرە، جەمــاوەری شــارۆچکەی کۆیــە، بــە بۆنــەی جەژنــی نــەورۆز، ئاهەنگێکیــان لــە گۆڕەپانــی نزیــک یانــەی فەرمانبــەران گێــڕاوە(٥٠١)، ســەرەڕای ئــەوەی نــاوی لــە لیســتی ئــەو کەسانەدا نەبــووە، کــە بابەتــەکان دەخوێننــەوە، هــەژار لــە کاتــی ڕۆیشــتنی بــۆ ســەر مەنەســەکە ڕووی لــە (ئەحمــەد تۆفیــق) کــردووە، وتویەتــی "هەرئێســتا بۆمبایەکــە دەتەقێنــم جــەلال تاڵەبانــی گوتــی کاک هــەژار پێــمان ناڵێــی ئــەم بۆمبایــە چیــە"، بــەڵام هەرچۆنێــک بێــت توانــی دەرفەتێــک بڕەخســێنێت و بابەتەکــەی بڵاوبکاتــەوە(٥٠٢)، ئەویــش ئــەو هۆزانــە بــوو کــە بەنــاوی (کاوەی مــەزن) (٥٠٣) بــە شــۆڕش و پێشــمەرگەی هەڵگوتــەوە و ستایشــی کــردوون(٥٠٤)، زۆر بوێرانــە ڕای خــۆی دەربڕیــوە(٥٠٥)، ئــەم شــیعرەی هــەژار بەنــاوی "کاوەی مــەزن" مەبەســتی مســتەفا بارزانــی بــووە. ســەرەتاکەی وادەســت پــێ دەکا:

**کاوەی مەزن**

جێژنــی ســەر ســاڵ کــە نــەورۆزە
زۆر لەنــاو کــوردا پیــرۆزە
جێژنــی کۆنــە بۆمــان مــاوە
بــۆی داڕژتیــن کوتکــی کاوە...

عەونی، ئەزموونی ڕۆژنامەوانیم (چاپی یەکەم هەولێر- ۲۰۱۱)۳۸۳-۳۹۰.
(٥٠٠) دیمانەی تایبەتی توێژەر، لەگەڵ فەرهاد عەونی (۷ی تشرینی دووەمی ۲۰۲۱) هەولێر.
(٥٠١) فەرهاد عەونی، لەگەڵ ڕووداوەکان(پ- ١١٥)٤٠.
(٥٠٢) جەمیل مەردۆخی (پ-٤٨٠)٨٦.
(٥٠٣) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩)١٣٣.
(٥٠٤) جەمیل مەردۆخی (پ-٤٨٠)٨٦.
(٥٠٥) دیمانەی تایبەتی توێژەر، لەگەڵ فەرهاد عەونی (پ- ٥٠٠)هەولێر.

ناوەڕاستی شیعرەکە ستایش پێشمەرگە و ڕادونانی دوژمنەکانی دەست پێ دەکا:

پێشـــمەرگە خـــاوەن ســـەرداره
ژیـن لـە دوژمـن ژەهـری مـاره
سـەتیان هەڵدێـن لەبـەر کـوردێ
وەک دەڵێن"سەت قەل و بەردێ"
جـاش کلکـی لـێ بـوو بـە ئـاڵا
سـم و یاڵـی لێـک دەهـاڵا
عـەرەب کەوتـە یوممـە و ڕۆڕۆ
کاکـە مەمکـوژە و چـەک بـۆ تۆ...

کۆتایی ئەم شیعرە بەو شێوەیە:

دەرمـان بێنـە لـە هـەژاری
ڕمـان خـە سـەر ڕێـی ڕزگاری[٥٠٦].

کە گەیشتۆتە خوێندنەوەی ئەم بەیتە:

"عـەرەب کەوتـە یومـە و ڕۆ ڕۆ کاکـە مەمکـوژە و چەک بۆ تۆ ..."

دوو ئەفســەری عەرەبــی پۆلیــس، کــە وەکــو میــوان بانگهێشــت کرابــوون، لــە ڕیــزی پێشــەوەی گۆڕەپانەکــە دانیشــتبوون، ئەمــەش بووەتــە مایــەی تووڕەبوونیــان و جێهێشــتنی ئاهەنگەکــە[٥٠٧] و پارێــزگاری هەولێر[بەدرەدیــن عەلــی] و قایمقامــی کۆیــەش، لــە داخــا ئەوانیــش لــە ئاهەنگەکــە ڕۆیشــتوون، زۆربــەی بەرپرســە باڵاکانــی پارتیــش، نیگــەران بــوون، لــەم بابەتــەی هــەژار، بۆیــە ئەوانیــش شــوێنەکەیان جێهێشــتووە، ســەرەڕای ڕۆیشــتنی نوێنەرانــی حکومــەت و بەشــێک لــە بەرپرســانی پارتــی، نەیتوانیــوە کەلێنیــک و کاریگــەری نەرێنــی لەســەر ئاهەنگەکــە دروســت

(٥٠٦) هەژار، دیوانی هەژار بۆ کوردستان (پ- ١)١٦٩-١٧٤.
(٥٠٧) فەرهـاد عەونـی، ڕۆژگارم ئـەوا تێپەڕی(بەرگـی یەکـەم- چاپـی یەکـەم چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات – هەولێـر ٢٠١٦)٧٣.

بـکات، چونکـە خوێندنەوەکـەی ئەوەنـدە بەهێـز و سـەرنج ڕاکێـش بـووە، باڵـی بەسـەر دۆخـی کـەش و هـەوای شـوێنەکەدا کێشـاوە و ئامادەبـووان خرۆشـاون [٥٠٨]، بـە چەپڵـە ڕێـزان پێشـوازیان لێکـردووە، چونکـە قسـەی دڵـی خەڵکـی سـتەمدیدەی کــردووە، جەمــاوەر قیــن لــە دڵ بــوون، بەرامبــەر حکومەتــی بەغــدا و فرۆکــە و هاوکاریەکانـی سـۆڤیەت بـۆ عێـراق. بـەم هەڵوێسـتەی هـەژار، جەمـاوەر زۆر لـە جـاران زیاتـر ڕێزیـان گرتـووە[٥٠٩]. بەشـێکی تـری بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە، ناوبـراو خـۆی بەشـداری لـەم شۆڕشـەدا کـردووە، زوڵـم و زۆریەکانـی دەسـەڵاتدارانی حکومەتـی عێراقـی بینیـون، خـۆی لەنـاو ڕووداوەکانـدا ژیـاوە، بۆیـە لـە هۆزانەکەیـدا ڕەنگـی داوەتــەوە، بووەتــە هەوێنــی ئاهەنگەکــە. هەروەهــا ڕۆژنامەنووسـێکی فەرەنسـی بەنـاوی (فرانسـوا گزاڤیـن لوڤـان) [فرانسـوا گزاڤیـێ لۆڤـا] لـە کۆنگرەکـە بـووە، پێشـتر هاتبـووە ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی شـۆڕش، تـا هـەواڵ و وێنـەی شـەڕەکان و پێشـمەرگە بنێرێتـەوە، ڕاپۆرتێکـی لەبـارەی کۆنگرەکـەوە، بـە وێنـە و دەنـگ بـۆ ڕۆژنامــەی لومونــد نــاردووە و لــە نیســانی ١٩٦٣ بڵاوکراوەتــەوە[٥١٠].

دەربـارەی ئەنجامـی کۆنگرەکـە و دەرهاویشـتەکانی سـەرکردایەتی شۆڕشـی ئەیلـوول، ڕێککەوتــون لەســەر داواکردنــی خــود موختــاری، لایەنــی بەرامبەریــش مەبەســتیان لامەرکـەزی ئیـداری بـوو، دیارکردنـی شـاندێک بـۆ دانوسـتاندان لەگـەڵ کاربەدەسـتانی بەغـدا، بـە سـەرۆکایەتی (جـەلال تاڵەبانـی) ڕەوانـەی بەغـدا کـردووە، لەگـەڵ گـەورە بەرپرسـانی بەعـس (ئەحمـەد حەسـەن بەکـر) و ئەوانـی تـر کۆبوونەتـەوە[٥١١]. جگـە لـە (جـەلال تاڵەبانـی) کـە دوای کۆبونەوەکـە سـەردانی میـسری کـردووە، ئەندامانـی شـاندی کـوردی لـە بەغـدا دەسـتگیرکراون[٥١٢]. جارێکـی دیکـە، حکومەتـی عێراقـی

(٥٠٨) جەمیل مەردۆخی (پ-٤٨٠)٨٦.

(٥٠٩) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٣٣١.

(٥١٠) عبدالفتـاح عـلي البوتانـی، منطقـة بادینـان ١٩٢٥-١٩٧٠ دراسـة في الواقائـع التطـورات السیاسـیة، الجـزء الثانـی ١٩٥٨-١٩٧٠(مطبعـة جامعـة صلاح الدیـن- اربیـل ٢٠١٧)١٩٣.

(٥١١) نەوشـیروان مسـتەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشـکێنن، دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردسـتانی عێراق ١٩٧٩- ١٩٨٣(ب- ش.چ ١٩٩٧)٦٩.

(٥١٢) حەسـۆ هورمـی، چەنـد ئادگارێـک لە ژیانی میر تەحسـین سـەعید عەلی بـەگ، وەرگێڕانی ئەحمەد

دەستی کردووەتەوە بەهێرشی سەربازی بۆ سەر چەند ناوچەیەکی کوردستان[٥١٣]. ئەمەش هێندەی دیکە بارودۆخەکەی ئاڵۆزتر کردووە، بێمتمانەییشی لای بەرپرسانی سیاسی کورد دروستکرد.

دوای مانەوەی مانگێک لە کۆیە، هەژار لەگەڵ هەریەک لە (مستەفا بارزانی)، (ئەحمەد تۆفیق) و (سەلاحەدینی موهتەدی)[٥١٤]، و (فرانسوا)ی ڕۆژنامەنووسی فەرەنسی، کە زمانی ئینگلیزیشی زانیوە، بەهۆی وەرگێڕەکەی کە ناوی (ئەنوەری میرزا)بووە، هەژار شێوەزاری کرمانجی فێرە (فرەنسوا) کردووە و بوونەتە هاوڕێ، کۆیەیان جێهێشتووە، بە ڕێگای جەلی و دواتر دۆڵی هەروتیان، چونەتە ناوچەی خۆشناوەتی. لە ترسی بۆردومانی فڕۆکەی جەنگی عێراق، بە ڕۆژ پشویان داوە و بە شەو جووڵەیان کردووە، بە گوندەکانی سکتانی سەر بە کۆیە و چیوەی خۆشناوەتی[٥١٥]، ماوەی دوو شەو لە چیوە لەماڵی (حاجی بەدیع) ماونەتەوە[٥١٦].

هەژار بۆ (بارزانی) ڕوونکردووەتەوە، لەو قۆناغەی ئەو کاتەی کورد پێیدا تێپەڕبووە، دانوستاندن لەگەڵ بەغدا، لە بەژەوەندیدایە داوای خود موختاری بکات. پاشان چوونەتە چیای سپیلک و گوندەکانی هاودیان، خەتێ و سرێشمەی خەلیفان و لەو ناوچەیە ماونەتەوە[٥١٧]. لێرە بەدیاردەکەوێت هەژار، بەپێی پێویست خوێندنەوەی بۆ قۆناغەکانی ئەوکاتە کردووە.

بۆ زیاتر مانەوەی پەیوەندی سیاسی و کاریگەری لە سەری وەک دیارییەک، پەرتووکی مەم و زینی خانی، چاپی یەکەم، کە هەژار کردوویەتی بە کوردیی موکریانی لە ساڵی ١٩٦٠، بە هۆی ئەو دۆستایەتی و هاوڕێیتیە نزیکەی لە

---

محەمەد ئیسماعیل(چاپی یەکەم ب-ش.چ ٢٠١٩)٩٩-١٠٠.

(٥١٣) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. خدر عەبدوڵلا دەباغ، بیرەوەریەکانم و تۆپخانەی شۆڕشی ئەیلولی مەزن- کوردستانی عێراق(چاپخانەی ڕۆشنبیری- هەولێر٢٠٠٣)٤٩-٥٤.

(٥١٤) جەمیل مەردۆخی (پ-٤٨٠)٨٨.

(٥١٥) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٣٣٦.

(٥١٦) حەجی بێرۆخی، پێشمەرگەیەک لەخزمەت ڕێبازی بارزانی دا- بەرگی یەکەم (چاپی یەکەم - تورکیا- ٢٠٢١)٢٥٢.

(٥١٧) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٣٣٦.

نێوانیانــدا هەبــووە، لــە گونــدی سرێشــمەی ناوچــەی خەلیفــان، لــە مایســی ١٩٦٣ چەنـد ڕۆژێـک پێـش ئـەوەی باشـووری کوردسـتان، بـەرەو تـاران و فەرەنسـا جێبهێڵێـت، هــەژار ئــەم کتێبــە کردۆتــە دیــاری بــۆ (فرانســوا گزاڤیــێ لۆڤــا)، لــە دیــوی نــاوەوەی بــە دەستنووســی خــۆی، ئەمــەی تۆمــار کــردووە "کاکــە فرانســوا تــاوەک ئێســتا ڕووت و دەربــەدەر هــاودەردی منــی بــەڵام فەرقــی مــن و تو[تــۆ] ئەوەیــە، تــو لــە گەلیکــی [گەلێکـی] ئـازادی و پەنایەکـت هەیـە بـۆ ڕۆژی لێقەومـان و تـو [تـۆ] دەوڵەتـی فرەنسـە شــک ئەبــەی . لــە کاتێــکا مــن لــە ملتیکــی [میللەتێکــی] اســیرم و هیــچ پەنایەکــم لــە دنیــادا نییــە جــا اگــر [ئەگــەر] دەتــەوێ هەمیشــە هــاودەم و هاوحــاڵ بیــن، کوشــش بکــە بەلکــو [بەڵکــو] منیــش وەک تــوو [تــۆو] گەلــی کوردیــش وەک گەلــی فرانســە ئازادبــی [ئــازاد بــێ] خــۆ ئەگــەر هــەروا مامــەوە ئــەوا تەنیــا لەکاتــی خەمباریــدا بروانــە [بڕوانــە] ئــەم کتیبــە [کتێبــە]. زۆر ناخۆشــە لای مــن تــو لــە ئازادیدابــی و دلــی [دڵــی] خــوت [خــۆت] بــە هەژاریکــەوە [هەژارێکــەوە] مەشــغوڵ کــەی کــە نەتوانــی هیچــی بــۆ بکــەی. بــرات هــەژار ١٩٦٣/٥/١٩، گونــدی سرێشــمە" (فرانســوا)ش وەک وەفایــەک، بــۆ دۆســتەکەی لــەو ئەلبومــەی کــە پەڕتــووک و وێنەکانــی ئەوکاتــی تێــدا بڵاوکردووەتــەوە، نوســیویەتی "مــام هــەژار ... ئــەم پەڕتووکــەی... پێشکەشــی کــردم بــە ئیمــزای خــۆی. کەواتــە هەردووکــمان دوو ڕۆحــی بــێ وڵاتیــن...."[٥١٨].

لــە پــاڵ کاری سیاســی هــەژار، لــە شۆڕشــی ئەیلــوول، بەشــداری لــە ژیانــی پێشــمەرگایەتی کــردووە[٥١٩]، لــە حوزەیرانــی ١٩٦٣ ئــەو کاتــەی ســوپای عێــراق، بــە چــاو ســاغی چەکــدارەکان، هێرشــی کــردە ســەر چیــای ســپیلک و ســنوورەکە، لەگــەڵ پێشــمەرگەکان بەشــداری کــردووە و لــە ســەنگەری بەرگریــدا بــووە، لــە بنکەیــەک لــە پشــتی (گەلــی عەلــی بــەگ)، پێشــمەرگە هێرشــیان کردۆتــە ســەر فەوجــی خەلیفــان و ڕۆژێــک لــە کاتــی تۆپبارانــدا، تۆپێــک بــەر بارەگایەکــە دەکەوێــت، لــە ئەنجامــدا پێشــمەرگەیەک لــە تەنیشــتی بــووە، شــەهید بــووە، ناوبــراو ســەر لــە ئێــوارەی

(٥١٨) فرانسـوا گزاڤیـێ لۆڤا، کوردسـتان شۆڕشـی ئەیلول وێنە گەلێـک لە بەرهەمهێنانـی کانونی دووەمی ١٩٦٣ وەرگێڕانـی تێکسـت بۆ کوردی عەفان نەقشـبەندی (هەولێـر ب- س.چ)١٢٨-١٢٩.

(٥١٩) ئارام ئیسماعیل کوردستانی(پ- ٢٤)٤٣.

هەمــوو ڕۆژێــک، هەڵوێســتی شــەڕ، زەرو زیانــی گیانــی و مــادی لەشــکری عێــراق و پێشــمەرگەی نووســیوە و ڕەوانــەی لای (مســتەفا بارزانــی) کــردووە، دواتــر ڕۆیشــتووە بــۆ ناوچــەی برادۆســت[٥٢٠]، دوای ئــەوەی دەســتەیەک لــەو کادرانــەی حــدک، کــە تــازە لــە ڕۆژهەڵاتــی کوردســتانەوە هاتوونەتــە باشــووری کوردســتان و چونەتــە چیــای برادۆســت، لــەوێ هەژاریــان بینیــوە، لەســەر بــارودۆخ و ڕەوشــی سیاســی ڕۆژهەڵاتــی کورســتان گفتوگۆیــان کــردووە، دواتــر لەگــەڵ ئــەو ســەردانی (بارزان)یــان کــردووە، بــاس لــەو فشــارە زۆرە کــراوە، کــە دەســەڵاتدارانی ئێــران دەرهەقــی گەلــی کــورد دەیــکات، هەروەهــا لــە پــاڵ کاری سیاســی و پێشــمەرگایەتی، ســەرقاڵی نووســینی بابەتــی سیاســی و هۆنــراوەی نیشــتیمانی بــووە[٥٢١] بەهــۆی هێــرش و پەلامارەکانــی حکومەتــی عێــراق، چەکــداری کوردیــش کــە بــە "جــاش" نــاسراون، پێشــڕەو و هــاوکاری و چاوســاغی داگیرکــەری کوردســتانیان کــردووە، بۆســەر ناوچەکانــی کوردســتان بەتایبــەت ئــەو شــوێنانەی کــە بنکــە و بــارەگای پێشــمەرگەی لێبــوون. بووەتــە وێــردی ســەرزمانی زۆربــەی پێشــمەرگە و نیشــتیمانپەروەرانی کوردســتان، کاریگــەری باشــیان هەبــووە، لەســەر بەرزکردنــەوەی زیاتــری ورەی پێشــمەرگە. تەنانــەت بەشــێک لــە جاشــەکانیش بــۆ خۆشــی خۆیــان کــە داوەتیــان بــووە و ئــەم شــیعرانەیان بــە گۆرانــی گوتــووە و لــە بــەری هەڵپەڕیــون! هــەژار چەنــد شــیعرێکی لــەوێ نوســیووە، تەنیــا دوو نمونــەی وەردەگریــن.

یــەک لــەو شــیعرانە لــە ١٧ی ئایــاری١٩٦٣ لەســەر زمانــی جاشــە کوردەکانــەوە ئــەم سرودەی نوســیووە بەنــاوی "سرودی جــاش"

جاشــین کــوڕی کەرانیــن
جاشـە کەر گـوێ پانیـن.....

(٥٢٠) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٣٤٢-٣٦٠.
(٥٢١) مـەلا ڕەسـوڵ پێشـنماز، سـەربردەی ژیانـم مێژوو-بیـرەوەری- یاداشـتەکانی پێشـمەرگایەتی(چاپی یەکـەم چاپخانـەی شـڤان – سـلێمانی ٢٠١٢)٩٢-٩٥.

کۆتایی شیعرەکە بەم چەند بەیتەیە:

نامــەردی خــاوەن پــارە
لامــان ئاغــا و ســەردارە
هــەر کورتانمــان تــازە بــێ
کۆڵــمان ئامــادەی بــارە
جاشــین بــا گــەورە ببیــن
شەشــدانگ ئەبین ئەمجارە

هەروەهـا لـە ٣ی حوزەیرانـی١٩٦٣ لـە هەمـان ناوچەی برادۆسـت، حکومەتـی عێراق بە جاشـەکانی خـۆی دەگـوت چەتـە یـان مەوالی. بەعسـیەکان ناویان لێ نان فورسـان، فورسـان: واتـا سـواران. هەژاریـش بـەو هۆیەوە شـیعرێکی نوسـووە بەناوی "جـاش تورەن"

جاش تورەن
لــە بەغــداوە هــات خەبــەر
بــۆ جســناتی جاشــە کــەر
مزگێنــی، نەمــا ترســان
ناومــان لــێ نــاون فورســان
لــە هەولێــر و لــە مووســڵ
جـاش کۆوەبـوون هەموو سـڵ
تاجــی زل و ســم خــڕن
نارەزایــی دەردەبــڕن
گوێ قوت لەسـەر سـم بۆ شەڕ
بــە جیفــڕک و زەڕەزەڕ...

کۆتایی شیعرەکە بەم چەند بەیتەیە:

بــە فورســان دەبیــن دڵگیــر
فەلــە گیــان، تــۆ ســڵێوە
بانگــمان مەکــەن بــەو نێــوە
فورســان مورســان نــە باشــە
نــاوی پیرۆزمــان جاشــە
هــەر بــەر بــار و گــوێ لەقیــن
جاشی میشــێل عەفلەقین[٥٢٢].

مــاوەی کەمــتر لــە مانگێــک لــەوێ ماونەتــەوە، پاشــان بــە مەبەســتی شــەڕ و بەرگـری دژی هێرشـەکانی لایەنـی بەرامبـەر، لەگـەڵ (ئەحمـەد تۆفیـق) و هاوڕێکانـی بــەرەو ناوچــەی بــارزان ڕۆیشــتووە، دوای ئــەوە گەیشــتووەتە ئــەوێ، وەرزی پێگەیشــتنی دەغــڵ و دان بــووە[٥٢٣].

لــە هەفتــەی یەکەمــی حوزەیرانــی ١٩٦٣، ســوپای عێراقــی بــە چاوســاغی جاشــەکان هێرشــی کردووەتــە ســەر ناوچەکــە، ســەرەتا بەهــۆی بۆردومانــی فڕۆکــە و دواتــر هێرشــی زەمینــی، بەچــڕی دەســت پێکــرد، هۆکارەکەشــی ئــەوە بــوو، (مســتەفا بارزانــی) لــەوێ بــوو، دەویســت بەهەرشــێوەیەک بێــت، لــە نــاوی ببــات[٥٢٤]، ئــەو کاتــەی هــەژار و چەنــد کادر و پێشــمەرگەیەکی تــر، دەگەنــە ناوچەکــە، (ئیدریــس بارزانــی) ڕێنویــان دەکات، پێشــمەرگەیەک وەک ڕێنیشــاندەر، لەگەڵیــان دەنێریــت تاوەکــو ســەر زێــی بادینــان [٥٢٥]، بــۆ ئــەوەی بیانپەڕێننــەوە بــۆ ئەوبــەری ڕووبارەکــە، بچنــە گونــدی بیرەکەپــر و چیــای پێــرس، بەهــۆی ئــەوەی ئاوەکــە زۆر بــووە و بــە کەرەســتەی زۆر ســەرەتایی کــە بریتــی بــووە لەبەیــەک

(٥٢٢) هەژار، دیوانی هەژار بۆ کوردستان (پ- ١)١٧٩-١٨٢.
(٥٢٣) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٣٤٢-٣٦٠.
(٥٢٤) حامید گەوهەری، ئەحمەد تۆفیق سەرکردەیەکی ون لە مێژوویەکی شێوێندراودا (پ- ٢١٧)١٧٢.
(٥٢٥) جەمیل مەردۆخی (پ-٤٨٠)٩٩.

بەستنی چەند کوندەیەک، کە لە پێستی ئاژەڵ و مەشکە دروست دەکرێت، مەترسی وەرگەڕان و نقوم بوونی و خنکانی سەرنیشینەکانی زۆر بووە، لەکاتی پەڕینەوەدا هەژار گوتی "ئەوجارە بکەوینە ناو ئاوەکە ئیتر هەرگیز سواری کەڵەک نابینەوە" [مەبەستی ئەوە بووە دەخنکێن] سەرەنجام پەڕیونەتەوە و گەیشتونەتە سەنگەرەکانی پێشمەرگە(٥٢٦).

لەکاتێکدا سوپای عێراقی و جاشەکان هێرشیانکردووەتە سەر پێشمەرگە لە چیای پێرس، کە زنجیرە چیایەکی گرنگە لە ڕووی ستراتیجی سەربازییەوە. لە ناوچەی بارزان، هەژار یەکێک بووە؛ لەو پێشمەرگانەی لە سەنگەری بەرگریدا ڕووبەڕووی هێرشەکانی بەرامبەر بووەتەوە، هەرچەندە لە لایەن (ئەحمەد تۆفیق) سکرتێری حدک داوای لێکراوە، کە نەدەبوو هاتبا و بگەڕێتەوە دواوە، نەوەکو بکوژرێت، بەڵام ئەو سور بووە لەسەر هەڵوێستەکەی تا دوای زەرەر و زیانی زۆری گیانی و ماددی، لەشکری بەغدایان ناچارکردووە پاشەکشە بکا، لەگەڵ هاوڕێیەکانی ماوەتەوە(٥٢٧). سەرەڕای بۆردومانی فرۆکە و تۆپ بارانی بەرەکانی شەڕ و سنوورەکە، هەژار بەبوێریەکی زۆرەوە، لەسەر کێشی و چاودێری نزیک؛ بەرەکانی شەڕی کردووە، هەندێک بابەتی نووسیوە، بۆ ئەم مەبەستە لوتکەی چیایەکی بەرزی هەڵبژاردووە و زاڵ بووە بەسەر ناوچەکەدا، (مستەفا بارزانی) بەرپرسان و هاوڕێیانی لەسەر ئەم کارەی سەرکۆنەیان کردووە، کە ئەم ئازایەتیەی بووەتە جێگای سەرنجی دەوروبەری، بۆیە هاوڕێیەکی لە نووسینەوەی یاداشتەکانی ستایشی دەکات کە هەژار"بەڕاستی لەو بوارانەدا ئازاترین مرۆڤ بوو هەرگیز ترسی لە هیچ شتێک نەبوو" (٥٢٨)، تاوای لێهاتووە، (بارزانی) هەڕەشەی لێکردووە، ئەگەر لەسەر ئەم کارانەی بەردەوام بێت، ئەوا زیندانی دەکات؛ چونکە ئەمەی دەیکات خۆبە هیلاکدانە. زۆربەی شەوان لای مستەفا

---

(٥٢٦) خدر مەرەسەنە، ئاوێنەی ڕاستیەکان بیرەوەری (بەرگی یەکەم - چاپی دووەم- چاپخانەی قانع- سلێمانی ٢٠٠٤)٥٠.

(٥٢٧) ڕەشیدی فەللاحی (پ- ٤٧٩)١٢٨.

(٥٢٨) مەلا ڕەسوڵ پێشنماز، سەربردەی ژیانم مێژوو-بیرەوەری(پ- ٥٢١)١٠٦-١٠٧.

بارزانـی ماوەتـەوە، ڕادیـۆی بـۆ کردووەتـەوە و گوێیـان لـە دەنـگ و بـاس ڕاگرتـووە، خوێندنـەوە و هەڵسـەنگاندنیان بـۆ بارودۆخەکـە کـردووە، دەربـارەی شـەڕی سـوپا و پێشـمەرگە، هەڵوێسـتی یەکێتـی سـۆڤیەت و وڵاتانـی دیکـە، سـەبارەت بـەم بارودۆخـە، ڕاوێـژی پێکـردووە، لەسـەر چۆنییەتـی مامەڵـە لەگـەڵ دیلەکانـی شـەڕ[٥٢٩]. لایەنێکـی تـری هــەژار، ئـەو هۆنراوانەیەیـە لـەو سـەردەمە و لەکاتـی شـەڕدا نوسـیویەتی، بەتایبـەت لـە دژی ئـەو چەکدارانـەی لەگـەڵ سـوپای عێراقـی بـوون و بـە "جـاش" لـە نـاو کۆمەڵگـەی کـوردی نـاسراون، لـەو ناوچەیـە دەمـا و دەم لەنێـوان سـەرکردە و پێشــمەرگەکاندا، خوێندراوەتــەوە.

ئەمە نمونەیەکی تری ئەم شیعرانەیە:

ئێمــە جاشــین کــوڕی کــەر  بــۆ پــارە دەر بارەبــەر
جاشــی کەریــم قاســم بوویــن  بـۆ ئـەو لـە نـاڵ و سـم بوویـن
تۆپــی ئــەو بابــی چاکـمان  تــۆ خــۆت بکــە بــە داکـمان
فەلەگیــان تــۆی ســڵێوە  بانگـمان مەکـە بـەو نێـوە
فورســان مورســان نەباشــە  نــاوی پێرۆزمــان جاشــە
هــەر بــەر بـار و گــوێ لەقیـن  جاشــی میشـێل ئەفلەقیــن[٥٣٠].

ئەمەش بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی زیاتری ورەی پێشمەرگە.

لەگـەڵ هەڵگیرسـانی شۆڕشـی ئەیلـوول؛ شـیعرەکانی هــەژار موکریانـی ڕاسـتەوخۆ چــووە نــاو ســەنگەری پێشــمەرگە، ئــەم شــیعرانە زیاتــر جەختیــان لەســەر مافــە سیاسـی و نەتەوەییەکانـی گەلـی کـورد دەکـردەوە. هەربۆیـەش سـیمای هــەرە دیـاری ناوەڕۆکــی شــیعرەکانی وەک قۆناغــی پێشــوتریش؛ بەشــێوەیەکی گشــتی سیاســی و نەتەوایەتــی بــوو. نمونــەی ئــەم بەشــدارییە ڕاســتەوخۆیەی شــیعرەکانی لــە شۆڕشــدا شــان بەشــانی پێشــمەرگە دەردەکــەوت، ئەمــەش نمونەیەکــە:

---

(٥٢٩) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٣٥٤-٣٥٩.

(٥٣٠) مەلا ڕەسوڵ پێشنماز، سەربردەی ژیانم مێژوو-بیرەوەری(پ- ٥٢١)١٠٢.

**سرودێک بۆ پێشمەرگە:**

پێشـمەرگەم و بـۆ ڕزگاری نیشـتیمانم لـە خەباتـم
دوژمـن هەرچەنـد بەهێزیش بێ دەبـێ دەرچێ لە وڵاتم
گولـە تـۆپ و بۆمبـا و ئاگـر کار لـە بیـر و بـڕوا ناکـەن
مـاڵ و سـەر و خوێـن و گیانم قوربانی ئـەم ئاو و خاکەن
ڕۆڵـەی ئـازادی کوردسـتانم، دوژمنـی داگیرکەرانـم
بـۆ سـەربەخۆبوونی گـەلم، بەختـی دەکـەم مـاڵ و گیانم

کۆتایی شیعرەکە بەم دێرەیە:

سـوێندمان بـە خاکـی کوردسـتان دەبـێ کوردسـتان ئـازاد کەیـن
داگیرکەر لە خاکمان دەرکەین، گیانی شـەهیدانمان شـاد کەین(٥٣١).

لـە سـاڵی ١٩٦٣ هـەژار لەگـەڵ (مەحمـود عوسـمان) لـە ناوچـەی بـارزان بەیەکـەوە بـوون کـە شـەڕێکی قـورس لـەو ناوچەیـە بەڕێوەدەچـوو. بەشـێوەکی گشـتی، هـەژار زۆر نزیـک بـووە، لـەم بارەیـەوە (مەحمـود عوسـمان) دەڵـێ "(مسـتەفا بارزانـی) لـە سـاتە چارەنووسسـازەکاندا، لـە زۆربـەی بـوارەکان و بەتایبـەت لـە ڕووی سیاسـی، ڕای هـەژاری وەرگرتـووە، ڕاوێـژی پێکـردووە و ڕاوێژکارێکـی ئـەو بـوو، هەمیشـە حیسـابی تایبەتـی بـۆ ڕای ئـەو دەکـرد، کـە ڕایەکـەی دەدا قوڕسـایی خـۆی هەبـوو، جێـگای ڕێـز بوو"هەروەکـو دیـارە لـەم شـەڕەش، ناوبـراو ڕۆڵێکـی بەرچـاوی گێـڕا(٥٣٢). هـەر ئـەم ڕاوێژکارییـە، لـە بـوارە

(٥٣١) هەژار، دیوانی هەژار بۆ کوردستان (پ- ١)٣٥٠-٣٥١.

(٥٣٢) پەیوەنـدی تەلەفۆنـی لەگـەڵ مەحمـود عوسـمان عەلـی (١٤ی ئـازاری ٢٠٢١) هەولێـر. لـە سـاڵی ١٩٣٨ لـە شـارۆچکەی پێنجوینـی سـەر بـە پارێـزگای سـلێمانی لـە دایکبـووە، خوێندنی لە سـلێمانی تەواو کـردووە، زمانەکانـی (عەرەبـی، فارسـی، ئینگلیـزی، فەرەنسـی و هەندێـک ئەڵمانـی) دەزانێـت، خوێندنی پزیشـکی لـە بەغـدا تـەواو کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٥٥ پەیونـدی بـە پارتـی دیموکراتی کوردسـتان کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٦٤ دەبێتـە ئەندامـی مەکتەبی سیاسـی، لە سـاڵی ١٩٦٥ دەبێتە سـکرتێری مەکتەبـی تەنفیزی ئەنجومەنـی سـەرکردایەتی شۆڕشـی ئەیلولـی - پـدک، لەسـاڵانی هەشـتاکانی سـەدەی ڕابـردوو ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـی حزبـی سوسیالیسـت بـووە، پاشـان لـە سـاڵی ٢٠٠٥ بووەتـە ئەندامـی ئەنجومەنـی نوێنەرانـی عێـراق و دواتـر خانەنیشـین کـراوە و دانیشـتووی هەولێـرە.

جۆرا و جۆرەکاندا، لە وێستگە جیاوازەکانی شۆڕشی ئەیلوول و دواتریش، زیاتر ڕۆڵی بەرچاو دەکەوێت، ئەمە لە خوارەوە ڕوون کراوەتەوە.

هەر بەهۆی ئەوەی هەژار پێشمەرگە و کەسایەتییەکی گەورە و دیار بوو، ئەوە بوو لەو ناوچە و کات و ساتە ناسک و چارەنووسسازەدا، توانی ڕۆڵی خۆی بگێڕێت[٥٣٣]، لەم بارەیەوە (مەسعود بارزانی) کە ئەو کات، یەکێک بووە لەو پێشمەرگە دیارانەی لەناو ڕووداوەکاندا ژیاوە، لە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخ و گۆڕانکاریەکان بووە، زۆر ستایشی هەژار دەکات، کە ئەویش بە هۆکاری فراوانی بەرەی جەنگ، هێرشە چڕەکانی بەردەوامی لەشکر و چەکدارەکان، وایکرد، تەقەمەنی و خۆراک بەشێوەیەکی بەرچاو کەمبێتەوە، بۆیە پێویست بوو ڕێگە چارەیەک بدۆزریتەوە. بۆئەم مەبەستە (مستەفا بارزانی) داوای لە هەژار کردووە؛ وەک نوێنەری خۆی، لە ژێر ناوی "بەسەرکردنەوەی بەرەکان و ناوچەکە ناردی بۆ ناوچەی شێخان" ئەمەشی وەک شوێنە ونییەک(پەردەپۆشیەک) بەکارهێناوە؛ بۆئەوەی پەیوەندی بە کۆمەڵێک بەرپرسی چەکدارەوە بکات، کە دۆستایەتیان لەگەڵ شۆڕش هەبوو، تەقەمەنی دابین بکات سەرەڕای ئەوەی بەسەر کردنەوەی بەرەکانی شەڕیان، وەک تاکتیکێکی سەربازی[٥٣٤] بەکارهیناوە، بۆئەوەی پلان و مەبەستە سەرەکیەکە ئاشکرا نەبێت، کە دابینکردنی پێداوستی و تەقەمەنییە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەژار نەبێتە ئامانجی پیاوەکانی هەواڵگری، سوپای عێراقی و گیانی پارێزراو بێت و ئامانجە سەرەکیەکەی بپێکێت.

هەژار دوای نۆ ڕۆژ گەیشتۆتە گوندی خۆرکێ لە نزیک دهۆک، لەوێ پەرەشی بە کاری هەواڵگریداوە، بۆئەوەی هەم کەموکوورِیەکانی پێشمەرگە بزانێت و سیخوڕەکان دەست نیشان بکات، هەمیش زانیاری لەسەر لایەنی بەرامبەر کە سوپای عێراقە کۆبکاتەوە، بارزانی لە کەموکووڕیەکان ئاگادارکردووەتەوە، نموونە ئەندامێکی دەزگا هەوڵگریەکانی بەغدای بەناوی (ساقی) کە زانیاری

(٥٣٣) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩)١٣.

(٥٣٤) مەسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد(پ - ٤٩٣)١٤٠.

لەسـەر جموجۆڵەکانـی پێشـمەرگە لـەو ناوچەیـە کۆکردۆتـەوە و لەلایـەن هێزەکانـی پێشـمەرگەوە دەسـتگیر کرابـوو، (غـازی مـزوری) سـەرۆک هـۆزی مـزوری و بەرپرسـی پێشـمەرگە بـووە لـەو ناوچەیـە، بـە هـەژاری ڕاگەیانـدووە؛ ناوبـراو ڕایکـردووە، بـەڵام بەشـێوەی نهێنـی بـە بـڕی دوو هـەزار دینـار ئـازادی کـردووە.

هـەژار نـاوە بەشـەو، سـەردانی بنکەکانـی ئەلقـوش و گونـدی سـپینداره و شـوێنەکانی دیکـەی کـردووە و ڕێنمایـی پێویسـتی پێـداون، بەنهێنـی سـەردانی (میـر تەحسـین میـری ئێزیدیـان)ی کـردووە، کـە سـەرۆک چەکـدار بـووە، بـەڵام پەیوەنـدی بـە شۆڕشـەوە هەبـووە[٥٣٥]. هـەژار لـە بارەگایەکـی پێشـمەرگە لـە گونـدی خۆرکـێ، چـاوی بـە کەسـایەتی (حافـز قـازی) کەوتـووە، لەگـەڵ چەنـد پێشـمەرگەیەک بـارەگای پێشـمەرگەیان لـە گونـدی باڵتـە، کـە چـۆڵ بـووە، بەسـەرکردۆتەوە، بـە چـڕی بـەر بۆردومانـی فڕۆکـە جەنگیـەکان کەوتـوون، لـەو کاتـە سـەختەدا هـەژار گوتویەتـی" لـە خـۆش بەختیـمان ئـەو بـەردە بـە گـۆڕ دەچـێ، ئەگـەر کوژرایـن ئـەوا بـزر نابیـن" و بەوهۆیـەوە گۆڕەکەیـان دەدۆزرێتـەوە[٥٣٦]، دواتـر لەگـەڵ (حافـز قـازی)، (ناجـی بالتەیـی) و سـێ پێشـمەرگە، سـەردانی پەرسـتگای لالەشـی کـردووە، زۆر ڕێـزی هەژاریـان گرتـووە و تێکـەڵاوی لەگـەڵ ئێزیدییـەکان هەبـووە، ڕێـزی بیـروڕای ئایینـی گرتـوون[٥٣٧]، هەروەهـا سـەردانی بارەگایەکـی پێشـمەرگەیان کـردووە لـەو ناوچەیـە، چەنـد پیاوێکـی ئایینـی چوونەتـە بارەگاکـە بـۆ لای هـەژار و هاوڕێکانـی باسـیان لـە ئاینـی ئێزیدییـەکان و ڕەوشـی سیاسـی ئەوکاتـە کـردووە. بـەدوور نازانرێـت قۆنـاغ و پێویسـتیەکانی ئـەو کاتـی شۆڕشـیان بـۆ ڕونکردوونەتـەوە. ئەمـەش گەورەیـی و هەسـتی پێکـەوە ژیانـی ئایینـزا جیـاوازەکان، لای ئـەو نیشـان دەدات، کـە ئـەو گرنگـی پێـداوە، کاتێـک لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتانیش بـووە، هـەر ڕێـزی لـە بیـروڕای جیاوازیـان گرتـووە، پێـی وابـووە گەلـی کـورد بـەم شـێوەیە بەهێزتـر دەبێـت.

(٥٣٥) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٣٦٢-٣٨٠.
(٥٣٦) حافظ قاضی، ذكريات- (جزء١)- (مطبعة خاني- دهوك ٢٠٠٦)١٨٨-١٩١.
(٥٣٧) هەژار موکریانی، چی لەیەزیدی دەزانم(پ- ١٤٣)٢٧- ٢٨.

ئـەو چەنـد ڕۆژەی لـەوێ دەمێنێتـەوە، هەوڵیـداوە زۆرتریـن زانیـاری لەبـارەی مێـژووی ئێزیـدی و داب و نەریتەکانیـان، کۆبکاتـەوە و پرسـیار و بەدواداچوونـی، لـە مجێـور و شـارەزایان کـردووە و تۆماریکـردوون. دوای چەنـد ڕۆژێـک، گەڕاونەتـەوە و چونەتـەوە گونـدی بالاتـە، بەیەکـەوە بڵاوکراوەیـان بـە زمانـی عەرەبـی بەنـاوی (صـوت الانصـار) بڵاوکردووەتـەوە، کـە ناوەڕۆکـی بریتـی بـووە لـە پێشـەکی، ڕووداو و شـەڕەکان، وتـەی ڕۆژنامـەکان، هەواڵەکانـی جیهـان و...هتـد. دوازدە لاپەڕەیـان بەدەسـت نووسـیوەتەوە و سـوودیان لـە کاربـۆن وەرگرتـووە و بڵاویانکردووەتـەوە. هێنـدەی نەبـردووە، شـەوێک کاغەزێکیـان [مەبەسـت بروسـکەیە] ڕادەسـتی هـەژار کـرد، کـە بەزوتریـن کات بگەڕێتـەوە بـۆ بـارەگای (بارزانـی) لـە چیـای پێـرس؛ بۆیـە لەسـەر داوای ئـەو بەزوویـی گەڕاوەتـەوە بـۆ چیـای پێـرس، چەنـد پێشـمەرگەیەک لەگەڵـی بـوون[٥٣٨]، زیاتـر لـە ٥٠٠٠ هـەزار دینـار، جـل و بەرگێکـی زۆر بـۆ پێشـمەرگە و بـاری هەشـت ئێسـتر، تەقەمەنـی کۆکردووەتـەوە [٥٣٩]. لـە دوای تـەواو کردنـی ئەرکەکـەی بەسـەرکەوتویی گەڕاوەتـەوە لای ناوبـراو لـە ناوچەکـە، پێداویسـتیەکی زۆری بـۆ پێشـمەرگە دابینکـردووە[٥٤٠]، بـە دابینکردنـی ئـەم تەقەمەنـی، جـل و بـەرگ، پـارە و پێداویسـتیانە، گڕوتینێکـی تـری داوە بـە هێـز و ورەی پێشـمەرگەی پـێ بەرزتـر بووەتـەوە، چونکـە هەریـەک لەتەقەمەنـی، جـل و بـەرگ و پـارە، سـێ کۆڵەکـەی سـەرەکین لەشـەڕدا، لـە ئەنجامـدا وایکـردووە، پارسـەنگی هێـز لـە بەرژەوەنـدی شۆڕشـدا بێـت، لـەو سـنوورە و کاریگـەری ئەرێنیشـی هەبـووە، بـۆ ناوچەکانـی تـری شـەڕ.

بەگشـتی شـەڕی قـوڕس بەڕێـوە چـووە و پێشـمەرگە بەرگـری کـردووە و سـەرکەوتنی بەدەسـت هێنـاوە[٥٤١]. لـە بـارەگای لێرەبیـڕێ، لـە نزیـک چیـای شـیرین، (مسـتەفا بارزانـی) پێـی گوتـووە "بۆیـە تێلیگرافـم بـۆ کـردی بگەڕێیـەوە، لـە ترسـی ئـەوەی

(٥٣٨) حافظ قاضی، ذکریات (پ-٥٣٦)١٨٨-٢٠٤.

(٥٣٩) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٣٦٢-٣٨٠.

(٥٤٠) مەسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد(پ- ٤٩٣)١٤٠.

(٥٤١) بـۆ زیاتـر زانیـاری، سـەبارەت بـە شـەڕی شـۆڕش و سـوپای عێـراق، لـە سـاڵی ١٩٦٣، لـە ناوچـەی بادینـان، بڕوانـە. عبدالفتـاح علـي البوتانـی (پ- ٥١٠)٢٤٠-٢٤٦.

بەشـێوەی نهێنــی، دەسـتی ناوخـۆ بتکـوژن، هـۆکاری دووەم: ئەوەیـە عومـەر دەبابـە و کەسـێکی تـر بەنـاوی (جـەلال) ئێرانییـە هاتـوون [مەبەسـت سـەردانی ئەویـان لەناوچەکـە کـردووە] م . س داوای تۆیـان لێکـردووم، بچیـت بـۆ ڕادیـۆ کـە تـازە پەیدایـان کـردووە، کاری لەسـەر بکـەی"، ئـەو پێـی بـاش بـووە بچێـت، چونکـە لـەو شـەڕە دووردەکەوێتـەوە، گیانـی پارێـزراو دەبێـت، بـەڵام هـەژار ئامـادە نەبـووە، بەرەکانـی شـەڕ جێبهێڵێـت و لای بارزانـی ماوەتـەوە[٥٤٢]. ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێـت، هـەژار لـە ئەرکەکـەی لـە بادینـان، سـنوورێکی بـۆ گەندەڵیەکانـی بەشـێک لـە بەرپرسـەکانی پێشـمەرگە دانـاوە. وەک لـە سـەرەوە ئامـاژەی پێکـراوە؛ تـۆڕی زانیـاری لەنـاو ئـەوان و لەشـکری بەرامبـەر کـە دوژمنـە دروسـتکردووە، بەمـەش ئـاگای لـە جموجـۆڵ و کردەوەکانیـان بـووە، ئەمـەش وایکـردووە، بەشـێک لـە بەرپرسـەکانی نیگـەران کـردووە، بۆیـە بەپێـی پێشـبینی، یاخـود زانیـاری (بارزانـی) ئەگـەری کوشـتنی هـەژار لەلایـەن نەیارانـی ناوخـۆ و سـیخوڕانی حکومەتـی عێراقـی لـە ئـارادا بـووە.

(٥٤٢) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٣٨٠.

## ڕۆڵ و بەشداری هەژار لەماوەی شەڕی چەکدارانە و کێشە ناوخۆیەکانی پدک (١٩٦٣-١٩٧٠)

دوای مانەوە لە سنووری بارزان و دۆڵی زراران و دەوروبەری، تا دەهات شەڕ گەرمتر بووە، بارانی پایزیش تەنگی بە هەژار و هاوڕێکانی هەڵچنیوە، بریندارەکانی پێشمەرگە و هاوڵاتی لەلایەن (مەحمود عوسمان) چارەسەر دەکران، گوندنیشینان زیانی گیانی و ماددی زۆریان بەرکەوتووە؛ ماڵ و حاڵیان بەر بۆردومانی فڕۆکەی جەنگی کەوتووە، ئاوارە و دەربەدەر بوون، لەشکری لایەنی بەرامبەر زیانی زیاتری بەرکەوتووە، دواتر تووشی شکستی گەورە بووە[٥٤٣]، هەرئەمەش وایکرد، سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق (تاهیر یەحیا) لە ڕێگای فیرقەی دوو داوای دانوستاندن، لەگەڵ شۆڕش بکات، لە سەرەتای تشرینی یەکەمی ١٩٦٣ شەڕ لەو ناوچەیە ڕاگیرا، (مستەفا بارزانی) هاتووە بۆ ناوچەی باڵەکایەتی و پاشان بیتوێن و پشدەر[٥٤٤].

لە پاشان دوای کەمێک هێوربوونەوەی ڕەوشەکە، هەژار لەسەر ڕاسپاردەی بارزانی لەگەڵ (میرانیساڵح بەگ ١٩٠٦- ٢٠٠٧) خەڵکی شارۆچکەی شەقڵاوە و یەکێک بووە لە فەرماندەکانی پێشمەرگە، (ئەحمەد تۆفیق) و هاوڕێکانی ڕەوانەی ناوچەی سۆران کراون، ئەوانیش بە پیادە کە بەڕێکەوتون؛ لەبەر سەلامەتی جارێک چوونەتە ناو خاکی باکووری کوردستان و بەنزیک گوندی زێتێدا تیپەڕیون، بەڵام تووشی ڕەبیەی تورکیا نەبوون، دواتر بە دەشتی هێرتێ، گوندەکانی ناوچەی موهاجیران، گوندی رۆستێ و چەند شەو ڕۆژ بەڕیوە بوون، تا نیوەڕۆیەک لە گوندی گرتک میوانی (مەلا وەیسی) بوون لە حەسارۆست. (ئەحمەد تۆفیق) و پێشمەرگەکانی چوون بۆ باڵەکایەتی، زینوی شێخی نزیک سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان[٥٤٥].

هەژار و (میران) هاتوونەتە ناوچەی خۆشناوەتی، گوندی زێوە و پاشان هیران میوانی ماڵی (کاک عەلی) کاکی هیران بوون. هەژار لە کۆتایی تشرینی دووەمی

(٥٤٣) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٣٨٥-٣٨٧.
(٥٤٤) مەسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد(پ- ٤٩٣)١٤٦-١٥٠.
(٥٤٥) مەلا ڕەسوڵ پێش نماز، مەلا ڕەسووڵ پێش نماز سەربردەی ژیانم مێژوو-بیرەوەری(پ- ٤٤٩)١٠٨.

١٩٦٣ چووەتـە ماڵـی (هەبـاس ئاغـای مامەنـد ئاغـا ١٩٢٢- ١٩٦٦)، لـە سـنووری دۆڵـی ئاکۆیانـی ڕانیـە، لـەوێ لەگـەڵ (مسـتەفا بارزانـی) چاویـان بەیـەک کەوتووەتـەوە[٥٤٦]، ئەمـەش هـاوکات بـووە لەگـەڵ کودەتایەکـی نـوێ لـە عێـراق، بەڕابەرایەتـی (عەبدولسـەلام محەمـەد عـارف) کـە لـە ١٨ی تشرینـی دووەمـی ١٩٦٣ کـە خۆیشـی لـە بەعیسـەکان بـوو، کێشـەی ناوخـۆی سـەریهەڵدابوو، سـەرئەنجام دەسـەڵاتی گرتـەوە دەسـت. لـە مـاوەی سـاڵێکدا ئەمـە دووەم کودەتـا بـوو دەکـرا، دوای ماندوبوونـی سـوپاکەی، پشـووی داو وەک ئامادەکاریـەک بـۆ گەڕێکـی دیکـەی شـەڕ، حکومـەت هەنـگاوی هاویشـت بـۆ گفتوگـۆ، سـەرکردایەتی شـۆڕش ڕازی بـوو ئـەو کاتـە، لـە ناوچـەی بیوتێـن و پشـدەربوو[٥٤٧]، لـە گونـدی دوگۆمانـی پشـدەر بنکەیەکـی دانـاوە، ڕاوێـژی لەگـەڵ کەسـانی سیاسـی و دەوروبـەری کـردووە، هـەم لەسـەر ئاگربەسـتی نێـوان شـۆڕش و حکومەتـی عێراقـی و هەمیـش گفتوگـۆ لەسـەر کێشـە ناوخۆیەکانـی پارتـی[٥٤٨].

(مسـتەفا بارزانـی) بنکەیەکـی تـری لـە سەنگەسـەری پشـدەر بـوو، لـە ١٩ی کانوونـی دووەم ١٩٦٤ کۆبونەوەیەکـی دیکـە لەماڵـی (محەمەدەمیـن ئاغـا[٥٤٩]) لـە گونـدی گربداغـی شـارۆچکەی قـەڵادزێ کـرا کـە "هەمـوو ئەندامانـی مەکتەبـی سیاسـی و سـەرکردەکانی

(٥٤٦) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٣٨٨-٣٩٢.

(٥٤٧) ڕەفیق ڕەحمان مام خول(پ- ٤٦٧)١٢٨-١٣٣.

(٥٤٨) مەسـعود محەمـەد، گەشـتی ژیانم(چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات- هەولێـر- ناوەنـدی ئاوێـر بـۆ چـاپ و بڵاکردنـەوە- هەولێـر ٢٠١٦)٦١٥-٦٢٥.

(٥٤٩) محەمەدئەمیـن بابەکـر مەمەنـد ئاغـا نـاسراوە بـە میناغـای گربـداغ، لـە سـاڵی ١٩٠٥ لـە گونـدی گربـداغ سـەر بـە قـەڵادزێ لـە دایـک بـووە؛ یەکێـک بـووە لـە پیاوماقوڵانـی خێڵـی میراودەلـی لـە پشـدەر و ناوچەکـە؛ کەسـێکی میانـڕەو و زۆر هـاوکاری نەدارانـی ناوچەکـە کـردووە، کێشـە و گیروگرفتی دانیشـتوانی چارەسـەر کـردووە؛ لـە سـاڵی ١٩٣٩ لەسـەر داوای خـۆی یەکـەم قوتابخانـەی بردووەتـە قـەڵادزێ و خانوێکـی خـۆی بێبەرامبـەر بـۆ دابیـن کـردوون؛ لـە سـاڵی ١٩٥١یـش ١٥٠٠ مەتـر زەوی بـۆ بینـای قوتابخانەکـە بەخشـیووە؛ هـاوکار بـووە بـۆ دامەزراندنـی بەشـێکی یەکـەی کارگێـڕی و لەسـاڵی ١٩٣٩ کـە یەکـەم نەخۆشـخانەی قـەڵادزێ کراوەتـەوە لـە خانوێکـی دوو قاتـی میناغـا دابـووە؛ هەروەهـا زەوی بەخشـیووە دایـرە و فەرمانگـەی ئینحسـاری توتـن و قوتابخانـەی ئاسـۆس. کەسـایەتییەکی نیشـتیمانپەروەر و خانـەدان و خزمەتـی شۆڕشـی کـردووە. لـە سـاڵی ١٩٦٨ کۆچـی دوایـی کـردووە و لـە گۆڕسـتانی گربـداغ بـە خـاک سـپێردراوە. شمشـارە گۆڤارێکـی مێژوویـی و بەڵگەنامەییـە، لـە ڕانیـە دەردەچێـت "٥٥"(تەمـوزی ٢٠١٥)١-٤.

سوپای شۆڕش و هەموو ئەو سەرۆک خێڵانەی تێدا بەشدار بوون کە لەو ناوچەیەدا بوون". ئامادەیی کراوە لەسەر داواکارییەکانی کورد، بۆئەوەی ئاراستەی شاندی حکومەتی بکەن[٥٥٠]، هەژاریش لەو دانیشتنانەدا کە شەوانە لەو بنکەیە و پاشان لە گوندەکانی گربداغ و گردە سپیانی ڕۆژهەڵاتی قەڵادزێ ئەنجامدراوە، بەشداربووە و بیر و ڕای خۆی بەڕوونی دەربڕیوە کە پێویستە داواکاریەکانی گەلی کورد دیاری بکرێت، لەسەر کەرکووک و شوێنەکانی تر، ئامانجەکان دیاربن، هەروەها قسەی لەگەڵ بەرپرسان و ئەندامانی م . س لەوانە (جەلال تاڵەبانی) کردووە، کێشەکانیان بەلاوە بنێن، داوای لە (بارازنی)یش کردووە، گرنگی زیاتر بە حزب بدات و کێشە ناوخۆیەکان چارەسەر بکەن، هەریەک لە (جەلال تاڵەبانی)، (ئیبراهیم ئەحمەد) و (کاکە زیادی کۆیە) و بەرپرسانی تریش بەشدار بوون، لەسەر دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گیرو گرفتی پارتی، پشتگیری بۆچوونەکانی هەژاریان کردووە، بە بوێرییەکی زۆرەوە بۆچوونەکانی خۆی دەربڕیوە[٥٥١].

هەژار بەجیا لەگەڵ باڵی م . س و (مستەفا بارزانی) کۆبووەتەوە و داوای لێکردوون کێشەکانیان بەڕێگای گفتوگۆ چارەسەرە بکەن و یەکڕیزی و تەبایی نێوانیان بپارێزن، بەتایبەت داوای لە سەرۆکی پارتی کردووە، دەبێ لێبوردەیی زیاتر بێ بەرامبەر بە هاوبیرەکانی[٥٥٢]، ئەو تەنها مەبەستی بووە، کورد بە داواکاری دیاریکراو، سەنگی خۆی لە بەغدا پێشان بدا. هەروەها زۆر بەتەنگ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان سەرۆک و م . س پارتی بووە، مەترسی هەبووە؛ لە بەردەوامی ئەم کێشانە، کورد بەرەو پەرتەوازەیی بڕوات.

---

(٥٥٠) مەسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد(پ- ٤٩٣)١٥٧.

(٥٥١) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٣٩٥-٣٩٧.

(٥٥٢) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ ئەمیر قازی محەمەد (٢٠ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢١) سوید. لە ساڵی ١٩٣٨ لە گوندی حاجیاوای ناوچەی بۆکان لە دایکبووە، لە ساڵی ١٩٥٢ بووە بە ئەندامی ئەندامی یەکێتی لاوانی دیموکرات و پاشان ئەندامی حدک، کۆلێژی یاسای تارانی خوێندووە، ساڵی ١٩٦٣ ئاوارەی باشوری کوردستان بووە، چەندین بەرپرسیارەتی لە ناو حدک وەرگرتووە دواینیان ئەندامی مەکتەبی سیاسی بووە، سکرتێری حزبی دیموکراتیکی سەربەخۆی کوردستانە، لە وڵاتی سوید نیشتەجێیە.

لـە ١٠ی شـوباتی ١٩٦٤ حکومەتـی عێـراق شـاندێکی بەسـەرۆکایەتی (عەبدولـڕەزاق سـەید مەحمـود) پارێـزگاری سـلێمانی و چەنـد ئەفەسـەرێکی بـاڵای سـوپا، بەهێلـی کۆپتەرێـک ڕەوانـەی شارۆچکەی ڕانیـە کـردووە، شـاندی شـۆڕش بەسـەرۆکایەتی، (مسـتەفا بارزانـی)، ئەندامێتـی (جـەلال تاڵەبانـی) و چەنـد بەرپرسـێکی تـر بـووە[٥٥٣]، لەوانـە (مەسـعود محەمـەد ١٩١٩-٢٠٠٢ [٥٥٤])، سـەرئەنجام ئاگربەسـتیان ڕاگەیانـدووە[٥٥٥].

هـەژار لـەو ڕێکەوتنامایـە ڕازی نەبـووە، پێـی وابـووە لـە ئاسـتی داخوازیەکانـی گەلـی کـورد نییـە، بۆیـە گفتوگـۆی تونـد و گلەیـی لـە سـەرۆکی پارتـی کـردووە، بـەڵام لـە وەڵامـدا ئـەو لەسـەر کـۆی پرۆسـەکە و بارودۆخـی خراپـی ئابـووری و بژێـوی ژیانـی هاوڵاتیانـی کوردسـتان، ئەمەیـان بـە پێویسـت زانیـوە و بۆیـە ئەنجامیـان داوە. زسـتانی سـاڵی ١٩٦٤ زۆر سـەخت بـووە، هەژاریـش مـاوەی سـاڵێک و دوو مانـگ لـە خانەوادەکـەی نەبینیـوە؛ بەمەبەسـتی سـەردانیان، دوای وەرگرتنـی مۆڵـەت، ڕۆیشـتووە بـۆ سـلێمانی[٥٥٦] و شـەو لـە ماڵـی (ڕەحمانـی جـەلال کەڵەبـاب)، کـە لـە بنەڕەتـدا خەڵکـی شـاری مەهابـاد بـووە ماوەتـەوە، کۆمەڵێـک لـە کادرانـی بـاڵای حدکـی لێبـووە، دوای گفتوگـۆی سیاسـی، لەسـەر باشـوور و ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، بەگێڕانـەوەی نوکتـە و قسـەی خـۆش، شـەوەکەیان بەخۆشـی گوزەرانـدووە[٥٥٧]، بەرەبەیانـی ڕۆژی دواتـر بـەرە و شـاری کەرکـووک و لەوێـوە بۆ شـاری هەولێـر سـەردانی ماڵـی (محەمـەد مەولود-مـەم)ی دۆسـتی لـە مێژینـەی کـردووە، زۆری چاکـە بـۆ هـەژار هەبـووە، ئـەو ماوەیـەی کـە لـە ناوچـە ئازادکـراوەکان بـووە و مـاڵ و منداڵـی لـە بەغـدا بـووە، ئـەو لەهەولێـرەوە سـەردان و چاودێـری کـردوون و بەشـێک لـە خەرجیەکانـی کێشـاون، دوای گەیشـتنی بـە بەغـدا و مـاوەی چەنـد مانگێـک ماوەتـەوە، پایزێکـی درەنگـی هەمـان سـاڵ هـەژار جارێکـی تـر گەڕاوەتـەوە بـۆ پشـدەر[٥٥٨].

(٥٥٣) موحسین دزەیی، وێستگەکانی ژیانم، بەشی دووەم، (پ- ٤٤٣)٧٩-٨٠.
(٥٥٤) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی مەسعود محەمەد، بڕوانە. راهي مزهر العامري بەناونیشانی مسعود محمد ودورة السياسي في العراق (١٩١٩-١٩٦٨) دراسة تاريخية (بغداد- مطبعة دار الحوراء- ٢٠٠٨)١٥-٧٠.
(٥٥٥) بۆ زانینی ناوەڕۆکی ڕێکەوتنامەکە و ئەنجامەکانی بڕوانە. مەسعود محەمەد (پ- ٥٤٨)٦٢٥-٦٢٨.
(٥٥٦) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٤٠١.
(٥٥٧) مەلا ڕەسوڵ پێشنماز، سەربردەی ژیانم مێژوو-بیرەوەری(پ- ٥٢١)١٤٧.
(٥٥٨) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٤٠١-٤٠٤.

بەهۆی شارەزایی و لێهاتوویی ئەو ئەزموونەی هەیبوو، چەندین جاری تر لەلایەن سەرۆکی پارتی بۆ کاروباری کارگێڕی و کاری بەپەلەی شۆڕش، هەژاری ڕاسپاردووە، جێبەجێی کردووە، لە ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکاندا زۆر بەتوانا بووە[٥٥٩]، بۆیە ئەو کاتەی (مستەفا بارزانی) بارەگای لە خوێندنگەیەک لەشارەدێی سەنگەسەری پشدەر دادەنێت، سەرکردەکانی حدک لە دەوروبەری بوون، خەڵکانێکی زۆر لەسەرۆک هۆز و چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری ڕۆژانە سەردانیان کردووە[٥٦٠]، ئەمەش پێویستی بەسەرپەرشتیارێکی باش و شارەزا بووە، بۆ ئەم مەبەستە هەژاری دەستنیشانکردووە، بۆ بەسەر ڕاگەیشتن و ڕێکوپێککردنی بنکەکە، ئەویش کارەکانی بارەگاکەی ڕاپەڕاندووە، پێشوازی لە میوانان کردووە، دیداری کەسایەتییەکانی ڕێکخستووە، وەڵامی سکاڵاکارانی هەر ئەو ڕۆژە داوەتەوە، ئەمەش بووەتە جێگای ڕەزامەندی ئەو کەسانەی ڕۆژانە سەردانی ئەوێیان کردووە [٥٦١].

تا دەهات نێوان سەرۆکی پارتی و م . س ساردی تێدەکەوت، جارێکی دیکە هەژار بەمەبەستی چارەسەریی، هەوڵی نێوەندگیری دەدات لە نێوانیان، لە شارۆچکەی قەڵادزێ لەگەڵ هەریەک لە (ئیبراهیم ئەحمەد، جەلال تاڵەبانی، عومەر دەبابە، عەزیز شەمزینی، عەلی مام ڕەزا و بابەکر پشدەری) دانیشتووە، چەند پێشنیازێکی بۆ چارەسەری گرفتەکان خستۆتەڕوو، بەڵام ئەوانیش هەندێکیان پشتگیری و ئەوانی تریش دژی ڕاوەستاون، دوای گەڕانەوەی بۆ لای (مستەفا بارزانی) لە سەنگەسەر، داوای لە ئەویش کردووە، بە تەنگ چارەسەری ئەم کێشەیەوەبن، هەردووک لایەنی لە لێکەوتە و ئەنجام و مەترسیەکانی ئاگادار کردووەتەوە[٥٦٢]. کێشە ناوخۆکانی پارتی بەردەوام ڕوو لە زیادبوون بووە، تا سەرەنجام، لە کۆنفرانسی ماوەت کە لە ٤ی نیسانی ١٩٦٤ بەسترا، پارتی و شۆڕشی ئەیلوولی تووشی لەت بوون کرد[٥٦٣] و کە

---

(٥٥٩) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩)٢٣٧.

(٥٦٠) مەلا ڕەسوڵ پێشنماز، سەربردەی ژیانم مێژوو-بیرەوەری(پ- ٥٢١)١٢٩.

(٥٦١) ئەمیر قازی، لە بیرەوەرییە سیاسییەکانم (پ- ١٥٠)٧٣.

(٥٦٢) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٤٠١-٤١١.

(٥٦٣) ڕەفیق ڕەحمان مام خول(پ- ٤٦٧)١٣٧.

ئاکامـی خراپـی لێکەوتـەوە[٥٦٤]، هـەر زوو پێشـبینییەکەی هـەژار، بەڕاسـت گـەڕا و زۆر هەوڵـی چارەسـەرکردنی دان، ئاکامێکـی لێشـین نەبـووەوە، شۆڕشـی کـورد تووشـی پارچـە بـوون و لێکـترازان چـوو، چەندیـن کەسـایەتی ڕۆشـنبیر و نیشـتیمانپەروەر، دڵ سـارد بـوون و وازیـان لـە شـۆڕش هێنـا.

لـە دوای ئـەم ڕووداوە، هـەژار تووشـی بێئومێـدی و ڕەشـبینی بـوو و ئەمـە بووەتـە هـۆکاری ئـەوەی بـە ناچـاری بـەرە و بەغـدا بگەڕێتـەوە، خـۆی بـە کاری وێنەگـری سـەرقاڵ دەکاتـەوە، کـە دەگاتـەوە شـارەکە، دەکرێتـە ئامانجـی پۆلیسـی نهێنـی عێـراق و لەڕێـگای (خەلیـل) ناوێـک، داوای هـاوکاری و زانیـاری لەسـەر شۆڕشـی ئەیلـوول لـێ دەکـەن، بـەڵام ئـەو داواکـەی ڕەتدەکاتـەوە و ئامـادە نابێـت هاوکاریـان بـکات، دوای دەسـتپێکردنەوەی جارێکـی دیکـەی شـەڕ، لـە مانگـی ئـازاری ١٩٦٥ لـە نێـوان حکومـەت و شۆڕشـدا، هـەژار جموجوڵەکانـی دەخرێتـە ژێـر چاودێـری پۆلیسـی نهێنـی و ناتوانێـت لـەوێ بمێنێتـەوە، بۆیـە دێتـە هەولێـر و دواتـر دەچێتـە دەوروبـەری شـارۆچکەی دیانـا و لـە کۆتایـی مانگـی نیسـانی ١٩٦٥، دەگاتـە بنکـەی پێشـمەرگە و دوای چەنـد ڕۆژێـک لـە گونـدی بندایـزا سـەردانی (مسـتەفا بارازانـی) دەکات و دواپێشـهاتەکان گفتوگـۆ دەکـەن[٥٦٥].

لەلایەکـی دیکـەوە، ئەوکاتانـەی لـە سـنووری پشـدەر بـووە، سـەردانی بـارەگای لایەنـە سیاسـییەکانی تـری لەوانـە (حشـع)ی کـردووە، چونکـە پەیوەنـدی و دۆسـتایەتی لـە مێژینـەی لەگەڵیـان هەبـووە، ئەوانیـش ڕێزیـان لـە بیـر و بۆچوونەکانـی گرتـووە[٥٦٦]. زیاتـر مەبەسـتی تەبایـی و یەکڕێـزی هێـز و لایەنـە سیاسـیەکان، یەکخسـتنی نێـو ماڵـی کـورد بـووە، چونکـە بـە درێژایـی مێـژوو خاڵـی لاوازی کـورد ناتەبایـی و خۆخۆریـی بـووە. هەرکاتێکیـش کـورد یەکڕیـز و یـەک هەڵوێسـت بووبـێ، ئـەوا تاڕادەیـەک توانیویەتـی

(٥٦٤) بۆ ئاگادار بوونی زیاتر، لەسـەر ئەم کۆنفرانسـە و ئاکامەکانی بڕوانە. شـێرکۆ فەتحوڵا عومەر، پارتی دیموکراتـی کوردسـتان و بزوتنـەوەی ڕزگاریخـوازی نەتەوەی کـورد لە عێراقـدا ١٩٤٦- ١٩٧٥ وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردی سـوارە قەڵادزێی(چاپخانەی شـەهید ئازاد هەورامی- کەرکوک ٢٠١٣)٢١٣-٢١٨.

(٥٦٥) عەبدولڕەحـمان شـەرەفکەندی - هـەژار، چێشـتی مجێـور(پ-١٣)٤٠٨-٤١٨. هەرچەنـدە لـە سـەرچاوەیەکی تـر ئامـاژە بـۆ ئـەوە کـراوە، ناوبراو لە سـاڵی ١٩٦٦، لە بەغـداوە جارێکی تـر هاتۆتەوە ناو شـۆڕش. کارزان یاسـین(پ- ١٣٢)١٥.

(٥٦٦) ئەحمەد دڵزار، بیرەوەریی ڕۆژانی ژیانم (چاپی یەکەم چاپخانەی شەهاب هەولێر ٢٠١٩)٦٢٠.

کۆمەڵێک ئامانج بەدەست بێنێ و لایەنی بەرامبەر سازشی بەرامبەر کردووە.

سەرەڕای ئەوەی هەژار لە مایسی ١٩٦٥ لە ناوەندی ڕاگەیاندنی پارتی کاری کردووە و جێگا پەنجەی لەم ڕووەش دیار بووە، بەتایبەت سەرۆکی پارتی ئەو کاتەی بارەگای لە ناوچەی گەلاڵە لە سەکرانی سەر بە پارێزگای هەولێر بووە، لە هەمان مانگ و ساڵدا ڕۆژنامەنووسێکی بیانی چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەنجامداوە، (سامی عەبدولڕەحمان) وەرگێڕ بووە، هەژاریش لای بووە، گفتوگۆیان لەبارەی بارودۆخی ئەوکاتی کوردستان کردووە[٥٦٧]، ئەو کاتەی لەو ناوچەیە، سەرقاڵی ڕاپەڕاندنی کارەکانی چالاکییە سیاسییەکانی بووە، لەم بارەیەوە کادرێکی باڵای پارتی، دەگێڕێتەوە کە لە ساڵانی ١٩٦٥ و ١٩٦٦ بارەگای لە گوندی سورەبان لە ناوچەی باڵەک بووە، لە زۆربەی کۆڕ و کۆبونەوەکان و یان دانیشتنی کادر و پێشمەرگەکاندا، بۆی باسی بارودۆخی سیاسی شۆڕش کردووە، پێی وابووە، یەکێک لە خاڵی بێهێزی گەلی کورد، ناکۆکی و دوو بەرەکی ناوخۆییە، چەند کورد یەکترگیر و یەک هەڵوێست بێت، ئەوەندە لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی نزیک دەبێتەوە[٥٦٨].

لەڕوویەکی ترەوە، ململانێی سیاسی و کەرتبوونی پارتی، کاریگەری نەرێنی هەبووە لەسەر باردۆخی سیاسی باشووری کوردستان، بەتایبەت کەسایەتییە سیاسییەکان، ئەوانیش بەسەر دوو بەرەدا دابەشبوون، بۆیە هەژاریش لەم چوارچێوەیەدا بەدەرنەبووە و نەیتوانیوە بێلایەنی خۆی بپارێزێ، هەرچەندە زۆر هەوڵی چارەسەری کێشەکانی داوە، دواتریش وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە، لەساڵی ١٩٦٤ لەدوای لەتبوونی پارتی، پڕوپاگەندەی نەشیاویان بەرامبەر بەیەکتر بڵاوکردووەتەوە.

لەم بارەیەوە (ئیبراهیم ئەحمەد) لە چاوپێکەتنێکدا، گلەیی لە هەژار کردووە و دوای ئەوەی ساڵی ١٩٤٨ لەبەغدا لە کارئاسانی و خزمەتیان کردووە، دواتریش

(٥٦٧) موحسین دزەیی، وێستگەکانی ژیانم- بەشی دووەم(پ- ٤٤٣)٩١-٩٢.

(٥٦٨) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ ئەحمەد خدر ناسراو بە ئەحمەد دەشتی (٢٦ی ئابی ٢٠٢١) ئەڵمانیا. لە ساڵی ١٩٤٥، لە گوندی دارەبەنی دەشتی بەڕانەتی پارێزگای هەولێر لەدایکبووە، لە بواری ئاینی خوێندیەتی، لە ساڵی ١٩٦٣ بووەتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول، لە ساڵی ١٩٦٥ وەک کادیر لە ڕادیۆی شۆڕش کاریکردووە، لە ساڵی ١٩٧٥ ئاوارەی ئێران بووە، لە ساڵی ١٩٧٩ چووەتە ئەڵمانیا و لەوێ نیشتەجێیە و خانەنیشینە.

لــە ڕێگــەی نووســینەکانی دژایەتــی کــردوون[٥٦٩]، مەبەســتی ســاڵانی ناوەڕاســتی شەســتەکانی ســەدەی ڕابــردووە.

لـە دوای هێرشـی سـەربازی و شکسـتی سـوپا، بـۆ سـەر سـەنگەرەکانی پێشـمەرگە، بـە تایبـەت شـەڕی چیـای هەندرێـن و ناوچـەی پشـدەر و شـوێنەکانی تـر، ئـەوە بـوو جارێکـی تـر ئاگربەسـت لـە نێوانیانـدا هاتەکایـەوە، سـەردانی شـاندەکان دەسـتیپێکردەوە، تـا دواجار لـە ٢٨ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٦٦، (عەبدولڕەحـمان عـارف) سـەرۆک کۆمـاری عێـراق بـە فڕۆکـە هاتـووە بـۆ دیدەنـی (مسـتەفا بارزانـی) لـە نێوانـی بەرزێـوە و دیانـادا[٥٧٠]؛ ئـەم کۆبونەوەیـە هـەر چەنـدە پێشـتر، بڕیـار بـووە؛ لـە شـوێنێکی تـر بێـت، بـەڵام لـە لایـەن داروەدەسـتەی سـەرۆک کۆمـارەوە شـوێنەکەیان گۆڕیـوە؛ کۆمەڵێکـی زۆری لـە گاردی نیشـتیمانی و پاسـەوانی لەگـەڵ خـۆی هێنـاون، ئەمـەش گومانـی لای سـەرکردایەتی شـۆڕش دروسـتکردووە، بـۆ ئـاگادار بـوون لـە بارودۆخەکـە، هێزەکانـی پێشـمەرگە لـە دەوروبـەری شـوێنەکە خراونەتـە ئامادەباشـیەوە، هـەژار زۆر مەترسـی هەبـووە، بۆیـە چووەتـە نـاو چـادری کۆبونەوەکـە، چاودێـری بارودۆخەکـەی کـردووە، بـۆ هـەر ڕووداوێکـی نەخـوازرا و ئامادەیـی خـۆی وەرگرتـووە، تـا کۆتایـی دانیشـتنەکە ماوەتـەوە، دواتـر لەگـەڵ (مسـتەفا بارزانـی) بـە ئۆتۆمبێلەکـەی گەڕاوەتـەوە بارەگاکـەی[٥٧١].

هاتوچـۆی شـاندەکانی بەغـدا و شـۆڕش بـەردەوام بـووە بـۆ گەیشـتن بـە چارەسـەرێکی ئاشـتیانەی ئـەو بارودۆخــە، ئــەوە بــوو لەســاڵی ١٩٦٩ (فــواد عــارف)، کــە پۆســتێکی دیاریکـراوی نەبـووە، بـەڵام جێـگای متمانەیـان بـووە، لەگـەڵ (سـەمیر عەزیـز ئەلنەجمـی)، (قیـادەی قوتـری حزبـی بەعـس) وەکـو شـاندی حکومەتـی عێراقـی سـەردانی بـارەگای (مسـتەفا بارزانی)یـان لـە گونـدی دیلـمان لـە ناوچـەی باڵەکایەتـی کـردووە[٥٧٢] هەژاریـش بەشـداری بەشـێک لـەم کۆبونـەوەی کـردووە، هەروەهـا لەسـەر پێشـهاتە سیاسـییەکان

(٥٦٩) عەلی کەریمی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی - مامۆستا عولەما (پ- ٣٧)٢٧٩-٢٨٠.
(٥٧٠) مەسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد(پ- ٤٩٣)٢٢٨-٢٣١.
(٥٧١) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٤٣٤.
(٥٧٢) فوئاد عارف(پ- ٤٩٢)٢٢٣-٢٢٤.

و ڕاوڕاوێــژی پێکــراوه[٥٧٣]. ناوەنــاوه ســوپای عێــراق هێرشــی کردۆتــه ســەر ناوچــه ئازادکراوەکانــی کوردســتان لەوانــه بەشــێکی پارێــزگای ســلێمانی[٥٧٤].

لــه دوای ئــەوەی پەیوەنــدی نێــوان، ئێــران و شــۆڕش خۆشــبووه، دەزگای هەواڵگــری ئێــران (ســاواک)، کــه زیاتــر کاری لەســەر کادرانــی کوردانــی ڕۆژهــەڵات، لــه باشــووری کوردســتان کــردووه[٥٧٥]، فشارەکانی زۆرتــر کــردووه بــۆ ســەر شــۆڕش، یــەک لەوانــه هــەژار بــووه، (مســتەفا بارزانــی) پێــی گوتــووه، ئــەوان زۆر داوات دەکەنــەوه، بــەڵام نکۆڵیــمان کــردووه، دەبێــت کەمــتر خــۆت دەربخــەی[٥٧٦]. ئەمــەش ئــەوه دەردەخــات کــه هــەژار یەکێــک بــووه لــه ســەرکردەکانی شۆڕشــی ئەیلــوول، ڕۆڵێکــی گــەورەی گێــڕا[٥٧٧]، بۆیــه بۆتــه جێگــەی ســەرنجی نەیارانــی شــۆڕش و داگیرکەرانــی کوردســتان.

لــه دوای وتــار خوێندنــەوەی (مســتەفا بارزانــی) ، لــه کۆنگــرەی هەشــتەمی پارتــی، کەلــه ١ی تەمــوزی ١٩٧٠ لــه گونــدی ناوپــردان دەبەســترێ[٥٧٨]، ئامــاژەی بــۆ ئەوه کــردووه که ناوی خــۆی بــه ســێ کــەس دەدات، یــەک لەوانــه هــەژاره و دەتوانێــت یەکێــک لــه دەنگەکانــی ئــەو بنووســێت بــۆ لیژنــەی سەرپەرشــتیاری کۆنگــره، بــەڵام ئــەو خــۆی کاندید نەکــردووه، بۆ کۆمیتەی ناوەندی[٥٧٩] و له هەمانکاتدا وەک یاسـایەکی ناو کۆنگره، دەبێ ئەویش دەنگێکی دیکــه بــدات، بۆیــه ســەرۆکی پارتی وەک ڕێزێــک ناوی هەژاری نووســیوه، کــه دەنگ به ئەو دەدات [٥٨٠]، واتــای ئەوەیــه هــەژاری وەک کاندیــدی خــۆی دەستنیشــان کــردووه، مەبەســتی ئــەوه بــووه، بــه ڕوویەکی گــەورەوه نیشــانی ئامادەبووانــی بدات.

(٥٧٣) دیمانەی تایبەتی توێژەر، لەگەڵ جەمال عەلەمدار (پ- ١٥٧) هەولێر.

(٥٧٤) بۆ زنیاری زیاتر دەربارەی ئەم هێرشانەی لەشکری عێراقی بەتایبەت له ساڵی ١٩٦٩ بۆسەر بەشێکی پارێزگای سلێمانی بڕوانه. محەمەد عەلی ئیسماعیل، بیرەوەریەکانم (چاپی یەکەم ب- ش.چ ٢٠١٩)٢٤-٤٠.

(٥٧٥) یاسین سەردەشتی، ژیان و تێکۆشانی سیاسی ئەحمەد تۆفیق "عەبدوڵڵا ئیسحاقی(پ- ٤٧٨)١٤٧-١٤٨.

(٥٧٦) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٤٣٨-٤٣٩.

(٥٧٧) بۆتـان مسـتەفا، لەیـادی شـاعیرێکی کـورد پـەروەری زمانەوانـدا هـەژاری شـاعیری کوردایەتی"٢١٦ برایەتـی ئـەدەب و هونـەر (٢٣ی شـوباتی ٢٠٠١)١.

(٥٧٨) موحسین دزەیی، وێستگەکانی ژیانم- بەشی دووەم(پ- ٤٤٣)٢٣٢.

(٥٧٩) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩)٢٣٥.

(٥٨٠) دیمانەی تایبەتی توێژەر، لەگەڵ جەمال عەلەمدار (پ- ١٥٧) هەولێر.

بۆمـان روون دەبێتـەوە، بەگشـتی ڕۆڵ و هەڵوێسـتەکانی لـەم شۆڕشـە، کەلێنێکـی مێژوویـی لـەو قۆناغـە پڕکردووەتـەوە، کـە جێگـەی لـە مێـژووی نـوێ و هاوچـەرخ دیـارە[٥٨١] و ئـەو قۆناغـە سـەختە مێژوویـەی تێپەڕانـد، کـە بوونـە بەشـێک لـە ژیانـی سیاسـی ئـەو[٥٨٢].

لەلایەکـی تـرەوە، لەکاتـی گفتوگۆکانـی نێـوان بەغـدا و شۆڕشـی ئەیلـوول لـە سـاڵی ١٩٧٠، (سـەدام حوسـێن) بـە سـەرۆکایەتی شـاندێکی حکومەتـی عێراقـی، سـەردانی سـنووری حاجـی ئۆمـەران دەکات، دوای تەواوبوونـی کۆبوونـەوە و دانوسـتاندن، هـەژار بـە سـواری کۆپتەرەکـە دەگەڕێتـەوە بـۆ بەغـدا، بەهـۆی ئـەوەی کاتـی خـۆی بەیەکـەوە لەگـەڵ (سـەباح میـرزا)، لـە ئیـدارەی (مەبانـی عامـە) دەوامیـان کـردووە، دواتـر بـووە بـە سـکرتێری (سـەدام حوسێن) و لەگـەڵ هـەژار دۆسـتی یەکـتر بـوون، لەڕێـگا (سـەباح) پێـی گوتـووە کـە (مسـتەفا بارزانـی) داوای لە(سـەدام) بـۆ کـردوی ئـاگای لێـت بێـت[٥٨٣]. پاشـان (سـەدام) لـە ڕێـگای سـکرتێرەکەی بانگـی هـەژار دەکات، پرسـیاری لێـدەکات، کـە تـۆ کێـی و چیتکـردووە، (مسـتەفا بارزانـی) وا گرنگـی بـە تـۆ دەدا، هەژاریـش لـە وەڵامـدا گوتویەتـی: مـن هاوڕێـی (بارزانیـم) و لـە کۆمـاری کوردسـتان؛ بەیەکـەوە بوویـن، زۆر ڕێـزم دەگرێـت و ئـەوەش لـە چاکـەی خۆیەتـی.

وەک لـە سـەرەوە ئاماژەی پێکـراوە، پێشـتر هـەژار کارمەنـدی ئیـدارەی ( مبـاني عامـة) بـووە لـە بەغـدا، دوای پەیوەندیکردنـی بـە شۆڕشـی ئەیلـوول، موچەکـەی ڕاوەسـتاوە، بۆیـە (سـەدام) بڕیارێـک دەردەکات؛ لـەو ڕۆژەی فەرمانگەکـەی جێهێشـتووە، لـە سـاڵی ١٩٦٣وە بـۆ هەرمانگێـک بـڕی سـەد دینـاری بـۆ قەرەبـوو بکرێتـەوە، تـا سـاڵی ١٩٧٠ هەمـووی خانەنشـینی بـۆ ئەژمـار بکرێـت[٥٨٤]، ئەمـەش هاوکارییەکـی زۆر بـاش بـووە، لـەو کاتـەدا و کاریگـەری ئەرێنـی بـۆی هەبـووە و دۆخـی ئابـووری، زۆر بـەرەو باشـی ڕۆیشـتووە.

---

(٥٨١) هەژار موکریانی، شاعیری نەتەوە و مقاوەمەت" ٢٧٨٣ ڕۆژنامەی برایەتی (٢٣ی شوباتی ١٩٩٩)٨.

(٥٨٢) مەسـعود پەرێشـان، لـە هەشـتەمین سـاڵیادی مـام هـەژاری تێکۆشـەردا" ٢٧٨٣ ڕۆژنامـەی برایەتی (٢٣ی شـوباتی ١٩٩٩)٦.

(٥٨٣) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٤٦٣.

(٥٨٤) زاگرۆس شەرەفکەندی (پ-٧٢)هەولێر.

## تەوەرەی دووەم

## گەڕانەوەی هەژار بۆ بەغدا و ئێران

### گەڕانەوەی بۆ بەغدا ١٩٧٠- ١٩٧٥

هـەژار بـەردەوام هەوڵیـداوە پۆسـت و پێگـە ڕۆشنبیرییەکەشـی بـۆ خزمەتـی نەتەوەیی و ئامانجـە سیاسـییەکانی بەکاربێنـێ، خزمەتـی سیاسـەتی شۆڕشـی پێبـکات. لەکاتـی ئاشـتەوایی نێـوان شـۆڕش و حکومەتـی عێراقـی لـە سـاڵی ١٩٧٠، (مسـتەفا بارزانـی) لـە گونـدی حاجـی ئۆمـەران ڕاوێـژی بـە هـەژار کـردووە، کـە حکومەتـی عێراقـی دەیەوێـت پۆسـتی وەزیـری دەوڵەتیـان پێبـدات، داوای ڕوونکردنـەوە و ئیـش و کار و دەسـەڵاتەکانی ئـەو پۆسـتەی لێکـردووە، ئەویـش هەڵسـەنگاندن و شـیکردنەوەی ئـەو پۆسـتەی بـۆ ڕوونکردووەتـەوە، کـە خـۆی لـە دەسـەڵاتێکی ڕۆتینیـدا دەبینێتـەوە، مەبەسـتەکەی ئـەوەی گەیانـدووە، کـەوا حکومەتـی عێراقـی نایەوێـت، پۆسـتێک بـدات بـە کـورد کـە بتوانێـت سـوودی لێوەربگرێـت، ئەویـش دەسـت خۆشـی لێکـردووە، لەسـەر ئـەو وەڵامـە، بـەڵام دواتـر حکومـەت پێداگیـری کـردووە (مەسـعود محەمـەد) بـوو بـە وەزیـری دەوڵـەت[٥٨٥].

لـەدوای ڕێکەوتننامـەی ئـازاری سـاڵی ١٩٧٠[٥٨٦]، لەسـەر ڕاسـپاردەی سـەرۆکی پارتـی، هـەژار ڕۆیشـتووە بـۆ بەغـدا، بووەتـە سـەرۆکی یەکێتـی نووسـەرانی کـورد[٥٨٧]، کـە دواتـر لـە بەشـی ڕۆشـنبیریی بەتـەواوی ڕوونـی دەکەینـەوە، لـە کردنـەوەی یەکـەم کۆنگـرەی ئـەم یەکێتیـە، وتارێکـی تونـد و تیـژی لەمـەڕ هەلومەرجـی ئەوکاتـی سیاسـی خوێندووەتـەوە، هێرشـی کردووەتـە سـەر حکومەتـی بەغـدا، باسـی ئـەوەی کـردووە " ئـەو حەقـەی قـەرارە وەریگریـن سـەد یەکـی خوێنـی یەکـی ئـەو شـەهیدانەش نیـە کـە لـە

(٥٨٥) ئەمیر قازی، لە بیرەوەرییە سیاسییەکانم (پ-١٥٠)٩٧-٩٨.

(٥٨٦) بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی بەندەکانی، ڕێکەوتنامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ی نێوان حکومەتی عێراق و شۆڕش بڕوانە. تۆفیق نوری بەگ ناوی نهێنی: سەرکەوت بابانی، بیرەوەری مێژوویی لە تێڕوانینی کوردێکی نەتەوەیی بەرامبەر بە شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١(چاپی یەکەم چاپخانەی تاران ٢٠٢٠)١٢٢-١٢٧.

(٥٨٧) ک. شـارەزا، هـەژاری شـاعیری مـەزن و یەکێتـی نوسـەرانی کـورد" ١١٦ برایەتـی ئـەدەب و هونـەر (٢٦ی شـوباتی ١٩٩٩)١.

ڕێـگای ئـازادی کوردسـتان دراوە" لـە کۆتاییـدا هیـوای خواسـتووە کاربەدەسـتانی عێـراق، بەڵێنەکانیـان بەرنـە سـەر، کـە بەکوردیـان داوە، بۆئـەوەی جارێکـی تـر ڕۆڵەکانـی تووشـی خوێنڕشـتنی یەکـتر نەبنـەوە، خەڵکـی پێشـبینیان کـردووە، لەسـەر شـێوازی وتارەکـە، لەلایـەن دامـودەزگای ئاسایشـەوە دەسـتگیر بکرێـت(٥٨٨).

لەبـارەی ئـەو وتـارەی هـەژار خوێندوویەتیـەوە لـە دەفتەرێکـی تایبەتـی و بەدەسـت خەتـی خـۆی نوسـیویەتیەوە و لـە هیچ گۆڤـار و ڕۆژنامەیـەک بڵاونەکراوەتـەوە؛ بۆیەکەمین جـار لێـرەدا وەک خـۆی بـڵاوی دەکەمـەوە؛ کـە ئەمـە دەقەکەیەتـی:

نوێنـەری سـەرەک کۆمـاری پایەبـەرز دکتـۆر عەبدولسـتار ئەلجـەوادی برایانـی خۆشەویسـت، میوانانـی بەڕێـز و هاوڵاتیانـی عەزیـز.

زۆر خـۆم بـە بەختـەوەر دەزانـم کـە بەناوی دەسـتەی دامەزرێنـەری یەکیەتـی ئەدیبانی کـوردەوە بەخێراتنتـان دەکـەم و بەهاتنـی نوێنـەری سـەرەک کۆمـار بـۆ چاودێـری کردنـی کۆنگرەکەمـان و بەهاتنـی ئێـوەی میوانانـی خۆشەویسـت زۆر سـەربەرزین.

ئەمـڕۆ کـە بۆیەکەمیـن جـار لـە مێـژوی کـوردا دەتوانیـن بـە ئـازادی کۆنگـرەی یەکیەتی ئەدیبانـی کـورد بگریـن، لـەو ڕۆژە تاریخـی (مێـژوو) یانەیـە کـە هەرگیـز لەبیـر گەلـی کـورد ناچێتـەوە و هەتـا هەتایـە بـە شـانازیەوە یـادی بکاتـەوە.

گەلێـک سـەدە هاتـن و ڕابـردن، زانـا و نوسـەرانی زۆر پایـە بـەرز و بـە ناوبانـگ لـە کوردسـتانەوە سـەری هەڵـداوە و بەگەلێـک زمانـان نوسـیویانە و خۆیـان پێـوە ڕانـاوە، زۆربـەی زۆر لـەو نوسـەرە زەبـر بـە دەسـتانە کوردسـتانیان ئـەوی هەرگیـز بـە بیریـان دا نەهاتـوە زمانـی کـوردی و کوردایەتـی بـوە!!

لـە هـەر قاموسـی الأعلامێـک و لـە هـەر مێژونامەیەکـی کـۆن بڕوانیـن دەبینیـن و دەزانیـن کـە ئودەبـا (ئەدەبیـان) و نوسـەرانی کـورد بەڕەسـەن بە زمانـی نامـۆ چدەورێکیان گێـڕاوە و چەندیـن کتێبیـان لـە هەمـو باباتانـەوە بـە عارەبـی و فارسـی و تورکـی دانـاوە و زمانـە زگماکەکـەی خۆیـان وەلانـاوە و ئاوڕیـان وەسـەر نەداوەتـەوە. بۆچـی؟ و لەبەرچی؟...

(٥٨٨) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٤٦٣-٤٦٤.

میللەتـی کـورد زۆر غەریـب دۆسـت و دڵپـاک و بـێ فروفێڵـە، وەختـێ سـەلماندویانە کـە هەمـو ئیسـلام بـرای یەکـترن هیـچ گومانـی نەکـردوە کـە براکانـی دێنـێ هیـچ کاتێـک زیانـی پـێ دەگەیەنـن و مافـی ڕەوای پـێ ڕەوا نابینـن و تەنانـەت هەرگیـز ئـەو ڕۆژەی بەبیـردا نەهاتـوە کـە لەوانەیـە زمانـە زگماکەکـەی خـۆی لـێ قەدەغـە دەکـرێ و بەبـراش حیسـاب ناکـرێ و بـە نۆکەریشـیان قبـوڵ نابـێ.

لـەو سـەدان ساڵانەدا هەمیشـە هەسـت و نەسـت و بـود و نەبـودی کـورد بـە دەسـت ئـەو بـرا هـاو ئاینانـەوە بـوە! کـە زمانیـان کـوردی نەبوە و نوسـەری کـورد لە ڕێگـەی بژیو و ناوەرکردنـدا ناچـار بـوە بە زمانی گەلی دەسـەڵاتدار بنوسـێ و پایە و مایەی پـێ پەیدا کات.

وردە وردە کار گەیوەتـــە جێگەیـــەک زانـــا و خوێنـــدەوارە کوردەکـــە لای وابـــوە ئـــەو زمانـــەی ئـــەو هەیەتـــی بـــۆ ئـــەوە ناشـــێ پێـــی بنـــوسرێ بـــە زمانـــی دەشـــتەکی و نەخوێندەوارانـــی دانـــاوە.

ئەحمـەدی خانـی ئـەو دڵسـۆزە گەورەیـەی کـورد و ئـەو کوردسـتان پەرسـتە بـێ وێنەیـە کـە تـێ گەیـوە هـەر گەلێکـی کتێبـی بـە زمانـی خـۆی نەبـێ نـاژی و دەڵـێ: بۆیـە مـەم و زیـن نوسـیوە تـا کـەس نەڵـێ کـورد بـێ کتێبـە. تـێ گەیشـتوە کـە لەسـەر کـورد نوسـینە نوسـەرانی هاوچەرخـی خـۆی گاڵتـە بـە کتێبـە کوردیەکـەی دەکـەن و بـە تڵپـی بـۆ خۆشـی پـێ لەوەدەنـێ بـەڵام دەڵـێ بـەو حاڵەشـەوە گـوێ نادەمـێ وەک خـۆی دەڵـێ:

حاصـل ژعنـاد ئەگـەر ژبێـداد — ئـەو برعەتەکـر خیلافـی معتـاد

صافـی شـمراند وەخـار دوردی — مانەنـدی دەردی زبانـی کـوردی

ئینایـە نیظـام و انتیظامـی — کێشـایە جەفـا ژ بـۆوی عامـی

دا خەلـق نەبێـژن کـو ئەکـراد — بـی مەعریفەتن بـێ اصل و نیهاد

أنـواع میلـل خـودان کتیـبن — کورمانـج تەنـێ دبـێ حەسـێبن

حاجـی کۆیـی [حاجـی قـادری کۆیـی] کـە کوردسـتان پەرسـتی لـێ بۆتـە عیللەتـی سـەودا و ڕوئەکاتـە ئەوانـەی توانـج و تـەوس دەگرنـە کـوردی نووسـین و دەڵـێ:

مەڵێـن فەسـاحەتی کـوردی بە فارسـی ناگا
بەلاغەتیکـی هەیـە هیـچ زمانێـک نایگاتـێ
لـە بـێ تعصبـی کوردانـە بـێ ڕەواج و بەها

کەچـی وەک لـە پاشـان دەرەقەتـی لۆمـەکاران نەهاتبـێ وایـە، دەستیشـی لـە کـوردی نوسـین بەرنـەداوە و بـە کزێکـەوە شـیعرە کوردیەکانـی خـۆی تونـد دەبـاوەش گرتـون و فەرمویـە: ژوشـکیش بەچکـەی خـۆی پـێ نـەرم و نۆڵـە.

نالیەکـەی خەڵکـی خـاک و خـۆڵ کـە دوڕ و گەوهـەری بـە کـوردی داڕژتـون بـە تورەییـەوە ڕودەکاتـە شـاعیرانی هاوچەرخـی و دەڵـێ:

کەس بە اشعارم نەڵێ خۆ کوردیە و خۆ کردیە
هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی کاسبی معنا دەکا.

دیـارە لـەو ڕۆژگارانـەدا کـوردی نوسـین هەتـا لـە نـاو کوردانیـش بـە تایبەتـی لـە پـاش جەنگـی یەکەمـی جیهانـی گەلـی کوردیـش بـەرەو گەشـە پێـدان و زیندووکردنـەوەی زمانەکـەی شـنگڵی لـە خـۆ داوە و هەوڵـی داوە بگاتـە کاروانـی گەلانـی خـودا پێـداوی تـر.... دوژمنانـی کـورد زوو پێشـیان لـێ گرتـووە و هـەر نووسـەرێکی کـورد کـە بـە زێـر نەکـڕدراوە بـە قامچـی تـێ گەیانـدراوە کـە نابـێ ئـەو زمانـە بنوسـێ و نابـێ کتێبـی پـێ دابنـدرێ.

لـە هەمـو کوردسـتاندا تەنیـا لـە عێـراق زمانـی کـوردی بـە ڕەسـمی نـاسراوە بـەڵام ئەویـش بانێـک و پێنـچ شـەش هـەوا بـوە. هـەر تەنیا لـە هێندێـک و مەڵبەندی کوردسـتانی عێراقـدا کـوردی خوێنـدراوە ئەویـش لـە صەفـی (پۆلـی) پێنجـی سـەرەتایی تێنەپەڕانـدوە، منداڵـی کـوردی ئـەو مەڵبەنـدە کەمەشـی وشـە بـە وشـە عەرەبـی بـو کـراوە بـە کـوردی و پێـی خوێنـدراوە. لـە صەفـی (پۆلـی) شەشـەوە کـوردی لەبـەردەم هەڵگیـراوە و عەرەبـی صەفـی شەشـی بەسـەردا سـەپێدراوە. واتـە منداڵـی کـوردی خوێـن ناچـار کـراوە شـەش صـەف (پـۆل) بـە صەفێـک (پۆلێـک) ببـڕێ و دەگـەڵ منداڵـە عەرەبەکـەی ئامۆزایـدا لـە پـاش پێنـچ سـاڵ لـە عەرەبـی بـە جێـمان گـوێ بـە گـوێ بگاتـە ئـەو قەڵـە منـدارەی کـە

بـۆ سـەرکەوتن دیـار کـراوە بـەو پـێ یـە وەک تێدەگەیـن لـە ڕاسـتیدا کـوردی خوێندنەکـە مارێـک بـوە لـە ملـی منداڵـی هـەژاری کـوردی کڵـۆڵ هـاڵاوە.

ئەوەشـمان بـا لەبیـر نەچـێ کـە هـەر لەسـەرەتای دامەزرانـی دەوڵەتـی عێراقـەوە حکومەتانـی بـرای دینـی هـەر هەوڵـی ئەوەیـان داوە کـە لـەو تـۆزە مافەشـمان بکـەن و لـە بەڵێـن پاشـگەز ببنـەوە و ئـەوی بـەلای چـاوە سـاغەکەدا دەماندەنـێ لـەلای چـاوە کوێرەکـەدا لێـمان بدزنـەوە.

ئـەم دزی و گزیکاریـەش بۆتـە هـۆی ڕاپەڕیـن و بەگـژدا چونـەوەی کـورد و لەڕێـی پارێـزگاری مافـی نەتەوایەتـی خـۆی دا خوێنـی بەخـت کـردوە و ماڵـی کاول کـراوە و ئـەو تـۆزە مەدرەسـانەش کـە ئـەو تـۆزە کـوردی یـە نیوەچڵـەی تێـدا دەخوێنـدرا بـە بۆمبـا و گولـە تـۆپ سـوتاوە و ڕوخـاوە. حکومەتـی رابـردو بـە خەیاڵـی کـورد تواندنـەوە و کـوردی نەهێشـت زوڵمیـان لـە خۆشـیان و لـە هەمـو گەلـی عێراقیـش دەکـرد. خۆنەخـوازا لـەو دەسـاڵەی دوایـی دا کارەسـات گەیشـتە پـەڕی ئـەو پـەڕی و ئـەو بـەڵا گـەورەی کـە لـە خـۆت و خۆڕایـی بەسـەر عێراقـی کـورد و عـەرەب و عـەرەب و کـوردی عێراقـدا هـات لـە هیـچ کات و زەمانێکـدا نەدیـتراوە و نەبیسـتراوە. بـە هـەزاران و هـەزاران پیـر و لاو و ژن و پیـا و وسـاوا و لـە خـەم ڕەخسـاوی عـەرەب و کـورد لـە مەیدانـا و لـە برسـان مـردن خوێـن و ئارەقـی ناوچەوانـی ئـەم گەلـە درا بـە گولـە و بـرا بـە برایـەوە نـا و لـەو نـاوەدا تەنیـا اسـتعمار و خوێـن فرۆشـان و جاشـە دەسـبڕەکان قازانجیـان کـرد، نـە کـورد بـە زۆری توایـەوە و نـە ئاگـری شۆڕشـی نەتەوایەتـی کـورد بـە ئاگـری گولـە و بـاروت کوژایـەوە.

پیـاو هـەق بڵـێ پیـاوە عاقڵەکانـی حیزبـی بەعـث تەنیـا کەسـانێک بـون کـەوا دیـارە لـەو حەقیقەتـە حاڵـی بـون و پیاوانـە هاتنـە پێـش و وەک هەمـو ئینسـانێکی تێگەیشـتو دەسـتی برایەتیـان بـۆ دەسـتی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان درێـژ کـرد و مافـی نەتەوایەتی کوردیـان لـە بەیانـی یـازدەی ئـازاری مێژویـی دا ڕاگەیانـد و کۆمەڵـی بەدفـەڕ و بـە گـەڕ و خوێـن فرۆشـانیان لەبەریـەک بڵاوکـرد و ماکـی شـەڕیان دامرانـد و ئـەوا دەبینیـن ئـەو پێـک هاتنـەوە ئێمـەش لـە پایتەختـی عێراقـدا کۆبوینەتـەوە و بـۆ بوژانـەوەی زمـان و ئەدەبیاتەکەمـان تـێ دەکۆشـین...

دەڵێن ئەگەر سەرت لە کارێ دەرنەچو لە شارەزایان بپرسە. شارەزا واتە کوڕی شار بۆیەش ئەو ناوە بۆ کارزان و وریا دۆزراوەتەوە چونکە شارستانی لە خوێندن و زانستەوە نزیکە و لە دەشتەکی و خەڵکی گوندان پتر ئاگای لە چەرخ و خولی ڕۆژگار هەیە. خۆ بەتایبەتی لە شارستانیشدا چینی خوێندەوار و لە ناو ئەوانیشدا دەستەی نوسەر و شاعیران لە هەموان پتر لەسەر هەست و وریان گەرەکە لە خەڵکی تر زوتر بە دەردی خۆیان و گەلیان بزانن و ئەوان بەر لە هەمو کەس بەگژ گەل خۆراندا بچنەوە و لە ڕوی داگیر کەرانی وڵاتیان ڕاپەڕن و سەرکردایەتی گەل بگرنە دەست و ئامۆژگاری بەستە زمانانی هاونیشتیمانیان بکەن کە باری زوڵم و زۆر هەڵ نەگرن و لە ڕێگەی ئازادی و بەختەوەری گەلیاندا بمرێنن و بە پاکی بمرن.

بە درێژایی مێژوش هەر شۆڕشێکی ئازادی خواز بەرپابوە زۆربەی زۆری لە شارەوە، لە لایەن چینی وشیار و خوێندەوار و ئاگادارەوە دەستی پێ کراوە و هەر ئەویش دنەی خەڵکی تریان داوە کە بێنە یاریدەدانیان و ئامۆژگاری پیاوی ڕەمەکی و بۆرە پیاگیان کردوە و زانایانە تێ یان گەیاندون کە ئازادی چیە و بەهرەی چەندە و تا کوێ بە بنج و ڕیشەی ژیانی ڕۆژانە و بەسەرهاتی دواڕۆژی خۆیان و منداڵیانەوە بەندە..

کەچی نازانم بڵێم لەبێ بەختی یان خۆشبەختی کوردان بو کە لەم ڕۆژە مەزنەی دوای دا ئەو یاسایە بە پێچەوانە خۆی نواند و لە ڕاستیشدا زۆر سەرنج ڕادەکێشێ. شۆڕشە پیرۆزەکەی ئەم دەساڵەی دواییمان بە تەواوی گرانی کەوتە سەرشانی لاوە خوێن گەرمە نەخوێندەوار و نیوە خوێندەوارەکان و زۆر کەم لە ڕۆشنبیرانی شارستانی لەگەڵ کەوتن و زۆربەی ئەوانەش کە لە شارەوە هاتن لەوانە نەبون کە ناو و ناوبانگێکیان بوبێ بەچینی هەرە باڵای ڕۆشنبیران داندرابن.

ڕەنگە ئێستا هێندێک لە مامۆستایانی گوێگر بەو قسەیەم قۆشقی بوبن و بڵێن ئەدی بۆ فڵان و فیسار مامۆستا دەڵێن چی؟! ڕاستە دەزانم سەر لەهەوەڵەوە کە ئاگری گڕ پیرۆزی شۆڕشی کوردستان هەڵگیرسا کۆمەڵێک لە مامۆستایانی بە پایە و مایە دەستیان کرد بە فوکردن و بە دەست و داوێن باوەشێنیان دەکرد.

بـەڵام هەموشـمان دیتـمان کـە ئـەو مامۆسـتا فوکـەر و پـف دەرانـە چەنـد زو لـە تەقـە سـڵەمینەوە و لـە ژیانـی چیـا وەڕز بـون و کەوتنـە پەلـە قـاژەی خـۆ دەنـا و شـار هاویشـتنەوە و هێندێکییـان بـێ دەنـگ و ڕەنـگ چونـەوە ماڵـی خۆیـان و قرقپیـان کـرد و خێـر و سـەلامەت دەسـتیان بـە کڵاوی خۆیانـەوە گـرت بـا نەیبـا.

هێندێکیشـیان بونـە بـرای دایـک و بابـی داگیرکەرانـی کوردسـتان و سـەتڵ و پەقرەجیـان لـە پێشـەوە بـۆ هەڵگرتـن و لـێ بـڕا بـون تەنانـەت ئەگـەر پێداویسـت بـێ بـە خوێنـی پیسـی خۆشـیان بـێ ئـەو ئاگـرە خـوا کـرد، پیـرۆزە دامرێنـن.

بـەڵام زۆر سـوپاس بـۆ خـوا لـە ڕیـش هەڵپـڕوزان چڕوچـاو هەڵکـڕوزان بـەولاوە چیـان دەسـگیر نەبـو..

جگـە لـەو دو تاقمـەی نەتـرە بـەردەر و پـف کـەرەش کـە زۆر کەمینـە بـون بەسـەتان و هـەزاران لـە مهنـدس و دکتـۆر و ئەفسـەر و شـاعیر و نوسـەر و هونەرمەنـد و دەوڵەمەنـدی کـورد بەهیـچ ئاوایـەک کڵا نەبـون و دەتگـوت ئـەو شۆڕشـە کاری بـە کاری ئـەوان نـەداوە و ئـازاد و سەربەسـتی کوردسـتان ئـەوان ناگرێتـەوە، خۆیـان کـردە مەڕۆکـەی هەواڵـی بزنۆکـە و گوتیـان: (خوریلـەی خۆمـان خـۆش بـێ خانوچکەمـان بـۆ چیە؟)

برادەرێکـی مهندیسـی زۆر قەڵـەو ئـەم چیرۆکـەی بـۆ گێڕامـەوە گوتـی: (لەسـەرەتای شـۆڕش دا لـە ئەمەریـکا خوێنـدکار بـوم، هەرچیەکـم لەمـەڕ شۆڕشـی کوردسـتانەوە ببیسـتایە بـۆ پرۆفیسـۆرە فێرکارەکـەی خۆمـم دەگێـڕاوە. ڕۆژێـک پرۆفیسـۆری مامۆسـتام گوتـی فڵانـە کـەس ئێمـە وەک ڕۆژهەڵاتیـەکان کەیفـمان بـە درۆ کـردن نایـە چیـتر ئـەم خرافـات و خەیاڵاتـی شۆڕشـی کوردسـتانی نیشـتیمانت وەک شـتێکی ڕوداوی بەرچـاو بۆمن مەگێـڕەوە.. گوتـم مامۆسـتا خەیاڵاتـی چـی و درۆی چـی بـە هێنـدە سـویند و قورعانـە شۆڕشـی ئـازادی لـە نیشـتیمان دا هەڵگیرسـاوە و خوێـن ڕژان و ئاگـر پرژانـە و دنیـا هەمـو پێـی زانیـوە. گوتـی باشـە جەنابـی گەنجـی خوێـن گـەرم ئەگـەر ڕاسـت دەکـەی و شـۆڕش لـە وڵات دا هەیـە و گەلـت داوای مافـی ڕەوای سروشـتی خـۆی دەکا جەنابـت لـە ئەمەریکا چدەکـەی و بـۆ ناچیـە نـاو ئـەم شۆڕشـە پیـرۆزە؟ ئەگـەر ڕاسـتبکەی تـۆ جانەوەرێکـی وەحشـی و فـڕت بەسـەر ئینسـانەتەوە نیـە!!.)

جا سەیری خۆش لەوەدایە ئەوە مهندیسەی بۆ خۆی ئەم چیرۆکەی خۆی بۆ گێڕامەوە شەهادی سەند و هاتەوە عێراق و لە جەنگی شەڕ و هەرادا لەلای حکومەت دامەزرا و دەنگ و باسی شۆڕشی لە ڕێگەی رادیۆ و ڕۆژنامەوە پێ دەگەیشت و ئەویش لە پشت مێزەکەیەوە بە فیزێکەوە دەیدانە بەر فەلسەفەی خۆیەوە بەدەست هەڵتەکاندنەوە تعلیقی لەسەر لێدەدا و شی دەکردەوە و هەردەت گوت نەبای پێداهاتوە نە بۆران و جارو بارەش بۆ نیشاندانی نیشتیمان پەرستی خەڵکی ڕۆژئاوا چیرۆکە خۆشەکەی بە پێکەنینەوە بۆ هەمو موحتەرەمەکانی دەگێڕایەوە!!

ئێستاش کەوا تەقە وێستاوە بڕیاری پێکهاتن دەگەڵ حکومەت دراوە و ئەوانەی لە چیا و کەژ بون هاتونەتەوە شاران و چاویان بەو دۆست و یارە دێرینانە دەکەوێ گلە و [گلەیی] و ڕازو نیازیان پێکەوە دەکەن: ئەو برادەرانەی کە دەبوایە لە چیا بن و لە شار مانەوە و زۆر بە دڵ گەرمی دەڵێن: ڕاستە ئێوە لە چیا بون و ئێمە لە شار بەڵام هەر خۆزگەمەن بە خۆتان چونکە ئێمە لە ئێوە نارەحەت تربوین. خوا بۆ خۆی ئاگادارە ئەگەر بە لەش لێتانەوە دوربوین بە دڵ دەگەڵتان بوین و ساتێک لە دڵمان دەرنەدەکەوتن خەو وخۆراکمان لێ ببو بە ژەهرە مار..

لێم ڕونە ڕاست دەکەن. دەزانم زۆربەی زۆری ڕۆشنبیرانی کوردی دڵپاک بەدڵ دەگەڵ شۆڕش بون. جالێرە فەرمودەیەکی پێغەمبەری ئیسلام دەخەینەوە بیر کە فەرمویە:(کەسێک زوڵم لە زۆردار دەبینێ با بەگژی دابچێ. ئەگەر بەدەست بۆی نەکرا بەزمان، ئەگەر بەزمانیش بۆی نەڕوا بەدڵ، ئەمەش ئیمانی هەرە لاوازە) براکانم بەخودا حەزناکەم ڕۆشنبیرانی دڵسۆزی کورد خاوەنی ئیمانی وا لە جەرودڵگۆشت بێ پێشینان گوتویانە شیر و قەڵەم پێکەوە یەکتر تەواو دەکەن. ئێمەی ئیمان تۆزێک لاواز کە لەبەر هۆیەکەی تایبەتی خۆمان دەڵێین نەمان توانیوە قەڵەمەکەمان گوێ بە گوێشیرەوە کاربخەین دەتوانین ئێستا و لەمەودوا تۆڵەی ئەو دواکەوتنە بکەینەوە و خۆمان نیشان دەین..

نابێ لامان وابێ بە وێستانی تەقە شۆڕشەکەمان کۆتای هات. نەخێر نە شۆڕش پوچاوە- تەوە،؛ نە ئێمە کارمان براوەتەوە.. ئەوا وەک ئەیزانین لە سونگەی دەساڵ

خەباتی خوێناوی پێشمەرگە و لە سایەی سەرکردایەتی زانایەنەی بارزانی حوکمەت دەگەڵمان پێکهاتوە و دانی بەمافی ڕەوای کورد هێناوە و ڕایگەیاندوە کە کوردی وەک عەرەبی زمانی ڕەسمی دەبێ و ئازادی کوردی نوسین و کوردی خوێندن کەس پێشی پێناگری. کەوا بو بەو پێودانە شۆڕشی ئێمە نوسەرانی کورد ئەمڕۆ دەستی پێ کردوە و نۆرەی خۆڕانانی هاتو، گەلی کورد چاوە نوارە بزانێ ئێمە لە شۆڕشی خۆماندا چی بۆدەکەین؟ دەبا ئێمەش پیاوانە وەخۆ کەوین و لەمەیدانی پەرەپێدانی زمان و خوێندەواری دا پێشمەرگەی فیدا کار بین و ئەرکی سەرشانمان بە پوخت و پاراوی بەجێ بێنین. گەلی کورد هەزار ساڵە و زیاتریش لە ناو زیندانندا بە برسیەتی ئەتلێتەوە، تەنانەت ڕێگەی هاوارکردنیشی لێ بەربەست کراوە. ئەمڕۆ لەڕێگەی نوسین و هاوارکردنمان بۆ دیارکراوە و دەتوانین لە یەکیەتی نوسەراندا خۆمان کۆکەینەوە. با ئەو گەلە هەژارەمان لەبیرنەچێ، با کوردستان لەلامان لە هەمو شتێک پیرۆزتر بێ، باشەڕ و شۆڕی لاوەکی و باری هەوای و خۆ پەسندی لەناو بەرین، با هەمومان بەیەک دڵ و بەیەک دەنگ بۆ ڕزگاری گەل و نیشتیمان تێ بکۆشین، ئەوەندی بزانن هەتا گەلی کورد بە تێکڕای هەمووی سەرنەکەوێ و ئازاد نەبێ نوسەرانی کوردیش هەربێناونیشان دەمێننەوە. ئەوەندی کورد ئیحتڕام پەیدا دەکات ئێمەش دەگەڵیا دەبینە خاوەنی ڕێز و حورمەت پەیدادەکەین.

با لە ناو بۆتەی کوردستاندا هەمو ئاوات و ئارەزوی تاکی و خوێنیمان بتوێتەوە و پێکەوە کورد و کوردستان ببوژێنینەوە. با ئێمەش لە شۆڕش مەقافی خۆماندا وەک پێشمەرگە قارەمانەکانی چیا ئازابین و گەلمان تی بگەیەنین کە دەبێ بەرە و کوێ بڕوا و ڕێگەی تێک نەچێ.

بەهومێدم هەمو لایەکمان تۆڵەی خۆپەنادانی ڕابردومان بکەینەوە و لە پرتە و بۆڵەی ڕەخنەگران ڕزگاربین. ئەگەر تۆزێک ئازا و لە خۆ بوردوبین دەتوانین ببینە خۆشەویستی گەلە هەژارەکەمان و بەسەر بەرزی خۆمان بنوێنین.

ئیتر بەخواتان دەسپێرم.[٥٨٩].

(٥٨٩) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، دەستنووسەکانی شاعیری گەورە
لەلایەکی دیکەوە، هەژار زۆر دژی گەندەڵی بوو، کە بەرپرسانی کورد کردوویانە،

ئەمــەش زیاتــر لــەدوای ڕێککەوتنــی ١١ی ئــازاری ١٩٧٠ دەرکەوتــووە، بەشــێک لــە بەرپرســەکانی کــورد لــە بەغــدا و شــارەکانی تــر پۆســتی جۆراوجۆریــان پێــدراوە، ســەرقاڵی پــارە کۆکردنــەوە و دروســتکردنی کۆشــک و تــەلار بــوون، گرنگیــان بــە پێشــمەرگە نــەداوە کــە ئــەوان پاڵەوانــی شــەڕ و ڕۆژە ســەختەکان بــوون و لــە بیــر خۆیــان بردونــەوە و کــە ڕژانــە نــاو شــارەکان و چونــە ڕیــزی بێکارانــەوە. هەژاریــش قســەی لــە دژیــی بەرپرســەکان کــردووە، ئــەم بابەتــەی لــە گۆڤــاری هەولێــر ژمــارە ١ی ٣ی مایســی ١٩٧١ بــە ناونیشــانی (حەلــەق مەلــەق) ، لەســەر گەندەڵــی بڵاوکردووەتــەوە؛ کــە ئەمــە بەشــێکە لــە شــیعرەکە:

مامــە گیــان ســڵاوی بۆنــدار — پیــرۆز بــێ قەنەفــە و کورســی
گــەر لــە بچوکــی خــۆت ئەپرســی — مــاوم بــەڵام بــە لارە لار...
مامــە گیــان ئــەو کاتــە لــە چیــا — پێکــەوە دەژیایــن لــە ئەشــکەوت
ڕانــک شــڕۆڵ و کڵاش چــەوت — لــە هیــچ شــتێک نەبوویــن جیــا...
بەنــاو ئازادیــمان وەرگــرت — تــۆ هاتییــە شــار و ئەفەندیــت
کــەس نازانــێ چۆنــی و چەندیــت — خانووی شەش - حەو قاتت سەرگرت
یانســیبت بردۆتــەوە — قاســەت لــە پــارە ئاخنیــوە
زۆربــەی زێــڕە و کەمــی زیــوە — منیشــت لەبیــر چۆتــەوە...
گوتــم بــێ جلکــم، بــێ تینــم — مەدرەســەی دەوێ زارۆکــم
فەرمــوت: دەبــەردە بەرۆکــم — نابــێ جــارێ تــر بتبینــم...
بــێ ئەمــەک! بــە خوێنــی ئاڵــم — کورســی بــەرزم بــۆ تــۆ کــڕی
تــۆش چڵمــی خــۆت بــە مــن ســڕی — تــۆ ســازی و مــن ژیــان تاڵــم
بــا وابــێ مامــە! باوابــێ — بــا خوێــن بەهــای مــن فیڕۆبــی
هەرچــی مــن کــردم بــۆ تۆبــێ — بــا ئــەو قــەرزەی مــن فەوتابــێ[٥٩٠]

بۆیــە بەشــێک لــە بەرپرســەکانی کــورد، ئەوانــەی دزی و گەندەڵیــان ئەنجامــداوە؛

---

هــەژار موکریانــی (فایلــی ژمــارە AL-٤٣ - ڕۆژی ١٠ئابــی ٢٠٢٤ ســەردانی ئــەم ئەرشــیفەم کــردووە). بــۆ زانیــاری زیاتــر؛ بڕوانــە پاشــکۆی ژمــارە ٧.

(٥٩٠) هیمدادی حوسێن، ڕۆژنامەوانیی کوردی گۆڤاری هەولێر ١٩٧٠-١٩٧٢ (پ- ٨)٤٤٨-٤٤٩.

دژی وەستاونەوە، لای (مستەفا بارزانی) سکاڵایان لە دژی کردووە، بەڵام دوای ڕوونبوونەوەی بابەتەکەی پشتیوانی لێکردووە[٥٩١]، بەهۆی ئەوەی ئەوکات (محەمەد مەولود-مەم) سەرنووسەری گۆڤاری هەولێر بووە، هەر لەسەر بڵاوکردنەوەی ئەم شیعرە (مەم) دەستگیرکراوە[٥٩٢]، ئەم دەستگیرکردنە لەسەر داوای (عەبدولوهاب ئەتروشی) پارێزگاری هەولێر، سکاڵای لای (ئیحسان شێرزاد) وەزیری بەلەدیات لە بەغدا کردووە و ئەویش بڕیاری لەسەر داوە، بەڵام هەژار گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و لە ناوچەی حاجی ئۆمەران و داوای لە سەرۆکی پارتی کردووە، ئەویش فەرمانی بە (عەبدولوهاب ئەتروشی) پارێزگاری هەولێر کردووە و ئازاد کراوە، بەڵام دواتر وازی لە سەرپەرشتی گۆڤاری هەولێر هێناوە[٥٩٣]. ئەم هەڵوێستەی وەک کاردانەوەیەک بەهۆی ئەو بێڕێزیەوە بووە کە لەلایەن (عەبدولوهاب ئەتروشی) دەرهەقی کراوە؛ ئەمەش نیگەرانی کردووە و نەچووەتەوە سەرکارەکەی.

جێگای ئاماژەیە پێچەوانەی زۆربەی بەرپرسانی کورد لە بەغدا کە لە سەرەوە تیشکی خراوەتەسەر، زۆربەیان لەبەر وەرگرتنی پۆست و کۆکردنەوەی پارە ئەرکە نیشتیمانی و نەتەوەییەکەیان لە بیرچۆبۆوەوە. لەبری خەمی خاک و نەتەوە خەمی خۆ دەوڵەمەند کردن و کۆشک و تەلاریان هەبووە. هەژار پێچەوانەی ئەو بەرپرسانە بیری کردۆتەوە و هەڵسوکەوتی کردووە؛ هەمیشە خەمی خاک و نەتەوەی کوردی پێش هەموو بەرژەوەندییەکانی دیکەی بووە.

هەر لە گۆڤاری هەولێردا هەژار موکریانی لەبارەی جەژنەکانی ئازار و نەورۆز چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ئەنجامدراوە و ڕای خۆی دەربڕیوە و پێی وایە؛ بەیانی ١١ی ئازار دەستکەوتێکی گرنگ و سەرکەوتنێکی مێژووییە بۆ گەلی کوردستان، لەم قۆناغەدا کۆتایی بە شەڕی ناوخۆیی و دووبەرەکی و ململانێی نێوخۆی کورد هێناوە، ڕیزەکانیان ڕێکخستووە و لە دەورەی یەک سەرکردایەتی کۆبوونەتەوە. حکومەتی عێراق بەشێوەی

(٥٩١) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩)١٦٤.
(٥٩٢) ئازاد حەمە شەریف، مەحەمەد مەولود مەمی شاکار نووس(پ- ٤٥١)٥٣.
(٥٩٣) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٤٧٨-٤٧٩.

فەرمـی دانـی نـاوە بـە مافـی گەلـی کـورد و لـەم چوارچێـوەدا چەسـپاندویەتی لـەم باریـەوە دەڵـێ" بەبـڕوای مـن ئەگـەر بەیانـی (١١)ی ئـازار جگـە لـە ڕاگەیاندنـی حوکمـی زاتـی کوردسـتان هیچـی تـری بـاس نەکردایـە، هێشـتا هـەر زۆر قازانجێکـی گەورەمـان کـردووە، چونکـە ئـەوە یەکـەم لـە مێـژوودا یەکێـک لـەو حوکمەتانـەی دەسـتیان بەسـەر کوردسـتان دا ڕۆیشـتووە بەدەمـی خـۆی هـاوارکا و بـە دونیـای ڕابگەیەنـێ کـە کوردیـش گەلێکـی سـەربەخۆیە و خاوەنـی خاکـی خۆیەتـی و زمـان و ئەدەبـی جیـاوازە و مافـی ژیانـی وەک هەمـو گەلانـی جیـاوازی جیهـان هەیـە. بەیانەکـە بـو بەهـۆی یەکگرتنـی کـورد و لـە دەوری سـەرکردایەتی بارزانـی کـۆی کردنـەوە کـە بەبیـری مـن ئەمـە لەڕاگەیاندنـی مافـی ئۆتۆنۆمـی بەهرەدارتـر بـوو".

ئەگـەر ئاوڕێکـی خێـرا لـە مێـژووی گەلـی کـورد بدەینـەوە، دەبینیـن یـەک لـە خاڵـە لاوازەکانـی ئـەم ناتەبایـی و خۆخـۆری و یەکـتر قبـوڵ نەکـردن بـووە لەنێوانیانـدا؛ دوژمنانیشـیان ڕۆڵێکـی سـەرەکیان گێـڕاوە و ئاگـری ئـەم دووبەرەکییەیـان زیاتـر کـردووە و بەگـژ یەکتریـان داکـردوون و خوێنێکـی زۆریـان لەیەکـتر ڕژانـدووە؛ بەپێـی بەرژەوەنـدی خۆیـان بەکاریـان هێنـاون. بەمـەش بـەرەو لاوازی ڕۆیشـتوون و کێشـەی گـەورە و زەقـی سیاسـی و کۆمەڵایەتیـان لەنێـوان دروسـت بـووە، سـەرئەنجام ڕیزەکانیـان پەرتـەوازە بـوون و دۆزی گەلـی کـورد بـەرەو پێشـەوە نەچـووە.

لـەم باریـەوە هەر ئاماژەی بۆ ئـەوە کردووە "بە درێژایی مێژوو دوژمنانی کوردسـتان کوردیـان بـە کـورد بەکوشـت داوە. هـەر بـەوە برتمـان لـێ بـڕاوە، واتـە وەک دەڵێـن: بـە داریـان گـوت بـۆ دەقەڵشـی گوتـی: دەسـکەکەم لـە خۆمـە هومێـدم زۆرە تـازە نەبینەوە بـە دەسـکە بیـور و ئـەم چرایـەی کە لـە ١١ی ئـازاردا هەڵکـراوە ڕۆژ بە ڕۆژ گـڕ و گڵپەی بەرزتـر و دیمەنـی تەرزتر بێت و تاریکایی هەزار سـاڵەی سـەر کوردسـتان بڕەوێنێتەوە و کوردیـش لەنـاو گەلانـی ئـازد و بەختیـاری جیهاندا بە سـەربەرزی خـۆی بنوێنێ".

سـەبارەت بـە نـەوزۆز کـە جەژنێکـی نەتەوایەتـی کـوردە و لـە دێـر زەمانـەوە سـاڵانە لـە یەکـەم ڕۆژی سـەری سـاڵی کـوردی کـە هاوکاتـە لەگـەڵ یەکـەم ڕۆژی وەرزی بەهـار و جەژنـی نـەورۆزە. کـە لـەم ڕۆژەدا لـە شۆڕشـێکی خوێناویـدا گەلـی

کـورد توانــی ســەرکەوێ بەســەر دوژمنەکەیــدا؛ نیشــانەی زاڵ بوونــی هێــزی ڕوناکــی و ئــازادی یــە بەســەر هێــزی زۆرداری و تاریکــی، ئــەم جەژنــە چــۆن دەرگای ڕزگاری و ئــازادی بــۆ گەلــی کــورد کــردەوە لەســەردەمی خۆیــدا؛ هەروەهــا دەرگای بەهاریــش لەســەر کوردســتان دەکاتــەوە؛ بۆیــە پێویســتە ڕێــزی لــێ بگیــرێ و ســاڵ بــە ســاڵ یــادی بکرێتــەوە وانــەی ئــازادی و خەباتــی لێوەربگیــرێ.

داگیرکەرانـی کوردسـتان هەوڵیـان داوە بەتـرس و تۆقانـدن ڕێگـری لـە یـادی ئـەم جەژنە نەتەوەییـە بگـرن؛ مەبەستیشـیان ئـەوە بـووە گیانـی نیشـتیمانپەروەری و شۆڕشـگێڕی لـە تاکـی کـورد لاواز و بمرێنـن، بـەڵام بـە پێچەوانـەوە، تاوەکـو ئـەوان زوڵـم و زۆریـان زۆرتـر بـووە و فشـارەکانیان لـەم ڕووەوە زیاتـر کـردووە؛ ئـەوا نەتـەوەی کـورد بەجـۆش و خرۆشـتر و فراونـتر و موراڵـی زیاتـر ئـەم یـادەی کردۆتـەوە و زۆر جاریـش لـەم پێنـاوەدا قوربانـی بـە ڕۆڵەکانـی داوە و خوێنـی ڕژاوە؛ نـەورۆز بـۆ نەتـەوەی کـورد هێـمای سـەرکەوتنە.

دەربـارەی جەژنـی نـەورۆز هـەژار لـەم چاوپێکەوتنـەدا ئـاوا وەڵامـی ئـەم پرسـیارەی داوەتـەوە و دەڵـێ: "جـەژن واتـا بیـرەوەری ڕوداوێکـی بەنـرخ و گرینـگ لـە ژیانـی گەلدا... نـەورۆز یـادی شۆڕشـێکی خوێنـاوی ئـەم گەلەیـە کـە تیـا سـەرکەوتوە و لەژێـر چنگورکـی زۆرداران دەرکەوتـووە، جـا ئەگـەر لـە شـاران لـە ترسـی نەیـاران و جاروبـار ویسـتویانە ئـەو جەژنەمـان لەبـەر چـاو بخـەن و نیازیـان ئـەوە بـوە گیانـی شۆڕشـگێڕیمان بمرێنـن و پاڵەوانەتـی ڕابردوومـان لەبیربەرنـەوە، چینـی نەخوێنـدەوار و دەوارنشـین دەشـتەکیە دەسـکاری نەکراوەکامنـان هەرگیـز لەبیریـان نەچـووە و ئاگـری نەورۆزیـان کردووەتـەوە و لەسـەر ئـەوە سـور بـوون کـە نابـێ ئاگـری پیـرۆزی شۆڕشـی نـەورۆز بـێ ئـاور و دوبێـت و ئـەو کوانـوە بزیسـکی لـێ ببـڕێ.

ئێســتا کــەوا گەلــی کــورد خەریکــە بەخۆدادێــت و دەبوژێتــەوە نابــێ هەرگیــز ئاگــری شۆڕشــی ئازادیخوازانــەی بکوژێتــەوە و زۆر پێویســتە نــەورۆز بــە جەژنێکــی هــەرە پیــرۆز بزانێــت و لــە یادکردنــەوەی دەرســی ئازایەتــی و گیــان بــازی فێــر ببێــت و هەرچەنــدە ڕێــزی لــێ بگــری کەمــە"

سـەبارەت بەشـاری هەولێـر، هـەژار پێیوایـە دەبـێ دانیشـتوانی ئـەم شـارە زیاتـر

گرنگی بە خۆیان و پێشخستنی شارەکەیان بدەن؛ بۆئەوەی لە شاری تر دوانەکەوێ و دەبێ داوای خزمەتگوزاری لە کاربەدەستان بکەن. پێویستە نەخۆشخانە و قوتابخانە و کارگەی زیاتر دروست بکەن. بەمەش پێشکەوتنی بەرچاو سروست دەبێ؛ لەبری ئاڵا لە گۆڕستانەکان دەبێ لەسەر یەکە گارگێڕییەکانی شارەکە بدرەوشێتەوە.

هەر لەم چاوپێکەوتنەدا لەگەڵ گۆڤاری هەولێر لە بارەی شاری هەولێر ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە" بەر لەوەی باسی شاری هەولێر و دواکەوتنەکەیم لێ بکرێ؛ ڕۆژێک بەناو شاری هەولێردا تێپەڕدەبووم توشی چەند گۆڕستانێک هاتم لە ناوەڕاستی شاردا کە بەڕاستی سەرنجیان ڕاکێشام. وام بەدڵ دا هات کە زیندووەکانی هەولێر وەک بیر لە مردووەکانیان دەکەنەوە نیو ئەوەندە بیر لەخۆیان و لە ژیانی ڕۆژانەیان بکەنەوە هەوڵ دەدەن شارەکەیان لە هیچ شارێکی تر دوانەکەوێ و ئەگەر بەدەستی گەل داوای خۆش بونی شارەکەیان لە کاربەدەستان بکەن و لە جیاتی ئاڵای ڕەنگا و ڕەنگی گۆڕستانەکان گەلێک ئاڵا بەسەر مەدرەسە و خەستەخانە و کارگەوە دەبینن... قسە قسە دەبڕێ: پێغەمبەری خوا درودی خوای لەسەر بێ فەرمویەتی (خیر القبور الدوارس)، واتە چاترین قەبرەستان ئەوانەن کە شوێنەواریان نامێنێ"[(٥٩٤)].

لە لایەکی دیکەوە ئەو کاتەی هەژار ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری کورد بووە؛ یادی (حاجی قادری کۆیی) شاعیر و نیشتیمانپەروەری کورد؛ لە شارۆچکەی کۆیە کراوەتەوە، وەک نوێنەری کۆڕی زانیاری کورد بەشداری کردووە و وتارێکی سیاسی خوێندووەتەوە. هەرچەندە هەژار لە دەستنووسەکەیدا ئاماژەی بۆ مێژووی ئەو ڕۆژە نەکردووە؛ بەڵام دوای بەدواداچوونم بۆم دەرکەوت لە گۆڤاری برایەتی یادی حاجی قادری کۆیی لە ٢٤-٢٦ ی حوزەیرانی ١٩٧١ کراوەتەوە؛ ئەویش تەنیا ناوی ئەو کەسانەی هێناوە کە وتاریان خوێندووەتەوە؛ دەنا وتارەکانی بڵاونەکردووەتەوە، لەسەر هەژار تەنیا ئەوەندەی نوسیوە "ووتاری کۆڕی زانیاری کورد مامۆستا هەژار موکریانی"[(٥٩٥)].

---

(٥٩٤) هیمدادی حوسێن، ڕۆژنامەوانیی کوردی گۆڤاری هەولێر ١٩٧٠-١٩٧٢(پ- ٨)٣٩٧-٣٩٩.

(٥٩٥) ئاری فاروق نانەکەلی، برایەتی ١٩٧٠-١٩٧١ دووەمین گۆڤاری سیاسی ئاشکرای پارتی دیموکراتی کوردستان (هەولێر ٢٠٢٠)٥٥.

لێرەدا بەشێوەیەکی کورت تیشک دەخەینە سەر ناوەڕۆکی وتارەکەی هەژار موکریانی:

بەهـۆی ئـەوەی هـەژار هـەر لـە منداڵییـەوە زۆر خولیـا و شـەیدای (حاجـی قـادری کۆیـی) بـووە و چـاوی نیشـتیمان پەرسـتی بـە شـیعری ئـەو پشـکوتووە و بـەردەوام هۆگری بـووە. بۆیـە کاتێـک یـادی ئـەم شـاعیرە نـاوادارە دەکرێتـەوە؛ دەبێتـە دەرفەتێـک بـۆ هـەژار تاوەکـو ئـەوەی چەندیـن سـاڵە لـە دڵیدایـە و پەنگـی خواردووەتـەوە دەری ببـڕێ؛ لێـرەدا کەسـایەتی (حاجـی قـادری کۆیـی) هەڵسـەنگاندووە کـە سـەرەڕای ئاوارەیـی و دەربەدەری ڕووت و ڕەجاڵـی و نەبوونـی؛ بـە کوردسـتانی گـەورەدا گـەڕاوە و لەسـەر حەسـیرە شـڕەی مزگەوتـان ماوەتـەوە و بیـری لای نیشـتمانەکەی بـووە، کـەوا چـۆن لەنێـوان داگیرکەرانـی کوردسـتان دابـەش و پارچـە پارچـە کـراوە، سـەروەت و سـامانیان بـە تـاڵان دەبـەن.

بۆیـە هـەژار داوا لـە گەلەکـەی دەکات پشـت بـە داگیرکـەر نەبەسـتن؛ هانـی گەلـی کـوردی داوە گرنگـی بـە خوێنـدن بـدەن؛ چـاو کراوەبـن و واز لـە دوو بەرەکـی و یەکـتر خـۆری و ململانـێ بێنـن، بەیەکگرتـووی دەتوانـن بـە ئامانجەکانیـان بگـەن؛ بۆیـە هانـی داون دەبـێ داوای مافەکانـی خۆیـان بکـەن؛ گرنگـی بـە خوێنـدن بـدەن و یەکگرتووبـن؛ بـاس لـە زمانـی کـوردی دەکا و ڕوو لـە ئامادەبـوان دەکا و دەڵـێ" زمانەکەتـان بەلاغێکـی هەیـە هیـچ زمانـێ نایگاتـێ". گرنگـی بـە زمـان بـدەن مەترسـی خـۆی لـەم بارەیـەوە دەردەبـڕێ و پێـی وایـە ئەگـەر شـەڕو دژایەتـی یەکـتر بکـەن زمانەکـە بـەرەو لەناوچـوون دەچـێ. داوادەکا واز لـە دووبەرەکـی و ململانـێ بێنـن و پشـتی خۆتـان بـە داگیرکـەران مەبەسـتن.

هـەژار ئـەوەی خسـتۆتەڕوو، بۆئـەوەی گەلـی کـورد ڕزگار و ئـازاد بـێ، پێویسـتی بـە خەبـات و قوربانیـدان و کۆڵنەدانـە ئەمـەش لـە ڕێـگای خوێنـدن و شـۆڕش و ڕاپەڕینـەوە دەبـێ. کـە نموونـەی بـە ئـەو دەسـتکەوت و ئازادییـە دێنێتـەوە کـە لەئەنجامـی خەباتـی گەلـی کـورد لـە دوای ڕێکەوتننامـەی ١١ی ئـازاری ١٩٧٠ لەنێـوان شـۆڕش و حکومەتـی عێراقـی هاتووەتـە ئـاراوە.

لەبـارەی ئـەو وتـارەی هـەژار خوێندوویەتیـەوە، لـە دەفتەرێکـی تایبەتـی و بەدەسـت خەتـی خـۆی نوسـیویەتەوە و لـە هیـچ گۆڤـار و ڕۆژنامەیـەک بڵاونەکراوەتـەوە؛ بۆیەکەمین

جـار لێـرەدا وەک خـۆی بـڵاوی دەکەمـەوە؛ کـە ئەمـە دەقەکەیەتـی:

لە بیرەوەری حاجی قادردا لەشاری کۆیە.

خوشـک و برایانــی بەڕێـز: بۆمــن زۆر مایــەی بەختەوەریــە لەلایــەن کــۆڕی زانیــاری کــوردەوە وەک نوێنەرێــک ڕاســپێراوم پیرۆزبایــی و هاودەنگــی کــۆڕی زانیــاری کــورد پێشـکەش بـەو ئاهەنـگ گێڕانـە بکـەم کـە یـادی حاجـی قـادری نەمر دەکـەن. لـە جیاتـی ئەندامانـی کـۆڕ سوپاسـتان دەکـەم کـە لـەو بانگهێشـتنە مێژویـەدا ئێمەتـان خوێندۆتـەوە، بـە هومێدیــن بتوانیــن لــە ئاینــدەی زۆر نزیکــدا بەسەربەســتی و دەســەڵاتی زۆرتــرەوە یـادی هەمـو پیـاوە مێژویەکانمـان بکەینـەوە لـە یادیـان نەکەیـن و زۆر بـە ڕاشـکاوی ئـاوڕ لەمێـژوی پــڕ لــە شــانازیمان بدەینــەوە.

ئیتر سوپاس

برایانــی بەڕێــزم: وەک ڕام گەیانـد مـن بـە نوێنـەر لەلایـەن کـۆڕی زانیـاری کـوردەوە هاتـوم. بـەڵام هاتنەکـەم لکـێ لـێ دەبێتـەوە یەکـەم ڕاسـپاردەی کـۆڕی زانیـاری کـوردم و سـەلام و پیرۆزبایـی ئەوانـم ڕاگەیانـد.

دوهـەم: نابـێ لەبیرتـان بچـێ کەخـۆم هـەژارم و دڵدارێکـی سـوتاوی نـوسراوی حاجـی قـادرم. پێـم خۆشـە ئەگـەر وەک پیرێژنەکـەی سـەرە پەتێکـی هێنابـو: یوسـفی پـێ بگـرێ و گوتـی بـەس نییـە دەڵێـن لـە کڕیارانـە؟ منیـش بەچـەن وشـەیەکی هەژارانـە لـەم ئاهەنگـە بـەژداری بکـەم، بـە هومێدیشـم کـە ئێـوە لەوانـە نەبـن کـە دڵـی هـەژاران بشـکێنن..

سێیەمیش لە دوای وتارەکەی خۆم ڕادەگەینم چونکە بە پاروە خۆشەی دەزانم:

حاجی قادر چی کوردە؟

لەبـەر کوڵێکـدا کـە بـۆ مـەم و زینـە موکریانیەکـەم نوسـیوە گوتومـە: چـاوی نیشـتیمان پەرسـتیم بــە شــیعری حاجــی قــادر پشــکوتوە، ڕاســتیش هــەر ئەوەیــە: هــەر لــەزۆر منداڵیمـەوە هۆگـری حاجـی قـادر بـوم و هـەر ئەوەیـش فێـری کـردوم کـە ڕوگـەی پیـرۆزم کوردسـتان بـێ و کـوردم خـۆش بـوێ ئـەو نیـازە لێـم ببـێ بـە مەودایـەک هەتـا مـردن و بگـرە پـاش مردنیـش هـەر بـەو نەخۆشـیە خۆشـە بتلێمـەوە و تاوتوێـی ئـەو ئـا هۆیـەی لـە

حاجیـم گرتۆتـەوە هەرگیـز بـەرم نـەداوە هەرگیـز بـەری نـادەم. لـە خـواش دەپاڕێمـەوە کـە هەمـو گەنجێکـی کـورد لـەم کوردسـتانە توشـی ئـەو دەردە گـران و گرانبەهایـە ببـێ و ئـەوە هەمولایەکـمان بـە هـاودەردی لێـک کۆببینـەوە و بابـە تایـەر گوتەنـی:

جـەرگ سـوتاوەکان بالێـک وەکۆبیـن کـەر هەرئێمەیـن بـە دەردی یـەک بزانیـن. زۆر جـار لـەزۆر لاوە بـەر شـیعرەکانی حاجـی یـەوە کروشـمەم کـردوە و بـۆی کەوتومـە بیـری بیـر لـێ کردنـەوە، فەرمایشـتەکانی دەوری دڵ و مێشـکیان داوم و سـەرنجیان ڕاکێشـاوم. بـۆ نمونـە لـە جێگەیکـدا دەڵـێ: بـێ جێـگا و مـاڵ و منداڵـم و لـەم ڕۆژگارەدا هـەر خـۆم کەلەپورگـری عیسـام ئـەو قسـە هێنامیـە سـەر ئەو بیرە عیسـا مەسـیح و حاجی لـە بەریەک ڕانێـم و پێکیـان بگـرم و بەراوردێکیـان لـە نـاودا بکـەم. داخـۆ ئـەم دوانـە هـەر بـێ ژن و ماڵـی دا تـای یەکترهاتونـەوە؟ یـان ئـاکار و ڕەفتـار و موجـزات ئـەرک و ئازاریشـیان یەکـتر دەگرێتـەوە و لێـک دەچـن؟

مەسـیح منداڵێـک بـوە بەبـێ بـاب گـەورە کـراوە و هیـچ ئاشـتەبای خـوای لـە دنیـادا شـک نەبـردوە، هـەر کـە سـەری هەڵێنـاوە چـاوی گێـڕاوە و فامـی کردۆتـەوە: دنیایەکەی پڕ لـە زوڵـم و زۆر و ڕوتاندنـەوە و چەوساندنەوەی دیـوە، دڵـی بـە هـەژاران و دەردەدارانـی گەلـە لێقەوماوەکـەی سـوتاوە. ئیـتر خـۆی پـێ ڕانەگەیـراوە و نـاوی خـوای لـێ هێنـاوە و بیـری خۆپەرسـتی و ژیانـی پەتـی وەلانـاوە پـڕ بـەدەم هـاواری کـردوە کـە زۆرداران دەسـت ڕاگـرن و ئامـۆژگاری هەژارانـی کـردوە کـە بـەزۆر لێکـراوی نەمێننـەوە و لـە ڕێگـەی وە دەسـت هێنانـی مافـی مرۆڤایەتـی خۆیانـدا پـێ داگـرن و بیسـێنن.

مەسـیع هەتـا سـەر لەسـەر مەبەسـتی پیرۆزی خـۆی سـوربوە و دار و قامچـی زۆردارانی بـە خوێنـی خـۆی سـورکردوە ئـەو فەرمودەیـەی خـۆی کردۆتـە سـەر مەشـق و ڕێبـەر کـە فەرمویـە: جوتیـار ئەگـەر بـۆ دواوە ئـاوڕی داوە گای بەگاسـن هەنگـاوە. هەتـا لەسـەر زەوی مـاوە ئـاوڕی لەخـۆی نەداوەتـەوەوە، کاتـێ کۆچیشـی کـردوە ئـەوا دەزانیـن کـە زۆر لـە ڕۆژگاری ژیانـی ڕواڵەتـی زیندوتـر ژیـاوە و خۆشەویسـتی مەسـیح لـە دڵـی تێپەڕانـد گەیوەتـە ڕادەیەکـی وا کـە زۆر لـە گەلانـی سـەرزەمین هـەر بـە پەرسـتن دەپەڕێنـن.

حاجـی قـادری ئێمـە دەتوانـم بڵێـم بەبـێ دایـک و بـاب گـەورە بـووە؟ بابـو دایکێکـی

هەژار و نەداری خەڵکێکی چەپەک لەم کوردستانە کەژوایەدا دەبێ چیان لە ژیانی حاجی زیاد و کەم کردبێ؟، فەقیرەیەکی ڕوت و ڕەجاڵ، بێ کەوش و کاڵەک بەباڵەک دا هەڵوەدابێ و بەهەوای نانە ڕەقە لەسەر حەسیرە شڕەی مزگەوتان شانی دادابێ و بە سەرگەردانی بەناو کوردستانی ئەم دیو ئەو دیودا گەڕابێ و لەسەر پەرێشانی خۆشیەوە زۆر بە زیتی ئاوڕی لە دەوروبەری خۆی دابێتەوە و دیبێتی: کوردستانی نیشتیمانی کورد و خۆی و باب و باپیرانی لەنێو کڵاوە سور و کڵاوە ڕەشەندا بەش کراوە، خزم و کەس و هاوزمان و هاوڕەگەزەکانی لە ژێر چەکمەی سەرباز و جەندرمەی ئەو دو دەوڵەتە مووسڵمانە هاو ئاینانە و نامەردانەدا پڵیشاونەتەوە و لە پەستا دەیان ڕوتێنەوە هێسک و پڕوسکیشیان دەکڕۆسنینەوە و دەیان تاوێنەوە، بەهرەی ڕەنجی ساڵ و ماڵیان بە تاڵان دەبەن و بۆ سەرپێچانیان کەمەند پێچی شێخ و پیری خوار و خێچیان دەکەن و چاویان بە داوی ڕیش و پرچ دادەرون و دەکۆڵکە و کاڵیان دەپێچن و مەوعیضەی ترسێنەریان وەک کێچ دەکەوڵی دەخەن و کارێکی وای پێدەکەن کە نەپڕژێنە سەر ئەوە بیر لە دز و پیاو خۆر بکەنەوە و ئاوڕ لەخۆ بدەنەوە. هەروا شێخ و خەلیفەن و گەزادەیان لە مەردی ساویلکە کێشاوە لە پەستا بە ماری سەرپان و دوپشکی کلک بە گرێ و پشکۆی ئاگری جەهەندەمیان ترساندون و بەرە و تەڵە داگیرکەریان ڕەتاندون و موچەی ئەو تاژی کاریەشیان بەرماوێک بوە کەلەبەر داگیرکەری کورد خۆر ماوەتەوە. ئیتر نەخوێندنێک کە بەکاربێ، نە ژیانێک نە نانێک نەئابڕوی ئینسانێک و نەدان بە ماف دانانێک. ئەو کوردەی خاوەنی ئەم بەهەشتە بە پیتەیە ڕوت و ڕەجاڵ و پێخواس و سەرقوت بە شاخ و کێوانەوە لە ڕێزەی جن و دێواندا ڕای بواردوە.

حاجی کە خاوەن هەستە و زۆر زوی دز و دایکە دزە ناسیوە. چارەی دەردی هەر لەوەدا دیوە هاواراکا بەقەد هاوارکار. بەڵکو ئەوە خوایە بتوانێ گەلەکەی لەو خەوە گرانە و لەو مۆتە بەسامە کە چۆکی لەسەر سنگی داداوە ڕزگار بکا. گەلۆ: وەک ئاش وایە بە دان و ئاوی ئێوە دەگەڕێ. شێخ ڕزقتان نادا ڕزقتان دەخوا. خوا ڕزقی ئێوە دەدا شێخ لەو ڕزقەی دەقاچێنێ ئەگەر ئێوە دانەوێڵەی خۆتانی نەدەنێ وەک ئاشی ئاو لێ بڕاو هەست و خوستی لێ دەبڕێ.

ورتـە و پرتـە و دوعـا خوێندنیـان هـەزاری بـە فلسـێکە، پێغەمبـەر دوعـای نەدەکـرد لەمەیدانـدا شـیری دەوەشـاند بەسـیە بـا چیـدی نەتـان خاپێنـن بـا بەمـار و دوپشـکی سـەرپان و کلـک درێـژی نادیـاری نەتـان ترسـێنن. ئێـوە تۆزێـک لەخۆتـان بڕوانـن بزانـن چـۆن دنیـای ڕوناکتـان لـێ بۆتـە جەهەنـدەم. بڕوانـن داگیرکـەران چـۆن لێتـان بونەتـە حەزیـا و خوێنتـان دەمـژن و خۆیـان لـێ کردونـە دوپشـکی کلـن و کوڵکـن.

گەلۆ: ئێوەی کورد هەر لەسەر زەمین مردون و قیامەتتان بە چاوی خۆتان دیوە.

گەلـۆ: ئەگـەر شـەنگڵێک لـە خـۆ نـەدەن و تەکانێـک بەخـۆ نـەدەن و نەبـزون تـازە زیندونابنـەوە.

هەسـتن داوای مافـی ڕەواتـان بکـەن، فێـری خوێنـدن و صنعـات بـن پشـتی یەکـتر بگرن، چـەک پەیداکـەن، پشـت بـە داگیرکەر مەسـپێرن ڕومی بڵحـن عەجەم لەوان بڵـح ترن و هەر داگیرکەرێـک بێتـە سـەرتان بڵحـی کـوڕی بڵحـە. مارمارە سـپی و کـەوە و ڕەش و بۆر.

گەلـۆ: ئێـوە هیـچ نەبـێ پەڕۆیـەک لـە ئەرمـەن دادڕن. ئـەوان شـانازی بەخەتـی خـواری خۆیـان دەکـەن، ئێـوە تەنانـەت بـە خەتـی بێگانـەش زمانـی خۆتـان ناخوێنـن هێشـتا دەنەونـدە نەگەیشـتون کـە زمانەکەتـان بەلاغێکـی هەیـە هیـچ زمانـێ نایگاتـێ.

گەلـۆ: بەسـیەتی تاکـەی شـەڕی یەکـتر دەکـەن، تاکـەی دەسـت خـەڕۆی دوژمنانـی کوردسـتان دەبـن زۆر دەترسـم توشـی ئـەو ڕۆژە بـن کـە وەک خەڵکـی ئیسـپانیا ڕەگـەز و زمانتـان لەبیـر بەرنـەوە و نـاوی نـەوەی مـام پیـرۆت و پـورە خـوازێ ببێتـە مـەشری کەڵباڵی و پۆخـڵ ئەفەنـدی و حەنتـوش جرێـدی. کـوڕی کابـرای کرێـدی حاجـی وەک پزیشـکی چـازان و لوقـمان دەرد بـە دیـاردە هەڵدەنـێ و دەرمـان هەتوانـی بـۆ دەدۆزێتـەوە بـەڵام گەلـی نـەزان و بەسـتە زمـان لـە پـۆڕگ دڕیـن و بڕیـن خاوێـن کردنـەوە هێـش و ئـازاری پـێ دەگا و لـە بەرگێکـی مـاڵ وێرانـی خـۆی بـەراوەژوی تـێ دەگا، دژی پزیشـکی دڵسـۆزی دەوەسـتێ و دەسـتی دەبەسـتێ و نایـەوێ: دەردی گرانـی دیلیەتـی و ڕیسـوایی لـە کـۆڵ بکاتـەوە و بـاری ژیانـی پـڕ لـە ژانـی بـۆ بگـۆڕێ.

حاجـی بـە نەزانـمان دەزانـێ شـار بـە دەری کـەن، بـەردە بارانـی کـەن، بیکەنـە گەسـی

جاڕ و بە شێتە شێتە دوای کەون. کەسێکی ئێمە و باب و باپیرانمان بە پێ نەزان بزانێ ئەشێ سزانی بدرێ و لە ناو کۆمەڵ دەربکرێ. حاجی بۆخۆی زۆر باشی دەزانی ئەوی ئەو بە دڵی دادێ و لە دەمیەوە سەردەکا لە تێ گەیشتنی ئەو چارە ڕەشانە بەدورە، خۆی وەک کەڵەبابێک دەبینێ کە بەبێ وادە دەخوێنێ و بۆ سەربڕین دەست دەدا. بەڵام چبکا و چۆن بێ دەنگ بێ؟! عاشقە و عاشقی کوردستانە ئەو عیشقە کردویەتە سەودای و لە کەلەی داوە! و تا ماوە ناتوانێ دەستی لە بەردا و ئەگەر سەریشی تێ دابڕوا هەر لەسەری دەڕوا!! ئەرکێکی ویژدانی لەسەرە و لەسەریەتی ئەنجامی بدا، پەیامێکی پیرۆزی پێ سپێراوە دەبێ ڕایگەیەنێ ئەوسا ئەگەر گەلی هەژار بیستی ئەوا جێگەی خۆی گرت، ئەگەر بە گوێشیان نەکرد بەڵا لە خۆیانە. حاجی زۆر باش دەزانێ ئەو ئامۆژگاریانەی توێکی زۆر جسنن بۆ دواڕۆژ و داری ئازادی لێ دەگوڕێ با بڵاوی کاتەوە بێ پرژێنێ، ڕۆژێک لە ڕۆژان هەر دەبێ دڵسۆزی زانا پەیدابن و بیان ناسن و پەروەردەیان بکەن و لە ژێر سێبەریان بحەسێنەوە و بەریان بخۆن.

ئەمڕۆ باتیزم پێ بکەن و تەشەرم تێ بگرن بەڵام ڕۆژێک دێ ئەم شیعرانە وەک درەفشی کاویانی لەسەر هەمو بەرزان بشەکێنەوە.

ئەوی ڕاست بێ هەرچی حاجی لەو ڕۆژگارە دا فەرموی وەک کەرلعەت هەموی وەها دەرچو..

ئەو تووی ئەو بە دانستە چاندی و ژێر خاک کەوت لە پاش دەیان [مصطفی] بارزانیەکی بۆ پەیدا بو کە پەرژینی لە دەورە گرتەوە و بە خوێنی گەش و ئارەق و فرمێسک ئاوی داوەشێنی کرد و نەمامێکی شل و شەنگی لێ پێ گەیاند کە ئێستە لەبەر چاومان دەبینن هەڵدەچی و لق پۆپ دەردەکا و بەخۆ دادێ و هەمومان زۆر بە هومێدین چاوە نوڕین کە بە زویەکی زۆر زو ئەوندە بەری شیرن بگرێ و کە هەمو برسی و تینویەکی ئەم کوردستانە تێر بکا و هەمو ماندویەکی ژێر کۆڵەباری بێگانە لە ژێر سێبەریدا بە خاتر جەمی بحەسێتەوە. کە وابو حاجی قادر کە فەرمویەتی: کە لە پورگری عیسام- قسەیەکی پڕ بە

پیتــە و لــە هەمــوو بارانــەوە ڕاســتە. حاجــی مەســیحی کوردانــە و پەیامــی ئاســمانی پیــرۆزی پــێ ڕاگەیاندیــن. ئەگــەر مەســیح لــە ژیانــی دا مردویەکــی گۆڕســتانی زینــد و کــردەوە حاجــی قــادر هەمــوو کــوردی کورســتانی لــە مــردن پاراســت. هەتــا کوردســتان هەیــە و هەتــا کــورد مــاوە منــەت بــاری حاجــی قــادرە و ســوپاس گــوزاری خودایــە کــە بارزانــی بــو ڕەخســاندوین و ئــەو تــۆوەی حاجــی بــۆی چاندیــن بــە دەســتی بارزانــی بــۆی پــێ گەیاندنیــن. هەربــژی حاجــی قــادر و هەربــژی کوردســتانی ئــازاد.

**ســێیەمین:** کاتــێ کــۆڕی زانیــاری کــورد نامــەی بانگێشــتنی ئاهەنگــی بیــرەوەری حاجــی قــادری پێگەیشــت کۆبونــەوەی کــرد پێشــنیارێک هاتــە گــۆڕێ کــە دیاریەکتــان پێشــکەش بــکا.

بڕیــاردرا هەیکەلێــک بــۆ حاجــی دروســت بکــرێ و لــە جێگەیــەکا کــە خەڵکــی کۆیــە هەڵــی دەبژێــرن ببێتــە خشــڵی شــارەکەتان. پــارەی هەیکــەل تەرخــان کــراو ڕاشــیدا لــە ئیتاڵیــا بیکــەن. ســوپاس بــۆ کــورد و ئیحســان شــێرزادی ســەرۆک کــە بــەم کارە دڵیــان خــۆش کردیــن. [٥٩٦].

لەلایەکــی دیکــەوە لــە کۆتایــی پایــزی ســاڵی ١٩٧٣، لەســەر داوەتنامــەی کــۆڕی زانیــاری ســۆڤیەت، هــەژار و (کەمــال مەزهــەر) و چەنــد کەســێکی تــری بەرەگــەز عــەرەب، ســەردانی ئــەو وڵاتەیــان کــردووە، هــەژار چەنــد کتێبێکــی شــەرەفنامەی، کردۆتــە دیــاری بــە کتێبخانــەی لینینگــراد [٥٩٧]، چەندیــن چالاکــی سیاســییان ئەنجامــداوە.

عەرەبــەکان زمانــی ڕوســییان نەزانیــوە، (کەمــال مەزهــەر) کاری وەرگێــڕی بــۆ کــردوون، ئەمــەش دەرفەتێــک بــووە، بۆئــەوەی لەگــەڵ هــەژار چــۆن بــۆ بەرژەوەنــدی کــورد بــووە، ئــەوا بابەتەکانیــان گەیانــدووە لەگــەڵ ئەوەشــدا بەجیــا (غەفــورۆف) ســەرۆکی زانســتگای ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت و ئەندامــی بــاڵای حزبــی کۆمۆنیســتی ســۆڤیەت دۆســتی دێرینــی (مســتەفا بارزانــی) بــووە، بەهــۆی ئــەوەی زانیویەتــی هــەژار پێگــەی

(٥٩٦) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان (پ – ٥٨٩) بۆ زانیاری زیاتر؛ بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٨.

(٥٩٧) شیرین ابراهیمی(پ- ١٤)١٤٣-١٤٤.

بـاڵای هەیـە لـە سـەرکردایەتی شۆڕشـی ئەیلـوول[٥٩٨]، بۆیـە پەیامێکـی پێـدا نـاردووە، بـۆ سـەرۆکی پارتـی و گوتویەتـی پێـی بڵـێ " لەکرملیـن دۆسـتی هـەن و دژیشـی هـەن، ئەمـڕۆ قازانجـی شـورەوی لەوەدایـە عێـراق بـێ کێشـە و هـەرا بـێ، هەرچەنـدە بەعـس لەوانەشـە لـە فێڵـێ بـن، بـا سـەرپێچی لـە چـوون بـۆ نـاو جەبهـە نـەکا و هەرچیـی بەعسـی بـۆی دیـاری دەکـەن ڕازی بێـت"[٥٩٩]، مەبەسـت لـە جەبهـە ئـەو پەیمانەیـە لەنێـوان سـۆڤیەت و حکومەتـی بەعسـی عێـراق بەسـتراوە.

(حشـع)یش دەچێتـە نـاو ئـەو هاوپەیمانییـە، ئەمـەش لـە بەسـتنی پەیمانـی نێـوان بەعسـیەکان و سـۆڤیەت سـەرچاوەی گرتـووە، واتـە هەرسـێک لایەنـی سـۆڤیەت، بەعـس و شـیوعی عێـراق بـووە. هەژاریـش وەڵامـی پێویسـتی داوەتـەوە گوتویەتـی: جەنـاب! دەزانم شـۆرەوی و هەمـوو دەوڵەتێـک دەڕوانێتـە قازانجـی خـۆی. لێشـم ڕوونـە ئێـوە بەعسـی دەناسـن کـە چەنـد خوێنرێـژ و دوور لـە هەمـوو پەیـمان و قانوونێکـن. بەڵـێ حیزبـی شـیوعی لـە پـاش ئـەو قەتـڵ و عامـەی بەعسـی لێیـان کـرد، بـە ئەمـری ئێـوە چوونەتـەوە بەردەسـتی بەعـس و ئێسـتا بەگـژ ئێمـەدا دێـن: کـە ئەگـەر نەیەنـە جەبهـەوە و شـەڕ هەڵگیرسـێتەوە، یارمەتـی دەوڵەتـی بەعسـی دەکەیـن. خـەت و شـوێنێکی بەعسـی ئـەو جەبهەیـان کێشـاوە، ئاشـکرا هەرچـی حقووقـی میللـی ئێمەیـە و هەرچـی داوای حیزبـی کۆمەنیسـتە دەماڵێتـەوە. دەبـێ نۆکـەری ئەڵقـە بـە گوێـی بەعـس بیـن. یـازدە سـاڵە شـەڕ و لێکدانمانـە؛ هـەزاران لاوی کـورد لـەم ڕێگـەدا خوێنـی ڕژاوە؛ بـە هـەزاران مـاڵ سـوتێنراوە و وێـران بـووە. چـۆن بـاوەڕ بکـەم بارزانـی بـێ وەرگرتنـی هیـچ حەقێـک دەسـت لەسـەر دەسـت دانـێ؟ چـی جوابـی گەلـە لێقەوماوەکـەی بداتـەوە؟ ئایـا شـۆرەوی دەسـتەبەر دەبـێ کـە بەعسـی خودموختاریـمان بـێ کـەم و زیـاد بدەنـێ و پەیمانێکـی داویانـە پێکـی بێنـن؟ کـوا ئـەو شـەرتە شـۆرەوی دەگرێتـە ئەسـتۆ؟ ئەگـەر هـەر مەسـڵەحەتی شـۆرەوییە و ناتانکـرێ هەقـمان بـۆ بچەسـپێنن، مانـای وایـە ئێمـە پـاش دوازدە سـاڵ گەڕاینـەوە سـەر خەتـی هەوەڵـێ و ئەوجـار بەعسـی تۆڵـەی ئـەو چەنـد ساڵەشـمان لـێ دەکەنـەوە."

---

(٥٩٨) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٤٨٣-٤٨٧.

(٥٩٩) هەژاری موکریانی، بارزانی(چاپی یەکەم چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری – هەولێر ١٩٩٨)٢٤.

(غەفورۆف)یش سەرەڕای ئەوەی ئەم پەیامەی ئاراستەی هەژار کردووە کە بێ گەیەنێتە بارزانی؛ دیارە سیاسەت و بەرژەوەندی سۆڤیەتی لەبەرچاو گرتووە؛ کە بەپێی بەرژەوەندی خۆیان هەڵس و کەوت و مامەڵەیان لەگەڵ حکومەتی عێراق شۆڕشەکانی کورد کردووە. خۆشی زانیاری هەبووە وهەڵسەنگاندنی بۆ ئەو بارودۆخەی ئەو قۆناغە کردووە؛ زانیویەتی ئەم پەیمانە سەرناگرێ و بەعسیەکان خاوەن هیچ بەڵێنێک نین بەرامبەر بە گەلی کوردستان. هەمان ڕای هەژاری هەبووە بۆیە لەوەڵامی هەژاردا دەڵێ:

"من خۆم باوەڕ ناکەم بەعسی پەیمان بەرنە سەر. باوەڕ ناکەم جەبهە بە تەواوی نەگرنە دەست خۆیان. تەنانەت باوەڕم نییە کە شیووعیەکانیش لە دەست بەعس ئاسودە بن. شۆرەوی بشلێ، ناتوانێ عەرەبان ناچار بکا پەیمانیان کە بە کورد داوە پێکی بێنن. بەلام دەڵێم زۆر لە سیاسەتمەدارانی شۆرەوی دەیانەوێ عێراق هیچ کێشە و سەرێشەی تێدا نەبێ. ئەگەر بارزانی ئەمەش قبوڵ بکا دیارە زیانیەتی؛ بەلام مومکینە فرسەتێکی تر هەڵکەوێ. گوتم: باشە هەموو شتێکی پێ دەڵێم، ئەویش کەیفی خۆیەتی"

هەژار ئەم پشتیوانیەی سۆڤیەت کە لە حکومەتی عێراق دەکەن، بە زەنگێکی مەترسیدار زانیوە، لە دژی شۆڕش دەکرێ، ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی ئەم کارە بکات، هەرچی هەیەتی، لە دەستی دەدا، دوای گەڕانەوەی هاتووەتەوە کوردستان، گوتەکەی (غەفورۆف) بە (مستەفا بارزانی) ڕاگەیاندووە، ئەویش هەمان ڕای هەژاری هەبووە، پێی وابووە ئەوەی سۆڤیەت دەیانەوێت خۆ بەدەسەتەوە دانە [٦٠٠].

ئەو ماوەیەی هەژار لە بەغدا بووە، چەند جارێک سەردانی ناوچەکانی کوردستانی کردووە، لە ساڵی ١٩٧٥، چووەتە بارەگایەکی پێشمەرگە لە گوندی قەسرێ، زۆر گرنگی بە هەستی نەتەوەیی و نیشتیمانپەروەری داوە، لەم بارەیەوە هانی کادر و ڕۆشنبیرانی داوە، کە ئەو چەند ڕێنمایی و تێبینیانە لە نووسینەکانیاندا بەکاری بێنن و گرنگیەکی باش بەخوێندنەوە بدەن، لە نووسیندا بەپلەی یەک بایەخ بەکێشەی نەتەوەی کورد

(٦٠٠) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٤٨٧-٤٩٠.

بـدرێ[٦٠١]، چونکـە خوێندنـەوەی بـۆ هاوکێشـە سیاسـیەکان؛ هەبـووە و زانیویەتـی لـە بەغـدا چ دەگـوزەرێ بۆیـە بایـەخ بـە نەتـەوە خەمـی گـەورەی ئـەو بـووە.

لەلایەکـی تـرەوە لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٧٥ لـە حاجـی ئۆمـەران، (ئیدریـس بارزانـی)، (حەبیـب محەمـەد کەریـم) سـکرتێری پارتـی و (مەحمـود عوسـمان)، دوای ئـەوەی بڕیـار لەسـەر نووسـینەوەی بیرەوەرییەکانـی (مسـتەفا بارزانـی) دەدەن، بڕیـار دراوە هـەژار یەکێـک بـێ لـەو لیژنەیـەی تەرخـان کـراون بـۆ ئـەم بابەتـە مێژووییـە، بـەڵام بەهـۆی ڕووداوەکانـی دواتـر ئـەم کارە بەڕێوەنەچـووە[٦٠٢]. بەشـێوەیەکی گشـتی هـەژار تـا کاتـی نسـکۆی سـاڵی ١٩٧٥، ئەرکەکانـی خـۆی جێبەجێکـرد، وێنەیەکـی جوانـی شـۆڕشـی نیشـانی جەمـاوەر دەدا[٦٠٣] کـە کاریگـەری ئەرێنـی لەسـەر پێشـمەرگە و گەلـی کوردسـتان هەبـوو.

بەشـێوەیەکی گشـتی لەسـەردەمی شـۆڕشـی ئەیلـوول دا؛ واتـە ١٩٦١ – ١٩٧٥ حکومەتـی عێراقـی چەندین جار، بە پاڵپشـتی فڕۆکەی جەنگی پێشـکەوتوو. چەکـی قورس و بە هاوکاری و چاوسـاغی چەکـداری کـورد کـە بەجاش نـاسراون، هەندێک جار بە پشـتیوانی ڕاسـتەوخۆی وڵاتانـی دەوروبـەر وەک هەریەک لە تورکیا و سـوریا؛ هێرشـی کردۆتە ناوچـە ئازاد کراوەکانی ژێـر دەسـەڵاتی پێشـمەرگە، بـەڵام هەمـوو جارێک لەلایەن پێشـمەرگە و بەرگـری میللی تێک شـکێنراون و زیانـی گیانـی و ماددی زۆریان بەرکەوتـووە؛ حکومەتی عێراقی یەکسـەر لەدوای شکسـتەکە جارێکـی دیکـە؛ ئامـادەی گفتوگـۆی نیشـانداوە؛ ئەمـەش لەلایەک بۆ شـاردنەوەی ئـەو هەمـوو زەرەروزیانانـەی کـە بەریکەوتـوون، لەلایەکـی دیکـەوە تاوەکـو دەرفەتـی ئەوە بڕەخسـێنێ جارێکـی دیکـە خۆی بۆ پەلامارێکی تر بۆ سـەر پێشـمەرگە ئامادەبـکا. بۆ زانیاری زیاتر لەسـەر داسـتان و نەبەردییەکانی پێشـمەرگە بڕوانە ئەم سـەرچاوەیە[٦٠٤].

(٦٠١) ناجی سەعید ئەرگوشی، گولبژێرێک ژپەییڤێن من (چاپخانەیا ڕۆژهەلات- هەولێر- ٢٠١٢)١٠٠.

(٦٠٢) دیمانەی تایبەتی توێژەر، لەگەڵ جەمال عەلەمدار (پ- ١٥٧) هەولێر.

(٦٠٣) برایەتی ئەدەب و هونەر، "هەژاری موکریانی فرە داهێنان بوو"٣٩٢٢ (٢٣ی شوباتی ٢٠٠٣)٩.

(٦٠٤) ئـاوارە مـەلا حاجـی دێلۆیـی، داسـتان و نەبەردییەکانـی پێشـمەرگە (چاپـی یەکـەم چاپخانـەی دانیشـفەڕ هەولێـر- ٢٠٢٣).

**چالاکییەکانی (١٩٧٥- ١٩٩١)**

دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٧٥، لە شارەدێی حاجی ئۆمەران نزیک سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە سەرکردایەتی شۆڕش ئامادەکاری دەکرد بچنە ئێران، هەژار زۆر نیگەران بووە، بەهۆی ئەوەی لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێران مەترسی لەسەر گیانی هەبووە، وەک (شەفیق قەزاز) کە ئەو کات بەرپرسی نوسینگەی پەیوەندیەکانی پارتی بووە لە تاران، لەو دانیشتنەدا بەشدار بووە، پێیوایە گەڕانەوەی هەژار بۆ ئێران مەترسی بۆسەر ژیانی دروست دەکرد، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات "هەژار... ڕووی تێکرد و ... گوتی جەنابی مەلا مستەفا خۆشت دەزانی من بارودۆخێکی ئاوهام هەیە و من مەترسیەکم لەسەرە..." لە وەڵامدا پێی ڕاگەیاندووە تا لەگەڵ ئەودابێت پارێزراو دەبێت [٦٠٥].

لەم بارەیەوە گفتوگۆی لەگەڵ سەرۆکی پارتی کردووە، کە ئەو نایەوێت بگەڕێتەوە ئێران، دەیەوێت بچێت بۆ ڕۆژئاوای کوردستان و دەتوانێ لەوێ بمێنیتەوە، یاخود لە گوندەکانی کوردستان، لەژێر ناوێک خۆی حەشار بدا و مەلایەتی بکا، بەڵام ئەو لە وەڵامدا پێی گوتووە: بەعسی لە سێدارەت دەدەن، داوای لێکردووە، لەگەڵی بمێنیتەوە، چۆن دەتوانی "لە ئاخرین دەمدا- کە زۆر تەنگانەیە- بەجێم بێڵی... وەبزانە ئێرانی دەتکوژن دەبێ لەگەڵم بێی"، ئەم وتانە کاریگەرییان لەسەری دروستکردووە، بۆیە بەڵێنی پێداوە لەگەڵی بچێتەوە ئێران[٦٠٦].

لەسەر داوای (مستەفا بارزانی) لە دەسەڵاتدارانی ئێران، هەژار کە پێشتر لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو بوو، حوکمەکەی هەڵوەشێنراوەتەوە، بۆیە لە کۆتایی شوباتی ١٩٧٥ لە ناوچەی حاجی ئۆمەرانەوە، لەگەڵ ئەو و (مەحمود عوسمان) چونەتە تاران[٦٠٧]، لەوێوە هەژار بە هاوکاری ئەفسەرانی ساواک، ڕەوانەی مەهاباد کراوە، بۆ ڕایکردنی کاروبارەکانی[٦٠٨]، بەڵام

---

(٦٠٥) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩)٢٢٧.

(٦٠٦) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٤٩٧.

(٦٠٧) پەیوەندی تەلەفۆنی، لەگەڵ مەحمود عوسمان عەلی (پ- ٥٣٢)هەولێر.

(٦٠٨) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٤٩٥.

لـە سـەرچاوەیەکی تـردا هاتـووە، پێشـتر لەلایـەن دەسـەڵاتدارانی ئێـران بڕیـاری لـە سـێدارەدانی بـۆ دەرچـوو بـوو، دوای ئـەوەی لەلایـەن هاوڕێکانـی داوایـان لـە (محەمـەد کـوڕی ڕەزا شـا) کردبـوو، لێـی ببورێـت، ئـەو لـە وەڵامـدا گوتبـووی: هەڵوەشـاندنەوەی حوکمەکـەی نادەیـن، بـەڵام سـڕی دەکەیـن، واتـە تەنهـا جێبەجێـی ناکەیـن[٦٠٩]، لـەم بارەیـەوە دوای گەڕانـەوەی (نعمـت اللـە نصیـری) نـاسراوە بـە نەسـیری بەرپرسـی بـاڵای سـاواک لـە شـاری تـاران، بـە (مسـتەفا بارزانـی) و هـەژاری گوتـووە: "شـا هـەر فەرموویـە پەروەنـدەی وەگـەڕ مەخـەن"[٦١٠]، ئەمـەش واتـای ئەوەیـە، تەنهـا بڕیـاری لـە سـێدارەدانەکە ڕاگیـراوە، نـەک هەڵوەشـێنرابێتەوە.

هـەژار لـە ئێـران زۆر نیگـەران بـوو[٦١١]، چالاکییـە سیاسـییەکانی بـەرەو لاوازی ڕۆیشـتوون و لەگـەڵ (مسـتەفا بارزانـی) بەیەکـەوە بـوون و یـاوەری کـردووە و لەلایـەن سـەرکردایەتی پارتـی ڕاوێـژی پێکـراوە[٦١٢]، ئەوکاتـەی لـە شـارۆچکەی نەغـەدەی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بـوون، بـە بیانـوی کاروبـاری پەنابـەران، وەک شـەڕێکی تایبەتـی دەروونـی لەگەڵیـان، لەسـەر بڕیـاری (محەمـەد شـا)ی ئێـران، (مسـتەفا بارزانـی) سـەردانی تارانـی کـردووە. هـەژار، (مەحمـود عوسـمان) و چەنـد کەسـایەتییەکی سیاسـی لەگەڵـدا بـووە، بـەڵام بەگشـتی جموجوڵیـان لەژێـر چاودێـری سـاواک دا بـووە، ئەفسـەرێک بەنـاوی (جەمشـید ئەمانـی) لێپـرسراوی میوانـداری سەرپەرشـتی کـردوون، دوای هەفتەیـەک بەرپرسـانی سـاواک پێیـان ڕاگەیانـدوون، پێویسـتە (بارزانـی) و تەنیـا دوو یـاوەری لەگەڵـی بمێنێتـەوە، بەهـۆی ئـەو متمانـە زۆرەی کـە پێیـان بـووە، هـەژار لای ماوەتـەوە، لـە هۆڵـی میوانـداری بەشـێوەیەکی نیمچـە نهێنـی گفتوگـۆ کـراوە، لەسـەر ئاکامەکانـی ئـەم شکسـتەی شـۆڕش دوای چەندیـن جـار داوا کـردن، پاشـان (جەمشـید) لـە ١٢ی نیسـانی ١٩٧٥، بردونـی بـۆ سـەردانی (ئیحسـان نـوری پاشـا[٦١٣]) سـەرکردەی

(٦٠٩) نامق هەورامی، هەژار لە سنە (پ-٤٩)١٦٢.

(٦١٠) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٥٠١.

(٦١١) پەیوەندی تەلەفۆنی، لەگەڵ حامید گەوهەری (پ- ٨٠) وڵاتی سوید.

(٦١٢) ڕەشید فندی، پەیڤاکا وەفادارێ بۆ گیانی هەژار موکریانی(پ- ٤٤٥)١.

(٦١٣) ئیحسـان نـوری پاشـا لـە سـاڵی ١٨٩٢ لە شـاری بەدلیسـی باکوری کوردسـتان لە دایکبـووە؛ کۆلێژی سـەربازی تـەواو کـردووە؛ لـە جەنگـی یەکەمـی جیهانی وەک ئەفسـەرێکی سـوپای عوسـمانی بەشـداری

شۆڕشــی ئــارارات، دوای مانــەوەی مانگێــک ســاواک ڕێگــەی پێــداون، بگەڕێنــەوە بــۆ نەغــەدە[٦١٤]. لــە هەمــان ســەرچاوەدا هاتــووە هــەژار داوای مۆڵــەت خواســتنی لــە هاوڕێیەکانــی، دوای ســی ســاڵ چــووە بــۆ ســەردانی خزمانــی لــە شــاری مەهابــاد، بــەڵام ئــەم بابەتــە لەســەرەوە ڕوونکراوەتــەوە و کــە هەژاریــش خــۆی ئامــاژەی پیکــردووە؛ کــە لــە ســاڵی ١٩٧٥ ســەردانی شــاری مەهابــادی کــردووە.

لــە دوای ســاڵی ١٩٧٥وە، ئــەو کاتــەی (مســتەفا بارزانــی) و ســەرکردە سیاســییە دیــارەکان، جموجوڵەکانیــان لــە ژێــر چاودێــری ســاواک دا بــووە، لــەم ڕووەوە جۆرێــک لــە مەترســی بەگشــتی لەســەر ژیانیــان هەبــوو[٦١٥]. هەمــان ســاڵ، هــەژار زیاتــر لــە پەنجــا ڕۆژ، لــە مەکتەبــی پەیوەندیەکانــی پارتــی لــە تــاران ماوەتــەوە، لەگــەڵ بەرپرســی مەکتەبەکــە و (نەجمەدیــن کەریــم)، دەردەدڵــی خۆیــان لــە بــارەی بارودۆخــی سیاســی ئەوکاتــەی بەســەر شۆڕشــی کــورد داهاتــووە کــردووە[٦١٦]. دوای چەنــد مانگێــک بــە هــۆی ڕووداوێکــی ماتۆڕســکیل، (ئیحســان نــوری پاشــا) گیانــی لــە دەســتداوە، وەک وەفایــەک بــۆ ئــەو ســەرکردەیە، بــە نوێنەرایەتی(مســتەفا بارزانــی) هەریــەک لــە هــەژار و (موحســین

---

کــردووە و چەنــد جارێــک برینــدار بــووە. ناوبــراو وەک کوردێــک بەشــداری لــە زۆرێــک لــە کۆمەڵــە و ڕێکخــراوی کوردیــدا کــردووە و ئەندامــی کارایــان بــووە وەک: کۆمەڵــەی هێڤــی؛ تەعالــی کوردســتان؛ کۆمەڵــەی ئــازادی. لــە ســاڵی ١٩٢٤ شۆڕشــی بیت الشباب لــە ناوچــەی هــەکاری بەرپــا دەکات، بــەڵام ســەرکەوتوو نابــێ و بۆیــە لەگــەڵ هاوڕێکانــی ئــاوارەی عێــراق دەبــێ، شۆڕشــی ئــارارات لەســاڵی ١٩٢٧ هەڵدەگیرســێنێت، هەریەکــە لــە ئێــران و ســۆڤیەت یارمەتــی تورکیایــان دا و دوای ســێ ســاڵ شۆڕشــەکە کۆتایــی دێــت. ئیحســان نــوری ڕوودەکاتــە ئێــران؛ لەســاڵی ١٩٣١ چەنــد جارێــک زیندانی دەکــرێ و دوای ئــازاد بوونــی لەگــەڵ هاوســەرەکەی بەنــاوی یەشــار خانــم لــە تــاران لــە شــوقەیەکەدا دەژیــا. لــە ســاڵی شەســتەکان لــە ئەوروپــا بەشــداری دەکا لــە کۆنگــرەی قوتابیانــی کوردســتان تــا کۆتایــی ژیانــی لــە ئێــران دەمێنێتــەوە و لــە ســاڵی ١٩٧٦ بــە ڕووداوێکــی گوماناوی لە ڕێگای ماتۆڕسکیلێکەوە گیــان لەناو دەبرێ و هــەر لــە تــاران بــە خــاک دەســپێردرێ. صدیق محەمــەد صدیق، ئیحســان نوری پاشــا ژیان و ڕۆڵی سیاســی و ســەربازی ١٨٩٢- ١٩٧٦ نامــەی ماســتەری بڵاونەکــراوە (زانکــۆی ســۆران٢٠٢١).

(٦١٤) موحسین دزەیی، بەشی سێیەم (پ- ٤٤٣)٢٤-٣٧.

(٦١٥) دیمانــەی تایبەتــی توێــژەر، لەگــەڵ فرزەنده ئەفەندی حوســێن مــەلا (٢٧ی ئابــی٢٠٢١) هەولێر. لە ســاڵی ١٩٤٥ لە شــارەدێی ســیدەکانی پارێــزگای هەولێر لەدایکبــووە، دەرچووی ناوەندییە، لە ســاڵی ١٩٦٢ بووەتــە پێشــمەرگەی شۆڕشــی ئەیلــول، لــە ســاڵی ١٩٧٥ ئاوارەی ئێــران بووە، لــە ســاڵی ١٩٩١ گەڕاوەتەوە هەرێمی کوردســتان و خانەنیشــینە.

(٦١٦) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩)٢٢٧-٢٢٨.

دزەیی) بەشداریان کردووە، لە بە خاکسپاردنی و بۆنە ماتەمینەکە لە ماڵەکەی. کە ڕووداوی مردنەکەی تەمومژاوییە و جێگای گومانە؛ ئەگەری هەیە جۆرە پیلانێک ساز کرابێت بۆ لە نێوبردنی ئەم سەرکردە نیشتیمانپەروەرە.

هەروەها هەژار لە شاری نەغەدەش، لەو خێوەتەی تایبەت بووە بە میوانداری، خەڵکی بینیوە و ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە، لە چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی پەنابەران، سەرەڕای ئەوەش، لەکاتی نەخۆش کەوتنی (مستەفا بارزانی) لە تەموزی ١٩٧٥، جارێکی تر لە سۆنگەی ئەو متمانەیەی پێی بووە، یاوەری کردووە بۆ لای پزیشک لە تاران و لەلای ماوەتەوە، تا ئەو کاتەی ناوبراو بەمەبەستی چارەسەری نەخۆشییەکەی ڕەوانەی ئەمریکا کراوە[٦١٧]، هەروەها لەو کاتەی سەرقاڵی خۆسازکردن بووە بۆ ئەو گەشتە، سەرەڕای تێکچوونی باری تەندروستی، پێش ئەوەی بچێت بۆ ئەمەریکا، بە (ئیدریس)ی کوڕی ڕاگەیاندووە، زۆر ئاگای لە هەژاری هاوڕێی بێت[٦١٨]. ئەوکاتەی بۆ چارەسەری نەخۆشیەکەی ڕۆیشتووە بۆ ئەمەریکا، نامەیەکی بۆ ناردووە، (مستەفا بارزانی)ش لە ٦ی تەموزی ١٩٧٧ وەڵامی داوەتەوە، هەست و سۆزی خۆی وەک دوو هاوڕێی نزیک بۆ دەربڕیوە، کەوا مرۆڤ دەبێت لە تەنگانە و ناخۆشی پشت بەخوا ببەستێت، ژیان بۆ هەموو کەس کۆتایی دێت[٦١٩].

لە ساڵانی ١٩٧٦ تا ١٩٧٨، هەژار سەرپەرشتی ئەو کاغەزانەی دەکرد کە لە لایەن (ئیدریس بارزانی) بۆ بەرپرسانی حکومی و فەرمانگە حکومیەکانی ئێران نووسراون، ناوبراو بۆ زمانی فارسی وەرگێڕاوە و ئاراستەی کردوون، هەروەها وەڵامەکانیش، یاخود نووسراوی ئەوانیش کە هاتووە بۆیان، ئەویشی کردووە بە کوردی، بەشێک لەم نووسراوانە پەیوەندیان بە کاروباری پەنابەرەکانەوە هەبووە، بەشێکی تریشی بۆ نێوانی هەردووک لایەن دەگەڕایەوە[٦٢٠]. هەژار لەو قۆناغەشدا زۆر، بەتەنگ

(٦١٧) موحسین دزەیی، بەشی سێیەم (پ- ٤٤٣)٣٠-٥٢.
(٦١٨) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩)٢٣٥.
(٦١٩) عەبدولڕەقیب یوسف، نامەیەکی مستەفا بارزانی بۆ هەژار موکریانی .https://photos.app.goo.gl/8ssQhEXdc1EfrKR56 بەرواری سەردانی کردن ١ی شوباتی ٢٠٢٢. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١٥.
(٦٢٠) دیمانەی تایبەتی توێژەر، لەگەڵ فرزەندە ئەفەندی حوسێن مەلا (پ-٦١٥) هەولێر.

یەکڕیزی و هاوهەڵوێستی کورد بووە، ئەوەتا لە ساڵانی ١٩٧٧- ١٩٧٨، وەک یەکێک لە کادرە باڵاکان، کە خۆیشی بەشدار بووە و باس دەکات، لە دانیشتن و سەردانەکانی بۆ لای کەسایەتییە سیاسییە باڵاکان، لەوانە (ئیدریس بارزانی)، زۆر جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، ئەم قۆناغەش تێدەپەڕێ، بۆ لایەنە سیاسییەکانی کوردستان گرنگە، پلان و بەرنامە و هەماهەنگیان هەبێت، ڕیزەکانیان یەکبخەن، بۆئەوەی نەیارەکانیان زەفەریان پێ نەبات[٦٢١]، لەم بارەیەوە کادرێک بەناوی (فرزەندە ئەفەندی) لەگەڵ (فرانسۆ هەریری١٩٣٧- ٢٠٠١) لە ساڵانی ١٩٧٦-١٩٧٧ و دواتریش لە کەرەج سەردانی ماڵی(هەژار)یان کردووە، دەربارەی ئەم پرسە، ئەو کەسێکی دووربین و هەڵسەنگاندنێکی سیاسیانەی بۆ بارودۆخەکە کردووە، ڕا و پێشبینی پێچەوانەی هەبووە و پێی وابووە، دەسەڵاتدارانی ئێران خزمەتی سەرکردە سیاسییەکان و کوردە پەنابەرەکانیش دەکات، وەک کارتێکی فشار دژی حکومەتی عێراقی بەکاریان دێنێت، تا بەعس لە سەر دەسەڵات بێ، ئەم سیاسەتەی (شا)ش بەردەوام دەبێ، هەژار کەسێکی بە ئومێد بوو، ڕای وابوو شۆڕشی گەلی کورد بەردەوام دەبێ، لە دوا ڕۆژدا بە مافەکانی بەدەست دێنێت[٦٢٢].

لەلایەکی دیکەوە، لە خۆپیشاندانەکانی جەماوەری دژی پاشایەتی ئێران، ساڵی ١٩٧٨ ئەوکاتەی ماڵی لە کەرەج بووە، هانی دەوروبەری داوە، بەشداری بکەن، ڕۆژانە خۆیشی چووەتە ناو خۆپێشاندەران، بەتایبەت لە شاری عەزیمیە، خۆشحاڵی خۆی دەربڕیوە، کینەی چەندین ساڵەی کە پەنگی خواردۆتەوە لە دڵیدا، هەڵڕشتوە و دروشمی گاڵتە ئامێزی بۆ هەڵبەستوون[٦٢٣]، هەروەها خۆیشی بەشداری لەم خۆپێشاندانانە کردووە و کاتێکیش ڕووخانی (محەمەد ڕەزا شا)ی بە چاوەکانی خۆی بینیوە، خۆشحاڵی دەربڕیوە، ئەو دەسەڵاتەی بە یەکێک لە هۆکارەکانی شکست و لە ناو چوونی چەندین شۆڕش و ڕاپەڕینی گەلی کوردستانی زانیوە[٦٢٤]. لە سەردان

(٦٢١) پەیوەندی تەلەفۆنی، لەگەڵ ئەحمەد دەشتی (پ-٥٦٨) ئەڵمانیا.

(٦٢٢) دیمانەی تایبەتی توێژەر، لەگەڵ فرزەندە ئەفەندی حوسێن مەلا (پ-٦١٥) هەولێر.

(٦٢٣) خوسرەو جاف (پ- ٣٥٥)٢٣١.

(٦٢٤) دیمانەی تایبەتی توێژەر، لەگەڵ فرزەندە ئەفەندی حوسێن مەلا (پ-٦١٥) هەولێر.

و دانیشــتنەکانیدا، لەگــەڵ کەســایەتییە سیاسـییەکان، کادرێکــی سیاســی بەنــاوی (ناسـح غەفــور ڕەمــەزان)، ئــەو کات لــەوێ کاریکــردووە، ڕای وایــە لــە ســاڵانی ١٩٨١- ١٩٨٢، هــەژار کاتێــک ســەردانی م . س پارتــی لــە ڕاژان دەکــرد، یاخــود لەگــەڵ (ئیدریــس بارزانــی) ئەندامــی م . س پــدک دانیشــتنی هەبــوو، یــان ئــەم کادرە هاتوچــۆی ماڵــی ئــەوی کــردووە لــە کــەرەج، گفتوگــۆی زیاتــر لەســەر بارودۆخــی سیاســی ئــەو کات بــوو، لــە ئاخاوتنەکانــی جەختــی لەســەر ئــەوە دەکــردەوە، کــە پێویســتە هەمــوو هەوڵەکانــی سیاســەتمەدارانی کــورد، لــە بەرژەوەنــدی ئــەم گەلــەدا بێــت[٦٢٥]، لــە ســاڵانی ١٩٨٢- ١٩٨٣، کــە کادرەکانــی پــدک لــە ڕاژان ســەردانیان کــردووە، بەهەمــان شــێوەی پێشــوی باســی لــە خەبــات و مێــژووی کــوردی بــۆ کــردوون، کاریگــەری بەبیــری زیاتــری نیشــتیمانپەروەری لەســەریان دروســتکردووە، کــە بەشــێوەیەک بــووە "وانــە شــیرینەکانی ... دەرس و پەنــدن" ئەمــەش بووەتــە سەرنجڕاکیشــانیان[٦٢٦]، بەهــۆی ئــەو پێشــینەی بەتایبــەت ئــەو کاتانــەی لــە ناوچــە ئازادکراوەکانــی باشــووری کوردســتان، لەگــەڵ پێشــمەرگە ژیــاوە و بووەتــە بەشــێک لــە ژیانــی مێــژووی سیاســی ئــەو، ســەرەڕای ئــەو کاتانــەی لــە ئێــران نیشــتەجێبوو، بــەڵام ســەخت بــووە بــۆی و نەیتوانیــوە، لــە دووری ئــەوان هــەڵ بــکات، بۆیــە لەگــەڵ ئەوەشــدا، نــاوە نــاوە، ســەردانی بارەگاکانــی پێشــمەرگەی لــە گونــدی خنێــرەی ناوچــەی برادۆســتی، دیــوی باشــووری کوردســتانی کــردووە، وەک کادرێــک بەنــاوی (عــادل بۆتانــی) ئامــاژەی پێکــردووە "بــە مانــگ... لەگەڵــمان دەمایــەوە" یــەک لــەو جارانــە لــە ســاڵی ١٩٨٥ ســەردانی کــردوون[٦٢٧]، زۆر بەختــەوەر بــووە، کــە لەگــەڵ پێشــمەرگەکان ماوەتــەوە و خــۆی گوتەنــی "پیــر بــوو بــەڵام جحێــڵ بــۆوە"، ئــەو مــاوەی کــە لەگەڵیــان ماوەتــەوە، زۆر تامــەزرۆی دانیشــتن و کــۆڕ و دیدارەکانــی بــوون و ســوودیان لــە زانیاریەکانــی ســەبارەت، بــە مێــژووی سیاســی و قۆناغەکانــی ئــەو کــە پێیــدا گــوزەر بــووە وەرگرتــووە، بــە گوتــە و قســە خۆشــەکانی ژینگەیەکــی لــە بــار و گونجــاوی دەڕەخســاند و ئەمــەش هانی دەدان، پرسـیاری

(٦٢٥) ناسح غەفور ڕەمەزان(پ- ١٥٦) هەولێر.

(٦٢٦) ناجی سەعید ئەرگوشی، گوڵبژێرێک ژپەیڤێن من(پ- ٦٠١)١٠١.

(٦٢٧) عـادل بۆتانـی، سـەفین لـە بیرەوەریەکانـم دا"٦١ گۆڤارێکـی وەرزییـە لقی دووی پارتـی دیموکراتی کوردستان دەریدەکات(نیسـانی ٢٠١٥)١٤-١٥.

جـۆرا و جـۆری دەربـارەی ئـەو وێسـتگە سیاسـیانەی کـوردی لێبکـەن، لـە نزیکـەوە لەنـاو ڕووداوەکان بـووە، وەڵامـی بەپێزیـان دەسـت دەکـەوت، زانیاری باشـیان دەسـت خسـتووە، هەروەهـا ئـەو کاتـەی لـەوێ بـووە، چوارینەیەکـی سیاسـی، بـۆ گۆڤـاری سـەفین لـە ژمـارە ١ی کانوونـی دووەمـی ١٩٨٦ بەناونیشـانی (مـن سـەفینم) نووسـیوە و بڵاوبووەتـەوە کـە ئەمـە شـیعرەکەیە:

**من سەفینم**

زۆر لەمێـژە و بـەر لـە مێـژوو، سـەربڵندی بـوون و ژینـم
هـەر هـەم و هەر چین لە دووی چیـن، مەرگی داگیرکەر دەبینم
دوژمنانـی کـورد گەلێـک هاتوونـە سـەرم و ڕاونـراون
مـن لـە مەیدانـی خەباتـا هـەر چەقیـووم، مـن سـەفینم (٦٢٨)

ئەمـەش سـەرنجی بەشـێک لـە پێشـمەرگە و کەسـانی سیاسـی ڕاکێشـاوە، لـەم بارەیـەوە (مەسـعود بارزانـی) سـەرۆکی پـدک لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٨٦ بـۆ هەڵسـەنگاندنی ئـەم گۆڤـارە، یاداشـتی کـردووە کـە "شـیعری بـەرزی مامۆسـتای بەڕێـز کاک هـەژار ڕەونەقێکـی تـری دابـوو بـە گۆڤارەکـە"(٦٢٩)، هەرچەنـدە لـە سـەرچاوەیەک سـەردان و نووسـینی ئـەم شـیعرەی بـۆ ئـەو گۆڤـارە، بـە سـاڵی ١٩٨٧، تۆمارکـراوە، لەسـەرەوە ڕوونکراوەتـەوە کـە سـاڵەکە ١٩٨٥. سـاڵانی دواتریـش، لـەم سـەردانانەی بـۆ لای پێشـمەرگە، بـەردەوام بـووە و لەلایـان ماوەتـەوە، لەوانـە سـاڵی ١٩٨٧ گفتوگـۆی لەگـەڵ پێشـمەرگەکان کـردووە(٦٣٠)، ئـەو وای نەدەکـرد، لەنـاو پێشـمەرگە داببڕێـت(٦٣١)، چونکـە زۆربـەی تەمەنـی لـەم پێنـاودا بەسـەر بـردووە.

بەشـێوەیەکی گشـتی دوای ئـەو کاتـەی گەڕاوەتـەوە ئێـران، کەسـایەتییەکی سیاسـی

(٦٢٨) بەشـێک لـە ئەرشـیفی گۆڤـاری سـەفین لـە سـەردەمی شـاخدا، کۆکردنـەوە و ئامادەکردنـی لقـی دووی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان – مەکتەبـی ڕۆشـنبیری و ڕاگەیاندن(بەرگی یەکـەم چاپخانەی حاجی هاشـم- هەولێـر ٢٠١٦)١٦٣-٣٤٦.

(٦٢٩) بەشێک لە ئەرشیفی گۆڤاری سەفین لە سەردەمی شاخدا(پ- ٦٢٨)٣.

(٦٣٠) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩) ١٦٩.

(٦٣١) کەریم شارەزا، زانا و شاعیری ناوداری کورد هەژاری موکریانی(پ- ٢٩١)١.

ڕای وایە پەیوەندی و ڕاو ڕاوێژی لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی کورد هەبووە، بەهیچ شێوەیەک دانەبڕاوە و ئەرکەکانی بەباشی جێبەجێ کردووە[٦٣٢]، هەر بۆیەش ژیانی لە ئێران نەیتوانی لە سیاسەت دایبڕێت، بەردەوام بووە لە چاوپێکەوتن و دیدارەکانی، لەگەڵ گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا، هەوڵی وشیارکردنەوەی جەماوەری داوە، پێی وابووە دەبێت لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، واز لە دووبەرەکی بێنن، یەک هەڵوێست بن، لەم بارەیەوە هانی داون، بۆئەوەی ببنە خاوەن کیانی خۆیان[٦٣٣].

سەرەڕای ئەو فشار و پاڵەپەستۆیانەی لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێران لەسەری بوو، بەڵام ئەو بە ئازادی بیری دەکردەوە و چاوەڕێی دەرفەتی دەکرد، هەربۆیەش چاکترین بەرهەمی دەنووسی بۆ خزمەتی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی[٦٣٤].

لە ئابی ١٩٨٨ دوای دروست بوونی بەرەی کوردستانی لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان[٦٣٥]، ئەمیشی خۆشحاڵ کردووە، لەکاتی سەردانی بەشێک لە نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکان بۆ ماڵەکەی لەکەرەج، باسیان لە ڕەوشی سیاسی ئەو کاتی باشووری کوردستان، خاڵە بەهێز و لاوازەکانی شۆڕشەکانی کورد کردووە، زۆر ئامۆژگاری و ڕێنمایی کردوون، کە بەیەکگرتوویی لایەنە سیاسەکان، گەلی کورد دەتوانێ بە ئامانجەکانی بگا، چەندین پرسیاری جۆرا و جۆر و هەمەلایەنەی سیاسیان ئاراستە کردووە، وەڵامی پێویستیان وەرگرتووەتەوە [٦٣٦].

لەلایەکی ترەوە هەژار موکریانی مۆسیقا و گۆرانیشی پەراوێز نەخستوە و گرنگی بەم لایەنەش داوە؛ لەم بارەیەوە، لە کۆڕێکدا لەگەڵ هونەرمەند محەمەدی ماملێ لە شاری مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەم شێوەیە باسی دەکا:

(٦٣٢) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩)٢٣٧.

(٦٣٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ شاعیری نەتەوەی کورد هەژار"٨ گۆڤاری هیوای قوتابیان و لاوان- ئۆرگانی لقی ئاوارەی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان – عێراق(کۆتایی هاوینی ١٩٨٨)١٠.

(٦٣٤) فەلەکەدین کاکەیی، کۆبەرهەم دەفتەری خاک(پ- ٤)٣٧.

(٦٣٥) حبیب محمد کریم، تأریخ الحزب الدیمقراطی الکوردستانی- العراق(في محطات رئیسسیة) ١٩٣٣- ١٩٤٦ (الطبعة الاولی مطبعة خەبات- دهوک ١٩٩٨)٤٩٢.

(٦٣٦) کەریم خان گوندەژۆری، بیرەوەریەکی تر لەگەڵ هەژار موکریانی دا بەشی دووەم و کۆتایی"١٠ گۆڤاری زاری کرمانجی(٢٢ی ئابی ٢٠٠٥)١٠.

"بەڕاستی مۆسیقا و گۆرانی دایکی میللەتە؛ خزمەت بەمیللەتەکەت بکە جا چۆنا و چۆن دەیکەی؟ جا ئێوە [مەبەست ماملێ و گروپی مۆسیقایە] شتێکی چاکتان هەڵبژاردووە؛ یەعنی جێگایەکە ئینسان حەسرەتی پێ دەخوا، کە مەسەلەن ئەمن دەنگم خۆش نیە! ئەمما لە حەینی وەختدا ئێوە پێت وابێ کە ئەو میللەتە دەیەوێ و دەیەوێ؛ زیندوی ڕاگری دەیەوێ ئومێدی بدەیەی، ئەوە زۆر پێویستە. ئەگەر گوتیان ئەوە کورد حاڵی خراپە؛ میللەتێکی وا گەورە بەوانە [مەبەست داگیرکەرانی کوردستان] کورد نافەوتێ؛ بەڵام حەیفە میراتێکی زۆری بۆ بەجێ نەهێڵی بەڕاستی، خەڵکی دیکەش لە سایەی مۆسیقاوە زۆر ماون. پێویستە وشەی بێگانە لە زمان و گۆرانی کوردی پاک بکرێتەوە. خەڵکی دیش لەسایەی مۆسیقیەوە زۆر ماون. ڕەنگە بڵێن جا ئەوە چییە؟ نەخێر بڵێن چییە وانییە؟ ئەوە زۆرە و ڕوحی میللەت بەوە زیندووە و پێوە دەژین و پێویستە بمێنێ و بیکەن.

قسەیەک هەیە حەدیسی مەشهورە؛ (محەمەد درودی خوای لەسەربێ) فەرمویەتی: پێم وایە دەڵێ وابژی لە دنیای خۆتدا پێت وابێ قەت نامری؛ واش بۆ قیامەتێ کار بکە وابزانە ئێستا دەمری، فەرمودەیەکی گەورەیە"[٦٣٧].

پاشان هەژار لە ساڵی ١٩٩٠ سەردانی شاری پاریسی کردووە، لە چاوپێکەوتنێکی ڤیدۆییدا؛ لە بەرواری ٢ی شوباتی ١٩٩١، واتە تەنیا ١٩ ڕۆژ بەر لە کۆچی دوایی ئەنجامدراوە، هەژار خوێندنەوەیەکی دەروونی شیکاری بۆ هاوزمانەکانی خۆیکردووە، گلەیی هەبووە و پێیوایە شێوەی پەروەردەکردنی زۆرینەیان وەک پێویست نییە، ئەگەر سەردانی شارێکی کوردی بکەی، زیاتر خەڵکەکە داوای پارە و پوڵ دەکات، نەوەکو سەربەخۆیی نەتەوەیی؛ ئەو بۆچونی وایە سەرەڕای ئەوەی خاکەکەی داگیر و پارچە پارچە کراوە، بەشێکی پەیوەندی بەم داگیرکەرانەوە هەیە و بەشەکەی تر پەیوەندی بەبێ باکی و خەم ساردیی کوردەوە هەیە؛ کە تاکو ئێستا بە ژێر دەستەیی ماوەتەوە. لەم هەڤپەیڤینەدا هەژار موکریانی زۆر داخ

(637) https://youtu.be/KLZ2A6ORu5c?si=hwbP35ZWhhJiJJ8C

بـارە بەناکۆکـی ناوخۆیـی کـورد؛ بـەڵام لـەو باوەڕەدایـە کـورد لەنێـو ناچێـت و ڕۆژێـک دەگاتـە ئامانـج. لـەم بارەیـەوە دەڵـێ:

"لـە هـەر کـوێ دەڵێـی تەماشـا دەکـەی ئیختیـلاف لەبەینـی خۆمـان زۆرتـرە تـا لەگـەڵ دوژمنەکەمـان؛ لەبەینـی خۆمـان شـەڕی خۆمـان دەکەیـن، کـورد زۆرینـەی تێگەیشـتوون عەلعـان [ئێسـتا] کـە حاڵیـان زۆر خراپـە هـەر ئەوەنـدە. ئەمـما ناتوانـم بڵێـم تێگەیشـتوون کـە چۆنـی چـاک دەکەنـەوە". لـە درێـژەی گفتوگۆکـەدا ئـاوات بـە دەوڵەتـی سـەربەخۆ دەخـوازێ و لـەم بارەیـەوە لـە وەڵامـی پرسـیارێکدا دەڵـێ: "هەتـا پارچەیەکـی کوردسـتان مابـێ لەبـن دەسـتی خەڵکیـدا بەئـاوات نەگەیشـتووین" [٦٣٨].

لـەدوای نەخـۆش کەوتنـی ئاواتـی ئازادبوونـی کوردسـتانی خواسـتووە، هەفتـەی دووەمـی شـوباتی ١٩٩١ یەکێـک لـە کەسـایەتییە سیاسـییەکان، سـەردانی کـردووە، باسـیان لـە دەسـتپێکردنی ڕاپەڕینـی باشـووری کوردسـتان کـردووە، لـە دوای ئازادبوونـی کوردسـتانیش، هـەژار گوتویەتـی "ئەگـەر گەڕامـەوە ... لـە هەولێـر دادەنیشـم، کـە دەکەوێتـە ناوەڕاسـتی کوردسـتان، تـا لـەوێ بژیـم"[٦٣٩]، بـەڵام مـەرگ ڕێـگای نـەدا، ئەمـە بەچـاوی خـۆی ببینـێ، ئـەو ئاواتـە لـە مێژینـەی بێتـەدی.

لـە لایەکـی تـرەوە هـەژار لـە وەڵام پرسـیارێکدا؟ کـە چ ئاواتێکـی هەیـە؟ دەڵـێ: "ئەمەلـی بنیـادەم یـەک و دوو نیـە و دوایـی نایـە؛ بـەڵام دوو ئـارەزووم لـە سـەرووی هەموانـە: یەکیـان بـۆ پێـش مردنمـە و دەزانـم نایبینـم و داخـی دەگـەڵ خـۆم دەبـەم؛ ئەویـش سەربەسـتی کوردسـتانە. ئـەوی کەیـان بـۆ دنیـای پـاش مەرگمـە و لـە کەرەمـی خـودا بـە دووری نازانـم بمداتـێ: لـەو شـوێنەی مەولـەوی و خانـی و مـەلای جزیـری و مەحـوی و نالـی و هـەواڵان و هاوماڵانیـان دەبـن، بـێ شـک هـەر نۆکەرێکیـان دەبـێ هەبـێ؛ ئـەو نۆکـەرە مـن بـم"[٦٤٠].

(٦٣٨) سـوارە مامەخەلانـی، کـورد و پارەوپـوڵ چاوپێکەوتـن لەگـەڵ هـەژار موکریانـی (١٩٩٠) https://youtu.be/6f23ycqvsbM بـەرواری سـەردان ١ی ئایـاری ٢٠٢١.

(٦٣٩) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩)٣٩-٢٣٧

(٦٤٠) فەلەکەدین کاکەیی، کۆبەرهەم دەفتەری خاک(پ- ٤)١١-١٢٢.

هــەژار زۆربــەی تەمەنــی خــۆی بــۆ ئــازادی و خزمەتــی نەتــەوەی کــورد تەرخــان کــرد. چ لــە ســەرەتای تەمەنــی کــە بەشــداری لــە حزبــی ئادیخــوازی کوردســتان و پاشـان کۆمەڵـەی ژێـکاف و حـدکا و پاشـان کۆمـاری کوردسـتان، دواتـر ئـاوارەی باشـوری کوردسـتان و عێـراق دەبـێ. لـەم پێناوەشـدا تاڵـی و سـوێری زۆر و ناخۆشـی و ناڕەحەتـی و مانـد و بـوون و کوێـرەوەری زۆری لـە ژیانیـدا چەشـتووە[٦٤١]. لەبـەر خاتـری ئامانجەکـەی خـۆی کـە ئـازادی کوردسـتانە لەژێـر چنگـی داگیرکـەران، زۆر کاری کـردووە و زۆر شـتی قبوڵکـردووە، کـە بەدڵـی نەبـووە، بـەڵام کۆڵنـەدەر و خـاوەن بیروبـاوەڕ و خۆڕاگـر بـوو، خـاوەن ئیرادەیەکـی بـەرز بـوو، هـەر ئەمـەش وایکـرد، بتوانـێ تـا کۆتایـی تەمەنـی وەک کەسـێکی نیشـتیمانپەروەر لەسـەر ئـەم ڕێچکەیـە بمێنێتـەوە.

لـەم بارەیــەوە خـۆی لـە سـەرەتای دیوانـی هــەژار بـۆ کوردسـتان، بـە ناونیشـانی "بەســەرچڵی تۆزێــک لــە بەســەرهاتەکەم" کــە ئاوڕێکــی خێــرای داوەتــەوە دواوە و بەکورتــی ئامــاژەی بــۆ ئــەوە کــردووە:

"ســی و چەنــد ســاڵی تەمەنــم دەربــەدەر و ماڵانگــەڕ بــووم. نــزم و بــەرز و پیــس و پـاک و بـەد و پاکـی زۆرم دیـوە. بـە دەردی کـوردە گوتەنـی: دنیـام قونـە کـەو کـردووە. بــۆ نانەوشــکی ڕۆژانــە و بــۆ جــێ خەوێکــی شــەوانە لــە شــاگرد مەیخانەچیەتییــەوە بگــرە تــا عەنباڵــی و قــوڕەکاری و گەســک لێدانــی مــاڵان و کاشــی ماڵــی و ئامــان شوشــتن و زبــڵ ڕشــتنم کــردووە. ئــەوەی بەســەر مــن هاتــووە بــەدەردی حاجیەکــە گوتـی: بەسـەر حەسـەن و حوسـێن هاتبـا سـەکەت دەبـوون. بـە قەتـاری دەرەجـە سـێ، ئۆتۆبۆسـی دەرەجـە دوو، کەڵەکـی فـوو. بەسـەفەر چـووم. لـە نـاو جەرگـەی هەژارانـدا لـە نەداریـدا یەکـەم بـووم و دەگـەڵ هەژارانـدا ژیـاوم. زۆر بـە پـاو گاگاش بـە سـواری زۆر باژێـر و گونـد و گـۆڕ و شـیو و بەربنـار و شـاخ و دۆڵ و دەشـتی بێـروون و وشـکارۆ و چــۆڵ و هــۆڵ و پــان گــەڕاوم. شــەوگار لــە هەرزانتریــن خــان یــان لــە ســەربانی مزگەوتـان، جارجـار لەسـەر ڕەڵمـی گـەرم لـە سـارایە، زۆر جـار لـە کـەژ و چیایـە لـە

(٦٤١) هەمـزە خانەڵەیـی، لـە ٢٣ هەمیـن سـاڵیادی کۆچـی دوایـی مـام هـەژاردا. ئاوڕدانەوەیـەک لـە بیرمەنـدی کـورد هـەژار موکریانـی"٦٦٩١ خەبـات هـزر و هونـەر (٢٢ی شـوباتی ٢٠٢٤)٩.

ئەشـکەوتان، لەسـەر بـەردان لەبەربـاران و لەنگێـزە سـتارم گرتـووە و خەوتـووم. بـەرگ شـڕی و بـێ شـمەکی و کـەوش چەکـی و چڵـک و چەپەڵـی و گەرمایـی بـێ ئەسـپۆنی و ئەسـپیۆنی هۆگریـان پێـوە گرتـووم و چاومیـان بەخـۆ ڕاهێنـاوە. گوێچکـەم بـە جوێـن و پـلاری خـاوەن کاری نالەبـار و ڕژد و خوێڕیلـە خـاراوە".

هــەژار لــە ناخــی هەژارانــدا ژیــاوە و نمونــەی مەینەتیەکانــی گەلــی کوردســتان بــووە، بەشــێوەی کــرداری لــەو قۆنــاغ و ڕۆژگارە ســەختەدا ژیــاوە و پێیوایــە دەبێــت بەمەبەسـتی بەدەسـتهێنانی ئـازادی پێویسـتی بـە خەبـات و کۆڵنـەدان و قوربانیدانـە، بەپێچەوانــەوە نابــێ چاوەڕێــی ئــەوە بکــەی هەریــەک لــە عــەرەب و تــورک و فــارس ئــەو مافــەت دەنــێ و بەڵکــو خــۆت دەبــێ بیســتێنی و بۆیــە لــەم بارەیــەوە:

دەڵــێ" دەردی هەژارانــم نەبــەدەم، بــە دڵ چێشــتووە. مەســەلەن دەڵــێ: ســەد پزیشـک بـە ئەنـدازەی دەردەدارێـک نازانـێ نەخۆشـی چییـە؟ ویسـتوومە ڕۆژگارێـک دابـێ هـەژار لـە بێـگاری ڕزگاربـێ و بەگیانداریکـی بەئابـڕوو حەسـاو بکـرێ و هـەر بەسـەری زینـدوو نەمـرێ.... پێشـینانمان گوتویانـە: مناڵـی منـاڵ ئاسـاییش تـا نەگـری شـیری نادەنـێ. مـاف کـە نەسـێنرێ نـادرێ. سـەرباری دەردی هـەژاری و لـەش بەباریـش گەلێــک ســاڵان بــەرخ ئاســایی لــە گورگــی ورگــن ترســاوم، پۆلیــس و موچەخۆرانــی دەوڵەتانــی داگیرکــەری وڵاتەکــەم هێرشــیان بەتــاو بــۆ هێنــاوم، ناچاربــووم بەزگــی برسـی خـۆ لـە قوژبنـان قایـم کـەم نەمدۆزنـەوە. دایـم لەجـێ گۆڕکـێ دابـووم نـەک لەشــوێنێک پێــم بزانــن و بــم قۆزنــەوە"[٦٤٢]. چەندیــن جــار لەلایــەن داگیرکەرانــی کوردستانەوە؛ مەترسی لەسەر ژیان دروستبووە.

(٦٤٢) هەژار، دیوانی هەژار بۆ کوردستان (پ- ١)٨.

### هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ حزبی دیموکراتی کوردستان"حدک" ١٩٦٢- ١٩٩٠

هـەژار بەشـداری ڕاسـتەوخۆ و کاریگـەری لـە شۆڕشـی ئەیلوولـی باشـوری کوردسـتان کـردووە، وەک ڕاوێژکارێکـی سیاسـیش کاری لەگـەڵ (مسـتەفا بارزانـی) کـردووە. چالاکـی سیاسـی و ئەدەبـی و ڕۆشـنبیری خۆشـی درێـژە و پەرەپێـداوە و بەردەوام بووە. وەک پێشـتر ئاماژەمـان پێـداوە. بـەڵام هەرگیـز بۆ سـاتێکیش پشـتی لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان نەکردووە، بەشـیکی زۆری کارە سیاسـی و ئەدەبییەکانـی ئاراسـتەکەی بـۆ کوردانـی ڕۆژهـەڵات بـووە. ئەمـەش دەرخـەری ئەوەیـە بەیـەک چـاو تەماشـای خەباتـی گەلـی کـوردووە، لـە هـەر پارچەیەکـی کوردسـتان. هەروەهـا ئـەو فەلسـەفەی جیهانبینیـەی بـۆ دروسـت کـرد، کـە نابێـت کـۆڵ بـدات بـەردەوام بـێ لـە خەبـات، لـە ڕێـگای بەرهەمەکانیـەوە بەتایبـەت وشـەی کـوردی میللەتـی کـورد، زیاتـر بـە ئاگابـێ نێتـەوە.

ئەمـەی خـوارەوە بەشـێک لـە چالاکییەکانـی، هـاوکاری و هەماهەنگـی هـەژارە لەگـەڵ حزبـی دیموکراتـی کوردسـتان "حـدک".

لـە سـاڵی ١٩٦٢،هـەژار و (عەبدوڵـڵا ئیسـحاقی- ئەحمـەد تۆفیـق) سـکرتێری حـدک، لـە بەغـدا پێکـەوە سـەردانی باڵوێزخانـەی میسریـان کردووە، بەمەبەسـتی ڕاکێشـانی سـەرنجی ئـەوان بـەلای شۆڕشـی ڕۆژهـەڵات و باشـووری کوردسـتاندا، جگـە لـەوەی هـەژار وەک کەسـایەتییەکی سیاسـی بیـر و بـۆ چونـی خـۆی لەسـەر بابەتـەکان دەربڕیـوە، هەروەهـا ڕۆڵـی وەرگێڕیشـی بینیـوە لەنێـوان ناوبـراو و میسریەکانـدا [٦٤٣].

بەهـۆی ئـەوەی پەیوەنـدی هـەژار و (ئەحمـەد تۆفیـق) زۆر خـۆش و نزیـک بـوون و لەیەکـەوە، لـە دەوروبـەری (مسـتەفا بارزانـی) ش هـەر بەیەکـەوە بـوون[٦٤٤]، و لـە سـاڵی ١٩٦٣، (ئەحمـەد تۆفیـق) پێـی گوتـوە "ئەگـەر لـە خۆمـان بـی زۆرمـان پـێ خۆشـە"، بـەڵام

(٦٤٣) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٣٢٧.

(٦٤٤) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ مەلا ڕەسوڵ پێشنماز (٥ی ئابی ٢٠٢١) سلێمانی. لە ساڵی ١٩٣٣، لە گوندی کاوڵانی دەوروبەری شاری مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٦٣، هاتۆتە باشوری کوردستان و بووەتە کادری باڵای حزبی دیموکراتی کوردستان، لە ساڵی ١٩٧١، بووەتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، لە ساڵی ١٩٧٧، بووە بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، لە ساڵی ١٩٧٩، بووە بەرپرسی مەکتەبی سەربازی، ئێستا کەسایەتی سیاسی سەربەخۆیە و لە وڵاتی سوید و شاری سلێمانی دەژیەت.

هــەژار نکۆڵــی کــردووە، کــە جارێکــی تــر ببێتــەوە ئەندامــی حزبــی دیموکــرات، چونکــە زیاتـر لـە بیسـت سـاڵ، لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان دابـڕاوە، شـارەزایی ئەوتـۆی لـەو باریـەوە نەمـاوە، بەشـێوەی زیاتـر تێکـەڵاوی لەگـەڵ خەڵکـی باشـووری کوردسـتان، زانیاری لەسـەریان زیاتــرە و هەڵســەنگاندن و خوێندنــەوەی بــۆ قۆناغەکانــی شــۆڕش هەیــە و گوتویەتــی "لەبـەر ئـەوە وەک ناحزبـی بـە دۆسـتم حیسـاب بکـەن" و هاکاریتـان دەکـەم. ئەویـش ڕازی بـووە [٦٤٥]. بۆیـە هەوڵیـداوە، بەپێـی توانـا و ئـەو شـارەزایەی کـە هەیەتـی هاوکاریـان بـکات، ڕێگـری بـکات، لـەو گیروگرفـت، کێشـە و دووبەرەکیانـەی کـە لـە ناوخـۆی ئـەم حزبـە سـەری هەڵـداوە و دروسـت بـووە، ئەوەتـا یەکێـک لـە کادرە باڵەکانـی ئـەم حزبـە، ستایشـی هەوڵەکانـی دەکات، ئـەو کاتـەی لـە حوزەیرانـی ١٩٦٣ لـە چیـای برادۆسـت سـەربە پارێـزگای هەولێـر بـوون، کێشـەیان لەسـەر ئاسـتی سـکرتێر و سـەرکردایەتی دروسـت بـووە، هــەژار ڕێنوێنــی کــردوون، یەکێتــی ڕیزەکانیــان بپارێــزن، گفتوگــۆی لەگــەڵ کــردوون و بــە هەمـوو تواناکانـی هەوڵیـداوە، ڕێگیـری لـەو کێشـانە بـکات و چارەسـەریان بـۆ بدۆزێتـەوە، چونکــە پێــی وا بــووە، بەیەکگرتویــی و یەکڕیــزی دەتوانــن بــە ئامانجەکانیــان بگــەن[٦٤٦]. ڕۆڵـی بەرچـاوی هەبـووە هـەروەک یەکێـک لـە کەسـایەتییە سیاسـییەکان ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکات، کـە کاریگـەر بـووە، بـە بابـەت و هەڵوێسـتە شۆڕشـگێرەکانی هـەژار، تـا دواجـار بەشـداریکردووە، لـە خەباتـی ڕزگاریخـوازی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان[٦٤٧].

لــە ١ی تەمــوزی ١٩٦٣ لــە گونــدی پیرەکەپــری ناوچــەی بــارزان، کادرە باڵاکانــی حـدک، لەوانـە (سـەلاحی موهتـەدی)، (محەمـەدی ئیلخـان زادە)، (مـەلا عەبدولڕەحمانـی سـیفەتاڵەیی)، (عومـەر سـادق نگڵـی) و(مـەلا جەمیـل مەردۆخـی) ڕاوێژیـان پێکـردووە، بەشــێوەی نهێنــی، لەســەر دامەزراندنــی کۆمەڵــەی ڕزگاری کوردســتان، ئەویــش زۆر ڕێنوینــی و هاوکاریکــردوون، بەشــێوەیەکی گشــتی لەســەر کاری ڕێکخراوەیــی و پەیــڕە و پرۆگرامەکــەی، کــە ئامانجــی ســەربەخۆیی کوردســتانی بــووە، هــەژار هەوڵیــداوە،

(٦٤٥) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٣٢٨.

(٦٤٦) مەلا ڕەسوڵ پێشنماز، سەربردەی ژیانم مێژوو-بیرەوەری(پ- ٥٢١)٩٧.

(٦٤٧) مـەلا ڕەسـوڵ پێشـنماز، چەنـد سرنجێـک لەسـەر چێشـتی مجێـوری هـەژار موکریانـی"٢١ گۆڤـاری گزینـگ (پایـزی ١٩٩٨)٦٢.

پشتیوانی سەرۆکی پارتی بۆ ئەم کۆمەڵەیە مسۆگەر بکات، بەڵام بەهۆی بەردەوامی شەڕو ناجێگیری بارودۆخ، کە پاشان هەژاریش زۆر ڕشت نەبووە لەسەر بابەتەکە. بەدڵنیاییەوە (بارزانی) لەسەر وەها پرسێک ڕازی نەدەبوو، هەر بۆیە کۆمەڵەکە هەڵوەشاوەتەوە(٦٤٨)، بەدوور نازانرێت پاشان هەژار هەستی بە ئاکامەکان، کاردانەوە و ئەنجامەکانی بەشێک لە نەیارانی ناو حدک کردبێت، دژی ئەو کەسانەی هەستاون بەدروستکردنی ئەم کۆمەڵەیە، کە ململانێ و ناکۆکی نێوخۆیی لێدەکەوێتەوە و بۆیە پاشەکشەی کردووە. هەروەها لە ساڵی ١٩٦٤، ئەو کاتەی هەژار، سەرپەرشتی کارەکانی بارەگای (مستەفابارزانی) کردووە، لە سەنگەسەری ناوچەی پشدەر، هاتووچۆی بنکەکانی حدکی کردووە، کە نزیک ئەو بارەگایە بووە، ڕێنمایی داوە بە بەرپرسانی باڵا، لەسەر بارودۆخی سیاسی و هەڵوێستی کەسایەتییە سیاسییەکان، چونکە ئەو بەشدار بووە، لە کۆبونەوە چارەنوس سازەکان، لەگەڵ سەرکردایەتی بەشداری دەکرد. لەسەر سیاسەتی بەرپرسانی نەشارەزا و ئەگەر بەجۆرێک دژی ئەو بەرژەوەندیەکانی ئەوان بووبێت، ئاگاداری داونەتێ و ئەم هەڵوێستەی سوودی زۆری بەئەوان گەیاندوە، لەو سەردەمەدا (٦٤٩).

لەلایەکی ترەوە، بۆ زیاتر تۆکمەکردنی کاری ڕێکخراوەیی، دوای ئەوەی چەندین ساڵ بووە، حدک کۆنگرەی نەبەستووە، بۆیە هەوڵەکانیان چڕکردووەتەوە، بۆئەم مەبەستە لە تشرینی دووەمی ١٩٦٤، لە نزیک گوندی سونێی پشدەر، بەبەشداری زیاتر لە ٣٠٠ ئەندام، کۆنگرەی دووەمی حدک بەسترا، (ئەحمەد تۆفیق) سەرپەرشتی کردووە، هەژار یەکێک بووە، لەو کەسانەی وەک ئەندامی سەرکردایەتی حدک هەڵبژێردراوە(٦٥٠)، ناوی ئەو، لە ڕیزبەندی حەوتەم دایە(٦٥١) هەرچەندە هەژار بەشداری کۆنگرەشی نەکردبوو، تەنها بەنووسینی نامە بۆیان بەشدار بووە(٦٥٢) ئامادەبووان

(٦٤٨) جەمیل مەردۆخی(پ-٤٨٠)١٠٠-١٠٦.

(٦٤٩) ئەمیر قازی، لە بیرەوەرییە سیاسییەکانم (پ- ١٥٠)٧٣.

(٦٥٠) جەلیل گادانی، پەنجا ساڵ خەبات (پ- ٧٥)١٤٣-١٤٤.

(٦٥١) حامید گەوهەری، ئەحمەد تۆفیق سەرکردەیەکی ون لە مێژوویەکی شێوێندراودا (پ- ٢١٧) ٢٥٦.

(٦٥٢) پەیوەندی تەلەفۆنی، لەگەڵ حامید گەوهەری (پ- ٨٠) وڵاتی سوید.

هەڵیـان بـژاردوە، بـەڵام دواتـر کـە هەواڵەکەیـان پێڕاگەیانـدوە، ڕەتـی کردووەتـەوە، ئـەم بەرپرسـاریەتیە وەربگرێـت[٦٥٣]، چونکـە ئـەو لـە بـارەگای (مسـتەفا بارزانـی) بـووە لـە پشـدەر، زیاتـر سـەرقاڵ و ڕاپەڕاندنـی کاروبارەکانـی ئـەو بـووە[٦٥٤]. ئەمـەش بـۆ ئـەو ئەزمـوون و شـارەزایی و پێگـە گرنگـە دەگەڕێتـەوە کـە ئـەو لـە ڕابـردوودا هەیبـووە، بۆیـە هەوڵیانـداوە، لـەو کۆنگرەیـە بەشـداربێت و هـەژار بهێننـە نـاو ڕیزەکانیـان.

لـەم بارەیـەوە بەپێـی بەڵگەنامەیەکـی سـاواک بـە ژمـارە: ٧٨٩٩- ١٣٤٤/٧/٢٦(١٣) ڕاپۆرتـی لـە ١٣٤٤/٧/٢٦هـ - ١٩٦٤ز، عبدالڕەحـمان شـەرەفکەندی - هـەژار ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەنـدی حزبـی دیموکراتـە لەگـەڵ هەریـەک لـە ئەحمـەد تۆفیـق، سـەدیق ئەنجیـری ئـازەر، سـلێمان موعینـی، ئەمیـر قـازی، مـەلا سـەید ڕەشـید و مـەلا ڕەحیـم مەنیجـەڵان... بەپێـی نوسراوەکـە کـە سـاواکی مەهابـاد بـۆ سـەرۆکی سـاواکی پارێـزگای ٤ی ڕەزائیـە دەنێـرێ. [٦٥٥]. ئەمــەش ئــەوە دەردەخــا کــە دەزگای هەواڵگــری ئێــران چەنـدەی هـەژار بـەلاوە گرنـگ بـووە و بەچـڕی کاری لەسـەر جموجۆڵەکانـی کـردووە و زانیـاری لەسـەر کۆکردۆتـەوە.

ئەوکاتـەی هـەژار لەشـاخ بـووە، نـاوە نـاوە وەک کادرێکـی بـاڵای ڕاگەیانـدن، دەیگێڕیتـەوە، "لـە ناوەڕاسـتی سـاڵانی ١٩٦٥-١٩٦٦، ئـەوکات هـەژار لـە چاپەمەنـی بـووە، لـە سـەر ئاسـتی سـەرکردایەتی ئەندامانیـان لەوانـە (ئەمیـری قـازی) و زۆر کەسـی دیکەیـان، سـەردان یـان دەکـردوو، چەنـد شـەوێک لای دەمانـەوە، دەربـارەی باردۆخـی دەسـەڵاتدارانی ئێـران و دوا ڕۆژی گەلـی کـورد، لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، دەدوان و خوێندنـدوە و هەڵسـەنگاندنی بـۆ بابەتـەکان دەکـرد" [٦٥٦]. ئـەم هاتووچۆیـەی ئـەوان بەردەوامـی هەبـووە، لـە سـاڵی ١٩٦٩ بـۆ نمونـە (عەبدوڵـڵا حەسـەن زادە) ئـەوکات کادری

(٦٥٣) هەیـاس کاردۆ، ئەزمونـی خەبـات ئاوڕێـک لە ژیـان وخەباتی عەبدوڵڵا حەسـەن زادە، وتوێژ (چاپی یەکەم- چاپخانەی ڕۆژهـەڵات هەولێر ٢٠١١)١٥٧.

(٦٥٤) پەیوەندی تەلەفۆنی، لەگەڵ مەلا ڕەسوڵ پێشنماز (پ- ٦٤٤)سلێمانی.

(٦٥٥) چـپ در ایـران، بـە روایـت اسـناد سـاواک- حـزب دیموکـرات کوردسـتان، جلـد اول، مرکـز بررسـی اسـناد تاریخـی وزارت اطلاعـات – ١٣٧٨).

(٦٥٦) پەیوەندی تەلەفۆنی، لەگەڵ ئەحمەد دەشتی (پ-٥٦٨) ئەڵمانیا.

باڵای حدک بووە، "لەگەڵ (ئەمیری قازی) بۆ یەکەم جار بوو سەردانی هەژاری کردووە، لە گوندی قەسرێ شەو لای ماونەتەوە، گفتوگۆیان دەربارەی بارودۆخی سیاسی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان کردووە، بەتایبەت ئەو فشارەی دەسەڵاتدارانی ئێران، لەسەر گەلی کوردی لە ڕۆژهەڵات داناوە"[٦٥٧].

هەروەها لە کۆنفرانسی دووەمی حدک لە ئابی ١٩٦٩، لە گوندی ورتێی ناوچەی مەنگوڕایەتی پشدەر، کە لە ماڵی (عەبدوڵڵا مەلا حەسەن) بەشێوەی نهێنی بەستراوە[٦٥٨]، "پێشتر لەلایەن دەستەی سەرپەرشتی بانگهێشتی هەژار یان کردووە، بەمەبەستی بەشداریکردنی لەم کۆنفرانسە، بەڵام ئەو نەچووە و نامەیەکی دوور و درێژی بۆ نوسیون، کورتە مێژوویەکی لەسەر ژێکاف، حدک و کۆماری کوردستانی بۆ ڕوونکردوونەتەوە، دەستی لەسەر خاڵە لاوازەکان داناوە، داوای لێکردوون، واز لە ململانێ و دژایەتی یەکتر بێنن، باچیتر درز لەناو ڕیزەکانتان دروست نەبێت، با خوێنی ڕۆڵەکانیان بە فیڕۆ نەڕوا، دەبێت ڕێزی یەکتر بگرن و یەکگرتو و یەک هەڵوێست بن، ئەگەر ئەوەتان کرد، خەڵکی و دۆستان دڵخۆش دەکەن، پلان و بەرنامەی کار دابنێن، بۆئەوەی بەرەو پێشەوە هەنگا و بنێن و نەیارەکانیان زەفەریان پێنەبەن، هیوای سەرکەتنی بۆ خواستون، نامەکەی لە دانیشتنەکەدا خوێندراوەتەوە، بەهۆی ئەوەی زۆر بە ڕوحیەتێکی شۆڕشگێڕی نوسیووە، هەست و سۆزی هەمووانی هێناوەتە جۆش، بەشداربوان زیاتر لە سی کادر بوون، گریاون (مەلا ڕەسوڵ پێشنماز) یەکێک لە بەشداربوانە و کادرێکی باڵایان بووە دەڵێت، من کەمتر لایەنی سۆزم هەیە و دڵڕەقم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا منیش خۆم بۆ نەگیراو زۆر گریام"[٦٥٩]، دەبێ بگوترێ ئەم نامەیەی هەژار کاریگەری زۆری کردەسەر بەشداربوانی کۆنفرانس و بووبە بەشێک، لەهەوێن و سەرکەوتنی دانیشتنەکە، بوو بەبنەمایەک بۆ بەخۆداچوونەوە[٦٦٠].

سەرەڕای ئەمانەش، سکرتێری پێشوتری حدکا پێی وایە، بەهۆکاری ئەوەی هەژار،

---

(٦٥٧) پەیوەندی تەلەفۆنی، لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە (پ-١٥٢) فەرەنسا.

(٦٥٨) بێژەن ساعدی(پ- ٢٧٥)١١٠.

(٦٥٩) پەیوەندی تەلەفۆنی، لەگەڵ مەلا ڕەسوڵ پێشنماز (پ- ٦٤٤)سلێمانی.

(٦٦٠) پەیوەندی تەلەفۆنی، لەگەڵ ئەمیر قازی (پ-٥٥٢) سوید.

لــە ناوەنــدی بڕیــاری سیاســی شــۆڕش نزیــک بــووە، بەپێــی بارودۆخــی قۆناغەکانــی ئەوکاتــی سیاســی، گەلێــک جــار پۆســتەکەی بەکارهێنــاوە، لــە ســەرکردایەتی و بەتایبــەت لای (مســتەفا بارزانــی) ڕای باشــی داوە و ئــەوەی لەدەســتی هاتبێــت بــۆ ســەرکردایەتی حــدک و ئەوانــی ئەنجامــداوە، لــەم بارەیــەوە دۆســت و نزیــک و هاوکاربوو(٦٦١)،ئەمــەش لەبەرژەوەنــدی ســەرکردایەتی ئــەم حزبــە شــکاوەتەوە، زۆر جــاران لــە کاتــە هەســتیارەکان ڕاوێژیــان پێکــردووە، ســوودیان لــە ڕێنمایەکانــی ئــەو وەرگرتــووە(٦٦٢) بەهــۆکاری ئــەوەی زانیــاری باشــی هەبــووە، لەســەر دا و پیلانەکانــی دەزگای ســاواکی ئێــران، دژی کادر و نیشــتیمانپەروەرانی ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان، لــە باشــووری کوردســتان، لەبــەر خــەم خــۆری، لــە ســاڵی ١٩٦٩، هــەژار بەســەرکردایەتی حــدک ی ڕاگەیانــدوە، کەلــە ســەرۆکی پارتــی زانیویەتــی، ساواک کار لەســەر (هێمــن موکریانــی)ی شاعیر دەکات، ئــەو کات کادری باڵای ئــەوان بــووە، بۆیــە ســەرکردایەتی ئــەوان وەک ڕێــکاری خــۆ پارێــزی بــۆ ســەلامەتی گیانــی، نــاوی (هێمن)یــان گۆڕیــوە بــۆ (مــام حەســەنی وەڵــزی) و جموجۆڵەکانیــان ســنووردار کــردووە(٦٦٣)، پاشــان وەک شــوێن بزریــەک هێمــن موکریانــی ڕۆیشــتووە بــۆ بارەگاکــەی هــەژار لــە ڕادیــۆی دەنگــی کوردســتان و لــەوێ ماوەتــەوە(٦٦٤).

لــە دوای ڕێکەوتننامــەی ١١ی ئــازاری ١٩٧٠ هــەژار گەڕاوەتــەوە بەغــدا، درێــژەی بــەم پەیوندیە داوە(٦٦٥) زۆر هاوکاری و ئاســانکاری بۆ، جموجۆڵی ســکرتێر و ســەرکردایەتی حدک کــردووە، هەروەهــا لــە ماڵــی خــۆی خزمەتــی کــردوون(٦٦٦)، لــە شــاخیش بارەگاکــەی یاخــود ئەوکاتــەی لــە وەرزی هاویــن، ماڵــی لــە ناوچــە ئازادکراوەکانی ژێر دەســەڵاتی شــۆڕش بووە، بەتایبــەت حاجــی ئۆمــەران، لەوانە لە ســاڵی ١٩٧١، بووەتە وەســیتەیەک بــۆ کادیرانی ئەوان، کــە کاتێــک هاتووچــۆی بــارەگای (مســتەفا بارزان)یــان کــردووە، ئــەو خزمەتــی کــردوون و

(٦٦١) پەیوەندی تەلەفۆنی، لەگەڵ عەبدوڵلا حەسەن زادە (پ- ١٥٢) فەرەنسا.
(٦٦٢) پەیوەندی تەلەفۆنی، لەگەڵ ئەمیر قازی (پ-٥٥٢) سوید.
(٦٦٣) مەلا ڕەسوڵ پێشنماز، سەربردەی ژیانم مێژوو-بیرەوەری(پ- ٥٢١)٢٣٥.
(٦٦٤) سین (پ- ١٥٤)٣.
(٦٦٥) پەیوەندی تەلەفۆنی، لەگەڵ عەبدوڵلا حەسەن زادە (پ- ١٥٢) فەرەنسا.
(٦٦٦) ئەمیر قازی، لە بیرەوەرییە سیاسییەکانم (پ- ١٥٠) ١٠٢-٢١٧.

هـاوکاری و ئاسـانکاری بۆکـردوون[٦٦٧]. هەروەهـا ئەو کاتانەی سـەرکردایەتی ئەم حزبە زیاتر یەکگرتوو بوون و هاوهەڵوێسـت بوون، پلان و بەرنامەی تۆکمە تریان، بۆ کارە سیاسـییەکانی خۆیـان هەبـووە، هـەژاری زۆر دڵخۆشـکردووە، ئەمـەش لەسـەر زاری کەسـایەتییەکی سیاسـیانەوە، کـە ئـەوکات بەرپرسـی پەیوەندیەکانـی حدک بـووە لەگەڵ پارتـی ، لەگەڵ ئەو شـاندە بـووە، کـە لە ئابـی ١٩٧١ بە سـەرۆکایەتی (عەبدولڕەحـمان قاسـملوو[٦٦٨])، لە گوندی حاجـی ئۆمـەران، سـەردانی هـەژار یـان کـردووە ومیوانـی ئـەو بوون، کـە بارەگای لـە نزیک سـەرۆکی پارتـی بـووە، بەشـێوەیەکی گشـتی کارەکانی پێ باش بـوون، هەروەهـا لەکاتی یاد و بۆنەکانیـان، بانگهیشـتیان کـردووە، بەشـێک لـە مێـژووی سـەردەمانی کۆماری کوردسـتانی بـۆ باسـکردوون، بـەدەم گریـان و جاروباریـش پێکەنینـەوە، ڕوو پەڕی بەشـێک لە خۆشـی و ناخۆشـیەکانی، ئەو سـەردەمەی هەڵداوەتەوە، کە بووەتە جێگای سـەرنجی بەشـدار بووانی دانیشـتنەکە، ئەمـەش لـە سـاڵی ١٩٧٣، لـە بەغـدا بـووە، کـە ئـەوکات، لەگـەڵ (قاسـملوو) و (هێمـن) لە کـۆڕی زانیـاری کورد بـوون[٦٦٩].

بەهـۆی ئـەو گیـر و گرفتانـەی نێـوان سـەرکردایەتی شۆڕشـی ئەیلـوول دروسـت بـوون، هەژاریـش لایەنگیـری (مسـتەفا بارزانـی) بـووە، بەشـێک بـووە، لـەو کێشـە و ململانێیـە، تـا سـەر ئەنجـام بـە هـەوڵ (قاسـملوو) یاوەرانـی، لەلایـەن (جـەلال تاڵەبانـی)، کـە لـە سـاڵی ١٩٧٠، لـە بەغـدا داوەتـی کـردوون، هەژاریـش بەشـدار بـووە، لەگـەڵ (جـەلال تاڵەبانـی) ئاشـت بوونـەوە، لەگفتوگـۆی سیاسـی تونـد، لـە نێـوان ئامادەبـووان ڕویـداوە، بـەڵام ناوبراو بـە ووتـە خۆشـەکانی سـەرنجی بـۆلای خـۆی ڕاکیشـاون، بەپێکەنینـی خسـتون و کۆتایـی بـەم بابەتـە هێنـاوە[٦٧٠]. لەکاتێکـدا کـە هـەژار گەڕاوەتـەوە ئێـران، بەتایبـەت لـە دوای سـاڵی ١٩٧٩، ئـەم پەیوەندیـەی بەشـێوەی نهێنـی لەگـەڵ سـەرکردایەتی حـدکا بـەردەوام بـووە، نامـە گۆڕینـەوەی لەگـەڵ یـان ئەنجامـداوە، ڕاوێژیـان بەیەکـەوە کـردووە[٦٧١]. لـە

(٦٦٧) کەریم حیسامی، لە بیرەوەریەکانم بەرگی دووەم(پ- ١٤٤) ٧٦١-٧٦٤.

(٦٦٨) بـۆ زانیـاری زیاتـر لەسـەر عەبدولڕەحمان قاسـملوو بڕوانـە. هۆشـمەند عەلـی مەحمـود، دیـداری قاسـملوو لـە گێڕانـەوەی زارەکـی دا (چاپـی یەکـەم- چاپخانـەی کارۆ- سـلێمانی ٢٠٢٢).

(٦٦٩) مەلا ڕەسوڵ پێشنماز، سەربردەی ژیانم مێژوو-بیرەوەری(پ- ٥٢١)٢٥١-٣٦٣.

(٦٧٠) کەریم حیسامی، لە بیرەوەریەکانم بەرگی دووەم(پ- ١٤٤) ٨٥٨-٨٥٩.

(٦٧١) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ مەلا ڕەسوڵ پێشنماز (پ- ٦٤٤)سلێمانی.

ساڵی ١٩٨٠ لەسەر ئاستی سەرکردایەتی، لەوانە: (عەبدوڵلا حەسەن زادە)، سەردانی ماڵی ئەویان لەشاری کەرەجی ئێران کردووە، هەروەها وەک بۆ خۆی ئاماژەی پێکرد "ساڵێک یان دووساڵ پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات، هەژار نامەیەکی بۆ نووسیوە، کە ئێوە لەناو شۆڕشدان و دەستێکم لەگەڵتان نییە، جەرگم جەرگی دەخواتەوە...ئێمە بەشی خۆمان کردووە و ئەوجا نۆرەی ئێوەیە...خوا پشت و پەناتان بێ" (٦٧٢).

لە کۆتایی بەشی سیاسی دا دەتوانین بڵێین:

ژیانی هەژار بۆ خۆی مایەی تێرامان و سەرنجی قوڵە، کاروانێکی پڕ لە هەوراز و نشێوی بڕیوە؛ تا ئەو کەسایەتییەی لێدەرچووە. لوتکەیەک لە ڕووی سیاسی و زمان و وێژەی کوردی هەژمار دەکرێ. لێکۆڵینەوە لە وێستگەکانی ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ئەو گەلێک دەرهاویشتەی گرنگی لێدەکەوێتەوە؛ هەژار کە بڕوای پتەوی بە کوردایەتی هەبووە و زۆربەی ژیانی بۆ هێنانەدی ئامانجی نەتەوەکەی تەرخان کردووە، لەم پێناوەشدا ڕووبەڕووی ڕژێمی شاهەنشاهی و ڕژێمی مەلەکیەت و کۆماری بەغدا و سوریا بۆتەوە(٦٧٣). ئەمەش هەموو دەرخەری ئەو ڕاستیەن کە خەبات و کار و چالاکی سیاسی و ڕۆشنبیری ئەو تایبەت نەبووە، بە پارچەیەکی کوردستان؛ لە کوێ پێویست بێ ئەو لەوێ بووە؛ بڕوای تەواوی بە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی هەبووە و لەم پێناوەشدا خەباتی کردووە، ئەم ڕژێمانە کە لە ڕووی بنەمای بۆچوونی هزری سیاسی و سیستەمەوە زۆر دژی یەک بوون. کەچی بەدریژایی مێژووی نوێ و هاوچەرخ؛ لە دژایەتی و پیلانگێڕان و سەبارەت بە دۆزی ڕەوای کورد هاوهەڵوێست و تەبا بوون.

ئەو بەشدارێکی چالاکی شۆڕشی کورد بووە و لانی کەم سی ساڵ، بەشێوەیەکی ڕاستە و خۆ شایەتی زیندووی ئەو شۆڕشە بووە. ڕاستە و خۆ لە بڕیاری ناوەندی نزیک بوو.

(٦٧٢) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ عەبدوڵلا حەسەن زادە (پ- ١٥٢) فەرەنسا.
(٦٧٣) هەمزە خانەڵەیی، هەژار موکریانی چەند کەسایەتییەکی جیاواز لە خودی یەک کەسایەتیدا"٦٤٧٥ خەبات بەشی یەکەم (٢١ی شوباتی ٢٠٢٣)٨-٩.

# بەشی سێیەم
# ڕۆڵی ڕۆشنبیری هەژار موکریانی

**تەوەرەی یەکەم:** پاشخانەی ڕۆشنبیری، ڕۆژنامەنووسی و ڕاگەیاندن

**تەوەرەی دووەم:** بەرهەمەکانی هەژار موکریانی

**تەوەرەی سێیەم:** بەرهەمە وەرگێڕاوەکانی هەژار موکریانی

## تەوەرەی یەکەم

## پاشخانەی ڕۆشنبیری، ڕۆژنامەنووسی و ڕاگەیاندن

داگیرکردنــی ئێــران لەلایــەن هاوپەیمانانــەوە ســاڵی ١٩٤١، ڕووخانــی دامــودەزگای کارگێــڕی و ســەربازیەکانی (ڕەزا شــا)، بــووە هــۆی ئــەوەی دەرفــەت بــۆ دانیشــتوانی ئێــران بڕەخســێنێت، هەناســەیەکی ئــازادی بــدەن، ئــازادی بیرکردنــەوە و دەربڕینــی بۆچــوون و ئــازادی نووســین، چــاپ و چالاکــی ڕۆشــنبیری و سیاســی ســەریهەڵدا، ناوچــەی موکریــان لەنێــوان دەســەڵاتی ســۆڤیەتی – ئینگلیــزی بەبۆشــی مایــەوە، لــە ئەنجامــدا بووبــە ناوەنــدی چالاکــی سیاســی و ڕۆشــنبیری و ئەدەبــی کــوردی، لەســەردەمی دەســەڵاتی (ڕەزا شــا)دا بەهــۆی پاکتــاوی نــەژادی و ڕێگریەکانــی لــە خوێنــدن بەزمانــی کــوردی، فەرهەنگــی کوردی بەجارێــک ڕوخابــوو، بۆیــە پێویســتی بەهــەوڵ و کۆششــی زۆر و چــڕی ڕۆشــنبیران هەبــوو، تاوەکــو لەکۆتایــدا توانیــان بیکەنــە ناوەندێکــی ڕۆشــنبیری.

### یەکەم: سەرچاوەکانی چەکەرەکردنی هزری ڕۆشنبیری هەژار

بەهــۆی ئــەوەی باوکــی جگــە لــە نیشــتیمانپەروەری، کەســێکی ڕۆشــنبیر و زانایەکــی دیــاری ســەردەمی خــۆی بــووە، شــێوازە جیاوازەکانــی زمانــی کــوردی زانیــوە، شــارەزایی باشــی لەبــارەی ئەدەبــی کــوردی، فارســی، عەرەبــی و تورکیــدا هەبــووە، لەســەر ئــەو بنەمایــەش هــەژاری پــەروەردە کــردووە و کاریگــەری لەســەر دروســتکردووە[٦٧٤]. هەرچەندە ســەرچاوەیەک پێــی وایــە، زەبیحــی" زمانــی کــوردی فێــری هــەژار کــردووە"[٦٧٥]، نکۆڵــی لــەوە ناکــرێ، زەبیحــی جگــە لــە لایەنــی سیاســیەکەی، کەســایەتییەکی ڕوناکبیــر بــووە، لــەم کتێبــەی لەبەردەســتدایە بەشــێوەیەکی گشــتی ئامــاژە بــە ڕۆڵــی ناوبــراو کــراوە، بــەڵام ســەبارەت بــە نووســینەکەی (کریــس کۆچێــرا)، گوایــە هــەژار لــە زەبیحیــەوە فێــری زمانــی کــوردی بــووە، وەک لەســەرەوە ئامــاژەی پێکــراوە، هــەژار جگــە لــەوەی خــۆی لــە منداڵیەوە

(٦٧٤) هەژار- هێمنەکەی جاران، مجلە اصحاب انقلاب- هەژارانە(پ- ١٧٦)٢٨-٢٩.

(٦٧٥) کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا وەرگێڕانی لە فارسیەوە حمە کەریم عارف(چاپی شەشەم چاپخانەی ڕۆهەڵات هەولێر٢٠١١)٢١٧.

زمانـی کـوردی زانیـووە، خۆشـی خولیـای زمانـی دایکبـووە، زۆریشـی خـۆ ماندوو کـردووە و باوکیشـی پاڵپشـت و پاڵنەرێکـی سـەرەکی بـووە، بۆئـەوەی زیاتـر گرنگـی پێبـدات، تاوەکـو بۆتـە ئـەم کوردیـی زانـەی ئێسـتا کـە هەیـە.

لـە سـەردەمی حکومەتـی (ڕەزا شـا)دا، دەسـەڵاتی ناوەنـدی ڕەهـا لـە تـاران پەیـڕەو دەکـرا، پرۆگرامـی خوێندنیـش، لەوێـوە دەردەچـوو و چاودێـری دەکـرا، زمانـی کـوردی کـە دانـی پێدانەنرابـوو، هەمـوو کوردێـک، تـورک و نەتەوەکانـی تریـش ناچـار بـوون بـە زمانـی فارسـی بخوێنـن، بۆیـە کەسـە نیشـتیمانپەروەر و شۆڕشـگێڕەکان، سـەرەتا گرنگیـان بـە فێربوونـی زمانـی کـوردی دەدا، یەکێـک لەوانـە هـەژار بـوو[٦٧٦]. ئـەو کات لـە تەمەنـی هەرزەکاریـدا بـووە، سـەرەڕای ئـەوەی خوێنـدن بـە زمانـی کـوردی قەدەغـە بـوو، بـەڵام خۆشەویسـتی بـۆ نیشـتیمان و بـۆ خوێندنـەوە بـە کـوردی، لێـرە و لـەوێ هەوڵـی دەستخسـتنی نـووسراوی کـوردی داوە، بـە شـێوەی نهێنـی لـە دەم ڕووبـار و باخـان خوێندوویەتیـەوە، ئەمـە بـە سـەرەتای خۆڕۆشـنبیریی ئـەو دادەنـرێ[٦٧٧]، بەهـۆی ئـەوەی لـە ناوچـەی موکریـان و لەوێـش شـاری بـۆکان، بەسـەرتۆپەی زمانـی ڕەسـەنی کـوردی دادەنـرێ، ناوبراویـش لـەم ژینگەیـە پـەروەردە بـووە، لـە لادێ گـەورە بـوو، زمانـی بـە وشـەی کـوردی پەتـی و ڕەسـەن پشـکوت، لـە سایەی باوکـی فێـری قسـەی خۆیشـی کـوردی بـووە[٦٧٨]، ئـەم ناوچەیـە بایەخـی تایبەتـی، لـە بـواری ئەدەبـی و کەسـایەتییە ڕۆشـنبیریەکان هەیـە، ئەمـەش کاریگـەری لەسـەری هەبـووە[٦٧٩].

بێجگـە لـە لایەنـە سیاسـییەکەی کـە لـە بەشـی سیاسـی ئامـاژەی پێکـراوە، ناوچـەی موکریـان بەهـۆی پاشـخانە ڕۆشـنبیری و دەوڵەمەندیـی زمانـی کوردییـەوە، بەتایبەتـی پێـش ئەویـش ئەدەبـی فۆلکلـۆر و ئەدەبـی زارەکـی، ناوچەیەکـی زۆر دەوڵەمەنـد بـووە. هـەژار لەنێـو ئـەم ژینگەیـەدا توانـی گرنگـی بەخۆیبـدات و خـۆی پـەروەردە بـکات.

---

(٦٧٦) فەخرەدین ئامێدیان(پ- ١٧)٤٠٥.

(٦٧٧) عەبدولڕەحمان شـەرەفکەندی- هـەژار، مـەم و زینـی خانـی، کردویـە بـە موکریانی، لـە بەرکولێک لەلایـەن وەرگێـڕەوە ( سـنندج- کانی کتێـب- ١٣٩٤- ٢٠١٥)٢٤.

(٦٧٨) هەژار هێمنەکەی جاران، مجلە اصحاب انقلاب- هەژارانە(پ- ١٥٦)٢٩.

(٦٧٩) نامق هەورامی، هەژار لە سنە (پ-٤٩)٨١-٨٢.

سـەرەڕای ئـەوەی لـە قوتابخانـە نەیخوێنـدووە، هەرلـە منداڵییـەوە بـە خوێندنـەوەی خـۆی بـە ئەدەبیاتـی کـوردی ئاشـنا و شـارەزا بـوو، ئامادەیـی باشـی هەیـە و خـاوەن داهێنانـە لـەم بارەیـەوە[٦٨٠]، پاشـان هـەژار یەکێـک بـووە لـەو نووسـەرانەی بەرهەمـی لـەم گۆڤـارەدا بڵاوکردووەتـەوە[٦٨١]، هەمـوو ئەمانـە کاریگەریـان لـە ڕووی ڕۆشـنبیرییەوە لەسـەر ئـەو دروسـت کردبـوو.

باوکـی جگـە لـەوەی ئـارەزووی ئـەوەی کـردووە، لـە دوا ڕۆژدا کوڕەکـەی ببێـت بـە مـەلا، بـەڵام لـە هەمانکاتیشـدا کوڕەکـەی فێـری شـێوازی ئەدەبیـات و شـیعری شـاعیران کـردووە، هانـی داوە خـۆی وشـیار بـکا و گرنگـی بـە خوێندنـەوە و لێکدانـەوەی کـوردی بـکا، خۆیشـی چەندیـن دیوانـی شـاعیرانی کـوردی بەشـێوەی نهێنـی هەبـووە، ڕادەسـتی هەژاریکـردووە، تاوەکـو بیانخوێنێتـەوە و سـوودیان لێوەربگرێـت، لەوانـە دیوانـی نالـی، سـالم و... بەمـەش زیاتـر خولیـا و چەکـەرەی ڕۆشـنبیریی تێـدا سـەری هەڵـداوە[٦٨٢].

لـە ڕووی ڕۆشـنبیرییەوە بەرهەمەکانـی شـاعیرێکی تـر کاریگـەری زۆری لەسـەری هەبـوو، (حەسـەنی قزڵجـی) وای بـۆ چـووە، لـەڕووی وردی بیـر و ئەندێشـەوە لـە (نالـی) فێربـووە[٦٨٣]، هەروەهـا لەوکاتـەی بیـری کردووەتـەوە، نیشـتیمانی خۆشەویسـت و جوانیـی سروشـتی کوردسـتان، ئاوهـەوای سـاف و شـوێنە دڵڕفێنەکانـی، بوونـە هۆکاریکـی تـر بۆئـەوەی کاریگـەری لەسـەری دروسـت بکـەن و ببنـە هەوێنـی و ڕەنگدانـەوەی لـە نووسـینەکانیدا[٦٨٤]. پاڵنەرێکـی تـر هـەر لـە دێـر زەمانـەوە، ناوچـەی موکریـان مەڵبەنـد و مەکـۆی شـاعیران و کەسـانی ڕۆشـنبیر بـووە، ئەمـەش کاریگـەری لەسـەر دەوروبـەری هەبـووە، یـەک لەوانـە هـەژارە[٦٨٥]، لـەو سـەردەمە و باردۆخـە ناسـکەی کوردسـتاندا،

(٦٨٠) ح قزڵجی، گۆڤاری هەڵاڵە، "شاعری ملی و بەناوبانگی کورد هەژار" (٣ لە ١٣٢٥- نیسانی ١٩٤٦)١٧.

(٦٨١) هیمـدادی حوسـێن، ڕۆژنامەنوسـی کوردی سـەردەمی کۆمـاری دیموکراتی کوردسـتان ١٩٤٢-١٩٤٧ (سلێمانی ٢٠٠٢)١١٤.

(٦٨٢) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٤١-٤٧.

(٦٨٣) خانـی، مـەم و زینـی خانـی، هـەژار کردویـە بـە موکریانی(چاپی یەکـەم چاپخانەی نەجـاح- بەغدا ١٩٦٠) لەبـری ژمـارەی لاپـەڕە، پیتی (خ).

(٦٨٤) کاروان عوسمان عەلی(پ- ٦٣)١٢.

(٦٨٥) نامق هەورامی، هەژار لە سنە (پ-٤٩)٣١-٣٢.

هەوڵـی گرنگیـدانی بـە ئـەدەب و فەرهەنگـی کوردیـدا[٦٨٦]. هەمـوو ئـەم پاڵنەرانـە بوونـە هـۆی ئـەوەی، هـەژار لـەدوا ڕۆژدا ئـەم کەسـایەتییە ڕۆشـنبیر و کاریگـەرەی لێدەرچـوو، کـە جـێ پەنجـە و داهێنانـی لـە چەندیـن بـواردا هەبـووە.

لـەم بارەیـەوە وەک ئامـاژەی پێکـراوە، بەهـۆی ئـەوەی هەژار پێشـینەیەکی هەبـووە، لە بـواری ڕۆشـنبیریی و جێگـە پەنجـەی دیـار بـووە، لـە (قـازی محەمـەد) زۆر نزیـک بـووە و ڕێـزی تایبەتـی لێگرتـووە، لەگـەڵ (هێمنـی شـاعیر) نازنـاوی شـاعیری میللیان پێبەخـشرا[٦٨٧]، جگـە لەلایەنـی سیاسـی، وەک ڕاوێـژکاری ڕۆشـنبیری کاری لەگـەڵ کـردووە[٦٨٨]، هەروەهـا لـە سـەردەمی کۆمـاری کوردسـتان، ڕۆڵـی بەرچـا و دیـاری گێـڕا لـە ڕاگەیانـدن، ڕۆژنامـە و گۆڤـار و ڕادیـۆ[٦٨٩]. لـە سـەرچاوەیەک ئـەم بابەتـە بـە سـاڵی ١٩٤٢ تۆمارکـراوە[٦٩٠]، لـە بنەڕەتـدا وەک ڕوونکراوەتـەوە کۆمـاری کوردسـتان لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٤٦ ڕاگەیەنـراوە، نـەک سـاڵی ١٩٤٢. وەک لـە پێشـتر ئامـاژەی پێکـراوە هـەژار ڕۆڵـی دیـار و بەرچـاوی هەبـووە، لـە دامەزراندنـی کۆمـاری کوردسـتان[٦٩١].

لـە لایەکـی تـرەوە هـەژار ئـەو کاتـەی لـە نەخۆشـخانەی بەحنـەس بـووە، کتێبخانەیەکـی گـەورە و نایـاب و ژمارەیەکـی زۆری پەڕتووکـی جۆراوجـۆری بـە زمانـی عەرەبـی لێبـووە، بۆیـە ئـەو ملـی لـە خوێندنـەوەی ئـەم کتێبانـە نـاوە، زانیـاری باشـی لێوەرگرتـوون و ئاسـتی ڕۆشـنبیریی بەرزکردووەتـەوە[٦٩٢]. وەک خـۆی ئاماژەی بـۆ دەکات" پـتر لـە دوو هـەزار کتێبـی زۆر چـاک و بەتامـی تێـدا کۆببـووەوە" هـەر کتێبـەی جارێـک

---

(٦٨٦) ڕەحیم کامیابی، پەیڤێک بۆ هەژار موکریانی، "٩٣-٩٤ گۆڤاری ڕامان (هەولێر- ئازاری ٢٠٠٥)١١٤.
(٦٨٧) عەباس عەبدوڵڵا یوسف و جەلیل کاکە وەیس (پ- ١٩٨)٢.
(٦٨٨) کەریـم شـارەزا، لـە یـادی کۆچـی دوایـی خزمەتگـوزاری کـورد دا شـاعیری نیشـتیمانپەروەر و زمان زان مامۆسـتا هـەژار ١٩٢١- ١٩٩١(پ-٧)١.
(٦٨٩) محەمـەد خـدر مەولـود، لەبیـرەوەری دوو سـاڵەی کۆچـی دوایـی نوسـەری نـاوداری کـورد هـەژار موکریانـی(پ- ٢٤٢)٩.
(٦٩٠) فەلەکەدین کاکەیی، کۆبەرهەم دەفتەری خاک(پ- ٤)٢٢.
(٦٩١) ڕۆژنامـەی پاڵـە، "سـاڵ یـادت بەخێـر و گـۆڕت پـڕ نـور بێـت مـام هـەژاری عاشـقەکەی ڕێبـازی کوردایەتـی" (٢٤، ٢٥ی شـوباتی ١٩٩٩)٤.
(٦٩٢) مورسەڵ خانێ(پ- ٩)١٣-١٤.

و دووجـاری خوێندووەتـەوە، دەڵـێ" ئەمـە دەرفەتێکـی زێڕینـە. هـەم لـە مەعلووماتـدا. هـەم لـە عارەبیـدا دەسـمایەیەکی زۆرم دەسـتکەوت[٦٩٣]. ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێـت، کاتـی بەفیڕۆنـەداوە و سـوودی لەدەرفـەت بینیـوە، لـە هەردەرفەتێکـدا هەوڵـی داوە، پەڕتـووک بخوێنێتـەوە و خـۆی ڕۆشـنبیرتر بـکات.

## دووەم: ڕۆڵی هەژار لە کۆمەڵە ڕۆشنبیریەکان

### أ. یەکێتی نووسەران: [٦٩٤]

هەرچەنـدە ئـەم یەکێتیـە پێشـتر لـە ١٠ی شـوباتی ١٩٧٠، لـە بەغـدا دامەزرابـوو، لـە دوای ڕێکەوتننامـەی ئـازاری سـاڵی ١٩٧٠ لەسـەر ڕاسـپاردەی (مسـتەفا بارزانـی)، هـەژار ڕۆیشـتووە بـۆ بەغـدا و لـە هۆڵـی خلـود[٦٩٥] و لـە ڕۆژانـی ٢٣-٢٤ی حوزەیرانـی هەمـان سـاڵ کۆنگـرەی یەکێتـی نووسـەرانی بەسـتووە، وتـاری دەسـتەی دامەزرێنـەری پێشـکەش کـردووە، یەکەمیـن دەسـتەی بەڕێوەبـەری مەڵبەنـدی گشـتی نووسـەرانی کـوردی هەڵبـژاردووە، بەمـەش هەنگاوێکـی دیـار و بەرچـاوی ڕۆشـنبیری و ئەدەبـی گـەورەی هاوێشـتووە[٦٩٦]، لـەم کۆنگرەیـەدا هـەژار وەک سـەرۆکی یەکەمیـن دەسـتەی بەڕێوەبـەری مەڵبەنـدی گشـتی نووسـەرانی کـورد، هەڵبژێـردراوە[٦٩٧]، هەروەهـا (دڵـزار)ی شـاعیر هـاوکار بـووە بـۆ یەکڕیـزی و بەهێـزی ئـەم یەکێتیـە، لەسـەر داوای هـەژار، کـە مەترسـی هەبـووە بەعسـیەکان کێشـەیان بـۆ دروسـت بکـەن، کەسـێکی سـەربە بەعسـیەکان بکەنـە

(٦٩٣) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)١٣٨.

(٦٩٤) یەکێتـی نوسـەرانی کـورد، یەکەمیـن جـار لـە ١٠ی شـوباتی ١٩٧٠ لـە بەغـدا دامـەزراوە، لـە دوای ڕێککەوتنـی ١١ی ئـازاری ١٩٧٠، هـەژار بـووە بـە سـەرۆکی ئـەم یەکێتییـە، هەریـەک لە عزەدین مسـتەفا ڕەسـوڵ، مـارف خەزنـەدار، محەمـەدی مـەلا کەریـم، کەریـم شـارەزا، سـاڵح یوسـفی و... ئەنـدام بـوون، گۆڤارێکیـان بەنـاوی "نوسـەری کـورد" دەرکـردووە، پاشـان لەسـاڵی ١٩٧١ لقەکانـی ئـەم یەکێتییـە لـە شـارەکانی سـلێمانی، هەولێر، کەرکوک و دهۆک کراونەتەوە، سـەرەڕای گۆڕانکارییە سیاسییەکان، یەکێتی نووسـەران بەردەوامـە. فەیسـەڵ دێهاتـی دیدار لەگەڵ مارف خەزنـەدار "٤ ڕامان مانگانەیەکی ڕۆشـنبیری گشـتی یـە(٥ی تشرینـی یەکـەم ١٩٩٦)٤٨-٤٩.

(٦٩٥) ک. شارەزا، هەژاری شاعیری مەزن و یەکێتی نوسەرانی کورد(پ- ٥٨٧)١.

(٦٩٦) بیرەوەریەکانی سەعید ناکام (چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە هەولێر – ٢٠٠٣)١٥٢.

(٦٩٧) ڕۆژنامەی پاڵە(پ- ٦٩١)٤٤.

جێگر، بۆیە پۆستەکەی کە جێگری یەکیەتیەکە بووە، داویەتی بە(ئیحسان فوئاد)[٦٩٨]. بۆ جێگە و پێداویستیەکانی بارەگا و یەکێتی ئەدیبان کەوتونەتە باربوو کۆکردنەوە لە دەوڵەمەندانی کوردی بەغدا. زۆر هەوڵیانداوە تا ئیمتیازی گۆڤارێکیان بەناوی "نووسەری کورد" وەرگرتووە[٦٩٩]، پاشانیش ڕۆڵی سەرەکی و بەرچاوی گێڕا لە کردنەوە و دامەزراندنی لقەکانی ئەم یەکیەتیە لە شارەکانی سلێمانی و لە ١٥ی کانونی دووەمی ١٩٧١ لە هەولێر یەکەم کۆنفرانسی گرێدا. هەژار وەک سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد وتارێکی خوێندووەتەوە[٧٠٠].

لە خوارەوە ئاماژە بە وتارەکەی دراوە، لێرەشدا جارێکی دیکە زۆر بەگرنگییەوە تیشکی خستۆتە سەر زمان و بەمانەوە و بوونی نەتەوە و گەلانی ناساندووە، ئەو نەتەوانەی نەیان توانیوە زمانی خۆیان بپارێزن، لە بۆتەی نەتەوەکانی تردا تواونەوە و لەنێوچوون، نمونەی ئەمەش زۆرە لەوانە لەسەردەمی (سەلاحەدینی ئەیوبی) کە لە بنەچەدا کورد بووە و سەرکردەی دیاری مووسڵمانەکان بووە؛ دوای سەلاحەدین ناوچەی دەسەڵاتی ئەیوبی فراوان کرد و دەستی گرت بەسەر ناوچەی شام و سەرکەوت بەسەر دەوڵەتی شیعی فاتمیەکان لە میسردا؛ لە ساڵی ١١٧٢ز هێرشی کردە سەر سودان. ئەو شەپۆلە کۆچەی کورد لەگەڵی بوون هەرلە ناوچەی شام کە سوریای ئێستا و لوبنان و فەلەستین دەگرێتەوە. هەروەها لە میسریش ئەو کوردانە لەو ناوچە فراوانە مانەوە کە ژمارەیان بە ملیۆنان کەسە، نەیان توانیوە زمانی ڕەسەنی خۆیان بپارێزن و لەبۆتەی زمانی عەرەبیدا توانەوە، ئەوە سەرەڕای ئەوەی لە هەموو سێکتەرەکانی ژیان دا خزمەت بە حکومەت و گەلانی ئەم ناوچەیە دەکەن.

بەڵام لەبەرئەوەی عەرەبەکان زمانێکی یەکگرتوی نوسین و قسەکردن یان هەیە؛ سەرەڕای داگیرکردنیان بۆ ماوەی پێنج سەدە لەلایەن عوسمانیەکانەوە؛ چونکە خاوەن زمانێکی نوسرا و ئەدەبیاتێکی پتەو بون؛ توانیان زمان و کەلتور و داب و نەریتیان بپارێزن.

---

(٦٩٨) ئەحمەد دڵزار(پ- ٥٦٦)٦٢٣.

(٦٩٩) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٤٦٤.

(٧٠٠) عەبدولڕەحمان فەرهادی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی هەولێر لە دامەزراندنەوە تا ئێستا (چاپخانەی حاجی هاشم هەولێر- ٢٠١٣)٨.

بۆیـه زمـان که دروشـمی هەره گرینگـی بونی گەلانه و بەکتێب و نوسـینەوه ڕادەوەسـتێ و نەتەوەکـەی دەپارێـزێ. ئـەو کوردەی که لەڕێگەی ئازادی خۆیدا سـەدان شۆڕشـی خوێناوی بەرپـا کـردوه. لەبـەر نەنوسرانی زمانی و نەبونی کتێب هەرچـی بویەتی و هەرچی کردویەتی هەمـوی گومـه و بێ سـەرو شـوێن چـووه. بۆیه پێویسـته نەتەوەی کـورد ئەزمون لـه ڕابردوی خـۆی وەربگـرێ و گرنگـی زۆر بە زمـان و ئەدەبیاتی و مێژوو نوسـینەوەی خۆی بدا.

هـەژار لـەم وتارەیـدا هانـی ئامادەبووانـی داوه جگـه لەوەی گرنگـی به زمـان و ئەدەبی کـوردی بـدەن؛ دەبێ و پێویسـته پاڵپشـتی شۆڕشـی ئەیلوول و سـەرکردەکەی بکـەن کەوا به خوێـن و فرمێسـکی ئـەم گەلـه بەرهەم هاتـووه و ئەرکـی هەمووانه پارێـزگاری لێبکەن.

هـەژار ئـەم وتـاره مێژوویـی و سیاسـیەی لـه دەفتەرێکـی تایبەتـی و بەدەسـت خەتـی خـۆی نوسـیوەتەوه و لـه هیـچ گۆڤـار و ڕۆژنامەیـەک بڵاونەکراوەتـەوه. مـن وەک خـۆی دەینوسـمەوه کـه ئەمـه دەقەکەیەتـی:

"برایانـی بەڕێـز و خۆشەویسـتم: بەنـاوی یەکیەتـی نوسـەرانی کـوردەوه پیرۆزبایـی لـه خۆمـان دەکـەم کـەوا دەتوانیـن بـه ڕاشـکاوی و بـه ئاشـکرایی بـۆ پەرەپێدانـی زمـان و ئەدەبیاتـه دواکەوتوەکەمـان کۆببینـەوه و بـۆ یەکـەم جـار لقـی یەکیەتـی نوسـەران لـه هەولێـر دابمەزرێنیـن کـه بـه هومێـدم هـەروەک لـه بەغـدا و سـولەیمانی و هەولێـر ئـەم کۆمەڵـه بەهـرەداره دامـەزراوه بەزوێکـی زو بەبـێ هیـچ بەرگـری و کۆسـپ و گـرێ لقـی یەکیەتـی نوسـەرانی کـورد لـه کەرکـووک و دهۆکیـش دابمـەزرێ و لـه هەمـو لاوه زۆر بـه دەخۆڕادیـوی دەسـت بەکاربیـن و کارێکـی وابکەیـن کـه تۆڵـەی ڕۆژگاری بـێ سـەره و بەرەیـی و بـێ کەسـی و بـێ دەسـیمان بکەینـەوه.

برایانـی بەڕێـز گومـان لـەودا نیـه کـه زمـان قەباڵـه و تاپـۆی مافـی ژیانـی میللەتـان و هەوێنـی مافـی گەلانـه و هەرگەلێـک زمانەکـەی لەدەسـت بچـێ دەتوێتـەوه و لەبەیـن دەچـێ. زۆر نمونەتـان لـه کتێبانـدا خوێندۆتـەوه و زۆریشـتان هەرئێسـتا لەبـەر چـاوه و لەبیرتـان مـاوه. بـا چەنـد نمونەیـەک لـه خۆمـان بێنینـەوه:

نزیکـــەی چـــوار چـــەرخ لەمەوبـــەر میـــر عەلـــی جانپـــوڵاد حکومەتێکـــی کـــوردی

دامەزراندوە، سکەی بەناوی خۆی لێداوە، خودبەی بەناو خوێندراوەتەوە، شاری حەلەب کە لە سوریای ئێستایە پایەختی بوە و دیارە خەڵکی پایەختی حکومەتی کورد هەمویان کورد بون. بەڵام خەڵکەکە کە لەدوارۆژدا زمانەکەی خۆی لەبیربراوە و کراوە بە عەرەبی ئێستا کێ هەیە نەڵێ خەڵکی حەلەب عەرەبن. تەنانەت ئەوەی ئەو جانپولادە ئێستا ناوی جانبولاط و عەرەبە و قەومیشە و اشتراکیشە [مەبەست خۆیان بە نەتەوەی عەرەب دەزانن].

ئازەربایجان ئەم دیوی و ئەودیوی هەتا ئاران و گەنجە ئەگەر لە مێژویان دەکۆڵیەوە دەڵێن: ئێمە تورک نین و ئازەرین و لە بنەچەکەی مادین و زەردەشت لە خۆمانە- مەعلومتانە ئەگەر نەش وێرین دەنگ بکەین دەیزانین کە ئێمەش هەر ئەوەین کە ئەوان دەیڵێن بەڵام چونکە زمانیان وەرگەڕاوەتە سەر تورکی ئێستا گەلێکی لە کورد جیاوازن و نەتەوایەتییەکی سەربەخۆن. ئەگەر بەچاوێکی وردبینەوە سەیرێکی مووسڵ و کەرکووک و تەنانەت بەغداشدا بگێڕین بە هەزاران و هەزاران کۆنە کوردی وا هەیە چونکە زمانەکەی خۆی ون کردوە وا لە کوردایەتی تەکیوەتەوە کە بە تکا و رەجاش جوابی سڵاوی کوردی ناستێنێتەوە.

بەهەزاران نمونەی تری وامان هەیە کە ناکرێ لەم وتارە سەرچڵەدا بە درێژی لێی بدوێین.

زۆر ئاشکرایە زمان کە دروشمی هەرە گرینگی بونی گەلانە و بەکتێب و نوسینەوە ڕادەوەستێ و خۆی و خاوەنەکەی لە بەڵای توانەوە دەپارێزێ..

عوسمانی پێنچ سەد ساڵ حوکمیان لە عەرەبان کرد بەڵام چونکە عەرەب خاوەنی زمانێکی نوسرا و ئەدەبیاتێکی پتەو بون نەک هەر نەتوانەوە تەنانەت کاری زۆریشیان کردە سەر زمان و ئەدەبیاتی تورک و چی وای نەمابو تورکی ببێتە عەرەبی توخ و تەنیا چەندسن و دری بۆ بمێنێتەوە.

ئێرانی بۆ خۆشیان دەڵێن و هەمو دنیاش دەزانێ کە شانامەی فیردەوسیی لە سۆنگەی نوسینی فارسیەوە کەیان و قەوارەی نەتەوایەتی بۆ ئێرانیان پاراستوە و فیردەوسی بۆ خۆی دەڵێ:

سـی سـاڵ ئـەو ڕەنجـەم داوە عەجەمـم بـەو فارسـیە زینـدو کـردەوە
کۆشـکێکم لـە شـیعر بـەرز کـردەوە کـە بـاو بـۆران زیانـی پـێ ناگەیەنـێ.

واش دەزانـم میللەتـی انگلیسـی شـێت گێـژ نەبـون کـە گوتویانـە نوسراوەکانی شکسـپیر بـۆ بریتانیـا لـە هیندسـتان بەنـرخ ترە.

دوژمنانـی کوردسـتان هـەر زۆر لـە زوەوە هەسـتیان بەمـە کـردوە و زانیویانـە ئەگـەر ئێمـە زمانەکەمـان نەنوسرێتـەوە و ئەدەبیاتمـان بـە میـرات نەمێنێتـەوە بەهاسـانی دەتوانـن ێمـان توێننـەوە قوتمـان دەن بـە هەمـو تـوان تێکۆشـاون کـە بەهـەر ئاوایـەک بـێ ئێمـە بـێ کتێـب بیـن و زمانـی خۆمـان نەخەینـە سـەر کاغـەز - پڕوپاگەنـدەی ژەهـراوی یـان لەنـاودا بڵاوکردۆتـەوە و زمانـی کـوردی یـان بەزمـان نـەزان و کێـوی دانـاوە و کـوردە ڕەمەکیەکەیـان واتێ گەیانـدوە کـە ئـەو زمانـە بـۆ نوسـین دەسـت نـادا و هونـەر لەوەدایە کـە بەزمانـی داگیرکـەران بخوێنـێ و بنوسـێ. ئەگـەر بەزمانـی ئەوانیـش بنوسـێ دیـارە نـان و ئـاوی تێدایـە و کـوردی نوسـین جگـە لـە بـێ بـرەوی برسـیایەتی و نەداریشـی پێوەیـە. بەهـەزاران نوسـەر و شـاعیری بەناوبانگـی کـورد نـەژاد بـە زمانـی بێگانەیـان نوسـیوە و بەهەمـو بارانـدا مـرازی دڵـی داگیرکەرانیـان پێکهێنـاوە. لەلایەکـەوە ئەدەبیاتـی خۆیـان بـە نوسـینی ئێمـە دەوڵەمـەن کـردوە، لەلایەکـی تریشـەوە لـە سـایەی بەسـتەزمانی و بـێ کتێبیـمان توانیویانـە ێمـان خـۆن و بـێ سەروشـوێن بچیـن.

ئـەم گەلـی کـوردە کـە بـۆ ئازایەتـی و جوامێـری و بەخشـندەیی و هونەرمەنـدی لەدنیـادا بـێ وێنەیـە و لەهـەر دەورێکـدا هـەزاران پیـاوی بـەکار و بـە ئـاکار و بەنـاو و دەنگـی لـێ هەڵکەوتـوە، ئـەو کـوردەی کـە لەڕێگـەی ئـازادی خۆیـدا هـەزاران شۆڕشـی خوێنـاوی بەرپـا کـردوە. لەبـەر نەنوسرانـی زمانـی و نەبونـی کتێـب هەرچـی بویەتـی و هەرچـی کردویەتـی هەمـوی گومـە و بـێ سـەرو شـوێن چـوە. ئێسـتا ئێمـە بەداخـەوە هیـچ بەڵگەیەکـی وامـان لەدەسـتدا نیـە کـە ڕابـردوی پـڕ لـە شـانازیمان وەک پێویسـتە نیشـانی خەڵکـی دنیـا بدەیـن و داوای کەلەپـوری بـاب و باپیرامنـان بکەیـن.

برایانـی بەڕێـز: ئەمـڕۆ کـە لەسـایەی شۆڕشـی پیـرۆزی بارزانـی و خوێـن بەخشـین و فیـداکاری پێشـمەرگە قارەمانەکانـی کوردسـتانەوە لـە عێراقـدا مافـی ڕەوای کـورد دیـاری

کراوە و بە ڕەسمی ڕێگەی خوێندن و نوسینی کوردیمان پێ دراوە و یەکیەتی نوسەرانمان دامەزراوە لەسەرمان پێویستە لەم هەلە سود وەرگرین و هەل بەدەرفەت بزانین و بەهەمو توانا تێ بکۆشین زمانە شیرینەکەمان بخەینە سەر کاغەز و ئەدەبیاتەکەمان پەرە پێ بدەین و سەر لە ڕابردوامان بدەینەوە و ئەوی لەبیر ماون و ئاهێکیان تێدا ماوە زیندویان بکەینەوە و بەهیچ بارێکدا ڕێگە نەدەین کە تازە بمرینەوە.

زۆریش ئاشکرایە کە بۆ نەگبەتی نوسەر و ئەدیبەکانمان هەر لە چینی هەژار پەیدا بون و ئەوانیش پێداویستی یاریدەی دڵسۆزانی کوردن. هومێدەوارم هەمو کوردێکی ئازادیخواز و ئازاد و دڵسۆز هەست بەدەردی بێ کتێبی بکەن و لەڕێگەی پەرەپێدانی زمان و ئەدەبیاتدا درێخی نەکەن، نوسراوی بە کوردی یان بەلاوە لە نوسراوی زمانی بێگانە پێ باشتربێ، فەرمایشتی حاجی قادر بکەنە سەر مەشق کە فەرمویە:

میثالی فەرخەیی ژنێک کە پێی دەڵێ داکی

ألهی قاقومە یاخۆ سمۆرە یا دیبا...

لاوازو بێ هێزی خۆمان کە مایەی ژیان و مانمانە لەو قەڵەوە هێژاترە کە میکرۆبی نەمان و توانەوەمانی تێدایە.

با نوسەرانی کورد یەکتر بگرن و بەتێکڕایی بۆ قازانجی کوردستان بنوسن، با کوردی دڵسۆزیش یاریدەی لە چاپدان و بڵاوکردنەوەی نوسراوی کوردی بدەن و کوردی بخوێننەوە. گەرەکە هەمومان ئەوەمان لەبەر چاوبی کە زمان و ئەدەبیاتی کوردی مایەی ژیان و هەوێنی مانی گەلەکەمانە.

ئیتر بەهومێدی ڕۆژێکی خۆش بەخواتان دەسپێرم.

ئەم وتارەم لە کردنەوەی لقی یەکیەتی ئەدەبیانی کورد لە هەولێر خوێندەوە". هەژار.[٧٠١].

لە ١٥ی کانوونی دووەمی١٩٧١ یەکیەتی نوسەران لقەکانی لە کەرکووک و دهۆک کردەوە، هەژار لە کردنەوەی کۆنفرانسی ئەم لقانە وتاری مەڵبەندی گشتی

(٧٠١) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان(پ- ٥٨٩) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە؛ پاشکۆی ژمارە ٩.

خوێندۆتـەوە و سەرپەرشـتی هەڵبژاردنـی دەسـتەی بەڕێوەبـەری لقەکـەی کـردووە، مـاوەی سـاڵێک سـەرۆکی یەکێتـی نووسـەران بـووە، لـە کۆنگـرەی دووەمـی یەکێتیەکە لـە ١٤-١٧ی تەمـوزی ١٩٧١ جارێکـی تـر خـۆی نەپاڵاوتوەتـەوە[٧٠٢]، هەرچەنـدە ئەندامـان ویسـتویانە جارێکـی تـر بـە سـەرۆکایەتی یەکێتـی نووسـەران هەڵیبژێرنـەوە، بـەڵام هـەژار ئەمـەی ڕەتکردۆتـەوە و وتارێکـی خویندۆتـەوە و باسـی لـەو بەرهەمانـە کـردووە کـە لـە مـاوەی ئـەو سـاڵەدا خسـتویاننە ڕوو گوتویەتـی" سـاڵێکمان ڕابـوارد و ئەوەنـدەش بەرهەمـمان بـوو. بـرا مـن نەمتوانـی دەوڵـەت لـە خـۆم دڵخـۆش کـەم. ناشـتوانم پوڵتـان بـۆ لـە سـەدام بسـتێنم و...خـۆی نەپاڵاوتۆتـەوە[٧٠٣].

لــە وتارەکەیــدا ئامــاژە بــۆ ئــەو دووبەرەکــی و ململانێیــە دەکا؛ کــە لەیەکەمیــن کۆنگـرەی یەکیەتـی نوسـەرانی کـورد لـە بەغـدا لەنێـوان ئەندامەکانـی سـەری هەڵـدا، کـە ئەمـەش بەهـۆی بیـروڕای سیاسـی و جیـاوازی حزبایەتیـەوە بـووە، کـە دەردێکـی کوشـندە و خاڵێکـی لاوازی ڕۆشـنبیر و سیاسـیانی کـورد بـووە لـە ڕابـردوودا، بۆئـەوەی زاڵـبن بەسـەر کۆسـپ و تەگـەرەکان دەبـێ یـەک ڕیـز و یـەک هەڵوێسـت بـن.

دیـارە چەنـد ئەندامێـک وەک پێویسـت ئیـش و کارەکانیـان ڕانەپەڕانـدووە و تەنیـا هەربەنـاو ئەنـدام بـوون، بۆیـە ڕێگـری دەکا لـەو جـۆرە گەندەڵیـە و داوا دەکا جارێکـی تـر ڕێگـە بـەو جـۆرە کەسـانە نـەدەن خۆیـان بپاڵێونـەوە و هەرپێـش دادەگـرن؛ ئێـوە هەڵیـان مەبژێرنـەوە.

هەوڵیـداوە لـەدوای خـۆی کەسـانێک وەک سـەرۆک و ئەندامانـی ئـەم یەکیەتیـە هەڵبژێـرن، کـە بـە لێبـڕاوی و دڵسـۆزی ئیـش و کارەکان بکـەن.

هـەژار ئـەم وتـارەی کـە بەشـێکی وەک هەمیشـە سیاسـییە، لـە دەفتەرێکـی تایبەتـی و بەدەسـت خەتـی خـۆی نوسـیویەتەوە و لـە هیـچ گۆڤـار و ڕۆژنامەیـەک بڵاونەکراوەتـەوە. مـن وەک خـۆی دەینوسـمەوە کـە ئەمـە دەقەکەیەتـی:

---

(٧٠٢) ک. شارەزا، هەژاری شاعیری مەزن و یەکێتی نوسەرانی کورد(پ- ٥٨٧)١.

(٧٠٣) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٤٦٨.

"لە کۆنگرەی دوەمی یەکیەتی نوسەران لە هەولێر ئەم وتارەم خوێندەوە:

برایانی بەڕێز: ئەمڕۆ کە ساڵیک بەسەر دامەزراندنی یەکەمین کۆنگرەی نوسەرانی کوردا تێ دەپەڕێ و بەم ئاهەنگە جەژنی لەدایک بونی یەک ساڵەی دەکەین. من کە ئەو بەینە ئەرکی سەرۆکایەتیم لەسەر شان بوە حەز دەکەم هەروا بە سەرچڵی هێندێک لە مێژوی ژیانی یەکیەتیەکەمان بخەمەوە بیر و کەم و کوڕی و هەڵە و کۆسپ و تەگەرەیەکی هاتۆتە بەرمان بیخەمە بەرچاو بۆ ئەوە لە ئایندەدا کۆشش بکەین هەڵە و پەڵە هەڵگرینەوە و بیسڕینەوە و کۆسپ و قورت لەسەر ڕێگە لابەرین.

لێتان ڕونە کە ئەوە یەکەم جار بو لە مێژوی گەلی کورد دا دەوڵەتێک بەڕەسمی أجازە (مۆڵەت)ی یەکیەتی نوسەرانی کورد بدا، ئاشکراشە نرخی ئەو ئیجازەیەمان بەخوێن و فرمێسک بژاردوە. کەوابو بە پێویستی سەرشانمان زانی کە بەهەر نرخێک بێ ئەو هەلە پیرۆزە لە دەست خۆمان نەدەین و ئەو گفتەی حکومەت بکەینە کردەوە و هەر تەنیا مەرەکەبی سەر کاغەز نەبێ.

دەشزانین هەرکارێک دەس پێ دەکرێ و بۆ هەوڵجار زۆر گرانە و کۆسپ و تەگەرەی دێنە سەر ڕێ. بەتایبەتی کوردی هەژاریش کە بە ناشکوری نەبێ بەهیچ ئاوایەک مەودای پێ نەدراوە ئاوڕ لە خۆی بداتەوە و بیر لە دەردی خۆی بکاتەوە و چارەیەک بدۆزێتەوە و بە خۆی بچارێ.

بە بیر و بڕوای هەژارانەی خۆم لام وایە یەکیەتی نوسەران و هەریەکیەتیەکی تریش وەک تیپێکی وەرزشی وایە. ئەگەر هەمویان بەتێکڕایی کۆمەکی یەکتر نەکەن و جگە لە سەرکەوتنی دەستە جەمعی (کاری بە کۆمەڵ) هیچی تریان نیازبێ سەرناکەون.

ئەگەر یەکیەتی نوسەران بەگشتی زۆر باش سەرکەوت ئەوا تاک تاکی ئەندامان هەمو سەرکەوتون، ئەگەر دۆڕاش کەس ناتوانێ دۆڕان و فەشەل بەوە پینە بکا کە خەتای فلان کەس بوە و من لە هەموان گورج و گۆڵ تر بوم!!

هونەری نوسینی کوردی بەتێکڕایی مایەی شانازی هەمو لایەکمان دەبێ و تێ چونیش ملی هەموان دەگرێتەوە. واتا وەک من دەیزانم: لە کۆمەڵ و دەستەدا من

مـن و تۆتۆیـی زۆری زیـان هەیـە و لەوانەیـە هەمومـان بیدۆڕێنیـن.

هەرچەنـدە ئـەو حەقیقەتـە تۆزێکیـش تاڵـە: هەرلـە کۆبونـەوەی کۆنگـرەی پـاردا هەسـتم بـەو مـن مـن تۆتۆیـە کـرد و ئەگـەر نـەرم و نیانـی زۆر بـە خـەرج نەدرایـە خوانەخواسـتە لەوانـە بـو هـەر هـەوەڵ أنتخاباتمـان (هەڵبژاردنمـان) سـەرنەگرێ. لەلایەکـی تریشـەوە برایانـی کـوردی دڵسـۆز لـە بەغـدا!! جـا یـان لەبـەر کاروبـاری زۆر بـو یـان سـەبەبێکتی تـری هەبـوە و مـن نەمزانیـوە وەک چاوەنـۆڕ بـوم کـە زۆر پێمانـەوە مانـدو بـن وادەر نەچـو!! وەک ئەیزانیـن تەنانـەت کەلیمـە (وشـە)ی پارتـی کەلـە مەنهەجەکەماندا هەبـو نەخوێندرایـەوە!! نزیکـەی نیـوە لـە ئەندامانـی یەکیەتیـش [مەبەسـت یەکیەتـی نوسـەرانە] نەهاتنـە کۆنگـرە و لـە هەڵبژاردنـی یەکەمـدا بەشـدار نەبـون.

ئـەو تـۆزە سسـتی و کـەم تەرخەمیـە تاثیـری (کاریگـەری) کـردە سـەر قاعـەی خلودیـش و بـۆ یەکەمجـار لـە تاریخـی ژیانـی دا هەمـو چراکانـی کوژایـەوە، ئـەو حاکمـەش کـە بەهـەزار دەردی سـەری پەیـدا کـرا بـۆ یەکەمجـار لـە تاریخـی مەحاکمـی پایتەختـی عێراقـدا لەبـەر لایتـی دەسـت ئەوراقـی انتخاباتی(کاغەزەکانـی هەڵبـژاردن) خوێنـدەوە!!

دەکرێ ئێمە بەوانە بڵێین قەزا و قەدەر دیارە خوا ویستویە سەبر و پشومان تاقی بکاتەوە.

أنتخاباتمـان (هەڵبژاردنمـان) کـرد. ئەمجـار بـۆ هەڵبژاردنـی هەیئەتـی ئیـدارە (دەسـتەی کارگێـڕی)ش توشـی چەنـد کێشـمە کێشـێک هاتیـن. من مـن و تۆتـۆ و سیاسـەتی حزبایەتی سـەری بەرزکـردەوە و هەرکەسـە بـەلای خـۆی دا ڕاکێشـا و کـەس دڵـی بـۆ کوردسـتان نەدێشـا!! لـە ڕوی ناچاریـەوە بـە هـەزار قوربـان و سـەدەقە و مەرایـی کـردن دڵـی ئـەو تاقمـە نەسـازانەش ڕازی کـرا و ئـەوە بـو کـە هەیئەتـی ئیـداری نوسـەرانی کـورد گەیشـتە ١٧ کـەس و دەتوانـم بڵێـم لـەو ١٧ کەسـانە هەرگیـز لـە ١١ پـتر لـەو سـاڵەدا هەمـوی لێـک کۆنەبونـەوە و هێندێکیـان هەرلـە پـاش شـەوی هەڵبژاردنیـان هەرنەمازانیـوە لـە کوێـن و بـۆ کـوێ چـون؟؟.

برایـان شـادەماری ژیانـی هەمـو کۆمەڵێکـی وا پارەیـە. حکومـەت بڕیـاری دا هـەزار دینارمـان بداتـێ بـەڵام وەک خۆتـان بـاش دەزانـن تاپێـمان گەیشـت زۆری درێـژە

کێشا!! ناچار بوین بۆ ئیجاری مەقەر، بۆ ئەساس [مەبەست پارەی پێش وەختە بۆ بارەگا و دابینکردنی کەل و پەل] دەست بکەین بە تبرع [ مەبەست ئەو کەسانەی بێ بەرامبەر وەک خۆبەخش هاوکاری و پارەیان پێشکێش کردون] کۆکردنەوە. پیاو هەق بڵێ زۆر پیاوی زۆر پیاو بەهانامانەوە هاتن و یاریدەیان کردین کە زۆر لەتەهی دڵەوە سوپاسیان دەکەم، ئەگەر بۆ خۆشیان نەیانگوتایە کە ناویان نەهێنین ئێستا ناوەکانیشیانم دەگوتن.

بۆ گۆڤارەکەمان [ مەبەست گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کوردە] ژمارەیەک و ژمارە- ٣ هیچ اعلامان دەست نەکەوت هەر گۆڤارێک یا ڕۆژنامەیەکیش ئیعلانی نەبێ ناژی. پارەی دەرچونی ژمارە یەک بارزانی دای ژمارە دومان بە قەرز چاپ کرد. چونکە دەستیشمان نەڕۆیشتوە کە بۆ هەڵسوڕاوانی گۆڤارەکەمان پارەی پێداویست صەرف بکەین و چەند کەسێکی بە مەعاش بۆ تەرخان کەین دەرکەوتنی زۆر بە زەحمەت بو. لێرە نابێ بیشارمەوە کە دکتۆر مارف خەزنەدار زیاد لە توانای خۆی بە گۆڤارەکەوە ماندو بوە. وابزانم ئەگەر تضحیات و زۆر ماندو بونی ئەو نەبوایە ئەوەندەشمان بۆ دەرنەدەچو...

برایانی عەزیز من زۆر بە کورتی و سەرچڵی ئەوانەم بۆ بەوەبیرهێنانەوە: کە وەک برایەکی بچوکتان ئەوەی بەبیرمدادێ کە پێویستە لەمەولا بیکەین عەرزتانی بکەم و ئێوەش بیدەنە بیری خۆتان و چیتان پێ پەسندە وابکەن.

١. ئەو کەسەی بۆ سەرۆکی هەڵدەبژێرن [ مەبەست سەرۆکی یەکیەتی نوسەرانی کوردە] پێویستە جگە لە ئەدیبی پیاوێکی سەرناس و بەنفوزبێ و کاری لەلای حکومەت و لەلای خەڵکیش بڕوا و خەڵک شەرمی لێ بکەن.
٢. هەیئەتی ئیداری (دەستەی کارگێڕی) هەرلەوانەبن کە لە بەغدا دادەنیشن و دەتوانن لەهەمو کۆبونەوەیەکدا ئامادەبن.
٣. ئەو کەسانەی بەتەجرەبەی ئەم ساڵ بۆمان دەرکەوتوە کە زۆر بە دڵگەرمی تێ ناکۆشن و خۆ لە کاری یەکیەتی دەبوێرن باخۆیان کەناربگرن و ئەگەر هەرپێش دادەگرن ئێوە هەڵیان مەبژێرنەوە. چونکە ئیدارەکردن کردەوەی زۆری دەوێ نە

هەرقسـەی زۆر زل.

٤. بـە هەمـو توانـا لەگـەڵ شۆڕشـی کـورد و پارتیـدا هـاوکاری بکەیـن و حەولیـش بدەیـن کـە ئەوانیـش بەپێـی توانـا لەیاریدەدانمـان درێخـی نەکـەن.

بـەم موناسـەبەیە حـەز دەکـەم ئەمەنـدە بیـر بخەمـەوە کـەوا بارزانـی شـەخصآ زۆر دڵـی لەسـەر یەکیەتـی نوسـەرانە و وەک دەیزانیـن یەکـەم ژمـارەی گۆڤارەکەمـان لەسـەر ئەرکـی ئـەو بـوە و پـارەی جایـزەکان ئـەو داویـە، وا ئێسـتاش ٥٠٠ دینـاری بـۆ مـصرف (خـەرج)ی کۆنگـرە پـێ بەخشـیوین - زۆر سـوپاس بـۆ بارزانـی"[٧٠٤].

وەک بەڕێوەبـەری ڕۆژنامـەی (التاخـی) دەیگێڕێتـەوە "لەبەغـدا هـەژار زۆربـەی جـارەکان لەگـەڵ (سـامی عەبدولڕەحـمان) لـە سـاڵی ١٩٧٢ سـەردانی بـارەگای ئـەم ڕۆژنامەیەیـان دەکـرد، لەگـەڵ هەریـەک لـە (محەمـەدی مـەلا کەریـم) و (عیزەدیـن مسـتەفا ڕەسـوڵ) کـە خۆبەخشـانە لـەم ڕۆژنامەیـە و برایەتـی کاریـان دەکـرد، گفتوگـۆی سیاسـییان لەبـارەی ڕەوتـی شـۆڕش و ئەدەبـی کـوردی دەکـرد، هەڵسـەنگاندنی بابەتیانـەی بۆباردۆخـی قۆناغەکـە دەکـرد، لـە وەڵامـی پرسـیارێکی ئـەم دووانـە هـەژار وتەنـی ئەگـەر شۆڕشـی کـورد نەبووایـە نـە یەکێتـی نووسـەران و کـۆڕی زانیـاری کـورد، نـە دهۆکـی دەکـرد بەپارێـزگا، نـە زانکـۆی سـلێمانی بنیاتدەنـا [٧٠٥]، زۆر پشـتیوانی لـە بیرکردنـەوەی کـوردی و ئـەو بابەتانـە دەکـردەوە، کـە لەسـەر گەلـی کوردسـتان بڵاویدەکـردووە، هانـی هەمـوو ئەنـدام و نووسـەرانی داوە، بـە کـوردی بابەتەکانیـان بنووسـن[٧٠٦]. ئەمـەش بەتەنگـەوە هاتنـی هـەژار، سـەرەڕای سیاسـیەکەی بـۆ زمانـی کـوردی نیشـان دەدا لـە گشـت قۆناغەکانـدا؛ کـە لـە شـاخ بووبێـت یاخـود لـە شـار گرنگـی تایبەتـی پێـداوە و هانـی هەمـوو چیـن و توێژەکانـی کۆمەڵگـەی داوە بایەخـی تایبـەت بـە زمانـی کـوردی بـدەن و بابەتەکانیـان بـە کـوردی بنوسـن.

ئـەو کاتـەی هـەژار سـەرۆکی یەکێتـی نوسـەران بـووە، بێجگـە لـە لایەنـە

(٧٠٤) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان(پ - ٥٨٩) بـۆ زانیـاری زیاتـر؛ بڕوانـە پاشـکۆی ژمـارە ١٠.

(٧٠٥) دیمانەی تایبەتی توێژەر، لەگەڵ فەرهاد عەونی (پ- ٥٠٠)هەولێر.

(٧٠٦) نامق هەورامی، هەژار لە سنە (پ-٤٩)٢١-٢٢.

سیاسـیەکەی لەبـەر پەرۆشـی بـۆ ئـەم بارودۆخـەی کـە لـەڕووی ڕۆشـنبیرییەوە؛ حکومەتـی عێراقـی هەنـگاوی پێویسـتی نەهاوێشـتووە و گرنگـی بـە مافەکانـی کـورد لـەم بارەیـەوە نەنـاوە؛ کـە مەبەسـت و بابەتـی سیاسـی لـە پشـتەوە بـووە. ئەمـەش بابەتێکـی گرنگـە لـە هـەر قۆناغێکـدا بـێ؛ چونکـە کۆمەڵگـەی پـێ وشـیار و ئـاگادار و پـەروەردە دەبێتـەوە لـە هەمـوو ڕوویەکـەوە، یـەک لـە دەردە کۆمەڵایەتیـە کوشـندەکان کـە بەرۆکـی ئـەم گەلـەی گرتبـوو نەخوێنـدەواری بـوو.

ئەمیـش لـە سـۆنگەی دڵسـۆزی و خەمخۆرییـەوە وەک ئەرکێکـی نیشـتمانی و بـە ئاگابـوون لـە ڕووداوەکان و نزیکـی لـە مەکتەبـی سیاسـی پـدک، بۆیـە لـە ٩ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٧٠ نامەیەکـی ئاراسـتە کـردوون و ڕوونکردنـەوەی لەبـارەی بارودۆخەکـە پێـداون و چەنـد پێشـنیازێکی بـۆ کـردوون؛ بۆئـەوەی لەگـەڵ دەسـەڵاتدارانی بەغـدا دانوسـتاندنیان لەسـەر بکـەن و ئـەم مافانـە بەدەسـت بێنـن کـە کاریگـەری ڕاسـتەوخۆ و زۆرباشـی لەسـەر کۆمەڵـگای کـوردی بەشـێوەیەکی گشـتی دەبـێ.

لـە ناوەڕۆکـی نامەکـەدا داوای کـردووە کـە پـەرە بـە بەرنامـەی کـوردی بـدرێ لـە تەلەفزیۆنـی کەرکـووک و موسـڵ و ئیزگـەی بەغـدا. بەهـۆی ئـەوەی ئـەو کتێبانـەی کـوردی لـە قوتابخانـەکان کـە ئـەوکات هەبـووە؛ هـەر ئەوانـە بـوون کـەوا حکومەتـە یـەک لەدوایەکەکانـی عێـراق بـە مەبەسـت و ئامانجـی سیاسـی خۆیـان بۆیـان دانـاون، بۆیـە ئـەو داوای کـردووە، بـە چاودێـری پارتـی، کتێبـی قوتابخانـە بـە کـوردی، بـۆ هەمـوو قۆناغەکانـی خوێنـدن بنـوسرێ.

هـەژار پیاوێکـی دووربیـن بـووە و داوای دامەزراندنـی چاپخانەیـەک لـە شـارۆچکەی چۆمـان دەکات، گرنگـی بـە لایەنـی مێـژووی گەلـی کـورد داوە و چـاک هەسـتی بـەوە کـردووە کـە مێـژووی کـورد بەدەسـتی ڕۆڵەکانـی بنووسرێتـەوە چەنـدە گرنگـی و بایەخـی زۆرە؛ بـۆ نەوەکانـی خـۆی گەلانـی تـری ناوچەکـە و جیهـان.

نەوەکـو داگیرکەرانـی کوردسـتان بەپێـی بەرژەوەنـدی و ئـارەزوی خۆیـان بۆمـان بنووسـنەوە، بۆیـە داوای کـردووە، یـەک کاری ئـەم چاپخانەیـە نووسـینەوەی مێـژووی شۆڕشـی کوردبـێ کـە مەبەسـتی شۆڕشـی ئەیلـوول بـووە.

دوای ئـەوە گەلێـک کتێبـی کـوردی بـاش و بـە کەڵکـی پـێ دەربخـەن کـە لـە چاودێـری دەسـەڵاتدارانی بەغـدا نەبـێ. هەروەهـا بەهـۆی ئـەو ئەزمونـە درێـژ و دەوڵەمەنـد و تاڵـەی لەگـەڵ دەسـەڵاتدارانی هەریـەک لـە ئێـران و عێـراق سـوریا و تورکیـا هەبـووە؛ بۆیـە مەترسـی خۆشـی لـەوە نەشـاردۆتەوە، بۆیـە دەڵـێ" خـۆ ئەگـەر خـوا بـەو ڕۆژە نـەکا توشـی تەنگانـەش ببینـەوە ئـەو چاپخانـە ئامادەکـراوە زۆر زو دەفریـا دێ و زۆرمـان کار پـێ دەبـێ - زۆرمـان دیتـوە: دۆسـتی ئەمـڕۆ سـبەی بۆتـە دوژمـن". بۆیـە ناهەقـی نەبـووە لـەو مەترسـیەی لەبەرامبـەر بەعسـیەکانی دەربڕیـوە و دوای چەنـد سـاڵێک ڕایەکـەی بەڕاسـت گـەڕاوە کـە شۆڕشـی ئەیلـوول لەسـەر دەسـتی ئـەوان و بەهـاوکاری هەریـەک لـە ئێـران و تورکیـا و سـوریا و بـە پشـتیوانی وڵاتـی تـری عەرەبـی لەوانـە جەزائیـر و ئەمەریـکا و ئینگلیـز توشـی نسـکۆ بـوو. هیـچ وڵاتێکـی تریـش پشـتیوانی دۆزی ڕەوای کـورد نەبـوو.

بەپێـی نووسـینەکەی، وەک ئامـاژەی پێـداوە، پێشـتریش هەمـان ئـەو پیشـنیازانە و ڕوونکردنـەوەی زیاتریشـی ئاراسـتەی (مسـتەفا بارزانـی) کـردووە و ئەویـش فەرمانـی بـە لیژنەیـەک کـردووە کـە بریتـی بـووە لـە د. مەحمـود عوسـمان؛ هەریـەک لـە ئیدریـس بارزانـی و مەسـعود بارزانـی کـە کۆبوونەیـەک ئەنجامبـدەن و ڕای خۆیـان لەسـەری دەرببـڕن.

لـە ناوەڕکـی نامەکـەدا داوای کـردووە کـە پـەرە بـە بەرنامـەی کـوردی بـدرێ لـە تەلەفزیۆنـی کەرکـووک و مووسـڵ و ئیزگـەی بەغـدا. بەهـۆی ئـەوەی ئـەو کتێبانـەی کـوردی لـە قوتابخانـەکان کـە ئـەوکات هەبـووە؛ هـەر ئەوانـە بـوون کـەوا حکومەتـە یـەک لەدوایەکەکانـی عێـراق بـە مەبەسـت و ئامانجـی سیاسـی خۆیـان بۆیـان دانـاون.

ئـەو داوای کـردووە، بـە چاودێـری پارتـی، کتێبـی قوتابخانـە بـە کـوردی بـۆ هەمـوو قۆناغەکانـی خوێنـدن بنـوسرێ.

هـەژار ئـەو نامەیـەی لـە دەفتەرێکـی تایبەتـی و بەدەسـت خەتـی خـۆی نوسـیویەتەوە و ئاراسـتەی م . س کـردووە و لـە هیـچ گۆڤـار و ڕۆژنامەیـەک بڵاونەکراوەتـەوە. مـن وەک خـۆی دەینووسـمەوە کـە ئەمـە دەقەکەیەتـی:

٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٠

بۆ / م . س بەڕێز. سڵاوێکی کوردانە.

کاکە مـن لام وایـە پێـک هاتنـی حقوقـی سـەقافیمان (مافـی ڕۆشـنبیریمان) زۆر زۆر لـە موظـف (فەرمانبـەر) دامەزرانـدن ڕێگـە خۆشـکردن و پێشـمەرگە تەسریـح کـردن گرنگیـترە. دەشـزانم حیـزب لـەوەدا ئیهمالـی کـردوە، دلیلیشـم ئەوەیـە: لـە مفاوضاتـی ١١ی ئـازاردا هەرباسیشـمان لێوەنەکـردو گوتمـان: بـەو مافـە سـەقافیە ڕازیـن کـە بـۆ مامۆسـتاکانی شەسـت و شـەش [ مەبەسـت ئـەو باڵـەی م . س یـە کـە ئیبراهیـم ئەحمـەد و جـەلال تاڵەبانـی سەرپەرشـتیان دەکـرد و لـە پـدک جیـا بوونـەوە] دیـاری کـراوە.

ئێستاش بۆ ئەوە زیان لە نیوەش بگەڕێتەوە هەر قازانجە من پێشنیار دەکەم:

لیژنەیەکـی تایبـەت پێـک بێنـن، کاری هـەر ئەوەبـێ موتابەعـە (بەدواداچـون)ی حقوقـە سـەقافیەکەمان بـکا و هەربـە ١٥ ڕۆژ جارێـک تقریرێـک [ڕاپۆرتێـک] بـدا بـە ئێـوە و ڕاپۆرتـی دواکەوتـن و پێشـکەوتنی خـۆی بـدا.

ئێـوەش زۆر بەڕاسـتی پشـتی ئـەو لیژنەیـە بگـرن و حکومـەت واتـێ بگەیەنـن کـە سـەقافەتی کـوردی بەلاتانـەوە شـتێکی زۆر پێویسـتە و هەردەبـێ وەربگیـرێ. ئـەم لیژنەیـە لـە حکومـەت داوا بـکا:

١. دار النـشر کـە حکومـەت خـۆی گفتـی بـە مامۆسـتایانی ٦٦ دابـو، بـۆ ئێمـەی دابمەزرێنن و میزانیێـەی کافـی بـۆ دیـاری بکـەن کـە بتوانیـن کتێبـی بەسـودی بـۆ کـوڕە کـوردان پـێ چـاپ بکەیـن.

٢. بەپێـی نفوسـە. یـان بەپێـی حوکمـی زاتـی یـە!! لـە تەلەفیزیۆنـی کەرکـووک و موسـڵدا بەشـێکی وا پارتـی دیـاری بکـەن کـە خەڵـک گاڵتەمـان پـێ نەکـەن. لـە تەلەفیزیۆنـی کەرکـووک دا شـەوانە دو گۆرانـی عەلـی مـوڕدان [مـەردان] و حەسـەن جـەزراوی مـان هەیـە! حەوتـەی بیسـت دەقیقـە بـۆ ئەدیبانـی سـولەیمانی دیارکرابـو، ئێسـتاش دەڵێـن: دەگـەڵ ئەدیبانـی هەولێـر بەشـی کـەن. ئـەو بیسـت دەقیقـە بەشـکراوەش هـەزار فێڵی دەگـەڵ دەکـرێ. لەسـەر تەلەفیزیۆنـی بەغـداش بـە دو مانـگ جارێک چەنـد فەلەیەکی

جـاش دێنـن ڕەقصـی (سـەمای) کـوردی یـان پێدەکـەن.

٣. وەک دەزانیـن لـەو دیـو بـۆ هەمـو لیوایـەک ئیزگەیەکـی سـەد کیلـو واتـی هەیـە، ئێمـە کـە لـە عێـراق گفتـی حوکمـی زاتیمان پێـدراوە بەشـمان لـە ئیزگـەی بەغداوە تائێسـتاش هـەر ئەوانـەی لەسـەرن کـە لـە سـاڵی ١٩٦١ ڕا تـا سـاڵی حەفتـا هەرجنێویـان پـێ داوین و ئێسـتاش تەنیـا تەرجەمـە لـە مەقالاتـی (بابەتەکانـی) بەعـث دەکـەن. گوایـە چدەبـێ کـە بـۆ هەرچـوار لیواکانـی کوردسـتان ئیزگەیـەک دابمـەزرێ و پارتـی پـێ ڕابـگا.

٤. میزانیـەی مجمعـی عیلمـی [کـۆڕی زانیـاری] عێراقـی سـاڵانە (٤٠٠) هـەزار دینـارە – ئەگـەر بەپێـی نفوسـیش بـێ دەبـێ میزانیـەی مجمعـی عیلمـی [کـۆڕی زانیـاری] کوردی هیـچ نەبـی (١٠٠) هەزاربـێ – ئـەو میزانیـەش دەتوانـێ زۆر خزمـەت بەسـەقافەتی کـوردی بـکا. بـە شـەتەش کـە ڕەقابـەی بەعثـی بەسـەرەوە نەبـێ.

٥. هەرچەنـدە درەنگیـش بـوە بـەڵام وابکـەن لەژێـر چاودێـری پارتـی دا کتێبـی مەدرەسـە بـە کـوردی بـۆ هەمـو سـنفان بنـوسرێ. بەڵکـو بـۆ پایـزی سـاڵی ٧١ فریـا کـەوێ چونکـە ئـەو کتێبانـەی ئێسـتامان هـەر ئەوانـەن کـە دوژمـن بـۆی داناویـن.

سـەرەڕای ئەمانـە پێشـنیار دەکـەم: بـۆ خۆمـان دارنشریکـی لـە چۆمـان [ مەبەسـت شـارۆچکەی چۆمانـی سـەربە پارێزگـەی هەولێـرە؛ ئەوکاتـە ئـازاد بـووە و لەژێـر دەسـەڵاتی شـۆڕش دا بـووە]، مەکینەیەکـی (دەزگایەکـی) بەتاقەتـر لـەو مەکینـە طبعـەی (دەزگای چاپـەی) ئێسـتا پەیـدا کەیـن، ئەمـەی ئێسـتاش بخەینـە سـەر کارەبـا. ئەگـەر بتوانیـن ١١ هـەزار دینارەکـە لـە کاک حبیـب [ مەبەسـت حەبیـب محەمـەد کەریمـە سـکرتێری پارتـی بـووە] و جەرجیـس [ مەبەسـت د. جەرجیـس فتـح اللـە یـە ئـەوکات بەرپرسـیارەتی دیـاری لەنـاو سـەرکردایەتی پارتـی هەبـووە] بسـتێنینەوە نـوری عـەلا نورە، ئەگـەر نەشـتوانین ئەوا بەنیـوەی ئـەو پارەیەش دەتوانیـن نواقصـی (کەموکوڕیەکانی) پڕبکەینەوە. جـا ئەگەر مبدأیا لەسـەر ئـەم پێشـنیارە موافقـن (ڕازیـن) ئـەوا گەرەکـە:

١. لـە چۆمـان یـان لەنـاو پـردان جێگـە بـۆ چاپخانـە بکەنـەوە بـۆ ئـەوەی اسـتفادە (سـود) لـە کارەبـا بـکا.

٢. جێگە بۆ کارگەران و کارگێڕان دیاری بکەن.

٣. سعید نـاکام و هـەژار ئامـادەن سەرپەرشـتی چاپخانـە بکـەن. تەنانـەت ئەگـەر کاریـان

لـە بەغـداش هەبـێ و بەئەمـری ئێـوە بچـن دیسـان پێویسـتە یەکیـان بەنـۆرە لێـرە بـێ.

٤. کاری چاپخانەکەمـان چاپکردنـی تاریخـی (مێـژووی) شۆڕشـەکەمان بـێ بـەر لـە هەمـو شـت و ئەوسـا گەلێـک کتێبـی کـوردی بـاش و بـە کەڵکـی پـێ دەرخەیـن و لـە رەقابـەی بەعثـی دور خەینـەوە.

خـــۆ ئەگـــەر خـــوا بـــەو ڕۆژە نـــەکا توشـــی تەنگانـــەش ببینـــەوە ئـــەو چاپخانـــە ئامادەکـــراوە زۆر زو دەفریـــا دێ و زۆرمـــان کار پـــێ دەبـــێ - زۆرمـــان دیتـــوە: دۆســـتی ئەمـــڕۆ ســـبەی بۆتـــە دوژمـــن.

کاکـە تۆزێـک بـە تفصیـل تـر ئـەو پێشـنیارانە عـەرزی بارزانـی [مەبەسـت مسـتەفا بارزانی)یـــە کـــراون فەرمویـــە بزانـــن محمـــود و ئیدریـــس و مەســـعود دەڵێـــن چـــی؟ [مەحمـــود مەبەســـت د. مەحمـــود عوســـمانە ئەندامـــی ئـــەوکات ســـکرتێری مەکتەبـــی تەنفیـــزی ئەنجومەنـــی ســـەرکردایەتی شۆڕشـــی ئەیلـــوول بـــووە]، [ مەبەســـت لـــە ئیدریـس و مەسـعود هەریەکـە لـە کوڕانـی مسـتەفا بارزانیـن؛ کـە پلـە و پایـە و ئەرکـی هەسـتیاریان لـە سـەرکردایەتی پارتـی و بـارەگای بارزانـی هەبـووە؛ هەروەهـا ئەندامـی شـاندی دانوسـتانکار بـوون بـۆ دانوسـتاندنەکان لەگـەڵ حکومەتـی بەغـدا] بـا کۆبنـەوە و قســەی لــێ بکــەن و بــە نەتیجــە بگــەن.

تکایـە بیـر و ڕای خۆتـان دەربـڕن و ئەگـەر پێشـنیارەکانم هەموشـیان بـێ جـێ بـن مـن وەک کوردێـک بیـر و ڕای خـۆم دەربڕیـوە و ئەرکـی ویژدانـی خـۆم بەپێـی عەقڵـی خـۆم پێـک هێنـاوە- ئیـتر سوپاسـتان دەکـەم!! (٧٠٧).

هـــەر ئـــەو کاتـــەی هـــەژار ســـەرۆکی یەکێتـــی نوســـەران بـــووە، لـــە ١٤ی نیســـانی ١٩٧١ نامەیەکـــی تـــری ئاراســـتەی م . س پارتـــی کـــردووە.

هـەژار ئـەو نامەیـەی لـە دەفتەرێکـی تایبەتـی و بەدەسـت خەتـی خـۆی نوسـیویەتەوە و ئاراسـتەی م . س کـردووە و لـە هیـچ گۆڤـار و ڕۆژنامەیـەک بڵاونەکراوەتـەوە. مـن وەک خـۆی دەینوسـمەوە کـە ئەمـە دەقەکەیـتی:

(٧٠٧) ئەرشـیفی دەسـتەی ئینسـکلۆپیدیای پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان(پ - ٥٨٩) بـۆ زانیـاری زیاتـر؛ بڕوانـە پاشـکۆی ژمـارە ١١.

بۆ / م . س بەڕێز: ١٤ی نیسانی ١٩٧١

ماوەیەک لەمەوبەر ئەمرێک لەناو پردانەوە [ناوپردان سەربە شارۆچکەی چۆمانە و مستەفا بارزانی ماوەیەک بارەگای لەوێ بووە] بۆ برادەرانی م . س لە بەغدا چو: کە بە فەرمایشتی بارزانی یە لیژنەیەکی موتابەعە (بەدواداچون) بۆ حقوقی سەقافی (مافی ڕۆشنبیری) کورد لە احسان شێرزاد و هەژار پێک بێ و فعلا ئەو ئەمرەش بە احسان شێرزاد ڕاگەیەندرا و دەگەڵ هەژار کۆبونەوەیان کرد و بڕیادرا دەرسی بکرێ و دەست پێ بکرێ. دوای ماوەیەک کە پرس کرا پوختەی مطالیب (داواکاری) خرایە سەر کاغەز، بەڵام وەک زانیومە دەدرێ بەلیژنەی سەلام.

کاکە من لام وایە حقوقی سەقافی (مافی ڕۆشنبیری) هەمو شتێکە و هەر گەلێک نەتوانێ بە ئازادی حقوقی سەقافی (مافی ڕۆشنبیری) خۆی بەڕێوەبەرێ ئەو گەلە مەحکومە بەنەمان و پێویستە شەڕ لەسەر مافی سەقافی بکا و خۆی بۆ بەکوشت بدا.

جا لێرەدا دەتوانم بڵێم: ئەگەر بمانەوێ ئەو حقوقی سەقافیە (مافی ڕۆشنبیری) کە لەبەیانی ١١ی ئازاردا [مەبەست ١١ی ئازاری ١٩٧٠یە] بۆمان دیاری کراوە وەری گرین؟ پێویستە:

١. مەکتەبی سیاسیمان چ لەناوپردان و قەسرێ و چ لە بەغدا هەمو بەیەکەوە حەملەیەکی منظم و دەستەجەمعی (هەڵمەتێکی ڕێکخراوی بە کۆمەڵ) بۆ چەسپاندنی ئەو مافە ثقافیە بکەن و بیکەنە مسئلەی ڕۆژ و هەمو ڕۆژ و کات و سات وەبیر کاربەدەستانی حکومەتی بهێننەوە و تەمی لەسەر نەڕەوێننەوە..
٢. ڕۆژنامەی تآخی هیچ نەبێ لە هەمو ژمارەیەکی دا نیوە ڕوپەڕێک بۆ داوای حقوقی مشروعی (مافی ڕەوای) خۆمان لەمەڕ سەقافەتەوە (ڕۆشنبیری) تەرخان بکا و ئەوی نەدراوە داوای بکا و ئەوی بەناو داویانینێ فێڵی تیداکراوە لەسەری بڕوا و بەسەری دانەڕوا و چاوی نەپۆشێ: بۆ نمونە: بڕیار دراوە کتێب بۆ مەدرەسە کوردی یەکان تا شەشی ثانەوی کوردی بێت. زۆر مبارەکە! حکومەت قانونێکی هەیە کە وەزارەتی تربیە بۆ تالیفی کتێب دەکاری دەکا. هەرکتێبێکی مدرەسە دەبێ لیژنەیەک لە چوار کەس یان زیاتر لە چوار کەس تالیفی بکەن و هیچ نەبێ یەکێکیان بە تدریسی مشغوڵ بێ.

عەینی ئەو قانونەش بۆ کورد دەکار دەکەن کە بەڕاستی غیبنێکی زۆر فاحیشە عەرەب زمانی مشترکی نوسینی هەیە. بە هەزاران کاتبی هەیە و نوسینەکان هەمو وەک یەک دەردەچن.. بەڵام کورد زمانی مشترکی نوسینی نیە و نوسەری کوردی زان لە پەنجەی دەستان تێ ناپەڕن. ئێمە دەبوایە هەر لەهەوەڵەوە بە حکومەتمان ڕابگەیەندایە ئەگەر ئێمە لاسای ئەوان بکەینەوە ماڵ وێران دەبین بەڵام نەمانگوت!! بەرامبەر بەو قانونە ناچاربوین کتێبمان بدەین بەدەیان کەسی وا کە هەر نازانن کوردی بنوسن. کتێبی مەدرەسەمان بەجۆرێکن پیاو گریانی بۆیان دێت.

شتێکی لەمەش بەڵاتر هەیە: لەسەفی (پۆلی) یەکی متوسطەوە (ناوەندیەوە) ڕێگەمان دراوە تالیف بکەین. بەڵام بۆ پۆلەکانی سەرەتایی کە زۆر گرنگترە ڕێگەی تالیفمان نەدراوە و دەبێ حرفیاً تەرجەمەیان بکەینەوە و بەدەرسی بە منداڵە کوردانیان بڵێن. ڕێگەشمان پێ نەدراوە کە مەطالیبیشی (داواکاری) هیچ بگۆڕین تەنانەت ڕەسمەکانیش دەبێ وەک خۆیان بێ بمێنن. ئەوەش دەبێ بزانین تەنانەت ئەو کتێبە عەرەبیانەش کە لەپاش ١١ی ئازاریش داندراون و ئێمە دەبێ تەرجەمەیان بکەین یەک کلیمەشیان باسی کورد و کوردستان تێدا نەنوسراوە! - ئەوا بۆ نمونە کتێبی ٥ و شەشی ابتداییم (سەرەتاییم) بۆ هێناون و لە بەردەمتانە و خۆتان بزانن بۆ تەرجەمە کردن بایی چەندن؟!

خۆ دەربارەی دار و نشر و مدریەتی سەقافە و بەشمان لە تەلەفزیۆن و ئیزاعەدا هەر نابێ بپرسن ئەوا سێزدە مانگ بەسەر ئازاری پیرۆزدا ڕابرد و لە کولەکەی تەڕیش باسیان نەکراوە. دیسان دوپاتەی دەکەمەوە ئەگەر هەمو جیهازی شۆڕش حەملەیەکی منظم بۆ حقوقی سەقافی (مافی ڕۆشنبیری) نەکا بە لیژنەی احسان و هەژار کە ئەوانیش حەواڵەی لیژنەی سەلام بکرێنەوە هیچ ناکرێ. تکایە هەژار لەو لیژنەیە عەفو بکەن - ئەم کارە بەنیسبەت من ئاسنی سارد کوتانە. چونکە هەژاری و بێکەسی من لەلای ئەفەندیەکانی بەغدا نمودێکی نیە و ناتوانم تاثیرێکم هەبێ.[٧٠٨].

---

(٧٠٨) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان (پ - ٥٨٩) بۆ زانیاری زیاتر؛ بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١٢.

هـەر لـەدوای ئەمـە دەستنووسـێکی دیکـەی تۆمـار کـردووە؛ کـە بـۆ م . س نوسـیوە ناوەڕۆکیـان لەیەکـترەوە نزیکـە و لەگـەڵ هەندێـک جیـاوازی. لەسـەرەتای نوسـینەکە ئەوەشـی وەک تێبینییـەک یاداشـت کـردووە کـە" لـە قـصر السـلام لـە حضـوری هەمـو ئەندامانـی مکتـب سیاسـی و تنفیـزی شـخصیاتی تـر خوێندمـەوە" بۆیـە ئەویـش وەک خـۆی دەنوسـمەوە:

بۆ / م .س بەڕێز

ماوەیـەک لەمەوبـەر ئەمرێـک لەسـەرەوە بـۆ برادەرانـی م . س لـە بەغـدا دەرچـو کە بۆ پێـک هێنانـی حقوقـی سـەقافیمان (مافـی ڕۆشـنبیری) لیژنەیەکـی موتابەعـە (بەدواداچون) پێک بێ و احسـان شـێرزاد ڕەئیسـی لیژنە بێ و هەژار یاریدەی بدا. احسـان و هەژار بەپێی توانـا دەرسـی ئـەو شـتانەیان کـرد کەلـە حقوقـە سـەقافیەکەمان (مافـە ڕۆشـنبیرییەکەمان) پێمان نەگەیشـتوە و کاک احسـان خسـتیە سـەر کاغەز و دەبێ داییێتە لیژنەی سەلام. لیژنەی سـەلامیش وابزانـم هەموتـان دەزانـن کـە چەند بەپەلـە کار و بـار ڕادەپەڕێنـێ! ئەوانەش کە گوایـە پێـمان گەیشـتون و حکومەت دەتوانـێ بڵێ داومنـێ ئەوەیە:

لەیەکی سەرەتایەوە تا شەشی ثانەوی کتێبی کوردی دەخوێنێ!!

بـەڵام ئەگـەر ڕۆشـنبیران و زانایانـی پارتـی بـە دڵسـۆزی زەحمـەت بکێشـن و بڕواننـە ئــەو کتێبــە کوردیانــە، کــە مەفــروض (پێویســت)یش ئــەوە بــو بــۆ خۆیــان دەپێــش بڵاوکردنـەوەدا هەمـو کتێبێـک ببینـن و لـە ڕوی قازانجـی میللەتـی خۆیانـەوە سـەیریان بکـەن و چیـان بـەلاوە خەراپـە ڕێگـەی بڵاوکردنـەوەی نـەدەن، بەڵـێ ئەگـەر ئێسـتاش وەک پارتێکـی دڵسـۆز بـۆ گـەل سـەیریان بکـەن تێدەگـەن چلـۆن دەسـتمان بەزاخـەدا کـراوە و چۆنمـان دۆڕانـدوە!!:

عـەرەب زمانـی مشـترکی خۆیـان هەیـە، هـەزار سـاڵ پـترە پێـی دەنوسـن، هـەزاران کتێـب نوسـیان هەیـە. قانونەکەیـان بـۆ مصلەحەتـی منداڵـی عـەرەب دەبەرچـاو گیـراوە و دەڵـێ: دەبـێ هـەر کتێبـە لیژنەیەکـی چـوار یـان لـە چـوار کـەس پـتر دای بنێـن و یەکـی دەرس بێـژی تێدابـێ - کوردیـش دەبـێ بـەو قانونـە ببزونـەوە!.

کـورد زمانــی مشــترکی نیــە، ئــەو کەســانە دەزانــن بەلەهجەیــەک لــە زمانــی کــوردی بنوســن لــە پەنجــەی دەســت تــێ ناپــەڕن - دەبوایــە ئــەو قانونــە بــۆ کــورد ئــاوای لــێ بکرایــە: چەنــد زانــای کــورد زان و کــوردی نوســتان هەیــە با بەهەمــوان کتێبەکانی مەدرەســە (قوتابخانــە) کوردیەکانتــان بــۆ تالیــف بکــەن و زمانــی ئەدەبیاتیــان بــۆ دامەزرێنــن.

دەسـا بڕوانـن ئـەو کتێبـمان لـە سـەفی (پۆلـی) یەکـی متوسـطە (ناوەندی)وە تا شەشـی ثانـەوی (ئامادەیـی) بەرانبـەر بـەو قانونـە دروسـت کـراون، هـەر کتێبـەی چـوار تـۆوە و ئیـوای تێـدا هەیـە کـە نـەک هـەر گەنجـی کـورد بەڵکـو خـودی موسـیفی کتێبەکەشـی سـەرەو دەرەی لـێ دەرنـاکا...

٢- تەرجەمـە: زۆر سـەیرە کتێبـمان بـۆ مرحلـەی ثانـویٚ (قۆناغـی ئامادەیـی) تالیفـە. بـەڵام مرحلـەی ابتدائیـمان (قۆناغـی سـەرەتایی) دەبـێ تەرجەمـەی کتێبـە عەرەبیـەکان بێـت. شـازدە کتێـب بـدریٚ بـە ٦٤ کـەس کـە شـازدەیان معلـم (مامۆسـتا) بـن. بـەڵام ئـەو شەسـت و چـوار کەسـە دەیـان نازانـن کـوردی بخوێننـەوە چ جـای پێـی بنوسـن. دەبـێ ئەوانـە تەرجەمـەی چـی بکـەن؟؟:

هەمـو کتێبـە ابتداییـەکان (سـەرەتاییەکان) کـە بـۆ منداڵـی عەرەبـە سەرانسـەری باسـی فەلەسـتین و جولەکـە و ئەندەلـوس و مەجـدی عـەرەب و عەداڵەتـی بەعثـە و بـۆ نمونـەش لەکتێبـی ٥ و شەشـی ابتداییـدا (سـەرەتای) کـە پاش یازدەی ئـازاری پیرۆزیش نـوسراوی تاقە کەلیمەیـەک لەسـەر کـورد و کوردسـتان یـان تێـدا نەنـوسراوە و هـەر ئەقەڵـلآ ناوی شـیمالی حەبیبیشـیان تـی نەخراوە؟

کاکـە لـەو تەقریـرەدا (ڕاپـۆرت) باسـی خەسـارەتی کـورد ناکـرێ کـە چۆنیـان فێـڵ لـێ کردویـن و چـۆن دەسـتیان بڕیویـن؟ بـەڵام ناچـارم بڵێـم زۆر بەداخـەوە خۆمـان تاوێسـتا ئــەوی گوێــمان نەداوەتــێ حقوقــی ســەقافی (مافــی ڕۆشــنبیری) بــوە و ئــەوی لــەلای حکومەتیـش زۆر گرینگـە هـەر ئەوەیـە حقوقـی سـەقافیمان هەگیـز نەداتـێ. جـا هـەردوک لامـان لـەو تەنیـا مەبەسـتەدا گەیشـتونیە یـەک: ئـەو نایـدا و ئێمـەش نامانـەویٚ.

ئەگەرچـی میللەتانـی تـر لەسـەر ئـەدەب و زمانـی خۆیـان خۆیـان بەکوشـت دەدەن و لـە هەمـو شـتێکیان پـێ گرنگـترە.

کاکە من بەبیری خۆم لام وایە بۆ ئەو مەبەستە کە ڕۆحی ئازادیمانە دەبێ:

مەکتەبی سیاسیمان لەناو پردان و لە بەغدا هەمویان بەدەستە جەمعی حەملەیەکی منظم (هەڵمەتێکی ڕێکخراوی بە کۆمەڵ) بکەن، وەزیرەکانمان پێکەوە بەبێ پسانەوە داوا لە حکومەت بکەن، ڕۆژنامەت تآخی هەمو ڕۆژ لەسەر ئەو مەبەستە بدوێ و کارێکی وابکەن کە حکومەت بزانێ ئێمە خوێندەواری کوردمان لەلا مهمە (گرنگە) و دەستی لێ هەڵناگرین و ئەگەر لەو بارە فێڵ بکا تعاونی (هاوکاری) دەگەڵ ناکەین. خۆ ئەگەر لەسەر ئەو مەبەستە پیرۆزە ئەزمەش ڕوبدا ئێمە قازانجمانە.

ئەگەر خوێندەواریمان دەوێ دەبێ وابێ - ئەگینا بەتەنیا احسان و هەژارێک ئەویش بەهیوای لیژنەی سەلام نە هیچ دەکرێ و نە بە ئاوات دەگەین.

خۆ ئەگەر ئەو بڕیارەی منیشی بێ جێ یە ئەوا ئەقەللاَ هەژار لەو موتابەعە (بەدواداچون)یە عفو بکەن[٧٠٩].

**ب- کۆڕی زانیاری کورد**

کاتێک لە ٢٩ی ئابی١٩٧٠ کۆڕی زانیاری کورد دامەزرا، هەژار بووە بە ئەندامێکی کارای ئەم کۆڕە، چالاکانە ئیش و کارەکانی ڕاپەڕاندوە و کاری گەورەی ئەنجامداوە، دیارترنیان: وەرگێڕانی شەرەفنامە بۆ کوردی[٧١٠]، ئەمەش ئەوە دەردەخات، لە هەر دەرفەتێک کە هاتووەتە پێشی، کەڵکی وەرگرتووە. چەند جارێک بە نوێنەرایەتی کۆڕی زانیاری کورد سەردانی ئەوروپا و یەکێتی سۆڤیەتی کردووە؛ کە بەپێی تایبەتمەندی لە بەشە جیاوازەکانی ئەم کتێبە تیشکی خراوەتە سەر.

لەسەر ئاستی ناوخۆش هەژار چەندین چالاکیی سیاسی و ڕۆشنبیری ئەنجامداوە، بە نوێنەرایەتی کۆڕی زانیاری کورد بەشداری کردووە و لە بۆنەکاندا وتاری خوێندووەتەوە؛ یەکێک لەو چالاکییانە یادی گۆرانی شاعیر بووە؛ هەژار وتارێکی

(٧٠٩) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان (پ - ٥٨٩) بۆ زانیاری زیاتر؛ بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١٣.

(٧١٠) کەریم شارەزا، لە یادی کۆچی دوایی خزمەتگوزاری کورد دا شاعیری نیشتیمانپەروەر و زمان زان مامۆستا هەژار ١٩٢١- ١٩٩١(پ-٧)١.

خویندووەتـەوە لـە هۆڵـی سـاطع الحـصری لـە شـاری بەغـدا. بەروارەکـەی یاداشـت نەکـردووە؛ زۆر بەدواداچوونـم کـرد لەسـەر ئـەم بابەتـە لـە گۆڤـار و ڕۆژنامەکانـی ئـەو سـەردەمە شـتێکی وام بەرچـاو نەکـەوت لەسـەر ئـەم یـادە؛ بـەڵام بەپێـی ئـەو قۆناغـە و ڕووداوەکان؛ دەبـێ لـەدوای بەیاننامـەی ١١ی ئـازاری ١٩٧٠ تاوەکـو ١٩٧٤ بـێ. دەربـارەی ئـەو وتـارەی هـەژار خوێندویەتـەوە لـە دەفتەرێکـی تایبەتـی و بەدەسـت خەتـی خـۆی نوسـیویەتەوە و لـە هیـچ گۆڤـار و ڕۆژنامەیـەک بڵاونەکراوەتـەوە؛ بـەردەوام لـەم یـاد و بۆنانـەدا هەوڵیـداوە دەرد و ئـازاری گەلەکـەی بخاتـە ڕوو، کـە بەدرێژایـی مێـژوو گەلـی کـورد لەلایـەن دەسـەڵاتدارانی بیانییـەوە چەوسـاوەتەوە؛ و وەک پێویسـت نەیتوانیـوە مێـژووی خـۆی بنووسـێتەوە.

سـەرەڕای ئـەم دەسـت بەسـەرداگرتنەش هێنـدە لەمێـژ نیـە و لێـرە و لـەوێ چەنـد کەسـێک بـە شـوێن و بـەدوای نووسـەرانی ڕابـردوودا گـەڕاون و چەنـد پەڕێکیـان کۆکردووەتـەوە. جوانـی سروشـتی کوردسـتان کاریگـەری و ڕۆڵـی سـەرەکی هەبـووە؛ فاکتەرێکـی سـەرەکی بـووە، شـاعیران و بەیـت بێـژان و هونەرمەنـدان بتوانـن ئـەوەی لـە ناخیاندایـە دەربیـڕن و ڕێکیبخـەن و بیهۆننـەوە؛ سـەرەڕای ئـەم هەوڵانـەش، بـەڵام کەلێنێکـی گـەورە لـەم ڕووەوە بـەدی دەکـرێ.

ئەگەرچـی هـەزار ساڵیشـە کـورد ناچارکـراوە بـە عەرەبـی و فارسـی و تورکـی بنووسـێ، زمانـی زگماکـی بەربەسـت کـراوە و لـە نووسـین و چـاپ کردنـی بـە زمانـی خـۆی بـێ بەش کـراوە و زۆر کـەس لەسـەر بـە کـوردی نووسـین و بـە کـوردی دوان لـە سـێدارە دراون؛ کورد توانیویەتـی پێشـانی گەلانـی دەوروبەری بـدا لەمەڕ ئەدەبیاتـەوە دوانەکەوتـووە و ئەوانەی زمانیـان لـەم نەتەوەیـە قەدەغـە کـردووە "لـەو بـارەوە زۆر لـەدوای خۆمانـەوەن". ئاخۆ لەو چەنـد هـەزار سـاڵەدا کـە گەلی کورد تێـدا ژیاوە چەنـدی وەک: جزیری و خانـی و مەولەوی و حاجـی قـادر و پیرەمێـرد و گۆرانمـان لـێ هەڵکەوتـون و لە بەربـێ نووسـینەوە وون بوون.

بـا لـە ئێسـتا پێـوە پێویسـتە هـەوڵ بـدرێ ئـەوەی مـاون و هێشـتا نەفەوتـاون ئـەوی لـەوە بـەولاوە پەیـدا دەبـن نابـێ لـە دەسـت بـدرێ.

گەلـی کـورد خەباتـی دژی داگیـرکاری و بـن دەسـتەیی و بەرگـری لـە وڵاتەکـەی

کـردووه، دوای دەسـاڵ خەباتـی خوێنـاوی، دەسـاڵ ئـاوەرە بـون و شۆڕشـگێڕانی کـورد بـە سـەرکردایەتی مسـتەفا بارزانـی و پەنجـا سـاڵ کوێـرەوەری و شـەو نخونی کـە بەرهەمەکەی ئـەم ئازادیەیـە و کـە لـە ڕێگـەی هۆڵـی صاطـع الحـسری کۆبوونەتـەوە. نابـێ خەباتکارانـی کـورد لـە بیربچنـەوە و دەبـێ بەشـێوەی کـرداری درێـژە بـە ڕێبازەکەیـان بـدرێ.

بۆیەکەمین جار ئەم وتارە لێرەدا وەک خۆی بڵاوی دەکەمەوە؛ کە ئەمە دەقەکەیەتی:

"یادی گۆران – قاعە [هۆڵ]ی ساطع الحصری - بەغدا.

خوشـک و برایانـی خۆشەویسـتم لـە تەهـی دڵـەوە بەخێرانتـان دەکەم و زۆر سوپاسـتان دەکـەم کـە ئەرکتـان کێشـاوە و بـۆ بیـرەوەری گۆرانـی نەمـر بـە دەنگمانـەوە هاتون.

خوشـک و برایانم گومان لەوەدانیە کە ئەم گەلی کوردە هەزاران ساڵە لەم نیشـتیمانەی خۆیـدا نیشـتەجێ یـە. گۆوەنـد و سـەیران و دڵـداری و تازیەتبـاری لەنـاو بـاو بـوە، خـۆش و ناخۆشـی زۆری بەسـەر هاتـوە، بـۆ هەمـو بەزمێـک گۆرانـی گوتـراوە، بـۆ هەمـو ڕەزمێـک بەیـت ڕێکخـراوە، پەسـندی کاهیـن و شـێخ و ئاغـا و خـاوەن دراوە، بە دڵدار و هـەرزەکاری خسـتونیەتە سـەر زەمزەمـە و جوانی سروشـت و وەدەنگـی هێناوین، بە کـوردی و بە کورتی بڵێیـن: هیـچ بنیادەمێـک بـێ گۆرانـی و مۆسـیقا نـاژی، گۆرانـی و مۆسـیقا شـیعرە، کەوابـو کوردیـش لـەو چەنـد هـەزار سـاڵەیدا بـێ شـاعیر نەژیـاوە. ئەگـەر بیرێـک لـەو ڕۆژگارەی ئێسـتای خۆمـان بکەینـەوە و بەراوردی ئەو شـاعیر و نوسـەرانەمان بکەین کەلـەم چەرخەی دوایـی دا لێـمان هەڵکەوتـون و بـەو پـێ یـە لێکـی دەینـەوە بیـری لـێ بکەینـەوە: وابزانـم کەلێنێکـی زۆر گـەورە لـە جەرگـی خۆمانـدا دەبینیـن!! بـە داخەوە!!

گەلـۆ ئەگـەر ئێمـەی کـوردی کڵـۆڵ و هـەژار وەک گەلانـی خـودا پێـداوی تـر هـەر سـەر لـە هەوەڵـەوە بزگوڕێکـمان لـە خەڵکـی دادڕیبـا و کوێـرە کەیانۆکێکـمان هەبوایـە و نەمـان هێشـتبا شـوێنەواری کەونـارا و کـردەوکاری نوسـەر و گۆرانـی ڕێکخـەر و هۆنـەر و شـاعیرانمان بفەوتایـە؟! ئیسـتا ئێمـە چـۆن دەبویـن و کارمـان لـە کـوێ دەبـو؟؟

جـا خـۆ بەتایبەتـی کوردیـش: لـە خۆشـترین پارچـە بەهەشـتی سـەرزەمیندا دەژی و بـەو هـەوا سـازگارەی کوردسـتان پـەروەردە دەبـێ و بەهـاڕەی هەڵوێـر و ناڵـەی بلوێـر و

هاشـەی گـەڵا و گاڵـەی بولبـول و شـالور فرچـک دەگـرێ و ئـەم دیمەنـە جـوان و ڕەنگیـن و دڵڕفێنـەی کوردسـتانی لەبـەر چـاوە: دڵـی دەبێتـە سـەرچاوەی خەیاڵـی باریـک و بیـری ورد و هەسـتی ناسـک و لێـک دانـەوەی بـەڕێ و جـێ و دور لـە هەمـو کـەم و کوڕیـەک.

بـۆ نمونـە: هەمـو چەنـد سـاڵێکی زۆر کەمـە تـاک و تـەرا لێرە و لـەوێ چەند کەسێکمان بەشـوێن شـوێنەواری نوسـەرانی رابردومانـدا گـەڕاون و بـە دزی و دڵەتەپێـوە لـە کەلێـن و قوژبنانـدا چەنـد پـەڕو پسـولەیەکیان کۆکردۆتەوە و لێکیـان داون.

هـەر بەوتـۆزە ئەرکـەی ئـەو چەنـد ڕوت و ڕەجاڵـە کێشـاویانە: سـامانێکی نەتەوایەتـی وەهامـان دەسـت کەوتـوە کـە دەتوانیـن بەشـانازیەوە خۆمـان لەبەرچاوی دەرودراوسـێمان ڕانێیـن و بڵێیـن: بڕوانـن ئەگەرچـی هـەزار ساڵیشـە ناچارکراویـن بـە عەرەبـی و فارسـی و تورکـی بنوسـین، ئەگەرچـی زۆر جـاران و نەخـوازە لـەم ڕۆژگارانـەدا لـە زۆر جێگـە زمانـی زگماکـی خۆمـان لـێ بەربەسـت کـراوە و لـە نوسـین و چـاپ کردنـی بـە زمانـی خۆمـان بـێ بـەش کراویـن و تەنانەت لە گەلێک شـوێندا ئاخافتنی کوردیشـمان لەسـەر کـراوە بە گوناهو زۆر کەسـمان لەسـەر کـوردی بـە نوسـین و بـە کـوردی دوان چونەتـە پـای قەنـاران یـان لـە سـوچ و گۆشـەی زیندانـی ڕەشـدا بەپێوەنـد و دەسـبەند شـەتەک دراون! بـەڵام لەسـەر ئـەو حاڵەشـدا دەخۆڕادەبینیـن بدرکێنیـن کە لـەو دژە کوردانە لەمەڕ ئەدەبیاتـەوە دوانەکەوتوین و ئەوانـەی زمانیـان لـێ قەدەغـە کردویـن لـەو بـارەوە زۆر لـەدوای خۆمانـەوەن.

ئاخـۆ لـەو چەنـد هـەزار سـاڵەدا کـە گەلـی کـورد تێـدا ژیـاوە چەنـدی وەک: جزیـری و خانـی و مەولـەوی و حاجـی قـادر و پیرەمێـرد و گۆرانمـان لـێ هەڵکەوتـون و بـەدەردی حاجـی فەرمویـە: لـە بەربـێ دەفتـەری ون بـون و فانـی-

پێشـینانی کـورد گوتویانـە: لـە پـاش چـون مەڵێـن ئـاخ! جـا هەرچەنـدە ئێمـە بەدەسـت خۆمـان نیـە و ناچاریـن هـەر زۆر ئاخـی ئاگریـن بـۆ ئـەو هەمـو زیانـە جـەرگ بڕانـە هەڵکیشـین بـەڵام ئـەوی چـوە چـوە و تـازە بـە ئـاخ هەڵکیشـان و جـەرگ ئێشـان و خۆزیـا و بریـا ناگەڕێتـەوە. بـا ئێسـتا و لـە ئێسـتا پێـوە هـەوڵ بدەیـن ئـەوی مـاون و هێشـتا نەفەوتـاون ئـەوی لـەوە بـەولاوە پەیـدا دەبـن لەدەسـتە خۆمانـی نەدەیـن و کـەم تەرخەمـی لەگـەڵ نەکەیـن: هـەر ئەمـڕۆ کـە بـۆ بیـرەوەری گۆرانـی نەمـر لـەو شـوێنە

کۆبوینەتـەوە هیچـمان لەبیـر نەچۆتـەوە کـە مامۆسـتا گـۆران نیـوەی تەمەنـی خـۆی لـە زیندانـدا گوزەرانـد و نیوەکـەی تـری بەبرسـیایەتی و دەسـت کورتیـەوە ڕابـوارد و ئـەوی پێشـی گوتبـا خۆشـم دەوێ توشـی گێـرە و کێشـەیەک دەکـرا.. دەتوانیـن لـە خۆمـان پرسـین ئـەوە چۆنـە لـەو شـارەدا کـە گۆرانـی تێـدا دەگیـرا ئێمـە بـە ئـازادی و سەربەسـتی یـادی بکەینـەوە و ئاهەنگـی بیـرەوەری بـۆ بگێڕیـن؟! وەرامـی ئـەو پرسـیارەش گەلێـک ئاشـکرایە:

دەسـاڵ خەباتـی خوێنـاوی، بـەردا و بەردکـردن و لەبرسـان مـردن، دەسـاڵ ئـاوەرە بون و لـە سـەرمان وشـک هەڵاتنـی شۆڕشـگێڕانی کـورد و پەنجـا سـاڵ کوێـرەوەری و شـەونخونی کێشـان و دەرد و پـەژارە و ئێشـانی بارزانـی ڕێگـەی هۆڵـی صاطـع الحـسری لـە دڕک و داڵ ماڵـی و لێـرەی کۆکردینـەوە، نرخـی ئـەم مافـەی ئێسـتامان خوێـن و فرمێسـکە، ئـەو مەرەکەبـەی ئەمـڕۆ نوسـەری کـورد دەتوانـێ پێـی بنوسـێ لـە قـورم و مـازوی هـاڕاو و قامیشـی سـوتاو دروسـت نەکـراوە: فرمێسـکی ڕون و خوێنـی گەشـی ژن و پیـاوان و پیـر و لاوانـی کـوردە لێـک دراوە و لەبـەر دەسـتمان دانـدراوە کـە بیـرو هەسـتی پـاک و ئـاوات و مەبەسـتی چاکمانـی پـێ بخەینـە سـەر کاغـەز یـادی لەبیرماوانـی پـێ بکەینـەوە و شـینی فەوتاوانـی تێـدا جێبکەینـەوە ڕێگـەی ئـازاد و ئـازای بـۆ گـەل خـۆش بکەیـن.

با لەبیرمان نەچێ: ئەو گەلەی خوێنی خۆی لە پێناوی ئازادی و زمان و قەڵەمی ئێمەدا داوە چاوە نۆڕە کە ئێمەش ئەمەگداربین و فرمێسک و خوێنەکەی بە کورسی و ترومبێل و پارە نەگۆڕینەوە، ئێمەش بە نۆرەی خۆمان فیداکاری بۆ بکەین، هیچ کردارێک لەبێ وەفای ناپەسندترنیە، با وەفا داربین و لە ڕاست گەلی خاوەن چاکەماندا عەیبدار و شەرمەزار نەبین.

بـە هومێـدم هـەر وەک ئەمـڕۆ بەسەربەسـتی یـادی گـۆران دەکەینـەوە، بتوانیـن لەسـایەی ئـازادی و سەربەسـتی زۆرتـردا یـادی ڕابـردوە نەمرەکانمـان بکەینـەوە و لـەدوا ڕۆژێکـی نزیکـدا گەلێـک نوسـەر و شـاعیری وامـان پێبـگا کـە جێگـەی گۆرانمـان بـۆ پـڕ بکەنـەوە، بـا ئێمـەش زۆرتـر لـە ئێسـتا بەسـەربەرزی پـتر خۆمـان لەبـەر چـاوی خەڵکـی ڕانێیـن. ئەگـەر بۆخۆمـان پیـاوی کاربیـن و بەکاربیـن ئـەو ڕۆژەخۆشـانەی کـە ئاواتمانـن لـە دەسـت ناچـن - ئیـتر تـا کۆبونەوەکـی لەمـەش گرنگـتر بـە خواتـان دەسـپێرم". (٧١١).

(٧١١) ئەرشـیفی دەسـتەی ئینسـکلۆپیدیای پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان (پ – ٥٨٩) بـۆ زانیـاری زیاتـر

**سێیەم: نووسینەکانی هەژار موکریانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان**

شوێن پەنجەی هەژار موکریانی بەسەر زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی سەردەمی خۆی دیارە، کە کۆمەڵێک بابەتی جۆرا و جۆری، سیاسی، نیشتیمانی، مێژوویی و ئەدەبی و فەرهەنگی بڵاوکردوونەتەوە، ئەمەش پێشینەیەکی مێژوویی هەیە، پێش ئەوەی ئازادی بیروڕا و چاپەمەنی گۆڤار و ڕۆژنامە لە ناوچەی موکریان، زەمینەی لەباری بۆ بڕەخسێ، کۆمەڵێک ئەدیب و شاعیر و نووسەر، بەرهەمەکانیان ڕەوانەی باشووری کوردستان دەکرد، یەک لەوانە هەژار بوو[٧١٢]، پاشان ژیانی ڕۆژنامەوانی ناوبراو، لەگەڵ دەرچوونی بڵاوکراوەی نیشتیمان دەستی پێکردووە[٧١٣]، و کۆڵی نەداوە و بەردەوام بووە لە نوسینەکانی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بەم شێوەیەی خوارەوە:

**١. نووسینەکانی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئێران**

**گۆڤاری نیشتیمان: (١٩٤٣-١٩٤٤)**

زمانحاڵی فەرمی کۆمەڵەی ژێکاف بووە، گۆڤارێکی سیاسی، ئەدەبی کۆمەڵایەتی و یەکەمین ژمارەی لە ڕۆژی پێنج شەممە ٣٠ پوشپەڕی ١٣٢٢ (٢٢ی تەموزی ١٩٤٣) دەکراوە، لە چاپخانەی خەلیفەگەری ئەرامنە لە تەورێز بەنهێنی دەرچووە (عەبدولڕەحمان زەبیحی) بەرپرسی بووە[٧١٤]، لە سەرچاوەیەکی تر ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، یەکەمین ژمارەی نیشتیمان لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٤٢ دەرچووە[٧١٥]. ساڵی دەرچوونی لەسەرەوە ڕونکراوەتەوە، کە یەکەم ژمارەی نیشتیمان ساڵی ١٩٤٣ تۆمارکراوە.

---

بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١٣.

(٧١٢) نەوشیروان مستەفا ئەمین، حکومەتی کوردستان ڕێبەندانی ١٣٢٤- سەرماوەزی ١٣٢٥ کورد لە گەمەی سۆڤێتی دا (چاپی دووەم چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان- هەولێر ١٩٩٣)٦٥.

(٧١٣) عەبدوڵڵا زەنگەنە، هەژاری گەورە لە بیرەوەریەکانی کەمال مەزهەردا " ٢٤ ڕۆڤار سلێمانی (٥ی مایسی٢٠٠٣) ٤٦-٤٧.

(٧١٤) عەلی کەریمی، نیشتیمان بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ.ک(پ- ٥٤)٥. لەسەرچاوەیەکی تر ئاماژە بۆ ئەوە کراوە یەکەمین ژمارەی نیشتیمان لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٤٢ دەرچووە. ئەیوب ئەیوبزادە(پ- ١٩٢)٩٢. ساڵی دەرچوونی لەسەرەوە ڕونکراوەتەوە، کەیەکەم ژمارەی نیشتیمان ساڵی ١٩٤٣ تۆمارکراوە.

(٧١٥) ئەیوب ئەیوبزادە(پ- ١٩٢)٩٢.

دەربــارەی دەرچوونــی ئــەم گۆڤــارە، هــەژار موکریانــی ڕای وایــە، هەرچەنــدە ژمــارەی ئەندامانــی کۆمەڵــەی ژێــکاف زۆر بــوو، بــەڵام هەموویــان بــاری داراییــان خــراپ بــووە، کــە پــەرە بەڕاگەیاندنــی حزبــی بــدەن، هەوڵیانــداوە گۆڤارێــک دەربکــەن بەنــاوی نیشــتیمان، بــەڵام لەبــەر بــێ پارەیــی بۆیــان هەڵنەدەســوڕا، بــۆ ئــەم مەبەســتە هاوڕێیەکیــان جووبــوو بەنــاوی خــۆی بــڕی ســەدوپەنجا تمەنــی لــە حاجیــەک قــەرز کردبــوو کــە بــە مانگێــک دەیداتــەوە. "زەبیحــی کــە دەبــوو بــە کاری گۆڤارەکــە ڕابــگا و کەســیش پــێ نەزانــێ، چووبــوو دەگــەڵ خەلیفەگــەری هەرمەنیــان لــە تەورێــز ڕێــک کەوتبــوو کــە لەچاپخانــەی کلێســا بــۆی چــاپ بکــەن، مانــگ تیوەرســوڕا و گۆڤــار دواکــەوت. کابــرا حاجــی قــەرزی خــۆی دەوێ و دەبــێ مۆڵەتــی لــێ بخــوازن. ئاخــری حاجــی دەیگــوت: ئــەو قــەرزە وەک قــەرزی دی ناچــێ، بابــە هــەر پێــم بڵــێ بۆچیــت لــێ قــەرز کــردووم، نامــەوێ بمدەنــەوە! ئاخــری گۆڤــار دەرکــەوت و زۆر زوو بڵاوکرایــەوە و دەســمایەی ژمــارەی دووەهەمــی قازانــج کــرد و ئیــتر نەپســایەوە و زۆری دەنــگ دایــەوە، تەنانــەت ڕۆژنامەکانــی ژوور و لاوەی ئێرانیــش کەوتبوونــە بــاس کردنــی"[٧١٦].

کەسـایەتی سیاسی(سـەلاحەدینی موهتـەدی) پێـی وایـە، کـە هـەژار ڕۆڵ و بەشـداری گرنگــی بینیــووە، لەگــەڵ هەریــەک لــە هاوڕێیەکانــی بەناوی(زەبیحــی) و (دڵشــادی ڕەسـوڵی)، لـە نووسـین و بـە چاپگەیانـدن و دەرکردنـی گۆڤـاری نیشـتیمان، کـە لـە ترسـی ئەندامانــی ئاسایشــی ئێــران، بــە شــێوەی نهێنــی لــە تەورێــز دەریــان کــردووە، زیاتــر چاودێـری لەسـەر هـەژار و (زەبیحـی) بـووە[٧١٧]. لەبابەتەکانیـان هەسـتی نەتەوەیـی، ڕۆشــنبیریی و نیشــتیمانپەروەرانی کوردانــی ئەجوڵانــد[٧١٨]، هــەژار یەکێــک بــووە لــە نووســەرە ســەرەکیەکانی ئــەم گۆڤــارە[٧١٩] و بەشــێوەیەکی گشــتی هەشــت بابەتــی لــە

(٧١٦) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٥٤.

(٧١٧) عەلـی کەریمـی، ژیـان و بەسـەرهاتی عەبدولڕەحـمان زەبیحـی - مامۆسـتا عولەمـا (پ- ٣٧)٣٦٩-٣٧٠.

(٧١٨) نەوشـیروان مسـتەفا ئەمیـن، حکومەتـی کوردسـتان ڕێبەندانـی ١٣٢٤- سـەرماوەزی ١٣٢٥ کـورد لە گەمەی سـۆڤێتی (پ- ٧١٢)٦٥.

(٧١٩) نەوشـیروان مسـتەفا ئەمیـن، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی ڕۆژنامەوانـی کوردی ١٩٣٨- ١٩٥٨بەرگی سێیەم(ب-ش.چ سلێمانی ٢٠٠٤)٢٤.

ژمارەکانــی ئــەم گۆڤــارە بڵاوکردووەتــەوە. هەمــوو دەمەتەقێیــە دوو کەســیەکان هــی ئــەون، زۆربەشــیان لــە نێــوان بایــز و باپیــر دان. هــەر لەســەرەتای نوســینەکانی هــەژار، ئـەم دەمەتەقێـی دووکەسـی نووسـیوە و بڵاوکردووەتـەوە؛ بـە تایبـەت لـە ڕاگەیەندنەکانـی سـاڵانی شەسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوو لـە ئیسـتگەی دەنگـی کوردسـتان و ڕۆژنامـەی کوردسـتان ١٩٦١، ڕۆژنامـەی خەبـات و گۆڤارەکانـی ئەوکاتـە.

ســەرچاوەیەکی تــر ئامــاژەی بــۆ ئــەوە کــردووە، هــەژار لــە هەمــوو ژمارەکانــی نیشــتماندا شــیعر یاخــود دەمەتەقێــی بڵاوکردووەتــەوە[٧٢٠].

نووســەرانی گۆڤــاری نیشــتیمان، لــە دەستنیشــانکردن و هەڵبژاردنــی جــۆری بابەتەکانیـان، ئەوپـەڕی زیرەکـی و وریایـی و وردبینییـان بەکارهێنـاوە، لـە نووسـینەکانیاندا لــەم گۆڤــارەدا؛ بــە زمانێکــی زۆر ســادە و ڕەوان و بــێ گــرێ و گــۆڵ، بــە شــێوەی ڕوون و ئاشــکرا، بەرهەمەکانــی بڵاوبکاتــەوە و لەگــەڵ خوێنەرانــی بــدوێ. هەروەهــا لەگــەڵ ئەوەشــدا، کۆمەڵێــک نووســینی دیکــەی دژی دەســەڵاتدارانی تــاران و وشــیاری نەتەوەیــی بڵاوکردۆتــەوە، کــە ئەمــەش بانگەشــەی ڕابوونێکــی نەتەوەیــی پێوەدیــارە.

ناوەڕۆکــی ئــەم ڕابوونــەش، لــە ژمارەکانــی نیشــتماندا، لــە شــێوەی جۆراوجــۆردا خـۆی دەبینێتـەوە، جـا ئەمـە چ لـە شـێوەی وتـار، یـان بـە شـیعر و پەخشـان، هەوڵـی بــۆ لێکنزیککردنــەوەی ئامانجەکانــی داوە.

لــەم بارەیــەوە "دەمەتەقێــی بایــز و باپیــر" کــە لەلایــەن هــەژار موکریانییــەوە نـووسراوە، نموونەیەکـە لـە هونـەری ژێـکاف و چۆنیەتـی هەوڵـدان بـۆ گەیاندنـی پەیامـە نەتەوەییەکـەی، بـە ڕاوێژێکـی زۆر خۆماڵیانـە، کـە هەمـوو کـەس بتوانـێ چێـژی تایبەتـی خـۆی لـێ وەربگـرێ. ئـەو چەنـد دێـڕەی خـوارە وێنەیەکـە لـەم وردبینـی و وریایـە:

بایز: ئەرێ مام باپیر، کتێبە پەڕپووت.

باپیر: سندان دەڵێی چی، دیسان بایزە ڕووت.

بایز: پرسێکم هەیە. جوابم دە زووبە.

(٧٢٠) ئەحمەد شەریفی، هەژاری موکریانی کۆچی کرد(پ- ٢٤٥)٦٢.

ئاغا تەشریفی بۆ چووە...

باپیر: ڕەئیسێک ناردی، لە شوێنی و بردی.

نامەی ڕزگاری بدا بە کوردی[٧٢١].

هــەژار شـیعرێکی نووسـیوە، بـەڵام لـە سـەرچاوەیەکدا بـە هەڵـە کـە گوایـە سـەید کامیـل گوتوویەتـی یاخـود نووسـیویەتی[٧٢٢]، کـە لـە خـوارە ئامـاژەی پێکـراوە، بـەڵام ڕاسـتیەکەی بـەم شـێوەیە:

لـە ژمـارە ٣-٤ی تشرینـی دووەمـی ١٩٤٣ هـەژار شـیعرێکی بـە ناونیشـانی (مەرامـی کۆمەڵەکـەم دینگـە) بڵاوکردووەتـەوە، نیشـتمان ئـەم بەشـەی کـە هەڕەشـەیەکە لـە نەیارەکانـی کۆمەڵـەی ژێـکاف، وەکـو دروشـمی سـەرەکی لەسـەر بەرگـی گۆڤارەکـە ژمـارە(٥-٦ ) نووسـیوەتەوە و هاتـووە:

"لــە دەم بڕینــی ئەوانــەی لــە کۆمەڵیــم بەدگــۆن
لەبار و تیژە دەمی موودەکا مقەست و برینگم"[٧٢٣].

ڕەخنـەی تونـد لـە دەرەبەگـی کـورد دەگرێـت، بـەوەی دانەوێڵەکانیـان بـە نەیـاری خۆیـان دەفرۆشــن و لــەم لاشــەوە هاوزمانەکانیـان برسـین. لەلایەکـی تـر هــەژار هانــی کەسـانی ڕۆشـنبیر و شـاعیرانی داوە، ئەمــەش وایکــردووە، بابــەت و شــیعرەکانیان لــە گۆڤـاری نیشـتیمان و ڕۆژنامەکانـدا، بـڵاو بکەنـەوە یـەک لەوانـە (هێمـن موکریانی)یـە [٧٢٤].

(٧٢١) عەلی کەریمی، نیشتیمان بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ.ک(پ- ٥٤)٧٢.
(٧٢٢) عەبدولقادر دەباغی، ڕاپەڕینی کۆمەڵەی ژێ٠ کاف(پ – ٢١٥)٥.
(٧٢٣) عەلی کەریمی، نیشتیمان بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ.ک(پ- ٥٤)٨١-١٢٧.
(٧٢٤) ڕەفیق سابیر(پ- ٣١٣)٤٢٩.

**گۆڤاری کوردستان ١٩٤٥:**

گۆڤارێکـی نیومانگـی زمانحاڵـی بیـری حـدک بـووە، یەکـەم ژمـارەی لـە ٦ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٤٥ بڵاوکردووەتـەوە[٧٢٥] و بەتەواوەتـی ڕوون نەبووەتـەوە چەنـد ژمـارەی لێدەرکـراوە! هەندێکیـش پێیـان وایـە (٩) ژمـارەی زیاتـری لێدەرنەچـووە. هەندێکیـش نووسـیویانە (١٨) ژمـارەی دەرچـووە، لـە چاپخانـەی کوردسـتان لـە مەهابـاد چاپکـراوە، هـەژار یەکێـک لـە نووسـەرە سـەرەکییەکانی ئـەم گۆڤـارە بـووە. دیارنیـە بـە دروسـتی تاکـەی ئـەم گۆڤـارە بـەردەوام بـووە، تـا ئێسـتا (٥) ژمـارەی ئـەم گۆڤـارە دەسـتخراوە[٧٢٦]، بۆیـە نەزانـراوە هـەژار چەنـد بابەتـی تێـدا بڵاوکردووەتـەوە.

**ڕۆژنامەی کوردستان ١٩٤٦:**

لـە یەکەمیـن کۆنگـرەی حـدک لـە تشرینـی یەکەمـی ١٩٤٥، بڕیـاری دەرکردنـی ئـەم ڕۆژنامەیـان داوە، دوای ئـەوەی سـۆڤیەت چاپخانەیەکیـان پێـداون، لە چاپخانەی کوردسـتان لـە ڕۆژی پێنجشـەممەی ١٠ی کانوونـی دووەمـی ١٩٤٦ یەکەم ژمارەی دەرچووە. کوردسـتان یەکەمجـار بەشـێوەی گۆڤـار (ئۆرگانـی حـدک) بـووە، یەکـەم ژمارەی لـە سـەرماوەزی ١٣٢٤ (کۆتایـی تشرینـی دووەمـی ١٩٤٥) دەرچـووە[٧٢٧]، تابـووە بـە ڕۆژنامـەی دووەم ژمـارەی بـە گۆڤـار لەهەمـان مانـگ (٢١ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٤٥) بڵاوبووەتـەوە. دواتریـش هـەر بەشـێوەی ڕۆژنامـە بـەردەوام بـووە لـە دەرچـوون، کوردسـتان وەک ڕۆژنامە دیـاری نەکراوە ئاخـۆ ڕۆژانـە، یـان هەفتانـە، یـان لـە هـەر وادەیەکـی تـردا دەردەچێ، لە ڕاسـتیدا لـەوادەی جیاجیـادا دەرچـووە. هەمـووی ١١٣ ژمارەی بڵاوکراوەتەوە، ئەم ژمارەیـە تا دۆزینەوەی ژمارە ونـەکان هـەروا لـە مەزەنـدەدا دەمێنێتـەوە[٧٢٨]، (سـەید محەمـەد حەمیـدی) سەرپەرشـتی کـردووە، یەکێـک لە نووسـەرە سـەرەکیەکانی هەژار بـوو[٧٢٩]، بەڵام لە سـەرچاوەیەکی دیکە،

(٧٢٥) بیرەوەریەکانی محەمەد شاپەسندی(پ-٨٩)٣٠-٣١.

(٧٢٦) جوتیـار تۆفیـق، بیبلیۆگرافیـای ڕۆژنامەگەریی لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان دەرەوەیـدا (١٩٠٨- ١٩٨٨) (چاپخانەی شـڤان – سـلێمانی ٢٠٠٧)١٧٢-١٧٣.

(٧٢٧) جوتیار تۆفیق، بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی (پ - ٧٢٦)٢٩.

(٧٢٨) عەلائەدینی سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی (چاپی دووەم- چاپخانەی کوردستان سنە ١٣٩٥- ٢٠١٦)٥٩٠.

(٧٢٩) بیرەوەریەکانی محەمەد شاپەسندی(پ-٨٩)٣١.

کـە ڕۆژنامەکانـی کوردسـتان کۆکراوەتـەوە و بەپێـی بۆچوونـی ئـەو تەنهـا ٩٢ ژمـارە و تا ٣ی تشرینـی یەکەمـی هەمـان سـاڵ بـەردەوام بـووە، تەنها بـە زمانی کـوردی بووە و لـە زۆربەی ژمـارەکان نووسـین و شـیعری بڵاوکردوونەتـەوە، نموونەیەکـی بـە شـێوەی کـورت دەخەینـە بەرچـاو. لـە ژمـارە٢٠ شـوباتی ١٩٤٦ بابەتێکـی بە نـاوی (جێژنی ٢٨ سـاڵەی هوردوی سـور) بڵاوکردووەتـەوە، بەراوردێکـی لـە مانگـی ڕەشـەمەی کـوردی و بیسـت و هەشـتەمین سـاڵی شۆڕشـی سـور کـردووە، ستایشـی ڕۆڵـی لینین و سـتالین دەکات، لـە پشـتیوانی و ڕزگارکەری گەلانـی ژێردەسـت[٧٣٠]، ئـەم بابەتـە ڕەنگدانەوەی ئـەو بارودۆخە بوو، کە لـەو قۆناغەدا پێی وابـووە، سـۆڤیەت فریادڕەسـی کوردانن.

**نامەی هەفتەگی کوهستان ١٩٤٥:**

کوهسـتان بەمانـای کێوسـتان دێـت- کـە کوردسـتانە. هەفتانـە بـووە، یەکـەم ژمـارەی لە ڕۆژی دووشـەممە ٧ی ئسـفەندی ١٣٢٣ بەرامبـەر بـە (٢٦ی شـوباتی ١٩٤٥) دەرکـراوە[٧٣١]، هــەژار لــە چەنــد ژمارەیــەک بابەتــی بــۆ نووســیوە، لــە ژمــارە ١٨ی حوزەیرانــی ١٩٤٥ بابەتێکـی لەسـەر گرنگـی ئەدەبیاتـی کـوردی بڵاوکردووەتـەوە، هیـوای خواسـتوە زیاتـر گرنگـی بـەم بـوارە بـدەن[٧٣٢]. ئـەو پێـی وابـووە، کـورد دەتوانـێ لـە ڕێـگای ئەدەبیاتـەوە، گرنگـی زیاتـر بـە دۆزی گەلەکـەی بـدات.

**گۆڤاری ئاوات ١٩٤٥:**

یەکـەم ژمـارەی لـە ڕۆژی سێشـەممە ٢٣ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٤٥ (١ی خەزەڵـوەری ١٣٢٤) بــە زمانەکانــی کــوردی و فارســی لــە شــاری مەهابــاد دەرچــووە، لەژێــر نــاوی گۆڤارەکـەدا نـووسراوە: (گوواریکـی ادبـی و تاریخـی و کۆمەلایەتـی کـوردی یـە)، (خاوەنـی امتیـاز و مدیـری مسـئول: محمـد اذر) محەمـەدی شاپەسـەندییە، ئـەوە نازنـاوی بـووە[٧٣٣]،

(٧٣٠) ڕەفیـق سـاڵح و سـدیق سـاڵح، ڕۆژنامـەی کوردسـتان مەهابـاد ١٣٢٤-١٣٢٥ی هەتـاوی-١٩٤٦(پ-١٥)١. بـۆ زانیـاری زیاتـر؛ بڕوانـە پاشـکۆی ژمـارە ١٦.

(٧٣١) جوتیار تۆفیق، بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی (پ - ٧٢٦)١٧٢-١٧٣.

(٧٣٢) هیمدادی حوسێن، ڕۆژنامەنوسی کوردی سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان (پ- ٦٨١)١٦٩-١٩٠.

(٧٣٣) جوتیار تۆفیق، بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی (پ - ٧٢٦)١٧٢-١٧٣.

هــەژار شــیعرێکی لــەوێ نووســیوە[٧٣٤]، بــەڵام ئامــاژەی بــە ناونیشــانەکەی نەکــردووە.

بۆئـەوەی ڕەوشـی سیاسـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، تاڕادەیـەک هێوربێتـەوە و سـەرنجیان بـۆلای خۆیـان ڕابکێشـن، دەسـەڵاتدارانی ئێـران، بـۆ ئـەم مەبەسـتە ناوەندێکـی فەرهەنگی لە سـەرەتای بەهـاری سـاڵی ١٣٦٤- ١٩٨٥ بەنـاوی "ناوەندی بڵاوکردنـەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کـوردی" لـە شـاری ورمـێ کرایـەوە، بەشـێکی گرنگی ئـەم ناوەنـدە ئینتیشـاراتی سـەڵاحەدینی ئەیوبـی بـوو، کـە گۆڤارەکان، لەم بەشـە بڵاودەبوویـەوە[٧٣٥]، ئەمـەش دواتر لە شـارەکانی تری کوردسـتان، ڕەنگـی دایـەوە و کۆمەڵێـک گۆڤـاری تـر دەرچـوون وەک گۆڤـاری مەهابـاد، کـە بەشـێوەیەکی گشـتی کاریگەری ئەرێنی لەسـەر زیندووکردنەوەی زمان و ئەدەب و فەرهەنگی کـوردی هەبـوو. ئەمـەش نـاوی کۆمەڵـیک گۆڤـارە کە هـەژار ڕۆڵـی هەبـووە تێیاندا.

**گۆڤاری سروە:**

هــەژار یەکێـک بـووە لـەو کەسـانەی لـە سـاڵی (١٣٦٤هــ - ١٩٨٥ز) هەوڵـی دەرکردنـی ئـەم گۆڤـارەی داوە کـە لـە شـاری ئورمیـەی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان دەرچـووە، لە سـەرەتاوە پشـتگیری لـە (هێمـن موکریانـی) و دوای کۆچیـی دوایـی پشـتگیری لـە (ئەحمـەد قـازی) کـردووە، بۆئـەوەی گۆڤارەکـە بـەردەوام بێـت[٧٣٦].

هــەژار وتارێکــی لــە ژمــارە ٨ لــە زســتانی (١٣٦٥هــ - ١٩٨٦ز) بــە ناونیشــانی (بێگانــە پەرســتی) بڵاوکردۆتــەوە باســی ئــەوە دەکات، کــورد پێویســتە خزمــەت بــە نەتــەوە و نیشـتیمانی خـۆی بـکات و نابێـت پشـت بـە بێگانـە ببەسـتێ[٧٣٧]. هۆکارێکـی سـەرەکی کـە کـورد خاوەنـی کیانـی خـۆی نەبـووە، کێشـە و ململانێـی ناوخۆییـە و بـۆ دەستخسـتنی دەسـەڵات و پـارە و پـوڵ، دژایەتـی یەکتریـان کـردووە و هانایـان بـۆ نەیارانیـان بـردووە.

(٧٣٤) بیرەوەریەکانی محەمەد شاپەسندی(پ-٨٩)٢٩.
(٧٣٥) ئەحمـەد قـازی، دەگـەڵ تێپەڕبوونـی زەمـان ١٩٣٦- ٢٠١٥ (چاپـی یەکـەم - چاپخانـەی کۆمەڵـگای فەرهەنگـی ئەحمـەدێ خانـێ سـۆاران ٢٠٢١)٣٠٨-٣٠٩.
(٧٣٦) ئەحمەد قازی( پ-٧٣٥)٣٠٩-٣١٩.
(٧٣٧) هەژار، بێگانە پەرستی"٨ گۆڤاری سروە شاری ئورمیە (زستانی ١٣٦٥- ١٩٨٧) ٧-٨.

**گۆڤاری مەهاباد:**

دوای ئـەوەی هـەژار کۆچـی دوای کـردووە، لـە گۆڤاری مەهابـاد وتارێکـی بڵاونەکراوەی لـە ژمـارە ١٠ ی کانوونـی یەکەمـی (١٣٨٥هــ - ٢٠٠٦ز) بـە ناونیشـانی (وشـەی کەڵهـوڕ) بڵاوکراوەتـەوە، باسـێکی مێژوویـی ئەم هۆزە کوردیـە و بنچەیان دەکات.[٧٣٨] پاشـان وتارێکی دیکەی لە ژمارە ١٢ لە شـوباتی سـاڵی ١٣٨٥- ٢٠٠٦، بڵاوکردووەتەوە بە ناونیشـانی (خزمەتی کـوردان بـە ئایینـی ئیسـلام) باس لەو خزمەتـە زۆرەی کـە زانایانی کورد بەدرێژایـی مێژوو بە ئیسـلامی کـردووە، لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەم زانایانـە خزمەتیـان بـە زمـان و کولتـووری عەرەب کـردووە[٧٣٩]، ئـەو ڕای وایـە پێویسـتە زانایانـی کـورد، تواناکانیـان زیاتر بۆ خزمـەت بە زمان و کولتـووری نەتەوەیـی دابیـن بکـەن و زیاتر دەوڵەمەنـدی بکەن.

**٢. نووسینەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی عێراق**

**گۆڤاری ڕزگاری ( ١٩٤٦- ١٩٥٦):**

لـە ژمـارە سـێی سـاڵی ١٩٥٣دا هاتـووە، ئۆرگانـی پارتـی دیموکراتـی - عێـراق، خەبـات دەکـەن بـۆ ڕزگارکردنـی عێراق لەڕووی سیاسـی، ئابـووری ئایدۆلۆجی، بـۆ ڕزگارکردنی چینی جوتیـار لە ژێر دەسـەڵاتی دەربەگ، بـۆ دابینکردنی حوکمی زاتی لە کوردسـتانی عێراقدا[٧٤٠]، ئـەم گۆڤـارە زمانحاڵی حزبـی ڕزگاری بووە، (ئیبراهیـم ئەحمەد) وتارە گرنگەکانی نووسـیون، بـە ڕۆنیـۆش لـە کەرکـووک لـەو سـاڵەدا لەچـاپ دراون [٧٤١]، هـەژار لـەو گۆڤارەشـدا ڕۆڵـی هەبـووە، لـە سـاڵی ١٩٥٣ ئەوکاتـەی لـە کەرکـووک کاری کـردووە، چووەتـە لای (ئیبراهیـم ئەحمـەد) لـە خانووێکـدا، چاپخانەیەکـی بچووکیـان دانـاوە، لـە مـاوەی دوو هەفتـەدا دوو ژمـارەی گۆڤـاری ڕزگارییان دەرکـردووە[٧٤٢]، بـەڵام ژمارەکانی ڕۆژنامەکەی دیـاری نەکردووە.

(٧٣٨) ئەحمەد شەریفی، وشەی کەڵهوڕ بەرهەمی چاپ نەکراوی مامۆستا هەژار(پ- ١٦١)١٠-١١.

(٧٣٩) س. ئا، هەژار خزمەتی کوردان بە ئاینی ئیسلام "١٢مەهاباد (١٣٨٥- ٢٠٠٦)٥.

(٧٤٠) ئەحمـەد حەمەدئەمیـن، پارتـی دیموکراتـی کورد- بـەرەی پێشـکەوتوو ١٩٥١- ١٩٥٦(چاپی یەکەم- چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات – هەولێر ٢٠١٧)١١٣.

(٧٤١) سـدیق سـاڵح و ڕەفیـق سـاڵح، ڕۆژنامەوانیـی نهێنیـی پارتـی دیموکراتی کوردسـتان- عێـراق ١٩٤٦- ١٩٥٨ (چاپخانـەی شـڤان- سـلێمانی ٢٠١١)٦.

(٧٤٢) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)١٦١- ١٦٧.

هـەژار لـە چاوپێکەتنێکـدا گوتوویەتـی" لـە ڕزگاری هـەم کارم تێـدا دەکـرد، هـەم چاپـم دەکـرد، هـەم دەمنووسـی، ئەمـما مـن تەقریبـەن دوو مانـگ چاپـم دەکـرد"[٧٤٣]، واتـە لـە گۆڤـاری ڕزگاری دا خـۆی هەمـەکارە بـووە؛ کـە لـە قۆناغێکـی ناسـکدا کـە کـورد پێـی تێدەپـەڕی دەرچـووە.

**ڕۆژنامەی کوردستان ١٩٦١:**

ڕۆژنامەیەکـی سیاسـی ڕۆژانـەی کـوردی بـووە، ئۆرگانـی ئاشـکرای پـدک بووە، لـە بەغدا بڵاوبووەتـەوە، خـاوەن ئیمتیاز (ئیبراهیـم ئەحمەد) و (جەلال تاڵەبانی) سەرنووسـەری بووە، یەکـەم ژمـارەی لـە ٤ی ئازاری ١٩٦١ و تەنیا پێنـج ژمارەی دەرچووە، دوا ژمارەشـی، کە ژمارە پێنجـە، ڕۆژی ١ی نیسـانی ١٩٦١ دەرچـووە، بەهـۆی ئـەوەی لـە چەند وتارێکـدا ڕەخنەی لە حکومـەت گرتـووە، ڕایانگرتووە، بە هـۆکاری نادیـار نەتوانراوە ڕۆژانـە بڵاوببێتەوە[٧٤٤].

هەژاریـش لەگـەڵ (جـەلال تاڵەبانـی) و (زەبیحـی) جگـە لـەم نـاوە نهێنیانـە بـە سـیپاڵ، مـام سـیپاڵ و پەپـوک نووسـین و شـیعرەکانی لـەم ڕۆژنامەیـە بڵاوکردووەتـەوە، لەسـەر مافەکانـی گەلـی کـورد، زۆر بـە چـڕی دابەزیوەتـە سـەر حکومەتـی بەغـدا[٧٤٥] و بەشـێکی سـەرەکی بابەتەکانـی پێنـج ژمـارەی ئـەم ڕۆژنامەیـە هـەژار نوسـیویەتی، چەنـد جارێـک واژۆی (شـڕۆڵ)ی بەکارهێنـاوە[٧٤٦]، بەتایبـەت لـە ڕێـگای نووسـینەکانی بەرپەرچـی ڕۆژنامـەی (الثـورة)ی داوەتـەوە، کـە ڕەچەڵەکـی نەتـەوەی کـوردی بردۆتەوە سـەر عەرەب، هــەژار بەشـێوەیەکی مێژوویـی باسـی لەخەبـات و قوربانیدانـی گەلـی کـورد کـردووە؛ لەسـەر ئـەم خاکـە ژیـاوە و زۆر زوڵـم و ستەمی لێکـراوە[٧٤٧] و نووسـینەکانی هەمەجـۆرن،

(٧٤٣) فەلەکەدین کاکەیی، کۆبەرهەم دەفتەری خاک(پ- ٤)١٠١.

(٧٤٤) هیمـداد حوسـێن و نـەوزاد عەلـی ئەحمـەد، کوردسـتان ڕۆژنامەیەکـی سیاسـی ڕۆژانەیـە لەبڵاوکراوەکانـی رۆژنامـەی کوردسـتانی نویّ(چاپـی یەکـەم چاپخانـەی پیرەمێـرد ٢٠١٩)٩-١٢.

(٧٤٥) عەبدوڵڵا زەنگەنە، هەژاری گەورە لە بیرەوەریەکانی کەمال مەزهەردا (پ- ٧١٣)٤٨.

(٧٤٦) عەبدوڵڵا زەنگەنە، سدیق ساڵح و ئەوانی تر(پ- ٨)١٧٤.

(٧٤٧) محەمـەد عەزیـز نـاسراوە بەخاڵـە حەمـە، دیـداری چاوپێکەوتـن ئامادەکردنـی سـەردار قڕگەیـی (باسـنیوز ١١ی کانوونـی یەکەمـی ٢٠٢١).

https://www.basnews.com/so/babat/728576#.YbSJYW-vLhk.viber

١٢ی کانونی یەکەمی ٢٠٢١.

تەنها لە ژمارە ١ی ٤ی ئازاری ١٩٦١دا چوار بابەتی بڵاوکردووەتەوە بەناوی نهێنی هەژار و سیپاڵ، یەک بابەتی بەکورتی تیشکی دەخەینەسەر بە ناونیشانی (بەڕاستی دنیایەکی سەیرە! ئەمەیە ئەڵێن کەس ئاگای لە کەس نیە)، باسی لەوە کردووە، کورد خەڵکی کوردستانی بە پێت و بەرەکەتە و ڕەنج دەدا، کەچی داگیرکەران و ئیمپریالیست دەیخۆن، زیاتر لە هەزار ساڵە ئەم نەتەوە، لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاڵای ئیسلامدا قوربانی دەدا، گرنگی بە بەرژەوەندیی خۆی نەداوە، گەلی کورد بەرگری لە هەریەک لە وڵاتی عێراق، تورکیا و ئێران کردووە، بەڵام ئەوان بەردەوام کوردیان چەوساندووەتەوە، داوای بەخۆداچوونەوە و یەکڕیزی لە گەلی کورد کردووە[٧٤٨]. ئەو ڕای وایە، جگە لە هۆکارە دەرەکیەکان، ناکۆکی و گرفتە ناوخۆیەکانیش، ڕێگریەکی تەواو بووە لەبەردەم گەلی کورد بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکانی کە خۆی لە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیدا دەبینێتەوە.

هەژار لەهەموو ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەدا دەمەتەقەیەکی بە لەهجەی شارەزووری بڵاوکردووەتەوە، کە سەرنجی خوێنەر و بیسەری بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە و خوێنەری زۆری هەبووە، بۆیە دەڵێ: "ڕۆژێکی جەمال ئەو بڵاوکراوەی حزبی لە سولەیمانی بڵاودەکردەوە. هات چونکە زۆر عەجایب تەلەفۆنیان دەکرد، بەرقیەیان دەکرد، دیسان چاپی کەنەوە. لە (٤٠٠)وە چووە (٦٠٠)و چووە (٨٠٠) هەر دەیانگوت خەڵاس بووە. منیش گوتم کاک جەمال کوردستان چۆنە؟ گوتی خۆت غەشیم مەکە پێت وابێ بۆ (٨٠٠٠) دەفرۆشرێ! کوڕە کێ دەیکڕێ؟ پێت وایە کێ دەیکڕێ؟ ئەفەندی دەیکڕن؟ گوتم ناوەڵڵا نازانم. گوتی: نە بابە نا، خوا دەیزانێ شارەزوری؛ هاتووە کەرەکەی پێیە. دێتە بەر کتێبخانە دەڵێ ئەرێ دەمەتەقەت هەس؟ خۆ ناڵێ ڕۆژنامەی کوردستان، دەڵێ دەمەتەقەت هەس؟ ئێمەش دەڵێین ئا هەیە. دا دوو دانەم بەرێ. دەیگوت (٤٠٠) فلسەکەی خۆی دەدا و وەریدەگرێ، یەکێک ڕادەبرێ: ئەفەندی توخوا تۆ دەزانی بیخوێنیەوە؟ بەڵێ، دە دەمەتەقەم بۆ بخوێنەوە. دەیگوت قاقا پێی پێ

(٧٤٨) هیمداد حوسێن و نەوزاد عەلی ئەحمەد(پ-٧٤٤)٢٧.بۆ زانیاری زیاتر؛ بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١٧.

دەکەنـی. دەیگـوت هەڵـی دەگـرێ ئەویـش دەبـا دیـارە بـۆ مـەلای دێـی دەبـا. وەڵا بیـلا هەمـوو ئەوانـە دیکـڕن"[٧٤٩].

وا دیـارە تەنانـەت ئـەو کەسـانەی خوێندەواریشـیان نەبـووە، ئـەم ڕۆژنامەیـان کڕیـوە و داوایـان لـە خوێنەرێـک کـردووە بـۆی بخوێنێتـەوە، بـە تایبـەت لـە ناوچـەی شـارەزوور لەبـەر ئـەوەی بـە زمانێکـی پەتـی و سـادە و ڕەوانـی کـوردی نووسـیوە، دەردە سیاسـی و کۆمەڵایەتییـەکان و بابەتەکانـی سـەردەمی تێـدا بڵاوکردووەتـەوە.

ئەمەش نمونەیەکە لەم دەمەتەقەیە:

دەمەتەقەی بایز و پیرۆت

بایز - مام پیرۆت چۆنی؟

پیرۆت - بایز چە بێژم!!

بەخوا ئەم بەینە سەرسام و گێژم

بایز - چیتە؟ سەرماتە؟ بارانە؟ هەورە؟

پیرۆت - کوڕە نا- لە داخ ڕۆژنامەی سەورە ئێژێ گەلی کورد ئەتاوێنمەوە

ناوی لە دەفتەر ئەکوژێنمەوە

ئەبێ قوریان دەم کورد و چیاکانی

خۆمیان لێ بکەمە کەمالی سانی

بایز - چی چی! ئا پیرۆت بۆمی بڵێوە

پێم ناڵیی کێیە ئەم - خێوە؟

هەی ... لە گۆڕ نەحاوێتەوە؟

کورد مۆمی نوشتەس بتاوێتەوە؟

---

(٧٤٩) فەلەکەدین کاکەیی، کۆبەرهەم دەفتەری خاک(پ- ٤)٩٤.

بۆ من دۆلارم بخرێمە باخەڵ

شێر چۆن ئەچێتە ناو ورگی چەقەڵ

ئەمە کەی گەل کورد بوونە پەقڵاوە

کەر لە کوێ و کوندە لە کوێ دڕاوە

جا بێژی کورد جولەکە دەرکا

جا بێژی با کورد خۆی چارەسەرکا

پیرۆت – بایز چییە ئەم قویلە قویلە؟

بایز – پیرۆت وەگیان تو گشکی بوو پویلە

ئینگریزیان دەرکرد و چەپڵە و فیتە

لە دەستی دەرچوو ئەم حەمکە پیتە

هەر خەون ئەبینێ بێتەوە ناومان

پێ وەڵەکە لە بانی چاومان

لات بەکرێ نەگرێ شەڕ بنێتەوە

خۆی هەلێک دەسخا و بگەڕێتەوە

پیرۆت – ئێستا ناترسم!

بایز – ترسی چی؟ پیرۆت

گەل قویت دانی چی؟ هەر بەبیری خۆت

هیتلەری باوکی ئەم ڕۆژنامەیە

کوا؟ کێ ئەزانێ کوڕی کامەیە؟

هەزار پەڵەوی و سەد کەمال مردن

بە کەس قوت نەچوین کوردت هەر کوردن

پیرۆت – بەڵێ ڕاست ئێژی خوا نەت باتەوە

گا لە جێ یەستر ئاو ئەخواتەوە

باوکم لێم مەگرە سەیرە ئەم دەورە

ترسام وەک خورما قوتم دا سەورە [٧٥٠]

لەلایەکی ترەوە هەژار هەستی بەوە کردووە، لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە، کورد لەو سەردەمەدا وەک پێویست نەبووە، بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی کوردەواری لەو ڕۆژگارەدا نەخوێندەوار بوون، وتارە سیاسییەکان بەشێوەی پێویست ناگەنە نێو خەڵک، بۆیە شیعر دەکاتە چەکێکی کاریگەر بۆ گەیاندنی ئەو پەیام و مەبەستە سیاسییەی کە هەیبووە و کاریگەری ئەرێنی زۆر باشیشی لەنێو کۆمەڵگەی کوردی هەبووە.

**گۆڤاری ڕۆناهی (١٩٦٠-١٩٦٢):**

هەژار سەرپەرشتی چاپ و پێداچوونەوەی نووسینەکانی ئەم گۆڤارەی کردووە، لە بەیانییەوە تا شەوانێکی درەنگ سەرقاڵی کارەکانی بووە، سەرەتا لەچاپخانەی (معارف) بە ئامێری سەرەتایی چاپ دەکرا، پاشان لەسەر داوای (ئیبراهیم ئەحمەد) لەپاڵ ڕۆژنامەی خەبات و دەنگی کوردستان، ڕوناهیش ئەمجارە لە چاپخانەی سەلاحەدین لە بارەگای پدک لە بەغدا چاپکراوە[٧٥١]، هەژار چوار بابەتی لەم گۆڤارەدا نووسیوە، لە ژمارە ١ی ساڵی ١ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٠ بە ناونیشانی (ئەدەبی کوردی سەربەرە و ژێر دەڕوا) بڵاوکردووەتەوە. باسی ئەوە دەکات گەلی کورد بە درێژایی مێژوو، لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە ڕێگەی پێنەدراوە، بە زمانی خۆی بخوێنێ و بنووسێ، نووسەر و شاعیری مەزن و ناوداری کورد هەبوون، کە گرنگی زۆریان بە ئەدەبی کوردی داوە، بەڵام ڕێزیان لێنەگیراوە، سەرەڕای ئەوەی لەم قۆناغەدا لاوان بە کوردی دەخوێنن، بەڵام هەنگاو بەرەو پێشەوە نەنراوە، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی پێویستی بەخۆداچوونەوە هەیە؛ لەسەر هەموو لایەک پێویستە کورد بۆ

(٧٥٠) هیمداد حوسێن و نەوزاد عەلی ئەحمەد(پ-٧٤٤)٢٧.بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. پاشکۆی ژمارە ١٥.
(٧٥١) حافظ قاضی، ذکریات (پ-٥٣٦)١٢٤-١٢٧.

خـۆی بەرنامـە و پلانـی تایبـەت بەخـۆی هەبـێ و گرنگـی زیاتـر بـە زمـان و ئەدەبـی کـوردی بـدرێ[٧٥٢]. بـەراوردکاری کـردووە، لەنێـوان توێـژی ڕۆشـنبیرانی کـورد لە سـەدەکانی ڕابـردوو، نزیکـەی سـێ چارەگـی سـەدەی بیسـتەم، سـەرەڕای هەمـوو ئاسـتەنگەکان کـە هاتوونەتـە بەردەمیـان، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ئاسـتی ڕۆشـنبیری ئـەوان باشـتر بـووە، لـە بەشـێک لـە نەوەکانـی دوای خۆیـان.

**گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە:**

لـە سـاڵی ١٩٦٨ (سـەعید نـاکام) لـە چاپەمەنـی لـە گونـدی سـورەبانی پشـتی قـەسرێ کاریکـردووە و ڕای وایـە هــەژار پیشـــتر دوازدە ژمــارەی دەرکــردووە[٧٥٣]، ئــەم گۆڤــارە چالاکییەکانـی پێشـمەرگە، ئـەدەب و شـیعری بڵاوکردووەتـەوە[٧٥٤]، توێـژەر بەدواداچوونـی زۆری کــرد، لــەم دوازدە ژمــارەی گۆڤــاری پێشــمەرگە هیچــی دەســت نەکــەوت، بۆیــە گومانــی زۆر هەیــە، لەناوچووبــن.

**گۆڤاری هەولێر (١٩٧٠- ١٩٧٢):**

لــە گۆڤــاری هەولێــر، هــەژار دوو بابەتــی بڵاوکردوونەتــەوە، یەکیــان ئــەم بابەتـەی لـە گۆڤـاری هەولێـر ژمـارە ١ی ٣ی مایسـی ١٩٧١ بـە ناونیشـانی (حەلـەق مەلــەق)، لەســەر گەندەڵــی کاربەدەســتانی کــورد بڵاوکردووەتــەوە؛ کــە لــە بەشــی ســەرەوە ئامــاژەی پێکــراوە.

ئــەوی دیکەیــان لــە ژمــارە ٤-٥ کانوونــی دووەم و شــوباتی ١٩٧١ بابەتێکــی بــە ناونیشــانی (بۆچــی مــردو لینگــی درێــژ دەبێتــەوە) بڵاوکردووەتــەوە، ئــەم بابەتــە لەکاتــی چاپکردنــی چەنــد دێڕێکــی لــێ پەڕیــون؛ بەوهۆیــەوە وتارەکــە تاڕادەیــەک شــێواوە و پچــڕاوە، بۆیــە لــە ژمــارەی دواتــر کــە دەکاتــە ٦ ئــازاری ١٩٧١ لاپەڕەکانــی ٢٥-٢٦ لـەو جێگەیـەی نووسـینەکەی لـێ پسـاوە، دووبـارە بڵاویـان کردووەتـەوە؛ لەپـاڵ

(٧٥٢) موسەدەق تۆڤی، گۆڤاری ڕۆناهی (پ- ٤٧٤)٥٩-٧٦.
(٧٥٣) بیرەوەریەکانی سەعید ناکام (پ-٦٩٦)١٤٣.
(٧٥٤) محەمەدی مەلا قادر، سەربردە کورتەیەک لە بیرەوەریەکان(هەولێر ٢٠٠٩)٧٧.

داوای لێبــوردن کــردن لــە نووســەر.

هــەر کۆمەڵگەیــەک شــانازی بــە کەســانی شــاعیر، هونەرمەنــد، نوســەران و شــارەزایانی خۆیــەوە دەکا؛ بێگومــان کوردیــش یەکێکە لەو نەتەوانەی لــەم ڕووەوە زۆر دەوڵەمەندە و بە ســەتان و هــەزاران کەڵەپیــاوی بەرهەمهێنــاوە، کە جێگــە پەنجەیان دیــارە و خزمەتی زۆریان پێشــکێش بــە گەلەکەیــان کــردووە؛ ژیانێکــی زۆر ســەخت و نەداریــان گوزەرانــدووە؛ یــەک لەوانــە شــاعیری نیشــتیمانپەورەر و گــەورەی کورد (حاجی قــادری کۆیی)یە، کە بەپێخاوســی و بــێ جــل و بــێ چۆخــە بــە دەربــەدری ســوڕاوەتەوە و لە کۆیــە ڕێــزی لێنەگیراوە.

هەریــەک لــە پیرەمێــرد، گــۆران و بێکــەس یەکێکــن لــەو نموونــە زیندووانــەی کــە لــە ژیانێکــی زۆر هــەژاری و نەداریــدا ژیــان. حاجــی قــادر و پیرەمێــرد و گــۆران گەنجینــەی ئەدەبیاتــی کوردیــان بەجێهیشــت و بێکەســی شــاعیر وانــەی ئازایەتــی فێــری ڕۆڵەکانــی نەتــەوە کــرد. ئــەم شــاعیر و نووســەرانە پێویســتیان بەژیانێکــی شایســتە هەیــە و وەک هەرکەســێکی تــر خــواردن و لانــەی دەوێ. جگــە لــە گوزەرانــی ژیانــی ســەخت. بــۆ بڵاوکردنــەوەی ئــەو بەرهەمەشــی کــە نوســیویەتی دەبــێ داوای لــە خەڵکــی بــکا.

لــە بارەیــەوە هەژار ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە:" ئەمجار بۆ ڕەنێوهێنانی بەرهەمەکەشــی ناچــارە داوای یارمەتــی لــەم و لــەو بکا.. ئەمەش بۆ ئەو ئەم و ئەوە دەری ناهێنێ و کابرای خــاوەن پــارە بــا حەزیــش لە شــیعر بــکا بەڵام حــەز لە پــارە پــتر دەکا و شــیعری بەخۆڕایی پــێ خۆشــترە لــەوەی کە بیکــڕێ!! جا بۆئەوە لەو نیاز و مەبەســتەی دا ســەرکەوێ دەســت دەکا بــە خراپــە گوتــن و ڕەخنــە لــێ گرتنی ئەو شــاعیرەی کــە ڕەنگــە کاری بکەوێتە لای و بــەو فێڵــە ڕژدی و چنۆکــی خــۆی پینــە دەکا.. بــەڵام ئەگەر ئەو شــاعیرە یان ئەو نووســەرە مــرد (وەک دەڵێــن مانــگا مــرد و دۆ بــڕا) تــازە داوای هیــچ لەکــەس نــاکا و ئــەوی لــە ژیانــا کردویــە بەبــێ نرخ بژاردن بــۆ هەمو کــەس ماوەتەوە.

ئەوســا هەمــو کــەس بەبــێ تــرس لەژیــان دەتوانــێ بڵــێ: زۆرم خــۆش دەویســت و خۆشــم دەوێ و چاکــی گوتــوە و زۆر بەردڵــم دەکــەوێ و نوســەرێکە هەرگیــز نامــرێ و ئەگــەر بەزیندویــی کولیتێکــی نەبــو ئێســتا وا لەنــاو دڵمانــدا دەژی و جێــگای زۆر گــەرم و خۆشــە و هەمــوو دنیــا بــۆی بــە پەرۆشــەوەیە!!.

ئەوجا هەر ئەو پیاوە مەردە! بادەداتەوە سەر زیندوەکان و گەر دەو نوسەرانە دەهاڵێنێ کە هێشتا دەمیان دەجوڵێ و خواردن و بەرگ و خانویان دەوێ و چاویان لێ دەچوقێنێ و دەمیان لێ دەکاتەوە و بە جروجونگ و خشت و خاڵیان ناودەبا و پاڵیان پێوەدەنێ! بە کوری و بەکوردی ئەگەر وردی لێک دەینەوە دەزانین کە ئاکارێکی زۆر نانەجیبانە ملی گرتوین و دەمانەوێ شاعیر و نوسەرمان دڵمان خۆش کەن و ئامۆژگاریمان بکەن. بەڵام نۆکەری بێ خەڵات و بەراتمان بن."

هەژار ڕەخنەی توند لە میللەتەکەی خۆی دەگرێت؛ کە لە کاتی مردنی کەڵە پیاوەکانیدا، قەرەباڵغی دەکەن و گەورەیان دەکەن و هەموویان لە خواردن و خواردنەوە مڕدەبن، کەچی کە زیندو بوون و بە دەردەسەری دەژیان و کەس ئاوڕی لێنەدەدانەوە!

هەروەها لەسەر ژیان و گوزەرانی خراپی ئەم کەڵەمێردانە نووسیویەتی "ڕۆژێک لە بەغدا بە بەر دوکانێکدا ڕادەبردم، چەقەڵێکی مردوی مۆمیا کراوی لێ دانرابوو، لەسەری نوسرابوو نرخی ٢٥ دینارە.!.. سەری زمانی خۆم گەست؛ ئایا دەبێ ئەو چەقەڵە بە زیندویی شاعیر بووبێ!؟ ئەگەر شاعیریش بوبێ دەبێ چەقەڵی کوردستان بێ.. چەقەڵ بەزیندویی پەنجا فلسێک ناکا، ئەگەر مرد و مۆمیا کرا نرخی ٢٥ دینارە!

ئای سەد خۆزگە ئەم گەلە نەجیبەمان لەو ئاکارە نانەجیبانەیەش ڕزگاری دەهات و؛ وای لێ دەهات بەبێ لە ڕودامان بەچاکی بگوتایە چاک، جا با زیندووش بوایە، جا با مۆمیا کراویش بوایە، خوا گەورەیە.. هیچ دوورنیە ئەو ڕۆژەش بەچاو ببینین، کە بە زیندویی سەرکورتە باڵا و درێژان لێک جیا کەینەوە و هەربە مردوویی لینگی هونەرمەندان لەبەریەک نەکێشینەوە.

بە هومێدی ئەو ڕۆژە"

پێویستە گەلی کورد یادی شاعیر و نووسەر و پیاوە ناودار و نیشتیمانپەروەرەکانی بکاتەوە و تاوەکو لە ژیاندان ڕێزیان لێبگیرێت؛ لەلای گەلانی دراوسێ و بێگانە شانازیان پێوە بکەین.

تاکـو زینـدوون کـوردەواری وەک پێویسـت ڕێزیـان ناگـرن و کـە لەژیانـدا نەمـان پێیــان هەڵدەڵێــن و ستایشــیان دەکــەن، هیواخــوازە ڕۆژێــک بــێ ئــەم دیــاردە ناشــیرنە نەمێنــی و بەزیندوویــی ڕێزیــان بگــرن و هاوکاریــان بکــەن[٧٥٥]. ئەمــەش بووەتـە دیاردەیەکـی دزێـو لەنـاو کۆمەڵگـەی کوردیـدا و پێشـینەیەکی مێژوویـی هەیـە، چونکـە ڕۆشـنبیران توێژێکـی زینـدوی کۆمەڵگـەن، ڕوویەکـی جـوان پێشـانی ناوخــۆ و دەرەوە دەدەن.

لەلایەکـی دیکـەوە هـەر لـە گۆڤـاری هەولێـر ژمـارە ٦ی ٣ی ئـازاری ١٩٧١ کـە ژمارەیەکـی تایبەتـە بەبۆنـەی ١١ی ئـازار و نـەورۆز چاوپێکەوتنێکیـان لەگـەڵ هـەژار موکریانــی ســەبارەت بــە بەیانــی ١١ی ئــازاری ١٩٧٠ی نێــوان شۆڕشــی ئەیلــوول و حکومەتـی عێراقـی؛ جەژنـی نـەورۆز سـازکردووە؛ کـە لەبەشـی سیاسـی لەسـەرەوە ڕوونکردنــەوە و ئاماژەمــان پێکــردووە.

**گۆڤاری برایەتی:**

لـە سـاڵی ١٩٧٢ هـەژار لەگـەڵ (ڕەفیـق چـالاک) و چەنـد نووسـەرێکی دیکـە، خەریکـی دەرکردنـی ڕۆژنامـەی برایەتـی بـوون، کـە پاشـکۆی ڕۆژنامـەی عەرەبـی زمـان (التاخـی) بـوو، لـە لایـەن پدکـەوە دەردەچـوو، هـەژار پشـتگیری بیروبۆچـوون و ڕای جیـاوازی نووسـینی کـردووە، هانـی نووسـەرانی داوە، یـەک لەوانـە (فەلەکەدیـن کاکەیـی) بیـە[٧٥٦]، لـە ژمـارە ١ی سـاڵی١ خولـی دووەم کانوونـی دووەمـی ١٩٧٠ شـیعرێکی بـە ناونیشـانی بەهـاری هـەژار بڵاوکردووەتـەوە[٧٥٧] کـە ڕەنگدانـەوەی قۆناغـی ئـەو کاتـەی جوانـی سروشـت و کۆمەڵگـەی کوردەواریـە و خـۆی زۆر عاشـقی خاکـی کوردسـتان و سروشـتەکەی بـووە، بەمـەش سـەرنجی خوێنەرانـی بـەلای خۆیـدا ڕاکێشـاوە.

---

(٧٥٥) هیمدادی حوسێن، ڕۆژنامەوانیی کوردی گۆڤاری هەولێر ١٩٧٠-١٩٧٢ (پ- ٨)٢٤٣-٣٦٤.
(٧٥٦) نامق هەورامی، هەژار لە سنە (پ-٤٩)٢٠-٢١.
(٧٥٧) ئاری فاروق نانەکەلی، برایەتی ١٩٧٠-١٩٧١ (پ – ٥٩٥)٢١.

**گۆڤاری نووسەری کورد:**

کۆمەڵێـک نووسـینی هەبـووە، لـە گۆڤـاری یەکێتیـی نووسـەرانی کـورد لـە ژمـارە ٢ی نیسـانی ١٩٧١ وتارێکـی بـە ناونیشـانی (نـەوا سـوێر نـەوا بـێ خـوێ) بەشـێوەیەکی مێژوویـی باسـی گەلـی کـورد دەکا، کـە زیاتـر لـە هـەزار سـاڵە وڵاتـی داگیرکـراوە و مێژوویـان شـێواندوە و خێـر و بێـری کوردسـتانیان بەتـاڵان بـردووە، داوایکـردووە کـورد بەخۆیـدا بچێتـەوە یەکگرتـوو یـەک هەڵوێسـت بێـت[٧٥٨]. ئـەوەی ڕوونکردووەتـەوە، سـەرەڕای ئـەوەی ئـەو هەمـوو نەهامەتیـەی بەسـەر گەلـی کـورد دا هاتـووە، تاوەکـو یەکگرتـوو نەبـێ، ناتوانێـت بـە ئامانجـە ڕەواکانـی بـگات. هەروەهـا لـە هەمـان گۆڤـار لـە ژمارەکانـی ١ و ٣ سـاڵی ١٩٧١ دوو بابەتـی تـری بڵاوکردووەتـەوە.

شـایانی باسـە لەپـاش مەرگـی هـەژار بابەتێکـی لـە گۆڤـاری گزینـگ بـە ناونیشـانی (دڵ هـەر دڵـە) بڵاوکراوەتـەوە[٧٥٩].

بەشـێوەیەکی گشـتی ئـەم بابەتـە هەمەلایەنانـە کـە نووسـیونی لـە گەلـی کـوردەوە سـەرچاوەی گرتـووە و ڕەنگدانـەوەی لەسـەر کۆمەڵگـەی کـوردی هەبـووە.

(٧٥٨) هەژار، نەوا سوێر نەوا بێ خوێ" ٢ نوسەری کورد گۆڤاری یەکێتی نووسەرانی کورد(نیسانی ١٩٧١)٥١-٥٦.

(٧٥٩) لەم گۆڤارەدا کورتە چیرۆکێکی بە ناونیشانی (دڵ هەر دڵە) لە ساڵی ١٩٩٥ بڵاوکراوەتەوە، باسی لە شێوە ژیانی منداڵی کوڕە کوردێکی هەژار دەکات، کە ئاستی بژێوی ژیانی زۆر خراپ بووە، پاشان دەبێتە مێردمنداڵێک و کچە شۆخێکی جوانکیلە سەرنجی ڕادەکێشێ و دەبێتە دڵبەر و خۆشەویستی، بەڵام دواتر بەیەکتر ناگەن. هەژار موکریانی، دڵ هەر دڵە"١١-١٢ !گۆڤاری گزنگ (هاوین و پایزی ١٩٩٥)٥٢-٥٩.

**لایەنی زمانەوانی و ڕۆڵی لە چاپەمەنی و ڕاگەیاندندا (١٩٦٥- ١٩٧٤):**

زمـان سـیما و خاسـیەتێکی بنەڕەتـی کەسـایەتیی هـەر میللەتێکـە کـە پێـی بیربکاتـەوە، تەنانـەت ئـەو میللەتانـەی هیچیـان نیـە، ژێـر دەسـتن و دەچەوسـێنرێنەوە، هـەوڵ دەدەن زمانەکـە بکەنـە میحـوەری خەباتـی خۆیـان. کـورد یەکێکـە لـەو میللەتانـەی زمانەکـەی و کەلتـور و فەرهەنگەکـەی خـۆی کردووەتـە ناوەندێـک بۆئـەوەی لـە دەوری کۆببێتـەوە.

زمــان جگــە لــەوەی ڕۆڵــی لــە هۆشــیارکردنەوە و پێشخســتنی فیکــر هەیــە، لــە هەمــان کاتیشــدا هەمــەکارەی خەباتــە. ئەگــەر میللەتێــک زمانەکــەی پاراســت، واتــە بوونــی خــۆی پاراســتووە.

بۆیـە دەبـێ بزانیـن چـۆن زمـان بپارێزیـن! ئەگـەر شـتمان تێکـەڵ کـرد، واتـە وشـەی زمانـی بێگانـە. شـتمان زیـاد کـرد، یـان شـتمان لـە هیـچ و خۆڕایـی لـێ فڕێـدا، کـە ئەمـەش جـۆرە تاوانێکـە بەرامبـەر بـە زمانـی کـوردی دەکەیـن، بۆیـە دەبـێ بابەتـەکان بـە زمانـی سـادە و کـوردی ڕەوان بنووسرێـن، بۆئـەوەی خوێنـەر و بیسـەری کـورد، بـە ئاسـانی تێـی بـگات. باشـترین نووسـین، سـادە نوسـینە کـە ئەمـەش جیـاوازی هەیـە، لەگـەڵ ئـەوەی زۆر قـووڵ و سـەختە.

هــەژار بەگشــتی خــاوەن زمانێکــی دەوڵەمەنــد و پــاراوە و گرنگــی زۆریشــی بــە لایەنــی زمانەوانــی داوە، عەوداڵــی ئــەو ئامانجــە بــووە، بوژاندنــەوە و پێشخســتنی زمانـی کـوردی، بەتایبەتـی و گەشـەپێدانی کەلەپـوری کـوردی بەگشـتی. لـەم بارەیـەوە ڕۆڵێکـی بەرچـاو و دیـاری گێـڕاوە[٧٦٠]. ئەدەبنـاس (مـارف خەزنـەدار) دەڵـێ" هـەژار کـوردی زانـی بـاش و شـارەزا بـوو لـە ڕۆشـنبیری نەتەوەیـی دا. خزمەتـی لەبەرچـاوە لـە مەیدانــی شــیعر و ئــەدەب و خوێنــدەواری نەتــەوەی کــورددا"[٧٦١].

لایەنێکـی تـر لـە کارە گرنگەکانـی هـەژار لـە زمانـی کوردیـدا بلیمـەتی و لێـزانی بـووە، بۆئـەوەی خزمەتـی زیاتـر بـە زمانەکـەی بـکات، پەنـای بـۆ وەرگێـڕان بـردووە،

(٧٦٠) هەمزە خانەڵەیی، هەژار موکریانی چەند کەسایەتییەکی جیاواز لە خودی یەک کەسایەتیدا"٦٤٧٦ خەبات بەشی دووەم (٢١ی شوباتی ٢٠٢٣)٧.
(٧٦١) مارف خەزنەدار، چاوپێکەوتن(پ- ٩٥)١٠.

چونکـه بێجگـه لـه کاری وەرگێـڕان ئامانجـی تایبەتـی خـۆی هەیـە، لـە شـوێنی خـۆی باسـی دەکەیـن، بـەڵام ئـەو شـارەزایی هەبـووە و زانیویەتـی لـە پـاڵ وەرگێـڕان دەتوانێـت زمانـی کـوردی بخەملێنێـت. لـە هەمـوو ڕوویەکـەوە هەوڵیـداوە، گرنگـی بـە وشـە و زمانـی کـوردی بـدا.

لـە پێشـەکی دیوانـی هـەژار بـۆ کوردسـتان نووسـیویەتی" بیخوێنـەوە و بـە چاوێکـی بـێ لایەنـەوە سـەرنجی بـدە. بەشـکە شـتی وای تێـدا هەبـێ بـەر دڵـت بکـەوێ. خـۆ ئەگـەر هەمووشـیانت پـێ چـرووک بـوو. بیـر لـەوە بکـەوە کـە زۆر وشـەی کوردیـم خسـتۆتە سـەر کاغـەز. ئەمـەش وابزانـم هـەر باشـە"[٧٦٢].

زمـان یەکێکـە لـە پێناسـەکانی بـوون و مانـەوەی نەتـەوە، بۆیـە پێویسـتە گەلـی کـورد تێبکۆشـێ و خەباتـی بـۆ بـکات، چونکـە ئـەو پێـی وابـوو ئەگـەر زمـان نەمـا نەتـەوەش بوونـی نامینـێ[٧٦٣]، ئـەو لەکاتێکـی زۆر هەسـتیار و ناسـکدا، وەک کاردانەوەیـەک گرنگـی بەزمانـدا کـە نەیـاران بەسـەر کوردیانـدا هێنابـوو [٧٦٤]، وەک ئەدیـب و نووسـەر شـکور مسـتەفا ستایشـی دەکات، کـە لـە سـاڵی ١٩٤٨وە ناوبـراوی ناسـیوە و لـە ئـەو فێـری شـێوازی نووسـین بـووە، ڕای وایـە هـەژار هەوڵـی داوە شـێوەزاری جۆراوجـۆری کـوردی لـە ئاخافـتن و نووسـینی بابەتەکانیـدا بەکاربێنـێ، بۆئـەوەی ببێتـە بنەمایـەک بـۆ زمانێکـی یەکگرتـوو[٧٦٥]، ئەمـەش لـە بەرهەمەکانـی ڕەنگـی داوەتـەوە، تـا ڕادەیەکـی بـاش کاریگـەری لەسـەر خوێنـەر هەیـە[٧٦٦] ئـەم ڕۆڵـەی زیاتـر لـە دەرکردنـی هەنبانـە بۆرینـە دەردەکەوێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە پاڵپشـت و هانـی توێـژی لاوان و ڕۆشـنبیرانی داوە، بەزمانـی کـوردی بنووسـن، لـە شۆڕشـی ئەیلـوول، داوای لەسـەرکردایەتی دەکـرد،

---

(٧٦٢) هەژار، دیوانی هەژار بۆ کوردستان (پ- ١)١٩.

(٧٦٣) فەلەکەدین کاکەیی، کۆبەرهەم دەفتەری خاک(پ- ٤)١٢.

(٧٦٤) سەڵاح نیساری، گەشتێک بەنێو گوڵجاڕی هەژاردا"١٦٧ ڕامان (هەولێر- ٥ی نیسانی٢٠١١)١٢٨.

(٧٦٥) ئازاد عەبدولواحید و مەحمود زامدار، شـكور مسـتەفا، گەشـتێک بەناو زمان و فیکر و ئیسـتێتیکادا هەڤپەیڤیـن (چاپی یەکەم- هەولێر ١٩٩٨)٢٤-٣١.

(٧٦٦) محەمـەد خـدر مەولـود، سـڵاو لـە ئەدەبـی کـوردی سـڵاو لـە هـەژار موکریانـی "٢٢٧٧/١٤ برایەتی پاشـکۆی ئەدەب و هونـەر(٢٠ی شـوباتی١٩٩٧)١.

گرنگـی بەدانانـی چاپخانـە و بڵاوکـراوەی کـوردی بـدەن[٧٦٧].

وشـەی ڕەسـەن و پەتـی بەشـێوەی هونـەر بەکارهێنـاوە، داهێنانـی کـردووە[٧٦٨]، بـۆ زیاتـر خزمەتکـردن بـەم بـوارە و خوێنـەری کـوردی، ئـەو کاتـەی ئەندامـی کارای کـۆڕی زانیـاری کـورد لـە بەغـدا بـووە، ژمـارە ٢ گۆڤـاری کـۆڕی زانیـاری کـورد سـاڵی ١٩٧٤ لـە بـە ناونیشـانی (کـورد و سـەربەخۆیی زمـان) بڵاوکردووەتـەوە، لێکدانـەوە و هەڵسـەنگاندن و واتـای بـۆ چەندیـن وشـە کـردووە[٧٦٩]. لەبـەر گرنگـی بابەتەکـە هەمـان سـاڵ ئـەم بابەتـە بەشـێوەی نامیلکـە چاپکـراوە.

پێـی وابـووە، لـە زۆرینـەی شـێوەزارەکانی کـوردی تێکـەڵ بکرێـت و کتێبـی پـێ بنووسرێـت، کاریگـەری باشـی هەیـە، بـۆ زمانـی یەکگرتـووی کـوردی.

لـە ڕاسـتیدا هـەژار بـۆ خـۆی قوتابخانەیەکـی سـەربەخۆیە، لـە ئەدەبیـات و وێـژە و زمانـی کـوردی، چونکـە تایبەتمەندییەکـی زۆر گرنگـی ئەوەیـە، پەلوپـۆی زۆر هاویشـتووە لـە نێـو ئەدەبیاتـی کوردیـدا، ئەمـەش لـە بەرهەمەکانیـدا دەردەکـەوێ و ڕەنگیداوەتـەوە. دەکرێـت خوێنـەری کـورد بیـکا بـە بنەمایەکـی سـەرەکی؛ وەک ڕێچکەیـەک و سـودی لێوەربگـرێ.

لـە ڕووی چاپەمەنـی و ڕاگەیانـدن، ڕۆڵـی ئـەو لـەم ڕووەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی ژێـکاف و پاشـان کۆمـاری کوردسـتان، ئـەو کاتـەی سـۆڤیەت لـە سـاڵی ١٩٤٥ چاپخانەیەکـی بـە دیـاری دا حـدک و لـە شـاری مەهابـاد ڕۆژنامـەی کوردسـتان و گۆڤارەکانـی هەڵاڵـە، ئاگـر و هاواریـش دەردەچـوو، هـەژار یەکێـک بـوو لـەو نووسـەرانە کـە ڕۆڵـی بەرچـاو و دیـاری هەبـوو[٧٧٠].

---

(٧٦٧) فەلەکەدین کاکەیی، کۆبەرهەم دەفتەری خاک(پ- ٤)١٣.

(٧٦٨) شکور مستەفا، شارەزایی لەهجەکانی زمانی کوردی"٣٩-٤٠ گزینگ گۆڤارێکی وەرزانەی فەرهەنگی ئەدەبی یە(هاوین و پایزی ٢٠٠٣)٦١.

(٧٦٩) هەژار، کورد و سەربەخۆیی زمان"٢ گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد بەشی یەکەمی بەرگی دووەم (بەغدا ١٩٧٤)٢٨٠-٣٢٣.

(٧٧٠) عەبدوڵڵا ئەحمەد ڕەسوڵ پشدەری، یاداشتەکانم لە کۆماری کوردستان (پ- ٣١٥)٤٥-٥٤.

دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ بارودۆخێکی نوێ هاتبووە ئاراوە، ئاستەنگەکانی بەردەم ئازادی ڕۆژنامەگەری تاڕادەیەک لابرابوون، پێشتر پدک بڕیاری داوە خەبات زمانحاڵی بێت، بۆیە لە ساڵی ١٩٥٨ داوایان پێشکەش بە وەزارەتی ئیرشاد کردووە(٧٧١)، ئەوەبوو ١١ی کانوونی دووەم ١٩٥٩ ڕەزامەندییان وەرگرت و لە ٤ی نیسانی ١٩٥٩ یەکەم ژمارەی خەبات لە بەغدا دەرچوو(٧٧٢).

ڕۆژنامەی خەبات زمانحاڵی پارتی لە بەغدا وەستێنرا، لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕش، لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٦٥ هەژار سەردانی مەکتەبی سیاسی دەکات، کە بارەگای لە گوندی هەڵشۆی پشدەر بووە، (مەحمود عوسمان) داوای لێکردووە لە ڕۆژنامەی خەبات و ڕادیۆ و بەگشتی ڕاگەیاندن هاوکاریان بکات، ئەویش ڕازی بووە (٧٧٣). چاپەمەنی لە گوندی سونێی پشدەر و نزیک ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە، هەژار لەوێ چوارینەکانی خەیامی کردووە بە کوردی، پاشان لەگەڵ (سامی عەبدولڕەحمان) بەڕێکراون بۆ گوندی سڵێی بناری قەندیل، ڕۆژنامەی خەبات و ئەخباری کوردستانی وەک گۆڤارێکی هەفتانە نووسیوە، دواتر گواستراونەتەوە بۆ باڵەکایەتی، بوونەتە دراوسێی ڕادیۆ، لەهەمان کاتدا لەوێش کاری کردووە، کە بارەگای لە سەرووی گوندی وەڵاش بووە چاپەمەنیش لە گوندی لێوژە بوو.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٦ دوای گواستنەوەی (سامی عەبدولڕەحمان) بۆ ناوپردان، هەژار کراوە بە بەرپرسی چاپخانە (٧٧٤). چاپخانە و ستافەکەی بەهۆی وەرزی سەرما و سۆڵە و بارودۆخی سەربازی، جێگۆڕکێی کردووە، لە ناوچەی باڵەکایەتی لە سورەبان، گەلاڵە، دواتر چوونەتە جەنگەڵی بێخۆڵان لەدەوروبەری چۆمان(٧٧٥).

---

(٧٧١) دڵشاد مستەفا وەسانی، خەبات بەردەوامە، پوختەیەک دەربارەی ڕۆژنامەی خەبات ١٩٥٩-٢٠١٩(چاپی یەکەم- هەولێر ٢٠٢١)٢٩.

(٧٧٢) شکار عەفان نەقشبەندی، خەبات تۆماری خەباتی نەتەوەیەک، ١٩٥٩-٢٠١٩(چاپی یەکەم- چاپخانەی ڕۆژهەڵات ٢٠١٩)٨-٩.

(٧٧٣) پەیوەندی تەلەفۆنی، لەگەڵ مەحمود عوسمان عەلی (پ- ٥٣٢)هەولێر.

(٧٧٤) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٤٢٢-٤٢٩.

(٧٧٥) ئیسماعیل گوندەژۆری، شۆڕشی ئەیلول لە باڵەکایەتی(چاپی یەکەم- چاپخانەی ڕۆژهەڵات ٢٠١٨)٨٢.

لەساڵی ١٩٦٨، کاتێک لەناوەندی ڕاگەیاندنی پارتی لەناوپردان کاریکردووە، ئەو نووسەرانەی بابەتیان لە گۆڤارەکاندا بڵاودەکردەوە، ڕای ئەویان لەسەر شێوازی نووسینەکان وەرگرتووە، ئەویش بەسەرنج و تێبینییەکانی دەوڵەمەندی کردوون[٧٧٦]. هەروەها ئەو کاتەی چاپخانەی ئەم حزبە، لە ساڵی ١٩٧٤، لە گوندی سورەبانی ناوچەی باڵەک بووە، هەژار کاری لە ڕۆژنامە کردووە[٧٧٧]، شەونخونی بۆ کردووە، ڕەنگدانەوەی ئەو قۆناغە بووە و بووەتە جێگای سەرنجی خوێنەران.

هەروەها کاری ڕاگەیاندنیشی کردووە، لە ڕادیۆی و ناوەندە جیاجیاکانی دیکە، بابەت و نووسینەکانی ورەی زیاتری بە پێشمەرگە بەخشیوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو لەشکرەی هێرشی کردووەتە سەرکوردستان [٧٧٨]، شارەزایی تەواوی هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا[٧٧٩]، داهێنانی کردووە [٧٨٠]، ئەو لەو قۆناغە ناسکەدا، ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕا، زیاتر ڕۆڵی ڕاوێژکار و"ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندەی شۆڕش" بوو، شەڕی دەروونی لەگەڵ نەیارەکانی دەکرد و کاریگەری زۆری لەسەر ورەشکێنی ئەوان هەبوو[٧٨١]، بەتایبەت لە ڕۆژنامەی خەبات، گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە و ڕادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق جێگاپەنجەی دیارە و کاریگەری زیاتر دەردەکەوێ[٧٨٢]. ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە ئەو تەنیا پابەند نەبووە بە بوارێکی دیاریکراو، بەڵکو شارەزایی لە زۆربەی بابەتەکاندا هەبووە، هەوڵ و تواناکانی خۆی خستۆتەگەڕ.

لەلایەکی ترەوە لە بواری ڕادیۆدا، ئەزموون مێژوو و شارەزایی هەبووە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٤٦ ئەوکات لەسەر فەرمانی (قازی محەمەد)، لە

(٧٧٦) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩)٧٦.

(٧٧٧) خوسرەو جاف (پ- ٣٥٥)٣٢٤.

(٧٧٨) نامدار حاجی، کەسایەتی بارزانی لە دیدی هەژار موکریانیدا "١٦٥ برایەتی ئەدەب و هونەر (١٨ی شوباتی٢٠٠٠)٣.

(٧٧٩) بۆتان تەحسین، دیدی هەژار بۆ ئەودیو ئاراستەکان"٢١٦ برایەتی ئەدەب و هونەر(٢٣ی شوباتی ٢٠٠١)٥.

(٧٨٠) نۆرینگ، هەژار و کورد"٢٢٧٧/١٤ برایەتی پاشکۆی ئەدەب و هونەر(٢٠ی شوباتی١٩٩٧)١.

(٧٨١) نامق هەورامی، هەژار لە سنە (پ-٤٩)٥٦.

(٧٨٢) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە (پ- ١٥٢) فەرەنسا.

ڕادیـۆی پیشـەوەری لـە شـاری تەورێـز، ڕۆژانـە مـاوەی نیـو کاتژمێـر بـە زمانـی کـوردی بـووە، هـەژار بابەتەکانـی نووسـیوە[٧٨٣]، هەرخۆیشـی سەرپەرشـتی بەشـە کوردییەکـەی کـردووە[٧٨٤] و خوێندویەتـەوە و بـڵاوی کردووەتـەوە[٧٨٥]. دوای دانوسـتاندنەکانی نێـوان شـۆڕش و بەغـدا لـە تشرینـی یەکەمـی ١٩٦٤، لەسـەر داوای ئـەوان ڕادیـۆ داخرابـوو، بۆیـە جارێکـی تـر سـەرکردایەتی شـۆڕش، لـە بەهـاری سـاڵی ١٩٦٥ بڕیاریـداوە بیکاتـەوە، ئـەو کات بـارەگای ڕادیـۆ لـە ناوچـەی باڵەکایەتـی لـە گـۆڕی گاجووتـان بـوو، کـە دەکەوێتـە ڕۆژئـاوای گونـدی وەڵاش[٧٨٦]، هـەژار بەشـداری لـە کۆبونەوەیەکـی سـەرکردایەتی کـردووە، بۆئـەوەی داخوازیەکانیـان ئامـادە و دیاریبکرێـت، تاوەکـو لـە دانوسـتاندنەکانی حکومەتـی عێـراق و شـۆڕش باسـی لێوەبکرێـت، ئـەو زۆر پێداگیـری کـردووە لەسـەر ئـەوەی ڕادیـۆ دەنگـی کوردسـتان دانەخرێـت، دەتوانرێـت وتـاری خـۆی بەپێـی ئـەو بارودۆخـەی کـە گەلـی کوردسـتان پێیـدا گـوزەر دەکات، ڕێکبخـات، گرنگـی بـە بـواری زمـان و ئەدەبـی کـوردی بدرێـت[٧٨٧]. ئـەم بابەتـە لەسـەرەوە ئامـاژەی پێـدراوە لـە نامەیەکـدا کـە بـۆ هەریـەک لـە (مسـتەفا بارزانـی) م . س نووسـیوە.

هـەژار یەکێـک بـوو لـەو نووسـەرانەی ڕۆڵـی سـەرەکی گێـڕاوە[٧٨٨]، بـەردەوام حکومـەت تەشویشـی خسـتۆتە سـەر شـەپۆلەکە و بۆئـەوەی پەیامەکـەی بەباشـی نەگاتـە گوێگـران[٧٨٩]، بەرپرسـی بەشـی تەکنیکـی (عەبدولخالـق مەعـروف) ڕۆڵێکـی گـەورەی گێـڕاوە لـە پێشخسـتنی ڕادیـۆ[٧٩٠] لـە سـاڵی ١٩٦٧ هـەژار وەک بەڕێوەبـەر

(٧٨٣) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٧٠.
(٧٨٤) هیمدادی حوسێن، ڕۆژنامەنوسی کوردی سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان (پ- ٦٨١)٢٣٩.
(٧٨٥) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ حامید گەوهەری (پ- ٨٠) وڵاتی سوید.
(٧٨٦) ئیسماعیل گوندەژۆری(پ- ٧٧٥)٨٤.
(٧٨٧) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٤٦٤.
(٧٨٨) وەسفی حەسەن ردێنی، ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنێت کوردی ١٩٣٩-٢٠٠٣(چاپخانا زانا- دهۆک ٢٠١١)٥٩.
(٧٨٩) محەمەدی مەلا قادر (پ-٧٥٤)٧٨.
(٧٩٠) عەبدولخالـق مەعـروف. لـە سـاڵی ١٩٣٥ لـە هەولێـر لەدایکبـووە، خوێندنـی ئاینی تـەواو کردووە، سـەرباز بـووە لـە سـوپای عێراقـی، لـە سـاڵی ١٩٦٣ پەیوەنـدی بەشۆڕشـەوە کـردووە، ڕۆڵێکـی مەزنـی لەدامەزراندنـی ئێسـتگەی شۆڕشـدا بینیـوە، لەمایسـی ١٩٧١ نێردراوە بـۆ چیکۆسـلۆڤاکیا بـۆ خوێندنـی ئامێـرە ئەلیکترۆنییـەکان و دبلۆمـی وەرگرتـووە، دوای نسـکۆی شۆڕشـی ئەیلـول گەڕاوەتـەوە هەولێـر و

دەستنیشـانکراوە، سـەرەڕای ئـەوەی سەرپەرشـتیاری ڕادیـۆ و وتـار و ناوەڕۆکـی دەکـرد، ڕۆژانـە سـەرقاڵی خوێندنـەوە و نووسـین بـوو، لەگـەڵ ئەوەشـدا کاروبـاری بـارەگا و دابینکردنـی خواردەمەنیشـی لـە ئەسـتۆ بـووە[٧٩١]، خۆیشـی ناوەنـاوە بابـەت و دەمەتەقێـی لەگـەڵ کادرێکـی ڕاگەیانـدن ئەنجامـداوە[٧٩٢] و جـاری واش هەبـوو بـە تەنیـا بابەتـی هەمەڕەنگـی بەدەنگـی خـۆی بڵاودەکـردەوە، کـە زۆر ڕەوانبێـژ و سـەرنجڕاکێش بـوو[٧٩٣].

لـە ترسـی بۆردومانـی فڕۆکـە جێگۆڕکێیـان بـە ڕادیۆکـە کـردووە و چونەتـە دیلمانـی نزیـک قـەسرێ[٧٩٤]. سـەرەڕای ئەرکـی خـۆی هەوڵـی لەگـەڵ کادرانـی ڕاگەیانـدن داوە و فێـری کـردوون، لـە ڕووی زمانەوانییـەوە بەتایبـەت کـوردی و عەرەبـی تواناکانیـان بخەنەگـەڕ و شـارەزایی زیاتـر پەیـدا بکـەن، زۆرتریـن سـوودیان لێبینـووە[٧٩٥].

لـەدوای ئـەوەی لەسـاڵی ١٩٧٤ پەیوەندیەکانـی شـۆڕش و حکومـەت سـاردی تێدەکەوێـت، پێـش ئـەوەی دەسـەڵاتدارانی بەغـدا هێـرش بکەنـە سـەر ناوچـە ئازادکـراوەکان، هـەژار داوا لـە (مسـتەفا بارزانـی) دەکا، ڕادیـۆ بکەوێتـە کار، چونکـە هـەژار لەگـەڵ داخسـتنی نەبـوو، ئـەو ڕای وابـوو بـا بەپێـی بارودۆخـی سیاسـی وشـێوازی پەیوەندیـەکان لەگـەڵ حکومـەت و لەسـەر ئـەو ئـاوازە کاربکرێـت، شۆڕشـیش بابـەت بڵاوبکاتـەوە و دواتریـش ئـەم کارە کـرا[٧٩٦]. ئـەو کاتانـەی کاری لـەم ڕادیۆیـە دەکـرد لـە ناوچـەی حاجـی ئۆمـەران و گەڵاڵـە، کاتێـک دەسـەڵاتدارانی بەغـدا، پەشـیمان بوونـەوە

---

لەنیسـانی ١٩٨٥ لەلایەن سـیخوڕانی دەزگا ئەمنیەکانی عێراق لە هەولێر تیرۆر کراوە. ئازاد عوبێد سـاڵح، کاریگـەری شۆڕشـی ئەیلـول لەسـەر ڕۆژنامەوانیـی کـوردی لـە باشـوری کوردسـتاندا ١٩٦١- ١٩٧٥(چاپـی یەکـەم چاپخانەی ڕۆشـنبیری هەولێـر ٢٠٠٧)٩٨.

(٧٩١) سین (پ- ١٥٤)٣.

(٧٩٢) بارزانـی مـەلا خالیـد، لەیادی دوازدەمین سـاڵیادی کۆچـی دوایی هەژاری موکریانیـدا، مام هەژاری پێشـمەرگە و شـاعیر"٦٩ گۆڤاری ڕامان (٥ی ئازاری ٢٠٠٢)٢٢٥.

(٧٩٣) عەبدولغەنـی عەلـی یەحیا، ڕۆشـنبیری و ڕاگەیاندن لە چەند لاپەڕەیەکی شۆڕشـی مەزنی ئەیلول"٣ پەیامـی ئەیلول ( هەولێر- بەهاری ٢٠٠٨)١٧.

(٧٩٤) ئازاد عوبێد ساڵح(پ- ٦٦١)١٠١.

(٧٩٥) سین (پ- ١٥٤)٣.

(٧٩٦) دیمانەی تایبەتی توێژەر، لەگەڵ فەرهاد عەونی (پ- ٥٠٠)هەولێر.

لــە بەڵێنەکانیــان و لــە ســاڵی ١٩٧٤، هێرشــە ســەربازیەکانی دەســت پێکردووەتــەوە بۆسـەر کوردسـتان[٧٩٧] هـەژار شـەو ڕۆژی خسـتبووە سـەریەک، بـەو پـەڕی دڵسـۆزیەوە، ئەرکەکـەی بەرپرسـی ئـەو بەشـە بـوو، کـە بـە زمـانی کـوردی وتـاری سیاسـی و ئەدەبـی ڕادیــۆ بخوێنێتــەوە و لــە ڕووی زمانەوانییــەوە دەوڵەمەنــدی بــکات، لــە ئەنجامــی خوێندنــەوەی زۆر و هەڵســەنگاندنی بــۆ بابەتــە جیــاوازەکان، توانــی ببێتــە خــاوەن هزرێکـی فراوانـی جیـاواز، جـودا لـە کەسـانی تـر بەشـێوەیەک تێڕوانیـن و دیـدگا و دونیـا بینـی تایبەتـی خـۆی هەبـوو، بـە دیـدی ڕوونـی فـرە ئاسـۆ تەماشـای فەرهەنـگ و ناسـنامەی ڕۆشـنبیری کـردووە، بـە کـوردی نووسـیویەتی و هەموانـی هانـداوە بـە زمانــی کــوردی پەتــی ســادە و ڕەســەن بنووســن، بــە خۆشــی زمانــی نووســینی لــە ئاسـتێکی بـاش و بـەرزدا بـووە.

پیاوێکـی نەتـرس و ورە بـەرز بـوو؛ بەهـۆی ئـەو شـەڕەی کـە دەسـەڵاتدارانی بەغـدا بەسـەر گەلـی کوردیـان سـەپاندبوو؛ نـاوە هێرشـیان دەکـردە سـەر کوردسـتان، لەکاتــی بۆردومانــی فڕۆکــە لەســەر ئــەو بــەردەی لێبــوو هەڵنەدەســتا، ئەمــەش کاریگەریـی باشـی لەسـەر ورەی دەوروبـەری هەبـوو[٧٩٨] و لەگـەڵ بوونـی تێبینـی لەسـەر هەندێـک بابەتـی شـیعر و نـووسراو، بـەڵام بەگەرمـی لەگـەڵ ئـەو پێشـمەرگانەدا دواوە و بابەتەکانیانــی لــە ڕادیــۆ بــۆ بڵاوکردوونەتــەوە، [٧٩٩]. ئەمــەش هانــدەر بــووە بۆیــان و ئومێـد و بـڕوا بەخۆبوونـی زیاتـر پـێ بەخشـیون.

(٧٩٧) حەمەمــە ڕەشــید هــەرەس، ئــەو ســاڵەی بێــژەری دەنگــی کوردســتان بووم(چاپــی یەکــەم- چاپخانــەی ڕۆژهــەڵات هەولێــر٢٠٢٠)١٣.

(٧٩٨) نامق هەورامی، هەژار لە سنە (پ-٤٩)٢٤-٤٣.

(٧٩٩) کەریـم خـان گونـدە ژۆری، بیرەوەریەکـی تـر لەگەڵ هـەژار موکریانی دا بەشـی یەکـەم"٩ گۆڤاری زاری کرمانجـی(١٥ی ئابی ٢٠٠٥)٩.

**گەشتەکانی هەژار بۆ یەکێتی سۆڤیەت و ئەورووپا:**

جگـە لـە بەشـداریی کۆنگـرەی بوخارسـت و هەوڵـی شکسـتخواردوو بـۆ بەشـداریی لـە کۆنگـرەی لاوان لـە سـۆڤیەت، هــەژار سـەردانی چەنـد وڵاتێکـی ئەوروپـای کـردووە وەک چیکۆسـلۆڤاکیا و بەرلینـی ڕۆژئـاوا، ناوبـراو چەنـد جارێـک چووەتـە ئەوروپـا و یەکێتـی سـۆڤیەت، بۆنموونـە: لـە سـاڵی ١٩٥٨ ڕۆیشـتووە بـۆ مۆسـکۆ، بابەتێکـی دەربـارەی ئاشـتی بـۆ ڕۆژنامـەی (پـراودری جوانـان) نووسـیوە، لایەنـە بـاش و خراپـەکان و لێکەوتەکانـی ململانیـێ و ناکۆکیـەکان وڵاتانـی ڕوون کردووەتـەوە[٨٠٠]، هەروەهـا یەکێتـی نووسـەرانی ئازەربایجـان لـە تشرینـی دووەمـی ١٩٥٩ داوەتنامـەی ئاراسـتە کـردووە و هەژاریـش وتارێکـی بـە زمانـی کـوردی خوێندووەتـەوە، (ڕەحیمـی قـازی) بـۆی وەرگێـڕاوە، باسـی لـە مێـژووی پێکـەوە ژیـان و هاوبەشـی هـەردوو نەتـەوەی کـورد و ئـازەری کـردووە، کـە دیرۆکێکـی هاوبەشـیان هەیـە [٨٠١]، لـەوێ بـە ئەندامـی فەخـری یەکێتـی نووسـەرانی ئازەربایجـان هەڵبژێـردراوە، چەندیـن پرسـیاریان لەسـەر ڕووداو و پێشـهاتەکانی کـورد لـە عێـراق و ئێـران ئاراسـتە کـردووە [٨٠٢]. دوای مانـەوەی مـاوەی یـازدە مانـگ و نیـو، گەڕاوەتـەوە بەغـدا، حکومـەت سـی خانـووی لـە گەڕەکـی ئیسـکانی شـاری بەغـدا بـۆ پاسـەوانانی (بارزانـی) دیاریکـردووە، لەمانە(بارزانـی)ش خانوویکـی داوە بـە هـەژار، بـە قیسـتی بیسـت سـاڵ، ببێتـە موڵکـی خـۆی[٨٠٣].

هەروەهـا لـە سـاڵی ١٩٧٣ هـەژار بەمەبەسـتی بەشـداری لـە کۆنگـرەی ڕۆژهـەڵات ناسـانی جیهـان، لـە فەرەنسـا بانگهێشـت کـراوە [٨٠٤]، ئـەم کۆنگرەیـە لـە١٦-٢٢ی تەمـوزی ١٩٧٣ لـە زانکـۆ سـۆربۆن لـە پاریـس بـەردەوام بـووە، هـەژار لەگـەڵ (کەمـال مەزهـەر) و چەنـد کەسـێکی تـر بەشـداریان کـردووە[٨٠٥]، کۆنگـرە مـاوەی حـەوت ڕۆژ

(٨٠٠) شیرین ابراهیمی (پ- ١٤)١٣٣-١٣٤.

(٨٠١) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٣٠٣-٣٠٤.

(٨٠٢) ڕۆژنامەی خەبات، "هەژار و یەکێتی نوسەرانی ئازەربایجان"١٠٧ (٢٧ی تشرینی دووەمی ١٩٥٩)١.

(٨٠٣) شیرین ابراهیمی(پ-١٤)١٣٦-١٣٧.

(٨٠٤) محمد رئوف مرادی(پ- ٤٨)٤٤.

(٨٠٥) جەلالـی میـرزا کەریـم، کۆمەڵـەی کـورد ناسـی ی جیهـان و گفتوگۆیـەک لەگـەڵ کەمـال مەزهـەر ئەحمـەد"٦٤ ڕۆژنامـەی برایەتـی (١٧ی ئابـی١٩٧٣)٥.

بەردەوام بووە، زانایانی ڕۆژهەڵاتناسیش بەشداریان کردووە [٨٠٦]، تەنیا نوێنەری دەوڵەتان بەشدارییان کردووە و بۆیان هەبووە وتار بخوێننەوە، لەبەرئەوەی شاندی کوردی نوێنەری هیچ وڵاتێک نەبوون، بۆیە بە هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر توانیویانە، دەستەی بەڕێوەبەرانی کۆنگرەش، کە خۆشیان هاوسۆزییان بۆ نەتەوەی کورد هەبووە، ڕازی بن شاندەکە وتار بخوێننەوە. لەسەر هەڵوێستی دەستەی بەڕێوەبەرانی کۆنگرەکە، هەژار لە چاوپیکەوتنێکیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە" ئێمە نوێنەری هیچ دەوڵەتێک نەبووین، بەڵکو خۆمان چووبووین. ڕاستیەکەش ئەوەیە تۆمابوا ئەو کەسەیە پیاوێکی زۆر چاک بوو، باوکی کورد بوو، دڵسۆزێکی عەجایب بوو. ئەو هەوڵیدا لە ناوەندەکانی زانستیدا، لەوێ دەستی زۆر دەڕۆیی لە ناوەندەکانی زانستی سۆربۆندا. ئەو دایمەزراندین لەوێ بە شێوەی نافەرمی، کە ئێمە هەرچەندە دەوڵەتێکیش نەبووین، لەوێی چەسپاندین. ئینجا پرۆفیسۆر میسۆ لازار کە زۆر زمانیشی دەزانی ئەوی تێگەیاندبوو، کە ئەو سەرۆکایەتی ئەو کۆنگرەیە بکا، بەم شێوەیە وەختیان داینێ بۆ قسە کردن"[٨٠٧]، لەسەر بارودۆخی کوردستان. ماوەی سێ کاتژمێریان تەرخانکردووە، بۆ خوێندنەوەی وتار و گفتوگۆ لەسەر کێشەی کورد، بۆ ئەم مەبەستە هەژار گفتوگۆی سیاسی لەگەڵ (تۆمابوا) و (جۆیس بلۆ)، لەسەر باردۆخی کوردستان کردووە، کە بووەتە جێگای سەرنجڕاکێشانی ئامادەبووان. هەژار پێشتر وتارێکی نوسیبوو؛ لە پاریس (سادقی) برای وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فەرەنسی و لە هۆڵەکە بۆ سەرپەرشتیارانی کۆنگرەکەی خوێندووەتەوە؛ هەریەکە لە "(جۆیس) و (تۆمابوا) هەرچەند زۆریان پێ سەیر و دڵتەزێن و ئیحساس بزوێن بوو، بەڵام گوتیان بۆ ئەم کۆبوونەوە دەس نادا. پێویستە دەربارەی گەلێکی شەرقی بە جۆرێک کە نەزەری ڕۆژهەڵاتناسان بەرەو خۆی بکێشێ قسە بکرێ"[٨٠٨]، وەک هەمیشە لە نامەکەدا بەشێوەیەکی مێژوویی هەڵسەنگان و ڕوونکردنەوەی لەسەر

(٨٠٦) شیرین ابراهیمی(پ- ١٤)١٤٠-١٤٢.

(٨٠٧) فەلەکەدین کاکەیی، کۆبەرهەم دەفتەری خاک(پ- ٤)١٠٠.

(٨٠٨) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٤٧٢-٤٧٣.

باردۆخـــی کوردســـتان بەگشـــتی داوە؛ کــە گەلــی کــورد نیشــتیمانەکەی کوردســـتانە و لەلایـەن داگیرکەرانـی کوردسـتانەوە پارچـە پارچـە و دابەشـکراوە لـە نێـوان خۆیانـدا، ئەمــەش کاردانــەوەی نەرێنــی لــە ڕووی مێژوویــی، سیاســی، ئەدەبــی، ئابــووری و کۆمەڵایەتـی لێکەوتووەتـەوە؛ پێداگیـری لـەو نەهامەتـی و چەوسـاندنەوەیە کـردووە کــە لەلایــەن نەتــەوە سەردەســتەکانەوە بەســەری هاتــووە؛ لــە هەمــوو مافێکــی ســەرەتایی بێبەشــکراوە.

میللـەتی کـوردە کـە بـە سـەتان ئەدیـب و مێژوونـووس و زانـای زۆر گـەورەی بـە زمانـی گەلانـی هاوسـێمان نووسـیویانە و ناوبانگیـان بـە دنیـادا بڵاوبووەتـەوە؛ ڕووی پرســیار لــە ڕۆژهەڵاتناســان و ویژدانــی مرۆڤایەتــی دەکا: میللەتێــک ئەدیبــی وەک مــەلای جزیــری و مەولــەوی تاوەگــۆزی لــێ پەیدابووبــێ چۆنــە لــە دنیــای ئێســتادا ئەدەبیاتــی گەشــە نــاکا؟!

ئەمــەش هــەر بۆخــۆی وەڵامــی دەداتــەوە کــە بەهــۆی ئــەو زوڵــم و زۆرەی دەرهەقــی دەکــرێ و وای لێهاتــووە کــە نەتوانــێ لــە پێســتی خۆیــدا بجوڵێتــەوە و دەسـتی بەسـتراوە کـە ئەویـش دەسـتەوارەی خـۆی بخاتـە سـەر ئەدەبیاتـی بلێسـەداری جیهانــەوە. ڕێگیــری لێدەکــرێ و منــداڵ بــە زامنــی زگماکــی خــۆی بنوســێ و بخوێنــێ چەنـد زمانێکـی جیـاوازی بەسـەردا بسـەپێنرێ. کـە جیـا لـە گەلـی کـورد گەلێـک لـە جیهــان و لــە ئاســیا و ئەفریقــاش دا نیــە زمانــی بێگانــەی بەســەردا بســەپێنرێ.

داوای کــردووە پاڵپشــتی گەلــی کــورد بکــەن بۆئــەوەی هەرنەبــێ بــە مافــە ســەرەتاییەکانی شــادبێ و خزمــەت بەکاروانــی مرۆڤایەتــی بــکا و چیدیکــە ســەروەت و ســامانەکەی بــە تــاڵان نەبــردرێ.

هــەژار نوســخەیەک لــەم وتــارەی لــە دەفتەرێکــدا نوســیوە وەک بەڵگەنامەیــەک پارێــزراوە؛ لێــرەدا دەقەکــەی وەک خــۆی دەخەینــە ڕوو:

"بۆ کۆنگرەی ڕۆژهەڵاتناسانی پاریس

ڕۆژهەڵاتناسانی مرۆڤ دۆست و هەقپەرست:

فۆلکلـۆری کـوردی یـە: دیـاری شـوان ئاڵەکۆکـە. منێکـی هـەژاری کـورد کـە مـژدەم پێگەیشـت لـە کـۆڕی ئێـوەدا کـە لـە بنگـەی ثەقافەتـی دنیـادا دەگیـرێ ڕێگـەم دەدرێ کەوتمـەوە سـەر ئـەو بیـرە کـە دیاریەکـی لایـق بـە خۆتـان بـە دیـاری بـۆ بێنـم. بـەڵام وەک کـورد دەڵیـن: چوێلەکـە خـۆت چـی و شـۆرباوت چـی؟ کوردێکـی بـێ دەرەتـان و لـە هەمـو مافـی مرۆڤایەتـی بـەش بـڕاو، تەنانـەت زمانـی زگماگـی لـێ قەدەغەکـراو! دەبـێ چـون دیاریەکـی وای بـۆ هەڵسـوڕێ کـە لـەڕوی هەڵبـێ پێشـکەش بـە کـۆڕی زانایانـی هەڵبـژاردەی دنیـای مەدەنیەتـی بـکا؟!

بــەڵام بەختــی خەواڵــوی کوردانــەم لەســەر گەردانــی ڕزگاری کــردم و تێــی گەیانـدم کـە باشـترین دیاریـت بـۆ ئـەو هەمـو خـاوەن ویجدانـە زیندوانـە ئەوەیـە: هـاوار و دادی خۆتیـان لـەلا بکـەی. چونکـە ئـەو کـۆڕە بـەرزە لـەو کەسـانە پێـک هاتـوە کـە هەمـو ئامانجیـان لـە ژیانـدا خزمـەت کردنـی ئینسـانیەتی چەوسـاوەیە و بـۆ ژیانـەوە و بوژانـەوەی ئەدەبیـات و سـەقافەتی گەلانـی زەبـون بـێ بـەش تـێ دەکۆشـن. کەوابـو ئـەو هـاوارەی تـۆ دەیکـەی ئەرکێکـی ئەوەنـدە پیرۆزیـان دەخاتـە سەرشــان کــە لــە یاریدەدانــت دا ویجدانــی خۆیــان ڕازی دەکــەن و ویجــدان ڕازی کردنیـش بەهەشـتی بـێ بڕانەوەیـە..

برایانی هەژار دۆست.

ئێــوە ئەدەبیاتــی کوردتــان لــە ڕێگــەی مــەلای جزیــری و ئەحمــەدی خانــی یــەوە ناســیوە، لەڕێگــەی فۆلکلــۆری دەوڵەمەنــد و بەیــت و بــاوی ڕەوانــی نەخوێندەوارەکانمانـەوە پێتـان زانیویـن. بـەڵام ئایـا بیـر لـەوە کراوەتـەوە: کـە ئەوەنـدە ئەدەبـە چـۆن پێـک هاتـوە و چـۆن ماوەتـەوە؟ میللەتێکـی ئەحمـەدی خانـی لـێ هەڵکەوتبـێ کـە مـەم و زینەکـەی شـان لـە شـانی ڕومیـۆ و جولیتـی شکسـپیر دەدا چۆنــە لــەو ســێ قەڕنــەدا ئەســتێور بۆتــەوە و ئەدەبیاتــی بــەرەو پێــش نەچــوە؟

ئـەو میللەتـە کـوردەی کـە بـە سـەتان ئەدیـب و مێژوونـوس و عالمـی زۆر گـەورەی بــە زمانــی گەلانــی هاوســێمان نوســیوە و ناوبانگیــان بــە دنیــادا بڵاوبۆتــەوە چۆنــە خزمـە کوردەکانیـان لەمـەڕ خۆیانـەوە میراتیـان نەگرتـون؟!

میللەتێـک ئەدیبـی وەک مـەلای جزیـری و مەولـەوی تاوەگـۆزی لـێ پەیـدا بوبـێ چۆنـە لـە دنیـای ئێسـتادا ئەدەبیاتـی گەشـە نـاکا؟!

ئایـا لـە سـایەی زەڕرە قەڵاشـتن و عاسـمان پێوانـەوە زیرەکـی و قابلیـەت لەنـاو کـورد بـاری کـردوە؟! یـان کۆسـپ و تەگەرەیەکـی وای لەپێشـە کـە نەتوانـێ لـە پێسـتی خۆیـدا بجوڵێتـەوە و دەسـتی بەسـتراوە کـە ئەویـش دەسـتەوارەی خـۆی بخاتـە سـەر ئەدەبیاتـی بڵێسـەداری جیهانـەوە. خـاوەن ویجدانانـی بەڕێـز ئێـوە هیـچ کامێکتـان ئـەو ڕۆژە ڕەشـەتان بەخۆتانـەوە نەدیـوە کـە نەهێڵـن منداڵتـان بـە زمانـی دایـک و بابـی خـۆی بخوێنـێ، هیچتـان ئەوەتـان بەسـەر نەهاتـوە کـە میللەتەکەتـان کرابێتـە چەنـد پارچـە و هـەر پارچـەی زمانێکـی جیـاوازی بەسـەردا بسـەپێنرێ و زمانـی خـۆی لـێ مەنـع بکـرێ!!

ئەمـڕۆ لـەم نیـوەی دوەمـی چەرخـی بیسـتەدا لەسەرانسـەری دنیـادا جیـا لـە گەلـی کـورد هیـچ گەلێـک لـە ئاسـیا و ئەفریقـاش دانیـە کـە نەتوانـێ بـە زگماکـی خـۆی بخوێنـێ و بـە ئـازادی گەشـە بـە ئەدەبیاتـی خـۆی بـدات. تەنیـا و تەنیـا لـە دنیـادا هەرمیللەتـی کـوردە ئەگـەر ڕێگـەی خوێندنـی بـە منداڵـی بـدرێ؟ لەسـەریەتی بەزمانـی بێگانـە بخوێنـێ و هـەرلاوە کوردێـک باسـی زمانەکـەی خـۆی بـکا زمانـی دەبـڕن و دەخوێنـی خـۆی دەگەوزێنـن. لـەو کوردسـتانە جـوان و هـەوا سـازگارەدا کـە پـتر لـە ١٥ ملیـۆن کـوردی تێـدا دەژی تەنیـا لـە کوردسـتانی عێراقـدا ڕێگـەی کـوردی خوێنـدن دراوە ئەویـش هەرکەلیمەیەکـی لاوێـک خوێـن کەوتـوە.

مـن لێـم ڕونـە ئـەو ژیانـە تاڵـەی میللەتـی کـورد لـە ئێـوە خـۆش نایـە و ئـەو دڵـە زانـا و مـرۆڤ دۆسـتانەتان کـە محبەتـی هەمـو ئینسـانێکی ئـەم سـەر زەمینـە تێـدا جـێ بۆتـەوە بـۆ دەردی کـورد ڕادەپـەڕێ و هانتـان دەدا بـە قەڵـەم و بـە زمـان لەسـەر مافـی ئـازادی زمـان و قەڵەمـی کـورد وەدەنـگ بێـن و کارێکـی وا بکـەن: هیـچ نەبـێ لێـمان بگەڕێـن لەهەمـو کوردسـتاندا بـە زمانـی خۆمـان بخوێنیـن و بـە کـوردی بنوسـین، ئێمـەش لـەم دنیـا ڕونـەدا بتوانیـن گەشـە بـە ئەدەبیـات و تاریخـی خۆمـان بدەیـن و شـایەد لـە دەسـتمان بـێ ئێمـەش بەپێـی توانـا چەپکـە گوڵێـک لـە

ئەدەبیاتــی کــوردی پێشــکەش بــە باغچــەی پــڕ ڕەنــگ و بــۆن و بەرامــەی ئەدەبیاتــی جیهــان بکەیــن و چیــدی میراتــی کــۆن و داهاتــی تازەمــان بــە فیــڕۆ نــەڕوا.

ئیتر ئێوە و ویجدانی مرۆڤایەتی تان. بەهومێدم لێتانەوە بەهرەمەند بین. هەژار." (٨٠٩).

پاشــان (کەمــال مەزهەر)یــش وتارێکــی بەزمانــی ئینگلیــزی، دەربــارەی مێــژووی کوردســـتان و کێشـــە و گرفتـــەکان پێشکەشـــکردووە، ســـەرئەنجام شـــاندی کـــوردی بەشـــێوەی فەرمـــی لەلایـــەن، زانایانـــی ڕۆژهـــەڵات ناســـێنراون، بەشـــی کارگێـــڕی ســـۆربۆن بڕیاریـــداوە، ناوەندێـــک بـــۆ پەرەپێـــدان و لێکۆڵینـــەوە، لەســـەر کـــورد ناســـاندنی و گەشـــەپێدانی مێـــژوو فەرهەنگـــی بکاتـــەوە، کوردیـــش وەک نەتەوەکانـــی تـــر ئەژمـــار بکرێـــت، کـــە ئەمـــەش بـــە دەســـتکەوت و ســـەرکەتنێکی گەورەیـــی مێژوویـــی ئەژماردەکرێـــت(٨١٠)، ئـــەم گەشـــتە کاریگـــەری گـــەورەی لەســـەر هـــەژار هەبـــووە، چونکـــە شـــارەزایی زۆری لـــە بەرهەمـــی مێژوویـــی و دەستنووســـەکانی بیانـــی و یاداشـــتەکانیان، ســـەبارەت بـــە کوردســـتان وەرگرتـــووە(٨١١).

جیــا لەوانــەش لــە کۆتایــی پایــزی ســاڵی ١٩٧٣، لەســەر داوەتنامــەی کــۆڕی زانیــاری ســـۆڤیەت، هـــەژار و کەمـــال مەزهـــەر و چەنـــد کەســـێکی تـــری بەڕەگـــەز عـــەرەب، ســـەردانی ئـــەو وڵاتەیـــان کـــردووە، هـــەژار چەنـــد کتێبێکـــی شـــەرەفنامەی، کردۆتـــە دیاریـــی کتێبخانـــەی لینینگـــراد، چەندیـــن چالاکـــی سیاســـییان ئەنجامـــداوە؛ ئـــەم بابەتـــە لەســـەرەوە تیشـــکی خراوەتەســـەر.

لــە کۆتایــی ســاڵی ١٩٨٦دا جارێکــی تــر هــەژار ســەردانی پاریســی کــردووە، دۆســتایەتی لەگـــەڵ (کەنـــداڵ نـــەزان)ی بەڕێوەبـــەری ئەنســـتیتۆی کـــوردی پاریـــس دروســـتکردووە، ئامادەیـــی لـــە کۆبونەوەیەکـــی فراوانـــی کـــوردان لـــە ئەنســـتیتۆدا هەبـــووە، بەهـــۆی نەخۆشـــکەوتنی (عیســـمەت شـــەریف وانلـــی)، هـــەژار سەرپەرشـــتی ڕۆژی کۆتایـــی

(٨٠٩) ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی (پ – ٥٨٩) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. پاشکۆی ژمارە ١٦.
(٨١٠) شیرین ابراهیمی(پ- ١٤)١٤٢.
(٨١١) محمد رئوف مرادی (پ- ٤٨)٤٥-٤٦.

کۆبوونەوەکەی کردووە، لە وتەیەکدا[٨١٢] داوای یەکگرتوویی کوردان و گرنگیدان بە دۆزەکەی کردووە، پاشان چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانیی لەگەڵ (فەرهاد شاکەلی) و ڕۆژنامەی کوردستان پرێس ئەنجامداوە، نزیکەی پەنجا ڕۆژ ماوەتەوە[٨١٣].

(٨١٢) شیرین ابراهیمی(پ- ١٤)١٥٥.

(٨١٣) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٥١٩-٥٢٠.

## تەوەرەی دووەم

## بەرهەمەکانی هەژار موکریانی

هـەژار وەک ڕوناکبیرێکـی سـەردەمی خـۆی خاوەنـی چەنـد بەرهەمێکـە، لـە بوارەکانـی ئـەدەب- مێـژوو- زمـان- وەرگێـڕان، ئـەم هەمە چەشـن و فـرە جـۆرە، ئەوەمان بـۆ دەردەخا و دەتوانیـن بڵێیـن، ئـاوڕ دەداتـەوە کـە ئـەو هەمـوو کەلێـن و کولێنـە هەیـە، پێویسـتی بـە توانەکانیەتـی بۆیـە لـەم پێنـاوەدا هەمـوو ژیانـی تەرخـان دەکا، بەمـەش ناچـار بـووە ئەرکـی سەرشـانی بەشـی هـەرە زۆری نوسـەران و ڕۆشـنبیران بخاتـە سـەر شـانی خـۆی، ئەمـەش هەسـت کردنـە بـە بەرپرسـیارەتی، بۆیـەش پەلـی زۆر هاویشـتووە لـە نووسـین و وەرگێڕانـدا، ڕۆژگاری ئـەو سـەردەمە پێویسـتی بـەو بەرهەمانـەی ئـەو هەبـووە.

دەتوانین بەپێی ڕیزبەندی مێژوویی چاپکردنیان بەم شێوەیە بیان خەینە ڕوو.

**دیوانە شیعری ئاڵەکۆک**(٨١٤)**.**

لەگـەڵ دەرچـوون و بڵاوبوونـەوەی گۆڤـار و ڕۆژنامـە لـە ناوچـەی موکریـان. هـەژار دەسـتی کـردووە بـە بڵاوکردنـەوەی شـیعر؛ لـە بڵاوکـراوە کوردیەکانـدا بەشـێکی بەرهەمەکانـی ڕەوانـەی باشـوری کوردسـتان کـردوە و بڵاوبونـەوە. پاشـان بەشـێک لـەم شـیعرانە و چەنـد شـیعرێکی دیکـەی لـە دیوانەکـەی بەنـاوی ئاڵەکـۆک بڵاوکردۆتـەوە.

کۆمەڵێک شـیعری هەژارن، کەباسـی نیشـتیمانپەروەری و ئەوین دەکەن، لە سـاڵی ١٩٤٥ لـە چاپخانـەی ژێـکاف لە مەهابـاد چاپکراوە(٨١٥) دوای بڵاوبونەوەی دەنگی و سـەدای باشـی لـە نـاو بەشـێک لە کۆمەڵگەی کـوردی دایەوە، بووە هـۆی ئەوەی زیاتـر بەناوبانگ بێت(٨١٦)، وەک چیرۆکنـۆس (حەسـەنی قزڵجـی) لەژمـارە ٣ی گۆڤـاری هەڵاڵـەی سـاڵی ١٩٤٦، ئـەوەی ڕوونکردووەتـەوە ئـەم بەرهەمـە لـە تەورێز لەلایەن (سـەوەت مدنیت ایوی) بـۆ دووەم جار

(٨١٤) ئاڵەکـۆک: گیایەکـی توکنـی بەهارییـە، بـن و ڕەگێکی خۆشـی هەیە لە خاک دەریدێنـن و دەیخۆن. هەروەها هاڵەکۆکیشـی پـێ دەگوترێ. توێژەر.

(٨١٥) هیمدادی حوسێن، ڕۆژنامەنوسی کوردی سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان (پ- ٦٨١)٧١.

(٨١٦) ئا کولتور(پ- ١٩٤)١٣.

چاپکراوەتـەوە، لەلایـەن ئەفسـەرێکی بەرزی سـۆڤیەت بەناوی(جەعفەر خەنـدان) بە زمانی ئازەربایجانـی وەرگێـڕدراوە و دیسـان چاپ کراوەتـەوە، بەهۆی ئەوەی شـیعرەکانی بەلایەوە سـەرنج ڕاکێـش بـوون، بەشـێک لـە ژیاننامـەی هەژاریـش لـە ڕۆژنامەکانـی (وطـن یولنـدا)، گۆڤـاری (شـفق)، کتێبی (شـاعرلر مجلیسـی) بڵاوکردووەتـەوە[٨١٧]، هەروەها ئـەو بەرهەمەی وەرگێڕدراوەتـە سـەرزمانەکانی روسـی، تورکـی و ئەرمەنـی، ئەوکاتـەی هەژار لەساڵی ١٩٥٨ گەشـتی سـۆڤیەتی کردووە، پـارەی وەرگێڕانی پێـدراوە [٨١٨].

**کۆشکی بلورین - بەیتی سەرەمەڕ:**

(کۆشـکی بلوریـن - بەیتـی سـەرەمەڕ)، هـەژار بیرۆکـەی ئـەم بەرهەمـەی لـە کورتـە چیرۆکێکـی نوسـەری تـورک( صبـاح الدین علـی) بەناونیشـانی کۆشـکی بلوریـن وەرگرتووە، کـە تەنهـا نیـو لاپـەڕەی لـە ڕۆژنامەیـەک بڵاوکراوەتـەوە، بۆیـە ئەمـە بەبەرهەمـی هـەژار خـۆی دادەنرێـت[٨١٩]، لـە سـاڵی ١٩٥٥ لـە شـەقڵاوە (بەیتـی سـەرەمەڕ)ی نووسـیویەتی[٨٢٠]. لـە سـاڵی ١٩٥٧، لەڕۆژئـاوای کوردسـتان، لـە شـام لـە چاپخانـەی تەرەققـی بـە نهێنـی چاپی کـردووە[٨٢١] هـەژار ئـاگادار بـووە لـە پیلانەکانـی لایەنـی بەرامبەر، کـە لایەنێکی سـەرەکیان ئـەوە بـووە، میللـەت لـە دواکەوتویـی و نەخوێنـدەواری و نەزانیـدا بژیـەت، هەوڵیانـداوە تـۆوی دووبەرەکـی بچێنـن لـە نـاو ڕیزەکانـی گەلـی کـورد، ناوبراویـش هەوڵـی داوە، بـەم داسـتانە ئاسـتی وشـیاری کۆمەڵـگای کـوردی زیاتـر بـەرز بکاتـەوە، تـۆوی تەبایـی و برایەتی بچێنێـت، بەگژپیلانەکانـی نەیارانـی گەلەکەیـدا بچنـەوە[٨٢٢] ناوەڕۆکـی ئەم کتێبە لە شـێوەی شـیعر نـووسراوە بـەڵام لەبنەڕەتـدا، مەودایەکـی سیاسـی هەیـە و چـۆن خەڵکانێـک شـوێنی دەسـەڵاتداران دەکـەون و لـە ڕێگای فرتوفێڵەوە سـەروەت و سـامانی ئـەم نەتەوەیە بەتاڵان

(٨١٧) حەسەن قزڵجی(پ- ٧٧)١٨-١٩.

(٨١٨) وتوێژێک لەگەڵ مامۆستا هەژار(پ- ٧٩)٢٠.

(٨١٩) کۆشکی بلورین پێشەکی و ئامادەکردنی هۆنیباخ (چاپی یەکەم مەهاباد- ١٣٨٧- ٢٠٠٨)١-٥.

(٨٢٠) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٢٢٣.

(٨٢١) موسەدەق تۆڤی، گۆڤاری ڕۆناهی (پ- ٤٧٤)٥٤.

(٨٢٢) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩)١٥٩.

دەبـەن [٨٢٣]. ئـەم هۆنراوانـە بەزمانێکی سـادە و سـاکار نـووسراون، پەند و ئامـۆژگاری زۆری تێدایـە، کۆشـکی بلوریـن بەسـەرهات و چیرۆکـی کۆمەڵێکـی دواکەوتویـە کە زۆر بەئاسـانی هەڵدەخەڵەتێـن و دەکەونـە ژێـر چەپۆک و لە سـەرەتایترین مافەییان بێبەش کراون، نوسـەر لـەم ڕێگایـەوە هەوڵیـداوە کۆمەڵگـەی کـوردی وشـیار بکاتەوە.

**دیوانی هەژار بۆ کوردستان:**

شـاعیرێتی هـەژار بـۆ تەمەنـی بیسـت و دوو سـاڵی دەگەڕێتـەوە؛ کـە دەسـتی داوەتـە شـیعر و لـە ماوەیەکـی کەمـدا بـە سـەتان شـیعری نوسـیووە. وەک ئاماژەمـان پێـداوە کاریگـەری شـاعیری گـەورەی کـورد نالـی زۆر لەسـەر بـووە. تەنانـەت کاتێـک نەخۆشـیش کەوتـووە خـۆی بـە سـاغ کردنـەوەی شـیعرەکانی ئـەو خەریـک کـردووە؛ نمونـەی ئەمـەش لـە کانوونـی دووەمـی ١٩٥٦ هـەژار جارێکـی دیکـە؛ توشـی نەخۆشـی سـیل دەبێتـەوە و بەمەسـتی چارەسـەری لـە نەخۆشـخانەی تویّسـەی بەغـدا دەخەوێـنرێ.

لـەوێ بـە (مـەلا محەمـەدی چروسـتانی)[٨٢٤] ئاشـنا دەبـێ، کـە ئەویـش نەخـۆش بـووە؛ پێکـەوە دیوانـی نالـی دەخوێننـەوە.

(محەمـەدی مـەلا کەریـم) دەڵێ" دیوانە دەسـت نوسەکەشـیان [مەبەسـت دیوانی نالی] یـە لەبـەر دەسـتا بـوە. کەچـی چەنـد وشـەیەکی کـەم و کـوڕ نەبـێ هیچیـان لەسـەر ئـەم نوسـخەیە نەنوسـیبوو.

---

(٨٢٣) مێدیا، ناوەڕۆکی بەیتی سەرەمەڕی هەژار"٩٣-٩٤ گۆڤاری ڕامان (هەولێر- ئازاری ٢٠٠٥)١١٧.

(٨٢٤) مەلا محەمەدی کوڕی مەلا عەبدولڕەحیمی چروستانییە. ساڵی ١٣١٢ کۆچی لە دێی ئابڵاخ لە نزیک شاری سلێمانی هاتۆتە دنیاوە، بەمنداڵی لای باوکی خوێندویەتی و پاشان بە فەقێیەتی چۆتە سلێمانی و هەولێر و کۆیە. لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا چۆتە ڕانیە و پشدەر و لەوێ بووە بەمەلا. پاش بۆردومان کردنی ڕانیە لەلایەن ئینگلیزەوە؛ کە ماڵەکەی ئەویش بەرکەوتووە؛ چووە بۆ ناوچەی شارباژێر و پاشان چۆتە سلێمانی تاکۆچی دوایی لەوێ ماوەتەوە. پیاوێکی خۆش خوڵق و شیرین ڕەوشت بەرز و شاعیرێکی ورد بووە. بە کوردی و عەرەبی و فارسی شیعری هەیە. لە شیعرەکانیدا ڕێ و شوێنی نالی گرتووە، چونکە نالی زانێکی باش بووە. لە نیسانی ١٩٦٣ زاینیدا کۆچی دوایی کردوە و هەر لە سلێمانی نێژراوە. دیوانی نالی، ناوی مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیسی مکایەڵی ناسراوە بەنالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتح عەبدولکەریم، پێداچوونەوەی محەمەدی مەلا کەریم ئەندامی یاریدەدەری کۆڕی زانیاری کورد(چاپی یەکەم – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغداد ١٩٧٦)٧-٨.

لەسەر ئەم نوسینەوەی (محەمەدی مەلا کەریم): ئەمە ئەو نوسخە بنەڕەتیە نیە. کە هەژار و چروستانی لە نەخۆشخانە نوسیویانە، دەکرێ چەند تێبینی و سەرنجێکیان لە چەند کاغەزێک نوسیبێ. چونکە هەژار ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە" چروستانی چل ساڵ بوو خەریکی ساغ کردنەوەی شیعری نالی بوو؛ حاشیەی زۆری لێ نوسیبوون. نالییەکی چروستانیم بە خەتی خۆم نووسییەوە؛ بە داخەوە پاشان لێم دزرا".

کە ئەمە دەقی نوسینەکەی هەژارە:

کە دەڵێ" چروستانی نالییەکی بە خەتی لە بن سەنیر دەرێنا. ئەو پیاوە چل ساڵ بوو خەریکی ساغ کردنەوەی شیعری نالی بوو؛ حاشیەی زۆری لێ نوسیبوون. بە ڕاستی لە ناو نالی زانانددا وێنەم نەدیوە. هەموو ڕۆژ دەچووینە قوژبنێک و بە نالییەوە خەریک بووین. ... نالییەکی ئەوم بە خەتی خۆم نووسییەوە؛ بە داخەوە پاشان لێم دزرا"[٨٢٥].

لەلایەکی ترەوە لەیەکەم لاپەڕەی سپی نوسخەکەدا هەژار نوسیویە" شەوی ٢٩ی کانوونی دووەمی ١٩٥٦ لە خزمەتی مامۆستا مەلا محەمەددا دیوانە نالییەکەمان خوێندەوە، زۆر مەمنون بوم کە زۆر ئیستیفادەم لە حوضوری کرد و لە موستەشفادا بۆم بو بە مایەی فەیض و ئونس – هەژار".

چروستانی سەری لە زیرەکی و وریایی هەژار سوڕدەمێنێ و بۆیە بەم شێوەیە؛ هەست و هەڵسەنگاندنی خۆی بۆ دەکا:

کەبێ (ژێ) هار یو، بێ (هێ) کە ژاری
وەها وریا و ژیری، چۆن هەژاری؟[٨٢٦].

بۆیە ئەمەی سەرەوە هەمووی بەڵگەی ئەوەن کە ئەم دیوانەیان. بەتەواوی نوسیوەتەوە و ساغ کردنەوەیان بۆ کردووە. بەڵام وەک هەژار گوتەنی "بە داخەوە پاشان لێم دزرا".

---

(٨٢٥) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)١٩٧.

(٨٢٦) دیوانی نالی، ناوی مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیسی مکایەڵی ناسراوە بە نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتح عەبدولکەریم (پ- ٨٢٤)١٠.

دەربــارەی دیوانــی هــەژار بــۆ کوردســتان بریتیــە لــە کۆمەڵێــک شــیعر، کــە لــە ساڵی ١٩٤٨ وە نوسـیویەتی و چاپـی یەکـەم سـاڵی ١٩٦٦. لـە سـاڵی ١٩٨٦ جارێکـی تــر لەســەر داوای خــۆی کەســایەتی سیاســی (جەمــال عەلەمــدار) لــە وڵاتــی ســوید بـۆی چاپکردووەتـەوە، بەشـێک لەداهاتـی پەڕتوکەکـەی پێـداوە[٨٢٧]، جارێکـی تریـش چاپکراوەتـەوە. چاپـی چوارەمیـش لـە لایـەن وەزارەتـی پـەروەردەی حکومەتـی هەرێـم لــە ســاڵی ٢٠٠١ ئەنجامــدراوە. هەروەهــا لەلایــەن نوســیاری بەرهەمەکانــی هــەژار بەنـاوی ماجـد مـەردۆخ ڕۆحانـی لـە سـاڵی ١٣٩٣- ٢٠١٤ لـە شـاری سـنە چاپکراوەتـەوە.

لەسـەرەتای ئـەم دیوانـە هـەژار داوا لـە خوێنـەران دەکات، تـا هەمـووی نەخوێننـەوە، پەلــە نەکــەن لــە بڕیــاردان لەســەری، بەچــاوی ئــەو ڕۆژگار و کاتــەی نــووسراوە و لێـی ڕامێنـە و هەڵیسـەنگێنە، بزانـە هـەژار چـی ویسـتووە، ڕۆژگاری چـۆن تێپەڕیـووە، شیعرەکانیشـت بـەدڵ نەبـێ، ئـەوا دەتوانـی ئەزمونێـک لـە ڕابـردووی ئـەو وەربگـری و بـۆ خـۆت سـودی لێوەربگـری.

لـەم بارەیـەوە دەڵـێ" ئـەی خوێنـەری بەڕێـز و خۆشەویسـتی هاوزمانـم. ئـەوا چاپـی سـێیەمینی دیوانەکـەت پێشـکەش دەکـەم. تکایـە تاسـەرلەبەری نەخوێنیـەوە. نـە جوێـن بـدە، نـە باسـم بـە چاکـە بکـە، بـە پەلەشـی مەخوێنـەوە، لێـی ڕامێنـە، وردی کـەوە. بەرانبـەر بـەڕۆژ و کاتـی نووسراوەکـەی پـێ نـووسراوە و بـۆی نـووسراوە بیـر بکـەوە. باتێـم بگـەی کـە مـن چیـم و چیـم ویسـتووە. ژیانـم چلـۆن تێپەڕیـوە و چیـم دیـوە. ئەگـەر بەکەیفیشـت نەبـێ هیـچ نەبـێ ئـەوا فێردەبـی کـە وەکـو مـن هەڵـە نەبـی و لـە هـەزار جـێ دەسـتت بـە زاخـاودا نەچـێ. لەوانەشـە کەسـانێک کـە سـەرزارەکی دەیانناسـی و بـە پیاگـی خاسـیان دەزانـی بیـان ناسـی چیـن و چیـان دەوێ. یـان کەسـانێک کـە فێڵبـازان بـە شـات و شـووت بـە دزێویـان نیشـانداوی لـە خوێندنـەوەی ئـەم دیوانـە تـێ بگـەی کـە فریـودراوی و لـە هەڵـە پاشـگەز ببیـەوە".

هــەژار ئەزموونــی بەشــێک لــە ڕابــردووی خــۆی، بــە شــێوەی شــیعر تۆمــار کــردووە،

---

(٨٢٧) شـێرزاد هەینـی، جەمـال عەلەمـدار یەکەمیـن هەولێـری لـە سـوید بیرەوەرییەکانـی دەگێڕێتـەوە هەڤپەیڤیـن (چاپـی یەکـەم سـتۆکهوڵم ٢٠٢١)١٩٩.

داوا لـە خوێنـەر دەکا، کـە بـەوردی بیخوێنێتـەوە و بـە هێواشـی شـی بکاتـەوە. بـە گوتـەی خـۆی ئـەوەی ئـەو مەبەسـتی بـووە، تەنیـا کوردایەتـی بـووە.

لـەم بارەیـەوە ئامـاژەی بـۆ ئـەوە کـردووە" بەسـەرهات و تەجرەبـەی سـی و دوو سـاڵی ڕابـردووی ئاوارەیـی منـی هـەژار بەهێواشـی شـی بکـەوە و گەوەکانـی تێـک خـەرەوە و بیـدە بـەر بیـری ڕوناکـت. ئەوسـا ئەگـەر هیچـی وات بەرچـاو کـەوت کەموسـکێک کەڵکێکـی هەبـێ ڕەحمەتێکـم بـۆ بنێـرە. خـۆ ئەگـەر چـی باشـت نـەدی و ڕێگەکەمـت بەشـاش زانـی ئەوسـا گەردنـت ئازابـێ جوێنیـک بـدە و بـەدەردی کـوردە گوتەنی"تفـی خـۆت باوێـژە و بـڕۆ". لـە کۆتایـی دەمـەوێ کـورت و کرمانجـی پێـت بڵێـم "کـوردم و بـەس" هـەر کـەس کـورد پەرسـتی ڕاسـت بـێ سـڵاوەتم لـە دیـداری. ئەمـڕۆ ئەوپـەڕی ئاواتـم ڕزگاربوونـی کوردسـتانە لـە بێگانـە..." [٨٢٨].

ئـەو شـیعرانەی هـەژار نوسـیوویەتی، ڕەنگدانـەوەی ئـەو بارودۆخـە بـووە کـە تێیـدا بـووە، لـە ڕێـگای ئـەم شـیعرانەوە هەوڵیـداوە پەیامەکـەی خـۆی بگەیەنێـت.

شـیعر هەرکاتێـک بتوانـێ پەیامـی بگەیەنـێ و کار بکاتـە سـەر تـاک و کۆمـەڵ، ئەوەیـان شـیعرە. جـا لەسـەر شـێوازی کـۆن بـێ. لـەم دیوانـەدا لاپەڕەیەکـی هـەرە گرنگـی مێـژووی نەتـەوەی کـوردی وە بیـر خەڵکـی کوردسـتان هێناوەتـەوە.

بەهـۆی ئـەوەی هـەژار لـە بنەڕەتـدا ڕۆڵـە و پـەروەردەی خانەوادەیەکـی بێدەرەتـان و لـەڕوی ئابوریـەوە بژێـوی ژیانیـان بـە زەحمەتێکـی زۆر بـۆ دابینکـراوە و دەسـت کـورت بـوون، زۆر چەوسـانەوەی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و تەنانـەت ئابوریشـی بینیـووە، ئەمـەش وایکـردووە ڕاسـتگۆیانە گوزارشـتی لـەو هەمـوو نەهامەتـی و ئـازارەی خێزانێکـی هـەژار و دەسـت کورتـی هـەژار کـردووە و وێنەیەکـی ڕاسـتەقینەی ئامێـزی ڕەخنەگرانـەی لـە شـیعرەکاندا نەخشـە کێشـاوە و بەجۆریـک کـە خوێنـەر و بیسـەری کـورت تێبـگات بـە زمانێکـی سـادە دەریدەبـڕێ. لێفـە و سـەرینە شـڕەیەکی بـی بایـەخ دەکاتـە بابەتێکـی سیاسـی و فکـری؛ بـە شـێوەیک بـە پەردەیەکـی تاریـک و نەزانینـی نەتەوەیـەک دەناسـێنێ.

(٨٢٨) هەژار، دیوانی هەژار بۆ کوردستان (پ- ١)١٣.

کە گەلە هەمیشە و بەبەردەوامی لە ژێریدا خەوتوە و ڕووی ڕاستەقینەی داپۆشیوە و بەهۆی ئەم تاریکی و نەزانی و پیسیەوە کێچ و مۆرانە لێیداوە. ئەمەش نمونەیەکە لەم شیعرە بەناوی" هەی لێفە شڕە":

| | |
|---|---|
| من و نینۆکم لەشکرەمان گردە | لەگەڵ کێچانمان هەر زەردە و خوردە |
| هەموو شە و تا ڕۆژ پارێزی دێنن | دزی شمەک نین دوژمنی خوێنن |
| تابەری بەیان شەڕ و هەڵڵایە | هەر کێچ بۆ من دەس بە تێڵایە |
| شەوانە کاری سەد هەزار نیە | کە ڕۆژ ڕووناک بوو یەکێ دیار نیە |
| ڕۆژ تا دەریانکەم تەمین بێ ژینم | هەرچی دەگەڕێم یەکێ نابینم |
| لێفە شڕێکمان هەیە پوواوە | بەسەر ئادەم و حەواش دادراوە |
| بەری لۆکەیە و پشتی ریتاڵە | هێندکۆنەعاسمان پێی دەڵێ خاڵە.[(٨٢٩)] |

لێفە شڕە، نیشتیمان و خاکی دەوڵەمەندی کوردە؛ (کێچ)یش . گوزارشت لە ئیمپریالیزم و داگیر کەر دەکا. بەبێ هەوڵدان و تیکۆشان هیچی دەرهەق ناکرێ و شاعیر بەشێوەی گاڵتە ئامێز هاوار و داد و سکاڵای خۆی دەخاتە بەردەستی نەتەوە یەکگرتوەکان؛ کە ئەوانیش لە ئاست هاواری بێ نەوا خۆیان کەڕ کردووە بۆیە دەڵێ:

| | |
|---|---|
| ئەی شورای میلەل ئەگەر ڕاست دەکەن | لە زوڵم و زۆری باز خوات دەکەن |
| شەرعی من دەگەڵ لێفە شڕ بکەن | ئەو بسوتێنن با کێچ قڕ بکەن. |

وەکو دیارە شیعرەکانی هەژار ئاسان دێنە بەرچاو بەڵام ناوەڕۆکێکی سیاسیانەی قوڵیان هەیە. بۆیە شیعرەکانی هەڵقوڵاوی ناخیەتی و گوزارشت لە ژیانی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەی کوردەواری دەکات.

هەژار کە بەدرێژایی تەمەنی شیعری نوسیووە، شیعر لای ئەو ڕووداوێکی سیاسییە، بۆ هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتییە.

(٨٢٩) هەژار، گۆڤاری هەڵاڵە، "هەی لێفە شڕە" (٣ لە ١٣٢٥- بانەمەڕی - نیسانی ١٩٤٦)٢٧-٢٨.

**بەکورتی شێوازی شیعرەکانی هەژار دەخەینەڕوو:**

**شیعری هەژار لە ڕووی ڕوخسارەوە:**

شیعری بەحرووزی کلاسیکی کەمە، ئەوەی هەشیەتی بۆ بیری کوردایەتی بەکارهیناوە. بەڵام شیعری میللی خۆماڵی یەکجار زۆرە. کێشە بنچینەییەکانی شیعری میللی بەکارهێناوە.

**شیعری هەژار لە ڕووی ناوەڕۆکەوە:**

بەشی زۆری بەرهەمەکانی هەژار ستایش و پێداهەڵدان و شانازی کردنە، ئەمەی تێکەڵ کردووە بە سیاسەت، واتە ئەوە ڕووداوانەی بەسەر گەلی کوردا هاتوون، لەو ڕۆژگارەی هەژار تێیدا ژیاوە. لەم ڕووەوە شیعرەکانی بەچوار قۆناغدا تیپەڕیووە:

١. سەرەتای دەست پێکردن و نوسینی شیعری تا ساڵی ١٩٤٨: لەم ماوەیەدا شیعری بریتی بووە لە ستایش و پێداهەڵدان، قازی محەمەد و کۆماری کوردستان و ستالین و یەکێتی سۆڤیەت.

٢. قۆناغی بەغدا ١٩٤٨- ١٩٥٨: لە ماوەیەدا زیاتر لە دوو ساڵ لە سووریا و ڕۆژئاوای کوردستان بووە و ژیاوە. لەم قۆناغەدا شیعری بەشێوەیەکی گشتی ڕەنگدانەوەی بیری کوردایەتییە. لە پێشا زیاتر ئەوەی پێوەدیار بووە هێرشی بردۆتە سەر حەجەم. لەم دەورەدا زیاتر باس لە خراپی داگیرکەرانی کوردستان بەگشتی دەکا. وەک تورک، عەرەب و حەجەم.

٣. قۆناغی بەغدا و کوردستان: ١٩٥٨- ١٩٧٥: زۆربەی شیعرەکانی لە ستایشی بارزانی و شۆڕشی کورد بووە. هەروەها لە دژی دەسەڵاتدارانی عێراق بووە.

٤. قۆناغی دوایی ١٩٧٥-١٩٩١: لەم قۆناغەدا زیارتر سەرقاڵی نووسینی بەرهەمی دیکە بووە، بەڵام هەندێک شیعری نووسیوە کە بەشێکیان لەسەر کۆچی دوایی مستەفا بارزانی و ساڵڕۆژی ئەو بوو.

ئەگەر بە وردی سەرنجی، دیوانی هەژار بۆ کوردستان بدەیت، بۆت ڕون دەبێتەوە، چەند لە بواری شیعری دیالۆکدا، لەگەڵ سروشتی ناوچەی موکریان، چیا، دەشت و

ڕووبـار و کانـی شـاری مەهابـاد دا، کارامەیـی و شـارەزا و لێـزان بـووە، بەزمانـی سـادە و کـوردی پەتـی نوسـیویەتی و سـەرنج ڕاکێشـە، خۆشەویسـتی بـۆ کوردسـتان، لـەو دیوانـەی ڕەنگـی داوەتـەوە. و سـۆزی بـۆ نیشـتیمان، شـیعری گوتـووە و ئەمـەش وایکـردووە، ئێـش و ئـازاری نەتەوەکـەی لـە بابەتەکانیـدا ڕەنگـی داوەتـەوە. وەک (حەسـەن قزڵجـی)، لـە وەسـفێکدا یاداشـتی کردووە"هەمیشـە لـە شـیعرەکانیدا بەپەرۆشـی گەلەوەیـە"[٨٣٠]، هەربۆیـەش ئـەو قۆناغـە، پێویسـتی بـەم شـێوازە بووە[٨٣١]،هـەژار لـە نووسـینی شیعردا، وا بەسـتە نەبـووە، بـە شـێوەزاری ئاخاوتنـی ناوچەیەکـی دیاریکـراو، گەڕانـی زۆر لـە ناوچـە جـۆرا و جۆرەکانـی کوردسـتان، توانیویەتـی زمانـی شیعرەکانی دەوڵەمەندتـر بـکا و خەڵکی بـە ئاسـانتر لێـی تێبـگات.

بەشـێکی زۆری ئـەم دیوانـە پەیوەسـتە بـە شـیعری بەرگرییـەوە، ئەمـەش بـۆ ئـەو سـەردەمە دەگەڕێتـەوە، کـە هـەژار تیایـدا ژیـاوە و هەمـوو بەرگـری و بەربەرەکانـی کوردە، لـە چوارچێـوەی خۆیـدا بۆئـەوەی بـە زیندویـی بمێنێتـەوە و نەتوێتـەوە. کـە بـەردەوام لەلایـەن داگیرکەرانـی کوردسـتانەوە هەڕەشـەی توانـەوە و سـڕینەوەی لەسـەر بـووە. بۆیـە ئەویـش بـە نـاوی میللەتـەوە هـاواری کـردووە و شـیعری گوتـووە.

بەهرە و ئەندازەیەکی بەرز لە شیعرەکانی بەدیدەکرێ، ئەمەش کە شیعری ئەویندارییش دەگرێتـەوە[٨٣٢]. لـە شـیعری بەرە و موکریان، لـە باری ئەدەبی و وێژەییەوە شـاکارێکە، هانی هەسـتانەوە و بەگژداچوونـەوە، ئاوەدانکردنـەوەی سـەنگەری دژی نەیارانـی و لاوەکانی لەو ناوچەیـە هانـدەدات. لەم شیعرەدا هەسـت و عیشـق و بیرەوەری مێژوویـی و ئازاری دوورە نیشـتیمانی، جوانـی سروشـتی و ئاواتـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی، هەمـوو پێکـەوە تێکـەڵاو کـردوون، کانیاوێـک و ئاوێکـی سـاف و زوڵاڵ و ڕۆشـن پێـک دێنـن، وەک جۆگەلـە ئاوێکـی کـپ و بێدەنـگ، بەنێـو نەرمـە گیایەکـی کورتـی بەهـاری بـە داوێنـی چیایەکانـدا دەڕوا و شـنەبایەکی نـەرم و شـێدار لەگەڵ خـۆی دەهێنێت.

---

(٨٣٠) حەسەن قزڵجی(پ- ٧٧)١٩١.

(٨٣١) زامـدار ئەحمـەد، دیـدار لەگـەڵ حەیـدەر عەبدوڵـڵا "٢ وانـەر گۆڤارێکـی ئەدەبیـی وەرزییـە کۆمەڵگـەی پەروەردەیـی مارگرێـت دەری دەکات(چاپخانـەی کارۆ- ٢٠٢١) ١٩١.

(٨٣٢) مەهدی خۆشناو(پ- ١٤٨)١٣.

هــەژار کاتێــک لــە شــیعری بــەرە و موکریــان دەنوســێت، بــە ناچــاری نیشــتمان و زیـدی خـۆی جێهێشـتوە و وێنەیەکـی جوانـی جوگرافیـای موکریـان دەخاتـەڕوو، هـەوڵ دەدا دابڕانــی و تینویەتــی بــۆ ئــەم ناوچەیــە، بەهــۆی ئــەم پارچــە شــیعرە بشــکێنێ و جوگرافیایەکــی بێبڕانــەوە تۆمــار بــکا. وای پێشــانی دەوروبــەر بــدا، ســەرەڕای ئــەوەی بــەزۆر لــە بەشــێک لــە خاکــی نیشــتیمانەکەی دەرکــراوە و ئــاوارە و پەڕیــوە بــووە، بــەڵام تادێــت خۆشەویســتی بــۆ نیشــتمان و ناوچەکــەی زیاتــر گەشــە دەکات.

ئەمــەش وەک وەفایــەک بــۆ ئــاو هــەوا و ژینگــەی ئــەو ناوچەیــەی لێــی گــەورە و پــەروەردە بــووە. ئــە شــیعرە بــە جوگرافیایەکــی زینــدوی ناوچــەی موکریــان هەژمــار دەکـرێ و هەروەهـا بیـری خوێنـەری کـورد دێنێتـەوە، کـە نابـێ خۆشەویسـتی نیشـتیمان لەبیـر بکـەن، کەئەمـەش پێویسـتی بـە خەبـات و قوربانیدانـە، لـەم شـیعرەدا وێنەیەکـی ناخــی خۆیبــووە و خســتویەتە ســەر کاغــەز.

ئــەم شــیعرە بەشــێوەی دەســتنووس لــە بەشــێک لــە شــار و شــارۆچکە و گوندەکانــی ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان، بڵاودەکرایــەوە و خوێنــەری زۆر بــوون، هاندەرێکــی ســەرەکی بــوو، بــۆ وروژاندنــی هەســتی نەتەوەیــی لای تاکــی کــورد و گاریگــەری بەرچــاوی هەبــوو، وەکــو کەســایەتییەکی ڕۆشــنبیر کــە خــۆی لەنــاو ڕووداوەکانــی ئــەو ســەردەمەدا ژیــاوە، ڕای وایــە کەســانێکی زۆر بەهــۆی کاریگــەری ئــەم شــیعرانەوە، پەیوەندیــان بــە جوڵانــەوەی چەکــداری ســاڵانی ١٣٤٦-١٣٤٧ (١٩٦٧-١٩٦٨)کــردووە، هەروەهــا گرنگــی مێژوویــی هەیــە، ئەویــش بــەوەی نــاوی گــەڕەک و شــوێنە دێرینەکانــی مەهابــاد دەهێنــێ(٨٣٣).

ســەرەڕای ئــەو تایبەتمەندیــە باشــانەی ئاماژەیــان پێکــرا، لەگەڵ ئەوەشــدا لەکــەم و کوڕی بەدەرنەبــووە، و بەهــۆی لەتبوونــی پــدک لەناوەڕاســتی شەســتەکانی ســەدەی ڕابــردوو،

(٨٣٣) نامـق هەورامـی، هەژار لە سـنە (پ-٤٩)٣٤-٥٢. بۆ زیاتر زانیاری لەسـەر جوڵانـەوەی چەکدارانەی حـدکا، بڕوانـە. یاسـین سەردەشـتی، خوێندنەوەیەکـی مێژوویـی نێـو خۆییەکانـی حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتان(حدکا) و جوڵانەوەی چەکدارانەکەی سـاڵانی ١٩٦٧-١٩٦٨ لە کوردسـتانی ئێران (چاپی یەکەم- چاپخانـەی ڕاز- سـلێمانی ٢٠٠٢).

ململانێـی سیاسـی زمانـی شـیعری زبـر بـووه، بەتایبـەت لەسـەر نەیارەکانـی، یـەک لەوانـە:

هۆنــراوەی (شــیرین بەهــارەی) ئیبراهیــم ئەحمــەد بــووە، کەهەڵیگڕاوەتــەوە و لــە دیوانەکەیــدا بــڵاوی کردۆتــەوە، چەندیــن هۆنــراوەی تریشــی لــە دژی نەیارانــی سیاســی نوســیوە[٨٣٤]. هــەر تەواوکــەری ئــەم بابەتــە، ناوبــراو زمــان شــڕ بــووە و هەتــا جنێـوی بـازاڕی گوتـووە، هەندێـک جـار لـە ڕۆژنامـەکان، بـە شـێوەی بێزارکـەر سرودی هەڵگێڕاوەتــەوە، بــۆ نمونــە دەگوتــرێ لــە ســاڵی ١٩٦٧، سرودێــک کــە (خالیــد دلێــر) نوسـیویەتی، لـە باڵـی مەکتەبـی سیاسـی بـووە، بەنـاوی "پێشـمەرگەین بەهەڵمەتیـن-پاڵەوانـی میللەتیـن.." هەڵگێڕاوەتـەوە و لـە ڕۆژنامـەی خەبـات بـڵاوی کردووەتـەوە[٨٣٥]. بـەڵام توێـژەر بەدواداچونـی بـۆ ئـەم بابەتـە کـرد، لـە ڕۆژنامـەی خەباتـی سـاڵی ١٩٦٧ و دیوانــی هــەژار بــۆ کوردســتان، ئــەم هۆنراوەیــە بەرچــاو نەکــەوت.

هــەژار لــە ڕێــگای نووســین و هۆنراوەکانییــەوە، لــە ســاڵانی شەســتەکانەوە، نــاو ناتـۆرەی خـراپ دروشـمی ناشـیرین و ڕقـو کینـەی بەرامبـەر، بـە هاوخەبەتەکانـی خـۆی هەڵڕشــتوە[٨٣٦]. و بابەتێــک لــە هەفتەنامــەی گۆڤــاری ڕزگاری کەنــاوی نووســەرەکەی (مامەپیرە)یــە، دژی هــەژار بڵاوکردۆتــەوە، بــەڵام هــەژار لەوکاتــەدا وایزانیــوە (ئیبراهیــم ئەحمــەد) بەخراپــە لەســەری نووســیوە، بۆیــە ئەویــش لەوەڵامــدا لەشــیعری "هەجــو" هێــرش دەکاتــە ســەری. بــەڵام پاشــان (نەوشــیروان مســتەفا) لــە کتێبــی پەنجــەکان یەکــتری دەشــکێنن، دان بەوەدادەنێــت ئــەو، ئــەم لێکۆڵینــەوەی لــە گۆڤــاری ڕزگاری لەســەر هــەژار بڵاوکردووەتــەوە، [٨٣٧]. نوســینی ئــەم جــۆرە شــیعرانە، زیاتــر ململانێــی لەگــەڵ نەیارەکانــی قوڵــتر کردووەتــەوە، وزەیەکــی زۆری مرۆییــان بەفیــڕۆداوە.

بــەڵام نەیارەسیاســییەکانی هــەژار، وەک ئیبراهیــم ئەحمــەد، جــەلال تاڵەبانــی و نەوشــیروان مســتەفاو..... لــەو قۆناغــەی ناکۆکــی و ململانێــی سیاســییان لەنێــوان

(٨٣٤) هەژار، دیوانی هەژار بۆ کوردستان (پ- ١)٢٧١-٢٨٠.
(٨٣٥) خالد دلێر، هێمن و هەژار دۆست ودژوار (ب-ش.چ سلێمانی ٢٠٠٣)٢٠.
(٨٣٦) مامە پیرە(پ- ٤٧٣)٤٧-٥٠.
(٨٣٧) نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن (پ- ٥١١)٩٨.

دروســـت بـــووە. بەتایبـــەت لەناوەڕاســـتی شەســـتەکانی ســـەدەی ڕابـــردوو، دەســـتی پێکـــردووە و درێخیـــان نەکـــردووە و دژی هـــەژار قســـەی ناشـــیرینیان گوتـــووە." بەپێـــی گوتـــەی کەســـایەتی ڕۆشـــنبیر ماجـــد مـــەردۆخ ڕۆحانـــی[٨٣٨] زۆربـــەی زۆری ئەوانـــەی بـــە هەژاریـــان گوتـــووە لـــە ڕادیـــۆ خوێندراوەتـــەوە و هیچیـــان بـــۆ هـــەژار نەهێشـــتووەتەوە، بـــەڵام چـــووە و نەمـــاوە، لـــە شـــوێنێکدا تۆمـــار نەکـــراوە" بەقســـەی هـــەژار ناوبـــراوان هێنـــدە بەخراپـــە باســـیان کـــردووە" وەڵـــڵا حەیایـــان بـــۆم نەدەهێشـــت، بـــەڵام نووســـین دەمێنێتـــەوە و ڕادیـــۆ نامێنێتـــەوە و چـــووە"[٨٣٩]. بەتایبـــەت ئەمـــەش ڕۆڵـــی خـــۆی بینیـــوە لـــە قوڵکردنـــەوە و زەق کردنـــەوەی کێشـــەکانی نێـــوان یـــان.

**فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە (١٩٩٠):**

فەرهەنـــگ نووســـین لای کـــورد، مێژوویەکـــی هەیـــە تـــا ڕادەیـــەک دەوڵەمەنـــدە و هەنـــگاوی باشـــی هاویشـــتووە، تاوەکـــو گەیشـــتووەتە ئـــەوەی هـــەژار دوای چەندیـــن ســـاڵ هـــەوڵ و ئامـــادەکاری توانـــی ئـــەم فەرهەنگـــە بنووســـێت، کـــە لـــە(١٠٣٥) لاپـــەڕەدا (٥٨٤٨٧) وشـــەی لەخـــۆ گرتـــووە، چاپـــی یەکەمـــی لـــە ســـاڵی ١٩٩٠ لـــە چاپـــداوە، لەبـــەر دەوڵەمەنـــدی ناوەڕۆکەکـــەی و سەرنجڕاکیشـــی بـــۆ خوێنـــەران، چەنـــد جارێکـــی تـــر چاپکراوەتـــەوە. بـــە جۆرێـــک فەرهەنگەکـــە لـــە ڕووی چەندایەتـــی و چۆنایەتیـــەوە، بەرهەمـــی کەلتورێکـــی گرنگـــە، بەتایبەتـــی کـــە بەرهەمێکـــی ســـەرچاوە و ژێـــدەرە، کـــە بناغـــەی هـــەر پێشـــکەوتنێکی ڕۆشـــنبیرییە. دەکـــرێ ئـــەم فەرهەنگـــە بـــە شـــاکاری هـــەژار و شـــا فەرهەنگـــی کـــوردی ناوببرێـــت.

---

(٨٣٨) ماجـد مـەردۆخ ڕۆحانـی: کـوڕی بابـە مەردۆخـی ڕۆحانییـە، سـاڵی ١٩٥٨ لـە شـاری سـنەی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لـە دایـک بـووە، دایکـی لـە بنەماڵـەی مفتـی زادەیـە. ڕۆحانـی نزیکـەی یـازدە سـاڵ لـە کۆتاییەکانـی تەمەنـی هـەژار پێکـەوە دۆسـت بـوون و کاریـان کـردووە، دوای کۆچـی دوایـی هـەژار سەرپەرشـتی لـە چاپدانـەوەی زۆربـەی بەرهەمەکانـی هـەژار موکریانـی لـە ئەسـتۆدایە. زامـدار ئەحمـەد، دیـدار لەگـەڵ ماجـد مـەردۆخ ڕۆحانـی، هـەژار موکریانـی لـە چەنـد دیدارێکدا(چاپـی یەکەم- چاپخانـەی چوارچـرا- سـلێمانی ٢٠٢٣)١١٨-١٣٢.

(٨٣٩) زامـدار ئەحمـەد، دیـدار لەگـەڵ ماجد مـەردۆخ ڕۆحانی، هـەژار موکریانی لە چەنـد دیدارێکدا(پ – ٨٣٨) ١١٦-١١٧.

نـاوی فەرهەنگـی هەنبانـە بۆرینـە بەمانـای چیـت ویسـت دەسـتی تێخـە و بەشـێکی تێدایـە[٨٤٠] و ئـەوە بـوو لـەم سـاڵەدا، فەرهەنگـی کـوردی- کـوردی- فارسـی بڵاوکرایـەوە، ئـەم بەرهەمـە دوای شـەونخون، ماندوبـون و سـەلیقەیەکی زۆری پێویسـت بـووە، ئەگـەر سیاسـیبوون، دەربـەدەری و ئاوارەیـی نەبووایـە، ئـەم فەرهەنگـەی بـەم شـێوە دەوڵەمەنـد دەرنەدەچـوو. شـارەزای و لێهاتوویـی ئـەوە دەردەخـا لـە ئەنجامـدا کەلێنێکـی گـەورەی لـە کتێبخانـەی کـوردی پـڕ کـردەوە. ئـەم فەرهەنگـە بـە یەکێـک لـە گەورەتریـن فەرهەنگـە کوردییـەکان دەژمێـردرێ.

وەک کەسایەتییەکی زمانـزان و ڕۆشـنبیری کـوردی ڕۆژهـەڵات، کـە خۆیشـی شـارەزایی باشـی لـە بارەیـەوە هەیـە و باسـی ئـەوە دەکات ئـەوەی لـەو کتێبـەدا تۆمارکـراوە" لانـی کـەم لـە ٣٠ ٪ ی بۆمـن تازەیـە و نـەم بیسـتوە و ئێسـتاش فێـری نەبـووم" [٨٤١].

لای هـەژار پاڵنـەری سـەرەکی بـۆ دانانـی ئـەم فەرهەنگـە، هەسـتی نەتەوەیـی و خۆشەویسـتی وشـەی کوردیـە و نووسـەرێک پێیوایـە ئـەم فەرهەنگـەی هـەژار دەکرێـت ببێتـە "بناغـەی ئەنسـکلۆپیدیایەکی کـوردی بایەخـدار" ئەگـەر زانـا و ناوەندەکانـی توێژینـەوە و لێکۆڵینـەوەی زمـان پـەرەی پێبـدەن، زمانـی کـوردی تاڕادەیـەک دەوڵەمەنـد کـردووە [٨٤٢]، و بـە جۆرێـک خـۆی پێـوە مانـد و کـردووە، کۆمەڵێـک وشـەی کـوردی لـە فەوتـان ڕزگار کـردوون، خەڵکـی سـوودیان لێبینیـوە، پێویسـتە خوێنـەری کـورد گرنگـی پێبـدات[٨٤٣]، ئـەوەی یارمەتـی دەربـووە بـۆی، بەهـۆی ئـەوەی زۆر لـە ناوچەکانـی کوردسـتان گـەڕاوە، شـارەزایی باشـی پەیداکـردووە، وشـەی ڕەسـەنی زۆری کۆکردووەتـەوە، ئەمـەش بەهرەمەنـدی ئـەو دەردەخـات، هەتـا نـاوی ئـەو گوندانـەی کوردسـتانی کـە بـەر ئەنفـال کەوتبـوون، خسـتووەتە نـاو هەنبانـە بۆرینـە، بۆئـەوەی

(٨٤٠) عەبدولڕەحمان شـەرەفکەندی- هـەژار، هەنبانـە بۆرینـە- فەرهەنگـی کـوردی- فارسـی (چاپـی چـوارەم چاپخانـەی سروش- تـاران ١٣٨٤ – ٢٠٠٥)١-٣٥.

(٨٤١) عەبدوڵڵا حەسـەن زادە، گـوڵ چینینـەوە لـە خەرمانـی هەنبانـە بۆرینـەی هـەژار (چاپـی یەکـەم سـتۆکهۆڵم وەشـاندی APEC ١٩٩٥)٣-٥.

(٨٤٢) نامق هەورامی، هەژار لە سنە (پ-٤٩)٦٠.

(٨٤٣) زامدار ئەحمەد، دیدار لەگەڵ حەیدەر عەبدوڵلا (پ- ٨٣١)١٨٦.

وەک بەڵگەنامەیەکــی مێژوویــی بمێنێتــەوە و ئامانجێکــی سیاســی گەورەشــی لــە فەرهەنگەکــەدا تۆمــار کــردووە.

ئـەو فەرهەنگـە و کاری فەرهەنـگ بەگشـتی، ماندوبـوون و ڕەنجێکـی زۆری دەوێـت، بەهـۆی ئـەوەی زمانـی کـوردی زۆر دەوڵەمەنـدە، بۆیـەش کارێکـی وا ئاسـان نییـە، تەنیـا کەسـێک و لـە فەرهەنگێکـدا هەمـوو وشـەکان کۆبکاتـەوە، بەڵکـو ئەمـە کاری چەندیـن کەسـی شـارەزایە لـەم بـوارەدا دەبێـت حکومەتیـش پاڵپشـت بێـت.

سـەرەڕای ئـەوەی کۆمەڵێـک فەرهەنگـی کـوردی نـووسراوە، کـە پێشـەنگی ئەمـەش شـاعیری نەتەوەیـی (ئەحمـەدی خانی)یـە و فەرهەنگـی نوبەهـارا بچووکانـی خستـەڕوو، ئەمـەش بـوو بەسـەرەتایەک بـۆ نووسـینی فەرهەنگـی کـوردی پاشـان (شـێخ مارفـی نۆدێـی) ئەحمەدیـەی نووسـیوە.

دواتریـش ئـەم ڕێچکـە بەردەوامـی هەبـووە لەوانـە: فەرهەنگـی مـەردۆخ محەمـەدی مــەردۆخ -١٩٥٦. فەرهەنگــی ئەرمەنــی - کــوردی نووســینی ســەمەند ســیاباندۆڤ - ١٩٥٧. فەرهەنگـی خـاڵ، شـێخ محەمـەدی خـاڵ - ١٩٦٠. فەرهەنگـی کـوردۆ لـە قەناتـی کــوردۆ - ١٩٦٠. فەرهەنگــی نۆبــەرە، گیــوی موکریانــی- ١٩٨٦. فەرهەنگــی کوردســتان، گیـوی موکریانـی- ١٩٩٩. فەرهەنگۆکێکـی زانسـتی، جەمـال نەبـەز - ١٩٦١. فەرهەنگـی کــوردی، جگەرخوێــن - ١٩٦٢. فەرهەنگــی کــوردی- عەرەبــی- فارســی عەلائەدیــن ســەجادی - ١٩٦٢. فەرهەنگـی پەهلـەوی - کـوردی سـدیق سـەفی زادە (بۆرەکەیـی) - ١٩٧١. قاموسـی زمانـی کـوردی، عەبدولڕەحمانـی زەبیحـی ١٩٧٧. فەرهەنگـی شـارەزوور، شـەفیق قـەزاز - ٢٠٠٠. [٨٤٤]، هەروەهـا چەنـدان فەرهەنگـی دیکـەش وەکـو: تۆفیـق وەهبــی، شــوکروڵڵای بابــان، ، حاجــی حەبیبــوڵای مەنســووریان، عەبدولڕەحمانــی حاجـی مـارف، سـەڵاح سـەعدوڵا و هەروەهـا فەرهەنگـی (محەمـەدی مـەلا کەریـم) کردوویەتـی بـە پاشـکۆی خـوسرەو شـینەکەی (خانەقـای قوبـادی)[٨٤٥].

(٨٤٤) زامدار ئەحمەد، دیدار لەگەڵ حەیدەر عەبدوڵڵا (پ- ٨٣١)١٨٧.
(٨٤٥) حەکیـم مـەلا سـاڵح، هەنبانـە بۆرینە یەکێکە لە شـاکارەکانی مامۆسـتا هـەژار"١٦٥ برایەتی ئەدەب و هونەر(١٨ی شـوباتی٢٠٠)٢.

ئـەو کەسـانەی وشـەیەکی کوردیـان لەلایـان نامـۆ بـێ، بەشـێکی وەڵامەکەیـان، لـەم کتێبـە دەسـتدەکەوێ[(٨٤٦)] و داهێنانـی زۆری پێـوە دیـارە، تـا ئـەم ئەرکـە مێژوویـەی بـۆ گەلەکـەی ئەنجامـداوە. بـەم کارەی کـردی خزمەتـی بەرچـاوی فەرهەنگـی بەگەلـی کـورد کـردووە هـەوڵ و کۆششـێکی زۆری داوە، تـا ئامادەیکـردووە، توانیویەتـی کەلێنێـک لـە کتێبخانـەی کـوردی پڕبکاتـەوە.

جگـە لەمـەی لـە سـەرەوە ئامـاژەی پێکـراوە، فەرهەنگەکـە چەنـد سـوودێکی دیکـەی هەیـە، ئـەو کەسـانەی وشـەیەکیان لـێ گیـر دەبـێ، دەتوانـن پەنـا بەرنـە بـەر ئـەم فەرهەنگـە، بۆئـەوەی مانـای تـەواوی بدۆزنـەوە. نووسـەر و ئەدیـب دۆسـتان دەتوانـن، بـۆ دەوڵەمەندکردنـی بابەتەکانیـان، بەمەبەسـتی دەسـتکەوتنی وشـەی پـاراو و ڕەسـەنی کـوردی پشـتی پـێ ببەسـتن، شـاعیرانیش بەهەمـان شـێوە بـۆ بـەراوردکاری لەنێوان وشـەکان، کامەیـان لەبـەرزاران سـوکە و لەبەرچـاوان خۆشـە و لەبـەر گوێچکـەی ڕەوانـە بـەکاری بێنێ.

هـەژار لـە کۆتایـی پێشـەکیەکەیدا داوا لـە خوێنـەران و ڕوناکبیـران دەکات و دەڵـێ" جـا ئەگـەر بـۆ وشـەیەک گەڕیـای و دەسـتت لەژێـر هەنبانـە بۆرینـەوە دەرچـوو، تـوڕە مەبـە و تـوڕی مـەدە. هـەوڵ بـدە ئـەوەی کـە خـۆت توشـی نەبـووی، یـا ئـەوەی کـە دەزانـی لەوێـدا نیـن، تـۆ لـە لاوە کۆیـان بکـەوە و بیاننوسـەوە، ئـەوە خوایـە، جارێکـی تـر مـن یـا هەژارێکـی دیکـەی لـە مـن چاتـر و زاناتـر، لـە چاپەکانـی دواڕۆژدا بیانخاتـە سـەر..."

وێـڕای ئەمـەش، سـەرەڕای ئـەو هەمـوو ماندوبـوون و ئـەو خزمەتـە گـەورە و زۆرەی بـە وشـەی ڕەسـەن و فەرهەنـگ و کەلتـورە دەوڵەمەنـدەی کـوردی کـردووە؛ بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ئەگـەر بـە چاوێکـی زانسـتیانە تەماشـای بکەیـن و هەڵیبسـەنگێنین، بەدڵنیایـی چەنـد تێبینـی و سـەرنجێکمان بـۆ دروسـت دەبـێ بـەم شـیوەیە:

کەموکـوڕی لـە واتـا و لێکدانـەوەی وشـەکاندا هەیـە، ئـەم فەرهەنگـەش تـەژی نییـە لـە هەمـوو وشـەیەکی کـوردی، زمانـی کـوردی بـە هەمـوو زاراوە و شـێوازەکانییەوە ئەوەنـدە بەرفـراون و دەوڵەمەنـدە، فەرهەنگێکـی لەمـە گەورەتـر هەڵدەگـرێ، هەژاریـش لـە

---

(٨٤٦) عومـەری سـەلەفی، کـێ هێنـدە هـەژارە مام هـەژار نەناسـێ"٣٦٢٦ برایەتی ئـەدەب و هونەر(٣ی ئازاری ٢٠٠٢)٩.

پێشـەکیەکەیدا دان بەوەدادەنێـت، کـە "تـۆش نەیـژی مـن خـۆم دەیزانـم و ئـەم بەرهەمـە هەژارانـەم کـورت و کەمـە و... بۆیـە نابـێ تێـر و پـاراو دڵ ئـاوی لـێ بخواتـەوە، لـە وزە و هێـزی دانییـە بەرسـڤی هەمـو پرسـیارێکت بداتـەوە، زمانـی کـوردی زۆر دەوڵەمەندتـرە کە هەژارێکـی وەکـو مـن تـاک و تەنیـا و ئـاوارە لـە نیشـتیمان، وەک پێویسـتە کـوردی نـەزان و تـەرە لـە وڵاتـی بێگانـە، بتوانـێ لـە دە یەکێکـی کۆبکاتـەوە..."(٨٤٧) ئەمـەش ئـەوە پشڕاسـت دەکاتـەوە، هەمـوو وشـەیەکی تێدانییـە، پێویسـتە کەسـانی شـارەزا لـە شـوێنە جیاوازەکانـی کوردسـتانەوە، قۆڵـی لێهەڵماڵـن و ئـەو کەلێـن و قوژبنانـەی لـەم فەرهەنگـەدا هەیـە، بـە وشـەکانیان پـڕی بکەنـەوە.

بۆئـەم مەبەسـتە چەنـد ئەدیـب، زمانـزان و نووسـەرێک، کۆمەڵێـک وشـەیان کۆکردووەتـەوە، کـە لـە هەنبانـە بۆرینـەدا نییـە، یـان مانـای کوردیەکـەی تـەواو نییـە، یاخـود، واتـا و مانـای تـری زیاتـری هەیـە.

یـەک لەوانـەناميلکـەی گـوڵ چنینـەوەی (عەبدوڵـڵای حەسـەن زادە)یـە، زیاتـر لـە (١٤٥) لاپـەڕە و چەندیـن وشـە لەخـۆێ دەگـرێ(٨٤٨).

لەلایەکـی تـرەوە هـەژار لەپێشـەکیەکەیدا، ئـەوەی یاداشـتکردووە" پێناسـی گـەلان لـە جیهان...زمانـەو بـەس" ئەمـە بۆچونێکـی ناتـەواوە، ئـەدی جیـاوازی نەتەوایەتـی لەنێـوان وڵاتـان لەوانـە "ئەمریـکا یـا نیوزیلانـد یـا ئوسـترالیا لەوەی ئینگلسـتان جیـا دەکرێتـەوە"(٨٤٩).

ڕەخنـە و سـەرنجی تـری لەسـەرە بەهـۆی ئـەوەی جیـاوازی کـردووە لەسـەر ناوهێنانـی چەنـد شـار و گوندێـک وەک سـلێمانی و کرماشـان... بـەڵام نـاوی قـەڵادزێ و ڕوانـدز و... نەهێنـاوە، کۆمەڵێـک نـاوی ئـەو گوندانـەی لەلایـەن حکومەتـی عێراقـی وێـران کـراون، هێنـاون وەکـو نـۆدێ و قەرەوێـران... لەبەرامبـەردا نـاوی چەندیـن گونـدی نەبـردووە، لـە چیاکانـدا نـاوی قەندیـل و هەندرێـن یاداشـت کـراون، بـەڵام جـودی و حەمریـن... نەهاتـوون. لـە نـاوی گوڵـەکان، گیـاکان، دەشـتەکان، ڕووبـارەکان، تیـرە و هـۆزەکان نـاوی

(٨٤٧) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی- هەژار، هەنبانە بۆرینە- فەرهەنگی کوردی- فارسی (پ- ٨٤٠)٢٧-٣٥.
(٨٤٨) عەبدوڵڵا حەسەن زادە، گوڵ چینینەوە لە خەرمانی هەنبانە بۆرینەی هەژار (پ- ٨٤١).
(٨٤٩) شێرکۆ هەژار، بەرگی دووەم ٢٠١٠( پ- ٣٠٨)٢٢١.

هەندێکیـان هاتـووە و ئەوانـی تریـش نەخێـر. لەوشـەکانی مەولـەوی و خانی..."نـووسراوە - نازنـاوی هەسـتیارێکی بەناوبانگـی کـورد- بـەڵام نازنـاوی مەحـوی و وەفایـی... دەیـان نازنـاوی تـر لەبیرکـراون"[٨٥٠]، هەروەهـا لەبـواری ڕووەک و زینـدەوار، وەک پێویسـت نەچووەتـە وردەکاریـی بابەتەکـە[٨٥١]. چەندیـن وشـەی لـە فەرهەنگـە کوردیەکانـی تـر وەرگرتـووە، کۆمەڵێـک وشـەی بیانـی تێکـەڵ بەوشـە کوردیـەکان کـردوە[٨٥٢]. لەگـەڵ ئەوەشـدا دەکرێـت بڵێیـن ئـەم فەرهەنگـەی هەنبانـە بۆرینـەی هـەژار، هەوڵێکـی تاکـە کەسـی باشـە، بووەتـە بناغەیەکـی بـاش، بـۆ زمانـی کـوردی، وەک سـەرچاوەیەکی یـەکلا کـەرەوە دەخرێتـە ڕوو.

**چێشتی مجێور:**

کەسـایەتیە دیـارە سیاسـیەکان و نووسـەران و شـاعیرانی کـورد لەسـەدەی ڕابـردوو، بـە ڕێژەیەکـی کـەم یاداشـت و بیرەوەرییەکانی ژیانی خۆیانیان نووسـیوە و تۆمارکردووە، گرنگی کـەم بـەم لایەنـە کـە بەشـێکە لـە مێژوویـی نـوێ و هاوچەرخـی کـورد دراوە، سـەرئەنجام ئەمـەش کەموکـوڕی و کەماسـیەکی گەورەیـە، بـۆ مێـژووی هەمەلایەنـەی نەتـەوەی کورد، ئـەوەش هۆکارێکـی بنەڕەتیـە بۆ لەناو چـوون و بزربـوون و فەوتانی زۆرینـەی ڕووداوەکان، یاخـود بەمەبەسـت و بـێ مەبەسـت ڕاسـتی ڕووداوەکان وەک خۆیـان تۆمـار نەکـراون، نەگەیشـتوون و شـێوێنراون، بـەڵام سـی سـاڵ دەبێـت نووسـینەوەی بیـرەوەری و یـادەوەری و یاداشـت و بـرەوی سـەندوە، پێشـکەوتنی بەرچاوی بەخـۆوە بینیووە و بایەخـی پێدەدرێ، بەشـێکی نووسـەر و سیاسـی و شـاعیران بیرەوەریەکانیان نووسـیوەتەوە، یەک لەوانە هەژار موکریانییـە لـە کۆتایـی تەمەنـی خـۆی بیرەوەرییەکانـی خـۆی بەناوی"چێشـتی مجێـور" نوسـیوەتەوە و ڕووداو و بەسـەرهاتەکانی ژیانـی خـۆی و دەوروبەری تێـدا تۆمار کردووە. لە بەشـەکانی تردا لەسـەر ئەم کتێبە هەڵوێسـتە دەکەین. ئەمەش گرنگترین سـەرچاوەی ژیانی

(٨٥٠) حەکیم مەلا ساڵح(پ- ٨١٩)٢.
(٨٥١) ئازاد حەمە شەریف، هەژار موکریانی وەرگێڕ و فەرهەنگ نووس"١ نیشتیمان (٢٨ی ئەیلولی ١٩٩٢)٨.
(٨٥٢) سـاڵح مەحمـود- ڕێبـوار، ڕەخنە لەسـەر هەنبانە بۆرینـە، وەڵامنامە بۆ سـدیق بۆرەکەیی، وەڵامنامە (چاپخانەی گزنگ لقـی ئاوارەی ی.ل.د.ک ١٩٩٥)١٦.

خودنووسی خۆیەتی، بەشێک لە ژیانی لەم کتێبە وەرگیراوە.

چێشتی مجێور ژیاننامەی کەسێکە کە تەمەنی لەگەڵ ژیانی نیو سەدەی گەلی کورد تیکەڵ بووە، ژیانی نموونەیەکی ڕاستەقینەیە لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەلی کورد.

لە ڕووی وێژەوە ئەم کتێبە بە زمانێکی زۆر ڕەوان و ئاسان و ساکار نووسراوە، نووسەر سەرەتا ڕەخنە لە خۆی دەگرێ و خۆی دەداتە بەر تیری تەوس و توانج و تانەوە. ئەوی توشی بووە و بەسەریدا هاتووە یان کردوویەتی، ئەگەرچی زۆر ناشیرن و ناحەز بووبێت، نەیشاردووەتەوە و خۆی لێ نەبواردووە و بە ڕاشکاوی نووسیویە.

خۆشی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە" دەزانم ئەوی نووسیومە، یان دیومە، یان لە خۆم قەوماوە، یان لەدەمی برادەرانی هاوسەفەرم قۆزتۆتەوە"[٨٥٣].

ئەم کتێبە لەساڵی ١٩٩٧ لەلایەن (خانی)ی کوڕی بچووکی هەژار لە پاریس چاپکراوە، چەند کەموکووڕیەکی تێدایە وەک شێوازی تایپکردنەکەی، پێویست بوو کتێبەکەی بۆ چەند بەشێک دابەشبکردایە، لەگەڵ بابەت و ژمارەی لاپەڕە، ئەگەر خوێنەر بەدوای بابەتێکدا بگەڕێ دەبێ، تەواوی کتێبەکەی بخوێنێتەوە. یاخود دەبوو پەراوێزی هەبووایە.... بەڵام هەمان کتێب چاپی ٢٠١٨ لەم توێژینەوەدا بەکارهاتووە، جیاوازی هەیە و پێچەوانەی چاپی یەکەمە، پێشەکی بۆ نوسیووە. لەگەڵ دەرهێنانی پێرستێک. بابەتەکان و ژمارەی لاپەڕەکان دیاریکراوە و هەموو ناوی ئەو کەسانەی لەناوەڕۆکدا هاتووە، لەکۆتایی کتێبەکە لیزگەی ناوەکان(ئیندێکس)ی بۆ کراوە. ئامادەکردنی ناو نامەیەک، لەگەڵ دانانی پەراوێز، لەگەڵ دانانی هەندێک وێنە، چاپ و تایپی ڕێکوپێک کراوە.

ناونیشانی سەرگوزشتە و بیرەوەری کتێبەکە، کە هەژار لە بارەی ژیانی کوێرەوەری و سەروەریەکانی خۆیەوە یاداشتی کردوون، وەک کەسایەتیەکی کورد کە خزمەتی بە گەلەکەی کردووە[٨٥٤]، کەسایەتی ئەو دەردەخا، پشوودرێژی و

(٨٥٣) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٢.

(٨٥٤) زاهیر ڕۆژبەیانی، چێشتی مجێور "٢٢٧٧/١٤ برایەتی پاشکۆی ئەدەب و هونەر(٢٢ی شوباتی ١٩٩٧)٣.

شەونخونی، بێ ئەوەی بێ ئومێدی ڕووی تێبگات، لە کۆمەڵگەی کوردەواری زیاتر لە نیو سەدە خەبات، بەسەرهاتی خۆش و ناخۆشیەکانی گەلێک دەخاتەڕوو، کە لە کەسایەتی ئەو ڕەنگی داوەتەوە، ئەو میللەتەی لە پێناو مانەوەی بەرگری لە خۆی کردووە[٨٥٥]، کەسایەتییەکی سیاسی و ڕۆشنبیری ڕۆژهەڵاتی کوردستان (عەبدوڵای حەسن زادە) ڕای وایە، شێوەیەکی ئەدەبی جوانی هەیە، بەسەرهاتوو قسەی نەستەق و شیرینی تێدا تۆمارکراوە، گەنجینەیەکە کە کۆمەڵگەی کوردی دەتوانێت سوودیان لێوەربگرێت[٨٥٦]، هەر لەم بارەیەوە توێژەرێک وای بۆ چووە، ئەو کتێبە لە ڕووی زمانەوانییەوە دەوڵەمەندە، پەندی کوردی باشی بەکارهێناوە و پێویستە بخوێنرێتەوە[٨٥٧]، لە بەشێکیدا باس لە ڕەوشی خێڵگەری لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا دەکات، کەوا چۆن کەسانی نەشارەزا و خۆ بەگەورەزان، زاڵ بووە بەسەر ڕووداو و پێشهاتە چارەنووسسازەکاندا، خەڵکیان چەوساندووەتەوە و بەرژەوەندیی خۆیان خستووەتە سەرووی بەرژەوەندیی گشتیەوە[٨٥٨]، لەبارەی پایەی کۆمەڵایەتی لەم بەرهەمە، هەژار پێیوایە ڕۆڵی تاک، کەمتر دیارە و زیاتر بەستراوەتەوە، بە ڕەچەڵەک و خانەوادەکەی، کە ئەمەش دەردێکی کوشندەی کۆمەڵایەتیە؛ بۆیە دەڵێ" زۆر بە ناشکوری ناڵێم، لەم کوردستانەی ئێمەدا گەورەیی بە میراتە نەک بە هونەر و جەوهەر"... کوڕی خاوەن دەسەڵات و پایە کۆمەڵایەتییەکان" تا دنیا دنیایە لە خەڵکی تر پایە بەرزترن؛ نابێ گوێ بدرێتە زانین و هونەریان. جا چونکە کوڕی گەورە ماڵان و لەلە و نۆکەر بەخێویان دەکەن. بە ئارەزووی خۆیان ڕایاندێنن کە قازانجی ئەوانی تێدا بێ. زۆربەی لەلە و نۆکەرەکانیش لە ئاکاردا پاک نین. زۆر بە دەگمەن هەڵدەکەوێ کوڕی پیاوی گەورە نالەبار هەڵنەکەون"[٨٥٩].

جێگای باسە بەڕاستگۆیی بابەتەکانی گێڕاوەتەوە و خستونییە ڕوو، هەتا ئەوەی

(٨٥٥) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩)١٣٧-١٣٨.

(٨٥٦) هەیاس کاردۆ(پ-٦٥٣)١٢٤.

(٨٥٧) غەفوری میرزا کەریم، چەند مەڵۆیەک لە خەرمانی نووسینەکانمدا(پ- ٩٢)٣٨.

(٨٥٨) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩)١٣٩-١٤٠.

(٨٥٩) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٩٤-٩٥.

بەشێکیش کەموکووڕی خۆی تێدا تۆمار کردوون، هەوڵیداوە بێ بنەما ستایشی خۆی نەکات، وەک ئەوکاتەی یەکەم جار چووەتە شاری بەغدا و عەرەبی نەزانیوە، یاخود ڕێگر بووە، لە خوێندنی خوشکە بچووکەکەی وای بۆ چووە نابێ ژن بخوێنێ، ئەگەر کەسێکی تر ئەم هەڵەی بکردایە، ئۆباڵەکەی دەخستە سەرخەڵکانی تر[٨٦٠]، بەڵام پاشان پەشیمان بووەتەوە و لەم ڕەفتارەی کە نواندوویەتی، بەرامبەر خوشکەکەی[٨٦١]. یەکێکی تر لەتایبەتمەندیەکانی ئەوەیە هەرچی بەسەریهاتووە ئەگەر ناشیرین و کەموکووڕیش بێت، خستیوتەڕوو، ئەمەش وایکردووە متمانەی زیاتر لای خوێنەر پەیدابێت[٨٦٢]. نوکتە و قسە خۆشەکانی ناو چێشتی مجێور، لە دوو تویی ١٨٠ لاپەڕە بەناوی هەژار نامە لەلایەن عەلی نادری نووسراوە لە ساڵی ٢٠١٣ بڵاوکراوەتەوە[٨٦٣]، هەروەها (محەمەدی شڵماشی)، لە کتێبی خاپەرۆ، بەشێکی تەرخان کردووە، بۆ قسە خۆشەکانی ناو کتێبی چێشتی مجێور[٨٦٤]، ئەمەش ئەوە دەردەخات، جۆرێکی تر لە تایبەتمەندی نووسینی ئەو جۆرە کتێبانە، گێڕانەوەی بیرەوەری و سەرگوزشتەی ژیان، بەسەرهاتوو و ڕووداوەکانی تێدا تۆمارکراوە، لەلایەک ناوڕۆکی کتێبەکە لە وشکی گرێ کوێرەکان خۆی دەپارێزێ، لە لایەکی تریش هانی خوێنەری دەدا، ماندوبوونی خۆی کەم دەکاتەوە سەرنجی زیاتری بەلای خۆیدا ڕادەکێشی و لە بیریدا دەمێنێتەوە.

لایەنێکی تری، باس لە ئازایەتی چەندین پێشمەرگەی بێ ناوی، سەردەمی کۆماری کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول دەکات، کە چۆن ڕووبەڕووی نەیارەکانیان وەستاونەوە، ئەوانەی وەک سەربازی ون ناوی هێناون[٨٦٥]. ژنیشی لەیادنەکردووە و ستایشی کردووە و بەبایەخەوە باسی دابونەریتە کۆمەڵایەتیەکانی کوردەواری کردووە، و پێیوایە ئەگەر

(٨٦٠) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩) ١٣٣-١٤٤.

(٨٦١) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)١٩٤.

(٨٦٢) ماجد مەردۆخ ڕۆحانی، دەسپێکی بۆ کتێبی چێشیتی مجێور نوسیوە- عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(چاپخانەی سنه ٢٠١٨)دوازدە.

(٨٦٣) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. عەلی نادری، (هەژار نامە) فەلسەفە و پەیامی ژیانی مامۆستا هەژار، گوڵبژێرێک لە بیرەوەری وقسە خۆشەکانی ناو چێشتی مجێور (چاپخانەی هێڤی – هەولێر ٢٠١٣).

(٨٦٤) محەمەدی شڵماشی (پ- ٦٢)١٠٤-١١٧.

(٨٦٥) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩)١٤١-١٤٣.

دەرفەتــی پێبــدرێ، هیچــی لــە پیــاو کەمــتر نییــە، دەتوانــرێ لــە ڕووی کۆمەڵناســییەوە ســوودی لێوەربگیــرێ(٨٦٦). هەروەهــا لەبــارەی ئیتنیــک و گروپــە ئایینــە جیاوازەکانــی تــر، وەســفێکی جــوان و داب ونەریــت و هەڵســوکەوتی ئێزیدییــەکان، عەرەبەکانــی شــام و ئەوروپیــەکان بەشــێوەیەکی مێژوویانــە کــردووە.

وێـڕای لایەنـە ئەرێنیەکانـی کتێبەکـە، لـەڕووی مێژووییـەوە و ئـەو بابەتانـەی لەسـەری خرانـەڕوو، لەگـەڵ ئەوەشـدا هـەژار بـێ کـەم و کووڕی نەبـووە، ئـەم کتێبە بیـروڕای جۆرا و جۆری جیاوازی لەسـەرە، بۆ نمونە. (ماجد مەردۆخ ڕۆحانی) سـاڵانێکی زۆر هاوکار و بەسـەر نووسـینەکانی هەژار ڕاگەیشـتووە، لە دەسـتپێکی کتێبی چێشـتی مجێوری چاپی ساڵی ٢٠١٨ نووسـیویە، کاتـی خۆی هەژار دەستنوسـەکانی ئـەم پەرتووکەی داوەتـێ و دوای خوێندنەوە، بـۆی بردۆتـەوە، چەنـد ڕەخنـە و تێبینـی پـێ گوتـووە، لەوانە نـاو زڕاندنـی کەسـەکان، بەڵام ئـەو نرخـی بـۆ تێبینییەکانـی دانەنـاوە، گوتویەتـی، "ئەمە قسـەی دڵـی خۆمـە" و بەتوڕیەوە کۆتایـی بەبابەتەکـە هێنـاوە، لـە پـاش کۆچـی دوایـی هـەژار بە کەمتر لـە دوو سـاڵ، (خانی) ی کـوڕی بچووکـی هەژار، دەستنوسـەکەی لـە (ماجد) وەرگرتۆتـەوە و ناوبراویـش گفتوگۆی خـۆی و هـەژاری لەسـەر ئەم کتێبـە بۆ گێڕاوەتـەوە(٨٦٧).

لەلایەکـی دیکـەوە (عەبدوڵـڵا حەسـەن زادە)، کاتێـک لـە شـاری پاریـس بـووە، (خانـی) چێشـتی مجێـوری پێـداوە، کـە تەنهـا تایـپ کرابـوو، پێیـدا بچێتـەوە، تێبینـی هەبـووە، شـتی ناڕاسـتی تێدایـە، بـەڵام خانـی گوتـی، "منیـش دەزانـم وایـە"(٨٦٨)، لـەم بارەیەوە (خانـی) پێی وایـە "ئەمـە بابەتێکـی مێژووییـە و ئـەو ناتوانێـت، بەئـارەزووی خۆی دەسـتکاری ئـەم کتێبە بـکات، چونکـە باوکـی لەنـاو ڕووداوەکانـدا ژیـاوە، بابەتەکانـی وەک خـۆی نووسـیوەتەوە و هەڵسـەنگاندنی بـۆ کەسایەتیەکان کـردووە، بۆیـە دەسـتکاری نەکـردووە"(٨٦٩). هەروەهـا (زەینـەب شـەرەفکەندی) خوشـکی هـەژار، پێیوایـە ئەگـەر ڕاوێژیان پـێ بکردایـە، هەندێک

(٨٦٦) خالید میارغونج، چێشتی مجێور لە ڕوانگەی کۆمەڵ ناسییەوە "١٦١ مەهاباد (١٣٩٣- ٢٠١٤)٨-٩.
(٨٦٧) ماجد مەردۆخ ڕۆحانی، دەسپێکی بۆ کتێبی چشیتی مجێوری هەژار نوسیوە(پ- ٨٦٢)سێزدە.
(٨٦٨) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە (پ- ١٥٢) فەرەنسا.
(٨٦٩) خانی شەرەفکەندی(پ- ٧٣) بەریتانیا.

بابەتـی لـەم کتێبـە لادەبـرد، کە شـیاوی بڵابوونـەوە نیـن[٨٧٠]، هـەژار وەک پێویسـت نەبووە، لەبەرامبـەر ئـەو کەسـانەی هاوکاریـان کـردووە، بـۆ نمونـە (لەتیـف کـوڕی شـێخ مەحمـودی حەفیـد)، بەخراپـە باسـی بەشـێک لـە کەسـایەتییە سیاسـیە شـیوعیەکانی عێراقـی کـردووە، لەوانە(حەمید عوسـمان)[٨٧١]، ئەمەش بەشـێکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەوکاتە شیوعیەکان لەگـەڵ حکومەتـی (قاسـم) دابـوون، دژی شـۆڕشـی ئەیلـوول، تاوەکـو هاتنی بەعسـیەکان لە سـاڵی ١٩٦٣، هەروەهـا لـە کوردسـتانیش کـوردە شـیوعیەکان، کێشـە و ململانێیـان لەگـەڵ پارتـی کـردووە، زیاتـر لـەوەش لـە ١٧ی تەمـوزی ١٩٧٣، بـە هاندانـی سـۆڤیەت شـیوعیەکان چوونـە پاڵ بـەرەی نیشـتیمانی لەگـەڵ بەعسـیەکان[٨٧٢].

کۆمەڵێـک لەسـەرچاوەکان ڕایـان وایـە، تاڕادەیـەک بەپێـی دۆسـتایەتی و خۆشەویسـتی، یاخـود ڕق لێبونـەوە، باسـی کەسـایەتییەکانی کـردووە[٨٧٣]، کـە بەشـێوەیەکی سـوک و بەسـیخوڕ، نـاوی کۆمەڵێـک کەسـایەتی سیاسـی و ڕوناکبیـری کـوردی بـردووە[٨٧٤]، وشـەی نەشـیاوی بەکارهێنـاوە، تەنهـا لەسـەر ئـەو جنێوانـەی تۆمـاری کـردوون، دەریـان هێنـاوە و نامیلکەیەکـی ٥٣ لاپەڕەیـان، لەسـەر نووسـیوە[٨٧٥]. (محەمـەدی مەلاکەریـم) ڕای وایـە لەبەرژەوەنـدی گەلـی کـورد دانییـە ناوزڕاندنـی کەسـایەتییەکان[٨٧٦]، تەنانـەت هێرشـی کردووەتـە سـەر پیاوانـی ئایینـی و بەشـێک لە کەسـانی ڕۆشـنبیرو هەرسێ کوڕی خـۆی[٨٧٧]، هـەژار لـە پێشـەکی چێشـتی مجێـور دەڵـێ" بـۆ کوڕەکـەم خانـی کـە بەڕواڵـەت لـە چـوار کـوڕان هـەر ئـەوم مـاوە و ئارەزومـە تەمەنـی درێژبـێ...". نووسـینی ئـەم چەنـد وشـەیەی

---

(٨٧٠) سەعدون مازوچی(پ- ٦٩)١٦- ١٧.

(٨٧١) غەفوری میرزا کەریم، چەند مەڵۆیەک لە خەرمانی نووسینەکانمدا(پ- ٩٢)٣٩-٤٠.

(٨٧٢) فەرەیـدون عەبدولڕەحیـم عەبدوڵڵا، بارودۆخـی سیاسـی کوردسـتان- عێـراق ١١ی مارتـی ١٩٧٠ – ١١ی مارتـی ١٩٧٤ ( چاپـی یەکـەم- چاپخانـەی منـارە – هەولێـر ٢٠٠٨)١٣٤.

(٨٧٣) سـەنگەر زراری، هونـەری ژیاننامـە شـێوازەکانی نوسـینەوەی: بیـرەوەری، گەشـتنامە، ڕۆمانـی ژیاننامەیی(چاپـی یەکـەم ٢٠١٩)٨٧-٨٨.

(٨٧٤) هاشم سەلیمی، وردبونەوەیەک لەسەر کتێبی چێشتی مجێور " ٣٩-٤٠ گۆڤاری ئاوێنە (١٣٧٧- ١٩٩٨)١٥.

(٨٧٥) باوکـی سـیناهی، جنێـو بژێرێـک لـە چێشـتی مجێـور، کوردسـتانی بـەزۆر بـە عێـراق بەسـتراو (چاپخانـەی ئۆفێسـتی ژیـار ١٩٩٩).

(٨٧٦) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩)٨٩- ٩.

(٨٧٧) هاشم سەلیمی(پ- ٨٧٤)١٣.

هـەژار، لەسـەر سـێ لـە کوڕەکانـی گفتوگـۆ و ڕای جیـاوازی لەنێـوان خوێنـەر، بیسـەران و نووسـەران لێکەوتۆتـەوە، هەڵسـەنگاندن و خوێندنـەوەی جیـاوازی بـۆ دەکرێـت، بۆیـە بـە پێویسـتم زانـی ئـەم بابەتـە ڕوون بکەمـەوە و بزانیـن هـۆکاری نووسـین و جیـاکاری لەنێـوان کوڕەکانـی لـە چییـەوە سـەرچاوەی گرتـووە.

وەک لەسـەرەوە ئامـاژەی پێکـراوە، پەیوەنـدی نێـوان بارزانـی لەگـەڵ بەشـێک لـە م . س تێکچـووە و توشـی لێکـترازان هاتـوون. لەسـەر زاری زاگـرۆس کـە دەکاتـە کـوڕی سـێیەمی هـەژار، ئـەوا بۆمـی گێڕایـەوە" شـێرکۆ کـە دەکاتـە کـوڕە گـەورەی هـەژار، لـە کۆتایـی شەسـتەکان؛ پەیوەنـدی بـە جـەلال تاڵەبانییـەوە کـردووە، لـە بەغـدا و هاتوچـۆی کـردووە، مسـتەفا بارزانـی زانیـاری هەبـووە، هـەژاری لەسـەر ئـەم بابەتـە ئاگادارکردووەتـەوە، ئەمەش هـەژاری زۆر نیگـەران کـردووە، بۆیـە لەسـەر ئەمـە لـە کوڕەکـەی تـوڕە بـووە و سـەرکۆنەی کـردووە. بەمـەش کاریگـەری نەرێنـی لەنێـوان یـان دروسـت بـووە"، پاشـان شـێرکۆ بۆتـە ئەندامـی (کاژیـک). هەروەهـا باوکـی زۆر ئومێـدی بـە هەریـەک لـە شـێرکۆ و زاگـرۆس هەبـووە، کـە بخوێنـن و ببنـە خـاوەن بڕوانەمەیەکـی دیـار، سـەرەڕای ئـەوە کـە زیـرەک بـوون و توانـای باشـیان هەبـووە، بـەڵام بەهـۆی تێکلاویـان لەگـەڵ سیاسـەت، کە زاگرۆسـیش نزیکـەی دەسـاڵ پێشـمەرگەی (حـدکا) بـووە و ئەمـەش هـەژاری نیگـەران کـردووە[٨٧٨].

لـە لایەکـی دیکـەوە بەپێـی گوتـەی ماجـد مـەردۆخ ڕۆحانـی کـە نوسـخەیەکی دەستنووسـی چێشـتی مجێـوری لابـووە، هەژار"سـەبارەت بـە شـێرکۆی کـوڕی دوو لاپەڕەیەکـی نوسـیبوو، کـە چـۆن ئـاوای لـێ هـات و چـۆن وای لـێ قەومـا و چی کـرد و کارە ناشـیرنەکانی و قسـە دزێوەکانـی چـی بـوون، ئەوانـەی هەمـوو بـاس کردبـوو، ئـەو کاتـەی خەریکـی چـاپ کردنـی کتێبەکـە بـوون، دادە مەعسـوم داوای لـە خانیـی کـوڕی کـرد، کـە ئەوانـەی لـێ لابـدات و لێـی بسـڕێتەوە، بـا باسـی شـێرکۆی تێـدا نەبێـت، ئێسـتا لـە هەمـوو چێشـتی مجێـور تەنیـا ئاماژەیـەک بـە شـێرکۆ دراوە، خانـی ئەوەنـدەی هێشـتەوە و لەسـەر داوای دایکـی ئەوەکـەی دی لابـرد"[٨٧٩].

---

(٨٧٨) زاگرۆس شەرەفکەندی (پ-٧٢)هەولێر.

(٨٧٩) زامدار ئەحمەد، دیدار لەگەڵ ماجد مەردۆخ ڕۆحانی، هەژار موکریانی لە چەند دیدارێکدا(پ – ٨٣٨) ١١٩-١٢٠.

هەروەهـا لـە چاوپێکەوتنێکـدا مسـتەفا - ئاگـری کـوڕی دووەمـی هـەژار موکریانـی ڕای وایـە، باوکـی زۆر هانـی کوڕەکانـی داوە کـە بخوێنـن بـۆ بەدەسـتهێنانی بڕوانامەیەکـی بـاش، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لەسـەر داوای هـەژار و لـە ڕێـگای سـەرکردایەتی پـدک لـە شـوباتی ١٩٧٦ نێـردراوە بـۆ وڵاتـی هۆڵەنـدا، بـەڵام نەیتوانیـوە درێـژە بەخوێنـدن بـدا و دوای چەنـد مانگێـک گەڕاوەتـەوە ئێـران، هەروەهـا لـە ڕووی سیاسـییەوە بووەتـە ئەندامـی ڕێکخـراوە ئیسـلامیەکان. هەڵوێسـتی ئـەم سـێ کـوڕەی هـەژاری بـێ ئومێـد کـردووە، بۆیـە چـاوی چووەتـە سـەر کـوڕی بچووکـی کـە خانییـە، هەربۆیـەش داوای لـە (مەسـعود بارزانـی) کـردووە و خانـی نێـردراوە بـۆ فەرەنسـا و لـەوێ خوێندوویەتـی. یەکێـک لـە منداڵەکانـی زۆر بـاش بێـت، خۆشـتری دەوێـت لەوانـی دیکـە. ئـەو کاتـەی ماڵیـان لـە ئێـران بـووە. خانـی لـە هەمـوو براکانـی دیکـەی خزمەتـی باوکـی کـردووە، ئیـش و کارەکانـی خـۆی و ماڵـی بـۆ ڕاپەڕانـدووە[٨٨٠]. بەمـەش سـەرنجی باوکـی و دۆسـتانی بـۆلای خـۆی ڕاکێشـاوە.

سـەبارەت بەخـراپ ناوهێنانـی سـێ کوڕەکانـی بۆ جیـاوازی ئینتیمای سیاسـی و کێشـەی خێزانـی خۆیـان دەگەڕێتـەوە، بەشـێکیش پەیوەسـتە بـۆ ئـەوە، هـەژار وەک پێویسـت نەیتوانیـوە، لـە سـەرەتاوە هەسـت و سـۆزی شـێرکۆ، بـۆلای خـۆی ڕابکێشـێت. بەتایبـەت لە سـەرەتای ئاوارەبوونـی هـەژار بـۆ باشـوری کوردسـتان و عێـراق، کـە ئەمەش پـاش دابڕانی و دووری زیاتـر لە هەشـت سـاڵ، لەگەڵ هاوسـەر و شـێرکۆی کـوڕی. بەهۆی ئـەو دابڕانەی کە لەنێوانیانـدا ڕوویـداوە، ئەوانیـش بەتایبـەت (شـێرکۆ) ڕەخنـەی تونـدی لێدەگرێـت.

شـێرکۆ هەسـتی نەتەوەیـی لـە باوکیـەوە فێـر بـووە، بـەڵام تێڕوانیـان لـە یەکـتر جیـاواز بـووە، بـۆ هاوکێشـە سیاسـییەکان، ئاسـاییە دوو ئەدیـب دۆسـت بیـر و بۆچوونـی جیاوازیـان هەبێـت، نـەک وەک کـوڕ و بـاوک[٨٨١]، لـەم بارەیـەوە (عیزەدیـن مسـتەفا ڕەسـوڵ) خوێندنـدوەی وایـە کـە (شـێرکۆ) ناهەقـی و بێڕێـزی بەرامبـەر باوکـی کـردووە، کـە ئـەوە ڕەوشـتێکی بـاش نییـە[٨٨٢]. لـە کۆمەڵگـەی کوردیـدا نامۆیـە و پێویسـتە؛ ئـەو ناوزڕاندنـە

(٨٨٠) زامدار ئەحمەد، دیدار لەگەڵ مستەفا هەژار موکریانی، هەژار موکریانی لە چەند دیدارێکدا(پ- ٨٣٨)٩٤-١٠٣.
(٨٨١) زامدار ئەحمەد، دیدار لەگەڵ حەیدەر عەبدوڵڵا (پ- ٨٣١)١٩٤.
(٨٨٢) ئـازاد عەبدولواحیـد، هەڤپەیڤیـن لەگـەڵ عیزەدیـن مسـتەفا ڕەسـوڵ "٢٤٥ ڕامـان مانگانەیەکـی ڕۆشـنبیریی گشـتییە (٥ی تشرینـی یەکەمـی٢٠١٧)٤٧.

نەبێتە سەرەتایەک، خەڵکانی تریش چاوی لێبکەن[٨٨٣]، هەر لەم بارەیەوە ماجد مەردۆخ ڕۆحانی، کە لە کۆتاییەکانی تەمەنی هەژاردا پەیوەندی لەگەڵی هەبووە و نووسیاری کتێبەکانیشی بووە، لە بارەی باسکردنی کەسایەتییەکان لە چێشتی مجێور ڕای وایە، ئەگەر هەژار" پەیوەندی لەگەڵ کەسەکە باش بووبێت، باشی گوتووە، خراپ بووبێت، خراپی گوتووە" پێی وایە ئەگەر هەڵەی لە کەسێک بینیبایە، ئەوا هەموو شتێکی "لەبارەی ئەو کەسەوە ڕەش دەبینی و... خاڵی سپی تێیدا نەدەبینی"[٨٨٤].

لەلایەکی ترەوە لە وتارێکدا کە پێشتر لە ڤیستیڤاڵی هەژاردا خوێندوویەتیەوە، هەر ماجد مەردۆخ ڕۆحانی، پێچەوانەی ئەم قسانەی سەرەوە کە لەسەر هەژاری کردووە دەڵێ "مامۆستا ستودە لەبەر خزمایەتی یان هەرچییێک، گوتی: بابی ماجد لە ئایەتوڵلای مەردۆخ زاناترە. مامۆستا هەژار جوابی داوە: پێم وانییە!

بەو قسەیە ڕاچڵەکیم. خودایە! ئەو پیاوە وەکو زۆربەی زۆری خەڵکی تر ناچێ و زمان بە لادا خستن نازانێ. ئەگەر زیاتر لێ نزیک بوومەوە، تازە زانیم هیچ شتێ لەو دنیادا بەقەد درۆ، دڕوودەنگی و بەتایبەت ماستاو کردن، تووڕە و وەڕزی ناکا"... ماجد بەردەوام دەبێ لەسەر ستایشی هەژار و دەڵێ" بوێریەکی تایبەتی هەبوو؛ لەسەر بیر و باوەڕی، زۆر دەربەدەری و ماڵ وێرانی بەسەردا هاتبوو؛ تەنانەت لەسەر پیریشدا و بە نەخۆشی و لەش بەباری، ئازایەتییەکەی لەسەر نەکەوتبوو" هەروەها لەسەر بابەتێک ماجد پێی وابووە، ئەگەر ئەو باسە لە پێشەکی ئەم کتێبەشدا نەبێ ئاساییە. دوای گفتوگۆکردن لە نێوانیاندا؛ هەژاریش لە وەڵامدا پێی گوتووە "کەوایە سەری خۆت تازە فێرم مەکە چۆن بژیم. دەسا وەڵڵا هیچ پێم تاڵ نییە لە بەیانیەوە، لەو خەیابانە – لەسەر مەنجەڵێک – توور و چەوەندەر بفرۆشم. کاکە! ئەو چوار ڕۆژە عومرە، ئەوەندە ناهێنێ". دەربارەی وەفاداری هەژار بەرامبەر دۆست و هاوڕێکانی ماجد دەڵێ": وەفاداری مامۆستا [ مەبەستی هەژارە] پێموایە بۆ ئەوە دەشێ کتێبێکی لەسەر بنووسرێ"[٨٨٥].

(٨٨٣) محەمەد کەمانگەر، چەند وتەیەکی پێویست" ٣٩-٤٠ گۆڤاری ئاوێنە (١٣٧٧- ١٩٩٨)١٣.
(٨٨٤) زامدار ئەحمەد، دیدار لەگەڵ ماجد مەردۆخ ڕۆحانی، هەژار موکریانی لە چەند دیدارێکدا(پ – ٨٣٨) ١١٣-١١٤.
(٨٨٥) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩)٣٧-٣٨.

بەڵام ئەوە بۆ هەموو کەسایەتیەکان بەم شێوەیە نییە کە هەژار لە چێشتی مجێور ناوی هێناون. هەردووک لایەنی ئەرێنی و نەرێنی خستووەتەڕوو، واتە هەڵیسەنگاندوون و باسی لە چاکە و خراپە و کەم و کووڕییەکانی کردوون، چۆن بوون ئاوا باسی کردوون. نموونە کە باسی ئەحمەد تۆفیق دەکات و دەڵێ" دەستەپیاوێکی بەلەباریکی جوانچاک، سپیلکەڵە، مووی لە ڕەشیان بریقەی دەهات. قەت لە کارکردن ماندوو نەدەبوو. زۆر پاک و خاوێن و مورەتەب بوو. کەس بەپێ دەگەڵی دەرنەدەبرد. ڕۆژ و شەو بێ وچان بەشاخ و کێو هەڵگەڕابا، نەفەسی تەنگ نەدەبوو. نەیدەهێشت بەردەستانی ساتێک بێ کار و تەمبەڵ ڕابوێرن. لە غاردانەدا کەروێشکی لەبەر دەرناچێ. جارێک جاشێکی دیل هەڵاتبوو، جاش وەک تاژی ڕای دەکرد؛ ماوەیەکی زۆریش دوورکەوتبووەوە. ئەحمەد کەوتەسەری؛ گرتی. تفەنگ چی چاک بوو؛ نەیدەزانی ترس چییە. هەموو گیانی هونەر بوو" ئەو خاڵە بەهێزانەی باس کردووە. کە لە ناوبراودا هەیە.

بابزانین هەر هەژار چۆن باسی خاڵە لاوازەکانی ئەحمەد تۆفیقی کردووە و لەم بارەیەوە ئاماژەی بۆکردووە" عەیبی ئەوە بوو زوو تووڕە دەبوو. زۆر سەختگیربوو؛ خەتایەکی چکۆڵەی لەژێر دەست قبوڵ نەدەکرد؛ نەیدەبەخشی. بەچاوی بەدبینی دەیڕوانییە زۆر لە هاوەڵەکانی ئێرانی؛ زۆر دەترسا کە ساواک ناردبنی. کە لەسەر ئەو وردە عەیبانەی لۆمەم دەکرد؛ جاری وابوو لەسەر ئەو لۆمە کردنە لێم دەڕەنجا؛ بەڵام زۆر زوو ئاشت دەبووینەوە".

دیسان جارێکی تر ستایشی ئەحمەد تۆفیق دەکا و نوسیوویەتی" پێشمەرگەکانی بارزانی و هی تریش – کە دەیانناسی – زۆر لەبەر ئازایەتیەکەی خۆشیان دەویست. ئەگەر پشوکورتی و زوو تووڕەبوونی نەبووایە، بۆ کاری زۆر گەورە زۆر ئامادەبوو" هەروەها خوێندنەوەی خۆی بۆ داهاتوو لەسەر ناوهاتوو دەکا ونووسیویەتی" لام وابوو لە ئایندەدا دەبێتە پیاوێکی گەورە؛ بەڵام زەمان مۆڵەتی نەدا..." [(٨٨٦)].

هاوڕێیەکی ڕای وایە چەند ڕاستیەکی ئەو کاتی شێواندووە و هەرلەبەر ئەمەشە

(٨٨٦) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٣٤٧.

لەپاش کۆچی دوایی بڵاوکراوەتەوە[٨٨٧]، بەڵام نووسیاری کتێبەکانی هەژار، لەسەر ئەمە ڕای جیاوازی هەیە و پێی وایە دەسەڵاتدارانی ئێران ڕێگەیان بە چاپ و بڵاوکردنەوەی چێشتی مجێور نەدا، بۆیەش دواکەوت و تا ئەنجام لە ئەوروپا چاپ کرا. [٨٨٨].

هادی محەمەد موڕادی یەکێکی تر لەو کەسایەتیانەیە، لە کۆتایی تەمەنی هەژاردا هاوڕێی بووە و زیاتر لە دوازدە ساڵ هاتوچۆی کردووە، لە نووسینی بەرهەماکانیدا هاوکاری کردووە. لە کاتی گفتوگۆیان لەگەڵ هەژاردا زۆر پشتڕاستی ئەوەی دەکردەوە، "پێیوابوو تەواوی ئەوەی دەیزانێ و زانیویەتی و دیویەتی، دەبێ بنووسرێ... بەڵام ئەوەی هەژار نووسیویەتی، دیویەتی و زانیویەتی، وای زانیوە کە ئەمە دروستە... یەکێک لە تایبەتمەندییە ئەخلاقییەکانی ئەوە بوو هەرگیز نەمانبیست و نەماندی کە درۆی کردبێت"، بۆیە لەبەر خاتری کەسێک یاخود دابینکردنی بەرژەوەندییەکی خۆی لەم کتێبەدا ناوی کەسی زڕاندبێت[٨٨٩].

لەلایەکی دیکەوە کوڕە گەورەکەی پێیوایە ئەم کتێبە بەشێکی لابراوە و چاپ نەکراوە، لەوانە (شێرکۆ)ی کوڕی ڕای وایە لە ٣٠٪ زیاتری لەلایەن براکەی بەناوی (خانی) لێفڕێدراوە[٨٩٠]، هەروەها هەژار لە ساڵی ١٩٨٦، لەگەڵ هاوسەری گەشتی پاریسی کردووە، هەموو بابەتەکانی تۆمارکردوون، باس لە هاتنەوەکەی ناکات، لەوێ کۆتایی بەیاداشتەکانی هێناوە، لە کاتێکدا ئەم کتێبەی لە ساڵی ١٩٨٣ نووسیوە[٨٩١] و لەساڵی ١٩٨٧ جارێکی تر پێیداچووەتەوە و تێبینی لە شێوازی کۆتایی هاتنی ئەم کتێبە هەیە و دەڵێ" خوێنەر وا هەست دەکا مامۆستا قەڵەمەکەی داناوە چاییەک بخواتەوە، وچانێک بدا و ئەمجار دەست پێ بکاتەوە، کەچی بەیەکجاری تەواو" کەوا بەوشێوە ناتەواویە کۆتایی هاتووە[٨٩٢]. مەبەستی ئەوەیە تاوەکو ساڵی ١٩٨٦ ڕووداو و بەسەرهاتەکانی لەم کتێبە نووسیوەتەوە، بەڵام لەدوای ئەوە تا کۆچی دوایی

(٨٨٧) مەلا ڕەسوڵ پێشنماز، چەند سرنجێک لەسەر چێشتی مجێوری هەژار موکریانی(پ- ٦٤٧)٦٢.
(٨٨٨) زامدار ئەحمەد، دیدار لەگەڵ ماجد مەردۆخ ڕۆحانی، هەژار موکریانی لە چەند دیدارێکدا(پ – ٨٣٨) ١٢٤.
(٨٨٩) زامدار ئەحمەد، دیدار لەگەڵ هادی محەمەد موڕادی، هەژار موکریانی لە چەند دیدارێکدا(پ-٨٣٨)١٣٤-١٤٢.
(٨٩٠) شێرکۆ هەژار، بەرگی یەکەم(پ- ٣٠٨)١٠.
(٨٩١) سەنگەر زراری(پ- ٨٧٣)٨٩.
(٨٩٢) ماجد مەردۆخ ڕۆحانی، دەسپێکی بۆ کتێبی چشیتی مجێوری هەژار نوسیوە(پ- ٨٦٢)٥٢١.

کـردووە، کـە دەکاتـە زیاتـر لـە چـوار سـاڵ، هیـچ بابەتێکـی ئـەو ماوەیـەی تێدانییـە، بۆیـە ئەمـەش بووەتـە جێـگای پرسـیار بـۆ بەشـێکی خوێنـەران و نوسـەران، بـەڵام لـە کۆتاییەکەیـدا (ماجـد) بەشـێوازێک ڕەخنـە لەکۆتاییهاتنـی کتێبەکـە دەگرێـت، وەک پێشـتر دەستنووسـەکەی نەدیتبـێ، یاخـود ئـەم ڕەخنـە خوێندنەوەیەکـی تریشـی بـۆ دەکـرێ بـەوەی، لەدەستنوسـەکە ڕووداو و بەسـەرهاتەکان زیاتـر بـوون، بـەڵام دوای لەچاپدانـی کەمـتر بوونـەوە. لـەم بارەیـەوە (خانـی)ی کـوڕی هـەژار، ڕای جیـاوازی هەیـە و پێیوایـە:

"لەدوای ساڵی ١٩٨٦ باوکی زیاتر سەرقاڵ بووە، بە نووسینی هەنبانە بۆرینە و وەرگێڕانی قورئانی پیرۆز، بۆیە بۆی نەگونجاوە، ئەو چەند ساڵەی دوایی بنووسێت، چونکە هەر لەسەرەتاوە ئارەزووی زۆری نەبووە، بیرەوەریەکانی بنووسێتەوە، بەڵام چەند دۆستێکی، لەوانە (فرەنسۆ هەریری) داوایان لێکراوە بیرەوەریەکانی یاداشت بکات، هەروەها تۆمەتی زۆری خراوەتە پاڵ بەوەی بەشێکی لێ فڕێدراوە و زیاد و کەمی پێکردووە، بەڵام ئەو تۆمەتانە ڕەتدەکاتەوە، کە بەهیچ شێوەیەک دەستکاری نەکردووە، دەستنووسەکەی باوکی ماوە و وەک ئەمانەتێک پاراستوویەتی و لەلایەتی"[٨٩٣]. ئەوەی تێبینی دەکرێ تاڕادەیەک لایەنی هەست و سۆز بەسەر هەژاردا زاڵ بووە، لەو کاتەی بەشێک لە کەسایەتییەکانی هەڵسەنگاندووە.

هـەژار چاکـە و خراپـەی ئەوانـی دیکـەی هەڵسـەنگاندووە، سـەرەڕای ئـەوەی داوای لێکـراوە، لە کتێبی چێشـتی مجێـور هەندێک بابەت بڵاونەکرێتەوە، بـەڵام هەژار و (خانی)ی کـوڕی بـە جورئـەت و بوێریەکـی زۆرەوە، هەردووکیـان نەکەوتونەتە ژێر کاریگەری دۆسـت و خانـەوادەی خۆیـان و هەڵـەی مێـژووەوە، یاداشـت و ڕووداوەکانیـان بـڵاو کردووەتـەوە.

بـە بۆچوونـی مـن، چێشـتی مجێـور گەوهەرێکـی نایابـە لـە بـاری سیاسـی و گەنجینـەی زمـان و ئـەدەب و فەرهەنگـی کـوردی و تەنانـەت مێـژووی هاوچەرخـی کوردیـدا.

لایەنێکـی تـری ئـەم کتێبـە نوکتـە و قسـە خۆشـەکانیەتی؛ بـا ئاوڕێکـی خێـرا بەسـەریدا بدەینـەوە و ماندوبوونـی خوێنـەر بحەسـێنینەوە و تینویەتـی بشـکێنین.

(٨٩٣) خانی شەرەفکەندی(پ- ٧٣) بەریتانیا.

**گوڵبژێرێک لە بەسەرهات و قسەخۆشەکانی ناو کتێبی چێشتی مجێور:**

نوکتـەی خـۆش و گاڵتـە و گـەپ کەلتورێکـی جوانـی کوردەوارییـە، بـە درێژایـی مێـژوو کـۆڕی مەجلیـس و دانیشـتنەکانی دەڕازانـدەوە. هـەژار لـەڕووی قسـە خۆشـی و گاڵتـە و گەپـەوە؛ لـە گێڕانـەوەی نوکتـە و قسـەی نەسـتەقدا، گەنجینەیەکـی نەبـڕاوە و بەناوبانـگ بـوو. کۆمەڵـی کـوردەواری شـانازی بـەم جـۆرە کەسـایەتیانە کـردووە.

هەمیشـە کۆڕی دانیشـتن و کۆبوونەوەکانی بە گێڕانەوە و بەسـەرهات و قسـەی خۆش گـەرم داهێنـاوە. ئـەو بایەخـی بە خۆشوشـتن و ڕێکخسـتنی جلوبـەرگ و جوانـکاری خۆی نـەدەدا، بـەڵام تـا نەتدواندبا، نەتدەزانی چەند قسـەخۆش و گفـت ڕەوان و دەم بەخەندە و نوکتـەزان و شـارەزای تایبەتمەنـدی هەموو ناوچەکانی کوردسـتان بوو.

دیوانەکانـی پـڕن لـە تەنـز و قسـەی نەسـتەق و بەتـام و سـەرنج ڕاکێش، جگە لـەوەی لە ژیانـی ئاسـایی خۆیـدا زۆر قسـەی خۆشـی لێدەگێڕنـەوە، کتێبـی چێشـتی مجێورەکـەی زۆر ڕووداوی سـەیر و سـەمەرە و سـەرنج ڕاکێشـی تێدایـە. وادیارە هـەژار ویسـتویەتی بەو تەنز و بـزە خسـتنە سـەر لێوانە؛ کەمێـک لە ڕەنـج و مەینەتیەکانی خۆی و خوێنەر و بیسـەر کەم بکاتـەوە. جاروباریـش تانـە و توانجێـک بگرێتـە هەڵس و کـەوت و دیاردەیەکی ناشـیرین.

کاتێـک چـاو بـە بەرهەمەکانیـدا دەخشـێنی، یـان لـە چاوپێکەوتنەکانیـدا لەگـەڵ ڕۆژنامەنووسـان، بـە ڕوونـی ئـەوەت بـۆ دەردەکەوێ، لە باسـکردنی هەر لایەنێـک، نموونەی بەسـەرهاتێکی گێڕاوەتـەوە کـە لەگـەڵ بابەتەکـە بگونجـێ. ئەمـەش وایکـردووە زیاتـر لـە مەبەسـتەکەی بگەیـت.

بێجگـە لـەو باباتانـەی سـەرەوە ئاماژەمـان پێـدا، لایەنێکـی بەرچـاو و سـەربەخۆی کتێبـی چێشـتی مجێور، شـێوەی تەمسـیل و گێڕانەوەی نەقڵ و بەسەرهات و قسەی نەستەق و خۆشە؛ ئـەو وردە نەقڵانـە چێژێکـی تایبەتیـان بەتـەواوی کتێبەکـە بەخشـیوە، کـە ماندویـی خوێنەر لە خوێندنـەوەی ئـەم کتێبـە دوور و درێـژە؛ دەحەسـێنێتەوە، هانیدەدا درێژە بـە خوێندنەوەی بدا کـە کۆمەڵێـک نوکتـە و بەسـەرهات و قسـەی خۆشـی تێدایە کە هـەم چێژی خۆش دەبەخشـێ بـە خوێنـەران، هەمیـش بەشـێکیان ئامۆژگارییـن. بائامـاژە بە هێندێکیـان بکەین:

### لە خانەقای شێخی بورهان و ناسین و هاوڕێیەتی هێمنی شاعیر:

دەڵـێ: "لـە خانەقـا لەگـەڵ هاوتەمەنێکـی خۆمـدا بوومـە ئاشـنا؛ نـاوی حەمەدەمینـی شێخولئیسـلام و پـورزای منداڵـە شـێخەکان بـوو. ئەویـش دەبووایـە بـۆ بەرەکـەت دەرس لای مامۆسـتا مـەلا سـەعید بخوێنـی و لـە ماڵـی شـێخ بـژی. نازانـم ئـەو زیرەکـتر بـوو یـا مـن! بـەڵام ئەوەنـدە دەزانـم لـە دەبەنگـی و هیـچ فێرنەبوونـدا، درۆزنیـش فەرقـی نەدەکردیـن. هەردووکـمان وەک یـەک دارکاری دەکرایـن و بـە قـەد یـەک بـەر جنێـو دەدرایـن. تەنیـا فەرقێکـمان کـە هەبـوو، ئـەو بـۆ نەگبەتـی شـیعری دەگـوت و خـۆی لـە مـن بـە هونەرمەندتـر دەزانـی، بـەڵام شـیعری چـۆن یـا خـوا بەنسـیبی دوژمنانـت نەبـێ! مـن لـە بەغیلیـان گاڵتـەم بـە شـیعرەکانی دەکـرد. ئاخـری هـەر وازی نەهێنـا و لـە دواڕۆژدا بـوو بـە شـاعیرێکی هەرەبـەرز و بەنـاوی هێمـن ناوبانگـی دەرکـرد.

* * *

### حاجی مەلا ڕەحمانی شەرەفکەندی:

هــەژار دەڵــێ: حاجــی مــەلا ڕەحمانــی شــەرەفکەندی زۆر قســە خــۆش بــوو؛ کــە دەهاتـە گونـدی بورهانـێ هەمـوو کـەس لـە دەورەی کۆدەبـووەوە، ڕۆژێـک سـۆفییەکی ڕیــش پانــی مــل ئەســتور هــات بــۆلای و گوتــی: حاجــی مامۆســتا ئــەرێ بــە شــەرح ڕدێـن خێـری زۆرە؟ مامۆسـتا لـە وەڵامیـدا گوتـی: ئـەرێ وەڵـڵا ڕدێـن ئەوەنـدە باشـە کـە هـەر نەبێتـەوە، تـۆ بڕوانـە مـن لەوەتـا ئـەو ڕدێنـەم هێشـتۆتەوە قونگـم حەسـاوەتەوە، جـاران هــەر دەیانگـوت: لـە قونێـی بـەم، ئێسـتا دەڵێـن: هـای لـە ڕدێنـی بـەم!

* * *

### حەمەبۆری باوکی هەژار

هـەژار لـە زاری باوکـی دەیگێڕێتـەوە ئەوکاتـەی لەگەڵ خاڵی ئـاوارەی باکووری کوردسـتان بـوون. حەمەبـۆر دەسـتی کـردووە بـە کاسـبی لـە نێـوان ئێـران و ڕووس و عوسـمانیدا تفەنـگ و فـەرش و جەوهـەری ئاڵوگـۆڕ کـردووە. بـەم هۆیـەوە بـاری داراییان بـاش بووە.

حەمەبۆر دەیگوت: ڕۆژێک چەند کەسێک هاتنە سەر ڕێم، گرتیانم و بردیانمە ئاوایی کە گوندێک بوو ئاغای مووسڵمان و ڕەعیەتەکانی زۆربەیان ئەرمەنی بوون. ئاغا گوتی: تۆ دەگەڵ کەشەی دێ وتوێژی دینی بکە! ئەگەر سەر نەکەوتی ئەوا ڕووت کراوی و ئەگەر سەر کەوتی ئازادت دەکەم. [حەمەبۆر لەدڵی خۆیدا گوتویەتی]: "یاخوا کەشە هێندە زانا نەبێ دەگەڵی دەرنەبەم"! مەجیلس ڕازاوە کەشە هات؛ ئەم وتووێژە ڕوویدا:

- ئێمە ئەگەر خۆشەویستێکمان بە چەکێک بکوژرێ، چاومان بڕوایی نادا ئەو چەکە ببینین. کەچی مەسیحی ئەو دارەی "مەسیحی" پێ ئیعدام کراوە بە پیرۆزی دەزانن و هەر یەکە دە ملیاندایە و بەرەکەتی لێ دەخوازن.

- وادیارە پیاوێکی ناتێگەیشتووی! سەلیب لە شکڵی بنیادەمە بۆیە ڕێزی لێدەگرین. بڕوانە! کەشە خۆی درێژ کرد و هەردووک دەستی لێک بڵاو کرد، بوو بە سەلیب.

- ڕاست دەکەی مامە کەشە؛ بەڵام ژنەکانیش هەروەک سەلیب وان، چۆن دەچنە لایان؟!

حازران بەو قسە قۆڕە ملیان لە پێکەنین نا و ڕێگەی جوابی کەشەشیان بڕی؛ ماڵەکەیان دامەوە.

* * *

**هەژار و مەلا شوکر لە کەرکووک :**

هەر هەژار دەڵێ: ئەو کاتەی لە شاری کەرکووک بووم؛ ڕۆژێک مەلا شوکر گوتی: خوێندومەتەوە کە میوە هەر تێکوڵەکەی زۆر بەکارە، پێستی پیاو ساف و ڕووناکتر دەکا، دەڵێ: جارێ کە لە کار دەهاتمەوە لە پڕ گوتم: ئەمڕۆ شتێکی سەیرم دیت، زەلامێک بەرامبەر بە چڕوچاوی گامێشێک ڕیشی دەتاشی، گوتی: جا چۆن؟ گوتم: هێندەی تێکوڵە شوتی خواردبوو نێوچەوانی ببووە ئاوێنە، مەلا تووڕەبوو، گوتی: قەد عاقڵ نابی.

**هەژار و حەسەنی قزڵجی لە بەغدا:**

ئـەو کاتـەی تـازە چۆتـە بەغـدا و نوسـیوویەتی" ڕۆژێـک لەگـەڵ حەسـەنی قزڵجـی بـووم، چـووم برینـج بکـڕم، بەقـاڵ گوتـی: (شـگەت؟) دەڵـێ: نەمزانـی دەڵـێ چیـی! بەغـار هاتمـەوە لـە قزڵجییـم پرسـیی نەیزانـی، خـۆم گەیانـدە مـام حوسـێن، گوتـی: یانـی چەنـد؟ بـە قزڵجییـم گـوت: ئـەوە عەرەبـی نییـە؛ گـو خواردنـە! گوتـی: بـرام! ئێمـە ئیحتیاجیـمان بـەو گـوو خواردنـە هەیـە!

* * *

**هەژار و دوکانداری:**

ئەوکاتـەی لـە بەغـدا دوکانـی هەبـووە دەڵـێ" جارێـک شـێخ عارەبێکـی زۆر بـە کـەش و فـش و سـمێڵ بابـڕ، لـە ماشـێنی کادیـلاک دابـەزی و هـات. گوتـی: سـوبغت هەیە؟ (سـوبغ واتـا ڕەنـگ بـۆ کـەوش و دیـوار و هەرچـی). بەڵـێ. هەمـە و گورجـێ دوو قوتـوی ڕەنگـی کەوشـم بـۆ هێنـا. بـە مۆڕێکـەوە تەماشـایکردم: تـۆ کـوردی؟ بەڵـێ. لـە مێـژە دوکانـداری؟ گوتـم نەخێـر تـازەم. گوتـی: وادیـارە زۆر ناشـارەزای، ئەگـەر وانەبـا دارکارییەکـی باشـم دەکـردی! ڕەنگـی کەوشـانم بـۆ دێنـی کـە سـمێڵی پـێ ڕەش کەمـەوە؟!

* * *

لـە دوکانەکـەی دەڵـێ" مەلایەکـی پیـری پشـت کـووڕی لەرزۆکـی ڕیـش دوفڵیقانـە و تەنـک، لێـی پرسـیم: هـەل عینـدەک جەورەبـوون؟ واتـە گۆرەویـت هەیـە؟ دەڵـێ پێـم فەقیـر بـوو؛ ویسـتم قازانجـی لـێ نەکـەم. گوتـم: نرخـی سـەت و بیسـت فلسـە. گوتـی وەڵڵاهـی چونکـە کـوردی لـە تـۆ ناکـڕم؛ دەسـتم دەبـڕی! ڕۆیشـتوو پـاش نیـو سـەعاتێک هاتـەوە، جنێـوی دەدا و دەیگـووت: ئـەو بەغدایيـە سـەگبابانە عەرەبـی نازانـن؛ کەچـی گاڵتـە بـە مـن دەکـەن! گوتـم مامۆسـتا گیـان! تـۆ کـە چـاردە قـەڕن بەجـێ مـاوی. ئـەو عەرەبیـەی تـۆ زۆر لـە مێـژە بـە ڕەحمـەت چـووە! گوتـی: دەسـا گۆرەویەکـەم دەیـە! ئەمجـار سـەت و سـی فلسـم لـێ سـاند!

**دیوەخانی ماڵی حەسەن ئاغا حاجۆ:**

ئەوکاتەی هەژار ئاوارەی ڕۆژئاوای کوردستان بووە، هەژار دەڵێ: لە ماڵی حەسەن ئاغا حاجۆ بووم، شێخ برایم حەققی، شێخی هەرە گەورەی جزیری بوو، هاتبووە دیدەنی حەسەناغا، لەلای سەروی مەجلیس دانیشتبوو، گوتی: بەداخەوە حەسەناغا پیر بووی! بەڵێ یاشێخ تۆش پیر بووی؛ زەمانەیە.

- ئەرێ برا! پیری لە کەنگێوە دەست پێ دەکا؟

- لە پەنجا، لە شێست، لە حەفتا... هەر یەکە قسەیەکیان دەکرد. گوتم: ئیجازە هەیە من کێشە ببڕمەوە؟ شێخ نەیدەناسیم. حەسەناغا گوتی: بڵێ!

- پیاو هەر وەخت لە خەو هەستا و ئەسپابەکەی پێش خۆی هەڵنەستابوو، ئەوە پیری گەیوەتێ! ئیتر نە بە عومرە، نە بە مووی سپی بوونە!

شێخ خۆی بەویقار کرد و تۆزێک نێوچاوانی تێک نا. لەپڕ لەپرمەی پێکەنینی دا و گوتی: خەبەری ویە؛ ئەو چ کەسە؟!.

* * *

**سەبارەت بە شیوعیەکانی شارەزوور:**

هەژار دەڵێ: لە ساڵی هەزار و نۆسەت و پەنجا و نۆدا، کە عەبدولکەریم قاسم لە شیوعییەکان وەخۆ کەوت و شیوعییە شارەزورییەکانی بەرە و عەپسی سولەیمانی دێنا، شیوعیەکی شارەزوری دەینەڕاند: باوە حیزانە ئێژم خاتەی خۆم بەسە، ئێژن ژن دوختۆرت بۆ تێرین!

* * *

**لە باسی حەمەی مەولودا، هەژار دەیگرێتەوە:**

ڕۆژێک ئیشتیای گونە بەرانم کرد لە ڕوسیا، حەمە ڕۆیشت پڕی بوخچەیەکی هێنا.

- ئەو هەمووە چی یە؟

- کوڕە هەر لێی گەڕێ!

- چووم بە قەسابەکەم گوت: تێم نەگەیشت، هەردووک دەستم کردە گوێ و باڕاندم و دەستم بۆ گونی کابرا برد! چەندین قەسابی بانگ کردوو بۆی گێڕانەوە، هەر کەسیان چەندی گون لەلا بوو هێنایان و قەراره هەموو ڕۆژ بۆم کۆکەنەوە و پوڵیش نەسێنن.

* * *

**حەمەدەمین ناوێکی پشدەر:**

جارێکی تر هەر هەژار دەیگێڕێتەوە و دەڵێ: حەمەدەمین ناوێکی خەڵکی پشدەر ژنی خۆی کوشتبوو. لە ناوچەی بارزان دەستبەسەر بوو، کرا بە خزمەتکاری من زۆرم کەیف بە ساویلکەیەکەی دەهات، پاش چەند ڕۆژێک بن دار قەزوانێکم خۆش دەکرد، گڵم لێ ڕۆکرد و تەختم کرد و کردمە جێگای یەکجارییم، شەو مانگەشەو بوو، گوتم: کاک حەمەدەمین بزانە بەردێکی نەرمم بۆ پەیداکە دەیکەمە سەنیر، زۆر پێچوو نەهاتەوە، هەرام کرد: ئەوە چیت لێهات؟

- وەڵاهی ئەگەر مەلا مستەفا بەر گولەمدا تازە خزمەتی تۆ ناکەم، دەستم لە هەزار بەرد داوە هیچی نەرم نیە!

- کاکە مەنزوورم بەردی لوس بوو کە سەرم نەقرینجێنێ.

* * *

**مام نوری هیرانی لە کەرکووک:**

هەژار دەڵێ: لە خانەقای سەید ئەحمەد لە کەرکووک ، مام نوریی هیرانی دەچێتە ئاودەست، دیواری ئاودەستەکان نەویە و بە حاڵ تا نیوەی پیاو دادەپۆشن، ئاغایەکی پۆشناغیش دەچێتە ئاودەستی تەنیشتی، مام نوریی دەڵێ: بەخێرهاتی بابە، خەڵکی کوێی؟ جغارەیەکی پێشکەش دەکات لەسەر دیوارەوە بۆی دادەگیرسێنێ و مل لە چا و خۆشی و باسی کاسبی و کار دەکەن، بە سەید ئەحمەد دەڵێن: دوو شێت لە

ئاودەسـت چەقـە و هەرایانـە، دەزانـێ فیکـی مـام نورییـە.

- مام نوری ئەوە چیت کردووە؟

- قوربـان بەخـوا پیـاو شـەرم لـە میوانـی خـۆی دەکا نەیدوێنـی و جغـارەی نەداتـێ، سـەید دەڵـێ: هـەر ئەمـڕۆ دیـوارەکان بڵندترکـەن.

* * *

**لەبارەی قانعی شاعیر:**

قانیـع یەکێـک لـە شـاعیرە ناودارەکانـی کـوردە، هـەژار لـە گونـدی قەرەگوێـزی سـەربە شـاری بـۆکان چـاوی پێدەکـەوێ و دەبنـە دۆسـت؛ پـاش چەنـد سـاڵێک دیسـان لـە باشـوری کوردسـتان یەکـتر دەبیننـەوە و ماوەیـەک بەیەکـەوە ژیـان دەبەنەسـەر. قانع کەسـایەتیەکی زۆر قسـەخۆش بـووە و هـەژار چەنـد نوکتەیەکـی خـۆش لـەو دەگێڕێتـەوە.

لـە یەکێکیـان دەربـارەی "بـەراز کوشـتن" دەڵـێ: جەنگـەڵ بانـە (پۆلیسـی دارسـتان) گوتویانـە هەرکـەس گـوێ بەرازێـک بـەرێ بـۆ دەوڵـەت، دوو سـەد فلسـی دەدەنـێ. قانیـع شـەش بـەراز دەکـوژێ، دوازدە گـوێ دەباتـە ئیـدارەی فەرماندار[قایمقامیـەت]ی لـە چوارتا.

- بفەرموو دوو دینار و چوارسەد فلسم بەنێ.

- کاروا هەروا گۆترەیە؟ بەچیت کوشتوون؟ کوا پاسی تفەنگەگەت؟ فیشەکت لەکوێ هێنا؟

- قوربـان مدیـر بـەگ، کوشـتنی چـی و تفەنگـی چـی و پاسـی چـی؟ مـن مـەلای دێـم و ئـەم گـوێ بەرازانەیـان بـە زەکات و سـەرفترە داومەتـێ! خـوا خێریـان بنوسـێ!

پۆلیسێک بەسەردادێت و دەڵێ: شێخ قانع ماندونەبی.

مودیر دەڵێ: تۆ قانیعی بۆ دەنگ ناکەی؟

- جەنابی مودیر خەریک بووی گوێ بەرازەکانم بخۆی!

**هێمن موکریانی و مانگی ڕەمەزان:**

دەربـارەی هێمـن موکریانـی شـاعیر چەنـد قسـە و نوکتـەی خۆشـی لێدەگێڕیتـەوە، لـە شۆڕشـی ئەیلـوول و لـە سـەرەتای سـاڵانی حەفتـاکان بـووە، ئەمـەش نموونەیەکـە:

ڕۆژێـک ڕەمـەزان بـوو، مـام هێمـن لـە هەولێـرەوە بـەرەو باڵەکایەتـی دێـت. لـە نـاو ماشـێندا جغارەیـەک دادەگیرسـێنی. هەرچـی دەماشـێنەکە دان، بەگـژی دادێـن:

- پیرەمێرد! پێت لەسەر لێوی قەبرە! لە خودا ناترسی و بەو ڕەمەزانەتییە ڕۆژوو دەشکێنی؟

- بۆچی کاکە ئێوە پێتان وایە من کێم؟

- چووزانین؟ پیرەمێردێکی و بەڕۆژوو نیت.

- کاکە من فەلەم؛ باوکی فڕانسۆ حەریریم! کوڕم حاکمە لە گەڵاڵە و دەچم سەری دەدەم!

- ئەی، مامە دەبێ بمانبەخشی! نەمانزانی!

هێمــن دەیگــوت ئەوجــار جغارەیــان بــۆ دادەگیرســاندم و دەیاندامــێ! ئاویــان بــۆ دەهێنـام کـە نـەوەک حاکمـی کـوڕم بزانـێ و لێیـان توڕەبـێ! فڕانسـوا نەقڵەکەی بیسـتبۆوە و ببــووە مایــەی پێکەنیــن و ئێســتاش هــەر دەڵێ"هێمنــی باوکــم!"

* * *

**گەشتی ئەورووپای هەژار:**

هــەژار لــە ســاڵی ١٩٥٣ کــە ســەفەری ئەورووپــای کــردووە، چەنــد بەســەرهاتێکی خــۆش دەگێڕێتــەوە و تەنیــا یەکیــان بــە نموونــە دەهێنینــەوە. کــە "پرســینی ناونیشــان لــە خەڵکــە" بــەم شــێوەیە باســی دەکا:

لـە ئیسـتگەی ڕۆم دەبووایـە چاوەنۆڕیـمان بکردایـە تـا سـەرۆکی لاوانـی ڕۆم دێ لەسـەر حیسـابی لاوان داماندەمەزرێنـێ. چەمـەدان و هێندیـک پارچـە بـەڕە و شـتی وامـان لـە دەوری خۆمـان دانـا و لەسـەر عـەرز تەخـت دانیشـتین. زۆر وەک خێڵی قـەرەج دەچووین! هەرچـی دەپرسـی چـن؟ دەمگـوت "جبسـی" (قـەرەج).

- کاری ئاومان هەیە لە کێ بپرسین؟

- ئای لە منتان نەکەوێ! ئەی من چیم؟

لە حەنباڵێکی ئیزگەم پرسی: ڕیتی ڕاتا (بەشلێکەوە گوتم) نەخێر تێ ناگا. دەستم بە زگمەوە نا و خۆم کوڕ کردەوە و تەقاندم. پێکەنی؛ گوتی: ها! ڕیتی ڕاژا! بە قامک تێی گەیاندم ژمارە یازدە ئاودەستە. لە دەرگاوە ڕوانیم ئاوێنە بەندێکە وەک ماڵی شا چەند کەسێک لەبەر شێرە ڕیش دەتاشن. ببێ و نەبێ دەلاک خانەیە! کە چوومە ژوور زانیم چەند ئاودەستێکیشی لێیە. مزگێنیم دا و بە کۆمەڵ ڕایان کرد. هەر لەوەی زوو بگاتێ و لە خۆ نەڕێ!

* * *

**بەشیر موشیر لە بەغدا:**

هەژار هاتوچۆی هەبووە لەگەڵ "بەشیر موشیر" دەربارەی ئەو دەگێڕێتەوە:

بەشیر موشیر: کابرایەکی دوکاندار بوو، دۆستی مامۆستا وردی بوو:

نەخۆش بوو گوتی" ئەگەر مردم بمبەنەوە کوردستان". گوتیان شەڕە، ئەو کارە ناکرێ. گوتی: "دەسا بەخوا من لە قەبرەستانی بەغدا دەگەڵ ئەو عەرەبە سەگبابانەدا ناتوانم بژیم!". کەچی چل ساڵ بوو لە بەغدا دەگەڵ عەرەب ژیابوو!

کتێب و ڕۆژنامەی کوردی دەفرۆشت، بەڵام ئەگەر خاوەنیان داوای پوڵەکەی بکردایە جنێوی پێدەدا؛ دەیگوت: " جا وەرە بۆشی بفرۆشە، داوای پوڵیشم لێ دەکا؟!". هەر چۆنێک بێ.

ئەحمەقێکی خوێن شیرن بوو.

**پیاوێکی ئەرمەنی لە سابڵاغ:**

هەژار دەڵێ: پیرە ئەرمەنییەکی فەقیر لە سابڵاغ کاسبییەکەی ڕەژو دابێژتن بوو. گوتیان "تلێش" مووسڵمان بە، پوڵت بۆ کۆدەکەینەوە، خانووت بۆ دەکڕین، ژنت بۆ دێنین. هەر کە شادە و ئیمانی هێنا، سوننەتیان کرد، بەڵام ژن و ماڵ و خانوو نەبوو. تلێش زۆر بە کوڵ لە سووچی دوکانەکەی دەگریا، دەیگوت "کیرەکەشم چوو، دینەکەشم چووا!"

* * *

**کوڕی سەگ نەجیب ترە:**

هەژار دەڵێ: بارزانی گوتی: "کابرایەک توڵەسەگێکی لەگەڵ سەگێکی گەورە بردبووە بازاڕ، دەیگوت: زەلامەکە بە پێنچ درەم، توڵەکە بە دە درەم.

- یانی چی؟

- ئەم زەلامە هەر سەگە، ئەمما چکۆڵەکە سەگی کوڕی سەگە و نەجیب ترە!".

ئەو نوکتەیەم بیرکەوتەوە کە گوایە حەمە ڕەزا بە ڕەزا شای باوکی گوتبوو:" تۆ هەر شای، من شای کوڕی شام، دەبێ لە تۆ سەخی تر بم!".

* * *

**وەسف و پێدا هەڵدان لە کتێبی چێشتی مجێور:**

لایەنێکی تری کتێبی چێشتی مجێور، وەسف و پێداهەڵدانە. هەژار لە ڕووی وەسفکردنی کەسەکان یاخود جوانی سروشتی کوردستان، توانیویەتی ڕۆڵی خۆی لەم بوارەشدا بگێڕێت.

هەژار لە بابەتی سەرەتای خوێندنی لە مەهاباد، و حوجرە و ناو فەقێ و مەلا سەعید نوسیوویەتی"مامۆستاکەی منیان پێ سپارد، یەکێ بەرزەباڵای ڕیش پانی مووڕەش و چاوزەق و لووت بەرانی بوو کە بەمەلا سەعیدە شێتە مەنشووربوو. یەکێ تریش لای ئەو دەیخوێند: یەکی تۆپەڵەی گردەبنەی چاوزەردی گوێ تەشکەبەرە بوو بە ناوی فەقێ بایز.

**دەربارەی مەلا باقی:**

پیرەمێردێک بەناوی "مەلا باقی" لە عەسڵی خۆیدا خەڵکی سنە، پەڕەوازەی وڵاتی موکریان، لای سەردەشت بووە؛ هاتۆتە دیوی پژدەر. زۆر ساڵان میرزای شێخ حوسێنی بۆسکێنی و پژدەری دیکە بوو. تەواو بە زاراوەی پژدەری قسە دەکا. کاری بۆ حزبی دیمۆکراتی ئیران کردووە. لە کۆمۆنەی ئەحمەد تۆفیقدا لە سولەیمانی ژیاوە. بۆ حورمەت لە پیرییەکەی ناویان ناوە "باوکی کۆمۆنە". جا ئەگەر یەکێک لەوانە زۆر قەڵسی کردووە گوتوویە" بەر پدەری جاکەشی کۆمۆنە!" فارسی دەزانی. بە ڕاستی جوگرافیایەکی زیندووی کوردستانی موکریان و ئەردەڵان و بەشە سۆرانییەکەی عێراق بوو. هەموو شوێنێک و هەموو ئاغایەک و بن و بنەچەکەی هەموو عەشیرەت و هەموو ماڵانی دەناسی. کەسی واشم نەدیوە ئەوەندە بەرگەی ناخۆشی و برسیایەتی و بە پیادە ڕۆیشتن بگرێ. کەوا و پاتۆڵی خاکی دەبەردا، کورتەباڵا و چاوێکی داقیڵشابوو. ڕادیۆیەکی دەبەرگی خاکی گیراوی هەمیشە بە لاشانەبوو. لاواز، ڕەنگ زەرد، مووی پێشەوە وەریو، کڵاو جەمانەیەکی پژدەریانە لەسەر. لایتێکی سێ پیلی دەبەرگی خاکی گیراوی دەگەڵ خەنجەرێکی کرووز بە قەدەوە بوو. قوتوویێکی شوکولاتی دەبەر پشتێندە شڕە چوارقەفەکەی دەچەقاند. ئەو قوتووە وەک عاسای موسا وابوو: توتن و پەڕی تێدا بوو، چای تێدا لێ دەنا، گۆشتی دەست کەوتایە تێیدا سوور دەکردەوە. لە پاش چا یان چێشت، بە دەسرەیەکی چوار گۆشەی زەلامی سووری قەت نەشۆراو دەیماڵییەوە و توتن و پەڕی تێ دەکردەوە. قرۆشکەیەکیشی بۆ چا خواردنەوە بە خۆیەوە هەڵواسیبوو. توربێنێکی قوماشی خاکیشی هەبوو لە کۆڵی قایم دەکرد. پێشمەرگە ناویان نابوو "ئێزگە شڕە". زۆر دەم شڕ بوو؛ هەمیشە غەیبەتی خەڵکی دەکرد و پاش ملە جوێنی دەدا. زۆر دڵ ناسک، بە کەمترین شت توڕە دەبوو؛ سەرم دەخستە سەر، قەڵسم دەکرد، بەڵام بە تێکڕایی زۆری خاتر دەگرتم".

**لەبارەی مام عەلی حەجەم:**

هــەژار دەڵــێ: "مــام عەلــی حەجــەم" شــتێکی زۆر ســەیر و خــۆش بــوو. درێژێکــی باریکــی بــە جووتێــک ســمێڵی شــا عەباســی ســپی و دەم و چاوێکــی ســووری بریقــەدار... کــەس نەیدەزانــی عومــری چەنــدە! بــە خەیــاڵ بــە هەشــتا ســاڵمان دادەنــا. وا دیــار بــوو ڕۆژێــک لــە ڕۆژان ترکــی ئازەربایجانــی بــووە. کوردییەکــی زۆر چاکــی دەزانــی بــەڵام ترکانــەی دەگــوت. ترکیشــی بــاش لــە بیــر نەمابــوو. خــوا دەزانــێ چەنــد ســاڵ بــوو لــە کوردســتانی موکریــان و لــە کوردســتانی عێــراق ژیابــوو. لــە کێــو نەبــا نەدەژیــا. دەگــەڵ پێشــمەرگەی جمهــوری سـابڵاغ لـەلای سەردەشـت بـووە. پـاش شـکانی جمهـووری، دەگـەڵ "عەلـە گاور" و "سـەمەدی چەتـە" شـەو بـە کێـو ژیـاوە. لـە سـەرەتای شۆڕشـی بارزانیشـەوە هــەر دەگــەڵ بــووە. قــەت لــە کار کــردن مانــدوو نەدەبــوو. کاریشــی چێشــت لێنــان و ڕێــک و پێــک ڕاگرتنــی بنکــە بــووە؛ لــە هەمــوو تەمەنــی شــەو بــە کێویــدا.

هەموو گیانیشی هەموو دەم درۆ و فڕوفیشاڵ بوو.

## تەوەرەی سێیەم

## بەرهەمە وەرگێڕاوەکانی هەژار موکریانی

هــەژار هەندێــک کتێبــی لــە بیانییــەوە وەرگێڕاوەتــە ســەر زمانــی کــوردی، جگــە لــە هــەردوو کتێبــی مــەم و زینــی ئەحمــەدی خانــی کردویەتــی بــە موکریانــی لــە ســاڵی ١٩٦٠ و دیوانــی مــەلای جزیــری ١٩٨٢. بێگومــان زانیــن و شــارەزابوونی زمانەکانــی فارســی و عەرەبــی هۆکارێکــی یارمەتــی دەربــوون بــۆ دەســت بــردنی هــەژار بــۆ کاری وەرگێــڕان.

کاتێــک هــەژار بەرهەمێکــی بیانــی وەرگێڕاوەتــە ســەر زمانــی کــوردی، بێجگــە لــەو خزمەتــەی بــە زمانــی کــوردی کــردووە، پەیامێکیشــە بــۆ دونیــای دەرەوە، کــە زمانــی کــوردی هاوشــانی زمانــی بێگانــە ئەگــەر زیاتــر نەبــێ بــە دڵنیایــی کەمــتر نیــە.

هەروەها چەند بنەمایەکی لە وەرگێڕانەدا لەبەرچاو گرتووە:

تێگەیشــتن لــە کەلەپــور و زمــان، واتــە دەبێــت شــارەزایی و کارامایــی باشــی، لــە زمانــی ســەرەکی و زمانــی خۆیــدا هەبێــت. ئامانــج و مەبەســت، کــە ســەرەکیترین شــێوازەکانە بــۆ نزیــک کردنــەوە دوو کەلەپــوری جیــاواز. پــەروەدان بــە زانســتی وشــەکان. بــاش بوونــی وەرگێڕاوەکــە، کــە ئەمــەش هونەرێکــی تایبەتــە.

بەشــێوەیەکی گشــتی هــەژار گرنگــی زۆر بــە لایەنــی وەرگێــڕان داوە، پەلوپــۆی زۆر هاوێشــتووە و لــە هەمووانیــش ســەرکەوتوو بــووە. ئــەو زمانــەی هــەژار پێــی نوســیووە و وەرگێڕانــی پێکــردووە، هەڵقــوڵاوی ناوچــەی موکریــان و لەوێــش بــۆکان بــوو، هەروەهــا هــەوڵ و تەقــەڵا و بەدواچوونــی خــۆی بــووە.

بۆیــە لــەم بارەیــەوە زانیویەتــی چ پەرتووکێــک دەستنیشــان دەکات، هــەم لــە ڕووی وشــە و زمانەوانییــەوە، هەمیــش بــەو ئاســتەی وەرگێــڕاوە و نووســیویەتی خوێنــەر بــە ئاســانی تێــی بــگات، ئــەو کەموکووڕیانــەی پڕکردووەتــەوە، کــە لــە کتێبەکــە بنەڕەتیەکــەدا هەبــووە، فۆرمێکــی نوێــی بەبــەردا کــردووە، چێژبەخشــە، ئەمــەش بووەتــە هــۆی ڕاکێشــانی ســەرنجی خوێنــەران بــەلای خۆیــدا، ڕەنگــە ئەگــەر دەقــە ئەســڵییەکەی بخوێنییــەوە ئــەو چێــژە وەرنەگریــت.

لایەنێکی تری گرنگی بەبەشێک لەوەرگێڕانی کتێبەکە مێژوویەکان داوە، ئەمەش بۆ ئەوە بووە، کورد زیاتر لە ڕابردووی خۆی شارەزابێت، چونکە لە کۆندا زیاتر خەڵکانی بیانی، یاخود نەیارانی ئەم گەلە بەمەرامی خۆیان مێژوویان بۆ نووسیوەتەوە[٨٩٤].

وەرگێڕان دەبێت تێگەیشتنی لە کەلەپوور و زمان، ئامانج مەبەستی ڕوون بێت، تایبەتمەندی وەرگێڕانی تێدا بێت، لەم ڕووە هەژار داهێنانی باشی کردووە کە جگە لەوەی زیرەکی و لێهاتوویی و شارەزایی باشی هەبووە، زمانزانێکی باشی کوردی، فارسی و عەرەبی بووە، ئەمەش هۆکارێکی ترە، لەسەرکەوتنی لەم بوارەدا. وەرگێڕان پێویستی بە هونەر و زانست هەیە، چەندین هاندەرهەن کە پاڵپشتن بۆی، وەک زانینی زمانی جیاواز، زانیاری لەسەر هونەرەکانی ئەدەب و ڕەوانبێژی، سیما و ڕوخساری تایبەت، حەز و ئارەزوو لەو بابەتەی کە دەستنیشانی دەکەیت، هەموو ئەم خەسڵەتانە و زیاتریش لە هی ئەودا هەبووە.

بابەتە ئەدەبیەکانی زۆر سەرنج ڕاکێشە و گرنگی بە کۆمیدی کوردی داوە و گاڵتە و گەپی تێدایە[٨٩٥]، ئەمەش وایکردووە ئەدەب و فەرهەنگی کوردی دەوڵەمەند بکات[٨٩٦]. هەروەها لە دوای کودەتای بەعس لە ساڵی ١٩٦٣، هەژار بە هاوکاری(مەلا شکور مستەفا)، لە بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی، پرۆگرامی عەرەبیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی[٨٩٧].

وێڕای ئەمانەش وەرگێڕاوەکانی بێ کەموکوڕی و ڕەخنە نییە، بە تایبەت ئەمانەت پارێزی دەقی نە پاراستوە[٨٩٨].

لە وەرگێڕاندا ڕۆڵی ئازادانەی پەیڕە و کردووە، کۆمەڵێک وشەی زیاد و

---

(٨٩٤) محەمەد خدر مەولود، پەیڤێک"٥٧ ڕامان (هەولێر- ئازاری٢٠٠١)٢٢٧.

(٨٩٥) عەبدولڕەزاق بیمار، ڤیستیڤاڵی هەژار موکریانی شکۆی نەتەوەیی و خوێندنەوەی بابەتیانە ئامادەکردنی جەلیل کاکە وەیس"٣٨٣٦ برایەتی ئەدەب و هونەر(٦ی تشرینی دووەمی٢٠٠٢)٩.

(٨٩٦) عەبدولقادر دەباغی، تێرامانێ لە ڕامان و سۆزی غەریبی"١٤ ڕامان (هەولێر- ٢٥ئابی ١٩٩٧)٢٠.

(٨٩٧) خوسرەو جاف (پ- ٣٥٥)٣٣٩- ٣٤٠.

(٨٩٨) زامدار ئەحمەد، دیدار لەگەڵ حەیدەر عەبدوڵڵا (پ- ٨٣١)١٨٩.

کەمکـردووە، لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە نـاوەڕۆک لاینـەداوە[٨٩٩]. نـەک تەنهـا وشـە، بەڵکـو فکریشـی بەکارهێنـاوە، باسـی وشـەکان نـاکات، سـەرەڕای ئەمانـە توانیویەتـی ڕۆڵێکـی دیـاری لـەم بـوارەدا بگێـڕێ، ئەمـەش پەیوەسـت نەبـووە، بـە زمانێـک و بابەتێکـی دیاریکـراو، وەک وەرگێـڕان لـە عەرەبـی بـۆ کـوردی، عەرەبـی بـۆ فارسـی، فارسـی بـۆ کـوردی، تورکـی بـۆ کـوردی و شـێوەزاری کرمانجـی ژوور و بـۆ موکریانـی، هەروەهـا بابەتەکانیـش مێژوویـی، ئەدەبـی، زانسـتی و پزیشـکی، ئایینـی و سیاسـین، بۆیـە توانیویەتـی و بووەتـە ناوێکـی دیـار لـەم ڕووەوە.

**یەکەم: وەرگێڕاوەکانی بۆ زمانی کوردی**

**مەم و زینی خانی**

لـە نووسـینی (ئەحمـەدی خانـی ١٠٦١ - ١١١٩)یـە و هـەژار لەشـێوەزاری کرمانجـی ژوورو کردوویەتـی بـە شـێوەزاری موکریانـی، لـە سـاڵی ١٩٦٠ چاپکـراوە، ئەوکاتـەی لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان بـووە، خـۆی فێـرە شـێوەزاری کرمانجـی ژووروو دەکات و شـارەزاییەکی باشـی لـێ پەیـدا کـردووە، ئەمـەش زۆر یارمەتـی داوە، لـە وەرگێڕانـی (مـەم و زینـی ئەحمـەدی خانـی)، سـەرکەوتووانە، تـا ڕادەیـەک کرمانجیەکەشـی پاراسـتووە، بـەڵام داڕشـتنەکەی بـە جۆرێکـە، تاموچێـژی موکریانـی پـێ بەخشـیوە. چەنـد جارێکـی دیکـەش چاپکراوەتـەوە؛ ئـەم کتێبـە بریتیـە لـە (٥٢٠) لاپـەڕە و ئامـادەی کـردووە و پەراوێـز و پێشـەکی بـۆ نوسـیووە؛ کردوویەتـی بـە چەنـد بەشـێک و نووسـین و هەڵسـەنگاندن و بیـر و ڕای خـۆی دەربـارەی ئەحمـەدی خانـی نوسـیووە بـەم شـێوەیە:

مـەم و زینـی خانـی چییـە؟ چیرۆکنـووس- ئامـۆژگاری ڕامیارانـە- وەفـا و ئەمـەک- شـێخی خانـی و مرۆڤایەتـی- خـوا ناسـین- خانـی و هونـەرە جوانـەکان – خانـی و شـیعر- ئەحمـەدی خانـی و ئـازادی- مـن و مـەم و زینـی خانـی و چـم کـرد. ئەمـەش نمونەیەکـە لـەم نوسـینەی خانـی و وەرگێڕانـی هـەژار بـۆ موکریانـی:

"پەسـنێ خـودێ فەرمـودەی پێغەمبـەرە: "هەرچـی

(٨٩٩) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩)١٩٠-١٩١.

| | |
|---|---|
| سەرنامەیێ نامە نامە: ئەڵڵاهـ | بەناوی خوا دەست پێ نەکرێ بێ |
| بێ نامێ وی ناتەمامە وەڵڵاهـ | پیتە"¸ مەتڵەع: جێگەی ڕۆژهەڵاتن |
| ئەی مەطلەعێ حوسنێ عیشقبازی | حوسن: جوانی، باشی¸ حەقیقی: |
| مەحبووبێ حەقیقی و مەجازی | راستەقانی¸ مەجازی: بەدەڵ¸ لەوح: |
| نامێ تەیە لەوحێ نامەیا عیشق | تەتەڵە¸ خامە: قەڵەم¸ خام: کاڵ و |
| ئیسمێ تەیە نەقشێ خەمەیە عیشق | کرچ¸ شاهـبەیت: چاکترین تاک بەیت لە قەسیدەدا"[٩٠٠]. |

بۆیە کۆمەڵێک خوێنەر لەبارەی ئەم بەرهەمە ڕایان وایە "ناوی بنرێ، مەم و زینی هەژاری موکریانی"[٩٠١]، چونکە ناوبراو ئەوەندەی چەوساندنەوەی چینایەتی لە کۆمەڵگەی کوردی و لە شاری بەغدا بینیوە، وەک یەکێک لە هاوڕێکانی (شکور مستەفا) یاداشتی کردووە، کە "بەرە و لوتکەی ناسیونالیستی هەڵکشیوە"[٩٠٢]، بۆ ئەوەی گۆڕانکاری و کاریگەری لەسەر بابەتە بنەڕەتیەکە هەبێت، زۆر پەند و قسەی نەستەقی زاراوەی سۆرانی لەگەڵی گونجاندوە و ئەمەش ئەو جیاوازیە کەم دەکاتەوە، کە دەسەڵاتدارانی نەتەوە سەردەستەکان، لەنێو پارچەکانی کوردستان دروستیان کردووە[٩٠٣].

یەکێک لە ئامانجی ئەم وەرگێڕانە ئەوە بووە، هانی کۆمەڵگەی کوردەواری بدا، تاوەکو بیری نەتەوەیی بەسەریاندا زاڵبێت و لە دەست زوڵم و زۆری و دەسەڵاتداران ڕزگاریان بێت[٩٠٤]، جارێکی تر ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٨٦، لەسەر ئەرکی (ئیدریس بارزانی) لە شاری کەرەجی ئێران چاپکراوە، هەژار زۆر بەپەلە بووە تا تەواو بووە، پێی وابووە وەک پێویست کورد قەدری ئەم بەرهەمەیان نەگرتووە، دواتر لەساڵی ١٩٩٠ لە شاری پاریس بۆ سێیەم جار چاپکراوە[٩٠٥]. خوێنەری زۆری هەبووە و وەک بەرهەمەکانی دیکەی بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

(٩٠٠) ئەحمەدی خانی، مەم و زین، ئامادەکردن و پەڕاوێزنووسینی هەژار (پ- ٣٨٨)٢٥.
(٩٠١) برایەتی ئەدەب و هونەر، "هەژاری موکریانی فرە داهێنان بوو"(پ- ٦٠٣)٩.
(٩٠٢) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩)١٩٣.
(٩٠٣) عەباس عەبدوڵلا یوسف و جەلیل کاکە وەیس (پ- ١٩٨)٢.
(٩٠٤) جەلیل کاکە وەیس، مەم و زینەکەی هەژار"١٦٥ برایەتی ئەدەب و هونەر(١٨ی شوباتی٢٠٠٠)٥.
(٩٠٥) عەبدولڕەحمان پاشا، مامۆستا هەژار و مەم و زین"١٧٧٦ ڕۆژنامەی برایەتی(٢٢ی تشرینی یەکەمی١٩٩٣)٥.

**چوارینەکانی حەکیم عومەری خەیام[٩٠٦]:**

خەیام یەکێکە لە شاعیرە گەورە و ناسراوەکانی فارس، شیعرەکانی بەشێوەی چوارینە نووسیون، هەژار ٢٥٠ دووسەد و پەنجا چوارینەی خەیامی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، کە لە بارەی خەیامەوە نوسیویەتی"من دۆست و هۆگری خەیام بووم، هەرکاتێ بە تەنیا بوومایە، دەمخوێندەوە، جیا لە کاکڵە چوارینەکانی خەیام، زۆریش حەزم لە وەزنی ڕووباعییەکانی بوو"[٩٠٧].

ئەم چوارینانە کۆمەڵێک شیعرن، لەلایەن حەکیم عومەری خەیام بە زمانی فارسی نووسراون، لەبەشێکدا خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی قووڵی بۆ ئەم گەردوونە و مرۆڤ کردووە، هەژاریش وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ئەویش خوێندنەوەی بۆ شیعرەکانی کردووە.

بەهۆی ئەوەی هەژار موکریانی خاوەن کەسایەتیەکی ئازاد و سەربەست بوو، هەرچەندە زۆربەی تەمەنی لە ئاوارەیی و دەربەدەری و گەڕۆکیدا بووە، بەڵام ئازاد بووە لە بیرکردنەوە و دەربڕینی ڕاو بۆچونیدا، لەهەمان کاتدا لەسەر بیروباوەڕی خۆی سوور و بەرچاو ڕوونیش بوو.

سەیری خۆش لەوەدایە خەییامی شاعیریش سەرەتا لە وڵاتانی ڕۆژئاوا ناسرا، شیعرەکانی وەرگێڕدرانە سەر زمانە جیاوازەکان و بەرگێکی ڕۆژئاواییان لەبەر کرد. چەرخی بیستەمی زاینی چەلی سەرهەڵدانی ناوی خەیام و ناوبانگ دەرکردنی چوارینەکانی بوو.

هەندێک بۆچوونی لە وەرگێڕانی بۆ شیعری خەییام دەردەکەوێ کە ئەمەش

(٩٠٦) خەیام: عومەری کوڕی برایمی نەیشابوور، ساڵی ٤٣٩ی کۆچی لە نەیشابوور لە دایکبووە، لە باوکییەوە نازناوی خەیامی بە مانای خێوەت دروو، کەوتۆتە سەر شانی. خەییام لە زانستی بیرکاری، فەلسەفە، ئەستێرە ناسی، مێژوو، شەریعەتی ئیسلام، پزیشکی و شیعر و ئەدەبدا، باڵا دەست بووە، ساڵی ٥٢٦ی ک کۆچی دوایی کردووە و لە نەیشابوور بە خاک سپێردراوە. سەلاحەدین ئاشتی، خەییامی هەژارانە، چوارینە فارسی و کوردییەکانی خەییام و هەژار(سنە وەشانخانەی مادیار-١٣٩٩- ٢٠٢٠)٧.

(٩٠٧) خیام عومەر بن ئیبراهیم، چوارینەکانی خەییام، کوردی و فارسی، هەژار وەریگێڕاوە بۆ کوردی و پێشەکی بۆ نوسیوە(چاپخانەی کانی کتێب – تهران ١٣٩٤ - ٢٠١٥) بیست و سێ.

پرسـیارمان لا دروسـت دەکات، بۆچـی هـەژار چوارینەکانـی خەیامـی وەرگێڕایـە سـەر زمانـی کـوردی؟ شـەرەفنامەی وەرگێـڕا لەبـەر ئـەوەی مێـژووی کـوردە. لێکۆڵینـەوەی لەسـەر مـەلای جزیـری دانـا، لەبـەر ئـەوەی شـاعیرێکی نـاسراوی کـوردە، بـەڵام بۆچـی لـەو هەمـوو شـاعیر و فەیلەسـوفەکانی تـر، خەیامـی کردووەتـە کـوردی؟ ئایـا لـە وەرگێرانـی چوارینەکانـی خەیامـەوە، زیاتـر هـەژار خـۆ بەخوێنـەران ناناسـێنێ؟ ئەمەیـان نزیکتریـن وەڵامـە، چونکـە خۆشـی هەندێـک چوارینـەی نوسـیووە، لـە هـی خەیامـەوە نزیکـن، دیـارە بیرکردنـەوە و بۆچوونیـان لـە یەکـترەوە نزیکـن.

هــەژار خۆشـی لـە پێشـەکی چوارینەکانـی خەیامـدا دەڵـێ" مـن بۆیـە بایەخـم بـە خەیـام داوە، چونکـە خەیـام گەڕۆکـە، سەربەسـت و ئـازادە، لـە بیرکردنـەوە و بۆچوونیـدا". هەروەهـا ئامـاژەی بـۆ ئـەوە کـردووە کـە" نیـازم لـەم پێشـەکییە بـۆ خەیـام، دەربڕینـی بیروبـاوەڕی خۆمـە بەرامبـەر بـەو کابـرا خوێنشـیرینە. دەمـەوێ لـەم سـوچەوە کـە بـەر دڵـی مـن کەوتـووە، دەمـی بـۆ بـەرم و هێندێـک لـەو شـوێنانە دەسـت نیشـان بکـەم، کـە تـا ئێسـتا خەیـام ناسـەکان و خەیـام نووسـەکان لـە بیریـان نەبـووە، هەنـگاوی بـۆ باوێـژن".

لێرەشـدا هـەژار باسـی ئـەوە دەکات، کـە چـۆن خەیامـی ناسـیوە و خەیـام ناسـەکان چ لایەنێکیـان فەرامـۆش کـردووە، ڕەخنـە لـە وەرگێـڕە فـارس و عەرەبـەکان و نەتەوەکانـی دیکـە دەگـرێ، سـەرەڕای ئـەوەی پێشـەکی دوورودرێـژ و پەروایزیـان لەسـەر نوسـیووە و زۆر بـە شـان و باڵیـان هەڵگوتـووە، کتێبـی گـەورە سـەربەخۆیان لەسـەر نوسـیووە.

هـەژار پێـی وایـە ئـەو نووسـەرانە نیازیـان وابـووە، ئـەو شـیعرانەی بەنـاوی خەیامـەوە کەوتونەتـە سـەردەم و زاران، دان بژێـر و بەردەشـۆری بکـەن و ئـەوەی خۆیـان بەردڵیـان دەکـەوێ، بیدەنـە پـاڵ خەیـام و ئـەوی دیکـەی کـە بەدڵیـان نییـە فـڕی بەسـەر خەیامـەوە نیـە، پێیـان وایـە خەیـام کەسـێکی زانـا و خواپەرسـت و خۆپارێـزە، هەرگیـز لـە شـتێکی وا نزیـک نەکەوتۆتـەوە، کـە بۆنـی کفـر و ناڕەوایـی لـێ هاتبـێ.

بـە ڕای هـەژار دەبـوو ئـەم نووسـەرانە کاکڵـە خۆشـەکەی مەبەسـتی خەیـام بـۆ خوێنـەران دەرخـەن، هاتـوون بـە هەڵپەرتاوتـن و ڕازاندنـەوە، بـە خەیاڵـی خۆیـان کـەم

و کوڕیـان بـۆ داپۆشـیوە، بەمـەش کارێکیـان کـردووە، خوێنـدەواران سـەریان لـێ بشـێوێ.

دەربـارەی خەییـام و بیروبـاوەڕە دەڵـێ" خەییـام کـوڕی کـێ بـووە و چەنـد سـاڵ ژیـاوە و چـی دەبـەردا بـووە و چ جـۆرە پێخۆرێکـی خـواردووە و بـەکام نەخۆشـی مـردووە، کەیفـی خۆیەتـی. مەبەسـتی گرینـک ئەمەیـە: چەنـد بیـر و باوەڕێکـی تـازە و تروسـکەدار لـە ڕۆژگارێکـی کـۆن و ئەنگوسـت لەچـاوا، لـە کابرایەکـی ژیـر و وریـاوە، سـەری هەڵـداوە و ڕچـەی ئازاتـی و ئـازادی بـۆ شـکاندوین و دنـەی داویـن کـە خۆمـان بناسـین و بوێریـن بیـر لـە ژیـان و چارەنوسـی خۆمـان و دەروبەرمـان بکەینـەوە"، واتـە لێرەشـدا هـەژار مەبەسـتیەتی ئـەو چەنـد بیـر و بـاوەڕە نـوێ و تروسـکەدارە بـۆ ئێمـە بگوازێتـەوە و لێـی بێبـەش نەبیـن.

لێـرەدا هـەژار دوو مەبەسـتی خسـتووەتەڕوو، دەیەوێـت مـرۆڤ خـۆی بناسـێ، بەشـێوەیەکی گشـتی بـە ئـازادی بـژی و بیـر بکاتـەوە و هەڵسـوکەوت بـکات.

لەلایەکـی دیکـەوە نووسـیویەتی "خەیـام لـە چەرخـی پێنجەمـی کۆچیـدا ژیـاوە. کەسێک بـۆ چۆنیەتـی بـاری ئـەو سـەردەمە بڕوانـێ، سـەری ڕادەژەنـێ واقـی وڕدەمێنـێ. لـەو دەمـەدا هەفتـا و دوو تیـرە و فیرقـەی مووسـڵمان هەبـوون. هەموویـان هەریەکـە و ئـەوی دیکەیـان بـە کافـر زانیـوە. هەموویـان دژی یەکـتر بـوون" مەبەسـت ئەوەیـە لـەو سـەردەمەدا تەوژمێکـی فیکریـی زۆر ئاڵـۆز لـە ئـارادا بـووە، لـەو نێوەنـدەدا خەیـام هاتـووە، شـتێکی نوێـی داهێنـاوە، بەرپەرچـی هەمـوو ئـەو بۆچونانـەی داوەتـەوە، تـا بـگات بـە حەقیقەتێکـی ڕاسـتەقینە.

هـەژار پێیوایـە خـوای گـەورە مرۆڤـی بە ئـازادی دروسـتکردووە، بۆیـە دەبێـت بەئازادی بیربکاتـەوە و بـە ئازادیـش بژیـەت، بڕواشـی وابـووە مـرۆڤ لـە توانایدایـە زۆر شـت بکات.

هەژاریـش بـەم شـێوەیە خوێندنـەوەی خـۆی بـۆ خەیـام دەکا و دەڵێ"خەیـام خـوای ناسـیوە، بـەڵام وەک خواناسـە گـەورەکان، لای وابـوو، خـوا هەمـووی هەر خۆشـی و بەزەیی بێنیـازی و جوانییـە". لێرەشـدا هـەژار مەبەسـتی بـووە، مـرۆڤ خـۆی بناسـێ، هـەم وەک میللـەت و هـەم وەک تاکـە کـەس، تاوەکـو نەتـەوەی کـورد بیـر لـە ژیـان و چارەنووسـی

خـۆی بکاتـەوە، کـە ئەمەشـیان زۆر گرنگـە، چونکـە زۆر کـەس ناتوانێـت، بـەم شـێوەیە ڕای خـۆی بـێ پێـچ و پەنـا بخاتـە ڕوو.

لەلایەکــی دیکــەوە، لــە ڕووی وەرگێڕانــەوە، ئەگــەر بــە وردی ســەرنجی بــدەی، کوردیەکــەی هــەژار بەهێزتــرە، لــە خــودی فارســیەکەی خەییــام، بۆیــە خۆشــی لــە پێشـەکیدا دەڵـێ: مـن نەمویسـتوە کـورد فێـری فارسـی بکـەم و وشـە بـە وشـەم مەعنـا نەکردۆتــەوە، بــەڵام مەفهومــی شــیعرەکەم بــە هاوزمانانــی کــورد ئاشــنا کــردووە".

لـە سـاڵانی ١٩٦٦-١٩٦٧، هـەژار سەرپەرشـتی چاپەمەنـی شـۆڕش بـووە، چوارینـەکان لـە سـاڵی ١٩٦٧ لـە چاپخانـەی شـۆڕش چاپکـراوە، بـەڵام لەژێـر فشـاری سـاواک، نـاوی هــەژار لــە کتێبەکــە ســڕاوەتەوە و بــە نــاوی "خەییــام بــە کــوردی" بڵاویــان کردۆتــەوە، جگــە لــە هــەژار کەســانی تریــش پێــش ئــەو، ئــەم هەوڵەیــان داوە و چوارینەکانــی خەیامیــان وەرگێڕاوەتــە ســەر زمانــی کــوردی، وەک (جــەلادەت عالــی بەدرخــان) لــە ڕۆژنامـەی ڕوناهیەکەیـدا، بـە شـێوەزاری کرمانجـی بـڵاوی دەکـردەوە، (شـێخ سـەلام)یش بەشـێوەی کـوردی وەری گێـڕاوە، عەلائەدینـی سـەجادی بـۆی لـە چاپـداوە، چەنـد نموونـە وەرگێڕێکیشــی لــە فاظـل و مامۆسـتا گـۆران لەگـەڵ خسـتوە[٩٠٨]، بـەڵام ئـەو زیاتـر لـە فکـر و هۆشـی خوێنـەری کـورد لەنگـەری گرتـووە، سـەرنجی خوێنـەری بـەلای خۆیـدا ڕاکیشـاوە[٩٠٩]، بێگومـان ئـەم وەرگێڕانـە پێویسـتی بـە شـارەزایی و لێهاتـووی زۆر بـووە، فەرهەنگـی کـوردی تێکـەڵ کـردووە، جارێکـی تـر شـیعرەکانی داڕشـتۆتەوە، بیـروڕای خـۆی لەگـەڵ دەربڕیـوە، ئەمـەش بابەتەکانـی دەوڵەمەندتـر کـردووە[٩١٠]. هـەژار لـە وەرگێڕانیـدا، کۆمەڵێـک کەرەسـتەی بەکارهێنـاوە وەک، هونـەری تێگەیشـتن، بیـروڕای خـۆی دەربـارەی کەسـایەتی خەیـام، هونـەر و تایبەتمەنـدی وەرگێـڕان، خوێندنـەوەی نوێـی ئەو بابەتـەن[٩١١]. ئەمـەش نموونەیەکـە لـە چوارینەیەکـی خەییـام لـە وەرگێڕانـی هـەژار:

---

(٩٠٨) خیـام عومـەر بـن ئیبراهیـم، چوارینەکانی خەییام، کوردی و فارسـی، هەژار وەریگێـڕاوە (پ- ٩٠٧) بیسـت و یەک.

(٩٠٩) زامدار ئەحمەد، دیدار لەگەڵ حەیدەر عەبدوڵڵا(پ- ٨٣١)١٩٠.

(٩١٠) سەڵاحەدین ئاشتی، دووبەیتییەکانی هەژار شیعر و خەت و گۆرانی"١٨٢ مەهاباد (١٣٩٥- ٢٠١٦)١١.

(٩١١) نامق هەورامی، هەژار لە سنه (پ-٤٩)١٠٠-١٠١.

بۆ گۆزەکڕین دەچوومە لای گۆزەکەرێک

سەد گۆزە بە من پێکەنی، هەر یەک لە بەرێک

ئێمەی وەکوو خۆت ئەبەی سبەینێ خۆشت

وەک ئێمە دەبی بە گۆزە لای بێ خەبەرێک

* * *

ڕابوێرە بە سەربەرزی بە نان و ئاوێک

سەر دامەنەوێنە بۆ هەموو ناپیاوێک

لەم ژینە کە هەر دەمێکە دێت و دەڕوا

مەردایەتی مەفرۆشە لە پێناو تاوێک(٩١٢).

هـەژار لـە پاشـکۆی خەییـام چەنـد شـیعرێکی خـۆی بەناونیشـانی "چوارینەکانـی بابـە هەژاری موکریانی" بڵاوکردۆتەوە؛ بەشـێوەیەک نوسـیویەتی، بیر و مێشـکی خۆی پێوە ماندوو کـردووە، هەڵقـوڵاوی ناخـی خۆیەتـی، ئەگەر ئامـاژەی بەوە نەکردبـا، کە خۆی نوسـیوویەتی، لەگـەڵ شـیعرەکانی خەییـام جیـا نەدەکرانـەوە، ئەمـەش توانای ئەو نیشـان دەدات، لە شـیعر و زمانـی شـیعری. ئەمـە نموونەیەکـە لـە "چوارینەکانـی بابە هـەژاری موکریانی":

شەوە ئەستێرە بەزریوەن لە سەرمان

لە مانگی ڕووت هەناسەم بۆتە خەرمان

تکەی ئاونگی کوڵمەت تەڕ دەکا لێو

گەزۆ باری لە گەرمان و لە شەرمان(٩١٣).

لەگـەڵ ئەوەشـدا ڕەخنـە لەبەشـێکی ئـەم چوارینانـە هەیـە، هەندێـک بابەتـی تێدایـە، لەگـەڵ ئاینــی ئیسـلام ناگونجێـت. هەرچۆنێـک بێـت، کتێبخانـەی کـوردی دەوڵەمەندتـر کـردووە، بووەتـە جێـگای ڕەزامەنـدی بەشـێک لـە خوێنـەران.

(٩١٢) خیام عومەر بن ئیبراهیم، چوارینەکانی خەییام، کوردی و فارسی، هەژار وەریگێڕاوە (پ- ٩٠٧)٢٠.
(٩١٣) چوارینەکانـی بابـا هـەژاری موکریـان پاشـکۆ، چوارینەکانـی خەییـام، کـوردی و فارسـی، هـەژار وەریگێـڕاوە (پ- ٩٠٧)١٧٩.

**چوار نامیلکەی عەلی شەریعەتی:**

ئەم چوار نامیلکەی ناویان لەخوارەوە هاتووە، یەکەم، دووەم و سێیەم لەساڵی ١٩٦٩ چاپکراون و چوارەمیان ساڵی ١٩٧٠ یە. پاشان لە ساڵی ١٣٥٩-١٩٨٠ هەریەکەیان بە جیا چاپکراونەتەوە، دواتر (ماجد مەردۆخ ڕۆحانی) هەرچوار نامیلکەکەی کۆکردوونەتەوە و جارێکی تر بەناوەکانی لە یەک بەرگدا چاپی کردوونەتەوە: ١- یەک لە پەنای خاڵ و سیفری بێ برانەوە، باسی قەدری دەوڵەمەند دەکات، ئەگەر نەزانیش بێ، هەژار ئەگەر زاناش بێ کۆمەڵگە ڕێزی ناگرێ، چۆن داگیرکەران نەتەوە ژێر دەستەکانی بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاردێنن. ٢- ئارێ برا واڕابرا، باس لە چەوساندنەوەی خەڵکی دەکات لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، وەک کۆیلە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن. ٣-عیرفان بەرامبەر ئازادی، زانینی شتەکان وەک خۆی هەیە، بابەتەکان چۆنن دەبێ ئەوا بیانخەیەڕوو. ٤- دایە باوە کێ خراوە، باس لە ئایینی ئیسلام دەکات، لە قۆناغە جیاوازەکاندا، وەک سەفەوی، ئەمەوی، عەباسی، عوسمانییەکان و... بەشێک لەدەسەڵاتداران بەناوی ئایینی ئیسلامەوە، خەڵکیان چەوساندووەتەوە[٩١٤]. نووسەر هەوڵیداوە، بەشێوەیەکی ڕوون و ورد بابەتەکانی بخاتە بەرچاوی خوێنەران، بەتایبەتی لەسەر ئەو بیروڕایانەی بنەمایەکی ئایینی و زانستیان نییە، بیر و بۆچوونی زیادەیان تێکەڵاوی بنەما ئایینیە ڕاستەقینەکە کردووە، هەوڵیداوە بیر و بۆچوونە زیادەکان بۆ خەڵکی ڕوون بکاتەوە.

ئامانجی هەژار لە وەرگێڕانی ئەم نامیلکانە، ڕەخنەگرتن بووە لە هەندێک بیروڕا خورافییەکانی ئایین، بەخوێنەری کوردی ئاشنا بکا، پێی وابووە ئەم بیروڕایانە کۆسپ و تەگەرەیەکن، لە بەردەم پێشخستنی کۆمەڵگای کوردی لە ڕووی وشیاری ئایینی و نەتەوەیی[٩١٥]، هەروەها ئامانجێکی تری ئەوە بوو، خەڵکی وشیار بکاتەوە لەسەر بۆچوونی مەزهەبێک، کە (عەلی شەریعەتی) شارەزا و ڕەخنەگر پەردەی لەسەر هەڵداوەتەوە[٩١٦]. هەژار هەوڵ و کۆششی زۆری داوە، بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی زیاتر و یەکگرتوویی زمانی کوردی، هەموو شێوەزارەکانی تێدا بەکارهێناوە[٩١٧].

---

(٩١٤) ماجد مەردۆخ ڕۆحانی، چوار نامیلکەی عەلی شەریعەتی، وەرگێڕانی بۆ کوردی هەژار موکریانی (چاپخانەی ئانا- سنە ١٣٩١-٢٠١٣).

(٩١٥) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩)٩٥.

(٩١٦) عومەری سەلەفی(پ- ٨٤٦)٩.

(٩١٧) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩)١٨٦- ١٨٧.

**شەرەفنامە، مێژووی ماڵە میرانی کوردستان:**

ئـەوکات مێرمنـداڵ بـووە، هـەژار کتێبـی شـەرەفنامە لـە نووسـینی (میـر شـەرەفخانی بەدلیسـی) بینیـوە، دواتریـش لێـرە و لـەوێ قسـە و باسـی لەسـەر ناوەڕۆکـی کتێبەکـە بیسـتووە، کـە باسـی مێـژووی کـورد و کوردسـتانە، ئـەم کتێبـە بـە زمانەکانـی تـر، بەتایبـەت بـە فارسـی و عەرەبـی دەسـتکەوتووە، هـەم وەک ئـەوەی مێـژووی نەتـەوەی کـوردە و هەمیـش نەخراوەتـە سـەر زمانـی کـوردی و دەسـتی بـەکاری وەرگێـڕان کـردووە[٩١٨]، بۆیـە بەپێویسـتی زانیـووە گەلـی کوردیـش وەکـو گەلانـی دیکـە، لـە مێـژووی خـۆی ئاگاداربێـت. تەنیـا ئـەوە نـا، بەڵکـو خـۆی مێـژووی خـۆی بنووسـێتەوە. مێـژوو ڕیشـەی درەختـی هەبوونـی هـەر گەلێکـە. گەلـی بـێ مێـژوو ون، مـردووە.

هـەر بۆیـە لـەم بارەیـەوە لـە پێشـەکی شـەرەفنامەدا نووسـیویەتی" ئێمـەی کـورد بـە خۆمـان مێـژووی خۆمـان نەنوسـیووە. زانـا و مێژوونوسـانی کوردیـش بـە بـەژن و بـاڵای داگیرکەرانـی کوردسـتانیاندا هەڵگوتـووە و هەرگیـز چاویـان خۆیانـی نەدیـوە" هەروەهـا ئامـاژەی بـۆ ئـەوە کـردووە" مامۆسـتای بەنـرخ و هێـژا شـێخ عومـەر وەجـدی کاتـێ لــە جامـع الازهـری قاهیـرە، مامۆسـتای ڕەواقـی کـوردەکان بـوو، پایـزی سـاڵی ١٩٥٨ لـە ڕێـگای چوونـە مۆسـکۆدا چوومـە دیدەنـی و لەنـاو گەرمـەی وتوێـژی کوردانەمانـدا، ئاخێکـی هەڵکیشـا و فەرمـووی هـەژار موکریانـی، دەردی گەلـی کـورد دووسـەرییە، ئێمـە دەربـارەی خۆمـان هیچـمان نەنوسـیووە، دوژمنـان لـە هەمـوو بارێکـەوە، هەمـوو شـتی پێویسـتی خۆیـان نوسـیووە، شـتیش کـە نـوسرا و بەرگـی تێگیـرا و بـوو بـە کتێـب، ئەگـەر هـەزار درۆی شاخداریشـی تێـدا بێـت، تـازە دەبـێ بەڕاسـت و هـەر گوتـت، لـەل! دەڵێـن بچیـن کتێبـت بـۆ بێنیـن؟ ئیـتر قسـەت پـێ نامێنـێ و قسـەی دوور لـە کتێـب لـە لای کـەس خـۆی نانوێنـێ".

هـەژار بـەم وەرگێڕانـە پوخـت و ڕەوانـەی هـەم ئـەو بەرهەمـەی ژیاندۆتـەوە، هەمیـش هانـی نووسـەرانی کـوردی داوە، تـا بایـەخ بـە مێـژووی گەلەکەیـان بـدەن.

---

(٩١٨) میر شەرەف خانی بەدلیسی، شەرەفنامە مێژووی ماڵە میرانی کوردستان (پ – ٢٠١)٣.

لە بەهاری ساڵی ١٩٦٩ ئەوکاتەی هەژار بەرپرسی چاپەمەنییەکانی شۆڕش بووە، زیاتر لە بارەگای ڕادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق، لە گوندی شیناوێ، کە دەکەوێتە خوارووی قەسرێوە، سەرەڕای بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ڕادیۆ و نووسینی بابەتەکانی بۆ ڕادیۆ و ڕۆژنامەکان، بیری لە وەرگێڕانی ئەو کتێبە کردووەتەوە، بۆ ئەم مەبەستە بە گوتەی خۆی شەرەفنامەی لەگەڵ وەرگێڕانی عەرەب و فارسیەکەی بەراورد کردووە[٩١٩]، سەرەڕای ئەرکەکەی، بەڵام ئەوپەڕی تواناکانی خۆی خستۆتەگەڕ، شەووڕۆژی بەسەریەکەوە ناوە، تاوەکو وەرگێڕانەکەی تەواو بکات[٩٢٠]. دوای ئەوەی وەریگیڕاوە، لە ساڵی ١٩٧٢ کاتێک ئەندامی کارای کۆڕی زانیاریی کورد بووە، لە چاپخانەی نوعمان چاپکراوە، زۆرترین کڕیار و خوێنەری هەبووە[٩٢١].

شەرەفنامە کۆنترین کتێبی مێژوویی کوردییە کە لەلایەن کوردەوە نووسرابێ، بە وەرگێڕانەکەی، ئەم بەرهەمەی زیاتر زیندووکردووەتەوە، هەمیش هانی خوێنەر و نووسەری کوردی داوە، زیاتر بایەخ و گرنگی بە مێژووی گەلەکەیان بدەن[٩٢٢]، لەم بارەیەوە مێژوونووسی کورد (کەمال مەزهەر) ستایشی ئەم ڕۆڵەی دەکات و لەم بارەوە ئاماژەی بۆ دەکات "هەژار بەو کارە گەورەیەی قەرزی نیشتیمانی بەسەرخۆیەوە نەهێشت..." [٩٢٣] ئەو کتێبە بەڵگەیەکی مێژووینی هەرە گرنگە، لە دەست میللەتی کورد و جێگای شانازی ئەم نەتەوەیە[٩٢٤]، بووە هۆکارێک بۆ زیاتر بەهێزکردنی ڕوحیەتی نەتەوەیی لەنێوان لاوەکان[٩٢٥]. لە ڕووی مێژوویی و زمانەوانی خزمەتێکی گەورەی بە دۆزی گەلەکەی کردووە، کەلێنێکی لە کتێبخانەی کوردی پێ پڕ کردووەتەوە[٩٢٦].

---

(٩١٩) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٤٥١.

(٩٢٠) سین (پ- ١٥٤)٣.

(٩٢١) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٤٦٩-٤٧٠.

(٩٢٢) فەلەکەدین کاکەیی، کۆبەرهەم دەفتەری خاک(پ- ٤)١٥.

(٩٢٣) عەبدوڵڵا زەنگەنە، بستێکی خاکی کوردستان بەهەموو دنیا ناگۆڕمەوە، چاوپێکەوتن لەگەڵ کەمال مەزهەر (چاپی یەکەم- چاپخانەی گرین گلۆری لوبنان ٢٠٠٩)٢٤.

(٩٢٤) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ حامید گەوهەری (پ- ٨٠) وڵاتی سوید.

(٩٢٥) جلال زنكابادى، هەژار العلامة العصامي وتراثه"٧١٥" ڕۆژنامەی خەبات ڕۆشنبیری (٢٣ی شوباتی١٩٩٤)١٣.

(٩٢٦) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩)٥٩.

هـەژار هاتـووە شـەرەفنامە مێـژووی ماڵـە میرانـی کوردسـتانی لـە فارسـی و عەرەبییـەوە، وەرگێڕاوەتـە سـەر زمانـی کـوردی، ئەویـش بـە زمانێکـی ڕەوان و پـاراو و جـوان، کـە بەخـۆی گەنجینەیەکـی پەخشـانی هونـەری کوردییـە. ناوبـراو ئامادەبـووە، لـە پەخشـانی هونـەری کـوردی ڕۆڵـی خـۆی بگێـڕێ و سـەربکەوێ، کەچـی بەهـۆی پەلوپـۆ هاویشـتنی بـۆ بەرهەمە جۆراوجۆرەکانـی دی، وەک پێویسـت، ئـەو کاتـەی نەبـووە و نەیتوانیـوە بەتەواوەتـی کاری لەسـەر بـکا. ئەمـەش زیاتـر بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە، لـەو قۆناغـە سیاسـییەی کـە هـەژاری تێـدا ژیـاوە، ئـەو دەم ئـەدەب هەوێنـی خەبـات و بەرخـودان بـووە.

لـەم بارەیـەوە هـەژار پێشـەکیەکی جوانـی بـۆ ئـەو کتێبـە نوسـیووە، لەگـەڵ پەراوێـز و شـەرع و ڕوونکردنـەوەی پێویسـت، لەگـەڵ لێکۆڵینـەوەی (هێمـن موکریانـی) و پێشـەکی (محەمـەد عەلـی عەونـی) بـۆ دەقـە عەرەبیەکـەی، هەروەهـا پێشـەکی نووسـەری میسری (یەحیـا ئەلخەشـاب) بـۆ هەمـان دەق، بـە پێشـەکی (کەمـال مەزهـەر ئەحمـەد) بـۆ دەقـە کوردیەکـەی و چەندیـن لێکۆڵینـەوەی دیکـەی. چەند زانا و شـارەزای کورد، شـایەتی ڕاسـتی و دروسـتی و گرنگـی وەرگێڕانەکـەی هەژاریـان داوە، وەک (مـەلا جەمیـل ڕۆژبەیانـی)، (مەسـعود محەمـەد)، (عەلائەدیـن سـەجادی)، (هێمـن موکریانـی) و (کەمـال مەزهـەر).

لەگـەڵ ئەوەشـدا تێبینـی لەبـارەی وەرگێڕانەکەی هـەژار هەبـووە، خوێنەران سـەرنجیان لەسـەر دەربڕیـوە بـۆ نموونـە، (عیزەدیـن مسـتەفا ڕەسـوڵ) بەدواداچـوون و بـەراوردکاری کـردووە، لـە نێـوان وەرگێڕانەکـەی هـەژار، وەرگێڕانـە عەرەبیەکەی(جەمیـل ڕۆژبەیانـی)، ڕوسـییەکەی ی.ی. ڤاسـیلێڤەم و ئـەوەی (مـەلا مەحمودی بایەزیدی) کـردووە، بۆیە ئاماژەی بـۆ ئـەوە کـردووە، کـە وەرگێڕانەکەی هـەژار" بۆ لێکۆڵینەوەی زانسـتی و بە وردی لە وشـە و ئیسـتیلاح گەیشـتن هەرگیز دەسـت نـادات"، چونکـە گۆڕانکاری تێـدا کـردووە(٩٢٧)، لەلایەکی دیکـەوە (هێمـن موکریانـی)، کـە لەکاتـی وەرگێڕانـی ئـەم کتێبـە، لەگـەڵ هـەژار بەیەکـەوە بوون، لەپەسـن و ستایشـیدا، یاداشـتی کردووە کە "دەم دی شـەرەفنامەی فارسـی و عەرەبی لـە دەوری خـۆی ڕادادەنـان. بـە تێڕامـان و چاوەکانـی بـن چاویلکـەی بازبازێنیـان بەسـەردا

(٩٢٧) عیزەدین مسـتەفا ڕەسـوڵ، شـەرەفنامەی بەدلیسـی دوای ٤٠٠ سـاڵ"٣ هەزارمێرد وەرزە گۆڤارێکی زانسـتییە ( سـلێمانی ئازاری ١٩٩٨)١٩.

دەکردن هەر لەبن لێوانیشەوە پرتەو بۆڵەی دەهات و ورتەورتی بو"[٩٢٨]، وادیارە کە چاوی بڕیوە، وەرگێڕانە عەرەبیەکان، ناوبەناو پەراوێزەکانی ناو فارسیەکەی لەبیر چووە، ئەمەش پشتڕاستی ئەوە دەکاتەوە. کەوا (مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی) وەرگێڕی شەرەفنامە، دەربارەی هەژار یاداشتی کردووە" هەڵەی تەرجەمەی عەرەبیەکانی ئەخستە تەرجەمەی کوردییەکەوە"[٩٢٩]، ئەمەش ئەوە دەردەخات، بەشێوەیەکی ورد بەراورد و خوێندنەوەی تەواوی بۆ هەموو ئەو کتێبانە نەکردووە، کە خۆی ئاماژەی پێداوە، کە بابەتێکی وەرگێڕاوە؛ وەک پێویست تەماشای هەمان بابەتی لە کتێبەکانی دیکە نەکردووە، بۆیەش تووشی ئەم هەڵانە بووە. ئەو وەرگێڕانی وشەی نەکردووە، بەڵکو "وەرگێڕانی مانایە" لەهەندێک شوێن بۆ خۆی ڕستەی لێ زیاد کردووە[٩٣٠].

سەرەڕای ئەو ئەرکە گران و مێژووییەی لە وەرگێڕانی شەرەفنامەدا ئەنجامیداوە، لەگەڵ ئەوەشدا پێویست بوو هەژار زیاتر وردبین و پشوو درێژبایە، هەموو دەقەکانی وەکو خۆی بگوازتبایەوە، کەڵکی لە کەسانی شارەزای مێژوویی وەربگرتبا، بەمەش وەرگێڕانەکە دەوڵەمەندتر دەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا بە وەرگێڕانی شەرەفنامە کتێبخانەی کوردی پێ دەوڵەمەندتر کردووە؛ خزمەتێکی زۆری بە وشەی کوردی کردووە؛ بیر و مێشکی بۆ هەڵکوشیون و خۆی پێوە ماندوو کردووە.

لەلایەکی ترەوە هەژار لە ڕێگای بەشێک لە نووسین و بڵاوکراوەکانییەوە، وەک کەسایەتییەکی سیاسی، پێیوایە بەم هەڵوێستانەی زیاتر برینەکانی شەڕی ناوخۆی لە باشووری کوردستان قووڵتر کردووە، ئەمەشی وەک لە پێشەکیەکەی وەرگێڕانی شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی دەرکەوت، وتەی ناشیرینی بەکارهێناوە[٩٣١]. لە چاپی دووەمی تارانی شەرەفنامە،ساڵی ١٩٨١ هەژار ئەم بابەتەی نووسیوە.

---

(٩٢٨) میر شەرەف خانی بەدلیسی، شەرەفنامە مێژووی ماڵە میرانی کوردستان (پ – ٢٠١) شێست و پێنج.

(٩٢٩) جەمیل ڕۆژبەیانی، میرشەرەفخان شەرەفنامە، هەژار، سەنتەر، هەزارمێرد..."٦ سەنتەری برایەتی گۆڤارێکی وەرزیی فیکریی- سیاسییە(هەولێر حوزەیرانی ١٩٩٨)٨-٩.

(٩٣٠) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. شێرکۆ هەژار، بەرگی دووەم ٢٠١٠( پ- ٣٠٨)٢٣٦-٢٣٧.

(٩٣١) نەوشیروان مستەفا ئەمین، بەدەم ڕێگای گوڵچنین مێژوی سیاسی (چاپخانەی الدار العربیة للعلوم – ناشرون بیروت – لبنان ٢٠١٤)٢١.

**نووسینەوەی مێژوو کورد و گەلانی تر لای هەژار:**

سـەرەڕای بوارەکانـی دیکـە، هـەژار گرنگـی باشیشـی بـە لایەنـی مێـژووی کـورد داوە. وەک ئامـاژەی پێکـراوە، هەریـەک لـە بەرهەمـە وەرگێڕدراوەکانـی وەک: شـەرەفنامە مێـژووی ماڵـە میرانـی کوردسـتان؛ مێـژووی ئـەردەڵان و هـۆزی لـە بیرکـراوی گاوان؛ بێجگـە لـەوەش هەوڵیـداوە ڕووداوەکان بنووسـێتەوە و تۆماریـان بـکات، زۆربـەی ئـەو بابەتانـەی بـۆ ڕۆژنامـە و گۆڤـارەکان بەشـێوەیەکی گشـتی لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و لـە باشـووری کوردسـتان نووسـیوە؛ هەروەهـا ئـەو وتارانـەی کـە لـە بۆنـە و یـاد و ئاهەنگەکانـدا خوێندوویەتیـەوە؛ کـە سـەرۆکی یەکێتیـی نووسـەران و نوێنـەر و ئەندامـی کـۆڕی زانیـاری کـورد بـووە؛ یاخـود سـەردانی وڵاتانـی ئەوروپـای ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوای کـردووە، یـان کـە وتـاری بـۆ ڕاگەیاندنـەکان لەوانـە ئێسـتگەی دەنگـی کوردسـتانی عێـراق نووسـیوە و یاخـود پێشـەکی بـۆ بەرهـەم و کتێبەکانـی خـۆی و نووسـەرانی تـر نووسـیوە و بەشـێوەیەکی گشـتی؛ سیاسـی بـوون و بەشـێک لـەم وتارانـەی تەرخـان کـردووە، بـۆ مێـژووی کـورد، کـە چـۆن خاکـی لەلایـەن داگیرکەرانـی کوردسـتانەوە پارچـە پارچـە و دابەشـکراوە و بـە درێژایـی مێـژوو سـەروەت و سـامانی بـە تـاڵان بـراوە. بۆئـەوەی لـەم کۆیلایەتـی و سـتەمدیدەیە ڕزگاری بـێ و بـە مافـە نەتەوەییەکانـی شـادبێ و ببێتـە خـاوەن دەوڵەتـی سـەربەخۆ، داوای کـردووە، نێوماڵـی کـورد یـەک بخـرێ و یەکڕیـز و یـەک هەڵوێسـتی سیاسـی بـن.

**دەربارەی جوەکانی عێراق:**

هـەژار لـە بەشـێک لـە یاداشـتەکانیدا، ئاینـزا جیاوازەکانـی پشـتگوێ نەخسـتووە، لـە بەغـدا لـە سـاڵی ١٩٤٨، وەک لەسـەرەوە ئاماژەمـان پێـداوە، بەهـۆی ئـەوەی لەگـەڵ جـووەکان، دوکانـی هەبـووە و کاری کـردووە، لـە نزیکـەوە ئـاگاداری جموجۆڵیـان بـووە، شـارەزایی دەربـارە پەیـدا کـردوون، کـەوا چـۆن ڕۆڵیـان هەبـووە، لـە کاری بازرگانـی بەتایبـەت، لەگەڵ(یەرمیـای جـو) کـە زۆر شـارەزای کار و بـاری کڕیـن و فرۆشـتن بـووە، زۆر تیکەڵاوبـووە؛ ڕۆڵ و زیرەکـی و لێهاتویـی جولەکـە لەبـواری کەسـابەت و کڕیـن و

فرۆشـتن بـەرز نرخانـدووە[٩٣٢]. بـە ڕای ئـەو بـە بـەراورد لەگـەڵ مووسـڵمان و نەتـەوەی کـورد و عـەرەب زیرەکـترن، نموونـەی ئەمـەی لـە بـازاڕی شـۆڕیجە، لـە نێـوان دوو دوکانـداری جولەکـە و مووسـڵمان هێناوەتـەوە، کـە هەردووکیـان شـەمچە فـرۆش بـوون، دەبـوو هەرقوتوێـک بـە بـڕی پێنـچ فلـس بفرۆشـن، بۆئـەوەی فلسـێک خێـر بکـەن، جولەکـە هـی خـۆی بەمایـەی خـۆی فرۆشـتۆتەوە، لـە بەرامبـەردا ڕۆژانـە دوو دینـاری سـندوقە بەتاڵـەکان خێـری کـردووە، بـەڵام مووسـڵمانەکە چەنـد فلسـێکی خێـر کـردووە. ئـەم زیرەکـی و شـارەزاییە، لەسـەر منداڵەکانیـان ڕەنگـی داوەتـەوە، بەپێـی ئـەو وەسـف و هەڵسـەنگاندنەوەی ئـەو بێـت: جولەکـەکان وەک بێچـووە مـراوی وان، هـەر لـە هێلکـە هاتنـە دەر مەلەوانـن.

نموونـەی ئەمـەش لەسـەر (جـو کـوڕی یەمیـا) دێنێتـەوە، تەمەنـی حـەوت سـاڵ بـووە، چـۆن بـۆ یەکەمیـن جـار قازانجێکـی باشـی لـە گـۆڕەوی فرۆشـتن کـردووە، بەشـێوەیەکی گشـتی، دەڵێـت "هەمـوو ئابـووری عێـراق و بـازاڕی بەغـدا سـەری بـە جوولەکـەوە بەندە و هەمـوو هاوردەیـەک لـە دەسـتی ئەوانەوە بە عـەرەب و بازرگانـی عێـراق دەکا"[٩٣٣]. جێگای ئاماژەیـە، کەسـایەتیەکی سیاسـی کـە باوکی بـازرگان بووە و لـە سـلێمانیەوە، مامەڵەی کڕین و فرۆشـتنی لەگـەڵ جولەکە کردووە، نووسـینەکانی هەژار پشتڕاسـت دەکاتـەوە، کە بازرگانی ئەوکاتەی عێراق بەگشـتی لە دەرەوە و ناوەوە و شـاری بەغدا بەتایبەتی، زۆربەی لەدەسـت جولەکەکانـدا بـووە، لـە ڕووی ئابوورییـەوە کاریگـەری زۆریـان هەبـووە لـە ناوچەکە[٩٣٤].

**مەسیحییەکانی لوبنان:**

سـەبارەت بـە مەسـیحیەکانی وڵاتـی لوبنـان، ئـەو دوو سـاڵەی کـە لـە نەخۆشـخانەی بەحنـەس بـووە، کـە پێشـتر بـاس کـراوە، ئاوڕێکـی لـە ئەوانیـش داوەتـەوە، شـێوازی هەڵسـوکەوتیان، دابونەریـت و بەجێگەیاندنـی ڕێوڕەسـمە ئایینیـەکان کـردووە، بەپێـی ڕیزبەنـدی ژنـە ئایینیەکانیـان، مامێـر – دایـک، تەرکـە دنیاکان ناویان ماسـێر- خوشـکە، باس

(٩٣٢) هەوراز گەرمیانی (پ- ٢٥) ١٣.

(٩٣٣) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)١٢٧-١٢٩.

(٩٣٤) غەفوری میرزا کریم، سەرەتاڵێ لە کلافەی مێژووی پڕ هەڵبەزو دابەزی ژیانم(پ – ١١٠))٢٤.

لـە دکتـۆرەکان دەکات، کـە بە هەتیوی لەم نەخۆشـخانەیە پـەروەردە و بەخێوکراون، لەکاتی نوێـژی تایبەتیـان، کـە ئێـوارەی ڕۆژانی یەکشـەممە، لە کڵێسـای کاتۆلیکانە، کـچ و کوڕی ئەو گونـدە، خۆیـان ڕازاندۆتـەوە، بەشـداریان لەم نوێژەدا کـردووە، ئورگی ئایینی لێـدراوە، بەپێی پەیڕەوانیـان، لـەم نوێـژ و لـەو کاتـەدا، سـەیر کردنـی یەکـتری ئاسـاییە و حـەرام نیـە.

**دەربارەی یەکێتی سۆڤیەت:**

لەلایەکـی تـرەوە، لـە سـاڵی ١٩٥٩ ئـەو ماوەیـەی لـە وڵاتـی سـۆڤیەت ماوەتـەوە، بەهـۆی ئـەوەی ڕاسـتەوخۆ، لـە نزیکـەوە ئـاگاداری بـاردۆخ و گوزەرانـی بەشـێک، لـە ژیانی خەڵکـی بـووە، نەیوسـتوە بەشـێوەیەکی ڕۆتینـی سـتایش یـان ڕەخنـە لـە کۆمۆنیسـتی دەسـەڵاتدار بگرێـت، حکومـەت خاوەنـی زۆربـەی شـتەکان بـووە، نرخـی پێداویسـتی خواردنـەکان گـران بـووە، ئەمـەش حکومـەت دیـاری کردبـوو، بۆیـە پارەکـە ڕاسـتەوخۆ؛ دەچـۆوە بانکـی دەوڵـەت، هاوڵاتیـان لەبـری ئـەوە مانگانـە موچەیـان پێـدراوە، هەرکەسـە و بەپێـی ئـەوکارەی کردوویەتـی، وەک پاسـێک، هەرچەنـدە چینـی سـەرمایەداری کۆتاییـان پێهاتبـوو، بـەڵام چینێکـی تـر جێگـەی ئەوانـی گرتبـووەوە، کـە زیاتـر نووسـەران بـوون، بەشـێکیان داهاتـی سـاڵانەیان ملیۆنێـک ڕۆبڵـی داهـات بـووە؛ جگـە لـەوەی چەنـد جـار کتێبەکانـی حکومـەت، بـۆی لـە چـاپ دابایـەوە، نیـوەی پارەیـان دەدایـە.

بێجگـە لـەوەش ڕێـژەی موچـەی بەشـێک لـە فەرمانبـەران و نرخـی شـتەکانی تۆمـار کـردووە، دزی و گەندەڵیـش هەبـووە؛ چەنـد نموونەیەکـی هێناوەتـەوە وەک: گوندنیشـینان مانگایـان لـە دەوڵـەت وەردەگـرت، دەبـوو بەشـێک لـە داهاتـی سـپیایی و یـان گۆشـتەکەی بـۆ حکومـەت بـێ؛ لە هـۆکاری مردنیان دەبێـت دکتۆر پشتڕاسـتی بکاتەوە، یـان هاوڵاتییەک پەلـەوەری وەردەگـرت، دەبـوو بەشـێک لـە داهاتـی هێلکەکانـی بـدا بـە حکومـەت، بۆیـە ژیانـی گوندنیشـینانی کوردسـتانی زۆر لـە هـی ئەو وڵاتەی پێ باشـترە، تەنانەت بەشـێکی لە خەڵکـی، بەتایبـەت دێهاتـەکان، نانیـان لـە حکومـەت دەکـڕی، خۆیـان نەیـان دەکـرد.

لەلایەنێکی تری نامۆدا، باسی ڕەگەزپەرستی دەکات، وەک ئاماژەی پێکردووە"ڕووسەکان هیـچ خۆشـیان لـە نـەژادی زەرد نەدەهـات" بەتایبەتـی هاوڵاتـی وڵاتانـی چینـی و ڤێتنامـی،

ئازادیەکان سنووردارن و کەس ناتوانێت ڕەخنە لە حکومەت بگرێت[٩٣٥].

جگە لە گرنگی مێژوو، دیارە ئەم نموونانەی بۆیە هێناوەتەوە، تاوەکو ڕاستی ژیان و گوزەرانی ئەوێ وەکو خۆی دەربخات و پێشانی بدا. ئەمە لە کاتێکدا بووە؛ کۆمۆنیستی عێراق، کە بەسۆڤیەتیان هەڵگوتووە، باسی زۆر شتی خەیاڵیان کردووە، لە یەکسانی و خۆشگوزەرانی دانیشتوان و خۆشی و لەزەتی هاوڵاتیان لە سۆڤیەت.

ئەڵمانەکان، کە چەندین شوێنەواریان لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانی لە شاری لینینگراد تێک و ناشیرین کردووە، لە وەسفکردنیان، بە عەرەبیان دەچوێنی کە "دژی جوانی و هونەرن"، وەک کەسایەتییەکی ڕوناکبیر (محەمەدی مەلا کەریم) پێیوایە هەژار هەوڵیداوە ئەوەی لەبەرژەوەندی گەل نەتەوە و دۆزە ڕەواکەی دابوو بێت، بەشێوەیەکی مێژوویانە تۆمار و باسی کردووە، لە پێشەکیەکەی دیوانی خەییام نووسیویەتی و بە زەقی دیارە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، "هەرشتێکی کردبێت، لە خزمەتی ئامانجە نەتەوەیەکەیدا بووە"؛ هەروەها کەسایەتی سیاسی و لە ماوەی سی ساڵی کۆتایی هەژاردا، جگە لە خەباتی نەتەوەیی و ئەدەبی فەرهەنگی، گرنگی تایبەتی بە بواری مێژووی کوردی داوە[٩٣٦]، لەم بوارەشدا، جێگای پەنجەی دیارە و ماندووبونی زۆری بردووە.

### کوردانی ئێزیدی:

سەبارەت بە کوردانی ئێزیدی، بەشێوەیەکی مێژوویانە، باسی کردوون و لەو قۆناغەدا شێوازی هەڵسوکەوت، دابونەریت، کەلتور و ڕێوڕەسمە ئایینیەکانی تۆمارکردوون، وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێداوە، دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٥٦ لەلایەن پۆلیسی عێراق ڕاودەنرێ، دەچێت بۆ بەشێکی تر لە وڵاتەکەی، کە ڕۆژئاوای کوردستانە و لە گوندی ترپەسپی لە ماڵە (حاجۆ)یان گیرساوەتەوە؛ لەوێ تێکەڵاوی و هاتوچۆی لەگەڵ جوو، کوردانی ئێزیدی پەیدا دەکات، ڕێز لە بیروباوەڕیان دەگرێت، سەرنجی ئەوان بۆلای خۆی ڕادەکێشێت، بەجۆرێک کوردانی ئێزیدی لە بۆنە و

(٩٣٥) هەژار چێشتی مجێور(پ- ١٣)١٣٧-٢٨٧.

(٩٣٦) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩)بێ ژمارەی لاپەڕە – ٨٧.

جەژنـە تایبەتیـەکان، کـە نابێـت خەڵکـی نامۆیـان لەگەڵدابێـت، بانگـی هەژاریـان کـردووە و لەگەڵیـان بەشـداربووە[٩٣٧]. لەگـەڵ ئەوەشـدا هەوڵیـداوە، ئـەوەی کـە خـۆی بینیویەتـی و بیسـتویەتی، زانیـاری لەسـەر ڕابـردوو، کەلتـور، ڕێوڕەسـمە ئایینیەکەیـان و شـێوازی ژیـان و هەڵسـوکەوتیان، کۆبکاتـەوە و تۆمـاری بـکات و تاوەکـو ببێـت بەشـێک لـە مێـژوو، بەپێـی گرنگـی و وردی بابەتەکـە، مێژوونووسـانیش، تاڕادەیـەک سـوودی لێوەربگـرن.

بەشـێک لـەو شـتانەی لەسـەری تۆمارکـردوون، ئێزیـدی کاهـو ناخـۆن، هۆکارەکەشـی بـۆ ئـەوە گەڕاندووەتـەوە، ئەگـەر شـەیتان دەرکارابـا سـەر زەوی، خـۆی لـە ژێـر چڵـە کاهـودا دەشـاردەوە، نـە خۆیـان تـف دەهاوێـژن و نەپێیـان خۆشـە، هیـچ کەسـێک لای ئـەوان ئـەم کارە بـکات، چونکـە بـە لێکدانـەوەی ئـەوان "تـف لـە شـەیتان دەکـەن" و باڵنـدەی تـاوس، لای ئـەوان لـە شـتە پیـرۆزەکان دەژمێـردرێ، هـەر لەبـەر ئەمەشـە، هەیکەلێکیـان لەمـس بۆدروسـتکردووە، لـە ماڵـی گـەورە و میـری ئەوانـە، کەسـایەتی گـەورەی ئایینـی، بـۆ ماوەیـەک تاوسـەکە لـە میـر بەکـرێ دەگـرن، پێـش وەختـە بـڕە پارەیەکـی دیاریکـراوی پێـدەدەن، ئەویـش لەنـاو پیاوانـی ئاینـی چینـی خـوارەوە، کـە بـە قـەوال نـاسراون، بـە بـڕە پارەیەکـی دیاریکـراو، کـێ زیاتـری پێبـدات دەیـدەن بـە ئـەو کەسـە، مـاوەی یـەک سـاڵ تـاوس لای ئـەو دەمێنێتـەوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە، خەڵکـی هەیکەلـە مسـەکە، لـە دێهـات و شـاران دەگەڕێنـن، خەڵکـی بەگشـتی لـە هـەردوو ڕەگـەزی نێـر و مـێ، پێشـوازی لێدەکـەن، ئـەو تورەکـەی کـە تاوسـە مسـینەی تێـدا هەڵگیـراوە، دەیخاتـە سـەر شـانی ئـەو کەسـەی لەهەمـووان دەوڵەمەندتـرە، بـۆ ئـەو شـەوە لـە دیوەخانـی گوندەکـە دەمێننـەوە، هەرکـەس زۆرتریـن پـارە بـدات، بـە قەوالەکـە، ئـەوە نیشـانەی ئەوەیـە ئـەم ساڵە بەخـت یـاوەری دەبێـت، ڕۆژوو لای ئـەوان، بەگشـتی ئێزیـدی لـە مـاوەی سـاڵیکدا سـێ ڕۆژ بـە ڕۆژو دەبـن[٩٣٨].

سـەبارەت بـە تیـرە و هۆزەکانیـان، بەگشـتی لـە چـوار تیـرە پێکهاتـوون "پیـر، میـر، شـێخ، فەقیـر"، لەبـارەی هاوسـەرگیری، ئـەو کەسـەی ژیانـی هاوسـەری پێکدێنـێ، مەرجـە

(٩٣٧) هەژار موکریانی چێشتی مجێور(پ- ١٣)٢٠٥

(٩٣٨) هەژار موکریانی، چی لەیەزیدی دەزانم(پ- ١٤٣)٢٥.

و دەبێ بە ناچاری لە تیرەکەی خۆی ئەنجامی بدات، لایەنی ئابووری ڕێژەی ژنەکان دیاری دەکات، ئەو کەسەی پارە و پوڵی زۆرە، بۆی هەیە زیاتر لە دوو ژنی هەبێت، شیربایی کە ئەوان ناویان ناوە قەلەن زۆر باوە.

هەروەها دابونەریتێکی تر لە ناو، پەیڕەوانی ئێزیدیدا هەیە، پێش بگەنە پەرستگای لالش، خۆیان پێخواس دەکەن، ئەو کیژ و کوڕانەی دەبنە دەستگیرانی یەکتر، دەچنە سەر حەوزی ئاوی لالش، لەلایەن فەقیر، پارچە قوماشێک لەم ئاوە هەڵدەکێشێ و بەمەش مارەیان دێ. لەبارەی حەجکردنیشیان، ماوەی سێ شەو ئامادەبووان، لە هەردوو ڕەگەز و نێر و مێ، خۆیان دەڕازێننەوە، شایی دەکەن، تا کاتی خەو.

هەروەها پیاوانی ئایینیان بەپێی ڕیزبەندی بریتین لە: میری گەورە، بابەشێخ، کۆچەک، فەقیر و قەوال، ئەو کەسەی زۆر بەدینە، نابێ نینۆکی خۆیان بکەن، موی خۆی ببڕێت، تارات بکا و یاخود دەم و چاوی بشوا، ناموس لایان گەورەیە، درۆکردن لە گوناهە گەورەکانە، بەڵام دزیکردن شتێکی ئاساییە.

**پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کوردەواری:**

لە لایەکی ترەوە، ماڵە ئاغا و دیوەخانەکانی فەرامۆش نەکردووە، کە لەو سەردەمەدا لە کۆمەڵگەی کوردەواری هەر ناوچە و چەند گوندێک، ئاغای تایبەت بەخۆیان هەبووە، وەسفێکی مێژووی کردوون، پوختەیەک لە مێژووی سیاسی ئەوانی خستووەتەڕوو، یەک لەوانە: بنەماڵەیەکی (حاجۆ ئاغای هێڤرکی)یە، سەرۆک هۆزی هەڤێرکان بوو، لەبنەڕەتدا خەڵکی باکووری کوردستانە، بەتۆمەتی یارمەتی بۆ(شیخ سەعیدی پیران)، لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکیا دەستگیر کراوە، لە زیندانی نوسەیبین بەهۆی ئەندامانی هۆزەکەی، جگە لە مووسڵمان، ئێزیدی و هەوێرکیشین، هێرشیان کردووەتە سەر زیندان و شکاندوویانە، بۆیە لەلایەن تورکانەوە، (حاجۆ ئاغا) و بەشێکی زۆر لە بنەماڵەی و هۆزەکەی، ڕاوەدوی ڕۆژئاوای کوردستان دەنێنن و لە نێوان دووزێیان، کە بەجزیرە ناسراوە، ناوەندەکەی گوندی ترپەسپی و دەوروبەریەتی، نیشتەجێ دەبن، پاش ماوەیەک (حاجۆ ئاغا) هەوڵدەدات

میرنیشینێکی کوردی لەو ناوچەیە، کە ئەوکات لە ژێر دەسەڵاتی فەرەنسیەکان بووە، دروست بکات[(٩٣٩)].

لەم بارەیەوە کەسایەتیەکی سیاسی باسی بنەماڵەی (حاجۆ ئاغا) دەکات، کەوا چۆن لە باکووری کوردستانەوە، بەهۆی زوڵم و زۆری تورکیاوە لە ساڵی ١٩٢٦ ئاوارەی بەشێکی تر لە وڵاتەکەیان بوون، هەوڵەکانی خستۆتەگەڕ، بەمەبەستی دروستکردنی ئەمارەتێک بۆ کوردانی جەزیرە، بەڵام فەرەنسیەکان و هەمیش نەتەبایی نێوماڵی کورد، ئەم هەوڵانەی شکست پێهێناون[(٩٤٠)]. هەروەها هەژار باس لە سەنگ، قورسایی و دڵسۆزی و لە خۆبوردویی ئەم بنەماڵە نیشتیمانپەروەرەی کورد دەکات لە ڕۆژئاوای کوردستان، جگە لە پەیوەندی و هەماهەنگیان لەگەڵ نیشتیمانپەروەرانی تری کورد، زۆر ڕێزی نووسەر و توێژی ڕۆشنبیری کوردیان گرتووە، هەتا یارمەتی ماددیشیان کردون[(٩٤١)]؛ سەبارەت بەم بابەتە، کەسایەتیەک کە یاداشتەکانی تۆمار کردوون، باسی هەموو ئەو پەیوەندییە سیاسیانە دەکات، کە ئەم بنەماڵەیە لەگەڵ کەسایەتی سیاسی و نیشتیمانپەورەرانی کورد هەیانبووە، هەروەها بۆ توێژی ڕۆشنبیر و نووسەرانی کورد، دەرگایان لەسەر پشت بووە[(٩٤٢)].

سەبارەت بە پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان، هەژار تیشکی خستووەتە سەر بەڕێوەبردنی ئیش و کارەکانیان، لە دیوەخانی ماڵا (حاجۆ)ی گوندی ترپەسپی، کە لە پاش (حاجۆ) کوڕەکەی (حەسەن ئاغا)، جێگەی باوکی گرتووەتەوە، ئاغایەتی هەربە ناو بووە، تەنانەت ناوی کوڕەکانیان بەبێ ناوی ئاغا دەهێنا وەک (حەسەن)، یان(جەمیل)، بۆ هەر کاروبارێکی ڕۆژانە، هەڵبژاردنیان ئەنجامداوە، لەوانە، گاوان، یان شوان، ئاغاش وەک هەر کەسێکی تری بەشدار بوو، تەنیا یەک ڕای هەبووە، هەرکەس ئازاد بوو، لە شێوازی دانیشتن و ڕادەربڕینی، هەموو

---

(٩٣٩) هەژار چێشتی مجێور(پ- ١٣)٢٠٣-٣٧٥.

(٩٤٠) ابراهیم محمود دولة حاجو آغا الکردیة دراسة فی تاریخ سیاسی و شخصی (الطبعة الاولی الناشر دار الزمان للطباعة والنشر والتوزیع ٢٠١٨)١٤-١٦.

(٩٤١) هەژار چشیتی مجێور(پ- ١٣)٢٠٥.

(٩٤٢) جمیل حاجو هڤیرکی، مذکرات جمیل حاجو هڤیرکی(پ - ٣٨٧)١٠-٧٢.

پەیڕەوانــی ئاینــزا جیــاوازەکان، شــەوانە لــەم دیوەخانــە کۆدەبوونــەوە[٩٤٣].

بۆســەر ڕاســتیی نووســینەکانی هــەژار، یەکێــک لــە ئەندامانــی بنەماڵەی(حاجۆ)یــان؛ هەمــان ئــەو ڕووداوانــەی تۆمــار کــردوون، کــەوا لــە کارو بارەکانــدا جیــاوازی لــە نێــوان ئاغــا و ئەندامانــی تــری هۆزەکــەی نەبــووە، زۆربەیــان بەشــدار بــوون لــە دانیشــتنەکان، شــتەکانیش بــە هەڵبــژاردن بــووە، ئاغــاش تەنیــا یــەک ڕای هەبــووە، دیوەخانەکەشــیان ئاینــزا جیاوازەکانــی کۆکردۆتــەوە[٩٤٤].

هەروەهــا هــەژار ویســتویەتی لــە ڕووی هەڵســوکەوت و شــێوازی بەڕێوەبردنــی ئیــش و کارەکان بــەراورد و هەڵســەنگاندن بــکات، لــە ترپەســپی ئــەم جــۆرە سیســتەمەی نێــوان ئاغــا و ئەندامانــی هۆزەکــەی بەلایــەوە ســەرنجڕاکێش و بــەردڵان بــووە، کــە جیــاوازی لــەم شــێوازە لەوێــو لــە نێــوان ئاغایانــی ناوچــەی موکریانــی ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان زۆرە[٩٤٥]. بــۆ پاڵپشــتی لــە یاداشــتەکانی هــەژار، ئــەو شــێوازەی کــە لــەو ناوچەیــە، پێچەوانــەی ماڵــە (حاجۆ)یــە، وەک کەســایەتیەکی سیاســی ئامــاژەی بــۆ کــردووە، لــە نــاو ئاغایانــی موکریــان، ئــەم جــۆرەی شــێوازی بەڕێوەبــردن لــە ئیــش و کارەکان نیــە، ئاغــا ئیــش بــە پرەنیســپی هەڵبــژاردن نــاکا، ڕای کەســیان وەرناگرێــت، دەبێــت لــە دیوەخــان ئــاگاداری شــێوازی هەڵســوکەوت و هەســتان و دانیشــتنیا بــن، بەڵکــو ئەندامانــی هۆزەکــەی و گوندنیشــینان، دەچەوســێنێتەوە و خۆشــی دەبێتــە بارگرانیــەک بەســەریانەوە[٩٤٦].

بــەڕای منیــش ئــەم جــۆرە شــێوازی بەڕێوەبردنــی ئیــش و کارەکان، کــە لــە ترپەســپی پەیــڕەو کــراوە، جــۆرە سیســتەمێکی باشــە؛ لــە نێــوان ئاغــا و ئەندامانــی هۆزەکــەی، هەرکــەس هەســتی بەبوونــی خــۆی کــردووە و بابەتەکانیشــی پــێ دەوڵەمەندکــراوە.

---

(٩٤٣) هەژار چێشتی مجێور(پ- ١٣)٢٠٤.
(٩٤٤) هوزنی حاجۆ تێ بیرا من(پ- ١٣٨)٥٧-٦٧.
(٩٤٥) هەژار چێشتی مجێور(پ- ١٣)٢٠٣.
(٩٤٦) کەریم حیسامی بەرگی یەکەم (پ- ١٤٤)١١-١٩.

**هۆزی لە بیرکراوی گاوان:**

لــە بنەڕەتــدا ئەمــە وتارێکــی مێژوونووســی هاوچەرخــی عــەرەب (مســتەفا جــەواد ١٩٠١-١٩٦٩) بــووە، کــە لــە کــۆڕی زانیاریــی عێــراق لــە بەغــدا خوێندراوەتــەوە، بابەتێکــی گرنــگ و نەزانــراوی مێــژووی هۆزێکــی نــاوداری کــوردە، هەژاریــش وەریگێڕاوەتــە ســەر زمانــی کــوردی و پێشــەکی بــۆ نووســیوە و لــە ســاڵی ١٩٧٣ چاپکــراوە و (١٠٨) لاپەڕەیــە[٩٤٧]، وشــەی (گاوان) لەبنەڕەتــدا کوردییــە، بــە واتــای بەخێوکــەری کۆمەڵێــک وڵاخ [ یــان گاڕان] دێــت، چونکــە زۆرینەیــان بــەم کارەوە ســەرقاڵ بــوون و بــەدوای لــەوەڕگادا گــەڕاون، شــێوە کۆچەریەکیــان هەبــووە، بــەڵام لەســەدەی دەیەمــی زایینــی لــە هەرێمــی چیــا گیرســاونەتەوە، لــە ســەدەی یــازدەی زایینــی لــە ناوچــەی بابــل و دەوروبــەری نیشــتەجێبوون[٩٤٨]. ئــەم کتێبــە بــاس لــە هۆزێکــی کــورد دەکات، کــە ئــەم هــۆزە کۆمەڵێــک تایبەتمەنــدی وەک: مێرخاســی، ئــازا و بوێــر، چاوتێــری کــە هەیبــووە، لەلایــەن دراوســێ و بیانییەکانــەوە نــاسراوە. لەســەردەمی خەلیفەکانــی عەباســیدا(١٣٢-٦٥٦) ژیــاون، بــە هاوبەشــی بــەرەی ئەســەدی عــەرەب، شــاری حللــەی ئێســتای عێراقیــان بنیاتنــاوە، شــوێنەواریان لەنێــوان خانەقیــن و مەندەلــی، حەلوانــی ئەوســا و بــەدرە و جەســانی لای کــوت، عەمــارە و ئــەو ناوچەیــان لەبەردەســتدا بــووە و پارێزگارییــان لێکــردووە. کەســانی زانــا، هونــەر و شــارەزاییان لەبــوارە جۆرەکانــدا هەبــووە، بــەڵام ئــەم هــۆزەی کوردیــش لــە بــێ هەســتی و نەبوونــی پشــتیوانی و ژێردەســتی، لەگــەڵ تێپەڕبوونــی کات لــە بۆتــەی نەتــەوەی عەرەبــدا تواونەتــەوە[٩٤٩].

بەشــێک لــە ســەرچاوەکان ڕای تــری جیاوازیــان هەیــە، لەوانــە (مەلاجەمیــل بەنــدی ڕۆژبەیانــی) پێــی وایــە لــە بۆتــەی عــەرەب نەتواونەتــەوە، بەڵکــو لــەدوای داگیرکردنــی بەغــدا لەلایــەن مەغۆڵــەکان، ڕۆیشــتوون بــۆ هەرێمــی چیــا و ناوچــەی جوانــڕۆ و شــاری هەڵەبجەیــان بنیاتنــاوە بەنــاوی (جــاف) پەیــدا بوونەتــەوە، ئەمــەش

(٩٤٧) مســتەفا جــەواد، هــۆزی لەبیرکــراوی گاوان و گاوانییــە بەناوبانگــەکان، هــەژار کردویەتــە کــوردی و پێشــەکی نووســیوە (چاپــی یەکەم- بەغــدا ١٩٧٣).

(٩٤٨) ڕەسـوڵ محەمـەد ڕەسـوڵ، مـەلا جەمیـل بەنـدی ڕۆژبەیانـی ١٩١٣- ٢٠٠١ نامـەی ماسـتەری بڵاونەکـراوە (زانکـۆی سـەلاحەدین هەولێـر ٢٠٠٩)٦٣.

(٩٤٩) مستەفا جەواد(پ-٩٤٧)٣-٧.

تەنیا لێکدانەوەی خۆیەتی[٩٥٠]. هەروەها ئەم کتێبە وەک لایەنێک و گرنگیدان بە زمانی کوردی، بە زمانێکی سادە و پاراو نووسراوە، کۆمەڵێک وشەی پەتی کوردی بەکارهێناوە. "هۆزی لەبیرکراوی گاوان زیندوڕاگرتنی هۆزێکی کوردە، ئەم هۆزە بەڕادەیەک گەورە و لەبەرچاو بووە، لە نەخشەی عێراق لەساڵی ١٩٣٦ بۆ هەر پارێزگایەکی عێراق هۆزێکی گەورە ناوی هاتووە، لە پارێزگای ئەنبار ناوی هۆزی گاوان تۆمار کراوە، هەژار بە وەرگێڕانی ئەم بابەتەی وروژاندووە، خزمەتی بە گەلەکەی کردووە"[٩٥١].

هەژار ویستویەتی لەڕووی مێژووییەوە، لەڕێگای ئەم وەرگێڕانەوە ئەمە بخاتە بەرچاوی خوێنەری کورد، ئاشنایان بکات بەبوونی هۆزێکی گەورەی کورد کە خاوەن داهێنان و ناوچەی جێنیشینی جوگرافیای دیاریکراوی خۆیان بوون. لەلایەکی دیکەوە ئەوەی بیر خستوینەتەوە؛ ئەگەر نەتەوەی کورد پەرە بە زمان و کەلتور و مێژووی نەدات؛ ئەوا بەرەو لاوازی و کاڵبوونەوە دەچێت.

### دیوانی مەلای جزیری (١٤٠٧- ١٤٨١):

دوای ئەوەی هەژار دیوانی شێخی جزیری بە سۆرانی لێکداوەتەوە، ئەو کاتەی لە ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنی تاران دوو بەرنامەی نوسیووە، یەکیان لەسەر ئەم دیوانە بووە، ئەوی تریان لەسەر مێژووی ئەردەڵان بووە. دوای هەوڵی زۆر کە سانسۆریان خستۆتە سەر و لەمپەریان لە ڕێگای دروستکردووە، بۆیە دواتر بۆ مەبەستی چاپکردنی دیوانی (مەلای جزیری) داوای لە (زەورەق) بەڕێوەبەری چاپخانەی سروش کردووە و لەم باریەوە دەڵێ" گوتم بابە من کتێبێکم هەیە، هیچ ساحێبەکەی لە جەلالەدین ڕۆمی و لە شێخی عەتار و لە سەنایی و... لە هیچیان کەمتر نیە، ئەمما عەیبەکەی ئەوەیە کە کوردییە. ئێستا ئایا دەتوانم لێرە چاپی بکەم؟ یان نە؟ گوتی بەڵی چاپی ئەکەی، ئەمما دەبێ ببینین...بۆیە نوسخەیەکی وەرگێڕانێکی عەرەبیم پێدان، پاش پێنج شەش ڕۆژ هاتەوە، گوتی ئەوە داومانە بە بەهەشتی چەند

(٩٥٠) ڕەسوڵ محەمەد ڕەسوڵ(پ- ٩٤٨)٦٤.

(٩٥١) ناسح غەفور ڕەمەزان(پ- ١٥٦) هەولێر.

جێیەکـی خوێندووەتـەوە و گوتوویەتـی، وەڵا ئـەوە زۆر کتێبێکـی چاکـە، ئـەوە کەسـێکە وەکـو حافـزی شـیرازی وایـە و چاپـی بکـەن و لێـی ڕامەوەسـتن" [٩٥٢]. بۆیـە ئـەم دیوانـە لـە سـاڵی (١٣٦١- ١٩٨٢)، بـۆ یەکـەم جـار لەچاپخانـەی سروش لـە شـاری تـاران چاپکـراوە، کـە بریتییـە لـە(٦٢٧) لاپـەڕە، بەزمانێکـی ڕەوان و ئەدەبـی بـەرز نـووسراوە[٩٥٣]. هـەژار موکریانـی پێشـەکیەکی سیاسـی و مێژوویـی و ئەدەبـی پڕبایەخـی بـۆ ئـەم کتێبـە نوسـیوە؛ ئامـاژەی بـۆ خەباتـی گەلـی کـورد کـردووە، وڵاتـی داگیرکـراوە و لـە کاروانی شارسـتانییەت بەجێـماوە، لەژێـر نـاوی جۆراوجـۆرەوە چەوسـاندویانەتەوە، پێـی وابـووە دەبێـت کـورد خەبـات بـکات، بۆگەیشـتن بـە سـەربەخۆیی، پێناسـەی نەتەوەیـی خـۆی کـە زمانـە، خاکـە، فەرهەنگـە، ئەدەبیـات و کەلتـوورە گرنگـی پێبـدات و بیپارێزێـت. هـەزار سـاڵە کوردسـتان داگیرکـراوە و گەلەکـەی دەچەوسـێنرێتەوە و هەمـوو ڕێگایەکـی سەربەسـتی و ئـازادی لـێ یاسـاغ کـراوە، لـەم باریـەوە نووسـیویەتی" هاوزمانـە ئازیزەکـەم! خـۆت لەمـن باشـتر دەزانـی، کـە ئێمـەی کـورد؛ چەنـد گەلێکـی هـەژار و هەناسـە ساردین. چەنـد لـە کاروانـی ژیـار و شارسـتانی بەجـێ ماویـن ترسـێنراوین، ڕەتێنراویـن؛ بـەش خوراویـن. واپـتر لـە هـەزار سـاڵە خراوینەتـە نـاو چاڵـەوە و قەتیـس ماویـن... داگیرکـەران هەردەمـەی بەناوێکـەوە بەنـاوی دیـن، بەبیانـوی هاونەژادیـەوە، ڕاویـان کردویـن؛ خواردویانیـن، بەیەکـتر سـپاردویانین، کوشـتویانین. بەهـەزاران دەردیـان بردویـن. تەنانـەت ڕێگـە نەدراویـن هەتـا ژیاویـن بەزمانـی خۆمـان هـاوار کەیـن. ئـەو مافـە ڕەوایـەی کـە خـوا، بـۆ بەنـدەی خـۆی ڕەوا دیـوە، کـورد خۆرانـێ کـە بـە خۆیـان گوتـوە مووسـڵمان و خـودا پەرسـت بـە ڕەویـان زانیـوە. لـە ڕۆژیـش ئاشـکراترە کـە قەباڵـەی بـون و مانـی هەمـو گـەلان لـەم سـەرزەمینە زمانـە. ئەگـەر زمـان لەنـاو درا، بـون و مانیـش لەنـاو دەچـێ.

ئێسـتا کـە لـەم بڕانـەوەی چەرخـی بیسـتا هـەوای ئـازادی و ڕزگاری هەڵیناویـن و هەوڵ دەدەیـن ئێمـەش وەک گەلانـی دیکە، خـوا پێداوبین و ناوێکمان لە دنیـا هەبێ. چاوە چاوین بـە خەباتمـان بگەینـە بسـتۆی ئاواتمـان و خۆمان ڕەگـەڵ کاروانی گەلانی ئـازاد بخەین".

---

(٩٥٢) فەلەکەدین کاکەیی، کۆبەرهەم دەفتەری خاک(پ- ٤)٥٥-٥٦.

(٩٥٣) شـێخ ئەحمـەدی جزیـری مەشـهور بـە مـەلای جزیـری، دیوانـی عارفـی ڕەبانـی، هـەژار شـەرعی لێکردووە(چاپـی یەکـەم- چاپخانـەی سروش- تهران ١٣٦١- ١٩٨٢).

هـەژار لەسـەر دەستنیشـانکردنی خاڵـی لاوازی گەلـی کـورد بـەردەوام بـووە. پەنجـەی لەسـەر برینـەکان دانـاوە و ڕێگەچـارە و چارەسەریشـی بـۆ پێشـنیاز کـردووە؛ لـەم بارەیـەوە دەڵـێ" جابـا ئێسـتا لـە لۆمـە و سـەرکۆنە گەڕێیـن، ئـەوی چـو، چـو. مـردو بەگریـان و شـیوەن ناژیتـەوە. ئێسـتا چـی بکەیـن؟ چـۆن خۆمـان زینـدو کەینـەوە؟ دەسـا بـا شـنگڵ لەخۆدەیـن. ئـەو چەنـد بەڵگـە پەڕپوتانـەی کـە پێناسـی زیندویەتـی گەلـی کـوردە، کـۆ کەینـەوە. هـەر خوێندەوارێکـی دڵسـۆز بەپێـی توانـا، لـە سـوچێکەوە بـۆی بچـێ. ئەدەبیاتـی کەونارامـان، ژینامـەی رابردوەکانمـان بزانیـن و بیـان کەینـە مایـەی شـانازی. زمانـە شـیرینەکەمان بـە تـەواوی بخەینـە سـەر قاقـەزان و لـە نەزانـی ڕزگارمـان بـێ".

هـــەژار بۆیـــە ئـــەم دیوانـــەی بـــە شـــەرح و لێکۆڵینـــەوە و پەراوێـــزی ورد، فەرهەنگۆکێکـەوە خستەسـەر گەنجینـەی کـوردی، تـا خوێنەرانـی دیالێکتەکانـی دیکـەی زمانـــی کـــوردی، لـــە شـــیعری عیرفـــان و فەلســـەفەی مـــەلای جزیـــری چێـــژ وەربگـــرن. ئـــەوە کـــە دەڵـــێ:

گوڵـی باغـی ئیرەمـی بوهتانـم
شـەب چراغی شـەبی کوردستانم

هـــەژار کـــە بـــە شـــەوقێکی گەرمـــەوە، دەســـتی بـــە شـــەرح و ناســـاندنی (مـــەلای جزیـــری) بـــە پاڕانـــەوە نوســـیوویەتی: "دوایەمیـــن قســـەم، پاڕانەوەیـــە لـــە لاوان، لـــە پیاوانـــی وێژەوانـــی کوردیـــزان، لـــە شـــیعری ئەویندارانـــە و یـــاری عیرفانـــی شـــارەزا، لـــەو کارەدا مـــن شـــانم وەبـــەرداوە، دەســـتم بگـــرن. کارێ بکـــرێ، دیوانـــی (مـــەلای جزیـــری) وەک پێویســـتە، هەمـــوو کوردێکـــی خوێنـــدەوار لێـــی تـــێ بـــگا"

لـــەم بارەیـــەوە هـــەژار موکریانـــی دەیـــەوێ، خوێندەوارانـــی هـــاودەم و ئاینـــدە، لـــە شـــیعری جزیـــری و فەلســـەفەکەی تێبگـــەن و ســـێ لایەنـــی گرنگـــی ســـەرهەڵدانی بزانـــن.

**یەکەم:** خوداناسینی بە ڕاستی، کە ناومان لێناوە عیرفان.

**دووەم:** شیعری دڵدارانە، واتە غەزەل.

**سێیەم:** نوسینی شیعرەکانیەتی بە زمانی شیرینی کوردی.

(مـەلای جزیـری) شـاعیرێک بـووە، چوارسـەد سـاڵ لـەوە پێـش، توانیویەتـی بـە زمانـی کـوردی شـیعر بڵـێ، کـە بەشـێوەیەکی ئەوەنـدە بـەرز و مانـادارن، لەمـاوەی ئـەو چـوار سـەدەدا، لەسـەر دەم و زاران ماونەتـەوە. چونکـە هەندێـک لـە مەلایـەکان یـان کەسـانی خوێنـدەوار، بەنێـوی ئـەوە کـە کتێبێکـی سـۆفیەتی و عیرفانیـە و خواناسـییە، لـە بەریـان بـووە، دەیـان خوێنـدەوە لـە کـۆڕی مەجلیـس و دانیشـتنەکان. بـەڵام بەشـێوەیەکی زۆر کـەم توانیویانـە ماناکـەی لێـک بدەنـەوە. هـۆکار سـەرەکیش بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە، (مـەلای جزیـری) جگـە لـە زمانـی دایـک عەرەبـی زۆر بـاش زانیـوە، لـەو کاتەشـدا، بنەماکـە وابـووە زۆر عەرەبیـان تێـدا گوتـوە، فارسیشـی زۆر بـە چاکـی زانیـوە، هەتـا تاڕادەیـەک تورکیشـی زانیـوە لـە وشەشـی بەکارهێنـاوە.

هـەژار موکریانـی هیچـی نەکردبـێ، خزمەتـی زمانـی کـوردی کـردووە، ئەمـەش خـۆی خزمەتێکـی گەورەیـە بـە نەتـەوەی کـورد، کـە پێـش هەمـوو شـتێک زمانەکـەی و بـە کەلتـورە دەوڵەمەندەکـەی ماوەتـەوە. هـەر لەبـەر ئەوەشـە، لـە دوا لاپـەڕەی دیوانـی مـەلای جزیـری دا نوسـیوویەتی" خوایـە ئـەی بینـای چـاوان سـوپاس بـۆ تـۆ، کـە بەزەییـت بـە منـی هـەژاردا هاتـەوە. ئـەو هێـز و توانایـەت دامـێ، لـە پـاش مـەم و زینـی خانـی، دیوانـی شـێخی جزیریـش، بـە سـۆرانی شـی بکەمـەوە، کـە زۆری بـۆ بـە ئـاوات بـووم... ئۆخـەی ئیـتر خەمـم نەمـا، ئاواتـم نەبـردە ژێـر گڵ..."

لـەم دیوانـەدا بـە شـەرح و لێکۆڵینـەوە، بـە شـێوەزاری سـۆرانی شـیکردووەتەوە و بـە پەراوێـزی ورد و فەرهەنگۆکێکـەوە خسـتیە سـەر گەنجینـەی کـوردی، کردوویەتیـە بنەمایـەک بـۆ زیاتـر دەوڵەمەندبوونـی ئـەدەب و کەلتـوور و زمانـی کـوردی، تاوەکـو خوێنەرانـی دیالێکتەکانـی دیکـەی زمانـی کـوردی لـە شـیعری عیرفـان و فەلسـەفەی جزیـری چێـژ وەربگـرن، ببێتـە هاندەرێـک بۆئـەوەی ئەوانیـش گرنگـی زیاتـر بـەم بـوارە بـدەن. هەروەهـا شـارەزایی و بیرتیژیـی هـەژار لـەم دیوانـەدا وایکـردووە هەمـوو وشـە کـوردی و بیانییەکانـی بـژار کـردوون، تاوەکـو ئـەم بەرهەمـەی لێدەرچـووە.

لـە سـۆنگەی دڵسـۆزی بـۆ ئـەدەب و زمـان و کولتـووری کـوردی، بەرهەمـی ئـەم

زانـا گـەورەی ژیاندووەتـەوە[٩٥٤] و بەشـێوەیەکی ورد لێکۆڵینـەوە و بەدواداچونـی کـردووە [٩٥٥] و شـەرحی کـردووە و بابەتەکانـی بەڕوونـی خسـتۆتەڕوو[٩٥٦]. ئەمـەش نموونەیەکـە لـە بەرهەمـی مـەلای جزیـری و شـەرح و لێکۆڵینـەوەی هـەژار:

"بـە قورئانـێ، بـە ئایاتـێ ئەگـەر پیـری خەراباتـێ
بێـژت سـەجدەبن لاتـێ مرێدیـن وی دبـن قاتـی
مریـد آربـی بـصر نبـود، ز فرمانـش بـدر نبـود
" کەسـالک بیخـبر بنـود ز راه و رسـم منزلهـا"

**مانای وشەکان:**

**خەرابـات:** مەیخانـە؛ **پیـری خەرابـات:** لـە زاراوەی سـۆفیانەدا پیـری تەرقیەتـە؛ **سـەجدە:** سـوژدە؛ **لات:** نـاوی بتێـک بـوە لەنـاو عـەرەب؛ **موریدێـن:** مریـدان؛ **قاتـی:** گـوێ ڕادێـر و بەرفەرمـان؛ **ئـەر:** ئەگـەر؛ **بەصـەر:** چـاو؛ **بینایـی؛ نبـود:** نەبـێ؛ **سـالک:** ڕێبـوار؛ **راه و رسـم:** ڕێـو شـوێن.

**مانا بە تێکڕایی:**

سـوێند بـە قورعـان و ئایەتـان؛ ئەگـەر پیـری تەریقەتـێ بـە مریـدان بڵـێ دەبـێ سـوژدە بـۆ بـت بـەرن، مریـدی ڕاسـت هەرگیـز لـە گفتـی دەرناچـن. چونکـە ئەگـەر چـاوی دڵیـان، کوێـر نەبـێ دەزانـن ئـەو پیـرە کـە ڕێگـەی بـەرە و خـودا بڕیـوە شـارەزای تـەواوی هەیـە و هەرگیـز توشـی هەڵەیـان نـاکا"[٩٥٧].

ئـەم شـیکردنەوە و لێکۆڵینـەوەش؛ بووەتـە هۆکارێـک بۆئـەوەی خوێنـەری کـورد بـەم دیوانـە ئاشـنا بـکا.

---

(٩٥٤) فەلەکەدین کاکەیی، کۆبەرهەم دەفتەری خاک(پ- ٤)١٦-١٧.
(٩٥٥) ئا کولتور(پ- ١٩٤)١٣.
(٩٥٦) محەمـەد خـدر مەولـود، لەبیـرەوەری دوو سـاڵەی کۆچـی دوایـی نوسـەری نـاوداری کـورد هـەژار موکریانـی(پ- ٢٤٢)٩.
(٩٥٧) شێخ ئەحمەدی جزیری مەشهور بە مەلای جزیری، هەژار شەرعی لێکردووە (پ - ٩٥٣)٥.

**وەرگێڕانی قورئانی پیرۆز:**

ئەوکاتـەی نەخۆشـی تەنگـی پێهەڵچنیـوە ئـەو سـەرقاڵی ئـەم وەرگێڕانـە بـووە[(٩٥٨)]. دەسـت بـردن بـۆ بابەتێکـی وا هەسـتیار، بـەڕای مـن ئەمـە بۆخـۆی جورئـەت و بوێرییەکـی گەورەیـە کـە ئـەو نواندوویەتـی و ئـەم شـاکارەی خسـتۆتەڕوو.

بـە بۆچوونـی هاوسـەرەکەی، لـەو کاتـەدا کەمتریـن پشـو و خـەوی کـردووە، ترسـی لـەوە هەبـووە، کۆچـی دوایـی بـکا و بەرهەمەکـەی پـێ تـەواو نەبـێ[(٩٥٩)]. دوایـن بەرهەمـی ژیانـی هـەژارە، لـە کۆتایـی تەمەنیـدا لەمـاوەی هەشـت مانگـدا قورئانـی وەرگێڕاوەتـە سـەر زمانـی کـوردی[(٩٦٠)]، لەسـاڵی ٢٠٠٠ دوای کۆچـی دوایـی هـەژار لەچاپـدراوە. کـە بریتیە لـە (٦٠٦) لاپـەڕە[(٩٦١)]. لـە ڕووی بیروبـاوەڕی ئاینییـەوە، وەک پێشـتر ئامـاژەی پێـدراوە، چەنـد سـاڵێک فەقـێ بـووە و لـە حوجـرەی فەقێیـان پێگەیشـتووە، لـە کـۆڕی مـەلا و کەسـانی خـاوەن بیـر و بـاوەڕ بـە ئاینـی ئیسـلام، لـە شـوێنە ئایینییـەکان خوێندوویەتـی، دەمەتەقـێ و شـەڕە شـیعریان پێکـەوە کـردووە؛ ئـەو ڕوانینـی بـۆ ئایینـی ئیسـلام بـاش بـووە، ڕەخنەکانـی زیاتـر لـە پەیڕەوانـی ئیسـلامن "نـەک خـودی ئیسـلام" و هـەژار خۆیشـی ستایشـی ئایینـی ئیسـلام دەکا و لـە پێشـەکی کتێبـی شـەرەفنامەدا، ڕای وایـە ئـەم ئایینـە دادپـەروەری و برایەتـی لەگـەڵ خـۆی هێنـاوە.

لەم باریەوە هەژار دەڵێ" ئایینی پاک و بێگەردی ئیسلامەتی کە لە سەرەتاوە پەیدا بووە، تیشکی برایەتی و یەکسانی وە چیاکانی کوردستانیش کەوتووە. تاریکایی ئاگرپەرستی لەسەر ڕەواندوین و چاکان و پاکانی ئیسلامی پێشو تێیان گەیاندوین، کە مووسڵمان هەموو پێکەوە بران..."[(٩٦٢)]. وەرگێڕانی قورئانی پیرۆزیش بەڵگەی زیاترە لەم بۆچونەی من.

---

(٩٥٨) دڵبریـن جـاف، کۆچـی دوایـی مامۆسـتا هـەژار"٦-٧ ئاوێنـە گۆڤارێکـی ئەدەبـی، فەرهەنگـی کۆمەڵایەتیـە (١٣٧٠- ١٩٩١)٢٣.

(٩٥٩) مەعسومە ئەحمەدی، ساڵ هاتی کۆچی دوایی مامۆستا هەژار(پ- ٧٤)١٣-١٤.

(٩٦٠) عومەری سەلەفی(پ- ٨٤٦)٩.

(٩٦١) قورئانـی پیـرۆز، وەرگێڕانـی لە عەرەبیەوە عەبدولڕەحمان شـەرەفکەندی" هـەژار موکریانی" (چاپی دووەم چاپخانەی اسـوە گـەورەی قورئانی پیرۆز ٢٠١٠).

(٩٦٢) میر شەرەف خانی بەدلیسی، شەرەفنامە مێژووی ماڵە میرانی کوردستان (پ – ٢٠١)٣٠.

هەروەهـا یەکێـک لـە کوڕەکانـی خـۆی پێیوایـە، باوکـی بـڕوای تـەواوی بـە ئاییـنی ئیسـلام هەبـووە، بۆیـەش قورئانـی وەرگێـڕاوە[٩٦٣]. لـەم وەرگێڕانـەدا تەنیـا گرنگـی بـە لایەنێـک نـەداوە، بەڵکـو ویسـتویەتی، لـە کـوێ بۆشـاییەک هەبووبێـت، گەلەکـەی پێویسـتی پـێ بووبێـت، هەوڵـی داوە، ڕۆڵـی خـۆی تێـدا بگێڕێـت و بەرچاوڕوونـی بخاتـە سـەری و خوێنەرانـی پـێ ئاشـنا بـکات. وەرگێڕانـی قورئانـی پیرۆزیـش لـەم چوارچێوەدایـە، لـە هەمـان کاتیشـدا ویسـتویەتی خزمـەت بـە زمانەکـەی بکات[٩٦٤].هـەژار لـە وەرگێڕانـی قورئانـدا، خاڵێکـی گرنگـی ڕەچاوکـردووە، کـە پێـش ئـەو نەکـراوە و دوای ئەویـش بـوو بـە نەریتێـک لـە وەرگێڕانـی کوردیـدا، کـە زاراوەکانـی کـوردی تێکـەڵ بەیـەک کـرد. کـە مەبەسـتی ئـەوە بـووە، ڕێزمانێکـی یەکگرتـوو بـۆ نووسـین دروسـت بـکات.

ئـەو کاتـەی ڕۆژانـە ئایەتەکانـی قورئانـی وەرگێـڕاوە، کەوتبـووە نـاو دەریـای تەسـەوف[٩٦٥]. هەروەهـا بـە تێڕوانینێکـی نوێیـەوە، ڕووبـەڕووی نووسـین و ڕەخنـە بووەتـەوە، وەرگێڕانـی قورئـان هەوڵێکـە بـۆ خۆماڵـی کردنـی کولتـووری بیانـی، زۆر شـارەزایانە وشـە و ماناکانـی عەرەبـی، بـە جوانتریـن شـێوە و پـڕ ماناترینـی وەرگێـڕاوە، پەیامەکـەی زیاتـر لـە دڵ و دەروونـی خوێنـەر دەچەسـپێنێ.

ئەمـەش بـە جۆرێکـە، کۆمەڵێـک وشـەی عەرەبـی کـە هـاو واتـان لەگـەڵ کـوردی بەکاریهێناون وەک " التوبة – تۆبە"[٩٦٦] ئەوەندەی گرنگی پێداوە، هەست دەکەی دەقەکەی کوردییـە، کۆمەڵێـک وشـە و زاراوەی کـوردی بزرکـراوی زینـدو کردووەتەوە[٩٦٧]. شـارەزابوون لـە ڕێزمانـی عەرەبـی هـۆکاری سـەرکەوتنی کارەکـەی بـووە [٩٦٨] و لـە وەرگێڕانـی قورئانـدا،

---

(٩٦٣) مستەفا شەرەفکەندی (ئاگری)، هەژار و خوداناسین" ٢ بەیان (کانونی یەکەمی ١٣٩٧- ٢٠١٨)٢٤.

(٩٦٤) زامدار ئەحمەد، دیدار لەگەڵ حەیدەر عەبدوڵلا (پ- ٨٣١)١٨٤-١٨٥.

(٩٦٥) نامق هەورامی، هەژار لە سنە (پ-٤٩)٢٨.

(٩٦٦) سـەید ئەحمـەد و مامۆسـتا هـادی، وەرگێڕانـی قورئانـی پیـرۆز بۆسـەر زمانـی کـوردی" ١ گۆڤـاری سـپێدە ئەدەبـی ڕۆشـنبیری یـە (هاوینـی ١٩٩٢)٩.

(٩٦٧) مـراد ئەعزەمـی، هـەژار و وەرگێڕانـی قورئانـی پیـرۆز"١٨١ مەهابـاد گۆڤارێکـی کۆمەڵایەتـی، فەرهەنگـی، ئەدەبییـە(١٣٩٥- ٢٠١٦).

(٩٦٨) عبدالرحمـن پاشـا، هـەژار و ترجمـة القرآن الكريم الى الغـة الكوردية"١٠٦٥ جريـدة خەبات (١٥ی شوباتی ٢٠٠٢)١٢.

دەقەکانی وەک خۆی وەرگرتووە، چونکە ئەمە ئایدۆلۆژیایەکی ئایینی فەرمی تەواوە[٩٦٩]، کە سیما و ڕوخساری تایبەت بە خۆیان هەیە، بە ئاسانی لەگەڵ وەرگێڕدراوەکانی تر لەیەکتر جیایان دەکەیتەوە، کە یەکێکە لە دیارترین کارە وەرگێڕاوەکانی و ئەمەش کارێکی ئەستەم و دژوارە. لەگەڵ ئەوەشدا ویستویەتی لەم ڕێگایەوە خزمەت بەگەلەکەی بکات، هەروەها گەڕاوەتەوە بۆ کتێبەکانی تەفسیر، دەکرێت زانایانی ئایینی بیکەنە ڕابەرێک بۆ چوونە ناو جیهانی دەقە ئایینییەکان و لێکدانەوەکانی، هونەری وشەی کوردی هەرجارەی بە شێوازێک، لە زاراوە جیاوازەکانی کوردی، تەکنیکی جۆراوجۆری بە شێوەی زانایانە بەکارهێناوە. لە مانای یەک وشە، ئەو چەندین وشەی جیاواز و یەک مانای بەکار هیناوە، نموونە " لە وشەی کافر، ئەم بەرامبەرانەی هەیە: خوانەناس، سپڵە، دین دوژمن، خۆبەزلزان، لە دین لادەر، ناشکوری کەر، ئێرەیی بەر، لەڕێ خوالادەر، بێباوەڕ، لە دین پەژیوان، پێ نەزان و حاشاکەر".

بە ئەنجامدانی ئەم کارەی، فەرهەنگی ئیسلامی دەوڵەمەندتر کردووە، دەکرێ ئەم وەرگێڕان و وشە کوردیانە، وەک سەرچاوەیەکی بنەڕەتی، بۆ زۆر سەرچاوەی دیکە سوودی لێوەر بگیرێت[٩٧٠]، هەروەها بە تێڕوانینێکی نوێیەوە، ڕووبەڕووی نووسین و ڕەخنە بووەتەوە[٩٧١]. هەژار لەم بوارەدا تەنیا گرنگی بە لایەنێک نەداوە، بەڵکو ویستویەتی، لە کوێ بۆشاییەک هەبووبێت، گەلەکەی پێویستی پێ بووبێت، مەبەستی بووە، ڕۆڵی خۆی تێدا بگێڕێت و خوێنەرانی پێ ئاشنا بکات، وەرگێڕانی قورئانی پیرۆزیش لەم چوارچێوەدایە، لە هەمان کاتیشدا ویستویەتی خزمەت بە زمانەکەی بکات.

پێشتر هەر یەک لە (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس) و (شێخی خاڵ) و (مەلای گەورەی کۆیە) و چەندین کەسی دیکەی شارەزا قورئانیان تەفسیر کردووە، بەڵام ئەوەی هەژار وەرگێڕانە و تەفسیر نییە. داهێنانی باش و سەرنجڕاکێشی کردووە، بایەخی زۆری

(٩٦٩) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩)١٩٢.
(٩٧٠) زامدار ئەحمەد، دیدار لەگەڵ حەیدەر عەبدوڵڵا (پ- ٨٣١)١٨٦.
(٩٧١) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩)٢٧.

بـە لایەنی زمانەوانی داوە، سـەتان وشـەی کوردی نەبیسـتراوی لەم وەرگێڕانـەدا بەکارهێناوە. وەک لـە سـوڕەتی عادیات"والعادیـات ضبحـا، "بـەو چارەوای بـە لێنگدانـێ دەنرکێنن"

نووسـەرێک سەرسـوڕمانی خـۆی نیشـان داوە کـە هـەژار بیروباوەڕێکـی چەسـپاو و بەهێـزی نەبـووە، کەچـی لەگـەڵ ئەوەشـدا قورئانـی پیـرۆزی وەرگێڕاوەتـە سـەر زمانـی کـوردی، بۆیـە ئـەو پێیوایـە کارێکـی نموونەیـی جوانـی ئەنجامـداوە(٩٧٢). هەروەهـا نووسـەر و زانـای ئاینـی نـاسراو شـێخ موحسـین موفتـی نەقشـبەندی ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکا" دەربـارەی شـاکارەکەی زانـای مـەزن هـەژار موکریانـی: ئەگـەر کەسـێکی وەك ئـەو لەنـاو نەتەوەیەکـی دیکـەدا بووایـە، سـەدان شـانامەیان بـە قـەد و باڵایـدا هەڵـدەدا؛ ئـادەی کەسـێکم بـۆ بێنـە لـە سـەدان هـەزار زانـای پێگەیشـتوو و تێگەیشـتووی عـەرەب، کـە توانیبێتیـان ڕاڤـە و تەرجەمەیەکـی قورئانـی پیـرۆز بکـەن، بـە یەکـێ لـە زمانـە زیندووەکانـی جیهـان، تیایـدا سـەرکەوتوو بـن.

تاقـە یـەک کەسـم بـۆ بێنـە لـە تورکـەکان و لـە فارسـەکان کـە توانیبێتیـان بـە زبانـی پـاراوی فارسـی یـا تورکـی تەرجەمـەی بکـەن، بـێ ئـەوەی وشـەی زمانەکانـی دیکـە بەکاربهێنـن، نـەک دانـە و دوو دانـە لـە وشـەی نامـۆ و بێگانـە، بەڵکـو مەبەسـتم ئەوەیـە زۆربـەی زمانـە نامـۆکان زاڵ نەبێـت بـە سـەر وەرگێڕانەکەیانـدا و توانیبێتیـان بگەنـە ئامانـج، شـاکارێک پێشکەشـی نەتەوەکەیـان بکـەن.

ئـەو هەمـوو زانایانـە، لـە سـەرەتای هاتنـی ئیسلامەوە هەتا ئەمـڕۆ، چەندێـک هەوڵیان دابێـت تاقـە یـەک کەسـم بـۆ بێنـە، کـە توانیبێتـی وەک مامۆسـتا هـەژاری موکریانـی بـە زمانێکـی ئاڵتوونـی، بـە داڕشـتنێکی پـاراو؛ بـە هونەرێکـی وشەسـازی جـوان، تەنها سـووڕەتی پیـرۆزی فاتیحـە، کـە ڕۆژانـە دەیـان جـار دەیخوێنینـەوە و لـە واتاکەشـی حاڵـی دەبیـن، بـەڵام بـا وەک ئـەو بتوانـن بیکـەن بـە زمانەکـەی خۆیـان، وەک چـۆن ئـەو کردوویەتـی بـە زمانـی شـیرینی کـوردی، بـە ڕاسـتی سەرسـام بـووم، یەکـەم جـار کـە وەرگێڕانـە پیرۆزەکـەی مامۆسـتا هـەژار کـە وەری گێڕاوەتـە سـەر زوبانـی کـوردی، چـاوم بـە هەنـدێ لـە واتـای ئایەتـە پیرۆزەکانـی کـەوت و گەڕامـەوە بـۆ سـەرەتاکەی، وتـم بزانـم چـی فەرمـووە و چـۆن

(٩٧٢) خوسرەو جاف (پ- ٣٥٥)٢٣١.

لێکدانـەوەی بـۆ کـردووە، دەبینـم بـە پێـی ئایەتـە پیـرۆزەکان، یـەک لـە دوای یـەک بـە ئەنـدازەی وشـە عەرەبییـەکان بـۆ سـوورەتی فاتیحـە دەفەرموێـت:

(١) وە نـاو خـودا کـە دەهەنـدە و دلۆڤانـە (٢) سـوپاس بـۆ خـودا کـە ڕاهێنـەری جیهانە (٣)دەهەندەیـە و دلۆڤانـە(٤) خاوەنـی ڕۆژی پەسـڵانە (٥) ئێمە هەر تۆ دەپەرسـتین، پشـتن هـەر بـە تـۆ دەبەسـتین(٦) لـە ڕاسـتە ڕێ شـارەزان کـە (٧) ڕێـی ئەوانەی کە خـۆت چاکەت دەگـەڵ کـردوون، نـەک ئەوانـەی کە وەبـەر تووڕەیی کەوتـوون، نە ئەوانەش کـە لاڕێ بوون.

بـە ڕاسـتی شـاکارێکی نـاوازە، داڕشـتنێکی بـە پێـزە، لـە لووتکـە و چڵەپۆپەی وشەسـازی و جوانکارییدایـە، جـا ببینـە ئـەم زاتەیـە چـی کـردووە بۆخزمەتی ئـەدەب و وێـژەی کوردی، وە چـی کـردووە بۆخزمەتـی مووسـڵمانانی نەتەوەکـەی خـۆی، گەلـی کـورد دەبـێ شـانازی پێـوە بـکا؛ کـە پێگەیشـتووی حوجرەیـە، بـە نانە ڕەقـە و کولەمەرگـی و ژیانی پڕ لە ناسـۆری و ناڕەحەتـی توانـی خـۆی پـێ بگەێنێـت و ئـەو هەمـوو خزمەتەیـە بـە گـەل و نەتەوەکـەی بـکات. ڕۆژێکیـش وازی لـە دیـن و وڵات و پێشـمەرگایەتی و خزمەتـی نەتەوەکـەی نەهێنـا.

دوای ئـەوەی لـە تـەواوی بابەتە زانسـتی و هونـەری و زمانەوانی و وێژەیی و فەلسـەفی و بـواری شـارەزا بـوون لـە زانسـتی فیقهـو لـە بنەماکانـی فیقـهـ و ئاینـدا و، لـە سـیرەت و هەمـوو زانسـتەکانی ژێـر بێـژی و زانسـتە جـۆر بـە جـۆرە ئیسـلامی و عەرەبیـدا، دوای ئـەوەی لـە هەموویـان شـارەزا بـوو، دوای ئـەوەی کـە مێشـکێکی کـراوەی هەبـوو، دڵێکـی وریـا و زینـدووی هەبـوو، توانایەکـی لـە ڕادەبـەدەری هەبـوو، ئـەو توانـی هـەر خـۆی و بـە تەنهـا پشـت بەسـتن بـە خـودای گـەورە، داوای لـە خـودای گـەورە کـرد کـە ژیانـی ئەوەنـدە پـێ ببەخشـێت تـا بتوانێـت ئـەم خزمەتـە گەورەیـە بـکات. کـە دەتوانیـن بڵێیـن: کۆمەڵێکـی زۆر بـە یەکەوەبـن و بـە دەسـتی کـۆ هەوڵبـدەن ئیمجـا دەتوانـن هاووێنـەی ئـەم کارەیـە ئەنجـام بـدەن!!

دەیەوێـت بـۆ دوا بەرهەمـی ژیانـی، لـە هەمـوو بیـر و زانسـت و هـزر و هەسـت و ڕۆح و گیانـی، جەوهەرێکـی پیـرۆز بەرهەمبهێنێـت، لـە ڕووی واتـاوە، گیـان بکاتـەوە بەبـەری بڕواداراندا، لـە ڕووی زمانـەوە فەرهەنگێـك پێشـکەش بـە پسـپۆڕانی زمانەوانـی بـکات، تـورك نەیانتوانـی ئـەو خزمەتـە بکـەن، چونکـە تـا ئێسـتاش ئەوەنـدە زوبانیـان پـاك

نەبۆتـەوە کـە بـە دروسـتی قورئـان بخوێننـەوە، تـا بـەوەدا بگـەن شـاکارێکی زمانەوانـی پێشـکەش بکـەن، فارسـەکانیش وەك مامۆسـتا بەهائەددینـی خوڕەمشـاهی لـە پـەڕاوی (قورئانـی کەریـم)دا لاپـەڕە: ٦٦٦ دەڵـێ:

لـە هـەزار و سـەد سـاڵ لەمەوبـەرەوە، عەرەبـی زانـە قورئـان ناسـەکانی فـارس، زیاتـر لـە سـێ سـەد جـار دەسـتیان بـۆ ئـەوکارە بـردووە، کـە هەمـوو جارێـك کارێکـی پوخـت و بـێ هەڵەتـر پێشـکەش بکـەن، کـە دەیـان هەڵکەوتـووی زۆر نایابیـان تیادابـووە، و سـەدان فەرهەنـگ و تەفسـیری فارسـی و عەرەبـی و زوبانەکانـی دیکەیـان لەبەردەسـتدا بـووە، بێجگـە لـە پاشـخوانێکی شارسـتانیەت و ژیوارییەکـی هـەزاران سـاڵە کـە هەیانبـووە، هەمـوو هەوڵێکیانـدا، بـەڵام هێشـتا کارێکـی بـێ هەڵەیـان پێشـکەش نەکـرد.

ئـەو دوو نوسـەرەی کـە هـەژار موکریانـی داوای لـێ کردبـوون کـە بچنـەوە بـە تەفسـیرەکەدا و کاری بـە چاپگەیاندنـی ئەنجـام بـدەن و، ئەگـەر هەڵەیشـی تیابێـت هەڵەگیریشـی بـۆ بکـەن، محەمـەد هـادی مـورادی و ماجـد مەردۆخـی ڕۆحانـی لـە پاشـبەندی تەفسـیرەکەی مامۆسـتا هـەژاردا بـاس لـە ئـەو زانا نـاودارە دەکات کە مامۆسـتای زانـای زانسـتگا ئوسـتاد (فولادونـد) کـە مـاوەی (٣٠) سـی سـاڵ لـە ژیانـی خـۆی لەسـەر دانـاوە بـۆ تەرجەمەکردنـی قورئـان بـۆ زمانـی فارسـی و لـە دوای خۆشـی پێنـج شـەش کـەس لـە قورئانزانەکانـی ئێـران شـەش ساڵی تـەواو کەوتوونەتـە ناویـەوە و هەڵەگیرییـان تیـادا کـردووە، ئـەوەی نەگونجـاو بـووە سـڕیویانەتەوە؛ یـان گۆڕیویانـە، لـە ساڵی ١٣٧٤ی کۆچـی ١٩٩٥ زاینـی ئـەو تەفسـیرە فارسـییەیان بـە چـاپ گەیانـدووە.

بەڵـێ ڕاسـتە ئەم مامۆسـتا (فولادونـد) هەموو کاری پێشـینانی خـۆی لەبەردەسـتدابووە، تەنانـەت لـەو تەفسـیرانە کـە بـە زمانـی ئینگلیـزی و فەرەنسـی و ئۆردووەکانیـش بـووە، ئەوانیشـی هـەر بـەراورد کـردووە، لـە دواییـدا بـە خـۆی دەڵێـت:

ئەگـەر بـە خـۆم بڵێـم قسـەکانی مـن ئیلهامـە، وەك وەحـی و نیگایـە، بـە ڕاسـتی بـێ ئەدەبییەکـم نەکـردووە. واتـە ئەوەنـدە ڕازی بـووە لـە وتەکانـی، بـە شـێوەی ئیلهامێکـی ڕاسـتەقینەی دانـاوە، بـەڵام لەگـەڵ ئـەم هەمـوو شـارەزایی و سـی و شـەش سـاڵی تـەواو هەوڵدانـەدا، بـە یارمەتیدانـی کۆمەڵێکیـش لـە زانایانـی قورئـان نـاس، ئیمجـا

قەڵەمەکـەی تووشـی هەڵخلیسـکان و لادان لـە مەبەسـت و هەندێـک واتـای ڕاسـتەقینەی تێـدا حەشـاردراوە، ئـەو کۆمەڵـە زۆرە یارمەتییـان داوە و سـێ جاریـش ئـەو تەفسـیرەیە لـە چـاپ دراوەتـەوە، زۆر سوپاسـی کـردوون، بـەڵام دوای ئـەو هەمـوو تەتەڵـە و بێـژەی کـە کـراوە، ئـەو هەمـوو هەڵـە و پەڵـەی کـە لێـی دەرهێـنراوە، دەفەرمـوون زیـاد لـە پەنجـا هەڵـەی ورد و درشـتی تیـادا ماونەتـەوە و بـە چـاوی خـۆی و گـرۆی یارانـی یاریـدەری نەکەوتـوون و ئێمـە پێـمان زانیـون، لـە کاتێـکا سـەرنج لـەم قسـە ڕەوایـە دەدەیـت، دەزانیـت ئـەوان بـەو هەمـوو کەرەسـە و هـۆکارەوە کـە لـە بەردەسـتیاندا بـووە، هێشـتا نەیـان توانیـوە شـاکارێکی تـەواو پێشـکەش بکـەن، ئـا لێـرەدا زیاتـر نـرخ و بەهـای بەرهەمەکـەی مامۆسـتا هەژارمـان بـۆ دەردەکەوێـت لـە چەنـد ڕوویەکـەوە:

**یەکـەم:** هـەژاری موکریانـی لـە مێـژووی زمانـی کوردەواریـدا یەکـەم کەسـێکە کـە هەوڵـی دابێـت سـی جزمـەی قورئـان وەربگێڕێـت.

یەکـەم کەسـە لـە جیهانـی مرۆڤایەتیـدا توانیبێتـی هەشـت مانگ نـۆ مانـگ نەخایەنێت، ئـەو کارە قـورس و گـران بەهایـە بـە ئەنجـام بگەیەنێت.

یەکـەم کەسیشـە کـە دوای تاقیکردنەوەیەکـی زۆر و گەیشـتن بـە دوا چڵەپۆپـەی زانسـتی و زانیـاری، لـە دوا سـاڵەکانی ژیانـی پیرێتیـدا، شـەو بخاتـە سـەر ڕۆژ و؛ ڕۆژ بخاتـە سـەر شـەو، چەنـد کاتژمێرێـک ئاسـوودەیی و خـەو پشـوو بەخـۆی نـەدات و هەمـوو ژیـان لـە خـۆی تاڵبـکات بۆئـەوەی فریـا بکەوێـت؛ ئـەم بەرهەمـە زێڕینەیـە پێشـکەش بـە گـرۆی ئیسـلام و نەتـەوەی مووسـڵمانی کـورد بـکات. ئەگـەر تەنهـا بـۆ ماوەیەکیـش مۆڵەتـی ژیانـی ببوایـە و بـۆ جارێکیـش خـۆی هەڵەگیرییەکـی لـێ بکردایەتـەوە زۆر بەهێزتـر دەبـوو، لەگـەڵ ئەوەشـدا فریـای ئـەوە نەکەوتـووە، کاتێـک لـە سـەرەتاوە تـا کۆتایـی سـەرنجی دەدەیـت، بـە ڕاسـتی شایسـتەی ئەوەیـە؛ کـە لـە بەردەمیـدا دەستەوەسـتان ڕابوەسـتیت، بزانـی ئـەم هەمـوو سـوورەتە نـاوازە و کارە ڕێـک و پێکانـەی ئەنجـام داوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا زۆر بـە دەگمـەن نەبێـت هەڵـەی تیایـان نەکـراوە، زۆر بەدەگمـەن نەبێـت وشـەیەکی بەکارنەهێنـاوە کـوردی نەبووبێـت!!

بـە نرخـی و بـە هـاداری ئـەم پەرتووکـە نایابەیـە لـە چەنـد ڕوویەکـەوە؛ زۆر بـە

ڕوونــی و ئاشــکرایی بۆمــان دەرەکەوێــت، کــە شایســتەی ئەوەیــە ئــەو پــەڕی ڕێــزی بــۆ دابنێیــن و توێژینــەوەی تایبەتــی لەبــارەوە بکەیــن:

یەکـەم: لـەو ڕووەوە کـە زۆر بـە دەگمـەن نەبێـت بێجگـە لـە زوبانـی پـاراوی کـوردی هیـچ زوبانێکـی دیکـەی بـە کارنەهێنـاوە، مەگـەر ئـەو وشـانەی کـە بەکاریهێنـاوە لـە نێوانــی کــورد و فارســدا هەردووکیــان بــە شــێوەیەکی ســەربەخۆ بەکاریــان هێنابێــت و زمانــی هاوبەشــی هەردووکیــان بووبێــت، وشــەی هاوبەشــی هەردووکیــان بووبــن، ئەینـا تـەواوی ئـەو وشـانەی کـە بـە کاری هێنـاوە بیانخەیتـە سـەر ڕیشـە و بنەچـەی خۆیانــەوە، بــۆت دەردەکەوێــت کــە وشــەیەکی ڕەســەنی کــوردەواری بــووە.

لــە بەکارهێنانــی قورئانــی پیــرۆزدا زۆر جــار وشــەی وا چەندیــن جــار دووپــات کراونەتــەوە، بــۆ واتــای زۆرێــک لەوانــە وتەیەکــی دانــاوە، لــە جێگەیەکــی دیکــەدا بۆئــەوەی ئــەو مەبەســتەیە پــڕ بکاتــەوە؛ گــەڕاوە ئــەو وتــەی هێنــاوە لــە بەرامبەریــدا دانیــاوە کــە شایســتە بێــت، واتــە وتەکــە دەبووایــە پــڕ بــە پێســتی ڕســتەکە بووایــە، وە بــۆ گەلێــک لــەو زاراوانــەی کــە لــە قورئانــا دووبــارە کراوەتــەوە؛ جــاری وا هەبــووە چەندیــن زاراوەی کــوردی بەرامبەریــان هەبــووە و بــە کاری هێنــاون، کــە باســکردنیان درێــژ دەخایەنێــت، وە هەوڵــی داوە تەنانــەت لــە زاراوەی سۆرانیشــدا، کــە ئــەم وەرگێڕانــەی پێکــردووە، وتــە و شــێوەزاری ســنەیی و ســاراڵ و لەیــلاخ و هاوشــار و تیلەکـۆ و هەوەتـۆ و کەلاتـەرزان و خوڕخـوڕە و بێڵـەوار و گاوەڕۆی و، زۆربـەی زۆری ئــەو وتانــەی کــە خێڵــەکان و ناوچەکانــی کــوردەواری بــە کاریــان هێنــاوە، ئەویــش لــە تەفسـیرە بـە نرخەکەیـدا کـۆی کردوونەتـەوە و لـە جێـگای پێویسـتدا بـە کاریهێنـاون، کــە ئەمــە بــە ڕاســتی بــۆ خــۆی خزمەتێکــی گــەورەی نووســینەوە و خزمەتکردنــی ئەدەبــی کوردییــە.

بەندەیــش کــە ئــەم قســە لەســەر ئــەم بابەتــە دەکــەم، هــاوڕام لەگــەڵ ئەوانــەدا کــە پێشــەکی و پاشــبەندیان بــۆ تەفســیرەکەی مامۆســتا هــەژار نووســیوە، کــە بــە ڕاســتی ئــەم کارە کارێکــی دانســقەیە و بــە یەکێــک لــە شــاکارە هەرەگەورەکانــی مێــژووی زانســتی و نووســینی کــوردی دەناسرێــت، وەک چــۆن دیوانــی حافــزی شــیرازی

و گوڵستانی سەعدی و هاوێنەکانیان بوونەتە شاکاری زمانەکانی دیکە.

ئەم تەرجەمە کوردیەش دەبێتە شاکارێکی ڕاستەقینە بۆ نەوەکانی داهاتوومان، ئومێدەکەین کە سەرنجی بدەن و هەوڵ بدەن لە واتاکانی حاڵی بن، کە هەندێک وشەکانی ئەوەندە بە جوانی و بە خوێندەواری و شارەزایی بەکارهێناوە، خوێندەوارە ڕەسەنە تێگەیشتووەکانیش جاری وایە پێویستییان بەوە هەیە کە بەراوردی بکەنەوە لەگەڵ قورئانی پیرۆزدا، ئینجا لە وشە کوردیەکە حاڵی بن، ئەمەش مەبەست ئەوەیە کە توانای ئەوێت، خوێندەواری ئەوێت، هەر کەسێ هەڵسێت و بیخوێنێتەوە لێی حاڵی نەبێت و، بڵێ:

وەڵا هیچ نییە، ئەوە خۆی لە ئاستێکی نزم دایە، ئێنا ئەوەی کە شارەزا بێت، خۆی بە دوای واتا و مانای تەواوی ڕستە جوانەکانی ئەم کتێبەدا دەگەێت.

داوامان لە خودا وایە کە ئێستا ڕوحیانەتی مامۆستا (هەژاری موکریانی) لە بەهەشتی بەرین دابێت و ئەو قورئانە پیرۆزەیە بۆی ببێتە تکاکار لە حزووری خوای پەروەردگاریدا، و پێغەمبەری نازاریش (صەڵات و سەلامی خودای لێ بێت) یارمەتیدەر و هاوکاری بێت و، شفاعەت و تکاکاریی بۆ بکات"[(٩٧٣)].

---

(٩٧٣) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ شێخ موحسین موفتی نەقشبەندی (١٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٤) هەولێر. موحسین کوڕی مامۆستا شێخ خالیدی شێخ مصطفی ی موفتی کوڕی شێخ محمودی قاضی کوڕی شێخ عەبدوڵلای خەرپانی یە. لە ساڵی ١٩٦٠دا لە هەڵەبجە لە دایکبووە؛ لە پێنج ساڵیدا لای باوکی خوێندوویەتی. ساڵی ١٩٨١ کۆلیجی شەریعەی زانکۆی بەغدای تەواو کردووە. لەخزمەت باوکی و عەللامەی عێراق مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس لە مەدرەسەی حەزرەتی عەبدولقادری گەیلانی خوێندنی مەلایەتی تەواو کردووە و ئیجازەی زانستی وەرگرتووە. لەساڵی ١٩٨٣وە بووە بە پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی حەزرەتی عومەری کوڕی خەتاب لە سلێمانی. لە حەزرەتی شێخ عوسمانی سیراجەددین نزیک بووە و لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە؛ سەرپەرشتی کاروبارەکانی ئەم زاتەی کردوە. لە گۆنگرەی دووهەمی زانایاندا ساڵی ١٩٩١ بۆ سێ دەورە بووە بە سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان. ئەندامی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستاندا بووە. وەخاوەن ئیمتیازو سەرنوسەری چەندین گۆڤاری ئاینی بووە. زیاتر لە سەد کتێبی لەسەر تەریقەتی نەقشبەندی و شوێنکەوتوانی؛ ژیاننامەی شێخانی هەورامان و مورشیدان و بەرهەمی تری جۆرا و جۆر نوسیوە. مزگەوتێکی گەورەی دروستکردوە بەناوی مزگەوتی مەولانا خالیدی نەقشبەندی لە هەولێر و مەدرەسەکەیشی بەناوی مەدرەسەی شێخ عەبدوڵلای خەرپانی کە

سـەرەڕای ئەمـەش ڕەخنـەی لێگیـراوە، لەسـەر بەکارهێنانـی چەنـد وشـەیەک، کـە هەمـان مانـا و واتـا نابەخشـێ، وەک "لـە ئایەتـی(٧ی) سـوڕەتی بەقـەڕە لـە وەرگێڕانـی (عـذاب عظیـم)، دەنوسـێت ئـازاری بـە ژان". ڕوونـە بـە ژان بـۆ (الیـم) دێـت، نـەک (عظیـم)، ئـازاری بـە ژان بـۆ: (عـذاب الیـم) دروسـت و تـەواوە. لـە ئایەتـی (٣٠) ی وشـەی "بریـکار"ی بـۆ (خلیفـە) دەکار هێنـاوە. ڕاسـتیەکەی بریـکار بـۆ (الوکیـل) تەواوتـرە، وشـەی (جێنیشـین) بـۆ (خلیفـە) پڕاوپڕتـرە"[٩٧٤].

ئـەوەی جێـگای سـەرنجە، هـەژار لـە کۆتاییەکانـی تەمەنـی هەرچەنـدە هەوڵیـداوە ئـەم هەسـتە بشـارێتەوە، کاریەگەرییەکانـی ئاینـی ئیسـلامی زیاتـر لەسـەر دروسـتبووە، ئەمـەش یەکێـک لـە پاڵنـەرە سـەرەکییەکان بـووە، بۆئـەوەی ئـەم وەرگێڕانـە بـکات، لەلایەکـی تـرەوە بەوەرگێڕانـی قورئانـی پیـرۆز، وای کـردووە، خوێنـەر و بیسـەری کـورد، بـە زمانـی زگماکـی خـۆی، زیاتـر لـە مانـا و واتـای سـوڕەت و ئایەتـەکان تێبـگا و شـارەزای زیاتـر پەیـدا بـکات.

### مێژووی ئەردەڵان:

ئـەم کتێبـە لـە نووسـینی مەسـتوورەی کوردسـتانیە، هـەژار وەریگێـڕاوە و لێکۆڵینـەوەی لەبـارەوە کـردووە، لـە ٢٥٢ لاپـەڕە پێکهاتـووە، لـە سـاڵی ٢٠٠٢ چاپکـراوە، هـەژار ڕای خۆیشـی لەسـەر ئـەم بابەتـە دەربڕیـوە و ئـەم شـێوازەش بابەتـە مێژوویەکـەی دەوڵەمەندتـر کـردووە، بـەڵام ئـەوەی جێـگای سـەرنجە لـە بنەڕەتـدا، ئـەم کتێبـە (تاریـخ اردلان) لـە نووسـینی (سـمایلی مـەلا محەمـەد)ە، کـە بەزمانـی فارسـی نـوسراوە، (مـەلا جەمیـل ڕۆژبەیانـی) لـە فارسـی وەری گێـڕاوە بـۆ عەرەبـی و هەژاریـش عەرەبیەکـەی وەرگێڕاوەتـە سـەر کـوردی، بۆیـە دەبووایـە لەسـەرەتاوە کتێبـە فارسـیەکەی دەسـت بخسـتایە و بیخوێندبایـەوە و لـە ئـەو وەریگێڕابـە. یاخـود، لەگـەڵ عەرەبیەکـەی (مـەلا جەمیـل) بـەراورد و وردبینـی بکردبایـە؛ پاشـان وەرگێڕانەکـەی ئەنجامدابـا، بەمـەش بابەتەکـەی لـە ڕووی مێژووییـەوە بەپێزتـر دەبـوو.

---

فێرگەیەکی زانستییە و ڕۆڵی پیرۆزی خۆیی بینیوە.

(٩٧٤) زامدار ئەحمەد، دیدار لەگەڵ حەیدەر عەبدوڵڵا (پ- ٨٣١)١٨٥.

هـــەژار موکریانـــی لەکاتـــی وەرگێڕانـــی مێـــژووی ئـــەردەڵان نەخـــۆش بـــووە و بۆیـــە دەڵـــێ: "هەســـتم بـــە مـــردن کـــردووە؛ لـــە ژیانیـــش زۆر وەڕەزم؛ بـــەڵام ئـــاوات و ئـــارەزوو دوایـــی نایـــە. بریـــا ئـــەو مێژووەشـــم تـــەواو کردایـــە"[(٩٧٥)].

ســـەرەتا بـــە کـــورد و مێـــژوو دەســـت پـــێ دەکات، مەســـتوورە خانـــم کـــێ بـــوو؟ بنچینـــەی بابـــە ئـــەردەڵان، بنەچـــە و ڕەچەڵەکـــی یـــەک بەیەکـــی ئـــەم پاشـــا و خانەوادەیـــە، بـــاس دەکات، (بێگـــە بـــەگ، خـــان ئەحمـــەد خـــان، هەڵـــۆ خـــان) تـــا دوایـــن پاشـــایان بەنـــاوی پەراوێـــزی (نـــاسر خانـــی ئـــازاد پـــور). بـــۆ هەریەکەیـــان کورتەیـــەک و شـــێوەی حوکمڕانیـــی دەســـەڵاتەکەی قەڵـــەم ڕەوی و خاڵـــە بەهێـــز و لاوازەکانـــی بـــە دیارخســـتوە[(٩٧٦)]. ئامانجـــی ئـــەم کارەی ئـــەوە بـــووە خوێنـــەری کـــوردی هاوزمانـــی زیاتـــر بـــە مێـــژووی کـــورد ئاشـــنا بـــکا. مەڵۆیـــەک بخاتـــە ســـەر خەرمـــان و کتێبخانـــەی کـــوردی پـــێ دەوڵەمەندتـــر بـــکا.

(٩٧٥) قورئانـی پیـرۆز، وەرگێڕانـی لـە عەرەبیـەوە عەبدولڕەحمان شـەرەفکەندی" هـەژار موکریانی" (پ-٩٦١) پاشبەند١.

(٩٧٦) مەسـتورەی کوردسـتانی، وەرگێڕانـی لەعەرەبیـەوە و لێکۆڵینـەوەی هـەژار موکریانـی (چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە هەولێـر - ٢٠٠٣).

### دووەم: وەرگێڕاوەکانی بۆ زمانی فارسی

### قانون در طب

ئـەم کتێبـە لە نووسـینی (ئەبو عەلی حوسـێن بـن عەبدوڵڵا نـاسراوە بە ئیبن سـینا[٩٧٧])یە، زیاتـر لـە هـەزار سـاڵ پێـش ئێسـتا داینـاوە، ئـەم کتێبـە شـاکارێکی هـەژارە و لـە عەرەبیەوە وەریگێڕاوەتـە سـەر زمانـی فارسـی، کـە لـە هەشـت بـەرگ لـە چاپـدراوە و پێکدێـت، کە بە هەمـووی زیاتـرە لـە (٣٨٢٠) سـێ هەزار و هەشـت سـەد و بیسـت لاپەڕە.

بەرگـی یەکەمـی کتێبەکـە لـە سـاڵی ١٩٧٨ لـە لایـەن دەزگای بڵاوکردنـەوەی زانکـۆی تارانـەوە چاپکـراوە، واتـە لـە سـەردەمی پاشـایەتیی ئێراندا، بەڵام پاش سـەرکەوتنی شۆڕشـی ئێـران، ئەرکـی چاپکردنـی بەرگەکانـی دیکـەی کەوتووەتـە ئەسـتۆی دەزگای بڵاوکردنـەوەی (سروش). کـە هەمـووی بەڕێکوپێکـی بـە ئەنجـام گەیانـدووە. لـە پێشـانگای نێودەوڵەتیـی کتێـب لـە تارانـدا لـە سـاڵی ١٩٨١ چـاپ و وەرگێڕانـی هەمـوو بەرگەکانـی (قانـون در طـب) لـە لایـەن هـەژار ئەنجـام دراوە بـە چاکتریـن کتێبـی سـاڵ نـاسرا.

هونـەری هـەژار موکریانـی لەوەدایـە کـە پـاش زیاتـر لـە هـەزار سـاڵ، بـۆ یەکـەم جـار، ئـەو کتێبـەی لـە عەرەبییـەوە بـۆ فارسـی وەرگێـڕاوە، لـە کاتێکـدا ئێرانییـەکان

(٩٧٧) ئیـبن سـینا کێیـە؟ ئەبـو عەلـی حوسـێن بـن عەبدوڵـڵا نـاسراوە بـە ئیـبن سـینا، سـاڵی ١٣٧ی کۆچـی هجـری قەمـەری بەرامبـەر بـە ٩٨٠ز لـە ناوچـەی بوخـارا لـە دایکبـووە، باوکـی دەسـەڵاتدارێکی دارایـی سـەردەمی خـۆی بـووە. ئیـبن سـینا لـە شـاری بەڵـخ خوێندویەتـی. بەهـۆی باردۆخـی سیاسـیەوە ناچـار بـووە، بەڵـخ و بوخـارا بەجـێ بهێڵـی و ئـاوارەی خـوارزم و ڕەی و هەمـەدان و ئەسـفەهان بـووە، تـا لـە کۆاتایـدا گەڕاوەتـەوە هەمـەدان و لـەوێ لـە سـاڵی ٤٢٨ی کۆچـی قەمەریـدا کۆچـی دوایـی کـردووە، لەو سـەرگەردانیەدا ئیـبن سـینا چەندیـن سـاڵ دەکەوێتـە بەندیخانـە، تەنیـا لەبـەر ئـەوەی وەک ڕۆشـنبیرێک نەیویسـتووە، خزمەتـی هەنـدێ دەسـەڵاتداری سـەردەمی خـۆی بـکا. خـاوەن بەرهەمێکـی زۆرە و کـە زۆرینەیـان بـە زمانـی عەرەبیـن و تەنیـا هەندێکـی بەزمانـی فارسـی دانـاوە وەکـو دانشـنامەی عەلایـی، کـە کتێبێکـی فەلسـەفی گرنگـە. کتێبـی فەلەسـەفی دیکـەی بـە زمانـی عەرەبـی: العشـق، رسـالة الطیـر و الاشـارات والتنبیهـات. جگـە لـە فەلسـەفی هەروەهـا بایەخـی بـە لۆجیـک، سـایکۆلۆجیا و فەلـەک و ئیلاهیـات داوە. کتێبێکـی تـری بەنـاوی الشـفاء، دانـاوە. کـە لـەم کتێبـەدا زیاتـر لـە هەمـوو شـتێکی ژێـر زەوی و سـەر زەوی، کانـزاکان و زانسـتی خـاک، گیـان لەبـەر، ماتماتیـک، ئەندازیـاری و موزیـک و بابەتـی دیکـە دەکۆڵێتـەوە. فەلەکەدیـن کاکەیـی، کۆبەرهـەم دەفتـەری خـاک(پ- ٤)٤٤-٤٦.

هەمیشــە "ئیــبن ســینایان" بەهــی خۆیــان زانیــوە، وەلــێ تــا هــەژار نەهاتــووە، ئــەو کتێبــە پزشــکییە مێژوویــیــە هــەر بــە زمانــی عەرەبــی ماوەتــەوە.

کتێبەکــە بــە عەرەبــی بــە نــاوی "قانــون"ە. بــەڵام لەبەرئــەوەی کــە ســەبارەت بــە پزیشــکییە، دەربــارەی دەرمانــی گیایــی بەتایبەتــی، نەخۆشــی و دەستنیشــانی نەخۆشــییەکان و تیــمار و دەرمانــە گیاییــەکان، هــەژار ئــەو کتێبــەی بــە نــاوی" قانــون در طــب" وەرگێــڕاوە، واتــە "یاســا لــە پزیشــکیدا".

ئەمــەش کتێبێکــی مێژوویــی هــەرە گرنگــە، تــا ئێســتاش ســەرچاوەیەکە بــۆ گیــا دەرمــان، تیمارکردنــی نەخۆشــەکان بــە گژوگیــا و گــوڵ. "ئیبنــو ســینا" بــە شــێوەیەکی زۆر ورد نەخۆشــیەکان و چارەســەرکردنەکەی دەستنیشــان کــردووە. زانایــان و شــارەزایان دان بــە بلیمەتــی و زیرەکــی و دروســتی بۆچونەکانــی "ئیــبن ســینا" لــەم بــوارەدا دەنێــن. هــەر بۆیــەش لــە ســاڵی ١٢٨٤ز بــۆ زمانــی ئەوروپــی و لاتینــی وەرگێــڕاوە، لــە زانکۆکانــی ئەوروپــا و ئەمەریــکا دەخوێندرێــن.

ئەمــەش ئــەوە دەگەیەنــێ ســەرەتا زیاتــر لــە وڵاتانــی ڕۆژئــاوادا نــاسراو نــاو و ناوبانگــی بــەرزەوە بــوو؛ ئەمجــار ڕۆژهەڵاتیــان و تەنانــەت فــارس زمانانیــش ناســیيانەوە! ئــەم کتێبــە کــە بــە زمانــی عەرەبــی نــوسراوە و دانــراوە و یەکجــار دژوار بــووە؛ کــە زۆربــەی فارســی زانــان ســەریان لــێ دەرنەدەکــرد و مــاوەی هــەزار ســاڵ لــەو تــاک و تەرایــەش لێــی تێدەگەیشــتن، کەســی وایــان لــێ هەڵنەکــەوت بۆیانــی بــکا بــە فارســی، تــا هــەژار هاتــوو قۆڵــی لــێ هەڵماڵــی و ئــەم ئەرکــە قورســەی خســتە ئەســتۆی خــۆی؛ بەوپــەڕی لەخۆبوردوویــی و شــەونخونی و بەســەرکەوتوویی ئەنجامیــدا.

لێــرەدا وەختــی ئــەوە نیــە لــە گرنگیــی لایەنــی پزیشــکی ئــەو کتێبــە بکۆڵینــەوە، بەڵکــو لایەنــە مێژوویيەکــەی گرنگــترە، بەتایبــەت کــە باســی وەرگێڕانەکــەی دەکەیــن، کــە ڕۆشــنبیرانی گــەورەی ئێرانیــش دان بــە شــارەزایی و بلیمەتــی هــەژار دادەنێــن، تەنیــا ئــەو پــاش زیاتــر لــە هــەزار ســاڵ ئــەم بەرهەمــە مێژوویيــەی بــۆ زمانــی فارســی وەرگێــڕاوە، کــە زمانــی زگماکــی ئیبنــو ســینا بــووە.

نووسینەکانی هەژار پڕن لە ڕەخنە و تەنز، ئەمەش بوارێکی تایبەتی بەرهەمەکانیەتی، کە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون هەڵدەگرێت، نموونەش بۆ ئەمە تەنانەت لە ناونیشانی پێشەکیەکەشی نوسیویەتی" پێشەکییەکە بۆ پاشەکی" دەڵێت" تەقدیری پەروەردگار وابوو، بە تاوانی خەبات، دژی جیاوازی نەگریسی ڕەگەزایەتییەوە، لە ئێرانی ڕەزا خانیەوە، هەڵبێم و بە دەورانی پیریدا، بە هەمان تاوان ناچار ببم لە دەستی ستەمی سەدام هەڵبێم و بەبێ ئارەزوی خۆم، ساڵی ١٩٧٥ بگەڕێمەوە ئێران".

بەردەوام بووە لەسەر گێڕانەوەی و نوسیوویەتی" لە بێکاریدا ئازارم دەخوارد و بە شوێن کارێکدا دەگەڕام. زۆر قسەی شیرینم لە زمانی چەورەوە بیست و کاری خێرم دەست نەکەوت. تا ڕۆژێک چارەنوس... منی بۆ ناوەندی بڵاوکردنەوەی زانکۆی تاران برد".

لێرەوە باسی ئەوە دەکا، چۆن سەرپەرشتیاری ناوەندەکە پێشنیازی وەرگێڕانی "القانون"ی بۆ کردووە، دەڵێ" لە بەختی خۆم سەرم سوڕما، کە ئەم شانسە لە کوێ؟.ئەم کتێبە تەمەنی نوحی هەیە. لە عەرەبییەوە کراوە بە لاتینی و ئینگلیزی، بەڵام تا ئێستا، پاش دەربازبوونی هەزار ساڵ، هێشتا وەرنەگێڕدراوە بۆ زمانی میللەتی دانەرەکە، کە فارسییە. بەڕاستی... بۆچی؟ ئایا هەر لەبەر ئەوەیە تا ئەمڕۆ بەختی من هەڵسێ؟ ئای لەم کامەرانییە..." لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، ڕووی هۆکاری بنەڕەتیی وەرگێڕانی کتێبەکە پێشان دەدات.

هەر لەم پێشەکییەدا گفتوگۆ لەگەڵ خۆی دەکات و دەڵێ" من لە کوێ و زمانی پزیشکی لە کوێ؟ هەروەها ناوی شاعیری بەرزی کورد "مەولەوی تاوەگۆزی" دەبات و ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە" شاعیر و عارفی بەناوبانگی کورد "مەولەوی هەورامی" قدس سره لە دوو بەیتدا دەڵێت..."

مەبەست لێرە لەناوهێنانی شاعیرێکی گەورەی کوردە، تا خوێنەری فارسی بزانێت، نەتەوەی کوردیش خاوەنی شاعیری گەورە و عارفی مەزنە و قدس سره، واتا وەکو زانا ئاینیەکانی ئێران گەورەیە، مەولەویش پیاوچاکێکە، لێرەدا هەژار

مەبەستی بووە، لەو کتێبە مێژووییەدا، کورد بوونی خۆی بسەلمێنێ، هەروەها هەوڵیداوە ئەوەش ڕوون بکاتەوە"ئیبن سینا" وەک کوردێک، یان وەکو ئاگادارێکی زمانی کورد بۆی چووە. بۆ نموونە وشەی "علی الرأس"ی بەکارهێناوە، کە هەژار نوسیویەتی لەسەر کوردی "لەسەر ڕا" وەری گێڕاوە و عەرەبیەکەی بە هەمان مانا بەکارهێناوە، لەم باریەوە چەندین وشەی تریشی شیکردووەتەوە.

هەروەها لە پێشەکی بەرگی سێیەمدا، پوختەیەکی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری کوردی باس کردووە.

کاتێک بەرگی یەکەمی وەرگێڕاوە، کەمتر خوێنەری هەبووە، بەڵام پاش دەرچوونی بەرگی دووەم. دەڵێ" لە گشت لایەکەوە نامەم بۆ هات، زۆربەیان ئافەرین بوون، هەندێکیش پرسیاریان ناردبوو، هەر یەکە لە ڕوانگەی خۆیەوە کتێبەکەی هەڵسەنگاندبوو، هەژار نووسیویەتی" کەسانێک منیان بە دکتۆر ناوبردبوو دەپرسن لە چ زانکۆیەک دەرچووم؟، یەکێکی دەنوسێت" حەزدەکەم خۆت بناسێنیت؟ خەڵکی کوێی؟ لەچی ڕەسەنێک؟. لەکوێ فێری عەرەبی بووی؟ چۆن ناوی دەرمانەکانت ڕێکوپێک بە حروفی ئەبجەدی نووسیووە؟

هەروەها پرسیویانە "بۆچی پاش هەزار ساڵ تۆ بیرت لە وەرگێڕانی ئەم بەرهەمە بەنرخەی شێخ ئیبن سینا کردۆتەوە؟ بۆچی زانایان و شارەزایانی دیکەی پێش ئێوە، لەم بوارەدا هەنگاویان نەناوە؟

هەژار ئەمە بەدەرفەت دەزانێت بۆیە، ئەم پرسیارانە و چەندین پرسیاری دیکە، دەکا بە بیانوو، بۆئەوەی خۆی بە خوێنەری ئەم کتێبە بناسێنێت، بۆیە بەزمانی فارسی وەڵامی پرسیارەکان، بەم شێوەیەی خوارەوە دەداتەوە:

"لە کۆتایی ساڵی هەزار و سێ سەدی هەتاوی، بۆ یەکەمین جار هاتمە ئەم دونیا ماتەمە، هێشتا منداڵێکی ساوا بووم، کە بابم لە ترسی کڵاوی پەهلەویی پێشوو، منی لە مەهابادەوە بۆ دەوروبەری بۆکان گواستەوە..."

بەم شێوەیە هەژار باسی کەساسی و هەژار و زوڵم و ستەمی ئەو سەردەمە، بەتایبەتی

ژیانی سەختی جوتیارانی ناوچەی موکریان و زۆرداریی ڕژێمی شا و نەزانی دەکا.

بەردەوام بووە لەسەر وەڵامەکانی و دەڵێ: "لە سەدەکانی پێشوو و تا لەناوچوونی ڕژێمی شاهنشاهی، کوردستان و کورد، پیشەیان هەر باج و سەرانە دان بووە و لێپرسراوانی حکومی تاڵانیان کردوون و ئەوەیان بە دەرفەت زانیووە کە ئەمانە کوردن، لە پایتەختەوە دوورن، زمانیان سوتاوە و چاویان بەستراوە، کەس بەرگرییان لێناکات و بە ئارەزووی خۆیان چەوساندوویاننەوە..."

" کاربەدەستانی گەورەی دەوڵەت، جار نە جارێک کوردیان کەوتۆتەوە یاد، ئەویش بۆئەوەی پۆل پۆل بۆ بەرەکانی جەنگیان بنێرن و لەبەرژەوەندی خۆیان بەکاریان هێناون و لە شەڕەکاندا بە کوشتیان داون..."

هەژار موکریانی بەشێوەیەکی زۆر زیرەکانە، ژیانی خۆی و کۆمەڵگای کوردەواری لە مەهاباد و ناوچەی موکریان دەگێڕێتەوە، تاوەکو خوێنەری فارس بەهۆی قانونی ئیبن سیناوە لە ژیان و گوزەران و باری سیاسی کۆمەڵگەی کوردی بگا، هەروەها ئەو هەموو زوڵم و زۆرەی بەرامبەر بە میللەتی کورد کراوە، بەیان بکات، ئەمەش هونەرێکی تایبەت و داهێنەرانەی هەژارە، کە دەتوانێت بەم شێوەیەش خزمەت بە نەتەوەکەی بکات.

وەڵامی ئەم پرسیارانەی بەدەرفەت زانیوە، هونەرێکی داهێنەرانەی خستووەتەڕوو بەوەی باسی لە نەهامەتی و ئەو زوڵم و زۆرەی لەسەردەمی (ڕەزاشا)ی ئێران لەگەڵی کورد کراوە، بەمەش ویستویەتی خوێنەری ئەم کتێبە، بە گوزەران و ژیانی سیاسی کۆمەڵگەی کوردی ئاشنا بکات[٩٧٨].

هەژار لە سەرەتای بەرگی سێیەم، چەند لاپەڕەیەکی بۆ ژیاننامەی خۆی تەرخانکردووە و بەشێوەیەکی کورت نوسیویەتی، چەند بابەتێکی ئاماژە پێکردووە، کە لە کتێبی چێشتی مجێوردا نیە، نموونەی ئەمە باسی ئەوە دەکات کە لەو قۆناغی منداڵی ئەودا ڕێژەی قوتابخانە، لە شارە کوردیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەم بووە،

(٩٧٨) فەلەکەدین کاکەیی، کۆبەرهەم دەفتەری خاک(پ- ٤)٤٠-٥١.

هەروەها زیاتر ئەو کەسانە چوونەتە خوێندن، باری داراییان باش بووە، بەهۆیەوە ئەو نەیتوانیوە لە قوتابخانە بخوینێت، ئەم کتێبە لەسەر یاساکانی پزیشکی و داو دەرمانە [٩٧٩]، هەژار بەدوای بەدەستهێنانی کارێکدا گەڕاوە و کاتێک لەساڵی ١٩٧٧ لەگەڵ (مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی)، سەردانی (فەرەهوەشی)یان کردووە لە زانکۆی تاران، لەسەر داوای ڕۆژ بەیانی ئەم وەرگێڕانەی کردووە، کە ماوەی هەزار ساڵە، بە عەرەبی نووسراوە[٩٨٠]، چونکە لە دوای گەڕانەوەی هەژار بۆ ئێران، باری دارایی زۆر خراپ بوو، ئەمەش پاڵنەربوو بۆ دابینکردنی بژێوی ماڵ و منداڵی، ئەم کتێبە وەرگێڕێتە سەر زمانی فارسی[٩٨١]، لەم بارەیەوە لە نووسینەوەی یاداشتەکانی خۆیشی نکۆڵی لەوە ناکات، لە شاری تاران لە زانکۆ و شوێنە ئەدەبیەکان دەگەڕا کارێکی دەستبکەوێ [٩٨٢] و لە بەرامبەر وەرگرتنی پارەدا ئەمەی ئەنجامداوە[٩٨٣]، بەهۆی ئەوەی (ئیبن سینا) لە ناوچەی هەمەدان بووە، هاتوچۆ و تێکەڵاوی لەگەڵ کورد پەیدا کردووە، کەڵکی فراوانی لە زمانی کوردی وەرگرتووە و وشەی کوردی بەکارهێناوە، نموونەی ئەمەش (ماست)ە، کە لە عەرەبی ئەم وشەیە بوونی نییە و لەگەڵ زۆر وشەی تریش[٩٨٤].

وەرگێڕانەکە دەنگ و سەدای زۆری هەبووە، هەرچەندە ئاماژەی بە ساڵەکە نەکردووە، بەڵام بەپێی ڕووداوەکان ساڵی ١٩٧٨ە. لە چاپخانەی سروش لە تاران کۆڕێکی ڕێزگرتنی بۆ گیراوە و ڕۆڵی کەسایەتی خۆی زیاتر تێدا دەرخستوە، وانیشانی بدات، لە فارس زمان زانترە[٩٨٥]، لەم بارەیەوە (عەبدوڵڵا حەسەن زادە) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات "نە کەسێکی عەرەب ئەوەندەی فارسی زانیووە بیکاتە فارسی، نە کەسێکی فارس ئەوەندەی عەرەبی زانیووە بیکاتەوە فارسی، هەژار لەم ڕووەوە زمانزانێکی زۆر باش بوو"[٩٨٦].

---

(٩٧٩) شیخ الرئیس ابو علی سینا (پ- ٢)٨.

(٩٨٠) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٥٠٣

(٩٨١) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە (پ- ١٥٢) فەرەنسا.

(٩٨٢) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٥٠٢-٥٠٣.

(٩٨٣) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی- هەژار، هەنبانە بۆرینە- فەرهەنگی کوردی- فارسی (پ- ٨٤٠)٢٨.

(٩٨٤) نامق هەورامی، هەژار لە سنە (پ-٤٩)١٦٤.

(٩٨٥) شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی (پ-١٤٩)٤٠-١٩٣.

(٩٨٦) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە (پ- ١٥٢) فەرەنسا.

هــەر لــەم بارەیــەوە (عەلــی خامەنەیــی) ڕابــەری شۆڕشــی ئیســلامی ئێــران لــە ٦ی شــەهریوەری ١٣٩٢- ٢٦ی ئابــی ٢٠١٣، لــە کۆڕێــک لــە تــاران ستایشــی ئــەم هەوڵــەی هــەژاری کــردووە، کــە کارێکــی ئاڵــۆز و تێکەڵــە، لــە کاتێکــدا لــە ئێــران نــووسراوە، دوای ئــەوەی وەرگێڕدراوەتــە ســەر زمانەکانــی بیانــی، بەدرێژایــی چەنــد ســەدەیەک، لــە زانکــۆ پزیشــکییە گەورەکانــی جیهــان لەوانــە ئەوروپــا ســوودیان لێوەرگرتــووە، بــەڵام زمانــی فارســی لــەم کتێبــە بێبــەش بــوو، بۆیــە وەزارەتــی ڕۆشــنبیریی ڕاســپاردووە، ئــەم ئەرکــە ئەنجامبــدەن، پاشــان ئاگاداریــان کردووەتــەوە، پێشــتر "هــەژار کــە بەڕەگــەز کــوردە، وەریگێڕاوەتــە ســەر زمانــی فارســی، کــە کارێکــی گــەورە کــەم وێنــەی ئەنجامــداوە، بــەم هەوڵــە گەلانــی ئێرانیــش دەتوانــن ســوودمەندبن" خامەنەیــی دەڵــێ: "مــن کتێبــە تەرجوومــە کراوەکــەی هــەژارم خوێنــدەوە هــەر کەســێکیش بیخوێنێتــەوە ئــەوا بــە ڕاســتگۆیی و ویژدانــەوە ســەر دادەنوێنــێ لــە بەرامبــەر بەهێــزی و تۆکمەیــی ئــەم نووســینە جوانــە زۆر زۆر بــاش و زۆر نایــاب وەرگێــڕدراوە".

لــەم کتێبــە و جارێکــی تــر لــە کردنــەوەی پێشــانگایەکی کتێــب دیســان ستایشــی هــەژار دەکا و دەڵــێ" مــردووە؟ کــە ئــەم کتێبــەی وەرگێــڕاوە و دەیخوێنیــەوە چێــژی تایبەتــی لێوەردەگــری"[٩٨٧].

ســەرەڕای ئەمــەش خزمەتێکــی بەرچــاوی بــە فەرهەنــگ و کولتــووری فارســی کــردووە، هەمیــش لــە ڕووی یاســا پزشــکیەکانییەوە دەتوانــن ســوودی زۆری لێوەربگــرن، کــە چەندیــن ســەدەبوو، لێــی بێبــەش بــوون، ڕەنگبــێ ئــەم ستایشــەی خامەنەیــی، هــەر لــەم لایەنــەوە ســەرچاوەی گرتبــێ.

ســەرەڕای ئــەوەش بەدواداچونــم کــرد، لەســەر ئــەوەی کــە کەموکووڕیــەک هەبێــت، لــە وەرگێڕانــی یاســا لــە پزشــکیدا، بــەڵام بەڵگەیەکــی بڕواپێکــراوم دەســت نەکــەوت هیــچ ڕەخنەیەکیــان لــێ گرتبێــت، کــە ئــەو پــەڕی زمــان پــاراوی تێــدا بەکارهێنــاوە.

(٩٨٧) https://www.google.com/amp/s/www.mehrnews.com/amp/2123289/ مهرخبرگزاری، فرهنـگ و اندیشـه/ ١٣٩٢- ٢٠١٣ کتـاب، بازخوانـی نظـرات رهـبر انقلاب درباره قانون ابن سـینا، آغـاز عرضه چاپ یازدهـم کتاب، ڕۆژی سـەردانی کردنـی ئەم لینکە ١٥ی تشرینـی دووەمی٢٠٢١.

**پێنج ئەنگوست دەبنە یەک مشت:**

ئــەم کتێبــە (برژیــت ونگوربورســکی) نووســیویەتی، لەڕووســیەوە کراوەتــە فارســی و هــەژار وەریگێــڕاوە بــۆ ســەر زمانــی کــوردی، لــە ســاڵی ١٩٨٣ چاپکــراوە، لــە ســاڵی ٢٠٠١ بــۆ جــاری دووەم لــە چــاپ دراوەتــەوە.

بــاس لــە دوو گــروپ دەکات، لــە شــێوەی شــیعرە و گروپــی یەکــەم هێــرش دەکاتــە ســەر دووەم، بەهــۆی پەرتەوازییــان ناتوانــن بەرگــری بکــەن، بــەڵام دواتــر بەخۆیانــدا دەچنــەوە و پەیــمان دەبەســتن و یەکــتر دەگــرن، دژیــان دەوەســتنەوە و تــا لــە کۆتاییــدا ســەرکەوتن بەدەســت دێنــن[٩٨٨]. ئەمــە پەیامێکــی سیاسیشــە، مەبەســتی بــووە، کۆمەڵگــەی کــوردی ئــاگادار بکاتــەوە، کــە بەتەبایــی و یەکڕیــزی دەتوانــن بگەنــە ئامانجەکانیــان.

**آثارالبلاد وأخبارالعباد:**

ئــەم کتێبــە لــە نووســینی (زکریــا بــن محمــد بــن محمــود القزوینی)یــە، هــەژار لــە عەرەبیــەوە وەرگێــڕاوە بــۆ ســەر زمانــی فارســی و (٢٨٠) لاپەڕەیــە، لــە ســاڵی ١٩٨٧ چاپکــراوە، لەســەر جوگرافیــای ئێــران نــووسراوە، بەشــێوەیەکی گشــتی لەســەر چۆنیەتــی پێکهاتنــی شــارەکانی ئێــران و مێــژووی شارەســتانیەتی ئــەو شــارانە بــاسی دەکات، هەروەهــا جوگرافیــای مرۆیــی و سروشــتی شــارەکانی خســتۆتەڕوو[٩٨٩]، کــە ئەمــەش وەک بەرهەمێکــی جوگرافیــای مێژوویــی ئەنجامــداوە[٩٩٠]. بــەم هەوڵەشــی توانیویەتــی خزمەتــی زیاتــر بــە فەرهەنگــی فارســی بــکات.

---

(٩٨٨) برژیــت ونگوربورسـکی نووسـیویەتی، لەڕووسـیەوە کراوەتـە فارسـی و هـەژار وەریگێڕاوە بۆ سـەر زمانـی کـوردی (چاپـی دووەم ب-ش.چ هاوینی ٢٠٠١).

(٩٨٩) زکریـا بـن محمـد بـن محمـود القزوینـی، وەرگێڕانـی لـە عەرەبیـەوە بـۆ فارسـی عبدالرحمـن شرفکندی(چاپـی یەکـەم چاپخانـەی اندیشـە جـوان - ئێـران ١٣٦٦-١٩٨٧).

(٩٩٠) نامق هەورامی، هەژار لە سنە (پ-٤٩)٧٤.

**وەرگێڕاوە چاپ نەکراوەکان:**

ئـەم وەرگێڕاوانـەی ناویـان هاتـووە، تەنهـا دەستنووسـن و دوای بەدواداچوونـی توێـژەر، و پەیوەنـدی بـە هەریـەک لـە کوڕەکانـی (خانـی) و (زاگـرۆس) نەوەکـەی (بـارزان مسـتەفا شـەرەفکەندی)، دیارنیـە لای چ کـەس و جێگایەکـن.

١. مێـژووی سـلێمانی(مێژوو دەربـارەی شـاری سـلێمانی) لـە عەرەبیـەوە وەرگێـڕاوە[٩٩١]، مێـژووی سـلێمانی کـە ئەمیـن زەکـی بـەگ بـە کـوردی نووسـیوە و (مـەلا جەمیـل ڕۆژبەیانـی) لـە بەغـدا کردوویـە بـە عەرەبـی، لـە عەرەبیەکـەی کردووەتـە فارسـی[٩٩٢]، هەرچەنـدە ئامـاژەی بەسـاڵەکە نەکـردووە، بـەڵام بەپێـی ڕووداوەکان دەبێـت سـاڵی ١٩٧٨بێـت.

٢. فەرهەنگـی عەمیـد، پوختـەی فەرهەنگـی فارسـی، لـە سـاڵی ١٩٧٧ – ١٩٧٨ ئەوکاتـەی لـە ڕادیـۆ و تەلەفزیۆنـی تـاران کاریکـردووە، داوای لێکـردووە و وەریگێڕاوەتـە سـەر زمانـی کوردی[٩٩٣]،فەرهەنگەکـە کـوردی- فارسـی یـە، لـە وەرگێڕانـی هـەژارە، لـە فارسـی بـۆ کـوردی، هەریـەک لـە خانمێـک بەنـاوی (ڕەزوانـی موتەوەسـیل) کـە کارمەنـدی "واحـد فعالیتهـای فرهنگـی" بـووە، لـە نووسـینی فارسـیەکە یارمەتـی داوە، پاشـان هـەژار گواسـتراوەتەوە بـۆ "ئینتشـاراتی سروش"، لـەوێ بـە هـاوکاری (ماجـد مـەردۆخ ڕۆحانـی) و پرۆژەکـەی فروانـتر کـردووە. دواتـر کردویانـە فەرهەنگـی کـوردی بـە کـوردی، بـەڵام جارێکـی تـر بەهـۆی ئـەوەی کـە بەشـێک لـە کـوردی ڕۆژهـەڵات بەهـۆی فارسـییەکە سـود لـە کوردیەکـە وەربگـرن، بۆیـە پاشـان کردوویانـە بـە کـوردی- فارسـی کـە زیاتـر لـە سـی لاپەڕەیـە و هەمـان ئـەو وشـانە گواسـتراونەتەوە نێـو فەرهەنگـی هەنبانـە بۆرینـە[٩٩٤].

٣. پەیوەندیـی ڕۆشـنبیری نێـوان ئێـران و میسر"روابـط فرهنگـی ایـران و مـصر"، لـە

(٩٩١) فەلەکەدین کاکەیی، کۆبەرهەم دەفتەری خاک(پ- ٤)٣١.

(٩٩٢) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٥٠٣.

(٩٩٣) خانی شەرەفکەندی (پ- ٧٣) بەریتانیا.

(٩٩٤) زامدار ئەحمەد، دیدار لەگەڵ ماجد مەردۆخ ڕۆحانی، هەژار موکریانی لە چەند دیدارێکدا(پ – ٨٣٨) ١٢٧-١٣٠.

عەرەبیــەوە کردوویەتیــە فارســی[٩٩٥].

٤. کتێبـی سـەوز (کتـاب الاخـضر)، لـە نووسـینی (موعەمـەر قەزافیـە) ناوەڕۆکـی کتێبەکـە لەسـەر فەلسـەفەی دەوڵەتدارییـە، دوای ئـەوەی پەیوەندیـی سیاسـی نێـوان (پـدک) و لیبیـا دامـەزراوە، هـاوکاری پێشـمەرگەی کـردووە، بۆیـە (شـەوکەت ئاکرەیـی) بەرپرسـی لقــی ٨ و بــە نوێنەرایەتــی پارتــی داوای لــە هــەژار کــردووە، وەک ئەمەکناســیەک بەرامبـەر لیبیـا و بـەرەو پێشخسـتنی زیاتـری پەیوەندییەکانیـان، کـە ئـەو کتێبـە لای ئـەوان گرنگـە وەریگێڕێتـە سـەر زمانـی کـوردی، سـەرەڕای سـەرنج و تێبینیەکانـی لەسـەر ناوەڕۆکـی، بـەڵام لەسـاڵی ١٩٨٥- ١٩٨٦وەریگێـڕاوە بـۆ کـوردی و ڕادەسـتی (شـەوکەت)ی کـردووە، گوتویەتـی داوای چاپخانەیـەک لەدەسـەڵاتدارانی لیبیـا بکـەن، بۆئـەوەی لـە چاپخانەکانـی شۆڕشـی بـە چـاپ بگەیەنـن[٩٩٦].

**کتێبە کوردییە چاپ نەکراوەکان:**

١. نامیلکەیەکی پەندی پێشـینیان کە لە ٢٨ ی ئابی ١٩٨٦ نووسـیویەتی؛ لەشـێوەی وتارێک نـووسراوە؛ پێدەچێت لەسـەر داوای ئیـدارەی بەرنامە بیانییەکانی ڕادیـۆ و تەلەفیزیۆنی ئێـران نووسرابێـت. سـەرەتا وا دەسـت پێدەکا: خودا لـە قورعاندا فەرمویـە هەرچی لەم سـەرزەمینە ئەجوڵێتـەوە و هەرچـی وە دو باڵ ئەفڕن گشـتیان ئۆمەتـن وەک ئێوە. واتە مـرۆش تیرەیـەک لە جانەوەرن و دەگـەڵ هەمو جانەواران خزمـی یەکەن[٩٩٧].

بـە شـیعرە ناسراوەکـەی هـەژار موکریانـی کـە لـە دیوانـی هـەژار بـۆ کوردسـتاندایە؛ کۆتایـی بـەم کتێبـە دێنـم کـە دەڵـێ:

چەپ گەردی گەردون گەڕان کوشتمی
نەزان پەرستی بۆ نان کوشتمی
هەر چەوسانەوەی بێ حەسانەوە
ئەی مردن لە کوێی؟ ژیان کوشتمی

---

(٩٩٥) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)٥١٨.

(٩٩٦) خانی شەرەفکەندی (پ- ٧٣) بەریتانیا.

(٩٩٧) ئەرشیفی خانی شەرەفکەندی.

## ئەنجام:

- سەرەڕای کاریگەرییە ئەرێنیەکانی دەوروبەری، کە لەسەر هەژار هەبووە، بەتایبەت لە قۆناغی لاوێتیدا، بەڵام خۆیشی هەوڵی زۆریداوە و پشتی بەتواناکانی خۆی بەستووە، تا لەکۆتاییدا بەسەر ئەو کۆسپ و تەگەرانەی ڕووبەڕووی بوونەتەوە، زاڵ و سەرکەوتووبووە و بووەتە خاوەن ئەزمون.
- هەژار موکریانی شارەزا و لێهاتوو بووە، لە ئەندامە لە پێشینە و دیارەکانی هەندێک لە کۆمەڵە و ڕێکخراوە سیاسیەکانی گەلی کورد بووە، لەم بارەیەوە چەندین ئەرکی گرنگی پێ سپێردراوە. بەهۆی دڵسۆزی و خاوەن ئەزموونی زۆر، نوێنەری کۆمار و تایبەتی (قازی) بووە، بۆ دانوستاندنەکان لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران. ئەگەر خۆی ڕادەستی لەشکری (حەمە ڕەزا شا)ی ئێران کردبا، هاوشێوەی هاوڕێکانی لە سێدارەدەدرا.
- هەژار موکریانی لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی بوێرانە، ئاماژەی بەدەیان هەڵە و کەموکووڕیی سەرکردایەتی بزاڤی ڕزگاریخوازی باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها ململانێ سیاسییەکان کردووە.
- کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر، هەڵگری فیکرە و ئایدیای نەتەوەیی بوو، ئەو سنوورانەی بڕی کە نەیارانی کورد کێشاویانە، لە هەر بەشێکی کوردستان پێویستی بە خەبات بووبێ، بێ جیاوازی ئەنجامی داوە.
- هەرچەندە ڕۆیشتنی بەزۆری لە زێدی خۆی، توشی چەرمەسەرییەکی زۆری کردووەتەوە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا، گەڕانی لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان،

عێـراق و سـوریا وەک گەڕیدەیـەک، توانیویەتـی، خوێندنەوەی بۆ هاوکێشـە سیاسـیەکان باشـتر بێـت، شـارەزایی زیاتـر لەشـێوە زارەکانـی کـوردی ببێـت، هەروەهـا زمانێکـی تـری وەک عەرەبـی فێـر بووبێـت، ئەمـەش بۆوەتـە هاوکارێـک بۆئـەوەی ببێتـە خـاوەن کەسـایەتیەکی بەهێـز، دەتوانیـن بڵێیـن ئەگـەر ئـەم هامووشـۆیەی نەبوایـە، هـەژار کەسـایەتیەکی دیـار و هەمەلایەنـی لێـدەر نەدەچـوو.

- لەسـەرەتادا هەڵگری بیری مارکسـیزم بووە، دوای گەشـتێکی بۆ ئەوروپا گۆڕانکاری لە بیرو بـاوەڕی دروسـت دەبێـت، هەمیشـە خوێندنەوەی قوڵی بۆ مارکسـیەت کـردووە. دەتوانین بڵێیـن پەیوەنـدی هـەژار بـە کۆمۆنیسـتەوە لەسـەر بنەمـای بەرژەوەنـدی کـورد بـووە، کە دواتـر بـۆی دەرکـەوت کۆمۆنیسـتەکان لـەم خاڵـەدا لەگـەڵ کورددا نەبـوون، ناوبراویـش لێیـان دوور دەکەوێتـەوە و لەبـەرەی بەرگـری لـە کۆمۆنیسـتەوە، دەچێتە بـەرەی دژایەتی کردنـەوە. بـە مانایەکـی دیکـە خۆشەویسـتی بـۆ نەتـەوە و خاکەکـەی وەهـای لـە هـەژار کـردووە، پەنـا بـۆ سـۆڤیەت و کۆمۆنیسـتەکان ببـات، بۆئـەوەی بەرگـری لەگەلی کـورد بکەن.
- هــەژار بەتەنــگ یەکگرتوویــی ڕیزەکانــی گەلــی کــورد بــووە، بەشــێوەیەکی گشــتی هەوڵیـداوە کێشـە سیاسـیەکان، لـە ڕێـگای دیالـۆگ و گفتوگـۆوە چارەسـەربکرێت، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش ڕۆڵـی بەرچـاوی گێـڕاوە، ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێـت، ڕۆڵ و قورسـایی بەرچـاو و کاریگـەری هەبـووە، لـە سـەر ئاسـتی سـەرکردایەتی سیاسـی کـورد.
- هـەژار کەسـایەتیەکی نیشـتیمانپەروەر و دیاربـوو، لـە قۆناغـە جیاوازەکانـی خەباتـی نەتەوەیـی، شـوێنپەنجەی دیـار بـووە. هەروەهـا چەنـد کەسـایەتیەکی جیاوازبـوو، لـە خـودی کەسـایەتیەکدا، سیاسـی، شـاعیر، ئەدیـب، زمانـزان، ڕووناکبیـر، ڕۆژنامەنـووس، فەرهەنگنـووس و وەرگێڕبـوو. هەروەهـا نۆبـەرەی کتێبـی شـەرەفنامەی وەرگێڕاوەتـە سـەر زمانـی کـوردی.
- مەعسـومە خانمـی هاوسـەری یارمەتیدەرێکـی باشـی ئـەو بـووە، کـە ئەرکـی پەروەردەکـردن و بەشـێک لـە دابینکردنـی بژێـوی منداڵەکانـی بەدرێژایـی ژیان، لەسـەر شـانی بـووە، ئەمـەش هـاوکار بـووە، کـە هاوژینەکـەی زیاتـر بتوانـێ بیـرو بۆچونەکانـی و بـە ئامانجـە سیاسـی و ڕۆشـنبیریەکانی بـگات.

- کۆمەڵگـەی کوردیـی بـە دروسـتی خوێندووەتـەوە، لـە گێڕانـەوەی ڕووداوەکان و هەڵسـەنگاندنی مرۆڤـەکان، سـڵی لەهیـچ شـتێک نەکردووەتـەوە، ئەمـەش بووەتـە هـۆی ئـەوەی ڕەخنـەی لێبگیرێـت.
- جگـە لـە لایەنـە سیاسـیەکەی، لایەنـە کۆمەڵایەتیەکەشـی فەرامـۆش نەکـردووە، بـە کەسـێکی قسـەخۆش ناوبانگـی دەرکـردووە، ئەمـەش وای کـردووە، سـەرنجی دەوروبـەری، بـە نەیارەکانیشـیەوە، بـۆ خـۆی ڕابکێشـێت.
- وەک ڕاوێژکارێکـی سیاسـی و ڕۆشـنبیری، لـە قۆناغـە جیاوازەکانـی شۆڕشـەکانی بزاڤـی ڕزگاریخـوازی گەلـی کـورد، ڕۆڵـی دیـاری بینیـوە.
- بـە نووسـین و وەرگێڕانەکانـی، خەرمانێکـی دەوڵەمەنـدی لـە کتێبخانـەی کـوردی و فارسـیدا جـێ هێشـتووە. بەمـەش زیاتـر نـاسراوە و نـاو و ناوبانگـی دەرکـردووە، چونکـە هـەژار سیاسـی و ئەدیـب و نووسـەر و وەرگێڕبـووە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ئەگـەر لەسـەرەتای ژیانیـدا، واتـە لـە کۆتایـی سییەکان و سـەرەتای چلەکانـی سـەدەی ڕابردوو، تێکـەڵاوی بـە سیاسـەت نەدابـا و وەک شـاعیر مابایـەوە، هاوشـێوەی شـاعیرەکانی سـەردەمی خـۆی گومنـاو دەبـوو.

هەروەهـا هـەژار نەیتوانیـوە بـێ لایەنـی خـۆی بپارێزێـت، دوای ئـەوەی دووبەرەکـی و لێکـترازان لـە ڕیزەکانـی کـورد، لـە ناوەڕاسـتی شەسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوو دروسـتبوو. لەبەشـێک لـە دانراوەکانـی بەتایبەتـی لـە چێشـتی مجێـور بەزمانـی زبـر نوسـیوویەتی، هێرشـی کردۆتـە سـەر زۆر کـەس.

## لیستی سەرچاوەکان

- **یەکەم:**

١. م. مۆفەق میراودەلی

٢. ئەرشیفی تایبەتی بەڕێز ف.ع.

٣. ئەرشیفی سەتەلایتی کوردستان، ڕاپۆرتی مام هەژار موکریانی.

- **دووەم: یاداشت و بیرەوەری**

**أ. بەکوردی**

١. ئەحمەد دڵزار، بیرەوەریی ڕۆژانی ژیانم (چاپی یەکەم- چاپخانەی شەهاب هەولێر ٢٠١٩).

٢. ئەحمەد قازی، دەگەڵ تێپەڕبوونی زەمان ١٩٣٦- ٢٠١٥ (چاپی یەکەم - چاپخانەی کۆمەڵگای فەرهەنگی ئەحمەدێ خانێ سۆاران ٢٠٢١).

٣. ئەمیر قازی، لە بیرەوەرییە سیاسییەکانم (چاپی یەکەم- ستۆکهۆڵم ٢٠١٠).

٤. بیرەوەریەکانی سەعید ناکام (چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە هەولێر – ٢٠٠٣).

٥. بیرەوەریەکانی محەمەد شاپەسەندی ئامادەکردنی سدیق ساڵح (چاپی یەکەم- چاپخانەی شڤان – سلێمانی ٢٠٠٧).

٦. تۆفیق نوری بەگ ناوی نهێنی: سەرکەوت بابانی- بیرەوەری مێژوویی لە تێڕوانینی کوردێکی نەتەوەیی بەرامبەر بە شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١(چاپی یەکەم- چاپخانەی تاران ٢٠٢٠).

٧. جەمیل مەردۆخی، بیرەوەریەکانی سەبارەت بە قۆناغێکی گرنگی شۆڕشی کوردستان، ئامادەکردنی یاسین سەردەشتی (سلێمانی ٢٠١٦).

٨. ئەسعەد خەیلانی دەفتەری بیرەوەریەکانی هەڵدەداتەوە، ئامادەکردنی حەمید ئەبوبەکر بەدرخان (چاپی یەکەم -چاپخانەی هێڤی – هەولێر ٢٠١٤).

٩. خدر عەبدوڵلا دەباغ، بیرەوەریەکانم و تۆپخانەی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن- کوردستانی عێراق(هەولێر٢٠٠٣).

١٠.خدر مەرەسەنە، ئاوێنەی ڕاستیەکان بیرەوەری - بەرگی یەکەم (چاپی دووەم چاپخانەی قانع- سلێمانی ٢٠٠٤).

١١.خورشید شێرە، خەبات و خوێن بیرەوەریەکانی ساڵانی خەباتی پێشمەرگایەتی(چاپی دووەم چاپخانەی حاجی هاشم- هەولێر٢٠٠٨).

١٢.ڕەشیدی فەللاحی، ناسراو بە ڕەشەی قاچاخچی بیرەوەرییەکان لە شۆڕشدا(چاپی یەکەم- چاپخانەی ئەزمڕ سلێمانی ٢٠١٠).

١٣.سەلاح ڕەشید، دیداری تەمەن- لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری چاوپێکەوتن لەگەڵ مام جەلال (چاپی چوارهەم بەشی یەکەم- ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان سلێمانی ٢٠١٩).

١٤.شێرزاد هەینی، جەمال عەلەمدار یەکەمین هەولێری لە سوید بیرەوەرییەکانی دەگێڕێتەوە- هەڤپەیڤین (چاپی یەکەم ستۆکهوڵم ٢٠٢١).

١٥.عیرفان قانعی فەرد، دوای شەست ساڵ ژیان و بیرەوەرییەکانی جەلال تاڵەبانی - بەرگی یەکەم ١٩٣٣-١٩٦٦(بیروت- لبنان ٢٠١٣).

١٦.عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی- هەژار، چێشتی مجێور (چاپخانەی سنە، ٢٠١٨).

١٧.عەبدوڵلا ئەحمەد ڕەسوڵ پشدەری، یاداشتەکانم لە کۆماری کوردستان(چاپی دووەم چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر ٢٠٠٩).

١٨.غەفوری میرزا کەریم، چەند مەڵۆیەک لە خەرمانی نووسینەکانمدا (سلێمانی ٢٠٠١).

١٩.غەفوری میرزا کەریم، سەرەتاڵێ لە کلافەی مێژووی پڕ هەڵبەز و دابەزی

ژیانم(چاپی یەکەم- چاپخانەی ئۆڤێستی بێسارانی- سلێمانی ١٩٩٨).
٢٠.غەنی بلوریان، ئاڵەکۆک کۆکردنەوە و ئامادەکردنی حامید گەوهەری(چاپخانە Farattares Bakmaskin ١٩٩٧ ستۆکهۆڵم ١٩٩٧).
٢١.فەرهاد عەونی، ڕۆژگارم ئەوا تێپەڕی- بەرگی یەکەم (چاپی یەکەم چاپخانەی ڕۆژهەڵات – هەولێر ٢٠٠١٦).
٢٢.فەرهاد عەونی، لەگەڵ ڕووداوەکان (چاپی یەکەم چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەددین ٢٠١٩).
٢٣.قادر گۆزێ، من و شەقڵاوە ژیاننامە و مێژوو (چاپی یەکەم ب-ش.چ ٢٠١٤).
٢٤.کەریم حیسامی، لە بیرەوەریەکانم بەرگی یەکەم (ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاکردنەوە- هەولێر ٢٠١٨).
٢٥.کەریم حیسامی، لە بیرەوەریەکانم بەرگی دووەم(ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاکردنەوە- هەولێر ٢٠١٨).
٢٦.محەمەد عەلی ئیسماعیل، بیرەوەریەکانم (چاپی یەکەم ب- ش.چ ٢٠١٩).
٢٧.محەمەدی مەلا قادر، سەربردە کورتەیەک لە بیرەوەریەکان(چاپی یەکەم - هەولێر ٢٠٠٩).
٢٨.محەمەدی نوری، شەوێک و خەوێک بستووی ژیان، بیرەوەری ئامادەکردنی سەلاحەددین ئاشتی (چاپخانەی شڤان- سلێمانی ٢٠٠٦).
٢٩.موحسین دزەیی وێستگەکانی ژیانم، بەشی سێیەم- وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە ئیسماعیل بەرزنجی (چاپخانەی موکریان هەولێر، چاپی یەکەم ٢٠١٥).
٣٠.موحسین دزەیی، وێستگەکانی ژیانم، بەشی دووەم- وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە ئیسماعیل بەرزنجی (چاپی یەکەم- ٢٠٠٩).
٣١.مەسعود محەمەد، گەشتی ژیانم (چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر ٢٠١٦).
٣٢.مەلا ڕەسوڵ پێشنماز، سەربردەی ژیانم مێژوو-بیرەوەری- یاداشتەکانی پێشمەرگایەتی(چاپی یەکەم چاپخانەی شڤان – سلێمانی ٢٠١٢).

٣٣.مەلا نوری ئاغجەلەری " نوری عەبدوڵڵا صالح" بیرەوەریەكانم لەنێوان بینین و بیستندا، ئامادەكردنی سدیق ساڵح (چاپخانەیی شڤان- سلێمانی٢٠٠٩).

٣٤.ناجی سەعید ئەرگوشی، گوڵبژێرێک ژپەییڤێن من (چاپخانەیا ڕۆژهەڵات- هەولێر- ٢٠١٢).

٣٥.نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە كەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ دیوی ناوەوەی ڕوداوەكانی كوردستانی عێراق ١٩٧٥-١٩٧٥(ب-ش.چ ١٩٩٧).

٣٦.نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەكان یەكتری ئەشكێنن، دیوی ناوەوەی ڕوداوەكانی كوردستانی عێراق ١٩٧٩- ١٩٨٣(ب- ش.چ ١٩٩٧).

٣٧.هوزنی حاجۆ، تێ بیرا من(چاپی یەكەم- چاپخانەی باریژ ماتبا چیلیک- ئەستنبوڵ ٢٠٠٧).

٣٨.هێدی - خالید ئاغای حیسامی، ئاوێنە شكا و یان بیرەوەری هێدی(چاپی یەكەم - هەولێر ٢٠٠٤).

٣٩.تاریق ئیبراهیم شەریف، وێستگەكانی ژیانم، چاوپێكەوتن لەگەڵ موحسین دزەیی، بەشی یەكەم بەعەرەبی گفتوگۆیەكەی سازداوە، وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە ئیسماعیل بەرزنجی(چاپی یەكەم - هەولێر ٢٠٠٩).

٤٠.یاداشتەكانی فوئاد عارف- وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە مستەفا سەید عەلی(چاپی یەكەم چاپخانەی چوارچرا سلێمانی – ٢٠٢١).

**ب- بەعەرەبی**

١. جمیل حاجو هڤیركی، مذكرات جمیل حاجو هڤیركی. تقدیم و مراجعة عبدالفتاح بوتاني – علي صالح المیرانی و فرهاد جمیل حاجو هڤیركی (الطبعة الاولی مطبعة جامعة دهوک ٢٠١٢).

٢. حافظ قاضی، ذكریات(جزء ١)- (مطبعة خانی- دهوک ٢٠٠٦).

**سێیەم: کتێب**

**أ. بەزمانی کوردی**

١. ئـاوارە مـەلا حاجـی دێلۆیـی، داسـتان و نەبەردییەکانـی پێشـمەرگە( چاپـی یەکـەم چاپخانــەی دانیشــفەڕ هەولێــر- ٢٠٢٣).

٢. ئیسماعیل بەرزنجی، نامەکانی مەم (هەولێر٢٠٠٢).

٣. ئیســماعیل گونـدەژۆری، شۆڕشـی ئەیلـوول لـە باڵەکایەتی(چاپـی یەکـەم- چاپخانـەی ڕۆژهــەڵات ٢٠١٨).

٤. ئەحمــەد حەمەدئەمیــن، پارتــی دیموکراتــی کــورد- بــەرەی پێشــکەوتوو ١٩٥١-١٩٥٦(چاپــی یەکــەم- چاپخانــەی ڕۆژهــەڵات – هەولێــر ٢٠١٧).

٥. ئەحمــەد حەمەدئەمیــن، چەنــد لاپەڕەیــەک لــە مێــژووی نــوێ و هاوچەرخــی عێراق(چاپــی یەکــەم چاپخانــەی ڕۆژهــەڵات هەولێــر ٢٠١٠).

٦. ئەحمـەدی خانـی، مـەم و زیـن، ئامادەکـردن و پەڕاوێزنووسـینی هـەژار (چاپـی دووەم بڵاوکـراوەی ئـاراس – هەولێـر ٢٠٠٨).

٧. ئەیـوب ئەیوبـزادە، لـە ژێکافـەوە بـۆ کۆمـار، مێـژوو نوسـی حزبـی لـە ژێـر تیشـکی ڕەخنــەدا (چاپـی یەکـەم چاپخانــەی ڕۆژ- هەولێـر ٢٠١٤).

٨. ئەفراسـیاو هەورامـی، ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لـە دووهـەم جەنگـی جیهانـی دا، بەپێـی بەڵگەنامەکانـی ئەرشـیفی یەکێتـی سـۆڤیەت(بڵاوکراوەی بنکـەی ژیـن - ٢٠٠٦).

٩. باوکـی سـیناهی، جنێـو بژێرێـک لـە چێشـتی مجێـور، کوردسـتانی بـەزۆر بـە عێـراق بەسـتراو (چاپخانــەی ئۆفێسـتی ژیـار ١٩٩٩).

١٠.برایـم فەرشـی، مێـژووی زینـدوو، وتوێـژ لەگـەڵ کەسـایەتی سیاسـی غەنـی بلوریـان، ســەدەی کارەسـات (چاپـی دووەم – ئەڵمانیـا ٢٠١٨).

١١.بێـژەن سـاعدی، حەقیقەتـی مێـژوو دیـدار لەگـەڵ عەبدوڵـڵای حەسـەن زادە (چاپـی یەکــەم- ب-ش.چ ٢٠١٩).

١٢.بەشێک لە ئەرشیفی گۆڤاری سەفین لە سەردەمی شاخدا، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان – مەکتەبی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن(بەرگی یەکەم چاپخانەی حاجی هاشم- هەولێر ٢٠١٦).

١٣.جەلیل گادانی، پەنجا ساڵ خەبات کورتە مێژوویەکی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران(بەرگی یەکەم چاپی دووەم چاپخانەی خانی – دهۆک ٢٠٠٨).

١٤.جەلیل گادانی، ڕاستی ڕووداوەکان (ب-ش.چ ٢٠١٥).

١٥.دیوانی نالی، ناوی مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیسی مکایەڵی ناسراوە بە نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتح عەبدولکەریم، پێداچوونەوەی محەمەدی مەلا کەریم ئەندامی یاریدەدەری کۆڕی زانیاری کورد(چاپی یەکەم – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغداد ١٩٧٦).

١٦.حامید گەوهەری، قازی محەمەد پێشەوای کورد و سەرۆک کۆماری کوردستان(چاپی یەکەم- چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین – هەلێر ٢٠١٧).

١٧.حامید گەوهەری، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (چاپی یەکەم - هەولێر ٢٠٠٤).

١٨.حامید گەوهەری، ئەحمەد تۆفیق سەرکردەیەکی ون لە مێژوویەکی شێوێندراودا (چاپی یەکەم- دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات هەولێر ٢٠١٥).

١٩.حەجی بێرۆخی، پێشمەرگەیەک لەخزمەت ڕێبازی بارزانی دا - بەرگی یەکەم (چاپی یەکەم- تورکیا ٢٠٢١).

٢٠.حوسێن گورژی، ڕەخنە لەسەر کۆنگرەی سنەو ناساندنی بلیمەتەکان (چاپی یەکەم - چاپخانەی مەهاباد ١٣٧٩- ٢٠٠٠).

٢١.حوسێن مەدەنی، کوردستان و ئیستراتیژی دەوڵەتان(بەرگی سێیەم- چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر٢٠١٤).

٢٢.حەمدی هاشمی، هەوێنی عیشق و ئازادی (چاپی حەوتەم – سنندج ١٣٩٢- ٢٠١٣).

٢٣.حەمە ڕەشید هەرەس، ئەو ساڵەی بێژەری دەنگی کوردستان بووم(چاپی یەکەم-

چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات هەولێـر٢٠٢٠).

٢٤.خالد دلێر، هێمن و هەژار دۆست ودژوار (ب-ش.چ سلێمانی ٢٠٠٣).

٢٥.خانـی، مـەم و زینـی خانـی، هـەژار کردویـە بـە موکریانی(چاپـی یەکـەم چاپخانـەی نەجـاح- بەغـدا ١٩٦٠).

٢٦.خـوسرەو جـاف، مەحمـوود دەوڵـەت ئابـادی و ئـەو خەڵکـە، خـوسرە و جـاف و ئـەم خەڵکە(چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات- هەولێـر ٢٠٢٠).

٢٧.خیـام عومـەر بـن ئیبراهیـم، چوارینەکانـی خەییـام، کوردی و فارسـی، هـەژار وەریگێڕاوە بـۆ کـوردی و پێشـەکی بۆ نوسـیوە(چاپخانەی کانـی کتێب – تهـران ١٣٩٤- ٢٠١٥).

٢٨.دڵشــاد مســتەفا وەســانی، خەبــات بەردەوامــە، پوختەیــەک دەربــارەی ڕۆژنامــەی خەبــات ١٩٥٩-٢٠١٩(چاپــی یەکــەم- ب-ش.چ هەولێــر ٢٠٢١).

٢٩.ڕەحیمـی قـازی، بزوتنـەوەی ڕزگاریـی نەتەوایەتیـی گەلـی کـورد و قـازی محەمـەد ١٩٤١- ١٩٤٧(چاپــی یەکــەم - هەولێــر ٢٠١٢).

٣٠.ڕەفیـق ڕەحـمان مـام خـول، مستەفا بارزانـی ژیـان و ڕۆڵ و هەڵوێسـتی لـە پێشـهاتە سیاسـیەکاندا ١٩٥٨-١٩٧٠(چاپـی یەکـەم چاپخانـەی شـەهاب – هەولێـر٢٠١٢).

٣١.ڕەفیــق ســاڵح و ســدیق ســاڵح، ڕۆژنامــەی کوردســتان مەهابــاد ١٣٢٤-١٣٢٥-١٩٤٦ پــرۆژەی هاوبــەش بنکــەی ژیــن و دەزگای ئاراس(چاپــی یەکــەم- هەولێــر ٢٠٠٧).

٣٢.سـدیق سـاڵح و ڕەفیـق سـاڵح، ڕۆژنامەوانیـی نهێنـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان- عێـراق ١٩٤٦- ١٩٥٨ (چاپخانــەی شــڤان- ســلێمانی ٢٠١١).

٣٣.سمایل بازیار، کاریگەری بیری چەپ لەسەر بزاڤی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حزبی دیموکراتی کوردستان وەک نمونە (١٩٤٥-١٩٩١)، (چاپخانەی ڕۆژهەڵات/ هەولێر ٢٠٢٠).

٣٤.ســمایل شــەرەفی، شــەرەفکەندی ســیمای شۆڕشــگێڕێکی نەتەوەیــی (چاپــی یەکــەم ب- ش.چ ٢٠٠٦).

٣٥.سـەڵاحەدین ئاشـتی، خەییامـی هەژارانـە، چوارینـە فارسـی و کوردییەکانـی خەییـام و

هەژار(سنە وەشانخانەی مادیار-١٣٩٩).

٣٦.سەید محەمەدی سەمەدی، ژ٠ک چ بوو؟ چی دەوێت؟ چی لێ بەسەرهات؟ (چاپەمەنیی سەیدیان- مەهاباد ١٩٨٠).

٣٧.سەنگەر زراری، هونەری ژیاننامە شێوازەکانی نوسینەوەی بیرەوەری، گەشتنامە، ڕۆمانی ژیاننامەیی (چاپی یەکەم- ٢٠١٩)٨٧-٨٨.

٣٨.سەعدی عوسمان هەڕوتی، بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات (١٨٨٠-١٩٣٩)، بڵاوکراوەی کۆڕی زانیاری کوردستان(چاپخانەی دەزگای ئاراس- هەولێر- ساڵی ٢٠٠٧).

٣٩.شکار عەفان نەقشبەندی، خەبات تۆماری خەباتی نەتەوەیەک، ١٩٥٩-٢٠١٩(چاپی یەکەم- چاپخانەی ڕۆژهەڵات ٢٠١٩).

٤٠.شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی، ڤیستیڤاڵی هەژاری موکریانی (چاپی یەکەم- بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیر – هەولێر ٢٠٠٥).

٤١.شوکور مستەفا، مام هەژاری موکریانی پاشکۆی کتێبی بارزانی(چاپی یەکەم چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری – هەولێر ١٩٩٨).

٤٢.شێخ ئەحمەدی جزیری مەشهور بە مەلای جزیری، دیوانی عارفی ڕەبانی، هەژار شەرعی لێکردووە(چاپی یەکەم- چاپخانەی سروش- تهران ١٣٦١- ١٩٨٢).

٤٣.شێرکۆ هەژار، هەژاری مرۆڤ و دەوروبەری یا کارەساتی کۆمیدیایەک (بەرگی یەکەم- ٢٠٠٨).

٤٤.شێرکۆ هەژار، هەژاری مرۆڤ و دەوروبەری یا کارەساتی کۆمیدیایەک (بەرگی دووەم- ٢٠١٠).

٤٥.عەلائەدینی سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی (چاپی دووەم- چاپخانەی کوردستان سنە ١٣٩٥- ٢٠١٦).

٤٦.عەبدولخالید سابیر کەریم، بیری نەتەوەیی لە پەیڕەو و ئامانجەکانی جەمعیەت

و حزبــە کوردیــەکان ١٩١٩- ١٩٤٥ لیکۆڵینەوەیەکــی مێژوویــی سیاســیە (چاپخانــەی کەمــال- ســلێمانی ٢٠١٣).

٤٧.عەبدولڕەحــمان شــەرەفکەندی- هــەژار، هەنبانــە بۆرینــە- فەرهەنگــی کــوردی- فارســی (چاپــی چــوارەم- چاپخانــەی سروش- تــاران ١٣٨٤ – ٢٠٠٥).

٤٨.عەبدولڕەحــمان شــەرەفکەندی- هــەژار، مــەم و زینــی خانــی، کردویــە بــە موکریانــی، لــە بەرکوڵێــک لەلایــەن وەرگێــڕەوە ( ســنندج- کانــی کتێــب- ١٣٩٤ - ٢٠١٥).

٤٩.عەبدولقــادر دەباغــی، ڕاپەڕینــی کۆمەڵــەی ژێ٠ کاف، وەڵامێــک بــۆ نامیلکەکــەی ژێ – ک چ بــوو؟ (چاپــی دووەم- ناوەنــدی ڕاگەیاندنــی حزبــی دیموکراتــی کوردســتانی ئێــران- ١٣٦٧ – ١٩٨٨).

٥٠.عەبدوڵــڵا حەســەن زادە، گــوڵ چینینــەوە لــە خەرمانــی هەنبانــە بۆرینــەی هــەژار (چاپی یەکەم- ستۆکهۆڵم وەشــاندی APEC ١٩٩٥).

٥١.عەبدوڵڵا زەنگەنە، بستێکی خاکی کوردستان بەهەموو دنیا ناگۆڕمەوە، دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ کەمال مەزهەر (چاپی یەکەم- چاپخانەی گرین گلۆری لوبنان ٢٠٠٩).

٥٢.عەبدوڵــڵا زەنگەنــە، ســدیق ســاڵح و ئەوانــی تــر، گۆڤــاری گەلاوێــژ پەشــێو، شــڕۆڵ و شــێردڵ، عەبدولڕەحــمان هــەژار بەرگــی یازدەیــەم، بەشــی دووەم، ژیاننامــە و ســاغکردنەوە (چاپخانــەی ڕۆژهــەڵات- هەولێــر٢٠١٨).

٥٣.عەبدوڵــڵا زەنگەنــە و ســدیق ســاڵح و ئەوانــی تــر گەلاوێــژ- بەرگــی یازدەیــەم- بەشــی دووەم- (چاپخانــەی ڕۆژهــەڵات- هەولێــر٢٠١٨).

٥٤.عەبدوڵــڵا ئەحمــەد ڕەســوڵ پشــدەری، شۆڕشــی ئەیلوولــی ســاڵی ١٩٦١ دژی ڕژێمــی قاســم(چاپی یەکــەم چاپخانــەی شــەهید ئــازاد هەورامــی کەرکــەک – ٢٠٠٧).

٥٥.عەلائەددیــن ســەجادی، ڕشــتەی مــرواری- کۆمەڵــە ئەدیبێکــی هــەرە بــە نرخــە لــە فەلســەفە و بیروبــاوەڕی کــوردی( دەزگای چــاپ و بڵاوکردنــەوەی نــاشر- بڵاوکردنــەوەی کوردســتان ســنە- چاپــی یەکــەم- ١٣٩٨-٢٠١٩).

٥٦.عەلی کەریمی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی - مامۆستا عولەما (چاپی دووەم- چاپخانەی کاربین سلێمانی - ٢٠٠٥).

٥٧.عەلی کەریمی، نیشتیمان بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ-ک (چاپخانەی شڤان- سلێمانی ٢٠٠٨).

٥٨.عەلی نادری، هەژار نامە فەلسەفە و پەیامی ژیانی مامۆستا هەژار، گوڵبژێرێک لە بیرەوەری وقسە خۆشەکانی ناو چێشتی مجێور(چاپخانەی هێڤی – هەولێر ٢٠١٣).

٥٩.عوسمان دەشتی، دەربارەی ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی شیعرەکانی هێمن(چاپی دووەم چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر ٢٠٠٩).

٦٠.غەفور عەبدولفەتاح، گوڵزاری شاعیرانی کورد(چاپی یەکەم- چاپخانەی چوار چرا – سلێمانی ٢٠١٨).

٦١.فەخرەدین ئامێدیان، ژیلەمۆ (چاپی یەکەم چاپخانەی نشرانا – سنە ١٣٩١- ٢٠١٣).

٦٢.فەرەیدون حەکیم زادە، هەژار لە لوتکەدا، بەرهەمی ژیان وتێکۆشانی ئەدەبی سیاسی و فەرهەنگی مامۆستا هەژار (چاپی یەکەم- مەهابادبڵاڤۆکی ڕاژە ٢٠٢١).

٦٣.فەرەیدون حەکیم زادە، زەبیحی ڕووناکبیرێکی گۆڕ غەریب(مەهاباد چاپی یەکەم- بڵاڤۆکی ڕاژە ٢٠٢١).

٦٤.فەرەیدون عەبدولڕەحیم عەبدوڵلا، بارودۆخی سیاسی کوردستان- عێراق ١١ی مارتی ١٩٧٠ – ١١ی مارتی ١٩٧٤ ( چاپی یەکەم- چاپخانەی منارە – هەولێر ٢٠٠٨).

٦٥.فەلەکەدین کاکەیی، کۆبەرهەم، دەفتەری خاک لەخزمەتی مام هەژاردا (بەرگی دووەم- چاپی یەکەم چاپخانەی ڕۆژهەڵات هەولێر- ٢٠١٥).

٦٦.فەرهاد عەونی، ئەزموونی ڕۆژنامەوانیم (چاپی یەکەم هەولێر- ٢٠١١).

٦٧.قانع قادر عوسمان، مێژووی ناودارانی کورد (چاپی یەکەم- ب-ش.چ ٢٠١٩).

٦٨.کاروان عوسمان عەلی، ئاڵەکۆک و هەندێ شیعری بڵاونەکراوەی هەژار موکریانی (چاپی یەکەم - لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما – سلێمانی ٢٠٠٩).

٦٩.کەمـاڵ عەبدوڵلاهـی، سـێبەری ئـازادی، هــەوراز و نشـێوەکانی مێـژووی خەباتـی کۆمەڵـەی ژێ. کاف -١٣٢١ - ١٣٢٤(چاپخانـەی شـڤان- سـلێمانی ٢٠٠٨).

٧٠.کەیوان ئازاد ئەنوەر، حەمە ڕەشید خانی بانە (چاپخانەی بەدرخان ٢٠٠١).

٧١.کەریـم حیسـامی، کۆمـاری دیموکراتـی کوردسـتان یـان خـود خودختـاری (چاپـی دووەم ب.ش.چ ١٩٨٦).

٧٢.کوردسـتان موکریانـی، سـەرجەم بەرهەمـی حوسـێن حوزنـی بەرگـی یەکـەم (چاپـی دووەم- هەولێـر ٢٠١١).

٧٣.کۆشکی بلورین پێشەکی و ئامادەکردنی هۆنیباخ (چاپی یەکەم مەهاباد- ١٣٨٧- ٢٠٠٨).

٧٤.لوقـمان خەیاڵـی، ئێـران لەسـەردەمی بنەماڵـەی پەهلەویـدا ١٩٢٦-١٩٧٩(چاپـی یەکەم- چاپخانەی کارۆ ٢٠١٩).

٧٥.ماجـد مـەردۆخ ڕۆحانی، دەسـپێکی بۆ کتێبی چێشـیتی مجێـور نوسـیوە- عەبدولڕەحمان شـەرەفکەندی - هەژار، چێشـتی مجێور(چاپخانەی سنە ٢٠١٨).

٧٦.ماجـد مـەردۆخ ڕۆحانـی، چـوار ناملکـەی عەلـی شـەریعەتی، وەرگێڕانـی بـۆ کـوردی هــەژار موکریانـی (چاپخانـەی ئانـا- سـنە ١٣٩١-٢٠١٣).

٧٧.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی- بەرگی حەوتەم(چاپی دووەم- هەولێر ٢٠١٠).

٧٨.مسـتەفا جـەواد، هـۆزی لەبیرکـراوی گاوان و گاوانییـە بەناوبانگـەکان، هـەژار کردویەتـە کوردی(چاپـی یەکـەم- بەغـدا ١٩٧٣).

٧٩.موحسـین قزڵجـی، حەسـەن قزڵجـی، چیرۆکنـووس، ڕەخنەگـر، زمانـەوان، وەرگێـڕ (چاپخانــەی ڕۆژهــەڵات – هەولێـر ٢٠١٧)

٨٠.محەمـەد ساڵح قـادری، عەمـەر خانـی شـکاک لـە سـەرهەڵدانی سـمکۆوە تـا کۆمـاری کوردسـتان(١٩٠٦-١٩٤٦) گۆڕینـی لـە کرمانجیـەوە بـۆ سـۆرانی شـەهاب خالیـدی( چاپـی یەکـەم- ئەسـتەنبوڵ- ٢٠٢١).

٨١.محەمەدی شڵماشی، خاپەرۆ (چاپی دووەم - چاپخانەی چوارچرا - سلێمانی ٢٠١٧).

٨٢.مورسەڵ خانێ، کۆشکی بلورینی هەژار موکریانی (خانەی چاپ وبڵاوکردنەوەی سۆران - ٢٠١٤).

٨٣.موسەددق تۆڤی، گۆڤارا رۆناهی، ڤەکۆلینەک دیرۆکی، ڕەوشەنبیری (چاپی یەکەم - چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ - هەولێر ٢٠٠٥).

٨٤.موسەدەق تۆڤی، گۆڤاری ڕۆناهی ١٩٦٠- ١٩٦٢ ئامادەکردنی بنکەی ژین (چاپخانەی ڕۆژهەڵات هەولێر ٢٠١٤).

٨٥.مەسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم ١٩٦١- ١٩٧٥(ب-ش.چ ٢٠٢٠).

٨٦.مەحمود مەلا عززەت، دەوڵەتی جمهوری کوردستان (چاپی سێیەم - سلێمانی چاپخانەی کارۆ ٢٠٢٣).

٨٧.مەحمود مەلا عیززەت، کۆماری میللی مەهاباد، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی بەشی یەکەم(چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عزۆ- ١٩٨٣).

٨٨.مەلا سامان، هەڵەبجە گوڵستان ژیانی ناوداران و شاعیرانی کورد (چاپی دووەم- لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی هەژار موکریانی - هەڵەبجە ٢٠١٧).

٨٩.نامق هەورامی، هەژار لە سنە (چاپی یەکەم- چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری هەولێر ٢٠١١).

٩٠.نەوشیروان مستەفا ئەمین، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی ڕۆژنامەوانی کوردی ١٩٣٨- ١٩٥٨بەرگی سێیەم(ب-ش.چ سلێمانی ٢٠٠٤).

٩١.نەوشیروان مستەفا ئەمین، بەدەم ڕێگای گوڵچنین مێژوی سیاسی (چاپخانەی الدار العربیة للعلوم - ناشرون بیروت - لبنان ٢٠١٤).

٩٢.نەوشیروان مستەفا ئەمین، حکومەتی کوردستان ڕێبەندانی ١٣٢٤- سەرماوەزی ١٣٢٥ کورد لە گەمەی سۆڤێتی دا (چاپی دووەم چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان- هەولێر ١٩٩٣).

٩٣.هیمداد حوسێن و نەوزاد عەلی ئەحمەد، کوردستان ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانەیە- لەبڵاوکراوەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ (چاپی یەکەم- چاپخانەی پیرەمێرد ٢٠١٩).

٩٤.هیمدادی حوسێن، ڕۆژنامەنوسی کوردی سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان ١٩٤٢-١٩٤٧ (سلێمانی ٢٠٠٢).

٩٥.هیمدادی حوسێن، ڕۆژنامەوانیی کوردی گۆڤاری هەولێر ١٩٧٠-١٩٧٢ ( دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی سلێمانی ٢٠١٠).

٩٦.هیوا عەزیز سەعید، خۆیبوون- هیوا- ژ.ک، لێکۆڵینەوەیەکی بەراورد کاریی(چاپخانەی یاد - سلێمانی ٢٠٠٦).

٩٧.هەژار، دیوانی هەژار بۆ کوردستان (چاپی چوارەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر ٢٠٠١).

٩٨.هەژاری موکریانی، بارزانی(چاپی یەکەم چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری – هەولێر ١٩٩٨).

٩٩.هەژاری موکریانی، سەربردەی ژیان و ون لەبەرهەمی ویدا، چاپی یەکەم ٢٠١٢ هەولێر).

١٠٠. هەژار موکریانی، مەم و زینی خانی (چاپی یەکەم چاپخانەی نەجاح- بەغدا ١٩٦٠).

١٠١. هەیاس کاردۆ، ئەزمونی خەبات ئاوڕێک لە ژیان وخەباتی عەبدوڵڵا حەسەن زادە، وتوێژ (چاپی یەکەم چاپخانەی ڕۆژهەڵات هەولێر ٢٠١١).

١٠٢. هۆشمەند عەلی مەحمود، دیداری قاسملوو لە گێڕانەوەی زارەکی دا (چاپی یەکەم- چاپخانەی کارۆ- سلێمانی ٢٠٢٢).

١٠٣. وریا حەبیب، دیوانی هێمن موکریانی (چاپی یەکەم چاپ و پەخشی چوار چرا- سلێمانی بەهاری ٢٧٠٨- ٢٠٠٨)

١٠٤. وەسفی حەسەن ردێنی، ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنێت کوردی ١٩٣٩-٢٠٠٣(چاپخانا زانا- دهۆک ٢٠١١).

١٠٥. ئاری فاروق نانەکەلی، برایەتی ١٩٧٠-١٩٧١ دووەمین گۆڤاری سیاسی ئاشکرای پارتی دیموکراتی کوردستان (هەولێر ٢٠٢٠).

١٠٦. ئاری فاروق نانەکەلی، دامەزراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول لە نێوان ساڵانی ١٩٦١-١٩٧٥(چاپی یەکەم، چاپی ravza ٢٠١٦).

١٠٧. ئازاد حەمە شەریف، مەحەمەد مەولود مەمی شاکار نووس(چاپی یەکەم- چاپخانەی خانی دهۆک ٢٠٠٩).

١٠٨. ئازاد عوبێد ساڵح، کاریگەری شۆڕشی ئەیلوول لەسەر ڕۆژنامەوانیی کوردی لە باشوری کوردستاندا ١٩٦١- ١٩٧٥ (چاپی یەکەم- چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر ٢٠٠٧).

١٠٩. ئازاد عەبدولواحید و مەحمود زامدار، شکور مستەفا گەشتێک بەناو زمان و فیکر و ئیستێتیکادا، هەڤپەیڤین (چاپی یەکەم- هەولێر ١٩٩٨).

١١٠. ئازاد عەبدولواحید، هەڤپەیڤین لەگەڵ عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ "٢٤٥ ڕامان مانگانەیەکی ڕۆشنبیریی گشتییە(٥ی تشرینی یەکەمی٢٠١٧).

١١١. یاسین سەردەشتی، ژیان و تێکۆشانی سیاسی ئەحمەد تۆفیق "عەبدوڵڵا ئیسحاقی" ١٩٣١-١٩٧٣(چاپخانەی شڤان- سلێمانی ٢٠٠٧).

١١٢. یاسین سەردەشتی، خوێندنەوەیەکی مێژوویی نێو خۆییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان(حدکا) و جوڵانەوەی چەکدارانەکەی ساڵانی ١٩٦٧-١٩٦٨ لە کوردستانی ئێران (چاپی یەکەم- چاپخانەی ڕاز- سلێمانی ٢٠٠٢).

١١٣. زامدار ئەحمەد، هەژار موکریانی لە چەند دیدارێکدا(چاپخانەی چوارچرا- سلێمانی ٢٠٢٣).

**ب. وەرگێڕدراوەکان بۆ زمانی کوردی**

١. ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد و خەلیل عەلی موراد، مێژووی ئێران و تورکیا - توێژینەوەیەک لە مێژووی تازەو هاوچەرخ، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە بۆ زمانی کوردی بەهادین جەلال مستەفا (چاپی دووەم دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات- هەولێر ٢٠١١).
٢. برژیت ونگوربورسکی نوسیویەتی، لەڕوسیەوە کراوەتە سەر فارسی - هەژار وەریگێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردی (چاپی دووەم (ب-ش.چ) هاوینی ٢٠٠١).
٣. جەلیلی جەلیل، لازاریف، م.س و ئەوانی تر، شۆڕشەکانی کورد لە سەردەمی نوێدا - وەرگێڕانی بۆ عەرەبی د٠ عەبدی حاجی، وەرگێڕانی بۆ کوردی بەهادین جەلال مستەفا(چاپخانەی ڕۆژهەڵات – هەولێر ٢٠١٥).
٤. دەیڤد ماکداوڵ، مێژووی هاوچەرخی کورد وەرگێڕانی لە فارسیەوە د. ئەبوبەکر خۆشناو(چاپی سێیەم ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە).
٥. حەسۆ هورمی، چەند ئادگارێک لە ژیانی میر تەحسین سەعید عەلی بەگ، وەرگێڕانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل(چاپی یەکەم ب-ش.چ ٢٠١٩).
٦. حەسەن عەلەوی، عەبدولکریم قاسم تێڕوانین پاش بیست ساڵ - وەگێڕانی بۆ کوردی کاوانی ئەنوەر مەسیفی(چاپی یەکەم چاپخانەی شەهاب- هەولێر ٢٠١١).
٧. خەلیلی فەتاحی قازی، کورتە مێژووی بنەماڵەی قازی لە ویلایەتی موکری- وەرگێڕ و ئامادەکار حەسەنی قازی(چاپی یەکەم - هەولێر ٢٠٠٩).
٨. سعید خضری، جوگرافیای کوردستانی موکریان، وەرگێڕانی لە فارسیەوە ئاسۆ عبدالرحمن(چاپی یەکەم چاپخانەی سایە- سلێمانی ٢٠١٠).
٩. شێرکۆ فەتحوڵا عومەر، پارتی دیموکراتی کوردستان و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە عێراقدا ١٩٤٦- ١٩٧٥ - وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردی سوارە قەڵادزێی(چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی- کەرکووک ٢٠١٣).
١٠.فرانسوا گزاڤیێ لۆڤا، کوردستان شۆڕشی ئەیلوول وێنە گەلێک لە بەرهەمهێنانی کانونی دووەمی ١٩٦٣ وەرگێڕانی تێکست بۆ کوردی عەفان نەقشبەندی (هەولێر ب- س.چ).
١١.کرمانج حەقی، حکومەتی کۆماری کوردستان ١٩٤٦-١٩٤٧ دەروازەیەک بۆ لیژنەی

ئاشتی کوردستان- وەرگێڕانی بۆ لە ئینگلیزیەوە بۆ عەرەبی فوئاد ئەحمەد قادری، وەرگێڕانی بۆ کوردی جەمال گردەسۆری(هەولێر- ٢٠١٧).

١٢.کەمال مەزهەر ئەحمەد، خەباتی ڕزگاریخوازی کورد و ئازەر لە ئێران - وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە ئازاد عوبێد سالح (چاپی یەکەم - هەولێر ٢٠٠٤).

١٣.کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا وەرگێڕانی لە فارسیەوە حمە کەریم عارف(چاپی شەشەم چاپخانەی ڕۆهەڵات هەولێر٢٠١١).

١٤.گوینتەر دێشنەر، کورد گەلی لە خشتە براوی غەدر لێکراو، گۆڕینی لە ئەڵمانیەوە بۆ عەرەبی - عەبدولسەلام بەرواری - گۆڕینی بۆ کوردی حەمە کەریم عارف(چاپی یەکەم- هەولێر٢٠٠٤).

١٥.ماجد مەردۆخ ڕۆحانی چوار نامیلکەی عەلی شەریعەتی، وەرگێڕانی بۆ کوردی هەژار موکریانی (چاپخانەی ئانا- سنە ١٣٩١-٢٠١٣).

١٦.موجتەبا بورزوویی، بارودۆخی سیاسی کوردستان (١٨٨٠- ١٩٤٦)، وەرگێڕانی لە فارسیەوە نازناز محەمەد عەبدولقادر، یوسف خزر چوپان و سۆران عەلیپور(چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە هەولێر ٢٠٠٥).

١٧.موحاکەمەکردنەکەی قازی محەمەد لە یاداشتەکانی قوام السلطنەدا، وەرگێڕانی لە فارسیەوە موکری(چاپی چوارەم- هەولێر ٢٠٠٧).

١٨.میر شەرەف خانی بەدلیسی، شەرەفنامە مێژووی ماڵە میرانی کوردستان - هەژار کردویە بەکوردی و پێشەکی بۆ نوسیوە (چاپی دووهەم- چاپخانەی جەواهیری تاران- ١٩٨١).

١٩.مەستورەی کوردستانی، وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە و لێکۆڵینەوەی هەژار موکریانی (چاپی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە هەولێر – ٢٠٠٣).

٢٠.نەجەف قولی پسیان، لە مەهابادی خوێناویەوە٠٠٠ هەتا لێوارەکانی ئاراس- شەوکەت شێخ یەزدین کردویەتی بە کوردی(پیرمام ١٩٩٦).

٢١.ولیام ئیگلتۆن جونیۆر، حکومەتی میللی کوردستان مەهاباد ١٩٤٦ - وەرگێڕانی سەید محەمەد سەمەدی(چاپخانەی شڤان سلێمانی ٢٠١٢).

٢٢.ولیام ئیگلتۆن، کۆماری مەهاباد ١٩٤٦ وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردی سەید محەمەدی سەمەدی (چاپەمەنی سەیدیان مەهاباد- ١٣٥٨- ١٩٧٩).

٢٣.قورئانــی پیــرۆز، وەرگێڕانــی لــە عەرەبیــەوە عەبدولڕەحــمان شــەرەفکەندی" هــەژار موکریانــی" (چاپــی دووەم چاپخانــەی اســوە گــەورەی قورئانــی پیــرۆز ٢٠١٠).

**ج. کتێب بە زمانی عەرەبی**

١. ابراهیــم محمــود دولــة حاجــو آغــا الکردیــة دراســة فــی تاریــخ سیاســی و شــخصی (الطبعــة الاولــی النــاشر دار الزمــان للطباعــة والنــشر والتوزیــع ٢٠١٨).
٢. حبیــب محمــد کریــم، تأریــخ الحــزب الدیمقراطــی الکوردســتانی- العــراق(في محطــات رئیســیة) ١٩٣٣- ١٩٤٦ (الطبعــة الاولــی مطبعــة خەبــات- دهــوک ١٩٩٨).
٣. عبدالحمیــد درویــش، أضــواء علــی الحرکــة الکردیــة فــی ســوریا(أحداث فــترة ١٩٥٦- ١٩٨٣) (الطبعــة الثالثــة مطبعــة کــمال - الســلیمانیة ٢٠١٣).
٤. عبدالرحمــن الشــیخ علاءالدیــن الحســیني النقشــبندي، الســادات النقشــبندیة تاریــخ ومواقــف ودروس وعــبر (الطبعــة الاولــی اربیــل- ١٩٩٨).
٥. عبدالفتــاح عــلي البوتانــی، منطقــة بادینــان ١٩٢٥-١٩٧٠ دراســة في الواقائــع التطــورات السیاســیة، الجــزء الثانــی ١٩٥٨-١٩٧٠(مطبعــة جامعــة صــلاح الدیــن- اربیــل ٢٠١٧).
٦. محمــد حمــدي الجعفــري، تدخــل العســكريين العراقيیــن في السیاســة ١٩٥٨-١٩٦٨. الدوافــع، الأســباب، النتائــج. (ط١- مکتبــة المجلــة- بغــداد- ٢٠٢١).
٧. لیــث عەبدالحســن الزبیــدی، ثــورة ١٤تمــوز ١٩٥٨ في العراق(الطبعــة الثانیــة- مکتبــة الیقظــة العربیــة بغــداد ١٩٨١).
٨. راهــي مزهــر العامــري، مســعود محمــد ودوره الســیاسي في العــراق (١٩١٩-١٩٦٨) دراســة تاریخیــة (مطبعــة دار الحــوراء- بغــداد - ٢٠٠٨).

**د. کتێب بە زمانی فارسی**

١. بهزاد خوشحالی، قاضی محمد و جمهوری در اینه اسناد ( چاپ اول - همدان ١٣٨٠-٢٠٠١).
٢. سید محمد صمدی، نگاهی به تاریخ مهاباد (چاپ اول انتشارات رهرو مهاباد ١٣٧٣-١٩٩٢).
٣. شــیخ الرئیــس ابــو علــی ســینا، ترجمــة عبدالرحمــن شرفکنــدی – هــەژار پێشــەکی بــۆ نوســیوە (قانــون جلــد ســوم- چــاپ هشــتم چاپخانــەی سروش – انتشــارات صداو ســیمای

جمهـوری اسـلامی ایـران ١٣٨٩-٢٠١٠).
٤. شـیرین ابراهیمـی، شرح آثـار واحـوال اسـتاد عبدالرحـمان شرفکەنـدی هـژار( چـاپ اول- سـنندج - شـمیم سـنندج ١٣٩٣- ٢٠١٤).
٥. محمـد رئـوف مـرادی، زندگـی نامـە وخدمـات علمـی وفرهنگـی اسـتاد عبدالرحمـن شرفکنـدی (چاپخانـەی دالاهـو تهـران – چـاپ اول ١٣٨٥- ٢٠٠٧).
٦. زکریـا بـن محمـد بـن محمـود القزوینـی، وەرگێڕانـی لـە عەرەبیـەوە بـۆ فارسـی عبدالرحمـن شرفکندی(چاپـی یەکـەم چاپخانـەی اندیشـە جـوان – ئێـران ١٣٦٦-١٩٨٧).
١. کریـس کۆچێـرا، جنبـش ملـی کـورد، وەرگێڕانـی ئیبراهیـم یونسـی (چـاپ اول انتشـارات نـگاە – تهـران ١٣٧١ – ١٩٩٢).

**چوارەم: نامە زانکۆییەکان**

١. ڕەسـوڵ محەمـەد ڕەسـوڵ، مـەلا جەمیـل بەنـدی ڕۆژبەیانـی ١٩١٣- ٢٠٠١ نامـەی ماسـتەری بڵاونەکـراوە (زانکـۆی سـەلاحەدین هەولێـر ٢٠٠٩).
٢. صدیـق محەمـەد صدیـق، ئیحسـان نـوری پاشـا ژیـان و ڕۆڵـی سیاسـی و سـەربازی ١٨٩٢- ١٩٧٦ نامـەی ماسـتەری بڵاونەکـراوە (زانکـۆی سـۆران٢٠٢١).

**پێنجەم: چاوپێکەوتن و ئەنجامدانی پەیوەندی تەلەفۆنی**

**أ. چاوپێکەوتن**

١. جەمال عەلەمدار، خانەنیشین دیمانەی تایبەتی توێژەر (٢٠ی ئەیلوولی ٢٠٢١) هەولێر.
٢. زاگـرۆس شـەرەفکەندی نـاسراو بـە زاگرۆسـی هـەژار موکریانـی، دیمانـەی تایبەتـی توێـژەر (١٧ی کانوونـی یەکەمـی ٢٠٢٠) هەولێـر.
٣. سـینەم خانـم جـەلادەت بەدرخـان، دیمانـەی تایبەتـی توێـژەر(٢٣ی کانونـی یەکـەم٢٠٢٠) هەولێـر.
٤. فرزەندە ئەفەندی حوسێن مەلا، دیمانەی تایبەتی توێژەر(٢٧ی ئابی ٢٠٢١) هەولێر.

٥. فەرهاد عەونی، دیمانەی تایبەتی توێژەر (٧ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١) هەولێر.

٦. مومتــاز حەیــدەری، دیمانــەی تایبەتــی توێــژەر (٢٩ی کانوونــی یەکەمــی ٢٠٢٠) هەولێــر.

٧. ناســح غەفــور ڕەمــەزان، دیمانــەی تایبەتــی توێــژەر(٦ی کانوونــی دووەمــی ٢٠٢١) هەولێــر.

**ب- پەیوەندی تەلەفۆنی**

١. ئەحمــەد خــدر نــاسراو بــە ئەحمــەد دەشــتی، پەیوەنــدی تەلەفۆنــی (٢٦ی ئابــی ٢٠٢١) ئەڵمانیــا.

٢. ئەمیر قازی محەمەد، پەیوەندی تەلەفۆنی (٢٠کانوونی یەکەمی ٢٠٢١) ئەوروپا.

٣. حامیــد گەوهــەری، پەیوەنــدی تەلەفۆنــی (١٢ی تشرینــی دووەمــی٢٠٢١) وڵاتــی ســوید.

٤. خانــی شــەرەفکەندی ناسراوبــە خانــی هــەژار موکریانــی، پەیوەنــدی تەلەفۆنــی (٢٠ی شــوباتی ٢٠٢٢) بەریتانیــا.

٥. عەبدوڵڵا حەسەن زادە، پەیوەندی تەلەفۆنی (١٩ی ئەیلوولی ٢٠٢١) فەرەنسا.

٦. مەحمــود عوســمان عەلــی نــاسراوە بــە دکتــۆر مەحمــود، پەیوەنــدی تەلەفۆنــی (١٤ی ئــازاری ٢٠٢١) هەولێــر.

٧. مەلا ڕەسوڵ پێشنماز، پەیوەندی تەلەفۆنی (٥ی ئابی ٢٠٢١) سلێمانی.

٨. شێخ موحسین موفتی نەقشبەندی (١٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٤) هەولێر.

**شەشەم: فەرهەنگ و ئینسکۆپیدیا**

**أ. بەزمانی کوردی**

١. ئـارام ئیسـماعیل کوردسـتانی، ئینسـکلۆپێدیای گۆڤەنـد (چاپـی یەکـەم کۆمەڵـگای ئەحمـەدی خانـی سـۆران ٢٠١٨).

٢. ئەرشـیفی دەسـتەی ئینسـکلۆپیدیای پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دەستنوسـەکانی شـاعیری گـەورە هـەژار موکریانـی (فایلـی ژمـارە AL-٤٣ - ڕۆژی ١٠ئابـی ٢٠٢٤ سـەردانی ئـەم ئەرشـیفەم کـردووە).

٣. هەرمـان وەهمانـی و زانکـۆ خەلیفـە، فەرهەنگـی ئاوایـی یەکانـی مەهاباد(چاپـی یەکـەم چاپخانـەی ناسـح ٢٠١١).

٤. جوتیـار تۆفیـق، بیبلیۆگرافیـای ڕۆژنامەگەریـی لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان دەرەوەیـدا (١٩٠٨- ١٩٨٨)، (چاپخانـەی شـڤان – سـلێمانی ٢٠٠٧).

**ب. بەزمانی عەرەبی**

١. جمال بابان، اعلام کرد العراق(چاپخانەی شڤان- سلێمانی ٢٠٠٦).

**حەوتەم: خولاوەکان**

**١. گۆڤار**

**أ. بەزمانی کوردی**

١. بارزانـی مـەلا خالیـد، لەیـادی دوازدەمیـن سـاڵیادی کۆچـی دوایـی هـەژاری موکریانیـدا، مـام هـەژاری پێشـمەرگە و شـاعیر - گۆڤـاری ڕامـان ژمـارە(٦٩) (هەولێـر- ٥ی ئـازاری ٢٠٠٢)

٢. جوتیـاری حاجـی تۆفیـق، وەڵامـی زەبیحـی بـۆ نامیلکەکـەی ئاڕشـی ڕۆزڤێڵـت، ئاینـدە گۆڤـاری ئـەدەب و هونـەر و هـزری هاوچـەرخ، ژمـارە- ٤١ سـلێمانی- ٢٠٠٣).

٣. چاوپێکەوتـن لەگـەڵ شـاعیری نەتـەوەی کـورد هـەژار- گۆڤاری هیـوای قوتابیـان و لاوان

ژماره (٨) ئۆرگانی لقی ئاوارەی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان – عێراق (کۆتایی هاوینی ١٩٨٨).

٤. حسامەدین سەرداری، کورتەیەک لە ژیانی دادوەر محەمەد سەعید کانی مارانی چاوپێکەوتن گۆڤاری دادپەروەر ژمارە(١٥) هەولێر (٢١ی حوزەیرانی٢٠١٠).

٥. حەمە ڕەحیم فەلاح " جووتیار" چەند ڕوونکردنەوەیەک سەبارەت بە کۆمەڵەی ژێ کاف گۆڤاری ڕوانگە ژمارە(١١) مەهاباد(ساڵی سێهەم رەزبەری ١٣٨١- ٢٠٠٣).

٦. ح قزلجی، گۆڤاری هەڵاڵە، "شاعری ملی و بەناوبانگی کورد هەژار" (٣ لە ١٣٢٥-نیسانی ١٩٤٦).

٧. خالید میارغونج، چێشتی مجێور لە ڕوانگەی کۆمەڵ ناسییەوە گۆڤاری مەهاباد ژمارە(١٦١) (١٣٩٣- ٢٠١٤).

٨. دڵبرین جاف، کۆچی دوایی مامۆستا هەژار گۆڤاری ئاوێنە ژمارە(٦-٧) مەهاباد(١٣٧٠- ١٩٩١).

٩. ڕەحیم کامیابی، پەیڤێک بۆ هەژار موکریانی، گۆڤاری ڕامان ژمارە (٩٣-٩٤ ) (هەولێر- ئازاری ٢٠٠٥).

١٠.ڕەشید فندی، پەیڤاکا وەفاداریێ بۆ گیانی هەژار موکریانی - گۆڤارا پەیمانا ئەدەب و هونەر ژمارە (٧٢) (٢٨ی شوباتی ٢٠٠١).

١١.ڕەفیق سابیر، چاوپێکەوتنێکی بڵاونەکراوە لەگەڵ هێمنی شاعیردا گۆڤاری کوردۆلۆجی ژمارە(٢) (سلێمانی ٢٠٠٩).

١٢.زامدار ئەحمەد، دیدار لەگەڵ حەیدەر عەبدوڵڵا "٢ وانەر گۆڤارێکی ئەدەبیی وەرزییە کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت دەری دەکات(چاپخانەی کارۆ- ٢٠٢١).

١٣.س. ئا، هەژار، خزمەتی کوردان بە ئاینی ئیسلام گۆڤاری مەهاباد ژمارە (١٢) (١٣٨٥-٢٠٠٦).

١٤.ساڵح مەحمود- ڕێبوار، ڕەخنە لەسەر هەنبانە بۆرینە، وەڵامنامە بۆ سدیق بۆرەکەیی، وەڵامنامە (چاپخانەی گزنگ لقی ئاوارەی ی.ل.د.ک ١٩٩٥).

١٥.سەباح شێخانی، عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی ناسراو بە هەژار موکریانی، گۆڤاری پێشمەرگە ژمارە(١٢) (٢٠١٩).

١٦.سەعدون مازوچی، هەژار هەموو ژیانی لەسەر کورد دانا- چاوپێکەوتن لەگەڵ زەینەب شەرەفکەندی وشە هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتی یە ژمارە ("٨٤) (٤ی ئازاری٢٠١٥).

١٧.سەڵاح نیساری، گەشتێک بەنێو گوڵجاڕی هەژاردا گۆڤاری ڕامان ژمارە(١٦٧) (هەولێر- ٥ی نیسانی ٢٠١١).

١٨.سەڵاحەدین ئاشتی، دووبەیتییەکانی هەژار شیعر و خەت و گۆرانی گۆڤاری مەهاباد ژمارە(١٨٢) (١٣٩٥- ٢٠١٦).

١٩.سەید ئەحمەد و مامۆستا هادی، وەرگێڕانی قورئانی پیرۆز بۆسەر زمانی کوردی" ١ گۆڤاری سپێدە ئەدەبی ڕۆشنبیری یە (هاوینی ١٩٩٢).

٢٠.شکور مستەفا، شارەزایی لەهجەکانی زمانی کوردی"گۆڤاری گزینگ ژمارە(٣٩-٤٠) سوید (هاوین و پایزی ٢٠٠٣).

٢١.شمشارە گۆڤارێکی مێژوویی و بەڵگەنامەییە، لە ڕانیە دەردەچێت "٥٥"(تەموزی ٢٠١٥).

٢٢.عادل بۆتانی، سەفین لە بیرەوەریەکانم دا ڕۆژنامەی هەولێر ژمارە (٦١) (نیسانی ٢٠١٥).

٢٣.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، شەرەفنامەی بەدلیسی دوای ٤٠٠ساڵ گۆڤاری هەزارمێرد ژمارە(٣) (سلێمانی ئازاری ١٩٩٨).

٢٤.عەبدولڕەحمان فەرهادی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی هەولێر لە دامەزراندنەوە تا ئێستا (چاپخانەی حاجی هاشم هەولێر- ٢٠١٣).

٢٥.عەبدولغەنی عەلی یەحیا، ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن لەچەند لاپەڕەیەکی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول- پەیامی ئەیلوول هەولێر ژمارە (٣) (بەهاری ٢٠٠٨).

٢٦.عەبدولقادر دەباغی، تێڕامانێ لە ڕامان و سۆزی غەریبی- گۆڤاری ڕامان ژمارە(١٤) (هەولێر- ٢٥ی ئابی ١٩٩٧).

٢٧.گۆڤاری قەڵا پرسەی هەژار- ژمارە (٣) ڕواندز (نیسانی ١٩٩١).

٢٨.گۆڤـاری نیشـتیمان "لـە نـاو کۆمەڵـەدا چەنـد بەندێـک لـە مەرامنامـەی کۆمەڵـە" (٦ ڕەشـەمەی ١٣٢٢ ک. هــ. ١٩٤٣).

٢٩.کۆچی دوایی ی هەژاری موکریانی- گۆڤاری مامۆستای کورد ژمارە(١١-١٢) (سوید هاوینی ١٩٩١).

٣٠.کەریـم خـان گونـدە ژۆری، بیرەوەریەکـی تـر لەگـەڵ هـەژار موکریانـی دا بەشـی یەکـەم- گۆڤـاری زاری کرمانجـی ژمـارە (٩) (١٥ی ئابـی ٢٠٠٥).

٣١.کەریـم خـان گونـدە ژۆری، بیرەوەریەکـی تـر لەگـەڵ هـەژار موکریانـی دا بەشـی دووەم و کۆتایـی- گۆڤـاری زاری کرمانجـی ژمـارە (١٠) (٢٢ی ئابـی ٢٠٠٥).

٣٢.مارف خەزنەدار، چاوپێکەوتن- گۆڤاری ئاوێنە ژمارە(٣٧) مەهاباد (١٣٧٧-١٩٩٨).

٣٣.مامـە پیـرە، هـەژاری موکریانـی شـایەری دەربـاری بارزانـی- گۆڤـاری ڕزگاری ژمـارە (٢) سلێمانی (٢٧ی نیسـانی ١٩٦٩).

٣٤.مسـتەفا شـەرەفکەندی (ئاگـری)، هـەژار و خودناسـین- گۆڤـاری بەیـان ژمـارە (٢) (کانونـی یەکەمـی ١٣٩٧- ٢٠١٨).

٣٥.محەمەد خدر مەولود، پەیڤێک- گۆڤاری ڕامان ژمارە (٥٧) (هەولێر- ئازاری ٢٠٠١).

٣٦.محەمـەد کەمانگـەر، چەنـد وتەیەکـی پێویسـت - گۆڤـاری ئاوێنـە ژمـارە (٣٩-٤٠) (١٣٧٧-١٩٩٨).

٣٧.مێدیـا، ناوەڕۆکـی بەیتـی سـەرەمەڕی- هـەژار، گۆڤـاری ڕامـان ژمـارە(٩٣-٩٤) (هەولێـر- ئـازاری ٢٠٠٥).

٣٨.مەعـروف ئیـروا، لـە یـادی ١٤میـن سـاڵگەردی مـام هـەژاری پێشـمەرگە و شـاعیر و زانـادا- گۆڤـاری دەنگـی پێشـمەرگە ژمـارە (٨٣) (٢٠٠٥).

٣٩.مـراد ئەعزەمـی، هـەژار و وەرگێڕانـی قورئانـی پیـرۆز"١٨١ مەهابـاد گۆڤارێکـی کۆمەڵایەتـی، فەرهەنگـی، ئەدەبییـە(١٣٩٥-٢٠١٦).

٤٠.مەعسـومە ئەحمـەدی، سـاڵ هاتـی کۆچـی دوایـی مامۆسـتا هـەژار، چاپێکەوتـن- گۆڤـاری ئاوێنـە ژمـارە(١٠) (١٣٧١-١٩٩٢).

٤١.جەمیـل ڕۆژبەیانـی، میرشـەرەفخان شـەرەفنامە، هـەژار، سـەنتەر، هەزارمێـرد...- گۆڤـاری سـەنتەری برایەتـی ژمـارە(٦) (هەولێـر حوزەیرانـی ١٩٩٨).

٤٢.مـەلا ڕەسـوڵ پێشـنماز، چەنـد سرنجێـک لەسـەر چێشـتی مجێـوری هـەژار موکریانـی- گۆڤـاری گزینـگ ژمـارە(٢١) سـوید (پایـزی ١٩٩٨).

٤٣.هاشـم سـەلیمی، وردبونەوەیـەک لەسـەر کتێبـی چێشـتی مجێـور- گۆڤـاری ئاوێنـە مەهابـاد ژمـارە (٣٩-٤٠) (١٣٧٧-١٩٩٨).

٤٤.هـەژار موکریانـی، دڵ هـەر دڵـە- گۆڤـاری گزنـگ ژمـارە(١١-١٢) سـوید (هاویـن و پایـزی ٢٦٩٥-١٩٩٥).

٤٥.هەژار، بێگانە پەرستی- گۆڤاری سروە ژمارە(٨) ئورمیە (زستانی ١٣٦٥-١٩٨٦).

٤٦.هـەژار، کـورد و سـەربەخۆیی زمـان- گۆڤـاری کـۆڕی زانیـاری کـورد بەشـی یەکەمـی بەرگـی دووەم ژمـارە(٢) (بەغـدا ١٩٧٤).

٤٧.هـەژار، نـەوا سـوێر نـەوا بـێ خـوێ- نوسـەری کـورد گۆڤـاری یەکێتـی نووسـەرانی کـورد ژمـارە (٢ ) (نیسـانی ١٩٧١).

٤٨.هەژار، گۆڤاری هەڵاڵە، "هەی لێفە شڕە" (٣ لە ١٣٢٥- بانەمەڕی- نیسانی ١٩٤٦)٢٧-٢٨.

٤٩.هـەوراز گەرمیانـی، لەمـەڕ ژیـان و بەسـەرهاتی هـەژار بوێـژی کـورد- گۆڤـاری مامۆسـتای کـورد ژمـارە(١١-١٢) (سـوید - هاوینـی ١٩٩١).

٥٠.هۆشـمەند عەلـی مەحمـود، محەمـەد سـادق شـەرەفکەندی ژیـان و تێکۆشـانی سیاسـیی (١٩٣٨-١٩٩٢) لێکۆڵینەوەیەکـی مێژوویـی- سیاسـییە- گۆڤـاری زانکـۆی کۆیـە ژمـارە(٣٥) (ئـازاری ٢٠١٥).

٥١.وتوێژێک لەگەڵ مامۆستا هەژار- گۆڤاری ئاوێنە - مەهاباد ژمارە(٤ )(تەموز ب – س.چ)

٥٢.ئەحمـەد شـەریفی، هـەژاری موکریانـی کۆچـی کـرد- گۆڤـاری مامۆسـتای کـورد ژمـارە(١١-١٢) ( سـوید هاوینـی ١٩٩١).

٥٣.ئەحمـەد شـەریفی، وشـەی کەڵهـوڕ بەرهەمـی چـاپ نەکـراوی مامۆسـتا هـەژار-

گۆڤـاری مەهابـاد ژمـارە(١٠) (سـاڵی یەکـەم بەفرانبـاری ١٣٨٠- ٢٠٠١).

٥٤.فەیسـەڵ دێهاتـی دیـدار لەگـەڵ مـارف خەزنـەدار "٤ ڕامـان مانگانەیەکـی ڕۆشـنبیری گشـتی یـە (٥ی تشرینـی یەکـەم ١٩٩٦).

**ب. بەزمانی فارسی**

١. مەعسـومە ئەحمـەدی، خاطراتـی از همـسرم، شرفکنـدی، مجلـە اصحـاب انقـلاب- هەژارانـە (نشـانی تهـران – بهـار ١٣٧٠- ١٩٩١).

٢. هەژار- هێمنەکەی جاران مجلە اصحاب انقلاب- هەژارانە (نشانی تهران – بهار ١٣٧٠-١٩٩١).

٣. مجلە اصحاب انقلاب- هەڵوێستەکانی هەژار- هەژارانە (نشانی تهران – بهار ١٣٧٠-١٩٩١).

**٢. ڕۆژنامە**

**أ. بە زمانی کوردی**

٢. ئـا کولتـور. هـەژار موکریانـی ژیانێکـی ناخـۆش و بەرهەمێکـی زۆر" ٤٠٠٤ ڕۆژنامـەی خەبـات هەولێـر (٢٤ی شـوباتی ٢٠١٢).

٣. ئـازاد حەمـە شـەریف، هـەژار موکریانـی وەرگێـڕ و فەرهەنـگ نـووس"١ نیشـتیمان (٢٨ی ئەیلوولـی ١٩٩٢).

٤. ئەحمـەد محەمـەد ئیسـماعیل، لـە یـادی کۆچـی مامۆسـتا هـەژاری موکریانـی دا"٣٦٢٠" برایەتـی ئـەدەب و هونـەر هەولێـر هەولێـر (٢٠ی شـوباتی ٢٠٠٢).

٥. برایەتـی ئـەدەب و هونـەر، "لـە یـادی هەشـتەمین سـاڵی کۆچـی دوایـی هـەژاری شـاعیری نەتەوەیـی کـورد دا" هەولێـر (١١٦، ٢٦ی شـوباتی ١٩٩٩).

٦. برایەتـی ئـەدەب و هونـەر، "هـەژاری موکریانـی فـرە داهێنـان بـوو" هەولێـر (٣٩٢٢، ٢٣ی شـوباتی ٢٠٠٣).

٧. بۆتـان تەحسـین، دیـدی هـەژار بـۆ ئەودیـو ئاراسـتەکان"٢١٦ برایەتـی ئـەدەب و هونەر هەولێر (٢٣ی شـوباتی ٢٠٠١).

٨. بۆتـان مسـتەفا، لەیـادی شـاعیرێکی کـورد پـەروەری زمانەوانـدا هـەژاری شـاعیری کوردایەتـی"٢١٦ برایەتـی ئـەدەب و هونـەر هەولێـر (٢٣ی شـوباتی ٢٠٠١).

٩. بەختیـار شـاخی، هـەژار لوتکـە نشـینی شـاکار و داهێنـان"٢١٦ برایەتـی ئـەدەب و هونـەر هەولێـر (٢٣ی شـوباتی ٢٠٠١).

١٠.جەلالـی میـرزا کەریـم، کۆمەڵـەی کـورد ناسـی ی جیهـان و گفتوگۆیـەک لەگـەڵ کەمـال مەزهـەر ئەحمـەد"٦٤ ڕۆژنامـەی برایەتـی بەغـدا (١٧ی ئابـی ١٩٧٣).

١١.جەلیـل کاکـە وەیـس، مـەم و زینەکـەی هـەژار"١٦٥ برایەتـی ئـەدەب و هونـەر هەولێـر (١٨ی شوباتی٢٠٠٠).

١٢.حەسـەنی دانیشـفەڕ- هێـور، ملوانلـە فرمێسـکێک بـۆ (هـەژار) ێکـی دەوڵەمەنـد ژمـارە

"١٦٥" برایەتـی ئـەدەب و هونـەر هەولێـر (١٨ی شـوباتی٢٠٠٠).

١٣.حەکیـم مـەلا سـاڵح، هەنبانـە بۆرینـە یەکێکـە لـە شـاکارەکانی مامۆسـتا هـەژار"١٦٥ برایەتـی ئـەدەب و هونـەر(١٨ی شـوباتی٢٠٠).

١٤.ڕۆژنامەی برایەتی، "ناشتن یان کەرنەڤاڵی نەتەوایەتی" هەولێر (١٨٧٩، ٢١ی شوباتی ١٩٩٤).

١٥.ڕۆژنامـەی پاڵـە، "سـاڵ یـادت بەخێـر و گـۆڕت پـڕ نـور بێـت مـام هـەژاری عاشـقەکەی ڕێبـازی کوردایەتـی" هەولێـر (٢٤، ٢٥ی شـوباتی ١٩٩٩).

١٦.ڕۆژنامــەی خەبــات، "هــەژار و یەکێتــی نوســەرانی ئازەربایجــان"١٠٧ بەغــدا (٢٧ی تشرینــی دووەمــی ١٩٥٩).

١٧.زاهیـر ڕۆژبەیانـی، چێشـتی مجێـور "٢٢٧٧/١٤ برایەتـی پاشـکۆی ئـەدەب و هونـەر هەولێــر (٢٢ی شــوباتی ١٩٩٧).

١٨.سین، یادی مامۆستا هەژار"٢ پارێزگاران هەولێر (مایسی ١٩٩٢).

١٩.عومـەری سـەلەفی، کـێ هێنـدە هـەژارە مـام هـەژار نەناسـێ"٣٦٢٦ برایەتـی ئـەدەب و هونـەر هەولێـر (٣ی ئـازاری٢٠٠٢).

٢٠.عەبـاس عەبدوڵـڵا یوسـف و جەلیـل کاکـە وەیـس، دیـدار لەگـەڵ سـەعید نـاکام لـە هــەژاری شـاعیر دەدوێـت ژمـارە " ٢٢٧٧/١٤ - ڕۆژنامـەی برایەتـی پاشـکۆی ئـەدەب و هونـەر هەولێـر (٢٠ی شـوباتی١٩٩٧).

٢١.عەبدولڕەحـمان پاشـا، مامۆسـتا هـەژار و مـەم و زیـن"١٧٧٦ برایەتـی هەولێـر (٢٢ی تشرینـی یەکەمـی١٩٩٣).

٢٢.عەبدولـڕەزاق بیـمار، ڤیسـتیڤاڵی هـەژار موکریانـی شـکۆی نەتەوەیـی و خوێندنـەوەی بابەتیانــە ئامادەکردنــی جەلیــل کاکــە وەیــس"٣٨٣٦ برایەتــی ئــەدەب و هونــەر هەولێــر (٦ی تشرینــی دووەمــی ٢٠٠٢).

٢٣.ک. شـارەزا، هـەژاری شـاعیری مـەزن و یەکێتـی نوسـەرانی کـورد" ١١٦ برایەتـی ئـەدەب و هونـەر هەولێـر (٢٦ی شـوباتی ١٩٩٩).

٢٤.کارزان یاسین، ئەمڕۆ لە مێژوودا، کۆچی دوایی مامۆستا هەژاری موکریانی"١٥٦٣ ڕۆژنامەی هەولێر (٢١ی شوباتی ٢٠١٣).

٢٥.کەریم شارەزا، زانا و شاعیری ناوداری کورد هەژار موکریانی" ١٤/ ٢٢٧٧ڕۆژنامەی برایەتی پاشکۆی برایەتی هەولێر (٢٠ی شوباتی١٩٩٧).

٢٦.کەریم شارەزا، لاپەڕەیەکی شاردراوە لە ژیانی شاعیری کورد هەژاری موکریانی" ١٨٧٩ ڕۆژنامەی برایەتی هەولێر (٢١ی شوباتی١٩٩٤).

٢٧.کەریم شارەزا، لە یادی کۆچی دوایی خزمەتگوزاری کورددا شاعیری نیشتیمانپەروەر و زمان زان مامۆستا هەژار ١٩٢١- ١٩٩١ " ١٦٥ ڕۆژنامەی برایەتی ئەدەب و هونەر هەولێر (١٨ی شوباتی٢٠٠٠).

٢٨.مستەفا ساڵح کەریم، چەپکێک سێ لانی لە ژیاننامەی هەژاردا" ١٨٧٩ ڕۆژنامەی برایەتی هەولێر (٢١ی شوباتی١٩٩٤).

٢٩.محەمەد خدر مەولود، سڵاو لە ئەدەبی کوردی سڵاو لە هەژار موکریانی "٢٢٧٧/١٤ برایەتی پاشکۆی ئەدەب و هونەر هەولێر (٢٠ی شوباتی١٩٩٧).

٣٠.محەمەد خدر مەولود، لەبیرەوەری دوو ساڵەی کۆچی دوایی نوسەری ناوداری کورد هەژار موکریانی" ١٣" ڕۆژنامەی هەرێم هەولێر (٢٥ی شوباتی١٩٩٣).

٣١.میرخان ئەحمەد، هەژار نمونەی وەفاداری بوو" ١٣٦٨ ڕۆژنامەی خەبات هەولێر (٢٢ی شوباتی ٢٠٠٤).

٣٢.مەسعود پەرێشان، لە هەشتەمین ساڵیادی مام هەژاری تێکۆشەردا" ٢٧٨٣ ڕۆژنامەی برایەتی هەولێر (٢٣ی شوباتی ١٩٩٩).

٣٣.مەغدید سۆران، سۆز و گەورەیی بارزانی مەزن و وەفای مام هەژاری وەفادار"٢٢٧٧/١٤ برایەتی پاشکۆی ئەدەب و هونەر هەولێر (٢٠ی شوباتی ١٩٩٧).

٣٤.مەهدی خۆشناو، درود لەگەورەیی زانای کورد هەژاری موکریانی" ٢١٦١ ڕۆژنامەی برایەتی هەولێر (٢٤ی ئازاری ١٩٩٦).

٣٥.نامـدار حاجـی، کەسـایەتی بارزانـی لـە دیـدی هـەژار موکریانیـدا "١٦٥ برایەتـی ئەدەب و هونـەر هەولێر (١٨ی شـوباتی٢٠٠٠).

٣٦.نۆرینـگ، هـەژار و کـورد "٢٢٧٧/١٤ برایەتـی پاشـکۆی ئـەدەب و هونـەر هەولێـر (٢٠ی شوباتی١٩٩٧).

٣٧.نەجـات ئەسـپیندارەیی، لــە یـادی حەوتەمیــن ســاڵرۆژی کۆچــی دوایــی هــەژار موکریانیــدا ژمــارە" 2531 ڕۆژنامــەی برایەتــی هەولێــر ( ٢٢ی شــوباتی١٩٩٨).

٣٨.هـەژار موکریانـی، شـاعیری نەتـەوە و مقاوەمـەت" ٢٧٨٣ ڕۆژنامـەی برایەتـی هەولێـر (٢٣ی شـوباتی ١٩٩٩).

٣٩.هەمـزە خانەڵەیـی، هـەژار موکریانـی چەنـد کەسـایەتییەکی جیـاواز لـە خـودی یـەک کەسـایەتیدا"٦٤٧٥ خەبـات بەشـی یەکـەم (٢١ی شـوباتی ٢٠٢٣).

٤٠.هەمـزە خانەڵەیـی، هـەژار موکریانـی چەنـد کەسـایەتییەکی جیـاواز لـە خـودی یـەک کەسـایەتیدا"٦٤٧٦ خەبـات بەشـی دووەم (٢٢ی شـوباتی ٢٠٢٣).

٤١.هەمـزە خانەڵەیـی، لـە ٢٣ هەمیـن سـاڵیادی کۆچی دوایی مـام هـەژاردا. ئاوڕدانەوەیەک لـە بیرمەنـدی کـورد هـەژار موکریانـی"٦٦٩١ خەبات هـزر و هونەر (٢٢ی شـوباتی ٢٠٢٤).

**ب. بە زمانی عەرەبی**

١. جـلال زنکابـادی، هـەژار العلامـة العصامـی وتراثـه"٧١٥" جریـدة خەبـات هەولێـر (٢٣ی شوباتی ١٩٩٤).

٢. عبدالرحمـن پاشـا، هـەژار و ترجمـة القـرآن الکریـم الـی الغـة الکوردیـة"١٠٦٥ جریـدة خەبـات هەولێـر (١٥ی شـوباتی ٢٠٠٢).

**٣. بڵاوکراوەی تایبەت**

٣. جەمیـل ڕۆژبەیانـی، یـادی فیردەوسـیی کـورد هـەژاری موکریانـی ڕۆڤـار "٢٤ سـلێمانی (٥ی مایســی٢٠٠٣).

٤. هەژار موکریانی، چی لەیەزیدی دەزانم، ڕۆڤار" ٢٤ سلێمانی (٥ی مایسی٢٠٠٣).

٥. عەبدوڵڵا زەنگەنـە، لەگـەڵ شـاعیری گەورەمـان لـە تـوڕە بوونـە ڕەواکەیـدا ڕۆڤـار "٢٤ سـلێمانی (٥ی مایسـی٢٠٠٣).

٦. عەبدوڵڵا زەنگەنـە، هـەژاری گـەورە لـە بیرەوەریەکانـی کەمـال مەزهـەردا " ٢٤ ڕۆڤـار سـلێمانی (٥ی مایسـی٢٠٠٣).

٧. ڕەحـمان نەقشـی، پێشـەوا قـازی سـەرۆک کۆمـاری کوردسـتان (بڵاوکراوەیەکـی تایبـەت لـە سـاڵ ڕۆژی دامەزراندنـی کۆمـاری کوردسـتان ٢٠١٦- ب.ش.چ).

**هەشتەم: بەڵگەنامەکان:**

١. نـوسرای پۆلیسـی شـاری سـەقزە بـۆ تـاران، لەسـەر عەبدولڕەحـمان- هـەژار خەڵکـی مەهابـاد، کـە وەک نوێنـەری کۆمـاری کوردسـتان، سـەرقاڵی دانوسـتاندنەکان بـووە، چاودێـری ئۆتۆمبێلەکانـی لەشـکری کـردوە.

٢. لـە سـاڵی ١٩٥٩، دەزگای هەواڵگـری سـاواک لـە شـاری بانـەی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، ڕاپۆرتێکـی ئاراسـتەی بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی سـاواک لـە تـاران کـردووە، لـە خاڵـی یـەک باسـی هـەژار لـە میـسر دەکات بـە زمانـی کـوردی لـە ڕادیـۆی قاهیرە، بانگەشـەی بـۆ کـورد کـردووە، و داوای لەسـەرۆکی میـسر کـردوە هـاوکاری گەلـی کـورد بـکات.

٣. مستەفا بارزانی لە ٦ی تەموزی ١٩٧٧، بەمەبەستی چارەسەری نەخۆشی لە ئەمەریکا بووە، وەڵامی نامەیەکی هەژاری داوەتەوە و، هەست و سۆزی هاورێیەتی خۆی بۆ دەربڕیوە.

٤. چـپ در ایـران، بـە روایـت اسـناد سـاواک- حـزب دیموکـرات کوردسـتان، جلـد اول، مرکـز بررسـی اسـناد تاریخـی وزارت اطلاعـات – ١٣٧٨).

**نۆیەم: سەرچاوە ئەلکترۆنیەکان**

١. عەبدولڕەقیـب یوسـف، نامەیەکی مسـتەفا بارزانی بۆ هـەژار موکریانـی .https://photos app.goo.gl/8ssQhEXdc1EfrKR56 بەرواری سـەردانی کردن ١ی شـوباتی ٢٠٢٢.

٢. https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=2008110716463997&lng کورد پیدیا.

٣. سـواره مامەخەلانـی، کـورد و پارەوپـوڵ چاوپێکەوتـن لەگـەڵ هـەژار موکریانـی (١٩٩٠) https://youtu.be/6f23ycqvsbM بـەرواری سـەردان ١ی مایسـی ٢٠٢١.

٤. محەمـەد عەزیـز نـاسراوە بەخاڵـە حەمـە، دیـداری چاوپێکەوتـن ئامادەکردنـی سـەردار قڕگەیـی (باسـنیوز ١١ی کانوونـی یەکەمـی ٢٠٢١). https://www.basnews.com/so/babat/728576#.YbSJYW-vLhk.viber ١٢ی کانونـی یەکەمـی ٢٠٢١.

٥. عەبدولڕەحـمان قاسـملوو، چـل سـاڵ خەبـات لـە پێنـاو ئـازادی، کورتەیـەک لـە مێـژووی حزبـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێران(چاپـی سـێیەم www. pdki.org ٢٠٠٠).

/https://www.google.com/amp/s/www.mehrnews.com/amp/2123289

٦. مهرخبرگـزاری، فرهنـگ و اندیشـه/ ١٣٩٢- ٢٠١٣ کتـاب، بازخوانـی نظـرات رهـبر انقـلاب دربـاره قانـون ابـن سـینا، آغـاز عرضـه چـاپ یازدهـم کتـاب، ڕۆژی سـەردانی کردنـی ئـەم لینکـە ١٥ی تشرینـی دووەمـی ٢٠٢١. https://www.google.com/amp/s/www.mehrnews.com/amp/212328


٧. هەژار موکریانی لەگەڵ هومەرمەند محەمەدی ماملی و گروپی تیپی مۆسیقا

https://youtu.be/KLZ2A6ORu5c?si=hwbP35ZWhhJiJJ8C بـەرواری سـەردان ٩ی تشرینـی دووەمـی ٢٠٢٤.

# پاشکۆکان

عەلی کەریمی، نیشتیمان بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ.ک (پ- ٥٤) ١٦٣.

پاشکۆی ژمارە (١) بەڵگەنامەی بڵاوکراوە.



لاپەرەی ـ ١٠ نیشتمان ژمارە ٧،٨،٩،١٠

لە ناو کومەلەدا

٭٭ زۆر لە مێژ بوو بڕیار درابوو کونفرانسێک لە ایران ایمەو کومەلی (ھیوا) دا بو ھاوبیرمەکی لە بابەت چەند مسائل تەشکیل بدرێت. ئەم اجتماعە دەبوو لە لایەن کەمەلی ھیوا مەعلووم بکرێت، ھەرکە نوینەرانی کومەلی ئاو براو آمادە بوو ... خویان چاپە راگەیاند نوینەرانی ایمەش رەوانە بوون: دوای ٣ روژ گوفتوگو و مذاکرە لە سەر اقتراحی نوینەرانی ایمە پەیمانێک بە ناوی پەیمانی «سێ سنوور» لە لایەن نوینەرانی ھەر دوولا بو زیاد کەردنی کوشش و ایجادی پێوەندیەکی وەسیعی سیاسی امضا کرا.

نوینەرەکانی کومەلەی ھیوا لەم کونفرانسە دا عبارەت بوون:

١ ـ ع. ھوو شەنگ لەندامی ژمارە ٢

٢ ـ ع. جھانگیر لەندامی ژمارە ٧١٦

کومەلەی ایمەش لە لایەن ئەو لەندامانە:

١ ـ ق.ق.ق. پیاو لەندامی ژمارە ١٠٥٣ سەروکی نوینەران

٢ ـ ع. ھەژار لەندامی ژمارە ٣٠

٣ ـ ع. ابژەن لەندامی ژمارە ٢

تەمثیل دەکرا: م.س. خوێنین ٠١٠٦٠ رابطی نێوانی ایمەو ھیوا بوو تا کونفرانس تەشکیل درا کومەلە لە کوشش ئەم لاوە آزایەو ھەروەھا لە گشت لە ندامەکانی ئەم کونفرانسە گرینگە کە بێ گومان لە دوایی دا دەبێتە فەصلێکی گەورە دە مێژووی فعالیەت و کوششی دوو کومەلە دا، سوپاس و تشکر دەکا.

(پەیمانی سێ سنوور) لە لایەن ھەیئەتی استشارەی ادارەی ناوەندی ی ژ.ک. پەسند کراوە بەم زووانە دەگەل نسخەی پەسند کراوی ناوچەی (ھیوا) مبادلە دەکرێت.

٭٭ ھ. لیرەج لەندامی ژمارە ٣٩٥ و ا. آرام لەندامی ژمارە ١١٤٩ بو پێش کەوتنی کاری کووارەکەمان زور زەحمەتیان کیشاوە لە طرف ادرەی ناوەندیوە رەسمیاً تقدیریان لێکراوە.

٭٭ آ. ف. برشینگ لەندامی ژمارە ١٠٧٥ ی (آ: ك) بو توسعەی چاپخانە زوری کوشش کردوە کومەلە سوپاسی دەکا.

١٦٣

کەماڵ عەبدوڵلاهی (پ- ٢٤٦) ٤٦٣.

پاشکۆی ژمارە (٢) بەڵگەنامەی بڵاوکراوە.




لە ڕاستەوە ١- شێخ عوبەیدیڵای زینوێ "نوێنەری کۆمەڵەی هیوا" ٢- سەعیدی کانی مارانی "خوارزای شێخ عوبەیدیڵای زینوێ " ٣- عەبدولڕەحمانی شەرەفکەندی (هەژار) "نوێنەری کۆمەڵەی ژ٠ک" ٤- سەید عەزیزی شەمزینی (گەیلانی) "نوێنەری کۆمەڵەی هیوا" ٥- عەبدولڕەحمانی زەبیحی نوێنەری کۆمەڵەی ژ٠ک " ٦- میرزا قاسمی قاسمی قادری قازی " نوێنەری کۆمەڵەی ژ٠ک و سەرۆکی نوێنەران".

تێبینی/ سەعیدی کانی مارانی ئەندامی کۆمەڵەی هیوا نەبووە؛ بەڵکو وەک هاوڕێ و خزمایەتی لەگەڵ دوو ئەندامی نوێنەری کۆمەڵەی هیوا بووە.

نامەی قازی محەمەد بۆ حەمە ڕەشید خانی بانە

بهزاد خوشحالی، قاضی محمد و جمهوری در اینه اسناد (چاپ اول- همدان ۱۳۸۰-۲۰۰۱).

پاشکۆی ژمارە (۳) بەڵگەنامەی بڵاوکراوە.


ژماره ۲۶۳

بەروار ۱۸/۳/۲۴

۵۷۰/۱۶

آغای ژنرال مایور محمد رشید خان


ئەوە ئەمڕۆ و شیخ عبیدالله م نارده خزمەتت هیندێک

سفارش پێیە ئەمڕۆ معروضت دەکا محمد قاضی

ئەرشیفی فەرەیدون حەکیم زادە

پاشکۆی ژمارە(٤) بەڵگەنامەی بڵاونەکراوە

نـووسراوی پۆلیسـی شـاری سـەقزە بـۆ تـاران، لەسـەر عەبدولڕەحـمان- هـەژار خەڵکـی مەهابـاد، کـە وەک نوێنــەری کۆمــاری کوردســتان، ســەرقاڵی دانوســتاندنەکان بــووە، چاودێـری ئۆتۆمبێلەکانــی لەشــکری کــردوە.


مدل ۱

در جواب مراسله حروف و اعداد میزه که متمم شماره است با شماره ذکر شود

اداره

دائره

تاریخ ۲۵/۹/۲۴

شماره ۱/۸۵۷۰

پیوست

موضوع

وزارت کشور

شهربانی کل کشور

وزارت کشور


تعقیب شماره ۱۲۰۹۶/ ۷۶۹۶ـ ۳۰/ ۸/ ۲۵ باستحضارمیرساند شهربانی کردستان باستناد اطلاع رسیده ازشهربانی سقزگزارش ـ میدهد روز ۱۰ ماه جاری کامیونهای ارتش بسرپرستی ملاعبدالرحمن نام مهابادی بآنجا برگشته وبلشگرتحویل داده اند ـ

ازطرف رئیس شهربانی کل کشور ـ پاسیار احمد وزیری ۰

پاشکۆی ژمارە(٣) بڵاونەکراوە.

پاشکۆی ژمارە(٥) بەڵگەنامەیەکی بڵاونەکراوە.

سەرچاوە. زاگرۆس شەرەفکەندی- زاگرۆس هەژار موکریانی. کارتی خوێندنی لە بەغدا.



| اسم الطالب الكامل والعائلة | اسم ولي أمره | مسقط رأس الطالب: البلدة | المحلة | رقم الدار | تاريخ الولادة | جنسيته |
|---|---|---|---|---|---|---|
| زاغروس عبدالرحمن محمد | عبدالرحمن محمد | بغداد | | | ١٩٥٩/٥/٢٩ | عراقي |

تصوير الطالب مع نبذة عن سيرته في المدرسة

الدرجات النهائية التي حصل عليها في السنين التي تدرج فيها فقط

| العلوم | الصف الثاني، لسنة ١٩٧٣-١٩٧٤ | الصف، لسنة ١٩ -١٩ | الصف، لسنة ١٩ -١٩ | الصف الاول، لسنة ١٩٧٢-١٩٧٣ | الصف، لسنة ١٩ -١٩ |
|---|---|---|---|---|---|
| التربية الدينية | ٤٤ | | | ٨٤ | |
| اللغة العربية | ٩٢ | | | ٨٢ | |
| اللغة الانكليزية | ٤٢ | | | ٧٦ | |
| التاريخ | ٤١ | | | ٩٠ | |
| الجغرافية | ٩٤ | | | ٨٢ | |
| التربية الوطنية | ٩٢ | | | ٧٢ | |
| الحساب | | | | | |
| الهندسة | ٤٤ | | | | |
| الجبر | ٩١ | | | | |
| المثلثات | | | | | |
| الرياضيات العامة | | | | ٧٢ | |
| العلوم العامة | | | | ٩٠ | |
| علم الأحياء | ٤٥ | | | | |
| الكيمياء | ٤٢ | | | | |
| الفيزياء | ٩٠ | | | | |
| الصحة | | | | | |
| أحوال العراق | | | | | |
| الاقتصاد | | | | | |
| الاقتصاد المنزلي وتربية الطفل | ٤٢ | | | | |
| التربية الرياضية | ٤٢ | | | | |
| التربية الفنية | | | | ٧٨ | |
| المجموع | | | | | |
| النتيجة | | | | | |
| توقيع المدير | | | | | |

يحيى حمادي الساعدي

ملاحظة : (١) يجب ذكر رقم تسجيل الطالب في استمارة انتقاله من المدرسة .
(٢) اذا عاد الطالب الى المدرسة بعد انتقاله منها يشار الى ذلك في حقل الملاحظات مع ذكر المدرسة التي عاد منها وعدد وتاريخ الوثيقة ورقم تسجيله فيها .
(٣) تدرج الدرجات النهائية للطالب سواء كان راسباً أم ناجحاً حسب تسلسل حقول الدرجات .

پاشکۆی ژمارە (٦) بەڵگەنامەیەکی بڵاونەکراوە.

ئەرشیفی فەرەیدون حەکیم زادە.

لە ساڵی ١٩٥٩ دەزگای هەواڵگری ساواک لە شاری بانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاپۆرتێکی ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ساواک لە تاران کردووە، لە خاڵی یەک باسی هەژار لە میسر دەکات بە زمانی کوردی لە ڕادیۆی قاهیرە، بانگەشەی بۆ کورد کردووە، و داوای لەسەرۆکی میسر کردووە هاوکاری گەلی کورد بکات.


نخست وزیر

رونوشت ........ شماره ........ مورخه ........ وزارت/اداره که اصل آن بشماره ........ ثبت شد

۱ – فعالیت حزب دمکرات کردستان تعطیل نگردیده و از تاریخ ملی شدن کانال سوئز تشدید یافته و باقیمانده رهبران حزب با سرسختی خاصی در تمام مناطق کردستان – رضائیه – اشنویه – سلدوز و چند ناحیه دیگر مشغول فعالیت بوده و اخیرا تبلیغات بازبان کردی از رادیو قاهره و پشتیبانی یکدولت مسلمان و همچنین نواختن مارش انقلاب دوران قاضی محمد و مضافا مراعات تمام اصول مذهبی در برنامه های رادیوئی مذکور تأثیر فوق العاده در روحیه اکراد خصوصا طبقه روشنفکر آنها نموده عبد الرحمن نام که یکی از شعرای کرد زبان است ازقرار راسقند سال گذشته بمنظور جلب حمایت باجمال عبد الناصر ملاقات و از ایشان ضمن تسلیم نامه دایر برسمیت شناختن حقوق اکراد ایران و عراق و سوریه در مجامع بین المللی درخواست نموده بود که طرح تسلیمی را در سازمان ملل مطرح نمایند و ایشان هم در این باره قول مساعد داده اند (این موضوع یا فرمانده سپاه در میان نهاده شد باهمیت آن نیز اشاره گردید. ۲ – بدنبال کودتای عراق سیدعبدالله اسحاقی رهبر فعال و مخفی حزب دمکرات کردستان که از ۲۸ مرداد فراری است و مخفیانه مشغول فعالیت برای اطلاع از وضع عراق و حصول توافق با سران فعلی آن کشور بعراق رفته و از مراجعت او اطلاع صحیحی در دست نیست ولی رفتن مشارالیه از هر حیث حائز اهمیت و قابل توجه است. ۳ – برای رهبری حزب بین اعضاء تحصیل کرده و جوان و اعضای قدیمی اختلاف حاصل شده و احتمال موفقیت طبقه جوان بیشتر میرود. ۴ – در جریان کودتای عراق محمد رشید با افراد طایفه خود قادرخان " در بانه تحت عنوان امکان انقلاب و شورش در ایران دستور داده بود که در حال آماده باش باشند ۵ – ازقرار اطلاع طایفه احمدی در بانه بعلت قرابت با شیخ لطیف " که از حامیان محمد رشید و همچنین شخص متنفذی معرفی شده " بنفع مشارالیه دست به تبلیغات زده اند ایاب و ذهاب افراد عراقی تا چندی پیش ببهانه بمنظور ایجاد بلوا و هرج و مرج بوده استلیکن مردم بانه از قتل ملك فیصل متأثرند و این عمل را مورد نکوهش قرار داده اند با این همه مراقبت کامل در این منطقه ضروری بنظر میرسد. ۶ – نفوذ شیخ لطیف مذکور در منطقه سلیمانیه و شیخ احمد و ملامصطفی در منطقه بارزان خیلی زیاد است و حکومت فعلی عراق نیز در مقابل مخالفین خود (که از جمله شیخ رشید لولان و برادر رئیس ایل پشت دری) کاملا تقویت مینماید. ۷ – شیخ رشید از قبول دعوت و رفتن به بغداد خودداری نموده و معتقد است که اعمال رژیم جدید نامطلوب است و اگر این وضع ادامه یابد او بکشور شاهنشاهی که مورد احترام عالم اسلام است خواهد آمد. ۸ – شیخ رشید موصوف و یاران او که از مخالفین ملا مصطفی بارزانی هستند دارای قدرت و نفوذ کاملی بوده و بنا به بعضی اخبار ده هزار مرد جنگی در اختیار دارند که اکثر امسلح میباشند. ۹ – به شیخ علاءالدین ساکن خلان سرحد ایران در موقع ورود به بغداد تکلیف شده بود که پیروان خود را در راه خدمت به جمهوری مسلح و آماده نماید لیکن مشارالیه تحت عنوان اینکه موقعیت روحانی او اجازه نمیدهد امتناع و براثر این عمل از طرف ایادی حکومت فعلی تحت فشار قرار گرفت. ۱۰ – بابکر آقا نیز از رفتن به بغداد سرباز زده و مضافا اینکه افراد ایل مشارالیه پشت دریها متمایل بارتباط و مذاکره با مأمورین ارتش شاهنشاهی میباشند. ۱۱ – پسران عشایر که برای ابراز وفاداری به بغداد رفته بودند از طرف افراد توده توهین شده است. ۱۲ – در عراق ٤ فرقه جداگانه فعالیت هستند طرفداران عبدالکریم قاسم – سلطنت خواهان – هواخواهان استقلال کردستان – کمونیستها ۱۳ – اخیرا آخوندها و ملاها برمنابر مردم را علیه مالکین متنفذین میشورانند و در اکثر قراء و قصبات ضمن هتك احترام بخانه ارباب یا مالك قریه هجوم آورده خساراتی وارد نموده اند ۱٤ – بمهاجرین ایرانی در عراق اعطاء اسلحه ماهیانه ۱۲ دینار عراقی داده میشود ۱۵ – شیخ احمد بارزان بمنظور فراگرفتن تعلیمات سربازی با فراد و خواهان ایل بارزان دستور انجام خدمت زیر پرچم را صادر نموده ۱٦ – در عراق تصمیم بخلع سلاح عشایر گرفته شده لیکن ایل بارزان از این قاعده مستثنی است ۱۷ – شیخ لطیف و شیخ احمد مدتها است که مشغول اقدام برفع کدورت حاصله ما بین عشایر هستند ۱۸ – روی هم رفته وضع عراق بسیار وخیم و مبهم و آبستن حوادث دیگری جلوه میکند.

پاشکۆی ژماره (٧) بەڵگەنامەیەکی بڵاونەکراوە

ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان دەستنوسەکانی شاعیری گەورە هەژار موکریانی (فایلی ژمارە AL-٤٣ - ڕۆژی ١٠ئابی ٢٠٢٤ توێژەر سەردانی ئەم ئەرشیفەی کردووە (پ- ٥٨٩).



١٨٧

نوێنەری سەرۆکی کۆماری پایەبەرز دکتور عبدالستار الجواری برایانی خۆشەویست میوانی

بەرێز هاو ولاتیانی عەزیز.

زۆر خۆم بە بەختیار دەزانم کە بە ناوی دەستەی دامەزرێنەری ی یەکیەتی ئەدیبانی

کوردەوە بەخێرهاتنتان دەکەم و بە هاتنی نوێنەری سەرۆک کۆمار بۆ هاوبەشی

کردنی کۆنگرەکەمان و بە هاتنی ئێوە میوانانی خۆشەویست زۆر سەربەرزین.

ئەمرۆکە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کوردا دەتوانین بە ئازادی کۆنگرەی یەکیەتی

ئەدیبانی کورد بگرین، ئەو رۆژە تاریخی یانەیە کە هەرگیز لە بیرگەلی کورد

ناچێتەوە و هەتا هەتایە بە شانازیەوە یادی ئەکاتەوە.

لە لایک سەدە هاتن و رابردن، زانا و نوسەرانی زۆر پایەبەرز و بە


ناوبانگ لە کوردستانەوە سەری هەڵداوە و بە گەلێک زمانان نوسیویانەو

بگەیان پێیەوە راناوە، زۆربەی زۆریان و نوسەرە زۆر بەرز بەدەستانە کوردستانیانە

ئەوی هەرگیز لە بیریان دا نەهاتوە زمانی کوردی وکوردایەتی بوە!!

پاشکۆی ژمارە (٨) بەڵگەنامەیەکی بڵاونەکراوە.

ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان دەستنووسەکانی شاعیری گەورە هەژار موکریانی (پ- ٥٨٩).


٧

لە بیرەوەری حاجی قادردا لە شاری کۆیە.


خوشک و برایانی بەڕێز. بۆمن زۆر مایەی بەختەوەرییە کە لەلایەن کۆڕی زانیاری کوردەوە وەک نوێنەرێک ڕاسپێردراوم پیرۆزبایی و هاودەنگی کۆڕی زانیاری کورد پێشکەشی بە ئاهەنگگێڕانە بکەم کە یادی حاجی قادری نەمردەکەن. لە جیاتی ئەندامانی کۆڕ سوپاستان دەکەم کە لەو بانگێشتنە مێژوییەدا ئێمەتان خوێندۆتەوە، بە هیوایین بتوانین لە ئایندەی زۆر نزیکدا بە سەربەستی و دەسەلاتی زۆرترەوە یادی هەموو پیاوە مێژووییەکانمان بکەینەوە و لە یادیان نەکەین و زۆر بە ڕاشکاوی ئاوڕ لە مێژووی پڕ لە شانازیان بدەینەوە - ئیتر سوپاس -

برایانی بەڕێزم: وەک ڕام گەیاند من بە نوێنەری لەلایەن کۆڕی زانیاری کوردەوە هاتووم. بەڵام هاتنەکەم شتێکی لێ دەبێتەوە، یەکەم ڕاسپاردەی کۆڕی زانیاری کوردم و سەلام و پیرۆزبایی ئەوانم ڕاگەیاند.

دووهەم: نابێ لە بیرتان بچێ کە خۆم هەژارم و دڵدارێکی سووتاوی نووسراوی

پاشکۆی ژماره (٩) بەڵگەنامەیەکی بڵاونەکراوە.


ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، دەستنووسەکانی شاعیری گەورە هەژار موکریانی (پ- ٥٨٩).



برایانی بەڕێز و خۆشەویستم : بە ناوی یەکیەتی نووسەرانی کوردەوە پیرۆزبایی لە خۆمان
دەکەم کە وا دەتوانین بەرزکاوی و بەئاشکرایی بۆ بەرەپێدانی زمان و ئەدەبیاتە دوا
کەوتووەکەمان کۆببینەوە و بۆیە کە مجار لقی یەکیەتی نووسەران لە هەولێر دامەزرێنی
کە بە هۆی عێدەم لەمەڕوەکە لە بەغدا و سولەیمانی و هەولێر ئەوکوەلە بەهرەدارە
دامەزراوە بە زووییەکی زوو بە بێ هیچ بەرگری و کۆسپ وەگرێ لقی یەکیەتی
نووسەرانی کورد لە کەرکووک و دهۆکیش دابمەزرێ و لە هەمووللاوە
زۆر بە دەنگ رادیۆی دەست بەکاربین و کارێکی وابکەین کە تۆڵەی رۆژگاری
لێ سەرەو بەرەیی و بێکەس و بێ دەسەڵاتیمان بکەینەوە -
برایانی بەڕێز گومان لەوەدا نییە کە زمان قەبالە و تاپۆی مافی ژیانی میللەتانە و
هەوێنی مافی گەلانە و هەرگەلێک زمانەکەی لە دەست بچێ دەتوێتەوە و

پاشکۆی ژمارە (١٠) بەڵگەنامەیەکی بڵاونەکراوە.

ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان دەستنووسەکانی شاعیری گەورە هەژار موکریانی (پ- ٥٨٩).




لە کۆنگرەی دووەمی یەکیەتی نووسەرانا لە هەولێر ئەم وتارەم خوێندەوە: ٨٢

برایانی بەڕێز: ئەمڕۆکە ساڵێک بەسەر دامەزرانی یەکەمین کۆنگرەی نووسەرانی کوردا
تێ دەپەڕێ و بەم ئاهەنگە جەژنی لەدایک بوونی یەکێتی دەکەین. من کە ئەو بۆنە
ئەرکی سەرۆکایەتیم لەسەرشان بووە مژدەکەم هەروا بە سەرکەوتنی هێنانێکی لە مێژووی
ژیانی یەکیەتیەکەمان بنجەوە بێ و کەم و کوڕی و هەڵە و کۆسپ و تەگەرەیەکی
هاتۆتە بەرمان بچینەوە بەرەیا و بۆئەوە لە ئایندەدا کۆشش بکەین هەڵە
بۆ هەڵگرینەوە و بیسڕینەوە و کۆسپ و قورت لەسەر ڕێگە لابەرین.
لێتان ڕوونە کە ئەوە یەکەمجارە لە مێژووی گەلی کورد دا دەوڵەتێک بە ڕەسمی
ئیجازەی یەکیەتی نووسەرانی کوردیدا، ئاشکراشە نرخی ئەو ئیجازەیەمان
بە خوێن و فرمێسک بژاردوە. کەوابوو بە پێویستی سەرشانمان زانی کە بە هەر
نرخێک بێ ئەو هەلە پیرۆزە لە دەست خۆمان نەدەین و ئەو گفتەی حکومەت
بگۆڕینە کردەوە و هەر تەنیا هەر لەسەر کاغەز نەبێ.
دەمزانی هەرکارێک دەست پێ دەکرێ بۆ هەولبار زۆر گران و کۆسپ و تەگەرە
دێنیە سەرێ: بە تایبەتی کوردی هەژاریش کە بە ناشکوری نەبێ بە هیچ ناوایە

پاشکۆی ژمارە (١١)، بەڵگەنامەیەکی بڵاونەکراوە

ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان دەستنوسەکانی شاعیری گەورە هەژار موکریانی (پ- ٥٨٩).


٢٢ ١٩٧٥/١٢/٩

بۆ رەم بس بەڕێز. سلاوێکی کوردانە.

کاکە من لام وایە پێیک هاتنی حقوقی سەقافیان زۆر زۆر لە موظف دامەزراندن و ڕێگە خۆشکردن و پێشمەرگە تەسریح کردن گرنگترە. دەشزانم حیزب لەوەدا اهمالی کردووە، دەلیلیشم ئەوەیە: لە عفاو ضاتی ١١ ئازار دا هەرباسێشمان لێوە نەکرد و گوێمان: بەو مافە سەقافیە ڕازین کە بۆ مامۆستاکانی شێست و ئەوانیش دیاری کراوە.


ئێستاش لۆئەوە زیان لە ئێوەش نگەڕێتەوە و هەرقازانجە من پێشنیار دەکەم: لیژنەیەکی تایبەتی پێک بێنن، کاری هەر ئەوە بێ عوتابە عەی حقوقە سەقافیەکەمان بکا و هەر بە ١٥ ڕۆژ جارێک تقریرێک بدا بە ئێوە و ڕاپۆرتی دوا کەوتن و پێشکەوتنی خۆی بدا.

ئێوەش زۆر بە ڕاستی پێتی ئەو لیژنەیە بگرن و حکومەت وا لێ بکەن کە سەقافی وردی بە لاتانەوە شتێکی زۆر پێویستە و هەر دەبێ وەرگیرێ. ئەم لیژنەیە حکومەت ڕاوابکا.

• دارالنشر کە حکومەت خۆی گفتی بە مامۆستایانی ٦٦ دابوو، بۆ ئێمەی دا -

پاشکۆی ژمارە (١٢) بەڵگەنامەیەکی بڵاونەکراوە.


ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان دەستنووسەکانی شاعیری گەورە هەژار موکریانی (پ- ٥٨٩).


بۆ ر.د.ب - بەڕێز : ١٤/٤/١٩٧١ ٢٨

ماوەیەك لەمەوبەر کەسێك لەناوبڕدانەوە بۆ برادەرانی م.ک. لە بەغداوە هێنابووی کە
لە بەرفەرمایشتی بارزانی ئێرە نەیەکی عونوا بەجە بۆ حقوقی سەقافی کورد لە زەمانی شێرزادو
هەژاریک بێ وفعلاً ئەو ئەمرەش بە زەمانی شێرزاد راگەیەندرا و دەگەڵ حەقدارەکو بوونەوەیا کردو
بڕیاردرا دەرسی بکرێ و دەستی پێبکرێ. دوای ماوەیەك کە بەسێ کرا = پۆخێکە فەلیب
خرایە سەر کاغەز، بەڵام وەك زانیوتە دەرێ بە ئێرە نەی سەلام.
ساکە من لام وایە حقوقی سەقافی لە هەوێشتێکە و لە ڕێگەیەک نەتوانێ بە ئازادی حقوقی
سەقافی خۆی بەرێوە بەرێ ئەوگەلە مەحکومە بەنەمان و پێویستە شەڕ لە سەر ماقی سەقافی
بکا و خۆی بۆ بکوشتن بدا.
جا لێرەدا دەتوانم بڵێم: ئەگەر بابەوێ ئەو حقوقی سەقافیە کە لە بەیانی ١١ ئازاردا
بۆمان دیاری کراوە وەری گرین؟ پێویستە:
- حەرکەتی سیاسی چ لە ناو بڕدان و قەسەرێ و چ لە بەغدا لەم حوبەیەکەوە دەبەیەکی
منظم و دەستە جەمعی بۆ چەسپاندنی ئەو مافە ثقافیە بکەون و بکەنە عەسڵەی
ڕۆژ و لە هەموو ڕۆژ و کات و سات وەبیر کاربەدەستانی حکومەتی بهێنینەوە و
ئەمی لە سەر نەبڕەوێنینەوە..
- ڕۆژنامەی تاخی هیچ نەبێ لە هەموو ژمارە یەکی دا نیوەڕوپەرێک بۆ داوای حقوق

پاشکۆی ژمارە (١٣) بەڵگەنامەیەکی بڵاونەکراوە.

ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان دەستنووسەکانی شاعیری گەورە هەژار موکریانی (پ- ٥٨٩).


٤١


لەلای ئەفەندییەکانی بەغدا خودێکی نییە و ناتوانم تاثیریکم لەکەبێ.

بۆ رامبەری بەرێز! | لە قەزالسلام لە حضوری لەهەچوونەدا نی مکتب سیاسیەوە تنفیذی و شیمیان قەرخوێنراوە

ماوەیەک لەمەوبەر کەمێک لەسەروەوە بۆ برادەرانی مەبی لە بەغدادەرچوو کە بۆیەک هێنیانی
مەقوقی سەقافیان لێژنەیەکی عوتیا بە عەیکیێتێ و احسان شیرزاد وەکیلی لیژنەبێ و هەژار
یاریدەی برا . احسان و هەژار بۆ ئیتوانا دەرسی ئەوشتانەیان کرد کە لە حقوق سەقافیەکەمان
نیمان نەگەیشتوو وکاک احسان ختیە سەرکاغەز و دەبێ دابیتیە لیژنەی سەلام!
لیژنەی سەلامیش وابزانم لە عوتیان دەزانن کە چەند بەبە لەکاروبار رادەپەڕێنی! ٢٠٧
ئەوانەش کە گۆیا پیمان گەیشتوون و حکومەت دەتوانی بڵێ داوەمانێ ئەوەیە:
لە یەکی سەرەتاییەوە تاشەشی تانەوی کتێبی کوردی دەخوێنێ!!
بەڵام ئەگەر رووشنبیران و زانایانی پارتی بە دڵسۆزی زەحمەت بکێشن و بڕوانن
ئەو کتێبە کوردییانە – کە فروشێنی ئەوەبوو ئەو خۆیان دەیێشی بڵاوکردنەوەیدا
لەو کتێبانە ببینن و لەرووی فازانجی هیلەتی خۆیانەوە سەیریان بکەن و
چیان بولاوە هەرا بە رێگەی بڵاوکردنەوەی نەدەن — بەڵێ ئەگەر ئێستاش

پاشکۆی ژمارە (١٤) بەڵگەنامەیەکی بڵاونەکراوە.

ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان دەستنووسەکانی شاعیری گەورە هەژار موکریانی (پ- ٥٨٩).


یادی گۆران ـ قاعەی [illegible] ـ بەغدا ـ


1

خوشک و برایانی خۆشەویستم لە قووڵایی دڵەوە بەخێرهاتنتان دەکەم و زۆر سوپاستان دەکەم
کە ئەرکتان کێشاوە و بۆ بیرەوەری گۆرانی نەمر بەدەنگمانەوە هاتوون.
خوشک و برایانم گومانم لەوەدا نییە کە ئەم گەلی کوردە هەزاران ساڵە لەم نیشتمانەی
خۆیدا نیشتەجێیە. گۆڤەند و سەیران و دلداری و ئازایەتیی لەناو بووە،
خۆشی و ناخۆشی زۆری بەسەرهاتووە، بۆ هەموو بۆنەیەک گۆرانی گوتراوە،
بۆ هەموو رەنگێک بەیت رێکخراوە، بەسەرهاتی کاڵەمین و شێخ و ئاغا و خانان دراوە،
دلداری لە هەزارەکانی خستوونیەتە سەر زەمزەمە و جوانی سروشت وەدەنگی
هێناوون، بە کوردی و بە کوردی بێژین: هیچ بنیادەمێک بێ گۆرانی و
مۆسیقا نازی، گۆرانی و مۆسیقا شیعرە، کە وابوو کوردیش لە چەند
هەزار ساڵەیدا بێ شاعیر نەژیاوە. ئەگەر بڕێک لە رۆژگاری ئێستای
خۆمان بکەینەوە و بەراوردی ئەو شاعیر و نووسەرانەمان بکەین کە لەم
چەرخەی دوایی دا لێمان هەڵکەوتوون و بە وێنەیان لێکی دەینەوە و بیری
لێ بکەینەوە: وا بزانم کە لێکدانێکی زۆر گەورە لە جەرگی خۆمان دا دەبینین!!

عەبدولڕەقیب (پ- ٥٤٠)

پاشکۆی ژمارە (١٥) بەڵگەنامەیەکی بڵاوکراوە.

مستەفا بارزانی لە ٦ی تەموزی ١٩٧٧، بەمەبەستی چارەسەری نەخۆشی لە ئەمەریکا بووە، وەڵامی نامەیەکی هەژاری داوەتەوە و هەست و سۆزی هاوڕێیەتی خۆی بۆ دەربڕیوە.


①

بسم الله الرحمن الرحيم

والتأثر من الله ولا حول ولا قوة إلا بالله العلي العظيم

بو برام عزیزی خوم هەژار زور محترم .

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته

برا عزیزو خوشەویستم هەژار رسا عەزی جنابتان بەدەستم گەیی تاریخی لەندرا بو وەرچی

تیبژ بو ئانم بەباشی خوندمەوە ( وإذا اصابتكم مصيبة قالوا إنا لله وإنا إليه راجعون )

( ومن يتوكل على الله فهو حسبه نعم المولى ونعم النصير ) بەلام توكلی خوتان بەسەر خودا

لەلایی او زور سریلە هەموایشوکاری دنیا هیچی لە لایاو زەحمە نیە وەدەتوانی بەساخو

سەلامەتی وبە فرحوکیف خوشی بمان گەهینە وە پیکەوە ولەلایی او زور آسانە

وایستەش صحەتم زور باشە و بەلام ایشوکاری انسان بەناخوشی دیان صحەتی باشی نیە

هەردوی بەدەستی خودایە ( ولا یأمن مکر الله إلا القوم الكافرون ولا ییأس من روح الله

إلا القوم الخاسرون ) لا تقنطوا من رحمة الله ان الله یغفر الذنوب جمیعا انه هو الغفور الرحیم )

ودائما دعاء دەکەم منو هەژار لە قومی بارزان حساب بکرین وحشرمان پیکەوە بی

بەلام برام خودا لەایمە بەرحمترە بوایمە لەایمە ... رحمتی خودا واسعترە

وگورەترە لە ارضو آسمان وگوناهو خطاکان نسبة بەرحمتی خودا گەورەبی یان بچوک بی

هیچ نیە خوت عاجز نەکە وغم نخو وهەر هەنگرە وشکری خودا بکە لەسەر اوەی

کە خودا بومان نوسیوە وتقدیری او چونە هەر وا دەروات : آخر منوتو گەیشتینە

عمری پیری چارەکی تر نابینە جوان دنیا ملکی باقی نیە بوکس نە غالب دەمینی لەدنیادا

ونە مغلوب الی الله ناوی ظالم کەسیمان نەکردوەو ناوی مظلوم بومان خوشە

والحمد الله هیە بە لطفی خودا جارەکی تر هەڵمان دەدەتی لەم غربیانەوە زور بەرەحمو کرەوە


إنشاالله وبإذنه هەموایشوکارمان بەخوشی تەواودەکات ایتر چاوتان ماچ دەکەم

وسلامو احترامم هیە بوتان دبوهەمو برادەران خدمتکار براتان مصطفی بارزانی

ودمتم في حفظ الله وامانه

ویسعدکم الله في الدارین

[signature] ١٩٧٧/٧/٦


٦٣


لە نەورۆزی ساڵی ١٣٢٤ ھەتاوی دا ماموستا ھەژار
ئەم سێ شیعرەی بە عینوانی ئەنبڕکێ و پیرۆزبایی بۆ ناردبووم
ئەو وەختە ناوی نهێنی من لە کۆمەڵەی ژ. ک دا (ئاگری) بوو

ئاگر بەبێ تۆ بێتین وەک ڕەژێم
وەک ئاگر بەپشت بێ تۆ چۆن دەژێم

ھەرچەند ڕووڕەشت و ھەژاری بێ نەوای
زستان و ھەژار لە باتی کەوای

دارای ژیانی خۆش و دوورژی بی
دوور لە تاریکی و ھەوراز و لێژ بی

سعید ھایدن



بەرەو سوکلەریان

لیوژرە
١٦/١٢/١٩٦٥

لە شەوە تاریکە کش و ماتە ئەوی
چرووسکە هەوا، کلیوی کەوی، داروبەدی
تووتک و گوێن و کوند... وشیارن
ڕۆژ وچانیانە، بە شەو بێکارن

. . . . . . . .

کش و مات: هێدی و هێمنایەتییەکە شەو بەخشیبە
کش مات ئەکری.

ئەوی: جەماعەت و ماڵی.. بەرانبەری کلیوی یە

دەوی: دەوەن ... یەکێ داری لێرەواری

تووتک و گوێن: دوو باڵدارن شەوە تا ڕۆژ هەر
ئەخوێنن و ناخەون.. گوێن ئەسیلێ و تووتک
ئەنالێنێ وو بزانم هەر تاق تاق کەرەی خومانە.

کۆنگرەی یەکەمی
یەکێتیی نووسەرانی کورد
تکتی: نه ندامەتی

ناو
پیشه
ناونیشان

ئەمینداری سندووق　　　　سەروکی یەکیتی

بەرگی دەرەوەی کارتی ئەندامەتی، کەمافی بەشداربوون ودەنگدانی لەیەکەم کۆنگرەی نووسەرانی کورد دا بەئەندامەکان بەخشیوە

المؤتمر الاول
لاتحاد الادبـــاء الاكـــراد
(بطاقة عضوية)
(١٩)




الاسم محمد صالح سعيد
المهنة مدير مدرسة
العنوان مدرسة مولوي الابتدائية
السليمانية

١٩٧٠/٦/٢٢

رئيس الاتحاد　　　　المحاسب

ناوەوەی کارتی ئەندامەتی، کەمافی بەشداربوون ودەنگدانی لەیەکەم کۆنگرەی یەکێتی نووسەراندا بە ئەندامان بەخشیوە




هەردوو دیوی دەرەوەی (یەکەم ناسنامە)ی یەکێتی نووسەرانی کورد، کە نووسەری نەمر (هەژار موکریانی) لە ٢/٤/١٩٧٠دا ئیمزای کردووە

<u>هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری لقی سلیمانی</u>

لەرۆژانی ٢٣ – ٢٤ حوزەیرانی سالی ١٩٧٠دا، دەستەی گشتی یەکەم کونگرەی یەکێتی نووسەرانی کورد لە بغداد کۆبوونەوە ودوای هەڵبژاردن دەستەی بەڕێوەبەر هەڵبژێردرا کە سەرۆکی ماموستا (هەژار موکریانی) بوو.

وەلە ٢/١٠/١٩٧٠دا بە سەرپەرشتی هەندێك لە ئەندامانی دەستەی مەلبەندی گشتی، مامۆستایان (هەژار موکریانی، دکتۆر معروف خەزنەدار ودکتۆر عزالدین مصطفى رسول) دەستەی بەڕێوەبەری لقی سلیمانی بەم جۆرەی خوارەوە هەڵبژێردرا : –

١. مامۆستا شێخ محمدی خال – سەرۆك.
٢. مامۆستا شاکر فتاح – جێگری سەرۆك.
٣. مامۆستا مصطفى صالح کریم – سکرتێر.
٤. مامۆستا محمد مصطفى کوردی – ژمێریار.

عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)



حاجی مەلا محەممەدی بۆر (بابی مامۆستا هەژار)




فەقێ ڕەحمانی تازە لاو





**هێمن موکریانی و پێشەوا قازی محەمەد و هەژاری موکریانی چلەکەنی سەدەی بیست**

عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)



هەژار (عەبدوڕەحمان شەرەفکەندی) لە سەردەمی کۆماری مەهاباد




عەزیز قادری وێنەگر (مامۆستا هەژار)

عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی - هەژار، چێشتی مجێور(پ-١٣)



پاش نۆسالآن یەک گرتنەوە، هەژار، مەعسووم، محەممەد (شێرکۆ)



سەردانیکی ماڵ و چاوپیکەوتنی ژن و مندالآن، مستەفا (ئاگری)، زاگرۆس، خانی و مەعسوومخان



لە ڕاستەوە: سینەم خان، هەژار و زەبیحی لە ئەڵمانیا

وێنەی هەژار، سینەم خان و زەبیحی هاوین ١٩٥٧ لەسەر کەشتی لەکاتی گەشتەکەیاندا



**هەژار، ئەحمەد تۆفیق، مستەفا بارزانی، جەلال تاڵەبانی و..**

ئەم وێنەیە لەساڵی ١٩٦٣، لە دەروبەری شارۆچکەی کۆیە گیراوە.

کوردپیدیا. https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=2008110716463997&lng

پاشکۆی ژمارە (١٠)



**میر کامەران بەدرخان، فرانسۆ حەریری، مەلا مستەفا بارزانی و هەژار موکریانی**

ئەم وێنەیە لە ساڵی ١٩٧٠، لە ناوچەی باڵەکایەتی گیراوە.

کوردپیدیا. https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=2008110716463997&lng




**هەژار موکریانی، لە کۆشکی کاکە زیاد ئاغای کۆیە**

کوردپیدیا. هەژار موکریانی

https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=2008110716463997&lng

ئەم وێنەی لە ساڵی ١٩٦٣ لە شارۆچکەی کۆیە گیراوە.




کوردپیدیا. https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=2008110716463997&lng


هەژار موکریانی وەک پێشمەرگە لە شۆڕشی ئەیلوول



بارزانی لە ناوەڕاست و سەدام حوسێن و فوئاد عارف لەلای چەپییەوە
لە ڕیزی دواوە، لە ڕاستەوە: هەژاری موکریانی، نوری شاوەیس (حاجی ئۆمەران، حوزەیرانی ١٩٧٠)



کارنامەی ژیان: دەستێکی پڕ لە کتێبی هێژا بۆ کتێبخانەی کورد



دنیا ئەوەندە ناهێنێ ...



تەرمی مامۆستا لە سەر دستان



هەموو هاتوون...

# ملخص البحث

يعــد (عبدالرحمــن الشرفكنــدي أو هــەژار الموكريــاني ١٩٢١-١٩٩١) مــن إحــدى الشــخصيات السياســية والثقافيــة البــارزة في تاريــخ الكــورد المعــاصر في القــرن المنــصرم. ظهـرت هـذه الشـخصية في السـاحة السياسـية والثقافيـة لـشرق كوردسـتان، ولعبـت دورا مهـما وبـارزا في الجمعيـات والمنظـمات الكورديـة في نهايـة الثلاثينـات وبدايـة الأربعينـات.

عندمــا تــم الإعــلان عــن جمهوريــة كوردســتان في ٢٢/ كانــون الثــاني، عــام ١٩٤٦ في مەهابـاد شـارك مشـاركة فعالـة وبـارزة في هـذه المناسـبة القوميـة، وألقـى فيهـا شـعراً وطنيــاً أصبــح - فيــما بعــد- نشــيد جمهوريــة كوردســتان الوطنــي. وقــد أفــاد رئيــس جمهوريــة كوردســتان (قــاضي محمــد) مــن أفــكار عبدالرحمــن الشرفكنــدي؛ لأنــه كان يمتلــك أفــكارا وآيديولوجيــات قوميــة وتحرريــة ووطنيــة.

عــلى الرغــم مــن الصعوبــات التــي واجهتــه - بعــد مجيئــه إلى جنــوب كوردســتان – إلا أن هــەژار الموكريــاني، اســتمر عــلى نهجــه الوطنــي للوصــول إلى أهدافــه المنشــودة. وشــارك في مهرجــان الشــباب العالمــي في رومانيــا عــام ١٩٥٣. وبعــد مضايقــة الشرطــة العراقيـة لـه، لجـأ إلى غـرب كوردسـتان و سـوريا، حيـث لعـب دورا كبـيرا في نـشر الوعـي القومــي وتأســيس الحــزب الديمقراطــي الكوردســتاني في ســوريا.

وعــاد إلى العــراق بعــد ١٤/ تمــوز عــام ١٩٥٨، ليســتمر في نضالــه الوطنــي ضمــن صفــوف الحــزب الديمقراطــي الكوردســتاني. وفي أثنــاء ثــورة أيلــول عــام ١٩٦١، تــرك بصمـة بـارزة في المجـال السـياسي والثقـافي والإعلامـي، واشـتهر بحملاتـه الدعائيـة للثـورة ضـد الأعـداء. ونقـل مركـز ثقـل نشـاطاته السياسـية والثقافيـة إلى بغـداد عقـب إبـرام إتقافيــة آذار ١٩٧٠. وبعــد نكســة ثــورة أيلــول، عــاد إلى إيــران، حيــث وضــع أعضــاء مؤسسـة الإسـتخبارات الإيرانيـة (سـاواك) نشـاطاته تحـت المراقبـة، فلـذك أشـغل نفسـه بالتأليــف والترجمــة وكتابــة مذكراتــه، ولكــن مــع ذلــك لم ينفصــل عــن السياســة.

وبهــدف المشــاركة في النشــاطات السياســية والثقافيــة، وإيصــال صــوت شــعبه إلى المحافـل الدوليـة، زار هـەژار الموكريـاني- طـوال حياتـه- الاتحـاد السـوفيتي ودولا أوروبيـة

بصـورة رسـمية وغـير رسـمية. وقـد كان شـخصية سياسـية وثقافيـة مرموقـة، كـما كان كاتبـا ومبدعـا غزيـر الإنتـاج، ونـشر نتاجاتـه بشـكل واسـع في الجرائـد والمجـلات التـي كانــت تصــدر في غــرب وجنــوب كوردســتان، وكان هدفــه الوحيــد في جميــع نشــاطاته الخدمــة بشــعبه وحســه الوطنــي والقومــي. وأصبحــت نتاجاتــه في المجــالات المختلفــة مصـادر للقـراء والباحثـين، كـما خدمـت بالحركـة الوطنيـة والثقافيـة، وتسـببت في نـشر الفكـر القومـي في المجتمـع الكـوردي، وتركـت أثـرا إيجابيـا في جيـل الشـباب. وقـد كان هـەژار الموكريـاني صاحـب إيمـان ثابـت بالحركـة التحرريـة الكورديـة التـي قـضى معظـم حياتـه في سـبيلها.

# Summary

(Abdulrahman Sharafkandi - Hajar Mukriani (1921-1991) Is one of the most prominent political and intellectual figures in contemporary Kurdish history in the last century, has appeared in the political and intellectual arenas of East Kurdistan, has played an important and prominent role in the Kurdish groups and organizations in the late thirties and early forties of the last century. At the time of the Announcement of the Republic of Kurdistan on January 22, 1946 in Sablagh, Hajar also participated actively in this national occasion and read national poems, which officially became the national anthem of the Republic. Since he was a bearer and owner of ideas, ideas of nationality, liberation and nationalism, thus (Qazi Muhammad) benefited from his ideas.

After coming to South Kurdistan and Iraq, despite all obstacles, he has continued pursuing his goals and has participated in the World Youth Festival in Romania since 2006, due to the pressure of the Iraqi police, fled to western Kurdistan, played a major role in national awareness and the formation of the PDK in Syria. After the July 14, 1958 revolution, he returned to Iraq and continued to fight alongside the Kurdistan Democratic Party, during the Aylul revolution in 1961, he had significant role in the political, intellectual, and media spheres, and he was known as the propaganda of the revolution against the enemy. After the agreement of the March of 1970, has once again shifted his political and intellectual activities to Baghdad. After the collapse of Aylul revolution he returned to Iran in 1975, and his movements were monitored by members of the Iranian Intelligence Agency (SAVAK).Therefore, he has become more busy writing diaries, translating books, and literary works, yet has not been separated from politics. He has traveled to Europe and the Soviet

Union formally and informally several times in his lifetime for political and cultural activities, and has shown the sufferings of his people to the world. He has carried out cultural activities for the sake of his people, nationalism, and patriotism. He was a political, intellectual, writer and inventor. He widely published his articles and writings in newspapers and magazines of his time in Eastern and Southern Kurdistan. He have produced many works in various fields, which have become a source for readers and researchers, which has greatly contributed to the national and intellectual movement, through his writings he spread patriotism in Kurdish society, which have had a positive impact on the youth, and have played a significant role in the Kurdish people's liberation movement, he have spent most of his life in this regard, and had a stable mind and belief.

# ناسنامەی دەستە

پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناساندن، کۆکردنەوە، بە دیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیازی ڕێزدار مەسرور بارزانی، لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە.